تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئاییندەی عیراق

دیکتاتۆری ، دێمۆکراسیی یان دابەشبوون ؟

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

نووسینی:
لیام ئەندەرسن

وەرگێڕانی:
کامیار (خەتاب) سابیر

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. lqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ئاییندەی عێراق

دیکتاتۆریی، دیمۆکراسیی، یان دابەشبوون؟

Liam Anderson
And Gareth Stansfield

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

کامیار سابیر(خەتاب سابیر)

دڵشاد حەمە

. **ناوی کتێب:** ئایندەی عێراق

. **نووسینی:** لیام ئەندەرسن و گاریث ستانسفێلد

. **وەرگێڕانی:** کامیار سابیرو دڵشاد حەمە

. **تیراژ:** ٢٠٠٠ دانە

. **نرخ:** ٦٠٠٠ دینار

. **بەرگ:** ئەبوبەکر عەبدوڵڵا

. **ژمارەی سپاردن:** ٢٢١٩ی ساڵی ٢٠٠٨ی پێدراوە

. **چاپ و بڵاوکردنەوە:** چاپخانەی (رەنج).

پێشکەشە بە(دایک و باوک) مان

Liam Anderson and Gareth Stansfiled

دەقی کوردیی ئەم وەرگێڕانە

پێشکەشە بە ئەنفالکراوەکان، کە تەنها لەبەر کوردبوون خۆیان و نەتەوەکەیان، جینۆساید کران

"وەرگێڕەکان"

ناواخن

سوپاس و پێزانین

نەخشەکان

پێشەکیی

بەندی 1 عێراق 1958-1920 پادشایەتیی هاشمیی

بەندی 2 عێراق 1968-1958، شۆڕش، کۆماریی و ڕێنیسانس

بەندی 3 عێراق 1988-1968 ڕژێمی بەعس

بەندی 4 2003-1988 کاولکردنی عێراق

بەندی 5 شیعەکان

بەندی 6 سوننەکان

بەندی 7 کوردەکان

بەندی 8 تەنگوچەڵەمەی دیمۆکراسیی

پاشەکیی

سەرنجەکان (Notes) .

بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە

لەساڵی 2005 دا، لەرێی گەڕان بە ئینتەرنێتدا، بۆ هەندێ باسی سیاسیی و ئەکادیمیی لەسەر ئایندەی عێراق، بەندی هەشتەمی ئەم کتێبە و پاشەکییەکەیم بەرچاو کەوت. دیارە بەشی هەشتەم و پاشەکییەکەی بۆیە دانرابوون، وەک ناوەڕۆک و کۆکردنەوەی سەرجەم مەبەستەکانی کتێبەکە، بەتەنێ بوونیان هەبوو. هەر ئەوسا ئومێدم خواست ئەو هەموو دەزگا و ئینستیتیوتە کوردییەی لە کوردستاندا هەن، هەزاران کەسی وەک منیش هەیە، حەزو خولیایان هەیە ئەم کتێبە وەربگێڕن، ئەو حەزەم سپارد بەو ئیرادەیەی لەناو رووناکبیر و نووسەرانی کوردا هەیە.

لەساڵی 2007 دا جارێکی تر وەک بەشێک لە سیستەم و رێچکەی خوێندن کەوتمەوە بەسەریداو ئەمجارە بۆ هەندێ توێژینەوە کتێبەکەم بەقووڵیی خوێندمەوەو سوودم لێوەرگرت. بەداخەوە پرسیارم لە دەیان نووسەر و مامۆستای زانکۆ و سکۆلار و رووناکبیری کورد کرد، چ لە کوردستان و چ لەهەندەران، نە وەرگێڕدراوی ئەم کتێبەیان دیبوو، نە زۆربەیشیان هەر زانیبوویان کە کتێبێکی لەم چەشنە لەسەر ئایندەی عێراق و کوردستان نووسرابێ. ئەوەبوو لە ژمارە 82 ی ئاوێنە، رۆژی 14ی ئۆگۆستی 2007 دا کورتە وتارێکم لەسەر بایەخی ئەم کتێبە نووسیی لەژێر سەردێڕی (گوڵاو لەخوێناودا: کتێبێک یەکپارچە لەداهێنان) و داواشم کرد هەرکەسێ توانای بەسەر هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردییدا دەشکێ، کارێکی باشی دەکرد، هاوکاریی بکردمایەو پێکەوە وەرمانبگێڕایە.

خۆشبەختانە زۆر کەس لەکوردستان و هەندەرانەوە بەئیمەیڵ پێوەندییان پێوەکردم و ئامادەیی خۆیان نیشاندا. بەڵام جێگەی داخە کاتێ دەقە ئینگلیزییەکەیان بینی، لەسەختیی زمانەکەی وردبوونەوە، هەزارو یەک بیانوویان دۆزییەوە کە کاتیان نییەو ناتوانن و ناپەرژێن .....تاد. لەنێو هەموو ئەو دۆستانەدا، تەنێ دڵشاد حەمە (بریتانیا) بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر و نیوەی ئەم کتێبەی وەرگێڕا. راستە وەرگێڕانی دەقێکی لەم چەشنە سەختە، وێڕای زمانی سادەو روونی کتێبەکە بەگشتیی، کەچیی ناوبەناو زمانێکی قووڵی فیکریی، سیاسیی و کولتووریی تێدا بەکارهاتووە.

دروستە وەرگێڕانی ئەم کتێبە سەخت بوو. بەڵام بەڕاستیی کتێب وەرگێڕان هەمووی سەختە. ئەوانەی ئەمە پیشەیانە. دەبێ 7 پەراسوویان لەمرۆڤی ئاسایی زێتر بێت.

وەرگێڕانی بەشەکان(بەندەکان) بەمجۆرەیە:

بەندی1.2. 3 من وەرمگێڕاون. بەندی 4. 6.7.5 دڵشاد حەمە وەریگێڕاون. بەندی هەشتەم و پاشەکییەکییەی بە هاوکاریی ئارام رەفعەت(ئوستراليا). واتە پێکەوە وەرمانگێڕاوە. لەبەر ئەوەی چیتر دوا نەکەوێ. داوام لە ئارام رەفعەت کرد. سەرە پەتێکمان لەگەڵدا بگرێ. نزیکەی نیوەی بەندی هەشت، ئارام رەفعەت وەریگێڕاوە بەکورتییەکەی وەرگێڕانی کتێبەکە هەرەوەزییەو جێگەی خۆیەتی زۆر زۆر سوپاسی دڵشاد حەمە و ئارام رەفعەت بکەم بۆ بەئاکام گەیاندنی وەرگێڕانی ئەم کتێبە. بەتایبەتیی دڵشاد حەمە رۆڵێکی زۆری بینی لە بەسەرەنجام گەیاندنی ئەم کارەدا.

کتێبەکە. هەندێجار هەڵەی مێژوویی تێداکراوە. یان تەنانەت هەندێ ناو بەهەڵە نووسراون. ئەوەش بۆ کولتوور-جیاوازیی و زمان-جیاوازیی نووسەرەکان. لەگەڵ زمانی عەرەبیی و کولتووری عەرەبیی و عێراقییدا دەگەڕێتەوە. کە ناکرێ وەک عەرەبێک. یان کوردێک ناوەکان و تێرمۆنۆلۆجییەکان وەک خۆیان بنووسنەوە. بەڵام بەهەمووکەموکوڕییەکی کتێبەکەوە. پێموایە. یەکێکە لەباشترین کتێبەکانی تا هەنووکە لەسەر عێراق نووسرابێت.

کامیار سابیر (خەتاب سابیر)

پێشـەکیی بەقەڵـەمی هەردوو وەرگێڕەکە

هـەموو ئـەو نووسـینانەی لـەنێوان ئـەم جـۆرە کەوانەیـەدان{ }. لەلایـەن وەرگێڕەکانەوە بۆ روونکردنەوە نووسراون.
گرنگیی و بەهای ئەم کتێبە. بۆ کورد هێشتا وەک ئەوسـا وایـە کـە تێیـدا نووسراوە. هێشـتا نـەچووە بچـێ. کـورد بـە دیـدی سۆسـیۆکولتووریی و سۆسیۆئایدێنتیتیی و سۆسیۆسیاسـییەوە لـە عێـراق بڕوانـێ. نووسـەرانی ئەم کتێبە زۆر سێناریۆی جیاواز جیاواز دەدەنە بەر لێکۆڵینەوە. سـەبارەت بەکوردسـتان. پـرۆژەی فیکریـی و سیاسـیی زۆر وردو سـەلیقەدار دەدەنـە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەوە بەدەر لەوەی گەندەڵیی وەک مۆرانە لەچەندین ساڵی رابـردوودا سـتراکتۆری ئـەم هەلومەرجـە دیفاکتۆیـە دەخواتـەوەو بێزاریـی خـەڵکی کوردسـتانیش رۆژبـەڕۆژ دەچێتـە سـەر. بـەڵام هێشـتا ئومێدێکی زۆر هەیـە کـە کوردسـتانی سـەربەخۆ (کوردسـتانی باشـوور) لەسەر لاشەی رزیوی عێراق دروست بێ.
ئارگیومێنتەکانی ئەم کتێبە. بۆ ئەجێندا سیاسییەکانی گـەلی کـورد. دەکـرێ هـەردوو بـاری پۆزەتیـڤ و نەگـەتیڤی تێـدا بـێ. راپۆرتەکـەی بەیکـەر- هامیلتۆن لەسەر کورد.. لایەنی نەگەتیڤیی ئەم کتێبەکان خستووەتە خزمـەت ئارگیومێنتەکانی خۆیانـەوە. بەتایبـەتیی دەرهـەق بـە کـەرکوک. بۆیـە بـۆ سیاسـییەکانی کـورد زۆر گرنگـە بـزانن. ئـەم کتێبـە لەسـەر عێـراق و کوردسـتان. چەنـد قورسـایی دانـاوە بـە هـەردوو دیـوە پۆزەتیـڤ و نەگەتیڤەکەیـدا. ئایـا سیاسـییەکانی کـورد دەزانـن. کەرەسـە و ئارگیومێنتەکانی ئەو راپۆرتەی بەیکەر هامیلتون. بەتایبەت ئەوانەی لەسـەر کورد و کەرکوکە. بەپلەی یەکەم لەم کتێبەوە سەرچاوەی گرتووە؟
ئەوەی زۆر گرنگە جەختی لێبکرێتەوە. ئەم کتێبە بەهەردوو باری خـراپ و باشییدا قورسایی سیاسیی و کولتووریی خۆی داناوە. لەتەواوی نێوەنـد و ئینستیتوتە سیاسییەکانی جیهاندا. خوێندنەوەی رووداوەکانی عێراق بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ ئـەم کتێبـە. زۆر نهێنیـی شـاراوەو زۆر چـەمکی لێـڵ هەیـە. تێگەیشتنیان ئاسان نییە. یاخود دروستتر بڵێین سیاسەتمەدارانی کـورد و زۆربەی ئەوانەی رەنگرێژی سیاسـەتی کـوردیی دەکـەن. ئارگیومێنتـەکانی ئەم دوو نووسەرە لایان نامۆیە. کە ئەم کتێبـە چـۆن ئـەو ئۆلتێرنـەتیڤ و

باسـ‌ـــــانەی تێیدایـ‌ـــــەو لـەقازانجی کـورد نـین. چـۆن لـەدژی کـورد بەکارهێنراون. کەچیی سیاسییەکانی کـورد نـەیانتوانیوە هـیچ سـوودێ لـە گفتوگۆ یان ئەوەی پێی دەگوترێ دیبـەیت و ئۆڵتێرنەتیڤـە باشـەکانی نـاو ئەم کتێبە وەربگرن و بۆ سوودی کوردستان و خەڵکی کوردستان بـەکاری بهێنن!

پاش هەڵبـەزو دابـەزی سیاسـەتەکانی ئـەمێریکا. زۆر روون و ئاشـکرایە. ئەمێریکا دەستی گرتووە بەیەکێک لەو ئۆڵتێرنەتیڤانەی ئەم کتێبە دەیخاتـە روو. بەداخـەوە زۆر کـەم لـە قـازانجی کوردسـتاندایە و زۆر کـەمیش لـە شارەزایانی سیاسیی کورد. ئاگاداری وردەکارییەکانی هەن.

ئەم دوو سـکۆلارە رۆژئاواییـە. زۆر بەویژدانانـە. زۆر ئەکادیمییانـەو زۆر بێلایەنانـە. رەخنـە لەسیاسـەتە ئیمپریالیسـتییەکانی ئـەمێریکا و جیهـانی عەرەب و ئیسلام لەمەڕ عێراق دەگرن. بەئاشکرا لەگەڵ چێکردنی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کوردییـدان. بـەلام قۆنـاغ بـەقۆناغ و زۆر بـەوردیی و بەوریاییـەکی زۆر زۆر ئاگایانـەوە. ئاگاییـەک کـە جێگـەی هـیچ سـنگ دەرپەڕانـدن و قسـەی سـەر مـایکرۆفۆن و دیسکۆرسـی حیزبیـی و ختوکەدانی شەقامی کـوردیی و فیکوفـاکی پـانکوردیزمیی تێـدا نابێتـەوە. بـەڵکوو کـاری جـدیی و خـەباتی سیاسـیی و دیپلۆماسـیی وجـەماوەریی سەختی دەوێ.

ئـەو تێرمـە ئینگلیزیانـەی بـە کـوردیی نووسـراونەتەوە. هەوڵـدراوە رێنووسـەکەی لەفۆنەتیکـە ئینگلیزییەکـەوە نزیـک بێـت. لەچـەشـنی (ئۆڵتێرنـەتیڤ. ئێسـنیک. سـێناریۆ. ئـەمێریکا. رێفەرێنـدەم. جیۆگرافی....تاد). بەلام جێنەراڵمان بە ژەنەراڵ داناوە. لە فۆنەتیکە بـاوە فەرانسییەکەوە. مانگەکانمان بە ئینگلیزیی نووسیوە. ئـەوەش لەبەرئـەوەی مـەی. ئۆگۆسـت. سـێپتەمبەر. ئۆکتۆبـەر. نۆڤەمبـەر. دیسـەمبەر. مـارس. بەتـەواویی لەکوردییـدا جێکـەوت بوونـە. بۆیـە مانگـەکانی تریشمان(جەنیوەری. فێبریوەری. ئەپریل{ ئـەیپل}. جـون و جـولای) بـە ئینگلیزیـی دانـاون. ئـەوەش لەبەرئـەوەی مانگـەکان کـە هـەر بەعـەرەبیی دەنووسرێن. باشترە بە ئینگلیزییەکە بنووسرێن!

هەندێجار لەبری ئەمێریکا هـەر ولاتـە یـەکگرتووەکان بـەکارهاتووە. واتـە بەپێی کتێبەکە. NDP وەک کورتکراوەی پـارتی نیشـتمانیی دیمـۆکراتیی

بــەكار هــاتووە. زۆربــەی ئەوانەی كورتكراوەكانمان دانــاوە. يەكــەمجار وشـــە ئینگلیزییەكـــەمان بەتـــەواویی نووســـیوە. وشـــەی هێجـــەمۆنی hegemony هەروەک فۆنەتیكە ئینگلیزییەكە دامانناوە. نەک داتاشراوە فارســییەكەی (هــەژموون) كــە لەفەرەنســییەوە وەرگیــراوە. هەنــدێجار، نووسەران هەندێ وشە و ناوی عەرەبییان بەكارهێناوە. یـاخود هەنـدێجار سـەرێڕەكانیان بەعــەرەبیی {ســكریپتی لاتینیــی} نووســیوەتەوە. بۆیــە ئێمەش هەمان وشەمان بەعــەرەبیی داناوەتــەوە و بەخــەتی لار(ئیتالیـک) نووسـیومانەتەوە. هەنــدێجار، هــەر بــە نووســینی عــەرەبیی وەک خــۆی نووسیومانەتەوە.

دەمانتوانی ئەم دەقە، زۆر نەرم ونیانتر، زۆر خۆشـتر و ملـتر بكـەین بـۆ خوێندنەوە، بەڵام لە دۆخێكی وادا، لە ناوەڕۆكی كۆنتێكستەكە(سیاق) دوور دەكەوتینەوە. ئەمە قسەی ئەوانەمان بیر دەهێننەوە، كە هەندێ كەس دەڵێن، هەندێ كتێبی وەرگێڕاو، هەرگیز لەوە ناچن، كە بەزمانێكی تـر نووسرابن و بـۆ كـوردیی وەرگێــڕدرابێتن، راسـتییەكەی هەنــدێ لــەو وەرگێڕانانــە، ساختەو كڵاولەسەرنانی زۆر تێدایە، ناكرێ بەهیچ شێوەیەک كۆنتێكسـت و كولتــووری زمــانێكی تــر ســەد لەســەد خۆمــاڵیی بكــەیت (مەبەسـتمان لـە بەكوردییكردنە) . ئێمە پێمانوایە، ئەو جۆرە وەرگێڕانانــە، دەچنـە خانــەی كوردانەنەوە تا وەرگێڕانێكی بەویژدانانە.

هەر لەم روانگەیەوەیە، ئەم وەرگێڕانە، ویسـتوویەتی باڵانسـێک لـە نێـوان وەرگێڕانــی حــەرفیی و كوردانــدا بكــات. تــا توانیبێتمــان هەوڵمانــداوە مەبەستی نووسەرەكان وەک خۆی بگەیەنین، زۆر كەم رێكەوتووە، تەنانەت وشەیەكیشیان بپەڕێنین. بەڵام هەندێجار، بەناچاریی وشـەیەكی ئـەوان لـە رستەیەكدا یـان پارەگرافێكـدا، نـەدەتوانرا جێگـەی بكرێتـەوە، بۆیـە لـەم بارەدا، هەوڵمان داوە مەبەسـتی كۆنتێكسـتەكە بـەدەربڕینێكی زۆر نزیـک، وەربگێڕین. هاوكات زۆر كەم رێدەكەوێت وشـەیەكی سـەربارمان هێنابێتـە نــاو كۆنتێكســتەكەوە، مەگــەر تــەنها بــۆ دەربڕینــی ئیدیــەمێكی كــوردیی، رستەكە پێویستی بە وشەیەكی كوردیی هـەبووبێ، بـەبێ ئـەوەی بـەبوونی ئەو وشەیە كەم و زۆریی تێ بكەوێ.

ســەبارەت بــە ئیدیــەمی هەنــدێ رســتەو واتــای كۆنتێكســتێک، نــاكرێ وەرگێڕانی "وشەبەوشە" یی پێڕۆ بكرێ، بۆ نموونە كاتێ نووسیویانە(it

زۆر ســەقەت (drenched in blood is a road. دەردەچێ ئەگەر وەربگێڕدرێ بە (رێگایەکە لەخوێندا خوساوە). بـەڵکوو دروستر و جـوانتر وایـە لـە ئیدیەمـە کوردییەکـەوە نزیـک بکرێتـەوە، بەبێئەوەی گیانی رستەکە بکێشی، دەکرێ بنووسـرێ (رێگایەکـە لـەخوێن هەڵکێشراوە) یان (رێگایەکە بـەخوێن ئـاودراوە) یـاخود (رێگایەکـە بـە خـوێن سـوور بـووە)، تەنانـەت باشـترە لـەبری خوسـانەکە بنووسـرێ (رێگایەکە خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە).

هاوکات هەندێجار، وەرگێڕ ناتوانێ لەچوارچێوەی رستەو بابەتەکە دەرچـێ و بەئارەزووی خـۆی ئیدیـەم و تـاموچێژی کـوردیی (کوردانـدن) بکـات بەبەریـدا. بـۆ نموونـە ئـەم رسـتەیە کـاتێ وەردەگێـڕدرێ(Finally severing the deeply unpopular umbilical cord linking Iraq to Britain.). دەبێ نزیک بێ لەم ستایلەوە (سەرەنجام ئـەو وێلاشـە نـەفرەتلێکراوەی عێـراق و بریتانیـای پێکـەوە دەبەسـتەوە، پچڕاند). هەندێ کەس وا بیر دەکەنەوە کە کوردانـدنی زێتری تێـدا بکـرێ و وەک شلەمەنیی هەڵقوڕێنرێ و بکرێ بـەدەقێکی کـوردیی تـەواو عـەیار، رەنگـە بیکـەن بـە(سـەرەنجام هـەموو ئـەو سـەرەداوانەی عێراقـی گـرێ دەدایەوە بە بەریتانیاوەو مایەی نـەفرەتی قـووڵی خـەڵک بـوون، قرتانـد) رستەی دووەم، بۆ زمانی کوردیی رەنگـە تێگەیشـتنی خۆشـتر بـێ، بـەلاّم بێویژدانیی زۆری تێدایە، چونکە بەو گریمانەیە بـێ، وشـەگەلێکـی نـامۆ و دوور لەدەقەکە، هێنراوەتە ناو رستەکە کوردییەکەوەو بەسەر خوێنەردا ساغ دەکرێنەوە، ئەمەش لەوەرگێڕاندا، دەستپیسیی پێ دەگوترێ.

کەواتـە دەبـێ بالانسـێکی لۆژیکانـە هـەبێ لـەنێوان هـەردوو سـتایلی وەرگێڕانـدا (حـەرفیی نـەبێ و واتـای گشـتیی کۆنتێکسـتەکەش بەلاڕێـدا نەبات). بەلاّم یەک شت زۆر گرنگە، کولتـوور و بیرکردنـەوەو داڕشـتن و سـتراکتۆری نووسـینی خـەڵکی رۆژئـاوا، زۆر جیـاوازە لـە خـەڵکی رۆژهەلاّتیی و بەتایبەتیی لە نەتەوەیەکی ژێردەستی وەک کورد، کە دەکـرێ بڵێین لەچاو رۆژئاوادا، تازە فێری نووسین بووینە. بۆیە کۆنتێکستی ئـەم کتێبە لەهەندێ دەربڕین و رستەدا، هەندێجار رەنگدانەوەی ئەو دیاردەیـەی پێوەیە.

بەشـــێوەیەکی گشـــتیی هەوڵـــــدراوە مێتـــــافۆری metaphor وەرگێڕانەکـــە لـــە ڕەوتـــی ســـەرجەم کۆنتێکســـتەکە دەرنـــەچێ. هاوکـــات ئەوەنـــدەش بـــە خێرایـــی و جرپنـــی نەگوشـــراوە. نـــەکا پەرێزەکـــەی زۆر پیس بێ و لێـرەو لـەوێ پەڵـە بـەجێبمێنێ. چونکـە وەرگێـڕ نوێنەرایـەتی دانـــەری کتێبـــەکـــە دەکـــات. بـــەڵام مێتـــافۆری زمـــانی ئینگلیزیـــی لـەکوێ و مێتافۆری زمـانی کـوردیی لـەکوێ؟ لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا. هەوڵـدراوە فیگـەری رسـتەکان. دەربڕینـەکان و ئەجێنـدای پارەگرافـەکان. لـەڕووی سیاسـیی. کولتـووریی و سوسـیۆی هەردووکیشـیانەوە بـە مێتـافۆرێکی کوردیی کەم تا زۆر ڕەوان و مڵ و کەم تاسە دابڕێژرێنەوە.

سەرەنجام. وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە. کەبتوانێ. دەنگـی ڕەسـەنی دانەر. واتای دەقە سەرەکییەکە بەخوێنەر وەک خۆی بگەیەنێت. هیوادارین توانیبێتمان بەهەر ناتەواوییەک و کێماسییەکەوە بێ. دەنگ و مەبەستی ئەم دوو سکۆلارە. بە خوێنەری کـورد بگەیـەنین. بـاوترین کۆنسـێپت لەسـەر وەرگێڕان ئەوەیە. ئایا وەرگێڕان "هونەرە یان کارامـەیی- Art or Craft ". ئەم وەرگێڕانە پێیوایە. لەیەک کاتدا هونەریشـەو داهێنانیشـە. بۆیـە تـا تـوانرابێ. هەوڵـدراوە لـە پێودانـگ و کرایتێریـای هونـەری وەرگێـڕان نەترازێ. هاوکات هەوڵیش دراوە دەربڕینەکان لەگەڵ ئیدیەمە کوردییەکاندا لێک نزیک بکرێنەوە. بەبێ ئەوەی لە دەقەکە کەمبکرێتەوە یان بپەڕێنرێ و مەبەستەکان بشێوێندرێن.

بۆdemocracy "دیمۆکراسـیی" و بـۆ democratic "دیمـۆکراتیی" مـان دانـاوە. هەنـدێجار. وشـە ئینگلیزییەکـەمان لـەناو کۆنتێکسـتەکەدا داناوەتەوە. بۆ ئەوەی بەلای خوێنەرە ڕوونتر بـێ. ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی ئەگەر نەمانتوانیبێ وشەو دەربڕینێکـی گونجـاو بـەکار بهێنـین. هاوکـات. زۆرجـار لـەبری وشـەی قبـووڵکردن. "پەژرانـدن" ی کـوردیی" زاراوەی کرمانجیی" بەکارهێنراوە.

سەرەڕای ئەوەی نووسەرانی ئەم کتێبە. هەندێ هەڵەیان کردووە لە مێـژوو. و شوێنەکانی عێراقدا. یان ناوەکانیان بەهەڵە نووسیوە. بەڵام ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە بۆ دوو نووسەری ڕۆژئاوایی لەسـەر کولتـووری میزۆپۆتامیـا بنووسـن و بکەونـە هەڵـەی سـادەوە. بـەڵام وێـڕای هـەر کەموکورییـەک. دەکرێ بڵێین بەبێ خوێندنەوەی ئـەم کتێبـە. هـیچ کەسـێ نـاتوانێ تـەواو

دەردەسەرییەکانی عێراق وردبکاتەوەو سارێژیان بکات و ئۆڵتێرنەتیڤی دروستیان بۆ دابنێ. عێراق کەلاوەیەکە خوێنی هەموو نەتەوەو ئێسنیک و مەزهەبەکانی تێدا ڕژاوە، ئەو کەلاوەیەی هەموو جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی لەسەر ئایدێنتیتییە فانتەسییەکەی(وەهمییەکەی) شەڕ دەکەن. کەلاوەیەک بۆ یەک سات چییە، هەڵگری ئایدێنتیتییەکی نیشتمانیی نەبووە و هەرگیزاو هەرگیزیش نابێ.

هیواداریین، کەسێکمان لێ رانەپەڕێ و ڕەخنەی ئەوەمان لێبگرێ، گوایە دەقە عەرەبییەکەی جیاوازە، چونکە وەک ئارام رەفعەت { سەرەتای بەشی هەشتەم ئەو وەریگێڕاوە} گوتەنی، دەقە عەرەبییەکە ئەوەندە قۆڕە، ئەوەندە بێکەڵکە، دەڵێی بە گوگل و فەرهەنگی ئیلکترۆنیی وەرگێڕدراوە. بۆیە خۆشحاڵ دەبین، بەهەر رەخنەیەک کە ئەم وەرگێڕانە بە دەقە ئۆریجیناڵە ئینگلیزییەکە بەراورد بکات. دڵنیاشین، کەموکوڕیی تێدایە، بەڵام ئەوەندە ماندوو بووینە پێوەی، کە دەتوانین بڵێین کارێکی خراپمان نەکردووە، ئەو هەموو ماندووبوون و چەندینجار پێداچوونەوەو بەراوردکردنەش، هەمووی لەبەر خاتر و ڕێزو خۆشەویستیی خوێنەری بەئاگای کورد بووە.

لەکۆتاییدا، زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەس و دۆستانە دەکەین کە یارمەتییان داین، بۆ بەچاپگەیاندنی ئەم وەرگێڕانە، بەتایبەتیی شێرزاد حەسەن، بەحوکمی دووریی ئێمە لەکوردستانەوە، ببوو بە کەناڵی پێوەندییگرتن .سوپاس بۆ ئەبوبەکر عبدالله کە دیزایینی بەرگی پێشەوەی بۆکردین هەروەها سوپاسی بەهرۆز قادر دەکەین، گرفتی فۆنت و ڕێنووسی چەند بەندێکی ئەم کتێبەی دەستکاریی کرد و پێیدا چووەوە. جێگەی خۆیەتی لێرەدا بەزمانی کوردیی سوپاسی خوێندکاری کۆریای باشوور – میجەنگ لیی Mi Jung LEE (لە زانکۆی ماکواری- ئوستراليا) بکەین، کە تەواوی ریفرێنسەکانی بەزمانی ئینگلیزیی بۆ نووسینەوە، تەنها لەبەر ئەوەی دۆستێکی مەسەلەی کوردە و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندایە.

کامیار سابیر(خەتاب سابیر) دڵشاد حەمە

سوپاس و پێزانین Acknowledgement

پاڵنەری سەرەکیی بۆ نووسینی کتێبێ کە سەرنج بخاتە سەر میراتی ناجێگیریی لەعێراقدا، لە نیوەی دووەمی ساڵی 2001ەوە، بەتایبەتییش لەدوای رووداوە داخورپێنەرەکەی یانزەی سێپتێمبەرەوە پەیدابوو. لەم کاتەدا چەندین ساڵ بوو لێکدانەوەمان لەسەر عێراق و پێشهاتەکانی دەکرد، لە ئاراستەی تێڕوانینی کوردەوە بگرە بۆ یەکێکمان و ئاراستەی زانستی سیاسیی بۆ ئەویترمان. بۆچوونمان لەسەر بەکاریگەربوونی ئایدێنتیتیIdentity بەهێزی ئێسنیکیی و مەزهەبیی شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام بەدڵنیاییشەوە"دەستی بۆنەبرابوو" لەبەر ئەوەی ئەکادیمستەکان، بەتایبەتیی لەسەر ئایدێنتیتی بەهێزو یەکگرتووی "عێراقیی" قورساییان دانابوو. پێشنیاری ئێمە بەمشتومڕەوە دەستی پێکرد و بەدڵنیاییشەوە تا ئەمڕۆش لە 2004 دا درێژەی هەیە. بەڵام ئێستا دەکرێ بگوترێ کە ئالوودە بووە بە پلەیەکی بەرز لە ریالیزم، لەکاتێکدا عێراق زۆر بێئومێدانە بەرەنگاری ئەوە دەبێتەوە کە دۆخێکی ئارام و جێگیر دەستەبەر بکات. لەبەر ئەوەی هێزگەلێکی زۆر لەناو دەوڵەتەوە بەرنامەڕێژکراون، بۆئەوەی هەر لایەنەو و وێنەیەکی جیاواز بەعێراق بدات. هەروەک هەردوو وێنەی جیاوازی شیعەو سوننە. یان بۆ هەر بەدەستهێنانێکی نوێ، هەروەک چۆن کوردەکانیش، بۆیان هەیە هەمان کار بکەن.

لەکاتی توێژینەوەو نووسینی ئەم کتێبەدا، کۆمەکێکی زۆری تاک تاکی خەڵکمان پێگەیشت. لەڕاستییدا سروشتی مشتومڕهەڵگری ئارگیۆمێنتەکان و ئەتمۆسفیری بارگاویی هەرشتێک کە بتویستایە لەسەر عێراق بیکەی لە 2001 بەدواوە، واتای ئەوەبوو کە دەبێ راوێژێکی زۆر ژیرانە بکەین و هاوکات پەرچەکردارەکانیان بەهەند وەربگرین. ئەمە بەو واتایە نییە کە پاڵپشتکەرانمان، گرنگە لەگەڵ رەوتی ئارگیومێنتەکانی ئێمەدا بێنەوە، بەڵکوو بۆ ناسینەوەو هەستکردن بە پێداویستیی ئەم ئارگیومێنتانە بوو لە چوارچێوەی رای گشتییدا بۆ بەشدارییکردن لەو دیبەیتانەی پێوەندییان بە پاشەڕۆژی عێراقەوە هەیە. کە پێشبینیی دەکرێ تا ماوەیەکی تر بەسەر رەوشی جیهانییدا زاڵ بێت. بەتایبەتیی دەمانەوێ سوپاسی بەڕێوەبەری نووسینDavid Pervin لە Palgrave Macmillan، بکەین کە

ئاســــانکاریی بـــــۆکردین بۆئەوەی باشتر جەخت لـە جێبەجێکردنی ئـەم پرۆژەیە بکەینەوە.

هەروەها باوەڕێکی پتەوی نیشاندایین لە بڕوابوون بەخۆو بڕینی ئەو کۆنسێپتە تەمومژاوییانەی کە جارجار هەڕەشەی لە تێڕوانینەکانمان دەکرد بە لۆژیکێکی توونددەوە. بەهەمان شێوە پرۆفیسۆران Ewan Anderson و Tim Niblock، سەرچاوەیەکی بەردەوامی ڕێنوێنییکردنمان بوون، سەرەڕای ئەوەی لە لایەنگریی بۆچوونەکانماندا ڕۆڵی دوو ئەهریمەنیان دەبینی. لە UK یش سوودێکی زۆرمان لەوە بینی کە تێکەڵییمان لەگەڵ یەکێک لە پێشڕەوترین سێنتەری لێکۆڵینەوە لەسەر عێراق، لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە عەرەبیی و ئیسلامییەکان، لە زانکۆی Exeter هەبوو، لەکاتێکدا زۆرێک لە ستاف و خوێندکارانی زانکۆ(بەتایبەتیی Lise Storm Grundon و John Measor و Hassan Abdulrazak) دەوروبەرێکی بەپیتیان بۆ دەمەزەردکردنەوەی بیروڕاکانمان دەستەبەرکرد. هەروەها لەلایەن ئەندامانی پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە پەیمانگای پاشایی بۆ کاروباری نێودەوڵەتیی (Chatham House) بەدیارییکراویی . Ali Ansari, Toby Dodge, Mai Yamani و Rosemary Hollis ڕەخنەی دەگمەن و دانسقەیان خستە خزمەتی ئەو هەوڵانەی لەپشت ئەم کتێبەوە ڕاوەستاوە. دواتر بەڵام کەمتر نا لەوانی تر، دەمانەوێ سوپاسی هەموو ئەوانە بکەین کە باکگراوندی ئەم توێژینەوەیەیان دابینکرد و یارمەتییان داین بۆ تەواوکردنی کتێبەکە، سوپاس بۆ شیکردنەوەی بلیمەتانەی هەریەک لە

Heather Wiehe, Rosemary Baillon, Lise Storm Grundon و Azos Rashid کە هەمیشە ئامادەبوون دواهەمین هەواڵمان پێبگەیەنن، هەروەها Alan Bradshaw لە Palgrave Macmillan بۆ کۆکردنەوەی ئەم کارە.

لە کۆتاییدا، سوپاس و ڕێزی بێ پایانمان بۆ دایک و باوکمان، Sian and Ewan Anderson و Lynn and Roy Stansfield هەیە، ئەوانێک هەمیشە یارمەتییدەری سەرەکییمان بوون و ئێمەش ئەم کتێبە پێشکەشی ئەوان دەکەین و بۆ ئەوانە.

پێشەکیی

"پرۆسەی ئازادیی عێراق" وەک داگیرکارییەکی سەربازیی ئەمێریکیی و بریتانیی بۆ لابردنی رژێمی سەدام حوسێن لەدەسەلات. لە رۆژی چوارشەممە 19 ی ئاداری 2003 دا دەستیپێکرد. هەر سێ هەفتەی برد هێزەکانی هاوپەیمانان گەیشتنە دەروازەکانی بەغداد و بینیان هێزەکانی سەدام توانەوە. رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی کۆتایی پێهات: ئەوەی مایەوە لەبەرەنگارییەکی ترسناک، داگیرکاریی و بنیاتنانەوەی عێراق بوو، کە بەدەست شەڕگەلی چەندین دەیە پێشتر و ئابلۆقەی ئابوورییەوە دەینالاند.

پێنج مانگ پێشتر لە نۆڤەمبەری 2002 دا، لایەنگریی بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ لابردنی رژێمی سەدام حوسێن لە 70-75% ەوە بۆ 68% دابەزی. بەوشێوەیەش هێشتا هەر رێژەیەکی بەرچاو بوو. لەهەمانکاتدا، ئامارێکی دژوار، لەلایەن گۆڤاری (National Geographic) ەوە بڵاوبووەوە و ئاماژەی بەوە دەکرد، لەنێوان هەر حەوت کەسێکدا، تەنها یەک کەس (تەمەنیان لەنێوان 18-24 ساڵ بێت). توانیویانە دەستنیشانی عێراق لەسەر نەخشەی جیهانیی بکەن. بۆ خۆتێهەڵقورتاندنیش، رۆژنامەی Dialy mirror "ئاوێنەی رۆژانە"ی بریتانیی، پەیامنێرێکی بۆ نیویۆرک نارد و لە راپرسییەکی سەد کەسییدا، دەرکەوت هیچ شارەزاییەکیان لەسەر عێراق نەبووە[1]

یەکێک لە پۆلیسەکانی نیویۆرک، وڵاتی Austria ی بەعێراق دانابوو، هەندێکیتر عێراقیان لەسەر فرانس و و ئەلبانیا و باکووری ئیتالیا و باشووری ئەفریکا دانابوو. یەکێکی تر لەوەڵامدەرەوەکان "کرێکارێکی بیناسازیی کاری قورس" بوو. سەرنجی زۆرکەسی بەلای خۆیدا راکێشابوو، کاتێ دەیگوت" نازانم، گوێ نادەمێ، بەڵام لەوانەیە بەزووترین کات، داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێ".

گومانی تێدا نییە، رەنگە ئەنجامی لەم چەشنە لەهەر شارێکی رۆژئاواییدا بەدەست بهێنرێ. بەڵام ئەوەی زۆرینەی ئەمێریکاییەکان، نازانن عێراق

کەوتووەتە کوێوە. کەچیی لایەنگریی سەرەوژێرکردنی رژێمەکەی بن. ئاماژەیەکە بۆ راستییەکی قووڵتر. زۆربەی ئەمێریکاییەکان لەسەر عێراق وەک دەوڵەت، کەمترین شتیان زانیوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ناوی سەرۆکی پێشووی باش دەناسنەوە. بەئەهریمەنکردنی" قەسابەکەی بەغداد" بەرەنگارییەکی سامناک بوو؛ جبەخانەیەکی گەورەی هەبوو لە چەکی کیمیایی کە بەشێوەیەکی بەردەوام دژی ئێرانییەکان لەسالانی شەری هەشتاکاندا بەکاریهێنابوو. لە ساڵی 1988 دا هاولاتیانی ولاتەکەی خۆی، کوردەکانی باکووری عێراق لەشاری هەڵەبجە، ژاربارانکرد: بەکارهێنانی دەستدرێژیی سێکسیی و ئامێرەکانی ئەشکەنجەو ئازار بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراق لەرووی سیاسییەوە: بەم شێوەیە ئەم زنجیرانە هەر درێژ دەبنەوە.

سەرگوزەشتە قێزەوونەکان کە مەرج نییە باوەرپێکراوبن، لە ژیانێکدا و لەژێر چەپۆکی رژێمی سەدامدا، بەنزینی دەکرد بەسەر ئاگردا، ئەمانە بۆ دیارییکردنی ئەو ناکۆکییە تایبەتییانە بوو کە سەدامیان کردبووە ئەهریمەن بۆ برەودان بەم کێشەیەو ساغکردنەوەی لای جەماوەرێکی زۆر کە گومانیان هەبوو. ئامانجی هەڵکوتانی سەربازیی بۆسەر عێراق، بۆ رزگارکردنی جیهان بوو لەدەست دیکتاتۆرێکی شەرانگێز و ئازادکردنی خەڵکە چەوساوەکەی. ئەم هێرشە و ئامانجەکەی بۆ سەر هاوولاتییان و خودی ولاتەکە نەبوو. بەڵکوو بۆ سەر تاکەکەس و رژێمەکەی بوو. بەلام وێنەکردنی کێشەکە بەشتێکی تایبەتیی دوو بەربەستیی هەبوو.

یەکەمیان، پێویستە ئەهریمەن پێش راگەیاندنی سەرکەوتنی کۆتایی دەستگیر بکرێ. تا ئێستاش ئوسامە بن لادن" بەزیندوویی یان مردوویی داواکراوە". بەلام تا بەدەستهێنانی لاشەی ئوسامە دوولەسەر سێی ئەمێریکاییەکان پێیانوایە شەری دژە تێرۆر براوە نییە. دووەم، کە گرنگیی زۆرترە ئەوەیە کە سەرنجی رای گشتیی راکێشراوە بۆ سەر تاکەکەس. بەو واتایەی کە لابردنەکەی سەرکەوتووانە کۆتایی پێهاتووە.(یان، تەفروتووناکردن) کە سەرەکییترین دەسمایەی سەرکەوتنەکەیە. هەمیشە گرفت و کێشەکانی عێراق بەمشێوەیە لەلایەن ئیدارەی بوشەوە بەخەڵک دەفرۆشرا، بەرپرسانی ئیدارە، بەتایبەت ئەوانەی لە وەزارەتی بەرگریی بوون، پێیانوابوو هەر گەلی عێراق رزگاری بێ لە جلەوی دیکتاتۆریی.

ئـــاوێزانی دیمۆکراســـیی دەبـن و بـەهاکانی دیمۆکراسـیی کۆمەڵگـەی ڕۆژئـاوایی بەهەنـد وەردەگـرن و جێگـەی شـیاوی خۆیـان لـە کۆمەڵگـەی سیڤیلدا دەکەنەوە.
عێـراق لـەچاوەڕوانیی دیمۆکراسـییدا. تـەنها کێماسـیی لەنـەبوونی هـەلی پێویست بۆ دەربڕین و نمایشـکردنی خـۆی هـەبوو. یـان گریمانـەی لـەم چەشنە. ڕاستیی. بەدڵنیاییەوە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. سـەختترین بەشـی ئـەم شـەڕە هـەرگیزاو هـەرگیز سـەربازیی نـەبووە. بـەڵکوو تـا ئاسـتێکی دیارییکراو سیاسیی بووە. بەڵگەش ئەوەیە کەسانێکی زۆر کەم لایـەنگری بەهێزکردنی سـوپای شەقوشـڕی عێراقیـان دەکـرد لەبەرامبـەر بـەهێزترین سوپای مێژوودا. پرسیاری سەرەکیی ئەوە نەبوو کە چـۆن ڕژێمـی سـەدام هەڵدەپێچرێت. بەڵکوو لەشوێنەکەی چیی دادەنرێ.

(پلان)ەکە

لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئـەمێریکادا لەسـاڵی 2000 دا. مەسـەلەی عێراق زۆر بەکەمیی لەسەر شـانۆی سیاسـیی پێشـان دەدرا. پێشـتر ڕوون بوو بۆ زۆرکەس کە بەزووترین کـات لەسـەر عێـراق دەبـێ شـتێ بکـرێ. ئیدارەی کلینتۆن سیاسەتی هاوسـەنگڕاگرتنی عێراقـی شـێواندبوو. دیـارە بەشـێوەیەکی سـەرەکیی قورسـایی خسـتبووە سـەر مانـەوەی ئابلۆقـەی هەمەلایەنە لەسەر ڕژێم و سەرەتای شکستەکانیشی دەرکـەوتبوو. بیـانووی مانـەوەی ئابلۆقـە. بـۆ تێکشـکاندنی توانـا سـەربازییەکانی عێـراق بـۆ بەرهـەمهێنانی چـەکی کۆکـوژ(WMD). بـوو. هـەر زوو بـە سیاسـەتی گۆڕینی ڕژێـم جێگـەی گیرایـەوە. هەڵوێسـتی فـەرمیی ئیـدارەی کلینتـۆن ئەوەبوو کاتێ ئابلۆقەی ئابووریی لەسەر عێراق هەڵدەگیردرێ. کـە ڕژێمـی عێــراق چیتــر لەدەســەلاتدا نــەمێنێ. بــەبێ لەبــەرچاوگرتنی ئاســتی بەدەنگەوەهاتنی ڕژێمی عێراق بۆ تیمەکانی پشکنینی چـەک. لـەم ئاسـتەدا هەموو خولیاکانی ڕژێم بۆ گوێڕایەڵیی پشکنینەرەکان و داواکارییـەکانیان. بەبادا چوو.
ئەنجامگیرییە چاوەڕوانکراوەکان ئـەوە بـوو. ڕژێمـی عێـراق گوێڕایـەڵیی ناکـات. تیمـی یونسـکۆم UNSCOM گەڕایـەوەو دەسـتکرا بـە لێـدانی شێنەیی. بۆمبارانی ئۆپەراسیۆنی ڕێوی بیابـان لـە دیسـەمبەری 1998 دا

دەستی پێکرد. لەم ئانوساتانەدا، ڕیپۆرتەکان ئاماژەیان بە مردنی میلیۆنیی خەڵکی سیڤیلی عێراق دەکرد لەئەنجامی ڕاستەخۆی سزا ئابوورییەکانەوە. ئەمەش نارەزایەتییەکی گەورەی لەجیهانی عەرەبییدا بەرهەم هێنا. ئەمە بووە هۆی ترسێکی هەڵکشاو و کاریگەر لەسەر پێوەندییە گشتییەکانی ئیدارەی کلینتۆن. دەستەوەستان لەهەر بیروبۆچوونێکی نوێ، ئیدارەی کلینتۆن، جڵەوی دەسەڵاتی دایە دەست ئیدارەیەکی تر کە خاوەنی تێڕوانینێکی ڕوونتر بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا. وێڕای هەموو ئەمانەش، مەسەلەی عێراق ئەو گرنگییەی پێنەدرا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا، لەکاتێکدا بەروونیی لەخشتەی کارەکاندا بوو لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵاتدا لەلایەن بوشەوە لە جەنیوەری 2001دا. هەروەها لە سێپتێمبەری 2000دا پرۆژەی چەرخی ئەمێریکیی نوێ (PNAC) کە بیرۆکەی گرووپێ لە پسپۆرەکانیThink Tank نیۆکۆنسێرڤەتیڤەکان بوو کە نزیکایەتییەکی بەرچاویان لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمێریکادا هەبوو. داکۆکییان لە " ڕۆڵی هەمیشەیی زۆرتر "ی ئەمێریکا دەکرد لەناوچەی کەنداودا.

گفتوگۆی ئەوەیان دەورووژاند" کاتێ کێشەی عێراق کۆتایی پێنەهاتووە. پاکانەیەکی دەستوبرد دەدات بەئەمێریکا بۆ ئامادەباشیی هێزی سەربازیی زۆرتر لەناوچەکەدا. بۆ باڵادەستیی بەسەر سەدام حوسێندا"[2] لەهەموویشی سەرنجڕاکێشتر ئەم گرووپە دەستنیشانی یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم میلیتاریزەکردنەی بە " سەقامگیریی و فراوانکردنی ناوچەکانی ئاشتیی دیمۆکراسییانە" ناوزەد کرد. بەهەرحاڵ کێشەی عێراق ئەو گرنگییە بەرچاوەی نەبوو تا 11 ی سێپتامبەری 2001. دەرهەق بە هەلومەرجی وتاری یەکڕیزیی، سەرۆک، وڵاتی عێراقی خستە ناو تیشکۆی بایەخ پێدانەوە. هەوڵیدا پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان شەڕ لەدژی تیرۆر و ئەو دەوڵەتانەدا ببەستێتەوە کە لەسەردەمی کلینتۆندا بە دەوڵەتە سەرکێشەکان Rouge State{لاسارەکان} ناسرابوون. هەروەها عێراق دانرا بەیەکێک لەو وڵاتانەی کە ئێران و کۆریای باکووریشی دەگرتەوەو بە ئەندامانی تەوەرەی شەڕانگێزیی axis of evil ئەژمارد دەکران. ئامانجی دروست بەئاشکرایی دیاربوو. ئەو تایبەتمەندییانەی لەم تەوەرەیە داواکراو بوو تا ئاستێکی بەرچاو تەمومژاویی بوو. لەکاتێکدا وای

دەخواســـــت هــــەردوو خواستی پەیداکردنی چەکی کۆکوژ WMD و پشتگیرییکردنی تیرۆری تێدابووایە. لەکاتێکدا ئێران تاکە وڵات بوو هەردوو تایبەتمەندییەکەی تێدابێت. بەڵام هەر لەسەرەتاوە دیار بوو، ئیدارەی بوش ئامانجی گۆڕینی رژێمی عێراق بوو.
هەوڵگەلێکی بێسەمەر درا بۆ تێوەگلانی عێراق بۆ شەڕێکی بەرینتر لەدژی تیرۆر. بەڵام بەڵگەی ناتەواو لەسەر بوونی پێوەندیی نێوان سەدام و تیرۆریزم، کەمتریش لەنێوان رژێمی بەغداو ئەلقاعیدەدا. ئەم هەوڵانەی پەکخست. ئوسامە بن لادن، کینەی خۆی لە رژێمی سێکیولاری عێراق ناشاردەوە. تەنانەت توانستییەکانی خستە خزمەتی سعودییەوە بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی عێراق لە کوەیت لەساڵی 1991دا. بێ بەڵگەیی وایکرد زۆربەی جیهان، تەنانەت هەندێ لە چاودێرە ئەمێریکاییەکانیش بەگومان بوون لەوەی چۆن رژێم-گۆڕین جگە لەکاری نەگەتیڤکاری باش ناکات. پەلاماردانی دەوڵەتێکی عەرەبیی و ئیسلامیی لە نێودڵی رۆژهەڵاتی ناقیندا. پرسی مەترسییەکان و ناحەزیی بەرامبەر ئەمێریکا گەورەتر کردەوە تا ئەوەی کەمی بکاتەوە.
لە رووی بەهاوە. ئەو روونکردنەوانەی لەلایەن ئیدارەی بوشەوە دەدرا. جێگەی متمانە نەبوون. بەهەرحاڵ. چاودێرانی سیاسیی وریا. (پەی)ان بەوە برد. ئەو ستراتیژە نوییەی لەعێراقدا. کیراوەتەبەر بۆ گۆڕینی رژێمی عێراقە. ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی NSS لە سێپتەمبەری 2002 دا دەرچوو. یارمەتی زۆرکەسی دا پارچە بزربووەکانی ئەو نهێنییە بدۆزنەوە. ستوونووس Mark Danner لە نیویۆرک تایمزدا کە پێچەوانەی-بۆچوونی-سەرنووسەرە Op-ed دەستنیشانی" ئەو بۆشاییەی کربوو لە نێوان پاکانەکانی شەڕو ئەو پرۆژە ئاڵۆزە جیۆسیاسییەی هەندێک کەسی ناو ئیدارەی بوشی لەپشتەوەیە"[3]. بەپێی Danner بێت. سروشتی ئەم پرۆژە سادەیە؛ بنیاتنانەوەی سەرمایەدارییانەی سەرجەم رۆژهەڵاتی ناقینە. چێکردنی" یەکەمین دیمۆکراسیی عەرەبیی " لە عێراقدا هانی میانڕەوەکانی ئێران لەدژی سەرانی توندڕۆ. بۆکرانەوەی زۆرتر بەرووی دەرەوەدا دەدات. تەنانەت دابینکردنی کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراسی لە رۆژهەڵاتی بەغدادا. لەهەمانکاتدا. کۆنترۆڵکردنی نەوتێکی زۆری یەدەک لەعێراقدا. ئەو پشتبەستنەی رۆژئاوا

بـه نـــەوتی عەرەبســتانی ســعودییە هەیــەتی. لای کــەم لــە کورتمــاوەدا ناهێڵێ و ڕێگەش خۆش دەکات بـۆ کشـانەوەی هێزەکـانی ئـەمێریکا لـە" خاکی پیرۆز" و بەمـەش یـەکێک لـە گرفتـە سـەرەکییەکانی بـارگرژیی لـە جیهانی عەرەبییدا رادەماڵرێ.

لەمــەش گرنگتــر، بڵاوکردنــەوەی دیمۆکراسـیی و گەشـەکردنی ناوچەکـە یارمەتی" وشکردنی زۆنگاو" ەکانی تیرۆر دەکات، بە لابردنی ڕەگوڕیشەی هۆکارەکانی تیرۆریزم لەچەشنی هەژاریی و سەرکوتی سیاسیی. بەپێی ئەم تێڕوانینـە بێـت، سیاسـەتەکانی ئـەمێریکا لەهەمبـەر رۆژهـەڵاتی ناڤینـدا. هۆکاری بەرایی تیرۆر نین. بەڵکوو رۆڵی بەربەستکەری هەورە برووسـکە دەگێــڕن کــە چاویــان خســتووەتە ســەر ئــەو وەڕەســبوونەی لەلایــەن ستراکتۆری هێزە فەندەمێنتالیستەکانەوە بەرهەم دەهێنرێ. تیشـک خسـتنە سەر ئەم هێزە تیرۆریست و توندڕۆیانە و چارەسەرکردنیان. بۆی هەیە تا رادەیـەکی بــەرچاو کــارگوزاریی تیــرۆر لەســەرچاوەکەیەوە بکوژێنێتــەوە. بەمشێوەیە، داگیرکردنی عێـراق. بەسـتراوەتەوە بـە شـەڕی تیـرۆر، بـەڵام لەئاستێکی زۆر باڵاتر لەوەی ئیدارەی بوش رەنگرێژیی بۆ کردبوو.

Danner لە شیکردنەوەی بایـەخی راسـتەقینەی سـتراتیژی ئاساییشـیی نەتەوەییدا NSS تەنها کەس نەبوو. مێژوونووسی مەزن John Lewis Gaddis یــش بەهــەمان ئــەنجامگیریی گەیشــت. ئــەم NSS ەی بــەوە وەسفکرد " پلانێکە بۆ وەرچەرخانی هەموو رۆژهەڵاتی ناڤینی ئیسـلامیی: بــۆ بەیــەکجاریی چوونــە نــاو دنیــای مۆدێرنــەوە"[4] بــەپێی تێڕوانینــی Gaddis ئەم " ستراتیژییە گەورەیە... بـۆی هەیـە جوڵـەی پرۆسێسـێک دەست پێبکات، بەلاوازکرن و راماڵینی یەکجاریی رژێمـە کۆنەپەرسـتەکان لە شوێنەکانی تری رۆژهەڵاتی ناڤیندا. بەمشێوەیەش ئەو زەمینە سـەرەکیی و لەبارەی گەشەکردنی تیرۆریزم بنبڕ دەکرێ"[5].

گریمانەی سەرەکیی لەپشـت سـتراتیژی ئاساییشـیی نەتەوەییـەوە NSS، ئەوەیە، لە ئێستادا ئەم ستراتیژییە دەستنیشانی ئەوە دەکات" تاکە مـۆدێلی سـەرکەوتن و پێشــکەوتنی گەلانــە: ئــازادیی، دیمۆکراسـیی و پــرۆژەی ئازاد.....ئەم بەهایانەی ئازادیی راست و دروستن بۆ هەموو کەسێ، لەهـەر کۆمەڵگەیەکدا بێت"[6] لە ناوەڕۆکیشدا ستراتیژییەکەی ئیدارە، شـەڕیکە بـۆ مسـۆگەرکردنی" دڵ و هـۆش" ی خــەڵکانی ناوچەکــە. ئەمــەش لای کــەم

پرۆژەیـــــــــــــــەکی ئومێدخوازانەیە. هـەروەک Gaddis روونـی دەکاتەوە" پتر لە نیو سەدە لەمەوپێش لەو کاتەوەی ئەمێریکاییەکان شانیان دایە بەر دیمۆکراتیزەکردنی ئەڵمانیا و ژاپۆن. شتێکی لەم چەشنە لـەرووی ئازایــەتیی، مکــۆمیی و تێڕوانینــەوە نییــە"[7] هاوکــات پرۆژەیــەکی زۆر مەترسییداریشە. دەتوانرێ بگوترێ ئەمـەش سـەختترین پاسـاوهێنانەوەیە لـەمێژوودا. ئیـدارەی بــوش بەشـێوەیەک لەشــێوەکان، پێویسـتی بــە رازییکردنــی جیهـانی عـەرەبیی هەیـە، بـەوەی کـە سـتراتیژییە مەزنەکـەی ماراسۆنێکی گاڵتەئامێزانەو کۆنترۆڵکردنی نیۆئیمپیریالیستانە neo نییـە، بەڵکوو لەراستییدا لە قازانجی خەڵکی ناوچەکەیە.

هەندێ ئایدیا لەم بوارەدا دەکرێ لەبەرچاوبگیرێ و بە هەڵسەنگاندنی ئـەو ئەنجامانەی Gallup بـۆ راپرسـیی کردبــووی لـەنێو نـۆ وڵاتــی زۆرینـە موسڵماندا[8]. کەسی سەرسام نەکرد، کاتێ سـەرۆک بـوش تـەنها 11% ی خەڵک لایەنگرییان کردووە. ئەوەی سنووری شۆکبوونیشــی بەزانـد ئـەوە بوو، پتر لە 60% ی ئەوانەی راپرسیەکە گرتنییـەوە، بڕوایـان وانـەبووە، عەرەب تەقینەوەکانی 9/11 ئەنجام دابێت. لەکاتێکدا ئەمـە 89% ی ئـەو کوەیتییانەن بەشداری راپرسیەکەیان کردووە. ئەوەی لەلایەن چـاودێرانی" شــەقامی عـەرەبیی"ەوە سـەرنجی خرایـە سـەر، بۆچـوونی بـاو لـە نێـوان عەرەبەکاندا ئەوەیە، ئیسرائیل بە هاوکاریی CIA نەخشەدارێژەری 9/11 بوونە، بۆ بیانوویەکی پێشوەخت بۆ هەر شەڕێکی چاوەڕوانکراو لـە دژی جیهانی ئیسلامیی، رای گشتیی خەڵک، پێچەوانەی بەڵگەکانی ئەمێریکایـەو ئەمەش قامک دەخاتەوە سەر ئەو بێزارییەی لە هەمبەر سیاسەتەکانی وڵاتـە یەکگرتووەکان دا رەگوڕیشەیەکی قووڵی هەیە. لایەنی پۆزەتیڤیش ئەوەیە، ناوبـانگی وڵاتـە یـەکگرتووەکان لـە جیهـانی عەرەبـدا دەشـێ باشـبکرێ، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر راگیرییەکە گوتی" گومان لەوەدا نییـە کــە دەبــێ کــاری باشــتر، بـۆ گەیانــدنی میهرەبــانیی و سەرگوزەشــتەی ئەمێریکاییەکان بکەین."[9] بەدڵنیاییەوە،

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان نەتوانێ ئـەم کەلێنـە پڕبکاتــەوە بەشــێوەیەکی کــارا، هەوڵــەکانی بنیاتنانــەوەی عێــراق بــە رەنگرێژیــی لیبراڵیــی و دیمۆکراسیی سەرکەوتوو نابێ، سەپاندنی دەسەڵات و سیســتەمێکی نــامۆ، بەسەر گەلێکی بێچارەدا، نەک هەر کارێکی لێوانلێـو قێزەونـە لـە عێراقـدا،

بـــەڵکوو لـــە تـــەواوی ڕۆژهـەڵاتی ناڤینیشــدا. جیـاوازیی هەیـە لـە نێـوان گریمانـەی ئـەوەی کـە خـەڵکی عێـراق" ئـازادیی. دیمۆکراسـیی و پرۆژەی ئازاد"یان دەوێ لەگەڵ گریمانەی ئەوەی گـوێی پـێ نـادەن ئەگـەر بەسـەریاندا و بـەزەبری چـەک بسـەپێنرێ. لەکاتێکـدا ئیـدارەی بـوش هەڵمەتێکی گەورەی مۆراڵیی بـۆ داڕشـتنەوەی ڕۆژهـەڵاتی نـاڤین دەسـت پێکـردووە. هاوشـان لەگـەڵ ئـەم هەڵمەتـەدا. لـەم ناوچەیـەدا مێژوویـەکی دوژمنایـــەتیی دوورودرێـــژ بەرامبـــەر وڵاتـــە یـــەکگرتووەکان هەیـــە. هەروەها هەڵبژاردنی کەیسی عێراق بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە. پێدەچێ وڵاتـە یەکگرتووەکان سەختترین کەیسی هەڵبژاردبێ.

ماددەی خاو

مێژووی عێراق وەک قەوارەیەکی مۆدێرنی سیاسـیی. ڕاسـتەوخۆ بـۆ دوای شـەڕی یەکـەمی جیهـانیی Post-WWI دەگەڕێتـەوە. کـاتێ بریتانیـا لـە ڕۆژهـەڵاتی نـاڤینی وێرانەدا بەغـدادو بەسـرەی پێکـەوەلکان[10]. دواتـر ناوچەکانی باکوور کە بەهەرێمی موسڵ ناسرابوو لەساڵی 1925 دا. هاتـە سەریان و پێکەوە ئەم جیۆگرافیایـەی دەوڵـەتی عێراقیـان دروسـتکرد. تـا ئێستاش ماوەتەوە. عێراق سەربەخۆیی فەرمیی خۆی لە بریتانیا لـە سـاڵی 1932 دا وەرگرت. دواتریش لەلایەن بنەماڵەی پادشایی سەپێنراو لەلایەن بەریتانیاوە بەڕێوەدەبرا تا بەزەبری کوودەتای سەربازیی ساڵی 1958 لە دەسەڵات هێنرایە خوارەوە. دەیەیەک لە پاشاگەردانیی(کـەیۆس) سیاسـیی (1958-1968). بـواری بـۆ بـەعس. حیزبەکـەی سـەدام حوسـێن ڕەخسـاند. لەسـاڵی 1979 شـەوە بـۆ دیکتـاتۆریی تۆتالیتـاریی لـەژێر چەکمەی ئاگرو ئاسنی خودی " سەرکردەی مەزن" دا. لەم ماوەیـەدا عێـراق وەک دەوڵەت یەکێتیی خاکەکەی پاراست. بـەڵام ئـەوەی هەمیشە عێـراق شکستی تێداخواردووە. ئەوەیە هەرگیز بەنەتەوە Nation نەبوو. بەشێک لـــەم شکســـتە پێوەنـــدیی بـــەو توندوتیژییـــە قـــووڵ و دابڕانـــە ئێسنیکیی‌خێڵایەتیی. ئابووریی و مەزهەبییەکانی خەڵکی عێراقـەوە بـووەو تا ئەمرۆش بوونیان مـاوە. لەولاشـەوە شکسـتی دەسـەڵاتە یـەک لـەدوای یەکـەکانی عێـراق بـووە. کـە نـەیانتوانیوە چوارچێوەیـەکی گشـتگیر و ئایدێنتیتیی کۆدەنگیی نیشتمانیی ڕەنێو بێنن.

لـــەم تەونـــە ئـــاڵۆزەی کۆمەڵگەی عێراقییدا. ترایبیسیۆنی دابەشبوونە جیۆگرافییەکان باشتر جێکەوتبوونە لـە ئـەنجامی جیاوازییـە ئێسنیکیی و مەزهەبییەکانـــدا. بەســـرە، هـــەرێمی پێشـــووی عوســـمانییەکان، پێشـــترو (هەنووکـە) ش زۆرینـــەی دانیشـــتووانی موســـڵمانی شـــیعەن: بەغـــداد و موسڵیش سوننەن. بەگشتیی، شیعەکان نزیکـەی 60% ی خـەڵکی عێـراق پێکدەهێنن، سوننەکانیش 35%، ئەو 5% ی دەشمێنێتەوە، تێکەڵەیەکە لـە فەلـەکان و گرووپـە بچووکـە ئایینییـە هەمـەجۆرەکانی تـر. دابەشـبوونی مەزهەبیی، لەبـەر هۆکـاریی سیاسـیی و ئـایینیی، لەئەگـەری تەقینەوەدایـە. لەسەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە، دەسـەڵاتی سیاسـیی و سـەربازیی بەشـێوەیەکی دەستبەســەرداگیراو لەلایــەن ســوننەکانەوە بــەڕێوەبراوە. کـۆنترۆڵکردنی دەســەڵات و دابەشــکردنی دەســتکەوتەکان، بێزارییـــەکی پیشخواردووی لەناو شیعەکاندا لێکەوتبووەوە. ناوبەناویش دەرەتانیان بـۆ هەڵبکەوتایە یاخیبوونی خوێناوییان ئەنجام دەدا.

وێـڕای دابەشـبوونی مەزهـەبیی، عێـراق کەرتکـەرت بـووە بەسـەر هێڵـی ئێســنیکییدا. ناوەڕاســت و باشــوور لــەرووی ئێســنیکییەوە عــەرەبن، لەکاتێکــدا باکوورەکـەی، کوردەکـان لێـی نیشـتەجێن لەگـەڵ ئێســنیکی بچـووکتر لەچەشــنی تورکمانــەکان و ئاشــوورییەکان. لــەرووی ژمــارەوە، عەرەبەکان نزیکەی 80% و کوردەکانیش لە نێوان 15_20% خـەڵکی عێراقن. بەیەکەوەلکاندنی موسڵ بە دەوڵـەتی عێراقـەوە لەسـاڵی 1925 دا لای کەم دەکرێ بگوترێ بۆ کەمکردنەوەی ژمـارەی شـیعەکان بـوو[11]. لـە پراکتیکیشـــدا ئـــەم بڕیـــارە ڕەنگدانـــەوەی چارەنووســـازی لێکەوتـــەوە. کوردەکانی باکووری عێراق هەرگیز حوکمی ناوەندیان قبـووڵ نـەکردووە. بە کورتیی، لە مێژووی شـێواویی دەوڵـەتی مـۆدێرنی عێراقـدا یـەکێک لـە نەگۆڕە دەگمەنـەکان، سـیمای بـەرگریی کـوردیی دژی دەوڵـەتی عـەرەبیی سەنتەر بووە. زۆرجاریش، ئـەم بەرهەڵسـتکارییە دژی دەسـەڵاتی بەغـداد، خۆی لە ڕاپەڕینی توندوتیژدا دیوەتـەوە. ئـەم یاخیبوونانـەش بەوپـەڕیی دڕندایەتییەوە سەرکوتکراون و تا هاتووشە تونـدتر سـەرکوتکراون. ئـەم نموونەیەش دووبارە بـووەوە لـە دوای جـەنگی دووەمـی کەنـداو لەسـاڵی 1991 دا، شـەپۆلی شۆڕشـێکی سەرتاسـەریی لـە دژی ڕژێمـی قێـزەون و بـــەزیبوی ســـەدام، بـــووە هـــۆی دەستبەســـەرداگرتنی زۆربـــەی شـــارە

سەرەکییەکان لە باکووری عێراقدا. لەکاتێکدا هێزەکانی رژێم بەوپەڕی دڵرەقییەوە لەهەوڵی تەفروتوناکردنیدابوون. لە ئەنجامیشدا. لەژێر چاودێریی و پشتیوانیی بریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکان دا. ناوچەی نژەفرین هاتە کایەوە. هەروەها بەهۆی رژانی پارەیەکی بێشوومارەوە لەئەنجامی مامەڵەکردن بەنەوتی قاچاغەوە لەسەر سنووری تورکیا. جگە لە داهاتی 13% ی نەوتی عێراق بەشێوەی یاسایی. کوردەکان بەردەوامن لەو خۆشییەی بە " چەرخی زێڕین" ناسراوە لەدەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق. ئەمانەش. بێگومان بەبێ شەڕ نایکەنە قوربانیی و لەدەست خۆیانی نادەن.

بەرچاوکردنی قووڵایی ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتییانە. ئەستەمێکی سەیرە. هیچ دەسەڵاتدارێکی عێراق نەیتوانیوە ئایدێنتیتی نیشتمانیی بۆ خەڵکی عێراق بە روونیی دابڕێژێت. هەرکاتێکیش هەستکرن بە ئایدێنتیتی عێراقیی بەرجەستەبوویێت. وەک هێزێکی نەگەتیڤ نەک پۆزەتیڤ ناسرێنراوە - وەک ناردەستی نەیارە ناوخۆییەکانی عێراق " دوژمنەکانی دەوڵەت" یان دێو و درنجە دەرەکییەکان لەچەشنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم سەیرکراوە. لەباری مێژووییەوە وزەیەکی زۆرتر لە دروستکردنی ئایدێنتیتی پانعەرەبییدا خەرجکراوە. تا ئایدێنتیتییەکی عێراقیی رووت[12]. لەکاتێکدا قبوولکردنی پانعەرەبییزم بۆ کەمایەتیی کورد ئەستەمترە. ئەوانەی هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنی تێڕوانینێکی نەتەوەیی شکستیان هێنا. کەسانێکیش هەوڵیان نەدا و پێیان باشتر بوو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق بەکاربهێنن بۆ پاراستنی دەستکەوت و دەسەڵاتەکانیان. زۆربەی رژێمەکان. بەتەواویی پشتیان بە دەستنیشانکردنی پۆستە باڵاکان و بەکارهێنانی توندوتیژیی بەستبوو. بۆ پارێزگارییکردن لە یەکێتیی جیۆگرافیای دەوڵەت. لەکاتێکدا بۆ دابینکردنی ئایدێنتیتیی نەتەوەیی، دەرگیری ئەرکێکی سەخت و ئەستەم بووبوون.

دەکرێ بگوترێ سەدام حوسێن. توانیویەتی بەکارهێنانی توندوتیژیی بکاتە هونەر. لە راستییدا وەک دواهەمین سەرداری عێراق. ئەمیش لەوە گەیشت، هەر هێز دەتوانێ ئەم وڵاتە پێکەوە گرێ بدات. لەم ئاقارەشدا. سەدام لەمێژووی عێراقدا فیگەرێکی دەگمەن نییە. بەڵکوو بەرهەمی ئەو

لۆژیکـــــــه قورســـــــــیه. دەوڵەتێکی سەرکەوتوو بە شێوازیی ئاشتییانە بەڕێوە ببات.

میراتی سەدام حوسێن

لـە 16ی ئۆکتۆبـەری 2002 دا عێراقییـەکان بـۆ دەنگـدان چـوون. بـۆ ئەگەری درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی سەدام بـۆ حـەوت ساڵی تـر. جێگـەی سەرسـوڕمان نییـە. عێراقییـەکان بـە 100%متمانـەیان پێـی بەخشـییەوە. هـەروەک ژۆرناڵیسـتی بریتـانیی Mark Steel Wryly سەرنجی دابوو " سەدام پێویستە بە تایبەتیی شادمان بێـت. پـاش ئـەوەی جاری پێشووتر نیگەران بوو بە دەسـتهێنانی 99.96% ی دەنگـەکان"[13] هەرچەنـدە ئـەم شـانۆگەرییەی دیمۆکراسـیی بـە سـتایلی سـەدامیی بـۆ ژۆرناڵیسـتە رۆژئاواییـەکان گاڵتەجاڕییـە farcical بـەڵام چیرۆکـی راستەقینەی ئـەم بابەتـە بەتـەواویی پشـتگوێ خرابـوو. لـە دوای بـەزینی سەربازیی لە دووەم شەڕی کەنداودا. بە هەڵگەڕانەوەی 15 پارێزگا لە کۆی 18. کە عێراقی تەنییـەوە. ژمارەیـەک کوودەتـای سـەربازیی و هەوڵگـەلی تێرۆرکردن. پتر لە دەیەیەک ئابلۆقەیەکی ئابووریی تونـد. کـەچیی هێشـتا رژێمەکـەی سـەدام. کـۆنترۆڵی تـەواوی بەدەسـتەوە بـوو. تـوانی زۆربـەی عێراقییەکان بنێرێتە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان. بـۆ ئـەوەی بەرێگـەی "راست" دەنگ بدەن. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بۆچیی خەڵک بەوشێوەیە دەنگیان دا. خـەڵک هەڵسـوڕاندن و جـەمکردنی مێگـەلیی. خـۆی لەخۆیـدا کارێکی سەرنجڕاکێش بوو. ئەمەش واتای ئەوەبوو. سەدام تا ئۆکتۆبـەری 2002 زۆربەباشیی کۆنترۆڵی عێراقی بەدەستەوە بوو.

دیـارە سـەدام چیتـر لـە دەسـەڵاتدا نـەماوە. بـەڵام لابردنەکـەی بـەزەبری گەورەترین هێزی سەربازیی لەمێژوودا. جێبەجێکرا. هەروەک فیگـەرەکانی لەچەشنی ستالین و کاسترۆ. سـەدام دەچێتـە ریـزی ئەوانـەی لـە چـەرخی بیستەمدا بەزیندوویی دەرباز بوون. بەهەر پێوەرێک لە پێوانە(ئـابووریی. کۆمەڵایـەتیی. سیاسـیی و سـەربازیی) ەکـان. دەسـەڵاتی سـەدام بـۆ عێراقییەکان کارەسـات بـوو. بـەڵام بـەپێوەری سـەقامگیریی درێژخایـەن. سەدام سەرکەوتووترین سەرداری عێراقی مۆدێرن بووە. توانسـتی سـەدام بۆ مانەوە جێگەی سەرسوڕمانە. تێگەیشـتن لـەوەی چـۆن سـەدام بـۆ 35

سـاڵ لەدەسـەڵاتدا مايـەوە. زۆر گرنگە بۆ ئەوانەی دەيانـەوێ تێبگـەن لـە قەبەيی ئەو ئەركەی دووچاری دەبن لە بنياتنانەوەی عێراقدا.

بەدڵنياييەوە، ترس فاكتەرێكی گرنگ بوو. ناوبانگی سەدام بە بێبەزەيی و درِندايەتيی، ئەگەر زيادەشـی پێوەنرابێـت، گومـانی تێـدا نييـە شايسـتەی بووە. بەڵام ئەمە تەنها فاكتەر نييە. هيچ رژێمێ هەرچەندە درِنـدەش بێـت، تەنها بەفاكتەری ترس ناتوانێ ئەوەنـدەی سـەدام درێـژە بـەژيانی بـدات. هەڵسەنگاندنێكی زۆر وردتر، ئاماژە بەوەدەكات، سەدام ياريیكەرێكـی زۆر بەتوانا بووە لەگەمە سياسـييەكانی عێراقـدا. هـەروەک سـەدام لـە زووەوە تێگەيشت، تەنانـەت تـا ئێسـتاش، هۆكـارە سـەرەكييەكانی دەربـازبوونی سياسيی لە كۆمەڵگەی پرِكێشەی عێراقدا، تـرس و رێكخراوبوونـە. لـەژێر دەسەڵاتی تاكرِەوييدا، سەدام لەدوای 1979 ەوە، حيزبی بەعسی داماڵی لە خەرمانـەی ئايـدۆلۆژيی، گـۆرِی بـە ماشـێنێک بەويسـتی خـۆی سـوكان بەدەستەوە بگرێ. لە مۆدێلی حيزبی شيوعيی يـەكێتيی سـۆڤيەتەوە نزيـک بوو. توانرا ستراكتۆرو هەرِەمی حيزبی بەعس، لەهەموو بوارەكانی ژيانـدا شـۆرِبكرێتەوە و كـۆنترۆڵی خـەڵک بكـات. سـەرەكييترين هەوڵـەكان لـە حەفتاكاندا بۆ بنبرِكردنی نەخوێندەواريی. لە رێگەی فراوانكردنی هۆكـانی دەستگەيشتن بە خوێنـدن، بەيـەكێک لـە دەسـتكەوتە گرنگـەكانی حيزبـی بەعس دێتە ئەژماردن. لەهەمان كاتيشـدا بـەعس تـوانی مێشـكی چەنـدين نەوە بئاخنێ و بە دۆگمای بەعس، گرنگيی و پاراستنی "شۆرِش" لەهەمبـەر دوژمنە ناوخۆيی و دەرەكييەكاندا پرِچەكيان بكات.

دوابەدوای ئەمانەش، سەدام دەستی دايە دامەزراندن و بێلايـەنكردن ، يـان بە سادەيی لەناوبردنی سـتراكتۆری نـەيارەكانی لـەناو دەوڵەتـدا. حيزبـی شيوعيی عێراقيی تاكە حيزبێک بوو لەدوای حيزبـی بەعسـەوە لەگـەورەيی رێكخراوبووندا لەمێژووی گرژی سياسيی عێراقدا. يەكـەمجار لەقاڵبـدراو و دواتـــريش لێيـــان درا. هێـــزی ســـەربازيی، وەک برِيـــاردەری كلاسيكيی دەسەڵاتی سياسيی بووە لە پێش بەعسيشـەوە. بـەناو بێلايـەن كرا. زۆربـەی پۆستە باڵاكـانی ئـەم دەزگايـە بەدەسـت پياوانی حيزبـی بەعسەوە بووە، يان چ وەک بنەماڵەيی، ياخود بە عەشـيرەت نزيكايـەتييان لەگەڵ سەدامدا هەبووە.

پاكسازییە ناوبەناوەكان. پەیامی ئەوەی بە هێزە سەربازییەكان دەدا، كە كێ عێراق بەڕێوە دەبات. بۆ باشتر پاراستنی خۆیشی لەهەر كوودەتایەكی سەربازیی، سەدام ژمارەیەك سوپای" نا تەقلیدیی" سەربازیی تری لەدەرەوەی زنجیرەی فەرماندەییە سەربازییەكاندا دروستكردبوو. ئەمانەش خۆیان لە نێوان میلیشیای شاریی فیدائییەكانی سەدام(پیاوانی قوربانییدەر) و مەرگچێنەكانی گاردی كۆماریی و گاردە تایبەتەكاندا دەبینییەوە.

بە ڕژانی دەرامەتێكی زۆر بەسەر ئەم هێزانەدا لەسەر حیسابی هێزە نیزامییەكان، سەدام ئەوپەڕی وەفاداریی ئەمانەی كڕیی و گەرەنتیی مانەوەی خۆیشی زامنكرد لەهەمبەر هەر ڕاپەڕینێكی ناوخۆییدا. چاودێرییەكی زۆر ورد دەكرا بۆ كۆنترۆڵكردن و پاراستنی سەدام، ئەمەش بە تۆڕێكی چڕوپڕ و ئاڵۆزی ئاسایش سپێردرابوو. هەر لە بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی گشتیی (موخابەراتی ناوزڕاو) ەوە بگرە تا بە دەزگای ئاسایشی كەمتر ناسراو (جیهازی ئەمنی تایبەت) دەگات. ئەم هەموو ئاژانسە جۆراوجۆرانە، چاودێریی هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەكییەكانیان لەسەر ڕژێم دەكرد و بەچاوی گومانیشەوە چاودێریی یەكتریان دەكرد.

لەپشت كارایی سەدامەوە وەك ڕێكخەرێك، توانستە دیار و پتەوەكانی لەسەر بەكارهێنانی دابەشبوونە كۆمەڵایەتییەكانی عێراق، خستبووە خزمەتی مەبەستەكانی خۆیەوە. لەسەردەمی شەڕی لەگەڵ ئێراندا، سەدام دژی هێرشی فارسەكان لە ڕۆژهەڵاتەوە، پەنای بۆ ئایدیۆلۆجیی عەرەبیی برد. لەدوای شەڕی دووەمی كەنداویش، لە باشووردا دەرگیری ڕاپەڕینێكی گەورەی شیعەكان بووەوە.

هاتوهاوارەكان بە شەڕی مەزهەبیی ڕەنگرێژ كرابوو، ئەوەیشی كە ڕژێمی ڕزگاركرد لە سەغڵەتترین ساتەكانیدا، ترسی سوننەكان بوو لە شۆڕشێكی گەورەی شیعەكان، ترسێك كە بەمەبەستەوە لەلایەن ڕژێمی بێ ئاسۆوە دەست لەپشتی دەدرا. سەدام كارامەیی خۆی لەوەشدا سەلماند، كە توانی دابەشبوونە ئێسنیكییەكان (عەرەبیی، كوردیی) بەقازانجی خۆی بقۆزێتەوە، تەنانەت توانی لە دابەشبوونی باڵە جیاوازەكانی نێو كوردەكانیشدا سوودمەند بێت، لە نەوەدەكاندا، ڕژێم هەوڵێكی ئاگایانەی

دا. بـه پـهنابرن بـۆ خۆنزیککردنـهوه لـه عەشـیرەتچییەتیی. بەتایبەتیی لـه باشووردا. سـەدام بێوچـان بەهەنـدێ سـەرۆک عەشـیرەتدا هەڵیـدەدا. پاداشـتی هەنـدێکیان لەسـەر حیسـابی ئـەوانی تـر دەکـرد. بەمشـێوەیە. سـەرۆکی عەشـیرەتە شـیعییەکان کەوتنـە یارمەتییـدان بـۆ گرتنـەوەو تونـدوتۆڵکردنـەوەی چـەپۆکی رژێـم لـە دژی شۆڕشـگێڕەکانی باشـوور. بەزمەکـە لـەوەدا بـوو بـە ڕاکێشـانی هەنـدێ هـەڵبژاردەی سەرۆکەکانی شیعە. رژێـم خوویـەکی بـاوی چەنـدین دەیـەی پێشـووتری زینـدوو کـردەوە بـەوەی شـیعەکانی لـە دەسـتکەوتەکانی دەسـەڵات دوورخسـتەوە. وێنـەکردنـی سـەدام وەک شـێخی شـێخەکان (گـەورەی گەورەکان). سنووری پەرتبوونە مەزهەبییەکانی بەزاندبوو. بـڕوای لـەسـەر ئایـدێنتیتیی تیرەگـەریی خسـتبوو[14]. بـەپێی پێویسـتیش مۆدێکی"هەمەلایەنـەی دەسـەڵات. بـەدانی بـاجێکی بـەرچاو پەیـدابووبوو. سیسـتەمی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتیی لەعێراقـدا بەشـێوەیەکی سـەرەکیی داهێزرابـوو. کـەمتر توانـای کـارکردنی تێـدامابوو. لـەم بارودۆخەشـدا. ئەنـدازیارانی دوای شـەڕی بنیاتنانـەوەی عێـراق. لێیـان دەخـوازرێ ئـەم دۆژدارییە operate بکەن.

چەنـد مەسـەلەیەکی ئـاڵۆز دێنـەپێش لەمـەڕ سروشـتی ئـەو ڕێوشـوێنە دیمۆکراتییانەی کە دەکـرێ لـە عێراقـی شکسـتخواردوودا جێبـەجێبکرێن. بەپێناسە بێت. دیمۆکراسیی ستراکتۆری سیاسیی رژێمی دامەزراوی عێراق سەرەوژێر دەکاتەوە. لێرەدا تەنها ژمارە کار دەکات. عەرەبـە دەسـەڵاتدارە سوننەکانی عێراق. بەدرێژایی مێژووی مۆدێرنی عێراق کەمتر لـە 20% ی دانیشتوانەکەیان پێک هێنـاوە. لەکاتێکـدا شیعەکان نزیکـەی60% پێـک دەهێنن. لەهەر سیستەمێکی دیمۆکراتی ماقوڵدا. شیعەکان باڵادەست دەبـن. سوننەکانیش دەبێ بڕوا بەوە بێنن کـە شـیعە باڵادەسـتیی خۆیـان بـەکار ناهێنن بۆ تۆڵەسـەندنەوە(بـە توونـدوتیژیی بێـت یـان نـا) لـەبری ئـەو ژێردەستەییەی لەسەر دەستی سوننە خواردوویانە.

هەروەها کوردەکانیش(15 بۆ 20 لەسەدی دانیشتوانن) دەبێ رەزامەندیی نیشان بدەن لەسەر پەیمانگەلێک کە زۆرینەی رەهـای عـەرەب رێـزی مافـە ئۆتۆنۆمییـەکان. کولتـوور و زمانییـان دەگـرن. وێـڕای ئـەوەی بەڵگـە مێژووییـەکان پێچەوانـەی ئەمـە دەسـەلمێنن. بێگومـان پسـپۆرە

دەستوورییەکان لەرۆژئاوا سەرقاڵ دەبن بە دارشتنی سیستەمێکی تێکپرژاو لە پشکنین و باڵانسراگرتندا بۆ مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتی کەمایەتیەکان؛ بەشی بەرێوەبردن دەبێ لە سەرۆکایەتییەکی بەکۆمەڵدا رەچاوبکرێ کە هەرسێ گرووپەکە خۆیانی تێدا ببیننەوە، پارلەمانیش گومانی تێدانییە، دەبێ بەپێی رێژەی نوێنەرایەتییەکان هەڵبژێردرێ، بۆ دڵنیاکردنەوەی گرووپە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە، کە بەدڵسۆزییەوە نوێنەراتییان بکەن؛ هەر گرووپێکی سەرەکیی لەسەر بریارە گرنگەکان مافی ڤیتۆی هەبێ؛ بەمجۆرە، لیستەکەش درێژەی هەیە.
یەکەمین دەستووری دیمۆکراتیی عێراق، هاوشێوەی تەڵەزمی ئەو دەستوورە زەبەلاحەی بۆسنەیە کە بەسەریاندا سەپێنرا وەک بەشێک لە رێکەوتنی ئاشتیی Dayton لە ساڵی 1995 دا. نە لەوێ سەرکەوتنی بەدەست هێناو نە لەعێراقیش کاری پێدەکرێ، لەبەر بزربوونی دوو پێکهاتەی سەرەکیی.
یەکەم، لەئاستێکی پڕبایەخدا، دیمۆکراسیی پێویستی بە بوونی کۆدەنگییەکی تەواو هەیە لەسەر رەوابوونی سیستەمە سەرەکییەکە. بەساکاریی، هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتە، دەبێ ددان بنێن بە دەوڵەتی عێراقدا وەک قەوارەیەکی یاسایی و هەرێمیی، جێگەی پرسیارە ئایا کوردەکان هەرگیز بەتەواویی ئەم یاساییبوونە قبووڵ دەکەن بۆ دەوڵەتێک کە ئەوانیش بخاتە نێو سنوورەکانییەوە.
دووەم، هەر فۆرمێکی دیمۆکراسیی پێویستیی بە متمانە هەیە. دانی ڤیتۆ بەکەمایەتییەکان، داهێنانی فۆرمگەلێکی ئاڵۆز، لە پشکنین و باڵانسراگرتندا {زەوابت وە تەوازنات- complex forms of checks and balances. هاوسەنگیی لە دامودەزگاکاندا}، هەموو ئەمانە دەتوانن ئەو هەلانە کەمبکەنەوە کە زۆرینە بتوانێ کەمینە بچەوسێنێتەوە، بەڵام سەرئەنجام بەپێی ویستی زۆرینە هەندێ بریار دەبێ بدرێ، ئەگەر نا دەوڵەت ناتوانێ کاری خۆی رایی بکات. لەم دۆخانەدا، دەبێ کەمینە بروا بەوە بهێنێ کە زۆرینە دەسەلاتەکەی، خراپ بەکار ناهێنێ. مێژووی عێراقی مۆدێرن ئاماژە بەوە دەکات، کە متمانە لەنێوان گرووپە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا کەموکورت بووە. لەئەنجامی نەبوونی هیچ هەستێکی گەشەکردوو بۆ ئایدێنتیتیی نیشتمانیی و کۆدەنگییەکی

سەرەکیی بۆ یاساییبوونی دەوڵـەتی عێـراق و متمانـەی هاوبەشـی کەڵەکەبوو. هەروەها نـەبوونی لێکتێگەیشتن. لەراسـتییدا زۆر قورسـە بـۆ رۆنانی دەوڵەتێکی لیبراڵ و دیمۆکراسیی لە عێراقێکی بەم شێوەیەدا.

ئۆڵتێرنەتیڤەکان

ئۆڵتێرنەتیڤی راستەقینە و ئارەزوومەندانە بۆ عێراقییەکان ئەوەیـە. خۆیـان چـارەنووس و پاشـەڕۆژی خۆیـان دەستنیشـان بکـەن. لـە هەنووکـەدا. مەبەستی بەرچاو و راگەیەندراوی ولاتە یەکگرتووەکان کە سەرلەبەر خراپ نییـە ئەوەیـە" لـە عێراقییـەکان بگـەڕێن. بـا خۆیـان بڕیـار لەسـەر سەرکردەکانیان بدەن". وەلێ لە راستییدا. واتای چییە. عێراقییەکان هـەلیان بـۆ بژەخسـێ بـۆ دیارییکردنی نوێنـەرەکانیان. لـەناو چوارچێوەیـەکی قەتیسی confine سیاسیی و ئابووریی لەدەرەوە سەپێنراو بەسەریاندا .

ئەگەر بەڕاست مەبەست لە مافی چارەنووسە. کەواتە خاڵی سـەرەتایی بـەم پرسیارە بنەڕەتییە دەست پێدەکات. ئایا خەڵکی عێراق. دەیانەوێ دەوڵەتی عێراق بەم پێکهاتەیەی ئێستایەوە درێژە بکێشێت؟ بـەبێ پابەنـدبوونێکی بنەڕەتیی سـۆزدارانە emotional بـۆ پاراسـتنی یەکپارچـەیی دەوڵـەت. دیمۆکراسی رەگ داناکوتێ. ئەگەر هەروەک دیارە. کوردەکـان بڕیاریانـدا بەشوێن خولیا مێژووییەکانیانەوە بن. دوای دەوڵەتی سـەربەخۆی کـوردیی بکـەون. لـەم ساتەشـدا ئـەم پێشـڤەچوونە دەبـێ لەلایـەن کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییەوە قبووڵ بکرێ و رێزی بگیردرێ. بەگشتیی. ئەمەش شـتێک نییە جگە لە بەدیهێنانی ئەو بەڵێنەی ساڵی 1920 بەکوردەکان درا.

هەندێ دەوڵەتی ناوچەکە. بەدیارییکراوییش تورکیاو ئێـران. وای دادەنـێن دامەزرانـدنی کوردسـتانی سـەربەخۆ تێکـدانی ئـارامیی ناوچەکەیـە. ئارگومێنتی فرەبەهێز و پێچەوانەش دەکرێ زۆر بەوردیی گەشەی پێبدرێ. نەبوونی دەوڵەتی کوردیی. وا لەکوردەکان دەکات بەهەمیشەیی هێزێک بـن

بـــۆ ناهاوســـەنگیی لـــە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا. بـەلابردنی کوردەکـان لـە دەوڵەتی عێراق، ژمارەی شیعەکان بالادەستتر دەکـات بەسـەر سـوننەکاندا لەو بەشەی دەمێنێتەوە. شیمانە هەڵدەگرێ ئایدینتیتیی عەرەبیی، جیاوازییە مەزهەبییەکان ببـەزێنێ و ئـەو بەشـەی عێـراق بەیـەککگرتوویی بمێنێتـەوە. هـــەروەها هەڵـــدەگرێ جیاوازییـــە مەزهەبییـــە لەمێژینـــەکان زاڵبـــبن ، بەمشێوەیەش، دابەشبوونی زێدەتری عێراق، بۆ ناوچەی سوننیی و شیعیی لێدەکەوێتەوە.

لێــرەوە ئەگــەر خــەڵکی عێــراق بەڕاســتیی مــافی ئــەوەیان بــدرێتێ بــۆ دارشتنەوەی پاشەڕۆژی خۆیان، بۆی هەیە بەرهەمی ئەم عێراقی هاوچەرخە دەرکــەوتنی ســێ قــەوارەی لێکجیــاواز بێــت. هەریەکــەیان، کــەم تــازۆر یــەکانگیر{ هۆمۆجینییــەس} homogeneouss بــن. هــەروەها هــەر کامەیان بگریت گونجاوترە-بۆ گوزەران وەک دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ. تـا بەم دەوڵەتەی ئێستای عێراق دەگات[15] . بێگومـان زۆرکـەس پێیانوایـە کـە لابردنی رژێمی سەدام لەدەسەلات، لەکۆتاییدا هەر هەڵوەشاندنەوەی عێـراق دەبێت. جیاوازیی گرنگ لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەمانە روودەدەن، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی رێکخراو و بەدوای یەکدا. یان لەرێگەی خوێنرشتن و شـەڕی نێوخۆوە. رێگەچارەی "دابەشـبوونی پلانـدانراو" دەبـێ زۆر بـە وردیـی- بیری-لێبکرێتەوە_contemplated. بەدڵنیاییشەوە بـە بـێ سەریەشـەو گرفت نابن.[16] وەک بەدیار دەکەوێ، چارەسەرێکی" ئایدیال" نییە بۆ ئـەو گرفتانەی دوای سەدام بەدەردەکـەون. بـەلام نـابێ وابێـت، بـەڵکوو دەبـێ چارەسەرێکی زیندوو بۆ پێڕۆکردن هـەبێت. تـا بـە ئۆلتێرنـەتیڤی ئێسـتا دەگـات. ئەمــەش بابــەتی ئــەم باســەیە و ئــەم کتێبــە لــە بەشــەکانیدا بــە شوێنییەوە دەبێت.

بەندی یەک

عێراق 1920-1958
پادشایەتیی هاشمیی

پێشەکیی

شەڕی نەگریسی ناشیرینکردنی سەدام حوسێن بەدرێژایی دەیەی ڕابردوو یان زیاتر، تاموبۆیەکی شەخسیی قوڵی دا بە ململانێکە لەگەڵ عێراقدا. شەڕ لەگەڵ عێراقدا بۆ دەربازکردنی جیهان لە زۆردارێکی نەگریس و رزگارکردنی خەڵکی عێراقیش لە جلەوی دیکتاتۆرێکی بکوژ. پەلامارێکی مۆراڵیی بوو. بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئیدارە یەک لەدوای یەکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان یەدەکێکی لەبن نەهاتوویان هەبوو لە هاوواتاکانی وشەی"نەگریس" بۆ ساغکردنەوەیان بەسەر سەرۆکی عێراقدا، ئەو ڕاستییە ناگۆڕێ، لابردنی ئەو بۆی هەیە گرفت لە چارەسەر زۆرتر بەرهەم بهێنێ.

بەدانانی ڕژێمی سەدام لەرەوشی مێژووییدا، پێدەچێ کەمتر سەرپێچیی بێ و زۆرتر کەڵەکەبوونێکی لۆژیکانەی ئەو نەخۆشییانە بێت کە توند بە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی 1921 ەوە بەستراونەتەوە. عێراق بەپێی پێوەرە ستراتیژییەکانی هێزەگەورەکان پێکەوەنرا (بەتایبەت بریتانیا)، نەک بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی کارا(functional) و خۆژێن self sustain و یەکگرتوو. حوکمکردنی ئەم بەرهەمە شەپریوەی Fractio وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئەندازیاریی جیۆپۆلیتیکی بریتانیا هەر لە کۆنەوە پێگیری بە کارامەیی بەکارهێنانی پەرش و بڵاویی عەشیرەتیی و ئیسنیکیی و مەزهەبییەکان بووە(تەکنیکێکی کلاسیکیی بۆ

زاڵبـــــــــــــــوونی کۆلۆنیالیستەکان"پەرت بکەو زاڵ ببە") بـوو. ناوبـەناویش ئـەم زاڵبوونـە بەبـەکارهێنانی توندوتیژییـەکی بێئـەژمار پاڵپشتیی دەکرا . لابانی رژێمـی سـەدام هـیچ لەمانـەی نـەگۆڕی، بـەڵکوو لۆخی بەرهەم هاتوو بەسادەیی ناوای پیادەکردنی تونـدوتیژیی دەکـردەوە لەلایەن کەسێکی ترەوە، دەکرێ ئەوکەسە وڵاتە یەککگرتووەکان یش بێت.

پەیدابوونی عێراق

لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییدا WWI، کاتێ ئیمپراتۆریای لـەخۆبایی عوسـمانیی هەرەسـی هێنـا[17] و شـەرکەرانی هاوپـەیمانانی سـەرکەوتوو، بەتایبەت فەرانس و بریتانیای مـەزن کـۆنترۆڵی زۆر پارچـەی ناوچـەکانی ئیمپراتۆریـای پێشـوویان کـرد لـە رۆژهـەلاتی ناڤینـدا. بەشبەشـکردنی Carving up کۆلۆنیالیانەی وڵاتـی عوسـمانییەکان، پـێش تـەواوبوونی شـەڕ، دەسـتی پێکردبـوو. لـە جـەنیوەریی 1916دا ئەنـدامی پارلـەمانی بریتانیـا و شـارەزا لـە رۆژهـەلاتی نـاڤین، بـەڕێز Mark Sykes و نوێنـەری دەوڵـەتی فـەرانس François Georges Picot بـۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ لە داهاتوودا لە لەندەن پێکگەیشتن. لـە ئـــەنجامی رێکەوتنامـــەی ســـایکس پیکـــۆوە{Sykes- Picot} کۆنترۆڵکردنی لوبنان و سوریا بـەر فـەرانس کـەوت، لەکاتێکـدا بریتانیـا کۆنترۆڵی هەر دوو هـەرێمی پێشـووی عوسـمانییەکان، بەسـرەو بەغـدادی بەرکـەوت. رێکەوتنەکـە بـۆ دووسـاڵ بـەنهێنیی پـارێزرا، بەشـێوەیەکی سەرەکیی لە ترسی پەرچەکرداری رای گشتیی عەرەب بوو، کە لـەو کاتـەدا بـــۆ یەکلاییکردنـــەوەی هێـــزی ســـەربازیی دژی عوســـمانییەکان گرنـــگ بوو[18] . دامەزراندنی گۆڕەپـانی خـاوەن نفـوز influence بەشـێوەیەکی شاراوە covert و جێگەی پەژراندنی هەردوولا لـە رۆژهـەلاتی نـاڤین دا، بارێکی یاسایی وەرگرت، لە کاتێکدا ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی نەتەوەکان لە San Remo ساڵی 1920 کۆبووەوە،

برگەی 22 لە بەندی دامەزراندنی کۆمەڵـەداLeague's (پەیماننامەکـە-the Covenant) دەستنیشـانی سیسـتەمی مانـدەیتی Mandate { لێرەدا بەمانای ئینتیداب نایات، بە عەرەبیی حیمایـە یـان ویسـایەی پـێ دەڵێن، کە پێمانوایە زۆر هەڵەیە، بەهەر حاڵ من پێمان باشە ئـەو وشـانەی

به کوردیی سەختە وشەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. وشە ئینگلیزییەکە وەک خۆی بنووسرێتەوە. باشترە} کردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ" ئەو کۆڵۆنیی و ناوچانەی لە بەرئەنجامی دوایین شەڕەوە دەستیان بەسەرداگیرا و پێشتر لەژێر دەسەلاتی ئەو دەوڵەتانەدا بوونە کە بەفەرمیی حوکمڕانییان دەکردن و بەو خەڵکانە نیشتەجێن کە هێشتا ناتوانن. لەژێر هەلومەرجی سەختی strenuous جیهانی مۆدێرندا لەسەر قاچی خۆیان رابوەستن".

ئەم "چاودێریی tutelage "{ دەکرێ ویسایەی عەرەبییش دابنرێ} ەی هەندێ یەکەی سیاسیی دەبوو بخرایەتە سەر ماندەیتی " دەوڵەتە پێشکەوتووەکان" کە ئامادەباشیی بۆ خۆبەڕێوەبردنیان دەکەن. بە شێوەیەکی ئایدیالیی(یان بە لووتبەرزییەوەpatronizing) مەبەست لە سیستەمی ماندەیت لە پراکتیکدا کەمترە لەوەی کە زامنی بالادەستیی کۆلۆنیالیی بەسەر دەوڵەتێکی تێکشکاودا بکات. بالادەستیی ئەنگلۆ- فرانسیی بەسەر کۆمەڵەی نەتەوەکاندا زامنی دابەشکردنی گونجاوی دەستکەوتەکانی شەڕی کردبوو. فرانسییەکان ماندەیتی لوبنان و سوریایان درایەو بریتانیاش واژۆی ئەو چاودێرییکردنەی کرد بەسەر ئەو بەشەی بە شێوەیەکی فەرمیی لە 1921 دا بە عێراق ناسرا.

بریتانیا بۆ سەرپەرشتیی دەستکەوتە نوێکانی، پێویستی بە سەرکردەیەکی گوێ لە مست pliant و و سیستەمێکی حوکمڕانیی گونجاو هەبوو. بۆ باشتر زامنکردن و پاوانکردن. بێ ئەوەی لە رووی ئابوورییەوە شتێکی ئەوتۆی تێ بچێ. بەمشێوەیە دەسەلاتدارییەتی بریتانیا رووی کردە ئەمیر فەیسەڵی هاشمییەکان، کە لە شۆڕشی عەرەبەکاندا دژی عوسمانییەکان، جەنگاوەرێکی عەرەب بوو. فەیسەڵ لای کەم سێ خالی بەهێزی تێدا هەبوو: بەشداریی چالاکانە لە شۆڕشی عەرەبییدا. دابینکردنی جێگەورێگەیەکی سروشتیی لەجیهانی عەرەبدا؛ بەشێوەیەکی گشتیی پێوەندییەکی باشی بەبریتانییەکانەوە هەبوو: هەروەها لە 1920 بەدواشەوە. لەبەردەستدا بوو. پاش ئەوەی بەشێوەیەکی نەشیاو لەلایەن فرانسییەکانەوە لە شانشینی لەبارچووی سوریا دەرکرا[19].

بەرپاکردنی یەکەمین هەڵمەتی دیمۆکراسیی ساختە لە عێراقدا لەسەردەمی سەدام حوسێندا نەبووە. بەڵکوو لەساڵی 1921دا بریتانییەکان بەناو

ریفەرێنـــــدەمێکیان بـــۆ سەپاندنی رەوایی دەسەلاتی فەیســەڵ سازدا. ئەنجامی دەنگدانەکە کە بەعەقڵدا نەدەچوو. ئامـاژەی بـە رێژەیـەکی بـەرز دەکـرێو بــە 96% قـەبڵێنرا. پەســەندی وەرگرتنــی عەرشـی دەســەلاتیان لەلایەن فەیسەڵەوە زامنکرد. بەمشێوەیە. لە ئابی 1921 دا. ئـەو پیـاوەی لەژیانیدا بە سەردانیش رێی نەکەوتبووە عێراقـەوە بـە یەکـەمین سـەرۆکی نەتـــەوەی عێــراق دامــەزرێنرا. لــە ئاهــەنگێکی ســوریالیی بێوێنــەدا بــۆ وەرگرتنی پلەوپایەکەی. ئـالای نـوێی عێـراق بەشـانازییەوە بەرزکرایـەوە. بەلام لەبـەر نـەبوونی سـروودی نیشـتمانیی. تیپـی مۆسـیقای سـەربازیی. سروودی" خودا پاشا بپارێزێ"یان ژەنیی. ئەمـەش ئاماژەیـەکی گونجـاو بوو کە کێ بەراستیی دەسەلاتی لەدەستدایە. لە دەوڵەتی تـازە دروسـتبووی عێراقدا[20].

لکاندنی کوردەکان

هێشتا بەتەواویی پێکهاتەو سنووری ناوچەیی دەوڵـەتی نـوێ دەستنیشـان نەکرابوو. هیچ کێشـەیەک لەسـەر ئـەوە نـەبوو کـە بەسـرەو بەغـداد. دوو هەرێمی دەوڵەتی ساوای عێراقن. بەلام بەشی باکووری ئەم وڵاتـە لـە سـێ هەرێمەکـەی عوسـمانییەکان- ـموسـڵـ- هەنـدێ نیگـەرانیی گرنگـی سـتراتیژیی ورووژانـد[21]. بەتایبـەتیی ئـەو هەڵسـەنگاندنە بەراییانـەی بریتانیا. ئاماژەیان بە بوونی نەوتی یەدەک بەقەبارەیـەکـی زۆر لەموسـڵدا دەکرد. بەدڵنیاییەوە فاکتەرو هەنگاوی سەرەکیی لەپشت بڕیاری بریتانیاوە بۆ ئەوەی موسڵ بە دەوڵەتی نوێی عێراقـەوە بلکێـنن. دەستڕاگەیشـتن بـە نـەوتی یـەدەک بـوو. بڕیارێـک کـە دەرئەنجامگـەلێکی تراژیدییانـەی لێکەوتەوە بەخاتری یەکپارچەیی عێراق لە دەیەکانی داهاتوودا.
گرفتەکە زۆر سـادە بـوو. بەپێچەوانـەی بەسـرەو بەغـدادەوە کـە لـەرووی ئێسـنیکییەوە عـەرەب بـوون(سـەرەڕای دابەشـبوونی مەزهـەبیی شـیعەو سـوننە). هـەرێمی موسـڵ ئێسـنیکی کـوردی تێـدابوو. لـە پـاش جـەنگی جیهانیی یەکەم. گریمانەی ئـەوە هـەبوو کـە کوردەکـان. وەک ئێسـنیکێکی گـەورە لـە رۆژهـەلاتی ناڤینـدا. بـەخاوەنی دەوڵـەتی خۆیـان دەبـن. ئـەو پەیماننامەیەی ئەمەی پشتڕاست دەکـردەوە. پەیماننامـەی سـیڤەر بـوو. لـە ئۆگەستی1920 دا لەنێوان ئیمپراتۆریای شکستخواردووی عوسـمانییەکان

و هاوپـــــــــــەیمانانی ســـەرکەوتوودا، دەوڵـــەتی کـــوردیی ڕەنگڕێـــژ کرابوو. ئەو دەوڵەتـــە. کوردەکـــانی تورکیـــای ئێســـتاو ئەوانـــەی بـــاکووری عێراقـــی پێکـــەوە دەنووســـان. بەرهـــەمی ئـــەم قەوارەیـــە کـــە کوردســـتانی سەربەخۆ دەردەچوو. ڕێگەی پێدەدرا بچێتـــە نێـــو کۆمەڵـــەی نەتەوەکانـــەوە پاش ساڵێک لە ئیمزاکردنی پەیماننامەکە.

بەداخەوە، بوونی خەونی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان، بـــەهۆی هەلومـــەرجی جیۆپۆلیتیکەوە هەر زوو لەبارچوو. سەرکەوتنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستیی لەتورکیا بەسەرکردایەتی کەمال ئەتاتۆرک، بـــاڵی کێشـــا بەســـەر تورکیـــادا، پاش ڕامـــاڵینی پاشـــماوەی عوســـمانییەکان، دووبـــارە کـــۆنترۆڵی تورکیـــای بەســـەر ناوچـــەکانی باشـــووری ڕۆژهـــەڵاتی تورکیـــادا ســـەپاندەوە. دواتـــر ئـــەتاتۆرک داوای موســـڵی وەک بەشـــێکی تورکیـــا دەکـــرد، پاڵپشـــتی ئـــەم داوایەشی بـــە دەستبەســـەرداگرتنی موســـڵ دەکـــرد. لـــە ترســـی لەدەســـتدانی هەرێمی موسڵی دەوڵەمەند بەنەوت، بریتانییـــەکان. ســـەرکەوتووانە پێشـــیان بە پێشڕەوییەکانی تورکیا گرت، تورکەکانیان گێڕایەوە بـــۆ ئـــەو شـــوێنەی دواتر بە سنووری دەوڵەتی عێراق و تورکیـــا ناســـرا. لـــە ســـاڵی 1925 دا کۆمەڵەی نەتەوەکان بەفەرمیی دانـــی نـــا بەیاســـاییبوونی ئـــەم ســـنوورەدا. بەمشێوەیەش، موسڵ (لەگەڵ بەغـــداد و بەســـرەدا) بەبەشـــێک لـــە دەوڵـــەتی مۆدێرنی عێراق ئەژمارد کرا.

ئەم بڕیارە سەرجەم نەتەوەی کـــوردی لـــەنێوان تورکیـــا، ئێـــران و ســـوریاو عێراقدا دابەشکرد. لەم ئاقارەشەوە، هیوای دەوڵـــەتی ســـەربەخۆی کـــوردیی وەک ئاردی ناو دڕکی لێهات. نەتەوەی کورد کە نەبوو بە خاوەنی دەوڵەتی ســـەربەخۆ، لەبەرئـــەوەی بەشـــێوەیەکی ســـەرەکیی، کوردســـتانی ســـەربەخۆ، جێگەی بایەخپێدانی ستراتیژیی هێزە گەورەکان نەبوو.

بەڕێوەبردنی دەوڵەتە نوێیەکە

گفتوگـــۆکردن لەســـەر پەیماننامـــەی ئـــەنگلۆ_عێـــراق بـــۆ دیـــاریکردنی پێوەندییەکانی نێوان بریتانیاو عێراق لەســـەردەمی مانـــدەیت و لـــە کۆتـــایی 1921دا دەســـتپێکرد و لەلایـــەن پارلـــەمانی عێراقیشـــەوە(ئەنجومـــەنی دامەزراندن) لەساڵی 1924 دا پەسەند کرا. لەهەمان کاتیشدا دەســـتوور و یاسای هەڵبژاردنی نوێ دانـــران و پەســـەندکران. لای کـــەم لەســـەر کاغـــەز،

سیستەمی سیاسیی هەموو رەنگورِوویەکی دیمۆکراسیی لەخۆگرتبوو. یاسای هەڵبژاردن دوو قۆناغی لە هەڵبژاردنی پارلەماندا جێکەوت کرد. هەموو نێرینەیەکی باجدەر لەسەروو 21 ساڵییەوە بۆی هەبوو بۆ دەنگدانی ناوەندیی دەنگ بدات. لەیەکێک لە سێ بەشەکەی ناوچەکانی دەنگدان کەعێراقی بەسەردا دابەشکرابوو. دەنگدەرانی ناوەندییش نوێنەرانی پارلەمانیان هەڵدەبژارد. پاشاش دەسەڵاتی دامەزراندنی بە نوێنەرانی کابینە. بۆجێبەجێکردنی هەموو یاساکان. هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان و بانگهێشتی هەڵبژاردنی گشتیی دەدا.
شتێکی زۆر گرنگ لەروانگەی بریتانییەکانەوە. پاشا بۆی هەبوو بەتەواویی پارلەمان پشتگوێ بخات و بریاری جێبەجێکردن لەسەر پابەندبوونەکان بە پشتنەستووری پەیماننامەکە بدات. دەسەڵاتی بریتانییەکان رۆڵی گەورەی هەبوو لەپشت پەردەوە لە سیستەمی سیاسییدا." راوێژکاران" دەستنیشان دەکران بۆ زۆربەی نێوەندەکانی دەوڵەت بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لەناو سیستەمەکەدا لەبەرچاو بگیرێن. لەتەنگژەشدا بریتانییەکان بازووی هێزیان دەردەخست بۆ گەرەنتیی ئاسایش لە نێو دەوڵەتی تازە پەیدابوودا. ئەمەش لەلایەن سوپای خۆماڵیی ئاشوورییەکانەوە کە پتر لە 5000 بوون لەگەڵ هێزی ئاسمانیی پاشایی (RAF) جێبەجێ دەکرا[22]. کۆنترۆڵی ئابوورییش زامن کرابوو. چونکە لەسەر عێراق بوو نیوەی خەرجییەکانی ماندەیت بدات. ئەمەش لەرێگەی دەستبەسەرداگرتنی پیشەسازیی نەوتی عێراقەوە.
رووخساری دیمۆکراتیی نەیتوانی تەواو دەمامک بخاتە سەر کۆلۆنیالیی بریتانییەکان و پاشا فەیسەڵیش جێگەورێگەیەکی وای هەبوو. کەس ئێرەیی پێ نەدەبرد. لەهەموو دەسەڵاتێک داماڵرابوو. ئەرکی سەرەکیی پاشا تەنها وەک سیمبۆڵێک بۆ یەکپارچەیی عێراق بوو. بەلام لێوەشاوەیی ئەو لە داهێنکردنی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی یەکانگیر لە کۆمەڵگەیەکی تەواو پەرتەوازەو پارچەپارچەدا. سەلماندی لە شارەزایەکی سیاسیی بەولاوترە و بەهەموو پێوانەکانیش فەیسەڵێکی خاوەن توانا بوو.
ئەو دوو هێزەی فەیسەڵ بۆ یەکێتیی گەلەکەی توانی بەکاریان بهێنێ. بوونی هەستی ئەنتی_بریتانیاییەکی رەگورِیشە داکوتراو لەناو خەڵکدا

لەگـــــەڵ هەســـــــتێکی گەشەکردوو بە ناسیۆنالیزمی عـەرەبیی بـوو- کـە هـەردووکیان پێچەوانـەی ئـەو دیفاکتۆیـە بـوون. کـە فەیسـەڵ بووکەشووشەی{ داردەستی} بریتانییەکان بێت. فەیسەڵ کـەوتبووە نێـوان ئاواتەکانی خەڵکی عێراقەوە بۆ رزگاربوون لە دەست بریتانییەکان لەلایەک و ئـەو راسـتییە رەق و زەقـەی دەسـەڵاتی بریتانیـاش لەلایـەکی تـرەوە. لەکۆتاییدا شکستی ئەو لە دابینکردنـی زەمینـەو دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی بەهێز و ئارام و یەکگرتوو دەبـێ بخرێتـە کۆنتێکسـتێکی شـیاوەوە. بـەم پێودانگە فەیسەڵ لەتەواوکردنی ئەرکێکی ئەستەمدا شکستی هێنا.
ئەم شکستەش لەلایەن خودی پادشاوە لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا دانـی پێدا نرا . بەماوەیەکی کەم بەر لەمەرگی لەساڵی 1933دا. فەیسەڵ هەنـدێ شـیکردنەوەی هەسـتیارو پێشـهاتی دا بەدەسـتەوە لەسـەر ئـەو گرفتانـەی رووبەڕووی میراتی شەپرێوی دەبنەوە.
لەعێراقدا..... تا ئێستا شتێک نییـە گـەلی عێراقـی پـێ بگـوترێ. بـەڵکوو چەند کۆمەڵە خەڵکێکن لە ئەندێشەدا هەن. لەهەموو ئایدیالێکی نیشـتمانیی داشۆراون..... هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نییە. شـەڕانیین. حـەزیان بـە ئانارشیبوونە. هەمیشەش ئامادەن بۆ رابوون دژی هـەر دەسـەڵاتێک. جـا هەرچییەک بێت. لەناو ئەم مێگەلەدا. دەمانەوێت گەلێک دروست بکـەین بـە پرۆڤەکردن و بژارکردن و پەروەردەکردن.............. لەهەلومەرجێکی وا دژواردا. بەئەندێشەش ناکرێ قەبارەو گەورەیی ئـەو هەوڵانـەی پێویسـتن. لەبەرچاو بگیردرێن[23].
ساڵێک پێش مردنی فەیسەڵ. عێراق سەربەخۆیی فـەرمیی بەدەسـت هێنـاو بە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەرگیـرا. بـەڵام عێـراق هێشـتا قـەرزاری کۆمەڵێ وابەستەیی بوو بە بریتانییەکان لە ئـەنجامی پێداچوونـەوەی ئـەو ڤێرژنـەی بـە پـەیمانی ئـەنگلۆ-عێـراق لەسـاڵی 1930 ناسـرابوو. لـە بەندەکانیـدا. راوێژکـارە بریتانییـەکان کـە پێشـتر لـەعێراق بوونـە(لـە 1931دا ئەمانـە ژمارەیـان نزیکـەی 260 کـەس دەبـوون) دەبووایـە بمێننەوە. بریتانیا مافی هەبوو دوو بنکەی ئاسمانیی لەعێراقدا بەکار بهێنێ و لەنزیکیشەوە هەردوو وڵات راوێژ لەسەر سیاسەتی دەرەوە. هەروەها بـۆ دەستەبەرکردنی کۆمەکی هاوبەش لە کاتی جەنگدا بکەن[24].

لـه کاتێکـدا پەیماننامەکـە بەشـێوەیەکی کـارا. گـەرەنتیی سـەربەخۆیی عێراقی دەکـرد. بـەڵام شـتێکی کـەمی بـۆ هێورکردنـەوەی هەسـتی ئـەنتی بریتانیایی لە عێراقدا کرد. تەنانەت هـەر هیچـی نـەکرد چونکـە رەچـاوی درێژکردنەوەی دەوری بریتانیای لەداهاتوویـەکی بـەرچاودا(پەیماننامەکـە ماوەکەی 25 ساڵ بوو) دەکرد.

پووکانەوەی دەسەڵاتی سیستەمی پادشایەتیی

دوای مەرگی فەیسەڵ لە ساڵی 1933دا، غازی کوڕی، جێگەی گرتەوە. ئەو کارامەییەی باوکی هەیبوو، ئەم نەیبوو. خۆشحاڵ بوو بە جـەماوەرییبوونی لەناو خەڵکدا، بەهۆی ئەو کەمە بێزاریی و رقەی لـە بریتانییـەکان هـەیبوو، رۆڵێکـی باشـی وازیـی کـرد لـەنێو سیاسـەتمەدارە پانعەرەبیسـت و عێراقییەکاندا[25]. پڕبوونی بریتانییەکان تا دەهات لە غازی زۆرتـر دەبـوو، غـازی ئایـدیای پانعـەرەبیی و هەسـتی ئـەنتی بریتانیـایی لەسەرتاسـەری رۆژهەڵاتی ناڤیندا بڵاودەکردەوە. بۆ ئاسانکاریی ئەم پرۆسەیە، غـازی تـا ئەو جێگەیـە رۆیشـت، بیـر لـە دامەزرانـدنی رادیۆیـەکی تایبـەت بـەخۆی بکاتەوە، لە کۆشکی *ئـەلزهوری* پادشـایی، کـە رۆژانـە پڕوپاگەنـدەی تێـدا پەخش دەکرا[26]. غـازی حەزینـەدەکـرد رۆڵـی پادشـایەکی ملکـەچ ببینێت. ئەمەش وایکرد شانوشەوکەتی باشتر دەربکەوێ لەناو هاوڵاتییانی ئاسایی عەرەبدا، بەڵام نیگەرانیی بۆ ئەو باڵانسە سیاسییە لەرزۆکە پەیداکرد کە لە سەردەمی باوکیدا چێکرابوو.

بەهۆی نەمانی کاریگەریی ئەو سەقامگیرییەی سەردەمی فەیسـەڵی پێشـوو، ئەو هەڵچنینە سیاسییەی لەسەر عێـراق کرابـوو، بـە خێراییـەکی ترسـناک دەسـتی بـە هەڵوەشـاندنەوە کـرد. لـە 1936 ەوە تـا 1941 چەنـدین کوودەتای سـەربازیی بـەرپاکران کـە ئاڵوگۆڕیـان لەدەسـەڵات و دەرەوەی چوارچێوەی دەستوردا دابینکـرد. یەکـەمینی ئـەم کوودەتایانـە، پێـدەچوو غازی لەپشتییەوە بێـت. بـەڵام ژەنـەراڵ بـەکرد سـدقیی و سـوپای عێـراق جێبەجێیان کرد، ئەمەش لەمێژووی عێراقدا خـاڵێکی وەرچـەرخانی گرنـگ بوو، لابردنی سەرۆک وەزیران، یاسین ئەلهاشمیی و سـەرجەم کابینەکـەی بەزەبروزەنگ، بەروونیی ئاماژەی بە رۆڵی یەکلاکەرەوەی هێزی سەربازیی لـە سـەر سیاسـەت دەدا. کوودەتـای 1936 هاوکـات ئامـاژەش بـوو

بەسەرەتایەک کە کۆتـایی بـە سیسـتەمی دەسـتووریی لەعێراقـدا هێنـا. وێڕای خاڵـە لاوازەکـانی پاشـا فەیسـەڵ. بـەپێی بنـەما دەسـتوورییەکان. هەڵبژاردنی نوێ کرایەوەو سەرۆک وەزیران و کابینـەی نـوێ دەسـتبەکار بـــوون. لـــە دوای 1936ەوە ئـــاڵۆگۆڕی دەســـەڵات بەتونـــدوتیژیی و لەدەرەوەی دەستوور وەک ڕێسـای لێهـاتبوو. نیشـانەکانی غلۆربوونـەوەی عێـراق بـەرەو پەشـێویی سیاسـیی بـە تیرۆرکردنـی ژەنـەراڵ سـدقیی لـە 1937 دا (لەلایـــەن گرووپێـــک لەئەفســـەرانی بێـــزارەوە) دەســـتیپێکردو. بـــەدوای ئـــەم ڕووداوانەشـــدا مـــەرگی لـــەپڕی غـــازی لـــە هەلومـــەرجێکی گومانلێکراودا (1939). کوودەتایـەکی سـەربازیی تـر لەلایـەن ئەفسـەرانی سوپای عێراقەوە(1941). خۆتێهەڵقورتانـدنێکی تـری سـەربازیی لەلایـەن سـوپای برتیانیـاوە (ئایـاری1941). بـەڕێوەبردنی پلانێکـی دڕندانـە دەرهەق بە جوولەکەکان (جونی 1941). کە 150 جوولەکـە بەبـەرچاوی هێزە داگیرکارەکانی بریتنیاوە ڕەشەکوژییکران. دریژەی هەبوو.
لـەنێو ئـەم ڕووداوانـەدا. گرنگترینیـان مـەرگی غـازی بـوو. ڤێرژنـی بریتانییـەکان ئـەوەبوو کـە غـازی دەسـتبەجێ مـردووە(بەسەرخۆشـیی و لـەخۆچوون). کاتێـک ئۆتۆمبیلەکـەی بەخێراییـەکی تیـژ بـەر سـتوونێکی تەلەفۆن کەوتووە. زۆرکەس بڕوایان بەم چیرۆکە فەرمییەی بریتانیا نەکرد. بەڵکوو غازی لەهەموو ئەگەرەکاندا بەپلانی بریتانییەکان تێرۆرکرابوو[27].
دەرخستنی ڕاستیی. لە دەڵێن و گوتیان کـەمتر جێگـەی بایەخـە. زۆربـەی عێراقییـەکانیش لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە غـازی قوربانییـە و بەئەنقەسـت کـوژراوە. بـەگوێرەی یـەکێک لـەچاودێرەکان گرنگیـی مـەرگی غـازی بەمشێوەیە بوو
ئەوە سەلمێنرا کە بریتانییەکان. جگە لە پادشای"خۆیان" یـان "نوێنـەریان" هەرگیز شتێکی تـر ناپـەژرێنن . خـەڵکی عێـراقیش پێچەوانـەی ئەمـەیان دەویست. پاشـایەک نـەک هـەر سـیمبۆڵ بێـت. بـەڵکوو بـۆ یـەکێتیی و یەکپارچەیی وڵاتەکەیان قسەی دڵی ئـەوان بکـات. پاشـایەکیان دەویسـت جیاوازییەکانیان لێک نزیک بکاتەوە. سـاڕێژی برینـە کۆمەڵایەتییـەکانیان بکات و سەرنجی هەموو عەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕاکێش بکات[28].
هەرچەنـدە ڕژێمـی پاشـایەتی 18 سـاڵی تـریش تەمـەنی درێژبـووەوە. لەسەرەتاوە بـەدانانی(عەبـدوئیللاە خـاڵی غـازی لـە 1939 تـا 1953).

دواتریش ماوەیەکی کەم لە حوکمی کوڕە تاقانەکەی غازی، فەیسەڵی دووەم لە 1953 تا 1958 فەرمانڕەواییانکرد. پاش ئەوەی گومانی دەستی بریتانیا لە کوشتنی غازیدا ئاشکرابوو، دەسەڵاتی هاشمییەکان لەعێراقدا بەرەو ئاوابوون دەچوو. عەبدوئیللاه پایەی کۆمەڵایەتیی زۆرکەم بوو. بەجۆرێک ئەم بێزراوییە لەناوخەڵکدا تەواو بەدەرکەوتبوو. کاتێک لە 1958دا بەچارەنووسی رەشی خۆی گەیشت.

کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی سوپا(ناسرابوون بە"ئەفسەرانی ئازادییخواز"). لە رێگەی کوودەتایەکی سەربازییەوە، زۆربەی بنەماڵەی فەرمانڕەوایان رامالی. هەرچەندە لاشەی بێگیانی فەیسەڵی دووەم بۆ بەخاکسپاردن بۆشوێنێکی نەزانراو راگوێزرا. بەڵام لاشەی عەبدولئیللاه خرایە بەردەم خەڵک، پاش ئەوەی بەشەقامەکاندا راکێشرابوو، ئەندامەکانی لەشیان کەرتوپەرت کردبوو، پاشماوەی لاشەکەیشی لەشوێنێکی گشتییدا بۆ بینین لەدەرەوەی وەزارەتی بەرگریی لەبەغداد بۆ دوو رۆژ هەڵواسرا.

چارەنووسی حوکمی هاشمییەکان لە عێراقدا رەنگە هەر بەمشێویە خوێناوییە کۆتایی بهاتایە. بنەماڵەی هاشمییەکان داهێنانی دەسەڵاتی بریتانییەکان بوو، یان لای زۆربەی عێراقییەکان بەمشێوەیە لە هاشمییەکانیان روانیوە. لەماوەی 38 ساڵدا دەسەڵاتدارە یەک لەدوای یەکەکانی هاشمییەکان، نەیانتوانی ئەو ناکۆکییە سێنترالییەی لە بۆچوونیاندا بەرجەستە بووبوو چارەسەر بکەن. ئەرکی سەرەکیی رژێمی پادشایەتیی ئەوەبوو، کە ببن بە سمیوڵی یەکێتیی عێراقییەکان، بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنی چین و توێژە جیاوازەکان لە دەوری پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ بنیاتنانی نەتەوە (nation-building) .

بەهەرحاڵ لەکۆتاییدا ناواخنی پەیامە سیاسییەکان بۆ کۆنترۆڵ و چاودێریی جیاوازییە مەزهەبیی و مۆراڵییەکان کرچوکاڵ بوون. زۆرتر بەلای ئەو ئارەزووەدا دەچەرخا کە یەکسانیی لە دابەشکردنی دەسەڵات و دەستکەوتەکاندا بەهەند وەربگرێ، یان برەوی هەندێجۆر لە بیروڕای پانعەرەبیی دژی بریتانییەکان دەربخات. بەڵام بنەماڵەی پادشایی هەرگیز نەیانتوانی ئەم خولیایانە لە مەبەستێکی هاوبەشدا کۆبکەنەوە.. هاشمییەکان چونکە دروستکراوی دەستی بریتانییەکان بوون، سیستەمێکیان بەڕێوەدەبرد، بۆ راگرتنی سیستەمەکە، کەمینەیان لەسەر

حیسابی زۆرینە باڵادەست دەکرد. هەوڵەکانی پاشا غازی، لای کەم لە روانگەی خەڵکەوە بۆ رابوونی هەست و نەستی عەرەب دژی بریتانیا بوو. بریتانییەکان زۆر زوو ئەم هەوڵانەیان کلک وگوێ کرد. مایەی پێکەنینە پاش 38 ساڵ لە حوکمی هاشمییەکان، کە زۆر هەوڵیانداو تێکۆشان بۆ دروستکردنی ئایدێنتیتییەکی گرێدراوی نیشتمانیی. بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی عێراقیی، لە ئۆپۆزیسیۆنبوونی خەڵکدا دژی بنەماڵەی فەرمانڕەوا خۆی دەبینییەوە.

میراتی حوکمی رژێمی پادشایەتیی سەردەستیی سوننەکان

سەرەڕای ئەوەی نزیکەی تەنها هەر 20 لەسەدی خەڵکی عێراق پێک دەهێنن. عەرەبە سوننەکان کۆنترۆڵی شادەمارە ئابووریی و دەسەڵاتە سیاسییەکانیان، بەدرێژایی مێژووی مۆدێرنی عێراق کردبوو. لە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکاندا. سوننەکان ئیدارەی هەرسێ هەرێمی موسڵ و بەسرەو بەغدایان بەڕێوە دەبرد. بریتانییەکان بەئەنقەست دەستکارییەکی ئەوتۆی ئەم ترادیسیۆنە باوەیان نەکرد. باڵادەستیی سونیی نەک هەر لە بنەماڵەی هاشمییدا بەڵکوو لەناو دەستبژێری (ئیلیت)ی سیاسییەکانیشدا بەرنامەرێژ کرابوو. بۆ نموونە، لە نێوان ساڵانی 1921 و 1936 دا، لە 57 پیاو بۆ بەڕێوەبردنی کابینەکانی حکومەت. تەنها 5 کەسیان شیعەو کورد بوونە. لەسەرانسەری دەسەڵاتی بنەماڵەدا(1921-1958) پێنج وەزارەتە بەهێزەکان. بەدانەبڕاویی بەدەست سوننەوە بووە[29]. ئەم باڵادەستییەی سوننە لەئاستی ناوخۆشدا رەنگی دابووەوە. بۆ نموونە لەساڵی 1933 دا، سوننەکان لە 14 هەرێم، حوکمی 13یان دەکرد. هەروەها 43 قائیمقام لەکۆی 47 یان بەدەستەوە بوو[30]. بەگوێرەی

قەبڵانـــدنێک ســـەرکردە سیاسییە گرنگەکانی عێـراق لـەماوەی1920-1958. نزیکەی 60 لەسەدی عەرەبی سوننە بوونە، 25 لەسـەدی شـیعەو 15 لەسەدیشی کورد بوونە[31]. لەهەمان مـاوەدا، سـوننەکـان نزیکـەی 20 لەسەدی خەڵکی عێـراق و شـیعەکان 55-بـۆ 60 لەسـەدو کوردەکـان 20 لەسەدیان پێک هێناوە. بەمشـێوەیە سـوننەکان نـەک هـەر کەڵـەگا بوونـە، بەڵکوو لە ئاست رێژەی جیاوازی ژمارەکانیشدا کەڵەگا بوونە.

هەمان شێواز لەناو هێزە چەکدارەکانیشدا دەبینـرا. لـە کاتێکـدا شـیعەکان بەرێژەیەکی زۆر نوێنەرایەتییان هەبوو لەئاستەکانی خوارەوەدا(بەتایبـەت دوای سەپاندنی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ لەسـاڵانی سـییەکاندا)، بـەڵام ئەفســەرە پایەبــەرزەکان زۆربــەی هــەرەزۆریان لــە ســوننەکان بــوون، باڵادەستیی سوننە بەسـەر سـوپادا، گرنگیـی خـۆی هـەبوو لـەو ماوانـەدا، لەکاتێکدا هێزە چەکدارەکان لە رەوشی سیاسیی عێراقـدا رۆڵـی چـالاک و یەکلاکەرەوەیان هەبوو.

پەراوێزخستنی شیعەو کورد لەدەسەڵاتدا بێ هیچ ئەملاولایەک تەواو رەهـا بوو، لەسەردەمی رژێمی پاشایەتییدا، بـەرفراوانبوونی هێـزە چەکـدارەکان هەندێ پێشکەوتنی مەیدانیی بەدەست هێنـابوو. لـەرووی ژمـارەوە.. سـوپا ساڵی 1933 لە 12.000 هەزارەوە بوو بە 15.000 لەساڵی 1935 دا. ئـەم ژمارەیـەش، لـەکاتی کوودەتـا سـەربازییەکەی سـاڵی 1958 دا بـە 20.000 گەیشت. هۆکاری سەرەکیی بۆ گەشـەی سـوپا، دەگەڕێتـەوە بـۆ سیاســەتی خزمــەتی ســەربازیی زۆرەملــێ کــە لەســاڵی 1934 بریــاری لێدرا(هەروەها بۆ رۆڵی بـەربڵاوی سـوپا لـە رەشـەکوژیی ئاشـوورییەکان لەســاڵی 1933 دا): لێــرە بــەدواوە شــیعە لــەرووی ژمــارەوە لەســوپادا زۆرینەیان پێـک دەهێنا. هەروەها بۆ کوردەکان، دەیانتوانی بچنە سوپاوەو ئەگەری پێشڤەچوونی سیاسییشی پێ بەخشین، ئەو دە کـوردەی رۆڵێکـی سیاسیی دیاریـان لـە مـاوەی 1920-1958 دا بینـی، ئـەم جێگەوڕێگـە شیاوانەشیان بەهۆی پلەوپایە سەربازییەکانیانەوە بوو[32].

بریتانییەکان، بـەپێی جۆرەهـا پێـوەر، بـۆ بـەهێزکردنی هەنـدێ سـەرۆک عەشـیرەت سیاسـەتێکی زۆر ئاگایانـەیان پێـڕۆ کـرد، لەوانـە دانـان بـە خاوەندارییەتیی ئـەو زەویانـەی لەبەردەسـتیاندا بـوو، پـارەدان بەشـێوەی کــاش، چــەک و تفــاق پێــدان، دانــانی سیســتەمێکی تایبــەت بەکێشــە

عەشایەرییەکان کە سەرۆک هۆزەکـــان بتـــوانن لـــە دادگـــا ناوخۆییەکانی ناوچـەکانی خۆیانـدا دەستیان بـە دادوەریـی بگـات. ئـەم سیاسەتە، هەر یەک لـە سـوننەو شـیعەو کـورد، وەک یـەک سـوودیان لـێ بینی(سەرەڕای ئەوەی، وەک تاک، ڕێژەیان کەم بـوو ئەوانـەی سـوودیان لێـی بینـی). هـەروەها بریتانییـەکان زامنـی ئـەوەیان کـرد، کـە سـەرۆک عەشـیرەتە گـەورەکان، لـە پارلەمانـدا نوێنەرایەتییـەکی باشـیان هـەبێت. نزیکەی یەک لەپێنجی کورسییەکانی پارلەمان بـۆ سـەرۆک عەشـیرەتەکان دانرابوو. لـە دەوروبـەری 1945 دا ئـەم نوێنەرایەتییـە بـۆ 38 لەسـەدی کورسییەکان بەرزبووەوە[33].

ئەم قۆرغکردنانە لەئەنجامی بۆچوونی بەیەکسانیی دابەشکردنی دەسەڵات، سامان و کاریگەریی دەسەڵات بەسەر دابەشبوونە مەزهەبییەکانـدا نـەبوو. بەڵکوو کلاوڵەسـەرنان بـوو. بـەڵام زۆر کاریگـەر بـوو، بەلەبـەرچاوگرتنی تـاکتیکی پـەرت بکـەو زاڵ ببـە. بـە لایـەنگرییکردنی هەنـدێ سـەرۆک عەشـیرەت لەسـەر حیسـابی ئـەوانیتر، بریتانییـەکان و ڕژێمـی سـوننەی باڵادەست، دەرکەوتنی ئۆپۆزیسـیۆنی یـەکگرتووی شـیعەیان لـەو دۆخـەی ئەوسادا پێشوەخت پووچـەڵکردەوە . لەمـەش گرنگتـر، توانیـان پوازێـک لـەنێوان هـەردوو جەمسـەری بـەهێزی شـیعەکانی باشـوور، سـەرۆک عەشیرەتەکان و سەرکردە ئایینییەکاندا بچەقێنن[34].

زۆرێک لە شیعەکان بـارودۆخی ئابوورییـان بووژایـەوە. لەکاتێـدا پێشـتر، چوونە نـاو سـوپاو و ئیلێتـی سیاسییان لـێ قەدەغـە کرابـوو. هەڵکشـانی جوستییەکانی شیعە زۆرتر لە ڕێی خاوەندارییەتیی زەویـی کشـتوکاڵیی و پـرۆژەی بازرگانییـەوە بـوو. بەمشـێوەیە لـە سـاڵی 1958 دا عەرەبـە شـیعەکان نزیکـەی 50 لەسـەدی خاوەندارییـەتی زەویـی لـە عێـراق و 7 ملیـۆنێر لـە کـۆی 15 ملیـۆنێری وڵاتیـان پێـک دەهێنـا[35]. سـەرەڕای ئەوانەش، نموونەی روون و ئاشکرا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، بـەرفراوانیی باڵادەستیی سوننە بوو لەچاو ژمارەیاندا. ئەم باڵادەسـتییەش بـێ دەسـت بۆبردن، بەدرێژایی چەرخی بیست درێژەی کێشا.

حوکمکردنی عێراق

رەگ-دانـــــــــەکوتان و شکسـتی دیمۆکراسـیی یەکێکـە لـە ئاکامـە دیارەکـانی هێجـەمۆنیی بریتانیـا و باڵادەسـتیی سـوننە لـە عێراقـدا. بەدەستەواژەیەکی ساناتر، نوێنەرایەتییکردنی راستەقینەی دیمۆکراسیی لـە عەرەبی سوننەی دەخواست دەستبەرداری دەسـەڵاتی سیاسـیی بـبن بـۆ شیعەکان، کە لەرووی ژمـارەوە زۆرتـر بـوون. بەدڵنیاییـەوە بریتانییـەکان پشکیان هەبوو لەم گۆڵمەزەدا، ئەوان پێیان باش بوو، حوکم لەدەسـت ئـەو ئیلیتـە سیاسـییەی عـەرەبی سـوننەدا بێـت کـە بـە پـرۆ_بریتانیـایی ناسـرابوون. سیسـتەمێکی کـراوەو هەمەلایەنـە، بێگومـان واتـای ئـەنتی سیاسـەتەکانی بریتانیـای بـەدواوە دەبـوو، ئەمـەش شـتێک نـەبوو کـە بریتانییەکان رێگەی پێ بدەن.

لێرەوە، ئـەوەی لـە تیۆرییـدا بـوو بـۆ دەسـتوورێکی دیمۆکراسـیی، بـۆ هەڵبژاردن و هەندێ هەوڵ بـۆ جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان، لەپراکتیکـدا بوونـەوەرێک بـوو هەرلـە بنەڕەتـدا بەمردوویی لەدایک ببوو. پلەوپایە گرنگەکان لە دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـدا. خـۆی لـە سـەرۆک وەزیـران و وەزارەتـە بەهێزەکانـدا دەبینییـەوە. بەشێوەیەکی سەرەکییش سەر بەو ئیلیتە کەمە پاوانخوازەی عەرەبی سوننە بوون. وەک نموونەیەکیش کارنامەی بەپێزی سیاسیی نوری سـەعید. وەک عەرەبێکی سوننە و پرۆ_ بریتانییەکی جێی بـڕواو یـاریزانێکی سیاسـیی لێهاتووdexterity 47 جار پۆستی جیاوازجیاوازی لەکابینـەکانی (14 جار وەک سەرۆک وەزیـران) سـەردەمی رژێمـی پاشـایەتییدا وەرگـرت. نوری چـاوەڕوانیی سـەرکەوتنی لـەو دۆخـە سیاسـییەدا لێـدەکرا، چونکـە ئایدۆلۆژیی هیچ بایەخێکی ئـەوتۆی نـەبوو لەکاتێکـدا ئـەو کەسـایەتییەکی سیاسیی هەمەکارە بوو.

کێبەرکێی سیاسیی، پێوەندیی بەجیاوازیی بیروڕای سیاسییەکانەوە نـەبوو، بـەڵکوو پێوەنـدیی بـە لایەنـە رەقیبەکانـەوە هـەبوو، کـە بـەدەوری تاکـە سیاسییە بەهێزەکانەوە گردببوونەوە. نیگـەرانیی هاوبەشـی ئەمانـەش بـۆ راگرتنی رەوشی هەنووکە Status quo ی ئەوسا بووە. بەمجۆرە زامنی دەرفەتەکانیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە دەستکەوتەکان بۆ خۆیان و بنەماڵـەو لایەنگرەکانیان مسۆگەر دەکرد. هەروەک شارەزای سیاسـیی Charles Tripp دەڵێ" توندبوونەوەی رکابەرایەتیی لەسەر خزمخزمێنەو پێشبڕکێی

ســــەخت لــــە نێـــوان دەسـتوپێوەندەکانیان بــۆ بەکارێکتـــەرکردنی کاریگەرییەکانیان لەسەر ئەم دەسەڵاتە سیاسییە بوو.[36]"

چەقی قورسـایی هەرسـێ لایـەنی دەسـەڵاتدار لەسـەردەمی هاشـمییەکاندا، بریتانییەکان و رژێمی پاشایی و کۆمەڵێکی کەم لە سیاسییەکانی سوننەی عەرەب بوون. بایەخدان بە ڕاگرتنی ڕەوشـەکە گرنگتـرین ئـەرکیان بـوو. لیبراڵیی پرۆسەی سیاسیی، جێگەی بایەخی کەس نەبوو. زۆربەی کاتەکان، هەڵبژاردنـەکان زۆر بـاش ئامادەکـاریی بـۆ دەکـرا، بـەڵام ئەنجامـەکانی پێشـوەخت بڕیـاری لەسـەر دەدرا.[37] لـە ڕەوشـێکی وادا لایەنـەکانی ئۆپۆزیسیۆن چەند خاڵێکی هاندەریان هەبوو بۆ پاپەنـدبوون بـە ڕێسـای گەمەی هەڵبژاردنەوە کە هیچ ئومێـدێکی بردنەوەشـیان نـەبوو. لـەناو ئـەو حیزبــە سیاســییانەی لــەو ســەردەمەدا دەرکــەوتن، تــەنها ســێ حیــزب جێدەستیان بە پرۆسەی سیاسییەوە دەبینرا. لەمانەش دووانیـان مۆڵـەتیان هــەبوو: حیزبــی ئیســتیقلال (ســەربەخۆیی) وەک ڕێکخراوێکـی ڕاسـتڕەوی سەرسەختی پانعەرەبیی و ئـەنتی_بریتـانیی. هـەروەها پـارتی نیشـتمانیی دیمۆکراتیی، وەک لایـەنگریی لـە لیبرالیزەبـوون دابەشـکردنی سـامان بـە شێوەی یەکسان دەناسرانەوە. لەکاتێکدا هەردوو حیزب بەشداریی چەندین هـەڵبژاردنیان کـرد لـە سـییەکانەوە. خولیایـان بـۆ بەشـدارییکردن لـە سیستەمێکدا، کە بەئاشکرا دژایەتیی دەکـردن وردە وردە کـەم دەبـووەوە. ئەگەر سیستەمی سیاسیی ڕێگەیانی بدایە، ئەم دوو پارتە، کرۆکی پارتێکی میانڕۆ و پێشکەوتوویان دادەمەزراند. هەروەک چاوەڕوان دەکرا، ئـەم دوو پارتە سیاسییە مەودایەکی تەواو لەرژێـم دووردەکەوتنەوە.

سێیەمین هێزی سیاسیی ڕێکخراو، حیزبی شیوعیی عێراق ICP {حشع} بوو. ڕێگەپێدراو نەبوو بۆ بەشـداریی لەهەڵبژاردنەکانـدا. بۆیـە هەوڵیشـی نەدا کار لەگەڵ ڕژێمدا بکات. وێڕای ئـەوەی لەڕەچەڵەکـدا ئـەم حیزبـە لـە ڕۆشـنبیرانی شـارو چینـی نێوەنـد پێکهـاتبوو، بـەڵام گەشـەیکردو بـووە یەکەمین هێزی مەیداندارو کۆمەڵایەتیی لەناو هێزە سیاسـییەکاندا. ئـەوەی ڕژێم زرِاوی چووبوو لێی، ئەو پەیامە سیاسـییەی حشـع بـوو ـــ لـە ئـەنتی ئیمپریالیسـتیی و بانگـەواز بـۆ دابەشـکردنی سـامان و دەسـتکەوتەکان بەیەکسانیی دەبینرایـەوە، دەنگدانـەوەی ئەمانـەش سـنووری سـوننەکانی تێپەڕانـدو کـورد و شـیعەو کەمەنەتەوەییـەکانی تریشـی لـەئامێز گـرت.

سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی رژێم. وای لە حشع کرد. زۆرتر ئومێد لەسەر ئایدۆلۆژیای سەرکردایەتییەکەی و پاپەندبوونە توندوتۆڵەکانیان هەڵچنێ. بۆ رێکخستنی تۆڕێکی پێکەوەگرێدراو. کاری پڕ لەدیسپلین. بەکارهێنانیشیان وەک سەری رم بۆ هێرشی سیاسیی دژ بە شەرعییەتی سیستەمی سیاسیی. لە کۆتایی چلەکاندا حشع بوو بە رێکخراوترین هێزی سیاسیی لەعێراقدا. هەروەها بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی. بوو بە پێشرەوی ئەو هەوڵانەی خەڵکیان بۆ بەگژداچوونەوە دژی دەوڵەت سازدەدا.

چاپووکیی حشع لە رێکخراوەییدا و لێوەشاوەییان لە هەڵخراندنی خەڵکدا. لە ژمارەیەک خۆپیشاندان و نارەزایەتییدا کە عێراقی هەژاند لە دوایین ساڵەکانی رژێمی پادشایی هاشمییدا بەڵگەی بەهێزیی ئەو حیزبە بوون.

سەرکەوتنەکانی حشع تیشکی خستە سەر خاڵە لاوازەکانی ئەو ئەزموونە دیموکراسییە کرچوکاڵە. ئۆپۆزیسیۆن تا ئەو جێگەیە رێگەی پێدەدرا. کە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر بارودۆخی سەقامگیر نەبێ. ئەم نموونەیەش لەلایەن بریتانییەکانەوە داهێنرا. دواتریش لەلایەن ئۆلیگارشیی سەرەکییەوە. کە خۆی لە ئیلیتی عەرەبیی سوننەدا دەبینییەوە دەستی پێوەگیرا. چونکە چێژیان وەرگرتبوو لە دەستکەوتی ماددیی بەهۆی پۆستە سیاسییەکانیانەوە. لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن چونکە لە بارودۆخەکە(بەهەر هۆیەکەوە بووبێت) رازی نەبوون. مایەی پەژراندنی دەسەڵات نەبوون و لە پرۆسەی سیاسیی "شەرعیی" دا پەراوێز خرابوون. لەئەنجامیشدا. ئامانجی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بوو بە سەرەوژێرکردنی رژێم لەدەرەوەی پرۆسەی سیاسیی. نەک بەشێوەی گۆڕینی رژێم بە ئاشتیی لەناو پرۆسەکەدا. لەئەنجامی شکستییەوە کاتێ نەیتوانی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا. رژێم بەنائاگایی تۆوی وێرانکردنی خۆی دەچاند. هەروەها. گیانی کرد بەبەر دینامیکێکی نوێدا لە ژیانی سیاسیی عێراقدا. لێرەوە کۆنترۆڵکردنی میکانیزمی سیاسیی دەوڵەت گۆڕا بۆ ئەوانەی توانای جوڵاندنی "شەقام"یان هەیە (وەک حشع). یان ئەوانەی کۆنترۆڵی دامودەزگای داسەپاندنیان کردبوو(هێزە چەکدارەکان). یاخود ئەوانەی هەردووکیان پێکەوە هەڵبسوڕێنێ (حیزبی بەعس لەژێر دەستی سەدام حوسێندا).

بەکارهێنانی توندوتیژیی

بەبێ تێگەیشتن لە مەودای ئەو زەبروزەنگەی سەدام بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەکەی بەکاری دەهێنا. جێی تێڕامانێکی گوماناوییە ئەگەر سەیری درندایەتیی رژێمی سەدام حوسێن. وەک ناوازەیەک لە مێژووی مۆدێرنی عێراقدا بکەین. نکۆڵیی لەوە ناکرێ بەکارهێنانی هێز بۆ لابردنی رژێم. یان دانانی رژێمێک، یان بۆ زامنکردنی یەکپارچەیی دەوڵەت. بەدڵنیاییەوە لەخۆوە نەبووە و پێشینەی رووداوگەلێکی هاوشێوە لەمێژووی عێراقدا هەبوونە. ئەوانەی سەرنجیان دەخەنە سەر "نەگریسیی" سەدام. هەمیشە ئاماژە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکانی عێراق لە کەمپەینی {شاڵاو} ئەنفالی ساڵی 1998 دا دەکەن. ئەوەی سەرۆکێک چەکی کیمیایی دژی گەلەکەی خۆی بەکاربهێنێ، کرابوو بە چەقی ئەو ئارگیۆمێنتە مۆراڵییەی بانگەشەی هەڵپێچانی بۆ بەکارهێنانی هێز دەکرد.
رێی تێدەچێ. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەشێوەیەکی خەست لە بیستەکاندا دژی هۆزە کوردییە یاخییەکان لەلایەن بریتانییەکانەوە نموونەی کەمپەینی ئەنفالی بەرهەم هێنابێت. بەدڵنیاییەوە ئەوە Winston Churchill بوو نەک سەدام حوسێن. کاتێ باسی کاریگەریی چەکی کیمیاویی لە بیستەکاندا دژی عێراقییەکان بە " کاریگەریی مۆراڵیی نایاب" دەچوێنێ. هەروەها هێزی ئاسمانیی بریتانیا بوو نەک عێراق. دەستپێشخەریی کرد لە بەکارهێنانی بۆمبی فۆسفۆریی و ناپاڵمی بەرایی بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق ملکەچ بکات.[38] بەکارهێنانی توندوتیژیی. چ ناوبەناو و چ بەبەردەوامیی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیی. وەک رێسای لێهاتبوو. هەروەک مێژوونووسێک دەنووسێ" بەدەستپێک لە بۆچوونی بریتانییەکانەوە لەسەر پاراستنی سیستەم، بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ سەرکوتکردنی رای بەرامبەر جێکەوت بوو. هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە. ئەم توندوتیژییە لەلایەن حکومەتەکانی سێنترالەوە لەبەغداد لەسنووری خۆی دەرچوو."[39]
هەر لە زووەوە، سروشتی" بۆچوونەکانی بریتانیا بۆ پاراستنی سیستەم" روون و ئاشکرا بوو. لەسەرەتای بیستەکاندا. پێش ئەوەی پارچەکانی عێراق بەفەرمی لێکبدرێن. شۆڕشێکی گەورە دژ بە بریتانییەکان بەرپابوو.

ئەم شۆڕشە بەشێوەیەکی سەرەکیی عەشیرەتەکانی شیعە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی فورات پێی هەڵسان (بەڵام لەلایەن عەشیرەتەکانی سوننەو دامەزراوە ئایینییەکانی شیعەوە پاڵپشتیی دەکرا) بەشێوەیەکی زۆر درندانە سەرکوتکرا. لە ئۆکتۆبەری 1920 دا تەنها چوار مانگ دواتر، شۆڕشەکە دامرکێنرایەوە. 500 بریتانیی و هیندیی{ بەسەربازیی هێنرابوون} لەلایەک و 6000 یش لە شۆڕشگێڕەکان تێیدا کوژران. لە نیوەی یەکەمی بیستەکاندا، بریتانییەکان زۆر ئومێدیان لەسەر هێزی ئاسمانیی، بۆ دەستەبەرکردنی دیسپلین لەهەمبەر شۆڕشە بەردەوامەکانی عەشیرەتە کوردەکان لەباکووردا هەڵچنیبوو. Gale یەکێک لە سەرکردەکانی هێزی ئاسمانی پاشایی RAF، باسی ئەوەی کردبوو" ئەگەر کوردەکان، وانە فێر نەبوونایە لێمانەوە، کە چۆن بە شێوازی شارستانییانە هەڵسوکەوت بکەن ، دەبووایە رمبازێنیان پێ بکەین. ئەمەشمان بە تۆپ و فرۆکە دەکرد."[40]

سەرکوتکردنی کوردە"ناشارستانییەکان" لەرێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە بەشێوەیەکی رەها، بوو بە پرۆڤەیەکی نیشتمانیی لە عێراقداو بەدرێژایی 80 دانە ساڵ پێڕۆ کرا، هەر کوردەکان بەتەنها قوربانیی نەبوون. لەسییەکاندا بێ پسانەوە بەهۆی چەندین فاکتەرەوە نائارامیی لە باشووردا هەبوو. بەڵام بڕیاری پەراوێزخستنی شیعەکان هەمیشە جەختی لێکراوەتەوە بە دوورخستنەوەیان لە ئاستە باڵاکانی بەرپرسیاریەتیی دەسەڵاتی سیاسییدا.[41] هەلی دەربڕینی ناسۆرییەکانیان بە شێوازی دیمۆکراسیی لێ زەوتکرابوو.. بۆیە زۆربەی کات پەنایان بۆ شۆڕشی ئاشکرا دەبرد.

گرنگترین شۆڕشەکانی شیعە لە ساڵانی 1935 و 1936دا روویاندا. لەهەر حاڵەتێکدا وەڵامی حکومەتی تازە سەربەخۆی عێراق، بەکارهێنانی هێزی چەکداریی بوو بۆ تێکشاندنی شۆڕشگێڕەکان بەوپەڕی بێبەزەییەوە. ئەرکی سەپاندنی دیسپلین بەسەر عەشیرەتەکانی شیعەدا بە ژەنەراڵ بەکرد سدقیی سپێردرا، پیاوێکی هەڵچوونەناس لە تەنگانەدا . هەمان پیاوی ناوبانگ زراو(و خاوەن پایەیەکی جەماوەریی) کە سەرپەرشتییکردنی کۆمەڵکوژییەکەی ئاشوورییەکانی لەساڵی 1933دا کە سەدانی تێداچوون لەئەستۆ گرت. ئەم رەشەکوژییەی ئاشوورییەکان بە

هەوڵ و دەست لەپشتدانی دەوڵەت بوو بۆ ئەوەی کەمایەتییەک ببێتە" قۆچی قوربانیی scapegoat". کە بە دوژمنی دەوڵەت سەیر دەکران. لەسەروبەندی توندوتیژییەکاندا. کوردەکان، عەرەبەکان و ئێزیدییەکان بۆ چەوساندنەوەی ئاشوورییەکان، خاڵێک کۆی دەکردنەوە. لە دەستەواژەی یەکێک لە کۆمێنتارەکاندا بەمشێوەیە هاتبوو" بەکورتیی، هاوینی 1933، بۆ ئاشوورییەکان لەعێراقدا. ساڵێکی نەهات بوو"[42]

رۆڵی هێزە چەکدارەکان لە مەسەلەکەدا نامۆراڵیی بوو. لە11 ئۆگۆستی1933 دا، یەکەیەکی سەربازیی پرچەک لە ژێر فەرماندەیی ژەنەراڵ سدقیدا چووە شارۆچکەی سیمێلەوە. بەشێوەیەکی سیستەماتیک دەستکرا بە رەشەکوژیی لە پیاوان و ژنان و منداڵان، کە دانیشتوانەکەی لە ئاشوورییەکان بوون. لە جیاتی ئەوەی ئەم کۆمەڵکوژییەی ئاشوورییەکان بیووایە بە ریسواییەکی نیشتمانیی، کەچیی بووە سمبۆڵ بۆ یەکێتیی خاک و شانازیی نیشتمانیی. کەوانە ئارمی سەرکەوتن لەسەر شەرەفی سوپا لەشاری موسڵ چەقێنرا؛ لەکاتی گەڕانەوەی سوپاش بۆ بەغداد. لە نمایشێکی سەربازییدا لەشەقامەکاندا گوڵباران کرا؛ هەروەها بەشێوەیەکی دراماتیکی سەربازگیریی پەرەی سەند لەئەنجامی ئەو هەڵمەتە پڕ لە "قارەمانیی" ەدا بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی ئاشوورییەکان.[43] هەروەک کۆمێنتارێک دەیگوت " بەرنامەی ئاشوورییەکان یەکەمین دەربڕینی رەسەنانە بوو بۆ سەربەخۆیی نیشتمانیی لە هەرێمێکی عەرەبیی کە پێشتر سەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانیی بووە."[44]

پەنابردن بۆ توندوتیژیی لەدژی کەمە نەتەوەکان، ئاماژەیەکی روون بوو بۆ سیستەمێکی سیاسیی شەپرێو و داهێزراو. ئۆپۆزیسیۆنبوون دژی رژێم گەرموگوڕیی بەخۆیەوە بینی لە کۆتایی چلەکاندا. زۆرداریی و بەکارهێنانی هێز تا دەهات گەشەی دەکرد، ببوو بەوەڵامی ستاندەرد دژی هەر رایەکی سیاسیی پێچەوانە. لە 1946 دا، خۆپیشاندانێک لەلایەن حشع ەوە لەنێو کرێکارانی نەوتی کەرکوکدا بەرێخرا. بووە هۆی ئەوەی پۆلیس گوللەبارانی کرێکارەکان بکەن و 8 یان لێ بکوژن و نزیکەی 50 شیان لێ زامدار بکەن. ئەوەی بە " رەشەکوژییەکەی کەرکوک" ناسراوە. راپەرینی وەسبەی لە 1948 دا بەدوادا هات. خوێندکاران وەک سەرپەرشتییکارانی خۆپیشاندانەکان دژی رۆڵی بەردەوامی بریتانییەکان،

5 کەسیان بەدەستی پۆلیس لێکوژرا.[45] دوای 11 رۆژی تر، پێکدادانی بەربلاوتر لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەراندا روویدا — لەمێژووی کورتی عێراقدا دژوارترین رووداو بوو— 77 خۆپیشاندەری تێدا کوژراو سەدان کەسیش بریندارببوون. پەشێوییەکی بەربلاو لەساڵی 1952 سەری هەڵدایەوە(بە راپەڕین ناوبانگی دەرکرد). سەرئەنجام زۆر بەخێرایی بەهەموو نێوەندی شارەکاندا تەشەنەی کرد.
بەهەمان شێوەش زۆر بەتوندیی بەرپەرچ درایەوە. بەبەراورد لەگەڵ مەسەلەی ئاشوورییەکاندا، لەم کێشانەدا کەمتر رادەی توندوتیژیی بەکارهێنرا. بەڵام وەڵامدانەوەی رژێم بۆ ئەم پێشهاتە سیاسییانەو سروستی بەرەنگاربوونەوەکان(کە هەموویان بە توندوتیژیی دەربڕینیان لەخۆیان دەکرد) جەختی لەوە دەکردەوە. رژێم چەندێک لە پێڕۆکردنی سیستەمێکی سەقامگیری دیمۆکراسییەوە دوورە. لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رژێم بەهۆی دەستنەگەیشتنیان بەشێوازی یاسایی، پەنایان بۆ خۆپیشاندانی توندوتیژ برد بۆ ئەوەی رژێم بنکۆڵ بکەن؛ وەک چاوەڕوان دەکرا، رژێمیش بەنزینی کرد بەسەر ئاگرەکەدا و بە زەبروزەنگ وەڵامی دایەوە. ئەم زنجیرە توندوتیژییانە کۆتاییەکەی بە سەرەوژێرکردنی خوێناویی رژێم لەساڵی 1958 دا گیرسایەوە و وانەیەکی گرنگی لێ بەرهەم هات. کە توندوتیژیی. کاریگەرترین هۆکارە بۆ بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسیی. نەک شێوازی ئاشتیی و دیمۆکراسیی. یەکێک لە میراتە بەجێماوەکانی رژێمی پادشایەتیی. بەدامەزراوەکردن و یاساییکردنی توندوتیژیی بوو وەک هۆکارێکی سیاسیی، ئەم پرۆسەیەش بە " بیرۆکەی سیستەم پاراستن" ی بریتانییەکان دەستی پێکرد و گەیشتە لوتکەی لۆژیکیی خۆی لە سەردەمی سەدام حوسێندا.

یەکێتیی نیشتمانیی National Unity

لەکاتێکدا هەستێکی قووڵ بە ئایدێنتیتیی نیشتمانیی لە عێراقی 1958 دا هەبوو لەچاو 1921دا کە جێگەی گومان بوو. بەهێزترین هێزی یەککگرتوو لەم ماوەیەدا. ڕەزامەند نەبوو بەرامبەر دەسەڵاتی بریتانییەکان و دژی ئەو ڕژێمەی لەلایەن بریتانیاوە سەپێنرابوو. بەگردکردنەوەی ڕقوکینەیان لە دژی دوژمنێکی هاوبەش، گرووپە پەرتوبڵاوەکان دەیانتوانی لە دەوری مەسەلەیەکی هاوبەش کۆببنەوە. بەڵام ئەم یەکێتییە لە بناغەوە نەگەتیف بوو. گرووپەکان دەیانتوانی ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی نەیاندەویست عێراق لەو دۆخەیدا بێت. بەڵام تێڕوانینێکی هاوبەش و پۆزەتیڤیان بۆ ئایدێنتیتیی نیشتمانیی عێراق نەبوو.

بارهێنانی هەستێکی گشتگیر لەهەمبەر دروستکردنی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی، هەمیشە بەرەنگاربوونەوەی لێدەکەوتەوە بە هۆی بوونیادی ئێسنیکیی و مەزهەبیی عێراقەوە. چەندین هەڵەی کەڵەکەبوو لە کۆمەڵگای شەقوشڕی عێراقدا هەیە. دابەشبوونە ئێسنیکییەکانی کورد و عەرەب هەمیشە ئەوەی سەلماندووە کە چارەسەری ئاسان نییە. کوردەکان هەرگیزاو هەرگیز نەیانویستووە بەشداریی لە دروستکردنی دەوڵەتی نوێی عێراقدا بکەن. بەڵکوو بێ پسانەوە. هەندێ جاریش بە شێوازی توندوتیژیی، بەرهەڵستکاریی دەسەڵاتی سەپێنراویان لەلایەن بەغدادەوە کردووە. ناسنامەی دەسەڵات لە نێوەند زۆر کێشە نەبوو: کوردەکان لە دژی دەسەڵاتی بریتانییەکان لە ساڵی 1919 یاخیی بوون و ئەوەیان سەلماند بە درێژایی بیستەکان، مایەی بێزاریی RAF بوون. وەڕسبوونێکی resentment بێ ئەندازە. ناوبەناو لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکاندا دەنگی دەدایەوە. هەروەک ئەوانەی لە 1930 و 1945 دا روویاندا. هەردوو شۆڕشەکە بە هێزی سەربازی زۆروزەوەند تێکشکێنران. بەڵام گرفتی سەرەکیی هەرگیز چارەسەر نەکرا. کوردەکان، ئایدێنتیی جیاوازیان هەیە لەهەریەکە لە مێژوو، کولتوور، زمانناسییدا کە سووربوون لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە لە پانتاییەکی بەرینتردا گومبکرێن. لێرەوە وێڵبوون بەدوای ئایدێنتیتییەکی نیشتمانیی گشتگیردا بۆ عێراق، چارەنووسی بە شکست نووسرایەوە. لەبەر سادەترین هۆ. ئەم کەمایەتییە (کوردەکان 15 تا-20 لەسەدی سەرجەم دانیشتوانەکەین)

بەرژەوەندییەکی ئـەوتۆیان لە سەریەشەی بەشدارییکردن لەم ئایدیئنتییـەدا نەبوو.
تایەفەگـەریی نێـوان عـەرەبی سـوننەو شـیعە بەگشـتیی زۆر ئـاڵۆزەو لـە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەشێوەیەکی قووڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. بۆ ئێستا گرنگە ئاماژە بدرێ کە هەڵبەزودابەزەکانی نێوان سوننەو شـیعە، هەر بەتەنها بـە جیـاوازیی مەزهـەبیی ناناسـرێتەوە. بەدڵنیاییـەوە رژێمـی سێکیولاری سوننەکان، بەکـەمێک نیگەرانییـەوە رۆڵـی پیـاوانی ئایینییـان لەباشووردا بەهەند سـەیر دەکـرد؛[46] بـەڵام گرفتـی سـەرەکیی رێککـەوتنی congruence جیاوازییە تایەفییەکان بوو لەسەر دابەشکردنی سـامان و دەسەڵاتی سیاسیی. کـۆنترۆڵی سـوننەکان بەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـیی و هێزی ئابوورییدا. بەتەواویی زۆرینەی شیعەی دوورخستبووەوە لەدەسەڵات و ژێردەستەییەکی بـەردەوامیان بـەخۆوە دەبینـی. بـۆ خۆقوتـارکردن لـەم جیاوازییانـە. ئێسـنیکبوونی عـەرەبیی هاوبـەش (لای کـەم بەگریمانـەوە) بەکارهێنرا.
بەهـەرحاڵ ڤێرژنـی ئایـدۆلۆژیای ناسـیۆنالیزمی عـەرەبیی جێکـەوتکراو لەلایەن رژێـمی سوننەوە دەستی پێوەگیرا . ئەمەش بەربەستێکی تـر بـوو، چونکە جەختی لە مێژووی شکۆمەندی ئێمپراتۆریای عـەرەبیی دەکـردەوەو شیعیزم shi'ism یشی وەک گومڕا heretical و هانـدراوی فارسـەکان و مەترسـیی بـۆ سـەر یـەکێتیی جیهـانی عـەرەب سـەیر دەکـرد.[47] ئـەم دەسـتپێوەگرتنە بـە ناسـیۆنالیزمی عەرەبییـەوە لەروانگـەی سـوننەوە. گومانێکی دووسەریی لە جیاتی یەکێتیی ناوخۆیی. بەرهەمهێنا. لەسیاسـەتی دەرەوەشدا. جیهانبینی باوی سوننە. ئەوە بـوو کـە جیهـانی عـەرەبیی لـە یەک قەوارەی یەکگرتوودا یەکبخات. ئەم روانگەیە بۆ شیعەکان بەمشێوەیە نەبوو. لەکاتێکدا زۆرینەی رەهایان لە عێراقدا پێک دەهێنا. بەڵام لـە یـەک دەوڵەتی عەرەبییدا کە هەموو وڵاتە عەرەبییەکانی رۆژهـەڵاتی نـاڤین لـەخۆ بگرێـت، لـە ژمـارەدا دەدۆڕان. چونکـە یـەک کـەس بەرامبـەر نـۆ کـەس رادەوەستا. بەمشێوەیە شیعەکان دوورخرانـەوەو بـوون بـە هـاووڵاتی پلـە دوو یـان لـەوەش خراپتـر. سـوننەکان بـە درێژکـراوەی فارسـەکان (ئێرانییەکان) و تابوری پێنجەمی چاوەڕوانکراو لەناو عێراقـدا. سـەیریان دەکردن.

ئەم تێڕوانینە بۆ یەکێتیی پانعەرەبیی. لەڕاستییدا بەشێکە لە دیبەیتگەلێکی پانوپۆڕ لەسەر ئاراستەو پاشەڕۆژی سیاسەتی دەرەوەی عێراق دەکرێ. لەناو ئەم پۆلێنکارییەدا. ناتەباییەکی تەواو لەسەر چارەنووسی ئایدێنتیتی دەوڵەتی عێراق هەیە. ناسیۆنالیستەکانی عێراق دەڵێن. عێراق وڵات و نەتەوەیەکی سەربەخۆیەو خاوەن ئایدێنتییەکی عەرەبییە. لەکاتێکدا پانعەرەبیستەکان پێیانوایە چارەنووسی عێراق ببێ بە قەوارەیەکی ئیداریی لە ناو نەتەوەی گەورەو یەکگرتووی عەرەبدا. ئەم دیبەیتە لە ساڵی 1958 دا هێشتا چاوەڕوانی چارەسەرێکی ریشەیی دەکرد. لە کاتێکدا روانگەی پانعەرەبیستەکان بۆ ماوەیەکی زۆر زاڵبوو. کە یەکگرتوویی نەتەوەی عێراق لەناوخۆدا کەمتر جێگەی بایەخ بوو لە ئاست ئامانجی دوورتریان کە یەکێتیی عەرەب بوو.

لەسەروبەندی 1958 دا، بۆ زیاتر لە چارەکە سەدەیەک عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. بەڵام لە بەدەستهێنانی نەتەوەیەکی یەکانگیردا شکستی خوارد. هیچ گرێدەرەوەیەکی"گلوو" ئایدۆلۆژییانە نەما بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکانی عێراق پێکەوە کۆبکاتەوە. لە گەورەترین بەشیدا ئەمە رەنگدانەوەی ئەو کارە سەختە (یان ئەستەمە) بوو. بۆ پێکەوەنانی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی. هاوزەمان بتوانێ سنووری جیاوازییە تایەفیی و ئێسنیکییەکان ببەزێنی. لە بەشێکی تریشدا ئەو راستییە رەنگ دەداتەوە کە دیبەیت لەسەر سروشتی ئایدێنتیتیی عێراق هەرگیز هەمەلایەنە نەبووە.

پاوانکردنی سیستەمی سیاسیی. لە جیاتی کۆدەنگیی و یەکێتیی. بێزاریی و تەرەبوونی لێکەوتەوە. لەوانەیە نزیکترین دەزگایەک بە ئاگاییەوە هەستی یەکێتیی نیشتمانیی، رەچاوکردبێ. سوپا بووبێت ؛ بەڵام بەشدارییکردنی سوپا لەم هەستەدا. هەمیشە وەک شمشێرێکی دوو دەم بووە. لەسەرێکەو سوپا یەکێک لەو دەزگا دەگمەنانە بوو. کە لەسەردەمی پادشایەتییدا دامەزرێنرا بۆ خزمەتکردنی یەکێتیی. نەک دابەشبوون. لەسەرێکی تریشەوە وەک لە زۆربەی دەزگا نیشتمانییە گرنگەکاندا دیارە. دابەشکردنی دەسەڵات لە ناو هێزە چەکدارەکاندا نەیتوانی رەنگدانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق بێت. بەهەڵاواردنی هەندێ دۆخی تایبەت نەبێ وەک(ژەنەراڵ بەکرد سدقیی، لەرووی ئێسنیکییەوە کورد بوو، هەروها بەڕێوەبەری کوودەتای 1958 سوپاسالار Brigadier

(عەبدولکەریم قاسم بوو).. عەرەبە سوننەکان بەسەر دەستەی corps ئەفسەراندا زاڵبوون. لەڕاستییدا داهێنانی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، لە زۆربەی باشووری شیعەنشین و باکووری کوردنشیندا زۆر بەتوندیی نارەزایەتیی لێکەوتەوە. زیاتر لەبەر ئەوە بوو (بە گشتیی و بە وردیی) هەستیان بەوە کردبوو، کاتێک عەرەبی سوننە بڕیارگەلی گرنگ دەردەکەن، کورد و شیعەش دەبنە سووتەمەنیی شەڕcannon fodder.

لەسەرەتادا بایەخی سیاسیی بۆ سوپا زۆرتر شتێکی سیمبۆلیی بوو. لەکاتێکدا دەزگا سیاسییەکانی تری رژێم هەمیشە بەچاوی میراتی زاڵی ئیمپریالییەوە سەیر دەکران، وەک دەربڕینی دەزگایی، سوپا یەکەمین دەزگا بوو کە دەربڕیی لەدەوڵەتی سەربەخۆی عێراق کردەوە. بەمجۆرەش، بووە جێگەی رێزلێنانی خەڵکی عێراق، لەکاتێکدا نە رژێمی پاشایەتیی و نە پارلەمان ئەمەیان پێنەکرا. بەدەرلەوەی رەشەکوژییەکەی ئاشوورییەکان روونییکاتەوە کە رۆڵی سوپا وەک سەرچاوەی یەکێتیی گەل، رۆڵێکی بێوەی نەبووە. دەستبەسەرداگرتنی هەردوو ئامرازی بەزۆر سەپاندن و وەفاداریی بەرفراوانی خەڵکی عێراق لەلایەن سوپاوە لەساڵی 1958دا قۆسترایەوە و کردی بە بەناوبژیوان لەدەسەڵاتی سیاسیی عێراقدا. کاتێکیش قڵیشایەوە، هەروەک لە 1958 دا روویدا دەیان هەزار لە عێراقییەکان کەوتنە سەر شەقامەکان بۆ پاڵپشتییکردنی کوودەتا سەربازییەکە. هیچ بەرگرییەکی میللی دژی ژێرەوژوورکردنی رژێم لەئارادا نەبوو. ئەم راستییە نوێیە، ئەگەری دەرکەوتنی سیستەمێکی سیاسیی دێمۆکراتیی و ئاشتییخوازی لە رووخساردا نەبوو.

بەنیگەرانییەوە، یەکێک لە بەهێزترین سەرچاوەکانی یەکێتیی عەرەب، کە لەماوەی 1920 بۆ-1958 دروست بوو، کینەو بوغزی هاوبەش، لە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. پاش دروستکردنی ئیسرائیل لە 1948 دا، یەکێک لە باوەڕپێکراوترین رێگە بۆ یەکێتیی عەرەبەکانی عێراق، جەختکردنەوە لە نەیاریی بەرامبەر ئیسرائیل بوو. بەشدارییکردنی بەربلاوی سوپا لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل، لە 1948 دا، زۆر جەماوەریی بوو لەناو عەرەبەکانی عێراقدا، ئەو شەرمەزارییە گەورەیەی بەسەر هێزەکانی عەرەبدا هات، شانوشەوکەتی رژێمی لەناوخۆدا خستە ژێرپرسیارەوە، کە نەدەکرا هەموار بکرێت. بۆ سەرکردەکانی داهاتووی

عێراق. پەیامەکە رۆشن بوو. کە عەرەبەکانی عێراق دەکرێ یەکبخرێن بۆ هەڵوێستێکی بەرجەستە لە دوژمنایەتیی و ئەنتی زایۆنیزم، پشتیان پێبەسترێ.

بەرەنجام: شێوازی ئایندە داڕێژرا

دەستنیشانکردنی نەخۆشییە_pathologies هاوچەرخەکانی عێراق، سەرکوتی نێوخۆیی، بەکارهێنانی توندوتیژیی بەشێوەیەکی سیستەماتیک و بەربڵاو. هەروەها بوون بەسەرچاوەی هەڕەشە لە دەروردراوسێکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بە قووڵی رەگوڕیشەیان لە مێژووی هەڵبەزوودابەزی عێراقدا داکوتیبوو. زیانی سەرەکیی بەر ژێرخانی عێراق کەوت. بەماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی سەدام حوسێن دەستی لەکورسی گیر ببێت، دوو بڕیاری چارەنووسساز درابوو کە بۆچوونی بریتانیای لەپشتەوە بوو. یەکەمیان بڕیاری پێکەوەلکاندنی هەرێمی موسڵ بە هەرێمەکانی بەغداد و بەسرەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی عێراق کە عەرەبنشین بوون. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سەرکردەکانی دواتر رووبەڕووی چەڵەمەیەک dilemma ببنەوە کە دەربازبوون لێی سەخت بوو: چۆن کەمایەتیی کورد کە یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەی بەردەوامیان تێداهەبوو لە قەوارەیەکی عەرەبیی پانوپۆڕدا رێکدەخرێ. هەموو سەرکردەکانی عێراق دەرگیری ئەم گرفتە بوونەوە. لەدوا شیکردنەوەشدا هەموویان گەیشتن بەوەی لەرێگەی توندوتیژییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. دووەمین بڕیاریش، بڕیاری بەئەنقەستی بریتانییەکان بۆ لایەنگریی لە سوننەکان لەسەر حیسابی زۆرینەی شیعەکان بوو. راستەوخۆ رێگربوو لە پێکهێنانی حکومەتێکی کارا کە نوێنەرایەتی خەڵک بکات.

عەرەبە سوننەکان بریکاری هەڵبژێردراوی حوکمی ناڕاستەخۆی بریتانییەکان بوون. هەلومەرجی ئەوان وەک کەمایەتیی سەلماندی، ئەو فرۆفێڵە دەستوورییانەی بۆ دیموکراسیی کرا. جگە لە چاوبەستیی هیچیتری لێ بەرهەم نەدەهات. پاراستنی دەسەڵاتی سوننەکان پێویستی بە جێبەجێکردنی تاکتیکێکی کلاسیکییانەی پەرت بکەو- زاڵ ببە بوو. بەسیستەماتیکیی لایەنگریی هەندێ سەرۆک عەشیرەتی شیعە لەسەر حیسابی ئەوانیتر دەکرا. ئەمەش راستەخۆ ئیلیتی شیعەی خۆبەخۆ دابەش

دەکـرد. کـاتێکیش هـەموو تاکتیکـەکان شکسـتیان دەهێنـا، مانـەوەی ئۆلیگارشیی سوننە لە دەسەڵاتدا لەڕێی زەبروزەنگـەوە بەرجەسـتە دەکـرا. ئەمەش بەدرێژایی 1920- 1958 نموونەیەکی بناغەیی بووە.

عێراق 1958-1968
شۆڕش، کۆماریی و ڕێنیسانس

پێشەکیی
کوودەتای سەربازیی 1958 لەمێژووی عێراقدا خاڵی وەرچەرخان بوو. ئەم"شۆڕش"ە دوایەمین پاشماوەی باڵادەستیی داموەزگاکانی کۆلۆنیالیی ڕامالی. سەرئەنجامیش ئەو وێلاشەumbilical cord نەفرەتلێکراوەی عێراق و بریتانیای پێکەوە دەبەستەوە، بەتەواویی پچڕاند. شۆڕش کەسێکی تەنیابالی هێنایەسەر شانۆی دەسەلات_ سوپاسالار عەبدولکەریم قاسم_ وادەرکەوت کە تەواوی هەمەڕەنگیی ئێسنیکیی و تایەفییەکانی تێدا بەرجەستەبووەتەوە. باوکی قاسم عەرەبی سوننەو دایکیشی کوردی شیعەبوو. بەمجۆرە بەکەمێک ڕەنگوڕووی یاساییەوە دەتوانرێ بگوترێ یەکەمین ڕابەری ڕاستەقینەیە کەنوێنەرایەتیی عێراقی کردبێ.
جێگەی پەژارەیە، یەکەمین دەیەی کۆماری عێراقی تازەدامەزراو بەتوندوتیژیی، کێشمەکێشی ناوخۆیی و ناسەقامگیرییەکی سیاسیی بێئەندازە ڕەنگرێژ کرا. زنجیرە کوودەتاکان و دژەکوودەتاکان (counter_coup)، کۆمەڵێک سەرکردەیان بەرهەم هێنا. نەیاندەتوانی بەسانایی کۆنترۆلی ئەو هێزانە بکەن کە لەهەناوی شۆڕشی میللییەوە هاتبوونەدەرێ؛ لەجەرگەی ئەو هەراو گۆلمەزەدا هێزێک سەری دەرهێنا

ئەویش حیزبی بەعس بوو. تــوانیی شایســـتەیی خـــۆی لەســـەپاندنی دیسپلیندا بەسەر سیستەمی سیاسیی بێسەرەوبەرەی عێراقدا بسـەپێنـێ.[48] ئەم دیسـپلین سـەپاندنە فۆرمێکی زۆر دڵڕەقانـەی لـەخۆگرت، بـەڵام زۆر کاریگەربوو، بەڕادەیەک کاریگـەر بـوو، کـەدوای 1968، حیزبـی بـەعس بەتەنیا کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراقی کرد، هیچ هێزێکی سیاسیی نەیـدەتوانی نزیک بێتەوە لەوەی سەرکەوتووانە بەگژ هێجەمۆنی بەعسدا بچێتەوە.

ئەم باڵادەستییە، سەرەتا لەتاکرەویی دەسەڵاتی یەک حیزبییدا خۆی نواند؛ دوای 1979، کاتێـک سـەدام حوسـێن بەفـەرمیی رابەرایـەتیی حیزبـی گرتەدەسـت، بـەعس وەک ماشـێنێکی زۆربـاش چـەورکراو بـۆ خزمـەت بەمەرامـە بـەرزخوازە تایبەتــەکانی سـەدام لەئیشــدا بــوو. بــەعس سەرکەوتووانە توانی هێجەمۆنی دەسـەڵات بپارێزێ، لەکاتێکـدا زۆری تـر شکستیان تێیدا هێنا. تێگەیشتن لەمکوڕبوونی بەعس و رابەرایەتییـەکـەی تێگەیشتنێکی تەواومان لەسەر داینەمیکی مێژووی سیاسیی عێراق دەداتێ.

کوودەتای 1958: پەیدابوونی کۆماری عێراق

ئەو کوودەتا سەربازییەی، رژێمی پاشایی هاشمییەکانی ژێرەوژوور کـرد، بەهەموو پێوانەکان، وێڕای جەماوەرییبوونی هاوکات توندوتیژیش بـوو.[49] کوودەتاکـە لەلایـەن دوو ئەفسـەری شۆڕشـگێڕی سوپاسـالارەوە، قاسـم و ژەنەراڵ عەبدولسەلام عارف رابەرایەتیی دەکرا، هەروەها لەلایەن کۆمەڵێک ئەفســەری تــرەوە کەزۆربـــەیان عــەرەبی ســوننەبوون (ناســرابوون بە"ئەفسەرانی ئازادییخواز")، سەرەڕای کۆمەڵێ حیزبی سیاسیی هەمەجۆر (حیزبی شیوعیی عێـراق ICP، پـارتی نیشـتمانیی دیمـۆکراتییNDP ، پارتی سەربەخۆ و حیزبی بەعس). بەگشتیی ئەم هێزە جۆراوجۆرانە هەر بەناو یـەکگرتوو بـوون لـەچاو ئـەوەی کەئۆپۆزیسیۆنی بـەهێزی رژێمـی پێشوو بوون، یەکدەنگییان هەبوو بۆ رەشکردنەوەی هەموو پاشـماوەکانی رژێمی سیاسیی پێشووتر، بـەڵام ناتەباییـەکـی زۆریشیان هـەبوو لـەوەی چیتر لەجێی دابنێن.

شۆڕش هـەلی بـۆ هەنـدێگ، بەتایبـەت بـۆ ئەفسـەرانی ئـازادییخواز، بـۆ چـاودێرییکردنی کەڵکەڵـەی خولیاکانیـان لەپانعەرەبییــدا رەخســانبوو. گرووپەکانی تر، پێیان باش بـوو عێـراق بخرێتـەپێش هـەموو شـتێکەوە

جـــــــــــــــەخت لەگرفتـــە ئابوورییـــــە نێوخۆییـــــەکان و کێشە کۆمەڵایەتییـەکان بکرێتـەوە. هـەروەها پێشـڤەچوونی عێـراق بـەرەو دەوڵەت و نەتەوەیەکی سـەربەخۆ جێگـەی بایـەخی زیـاتر بێـت. یـەکێتیی لەناو ئەم گرووپانەدا لەسـەردەمێکدا پێکهـات. کەدوژمنایەتییـەکی بێئـەژمار بەرامبەر دوژمنێکی هاوبەش کۆی کردبوونەوە. ئەم یەکێتییـە دوای 1958 بەخێراییـــەکی سەرســـوڕهێنەر کۆتـــایی پێهـــات. سیاســـەتکردن، بـــوو بەخەباتێکی ئاشکراو زۆر دڕێو بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی سیاسیی عێـراق لەئاییندەدا.
خــودی کوودەتاکــە بەتونــدوتیژیی ئــاوێزان بــوو. ئەمــەش ئاماژەیــەکی شوومهێنەرominous بوو بۆ ئەو شـتانەی دەهاتنـە پێشـەوە. لـەجولای 1958 دا. لەکاتێکدا ئەفسـەرانی ئـازادیخواز قورسـایی هێزەکانیـان بـۆ دەستبەســـەرداگرتنی شـــوێنەگرنگەکانی پایتـــەخت و لـــەناوبردن و پاکتـــاوکردنی بنەماڵـــەی فـــەرمانڕەوا تـــەرخانکردبوو(کۆتاییهێنـــان و بنبڕکردنــی یــەکجاریی دەسـەڵاتی هاشـمییەکان). حیزبەسیاسـییەکان بـۆ بەرگرییکردن لەشۆڕشە ساواکە خـەریکی مۆبـەلایزەکردنی mobilizing شـەقامەکانی بەغـداد بـوون. لەپێشـەنگی ئەمانــەدا حشـع بـوو. کـەتوانای مۆبــەلایزکردنی ژمارەیــەکی بێئەنــدازە لەلایــەنگرانی خــۆی لەماوەیــەکی زۆرکەمدا هەبوو.
پاش کۆنترۆڵکردنی بارەگای ڕادیۆ. ژەنەراڵ عارف. بەیاننامەیەکی کورتی پەخشــکرد و کۆتــایی ڕژێمــی پادشــایی و ســەرەتای عێراقــی کۆمــاریی ڕاگەیانـــدو داوای لەخـــەڵک کـــرد بڕژێنـــە ســـەر شـــەقامەکان. لـــەڕۆژانی داهاتوودا. سەدان هەزار کەس. ڕژانە سەر شـەقامەکان. هەنـدێک هـەروەک بەزم. دەیانویست چاودێریی یەک بەیەکی پەرەسەندنی ڕووداوەکان بکەن. بەڵام زۆرینەی خەڵک بۆ ئەوە کەوتبوونە سەر جادەکـان. تـا زەبـری ئـەو تۆڵەئەستاندنەوانە ببینن کەدووچاری فیگەرو سیمبۆڵە بێزراوەکانی ڕژێمی پێشوو دەبێتەوە.
هێزە چەکدارەکان چاودێرییان دەکرد. لەکاتێکدا هەست و نەستی خـەڵکیی نمایشی خۆی لەشێوەی تالانیی و تێهەڵـدان و تۆڵەئەسـتاندنەوەدا دەکـرد. وەک دەرئــەنجامی کوودەتاکــە دوو ڕاســتیی لــەژیانی سیاســیی عێراقــدا بەرجەســـتەبووەوە. یەکـــەمیان. ســـوپا بـــوو بەیـــەکێک لەرکابـــەرەکان

لەنێو هێزەسیاسییەکاندا و هاوکات بوو بەکانگەی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسیی لەعێراقدا. لەم ئاقارەوە گرووپێکی بچووک لەئەفسەرە هەڵچووەکانی سوپا توانیان تەواوی سیستەمی سیاسیی بسڕنەوە. دووەمیان، ئاسەوارەکانی کوودەتاکەو ڕۆڵی مۆبەلایزکردنی جەماوەری دەرخست وەکو هۆکارێک بۆ کۆنترۆڵی سیاسیی. ئەفسەرانی ئازاد هانی خەڵکی عێراقیان دەدا بۆ ئەوەی بڕژێنە سەر شەقامەکان. بۆ دەرخستنی ئەوەی کەکوودەتاکە جەماوەریی بووەو لەم ڕێگەیەشەوە شەرعییەت بەشۆڕشەکە بدەن، هەروەها بۆ ئەوەی بەباشیی ڕێگە لەدەستێوەردانی دەرەکیی و دژەکوودەتای چاوەڕوانکراو لەلایەن ئەفسەرانی دڵسۆزی بنەماڵەوە بگرن. لێرەوە تەرازووی هێزی پارتە سیاسییەکان، بەزۆریی و بۆریی ئەندامەکانیان و پەیامە ئایدۆلۆژییەکانیان دەستنیشان نەدەکرا. بەڵکوو بەتوانای مۆبەلایزکردنی جەماوەر دەپێورا.

کۆماری نوێ

هەر لەسەرەتاوە، گوتاری سیاسیی ئەم کۆمارە نوێیە، باڵی کێشا بەسەر ڕووداوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. بۆ ناوچەکە، دەیەی دوای 1948 سەردەمێکی پڕ لەئاشووب turbulent بوو. پێشبڕکێی شەڕی سارد لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤێت لەترۆپکدا بوو؛ چێکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕاگوێزانی سەدان هەزار عەرەبی فەڵەستین تووڕەییەکی بێسنووری لەجیهانی عەرەبدا لێکەوتەوە؛ لە 1952 دا، کوودەتایەک لەمیسر، تەختی دەسەڵاتی پاشا فاروقی هەڵاوگێڕ (تاڕادەیەک بەهێمنیی) کردو جەمال عەبدولناسری بەدەسەڵات گەیاند؛ هەروەها لەساڵی 1956 سەرۆک ناسر لێوەشاوەیی خۆی نیشاندا، لەکێشەی کەناڵی سوێسدا ڕووبەڕووی هێزە چەکدارەکانی بریتانییەکان و فەرەنسییەکان و ئیسرائیلییەکان بووەوە. کارامەیی ناسر جێگەوڕێگەی ئەوی بەڕادەیەک بڵند کردەوە، لەناو جیهانی عەرەبدا بە قارەمانێکی بێوێنە ستاییش دەکرا. لەفێبریوەری 1958 دا، میسر و سوریا بەفەرمیی یەکیانگرت و کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو(UAR)یان چێکرد. لەڕووی

جیۆگرافییەوە ئەمە نـاوێزە بـوو (دوو وڵات هاوسـنوور نـەبن). بۆیـە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو بەلای زۆرکەسـەوە، هـەنگاوی یەکـەم بـوو لـە ئامـانجی پانعەرەبیسـتەکان بـۆ چێکردنـی قەوارەیـەکی هەرێمایـەتیی بەرفراوانو یەکگرتوو. کەهەموو جیهانی عەرەب لەئامێز بگرێ.

دوابـەدوای کوودەتاکـە. پانعەرەبیسـتەکان لەلایـەن عارفـەوە. ژەنـەراڵی کوودەتا دەست لەپشـتیان دەدرا. بـۆ ئـەوەی عێـراق بچێتـە نـاو کۆمـاری عـەرەبیی یـەکگرتووەوە بـەبێ دواکـەوتن. ئەوانـەی دژی ئـەم پانعەرەبیسـتانە بـوون. لەحشـع و NDP و دارودەسـتەکەی قاسـم پێکهـاتبوون: ئـەم کۆمەڵەیـەی دوایـی. جـەختیان لەسـەر گەشـەکردنی کۆمەلایەتیی و ئـابووریی عێـراق. لـەچوارچێوەی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆدا دەکـردەوە. عێـراق نەیـدەتوانی هاوکـات بچێتـە نـاو کۆمـاری عـەرەبیی یـەکگرتووەوەو بەسـەربەخۆش بمێنێتـەوە. بەمشـێوەیە گۆڕەپانەکـە بـۆ خـەباتێکی دووردرێـژ protracted و بـەئازار لـەنێوان ئـەم جیهانبینییە جیاوازانەدا بۆ ئایندەی عێراق. راهێنـرا. ئـەم کۆششـە بـاڵی کێشـا بەسـەر تەمـەنی کـورتی رژێمەکـەی قاسـمدا و لەکۆتاییشـدا ئـەو هەنگاوە بوێرو نوێیەی بۆ نەتەوەی عێراق لەسەرمەشقدا بـوو. تێکوپێکـدا sabotaged.

فەرمانرەوایی قاسم بەڵێنی زۆردەدا و کەمی جێبەجێ دەکرد. هەوڵێکی زۆر تـەرخانکرا بـۆ دامەزرانـدنی دەزگایـەکی حکـومیی. کـەڕەنگدانـەوەی راستەقینەی گرووپە هەمەجۆرەکانی عێراق بێـت. ئەنجوومـەنی سـەروەریی لەسـێ پیـاو (لەبنەڕەتـدا ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتیی). لەهەرسـێ گرووپـە سـەرەکییەکەی عێـراق- کوردەکـان. عەرەبەسـوننەکان و عەرەبەشیعەکان چێکـرا و کورسـییەکانیان دابەشـکرد. یەکـەمین کابینـەی رژێم کـەم تـازۆر بەیەکسـانیی هـەمووانی لـەخۆگرتبوو. پۆسـت بەهـەموو پارتەسیاسییە سـەرەکییەکان درابـوو. تـەنها یـەک کورسـی(پۆسـتی کـەم بایەخی وەزیری کاروبـاری کۆمەلایـەتیی) بـەر ئەفسـەرانی ئـازادییخواز کەوت.[50] بـەلام زۆرینـەی دەسـەلاتەکان لەدەسـتی قاسـم (وەک سـەرۆک وەزیـران. وەزیـری بـەرەڤانیی. فەرمانـدەی گشـتیی هێزەچەکـدارەکان) و عـارف (وەک بریکـاری سـەرۆک وەزیـران. وەزیـری نـاوخۆ. جێگـری فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکان) دا مایەوە. بەم هەلومەرجەشـەوە. لای

کەم لەسەر پەڕاوی کاغەز. ئەم سیستەمە بەرفراوانترین سیستەمی نوێنەرایەتییکردن بووە وەک حکومەت کەعێراقییەکان لەمێژووی کورتی عێراقدا بەخۆیانەوە بینیبێتیان.

بۆ نیازپاکیی لەسەر ئەوەی عێراق بەرەو ئازادیی سیاسیی هەنگاو دەنێ. مۆڵەتی کارکردنی بەو حیزبانەدا کەلەسەردەمی پێشوودا قەدەغەکرابوون. هەروەها رایگەیاند. هەڵبژاردنی ئازاد لەماوەی ساڵێکدا دەکرێ. جێگەی داخە ئەم هەڵبژاردنە نەکرا. ناکۆکییەکی دژوار و باڵکێش تانوپۆی هەلومەرجی سیاسیی داتەنیبوو لەسەر ئایدێنتیتی دەوڵەتی عێراق. کە ئێستایشی لەگەڵدابێت هەر چارەسەر نەکرا. ئەم ناکۆکییە لەسەرەتادا بوو بەململانێ لەسەر دەسەڵات. لەنێوان قاسم و عارف هەردوو رابەری کوودەتاکەدا؛ ئەنجامەکەیشی وڵاتیان بەرەو هەڵدێری شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەریی برد.

عارف وەک سەرکردەی باڵی پانعەرەبیی. گوشاری دانابوو. بۆ چوونە ناو کۆماری عەرەبیی یەککگرتووەوە. بێگومان ئەم گوشارە رەنگدانەوەی پابەندبوونێکی توندوتۆڵ بوو لەهەمبەر مەسەلەی یەکێتیی عەرەبییدا بەلام لەگەڵ ئەمەشدا. لەسەر پاوانکردنی دەوڵەت. مەبەستی هەڵشاخانێکی راستەوخۆی بەرامبەر قاسم تێدابوو. قاسمیش ئەم هەڵشاخاندنە تایبەتییەی زۆر بەپەلە چارەسەرکرد. عارف یەکەمجار بەرەو Bonn لەئەڵمانیای رۆژئاوا دەرپەڕێنرا. بەبیانووی ئەوەی وەک باڵوێز دایدەمەزرێنن. کاتێکیش عارف گەڕایەوە بۆ بەغداد. دەنگۆی ئەوەهەبوو. کەبۆ ژێروژووورکردنی دەسەلاتی قاسم پیلانی لەژێرسەردایە. بۆیە قاسم گرتی و ویستی سزای مەرگی بەسەردا بدات(دواتر کەمکرایەوەو کرا بەزیندانیی تاهەتایی). بەلام لەکۆڵبوونەوەی رکابەرێک. هیچی لەکرۆکی مەسەلەکە چارەسەر نەکرد.

هێزەکانی پانعەرەبیی لەدژی قاسم خۆیان رێکخست. قاسم توانی لەنەیارییکردنی توێژێکی بەهێز لەدەستەی ئەفسەران سەرکەوتوو بێت. بەهۆی بێپەرۆشیی لەهەڵوێستیدا بەرامبەر کۆماری عەرەبیی یەککگرتوو لەلایەک و دانەمەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەرانی ئازادییخواز لەشوێنە هەستیارەکانی ناو دەسەلاتدا. هاوکات دوژمنایەتیی سەرکردایەتیی بەعسییشی دەکرد. بەعسییەکان بڕوایان بەوە نەمابوو

کــە قاســم پاڵپشــتیی لــەگوتاری پانعــەرەبیــی بکــات. بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی ئــەم هەڕەشــەیە، قاســم پــەنای بــۆ لێوەشــاوەیی ڕێکخستنەکانی حشع برد. ئەمە پێشهاتێکی مەترسییدار بـوو. سیاسـەت لەعێراقدا بەشێوەیەکی زیاد لەپێویست پشتی بە" قەرەباڵغیی دروستکردن" بەستبوو. هەرچۆن حشع لەکاتی پێویستدا خۆپیشاندانیان بـۆ لایـەنگریی لەقاسم ڕێکدەخست. لەم نێوەندەشدا" تاکوتەنها سەرکردەی تاقانە "Sole" نمایشــی تێــدا دەکــرد و خۆشەویســتیی و وەفــاداریی جــەماوەری بــۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنا.[51] بـەڵام قاسـم یـاری بـەئاگر دەکـرد. " هەڕەشەی شەقام" شتێکی لەو ئانارشییە سیاسـییە زیـاتر بـوو کەبـەربینی گرتبوو.[52]

تا 1960 حشع 25000 ئەنـدامی دڵسـۆزی هـەبوو، ئەنـدامانی خـاوەن ئەزموون بـەژمارە کـەمتر بـوون. لەکاتێکـدا حشـع نفـووز و ئەندامـەکانی لەگەشەکردندابوون. ترسی لەدڵی زۆرکەسـدا چانـد(خـاوەن زەوییـەکان). کەئەم نفـووزە بـەکاربهێنرێ وەک سیاسـەتگەلێکی رادیکـاڵیی بـۆ ئـەوەی سامانەکان دابەشبکرێنەوە. لەئەنجامی پشتبەسـتن بـەبازووی حشـع. ڕژێـم کەبەڵێنی خۆتەرخانکردنی دابوو بۆ مەسەلەی نیشـتمانیی. ئێسـتا حـوکمی کۆمەڵگەیەکی چەند جەمسەریی دەکات.

هەنــدێجار وا دەردەکــەوت. لــەبواری یاسـا و سیسـتەمدا. عێـراق بـەرەو هەرەسهێنانێکی سەرلەبەر بچێ. یاخیبوونەکەی موسڵ لەبەهاری 1959 دا پێوەنــدیی بــەم دۆخــەوە هــەبــوو. هۆکــاری ئــەم هەڵگەڕانەوەیــە، خۆپیشـاندانێکی گـەورەی دۆسـت و لایـەنگرانی حشـع بـوو لـەباکووری موســڵدا. نزیکــەی 250,000 لەلایــەنگرانی شــیوعییەکان ڕژانەســەر شەقامەکان. ناڕاستەوخۆ پلانـی کوودەتایـەکیان هەڵوەشـاندەوە. کەیـەکێک لەفەرماندەکانی بنکەیەکی سـەربازیی لەموسـڵ لەگـەڵ دوو ئەفسـەری تـردا لەبزوتنــەوەی ئەفســەرانی ئــازادیخواز بــەنیاز بــوون بیکــەن. ئــەم ئەفسەرە پانعەرەبیستانە بەکۆمـەکی بەشـێکی زۆر لەلایـەنگرانیان لەگـەڵ هەنـدێ سـەرۆک عەشـیرەتی کـوردیی ئـەم دەڤـەرە(بەکۆمـەکی مـادیی لەکۆماری عەرەبیی یەکگرتووەوە) بڕیاری ئەو کوودەتایەیان دا. گـەمارۆی هەنــدێ لەســەرکردە پایەبــەرزەکانی شــیوعییەکانیان دا و دەســتیان بـەیاخیبوون کـرد. ئـەم هەڵمەتانـە تونـدوتیژیی لـەنێوان شـیوعییەکان و

پانعەرەبیستەکاندا بەخۆوە بینی. هەر زوو تەشەنەی کرلو نیمچەشەڕێک بەرپابوو. قاسم بڕیاری ناردنی هێزی ئاسمانیی دا. بۆ بۆمبارانی بارەگا سەرەکییەکانی ئەم یاخیبووانە لەم موسڵ. بەسەختیی یەکێک لەسەرکردەکانی ئەم کوودەتاچییانە بریندار بوو. پاش ماوەیەکی کورت، یاخیبوونەکەش شکستی هێنا.

دواتر و لەهەمان ساڵدا. لەشاری کەرکوک، حشع ڕێپێوانێکی گەورەی تری ڕێکخست، بۆ بیرەوەریی یەکەمین ساڵڕۆژی شۆڕشەکە. دووبارە ئەم نمایشەی شیوعییەکان ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لێکەوتەوە. ئەمجارە لەنێوان لایەنگرانی شیوعییەکان لەکوردەکان و تورکمانەکاندا (لەڕووی ئێسنیکییەوە تورکن) بوو. کوژراوەکان کەمتر بوون لەچاو ئەوەی موسڵدا(30 کوژراو و لەسەروو 100 کەسێکیشەوە بریندار بوون). بەڵام دڵەڕاوکێ پەیدابوو. قاسم ڕووبەڕووی بڕیارێکی ستراتیژی قورس بووەوە؛ لەسەرێکەوە پشتی بەتوانستی حشع بەستبوو. بۆ سازدانی خۆپیشاندانی جەماوەریی بۆ پاڵپشتییکردن لەرژێمەکەی. لەسەرێکی تریشەوە زیادەڕۆیی شیوعییەکان، ریزی ئۆپۆزیسیۆنی دژی رژێم بەهێزتر کرد. قاسم بۆ توندوتۆڵکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی، هەستا بەلێدانی شیوعییەکان. لەدوای ڕووداوەکەی کەرکوک، چەندین شیوعیی تاوانبارکران بەهاندانی توندوتیژیی و دەستبەسەر کران. لەدادگای سەربازییدا دادگاییکران و بڕیاری مەرگیان بەسەردا سەپێنرا. میدیای شیوعییەکان بێدەنگ کرا. ئەو شیوعییانەی لەپۆستە گرنگەکاندا بوون لەناو رژێمدا. وردەوردە بژارکران. ئەوەندەی دەسەڵاتەکەی قاسم مایەوە، حشع بەتەواوی ملکەچکرا. لەگەڵ ئەمەشدا. هێشتا هەر لایەنگرییان لەرژێم دەکرد.[53]

وێڕای ئەو ئاژاوانەی لەلایەن سەرەڕۆییەکانی حشع یەوە دروست دەکرا. سەقامگیریی رژێمەکەی قاسم لەلایەن پانعەرەبیستەکانیشەوە لەژێر هەڕەشەدا بوو. تا ساڵی 1960. سێ جار هەوڵ بۆ ژێروژوورکردنی رژێم درا- هەوڵێک بۆ کوودەتا لەدیسەمبەری 1958 دا. هەڵگەڕانەوەکەی موسڵ لەبەهاری 1959 و هەوڵی تیرۆرکردنی قاسم لەئۆکتۆبەری 1959دا لەلایەن بەعسەوە. ئەمەی دواییان، زۆر بەلاوازیی پلانی جێبەجێکردنەکەی داڕێژرابوو، جێگەی سەرنجە، کەبۆیەکەمین جار، سەدام حوسێنی تێدا

دەربکـــــــــــەوێ(وەک بەشـــداربوویەکی هەوڵەکـــە) و جێپەنجـــەی بەشانۆی سیاسییەوە دەربکەوێ.
ئـــەو راکردنـــە پـــڕ لـــە" قارەمانێتییـــە"ی ســـەدام پێـــی هەڵســـا لەدەستبەسەربوونییەوە، بووە کرۆکی ئـەو هـەمـوو کتێبـە ڕێگەپێدراوانـەی کەژیاننامەی سەدامیان دەگێڕایەوە. چیرۆکـی فـەرمیی رووداوەکـان. وەک تۆمـــار کـــراوە لەبایۆگرافییەکـــەی خۆیـــدا (رۆژە دریژەکـــان). وا دەگێرێتـەوە چـۆن سـەدام پێکـراوەو گوللەیـەکی لـەلاقی خـۆی بـەگوێزان دەرکـردووەو لـەرووباری فـورات بـە مەلـە پەڕیوەتـەوە(رووەو سـوریا رۆیشـــتووە). دواتـــر قۆنـــاغی کۆتـــایی بەگەشـــتێکی حـــەوت رۆژیـــی بەئەسپیســـواریی لـەبیابانی ســـوریاوە بەئـەنجام گەیانـــدووە. پێـــدەچێت، بەهاتنـــەوەی لەســـوریاوە وەک پاڵـــەوان پێشـــوازیی لێکرابێـــت لەلایـــەن ئەندامانی حیزبی بەعسەوە.

حیزبی بەعس دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ

لەسەروبەندی روخاندنی رژێمی پادشـایەتییدا لەسـاڵی 1958 دا. حیزبـی بەعس هێزێکی بچووک بوو لەناو سیاسەتی عێراقییدا. بۆ نموونە لەسـاڵێ 1956 دا لقی عێراقی حیزبی بەعس. بە 300 کەسەوە شـانازیی دەکـرد. لەساڵی یەکـەمی کۆمارییـدا لـەژێر حـوکمی قاسـمدا. ئەنـدامگیریی پـەرەی سەند و بوون بە نزیکـەی 2000 لایـەنگری "رێکخـراو" و جـەماوەرێکی 10000 کەسیی پاڵپشتیی دەکرد.[54] ئەم هێزە بچووکە بەهێزی خاراو و یەکدەستی حشع بەراورد نەدەکرا. دەتـوانرێ بگـوترێ لـەو کاتـەدا حشـع زۆرتر لەیەک میلیۆن لایەنگری هەبوو. حشـع لـەو سـەردەمەدا. کـۆنترۆڵی جادەکانی بەغـدادی لەمـەی 1959دا بەخۆپیشـاندانی پتـر لـەنیو میلیـۆن بەشداربوو کردبوو. ئەمەش خاڵێکی پرشنگدارە لەجـەماوەرییبوونی حشـع دا؛ لەســالانی دواتـــردا. ئەنـــدامی نـــوێ، زۆر هاتـــە ریـــزی بەعســـییەکانەوە. بەئەندازەی ئەو ژمارەیەی لە حشع دەتەکینەوە.
سێ فاکتەری سەرەکیی هەن لەهەڵتۆقانی حیزبی بەعسدا. لەسـەر حیسـابی حشـع. یەکـەم. وەک ئامـاژەی پێـدرا لەسـەرەوە. دوودڵیـی قاسـم لەمـەڕ لە ئامێزگرتنی ئەو بۆچوونەی کەپێیوابوو دەبێ یەکسەر بچنە ناو کۆماری عـــەرەبیی یـــەککگرتووەوە. ئەمـــەش مۆبـــەلایزکردن و پاڵپشـــتیی بـــۆ

عەرەبە ناسیۆنالیستەکان زۆرتر کرد. دووەم، کاری تێکدەرانەو پڕ لەتوندوتیژیی حشع لەموسڵ و کەرکوک، هانی زۆرکەسی دا، بچن بەلای هەر هێزێکی سیاسیی تردا کە دژی نفووزی شیوعییەکان بێت. سێیەم سەرەڕای هەوڵی سەرنەگرتووی بەعس بۆ تێرۆرکردنی قاسم لە 1959 دا، وەک نوکتەی لێهات، بەڵام هەر دوای رووداوەکە، جێگەوڕێگەی بەعس لەچاوی زۆرکەسدا بەرز بووەوە.
رژێم 57 کەسی لەناسیۆنالیستە عەرەبەکان"دوژمنانی دەوڵەت" کۆکردەوە(زۆربەیان ئەندامی حیزب بوون) و دایانی بەدادگای گەل، بەدادگاییکردنێکی سەرپێیانەو فۆرمییانە. مەبەست لەم هەنگاوە، ئامادەکردنی سەکۆیەکی جەماوەریی بوو بۆ سووکایەتییکردن و تۆقاندن، بەرامبەر هەموو ئەوانەی کەدژایەتی رژێم دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە، دادگاییکردنەکەیان، بەسەرجەم جیهانی عەرەبدا راستەوخۆ پەخشکرا. ئەم تاکتیکە لەسەری رژێمدا شکایەوە، تاوانبارەکان هیچیان لەهەڵوێستی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە، بەپێچەوانەوە هەلەکەیان قۆستەوەو ئازایانە هێرشیان کردەسەر رژێمو بەدرێغییکردن لەمەسەلەی عەرەبیی تاوانباریانکرد. هەروەک ئەبوریش دەڵێ" باشترین ساتەکانی حیزبی بەعس بوون."[55] سەرئەنجام 17 یان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بەسەدام حوسێنیشەوە.
زنجیرەی هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ گۆڕینی رژێم، لەلایەن پانعەرەبیستەکانەوە، بوو بەرێگر لەهەمبەر مەسەلەی عەرەبییدا، بەڵام کاتیی بوو، حیزبی بەعس خۆی کۆکردەوەو لەسەرەتای شەستەکاندا، وزەی خۆی لەسەر پتەوکردنی رێکخستنەکانی حیزب و تاقیکردنەوەی توانای خۆیان بۆ مۆبەلایزی خەڵک لەسەر جادە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حشع سازدا . یەکێ لەهەڵە کوشندەکانی حشع، بێتواناییان بوو لەدزەکردن و سووسەکردنە Infiltrate ناو هێزە چەکدارەکانەوە، لەم ئاقارەدا حیزبی بەعس زۆر کاریگەرتر بوو.
لە1962 دا، سێکرێتێری حیزب عەلی ساڵح ئەلسەعدی، بیرۆی سەربازیی حیزبی بەعسی دامەزراند، بەمەبەستی سەربازگیریی ئەو ئەندامانەی ناو دەستەی ئەفسەران بۆ خزمەتکردن بەمەسەلەکە. کاریگەریی ئەم هەنگاوانە بەڕوونی لە 1963 دا دەرکەوت، کاتێ هاوپەیمانییەک

لـــەچالاکوانانی ســــیقیلی بــەعس و ئەفســـەرە بەعســییەکانی ســوپا.
لـــەژێروژوورکردنی رژێمـــی قاســـمدا ســـەرکەوتووبوون. لەکاتێکـــدا
یەکە سەربازییەکانی ژێر دەست ئەفسەرە بەعسییەکان ئابلۆقەی وەزارەتـی
بەرگرییان دا، لایەنگرانی پرچەکی حیزبی بەعس چوونەسەر جادەکان، بۆ
خاڵییکردنەوەی هەر هەڕەشەیەکی چاوەڕوانکراو لـەمۆبالیزەکردنی خـەڵک
لەلایەن حشع ەوە. پاش دوو رۆژ شەڕی قـورس و دەسـتەویەخە لـەدەوری
وەزارەتی بەرگریی، یاخییبووەکان، هێڵەکانی بـەرگرییان بەزانـد، قاسـمیان
دەستگیرکردو گوللەبارانیان کرد. پاش سـەرکەوتنی ئـەم کوودەتایـە، ئـەم
لێشاوە لـە خـەڵکی سـیقیل، بـوون بـەبڕبڕەی پشـتی هێزێکـی میلیشـیایی
نیمچەسەربازیی- گاردی نەتەوەیی{ حەرەس قەومیی} - کەجێگـەی هێـزی
بەرگریی میللییەکەی قاسمی گرتەوە. رژێمی قاسـم لـەژێر رێژنـەی گوللـەدا
لـــەدایک بـــوو، بەهـــەمان چارەنووســـیش بـــەلاوەگێڕ بـــوو. بـــۆ
جەختکردنەوە لەمەرگی قاسم، کوودەتاچییەکان چەندین وێنـەی بێگیـانی "
سەرکردەی تەنها" یان لەرێی تەلەفزیۆنی نیشتمانیی عێراقەوە پەخشکرد.

بەعس لەدەسەلاتدا

بۆ حوکمکردنی رژێمێکی نوێ، کوودەتاچییـەکان، ئەنجومـەنی نیشـتمانیی
سەرکردایەتی شۆڕشیان(NCRC) دامەزرانـد، لەلایـەن ژەنـەراڵ عـارفی
تازە ئازادکراوەوە بەڕێوە دەبرا. حیزبی بەعس 16 کورسیی لـەکۆی 18
کورســیی ئەنجوومەنەکــەو 12 پۆســت لــەکۆی 21 پۆسـتی کابینــەی
حکومەتی بەرکەوت- بەسەرۆک وەزیرانیشەوە، کـە بـەر ئەحمـەد حەسـەن
ئەلبەکر کەوت.[56] ئەم حکومەتە بەتەواویی حیزبی بەعس بەسەریدا زاڵبوو-
دەسەلات بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان هەردوو باڵی سیقیل و سـەربازیی
حیزبی بەعسدا دابەشکرا.[57] بەڵام تەنها نـۆ مـانگی خایانـد. بـۆ حیزبـی
بـەعس ئەمـە ماوەیـەکی بـاش بـوو بـۆ تەخشـانکردنی بێسـەرەوبەرەیی
لەشـەقامەکانی بەغـدادا. شـەپۆلی تۆقانـدن و راوەدوونـان دەسـتپێکردو
سەرانسەری پایتەختی گرتەوە. گاردی نەتەوەیی لەلوتکـەی ئـەم شـەپۆلەدا
راوەستابوو. ژمارەی ئەم هێزە گەیشـتە نزیکـەی 15000 کـەس، ئـەرکی
پاراستنی شۆڕش خرابووە ئەستۆی، وێـرای لەرەگوڕیشـەوە هەڵتەکانـدنی

دوژمنەکانی دەوڵـەت. ئـەم ئەرکەش بـە ئەوپـەڕی رادەی توندوتیژییـەوە جێبەجێکرا.
ئەو نێچیرانەی بەر ئەم شەپۆلە توندوتیژییە کەوتن، زۆربەیان لەئەنـدامانی حشـع و ئەنـدامانی ئـەو میلیشـیایانەی کەحشـع سەرپەرشـتی دەکـردن، چەپەکان و سـەندیکا کرێکارییـەکان بـوون. ئەنجامەکـەی خوێنڕشـتنێکی زۆری لێکەوتەوەو کوشتوبڕی نزیکەی 3500 کەس لەلایـەنگرانی رژێمـی پێشووی پێوەبوو. ئەشکەنجەدان لەم ماوەیەدا ببوو بەشتێکی زۆر ئاسایی، بەتایبـەت لـە قەسـرلنیهایەی ناوبـانگزڕاو" پالاسـی کۆتـایی". دواتـر ئـەم پالاسە بوو بەشوێنێکی ناسـراو لەئەشـکەنجەداندا لەسـەردەمی دەسـەلاتی سەدامدا.
قورسایی خرایە سەر تێکشکاندنی حشع و بنکە جەماوەرییەکـەی، حیزبـی بەعس لەماوەی نۆ مانگی دەسەلاتدارییەتییدا، کـاتی تـەواوی بـۆ رۆنـانی پرۆژەی سوودبەخش نەبوو. لەئەپریلی 1963دا وتـووێژ لەگـەڵ میسـردا سـەبارەت بەشـیمانەی یـەکگرتن، دەسـتپێکرد. بـەلام بـەهیچ شـوێنێک نەگەیشت. دواتر لەجونـدا هێرشـێکی نـوێ بـۆ سـەر کوردەکـان دەسـتی پێکرد، تا رادەیەک ناوەز بوو، چونکە کوردەکان تا کۆتایی لەگەڵ رژێمـی قاسمدا جەنگان. لەراستییشدا لایەنگرییان لەکوودەتاکە کرد.
ئەم هەوڵەی دوایـی بـۆ تێکشـکاندنی بـەرخۆدانی کـوردیی، وێرانکردنـی گوندەکانیشـی گرتـەوە، بەبـەکارهێنانی تانـک و فڕۆکـەی جـەنگیی. لـەم پرۆسێسەدا سەدان کەسی بێتـاوان کـوژران. ئـەم شـالاوە دڕندانەیـە دژی کوردەکان، بۆ مەرامی دوژمنکارانەی رژێمی بـەعس و ئـەو ئەفسـەرانەبوو، کەلەسـەردەمی رژێمـی پێشـوودا، لەبـەر بێتواناییـان بـۆ تێکشـکاندنی کوردەکـان، تووشـی بێئومێـدیی بووبـوون. رەوشـی{کۆنتێکسـت} ی ئـەو هێرشە لەگەڵ نموونەی هێرشەکانی سەردەم چوونیەکییان هەیە. کوردەکان، بـەپانوپۆریی پلانـی ئۆتۆنۆمییـان بـۆ بـاکوور داڕشـت، لەدیـدی رژێمـەوە بەدەنگـەوەهاتنی داواکـاریی کوردەکـان، یەکپارچـەیی دەوڵـەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە رژێم بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە پەنای بـۆ زەبروزەنگ برد. بێ لەبەرچاوگرتنی ئایدیێنتیتی، رژێم لەبەغداد، زنجیـرەی بەکارهێنانی توندوتیژیی دژی کوردەکان بێپسانەوە درێژەی کێشا.

لــــه 1963 دا حیزبـــــی بەعس توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نەمابوو. رژێم لـەناوخۆیدا شـەق ببـوو. لـەنێوان بـاڵی سۆشیالیسـتە رادیکاڵـەکان و کۆنسێرڤەتیڤە { پارێزگاران} پانعەرەبیستەکاندا کەرتبوو. ئەمەی دوایـین. لـەتبوونێکی تریشـیان تێـدابوو. لـەنێوان یـەکگرتنێکی دەسـتبەجێ لەگـەڵ میسـردا (پـرۆ ناسـرییەکان) و ئەوانــەی مەسـەلەی یـەکێتیی عـەرەبیان لەتەوەرەی بەعسییەکانی عێراق و سـوریاوە سـەیر دەکـرد.[58] دوولـەتبوون لەنێوان باڵی سەربازیی و سیڤیلی سەر بەبەعسـدا بەئاشـکرا دەرکـەوتبوو. ئەمـەش زیـاتر گەشـەی کـرد، کـاتێ گـاردی نەتــەوەیی شـوولی زیـاتری لێهەڵکێشاو کەمپەیینی تۆقاندنی بەئاستێکی بەرز گەیاند، دەرهـەق بـەتیمی سەربازیی. گاردی نەتەوەیی بەشێوەیەکی خێـرا، بـۆ سـەقامگیریی رژێمـی نوێ جێگەی مەترسیی بوون.

لەم هەراو گۆڵمەزەدا، سەرۆک عارف، مۆبەلایزی یەکە سەربازییەکانی کرد، بەتایبەت ئەوانەی دڵسۆز و جێگەی متمانـەبوون. شـوێنە سـتراتیژییەکانی بەغدادی گرت، دواتر هەڵمەتی بۆ سەر بارەگای سەرەکیی گاردی نەتەوەیی برد. لەماوەی چەند کاژێرێکدا، عارف سـەرکەوتووانە کوودەتایـەکی تـری جێبــەجێکرد. جــارێکی تــریش، شــوێنپێی هێزەچەکــدارەکانی، وەک سەرچاوەیەکی رەهای دەسەلاتی سیاسیی لەولاتدا توندوتۆڵ کردەوە.

وێڕای دوورکەوتنەوە لەهەڵسوکەوتە نابەجێکانی رژێمـە تەمـەن کورتەکـەی بـەعس، رژێمـی عـارف هــەر لەسـەرەتاوە روونیکـردەوە کەدێمۆکراسـیی چارەسـەرێکی گونجـاو نییـە. عـارف خـۆی بـوو بەسـەرۆکی کۆمـارو بەفەرمییش سەرکردایەتیی هێزەچەکدارەکاانی لەئەستۆ گـرت. عـارف تـا تێداچوونی بەهۆی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەرەکـەی لەئـەپریلی 1966دا حوکمی عێراقی وەک دیکتاتۆرێکی سەربازیی کرد.

وەک جەنگاوەرێکی دێرینی کوودەتاکەی 1958، عارف لەهـەموو ئـەوانی تــر بــۆ پارێزگــاریی لەدەســەڵات لــەجیهانی سیاســەتی عێراقــی شــەپڕێودا ســەرکێش و بــەرچاو رۆشــنتر بــوو. بــۆ راییکردنـــی appease چەپــەکانیش، لــەجولای 1964 فــەرمانی خۆمــاڵییکردنی بانکــەکان و دامودەزگــا پیشەســازییە ســەرەکییەکانی دەرکــرد. بــۆ هێورکردنــەوەو دڵدانەوەی placate هەستی پانعەرەبیسـتەکانیش، لەدەسـتووری 1964 دا یەکێتیی عەرەبیی وەک ئامـانجی سـەرەکیی دەوڵـەتی عێـراق جێکـەوت

کــــرا. بـــۆ لابردنـــــی رەقیبەکانی بێئەوەی میلیشیا بەگژیانــدا بکـات و تۆڵەیان لێبسەنێتەوە(عارف گاردی تۆقێنەری نەتەوەیی هەڵوەشاندەوە). عـــارف بێپیســـانەوەو لەپشـــت پـــەردەوە دڵرەقانــــە دوژمنــــەکانی لەرەگەوە هەڵدەکەنی(بەتایبەت حیزبی بەعس). بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بەپۆلیسی نهێنیی بەستبوو، یان تیرۆری سەرەگەورەکانی بەعس بکەن، یان بیانخەنــە کـونجی زیندانەکانــەوە. بـۆ خۆپاراستنیش لـەدژە کوودەتـای چاوەڕوانکراو لەناو هێزەچەکدارەکانەوە، لایەنگران و دڵسۆزانی بەعسی لەپۆستەکانیان لابرد(لەناویشیاندا بەکر، کەزیندانیی کرا). لەهەنگاوێکدا کەدەنگدانەوەی سامناکی بەدواوە بوولەدەرەوەی ریزبەندییەکانی سوپا، بۆ پاراســتنی خــۆی و لەترســی ســوپاکەی خــۆی، ســوپایەکی بچــووک و دەســتەبژێری(گــاردی کۆمــاریی) دامەزرانــد. ئەمــەش بــووە دیمــەنێکی سروشــتیی بــەردەوام، لەبــەدامودەزگاییکردنی سیاســەتی عێراقییــدا - ئــەم هێزە دەستوەشێن و دڵسـۆزە، هەڵبژاردەیـەک بـوون لەهێزەچەکـدارەکان، بەرژەوەندییەکی تایبـەتییان لەپاراسـتنی رژێمـدا هـەبوو. بـۆ دابینکردنـی وەفاداریی، عارف پشتی بەخزم و کەسوکاری عەشیرەتەکەی بەسـت. ئـەم هێـــزە لەلایـــەن کۆلۆنێـــڵ{ عەقیـــد} ســـەعید ســـلێبییەوە سەرپەرشـــتیی دەکرا.ئەمیش هەروەک عارف سەر بەهۆزی ئەلجومەیلـەبوو. ناوچانـەکانی ئەم هۆزە سـەرچاوەی سـەرەکیی سـەربازگیریی بـوون. بـەمجۆرە گـاردی کۆماریی ناوزراو، لەداهێنانی سەدام حوسێن نەبوو، دواتـر هـەمان ئـەرکی لەژێر دەسەڵاتی رژێمەکەیدا دەبینی.

لەرێگەی کۆمەڵە فرتوفێڵێکی لەم چەشنەوە، عارف توانیی نیـزام بسـەپێنی لەعێراقدا. باکوور دۆخێکی نائاسایی هەبوو، سەرەڕای بەڵێندان بـەکۆتایی هێنـانی شـەڕی کوردەکـان بەشـێوەیەکی ئاشـتیی، گفتوگۆکـان لـەنێوان حکومـەت و سـەرکردەی کوردەکانـدا، مـەلا مسـتەفا بـارزانیی، بـەخێرایی شکستی هێنا. شەڕێکی سەرتاسەریی لەهاوینی 1964 دا دەستپێکردەوە. هەروەک جارەکانی پێشـوو، هێزەکـانی حکومـەت بەئاسـانییەکی رێژەیـی دەیـانتوانی کـۆنترۆڵی شـارە سـەرەکییەکان بکـەن، بـەڵام هـەرگیز نەیاندەتوانی کوردەکـان لەسـەنگەرە سـەختەکانی ناوچـە شـاخاوییەکاندا دەرپەڕێنن، ئەنجامی چاوەڕوانکراو هەر بنبەست stalemate بوو.

ئـەو ئارامییـە رووکەشـەی سـەردەمی عـارف کەبەسـەر رەوتـی رووداوەکانـدا سـەپێنرابوو پاش مـەرگی. لەئـەپریلی 1964 دا بـەخێرایی بەئاسماندا چوو. ئەنجوومەنی بـەرگریی نیشتمانیی کـەجێی NCRC ی گرتـەوە. وەک دەزگایـەکی سـەرەکیی حـوکمڕانیی. بـرای ژەنـەراڵی کـۆچکردوو، عەبـدورەحمان عـارفی بەسـەرۆک هـەڵبژارد. دەرکـەوت زۆر دەسـتوپێ سـپییە لـەچاو براکەیـدا. لـەقۆرغکردن و راگرتنـی هێزەسیاسییەکانی عێراقدا. نەخشـەیەکی ئاشـتیی پێکهاتوو لـە 12 خـاڵ، بەکوردەکان درا بـۆ کۆتاییهێنـانی شـەڕ لـەباکووردا. ئـەم پلانـە لەوانەیـە بەباشـترین پـلان دابنـرێ کەبـەکوردەکان درابێـت، بـەڵام دەسـتبەجێ راکێشـرایەوە لـەژێر گوشـاری تونـدی ئەفسـەرە سـەربازییەکانی عارفـدا. بۆیە تێکهەڵچوونی چەکداریی لەباکووردا درێژەی هەبوو.

لەهەوڵێکـدا کەسـەرتاپا شـایانی ستاییشـە، بـۆ دوورخسـتنەوەی رژێـم لـەدیکتاتۆریی سـەربازیی، عـارف هەرەشـەی هـەڵبژاردن و داڕشـتنەوەی پارلـەمانی کـرد. زینـدانییانی سـەرانی نـاوداری بـەعس ئـازاد کـران- هەنگاوێک کە سەرەنجامەکەی بەخراپ شکایەوە. لەدوای شەڕی عـەرەب و ئیسرائیل لەساڵی 1967 دا، زەنگـی ئـاوابوونی رژێـم لێـدرا. لـە"شـەڕی شـەش رۆژە" دا، ئیسـرائیلییەکان هێزەکـانی میسـرو سـوریاو ئوردنیـان تێکوپێکـدا بەسـانایيەکی بێوێنـە. ئەمـەش ریسـواییەکی گـەورەبوو بـۆ شکۆداریی جیهانی عەرەب، بەتایبەتییش بۆ ئـەو حکومەتـە سـەربازییانەی کەزۆرێک لەوڵاتەکانی ناوچەکەیان لەپەنجاکاندا بەڕێوە دەبرد.

سەرکەوتنی ئیسرائیلییەکان ئەوەندە خێرا بوو، هێزەکانی عێـراق چانسـی بەشداریيکردنیان لەم شەڕەدا بەرنەکەوت. کەچیی رژێمی عارف باجی ئـەم تێکشکاندنەی عەرەبەکانی دایەوە. چەند مانـگ دوای شـەڕەکە، ژاوەژاو و پشێویی شەقامەکانی بەغدای تەنییـەوە. لەگەرمـەی رووداوەکانـدا، حیزبـی بەعس گیانی بەبەرداکرایەوەو هاتەوە سـەر شـانۆ. کـاتێ کۆتـایی عـارف هات، شێوازێکی هێمنانەی بەخۆوەبینی، کە شتێکی باو نەبوو.

هاوپەیمانییەک لەنێوان ئەفسەرانی هەواڵگری سەربازیی، گاردی کۆمـاریی، فەوجی تانکی تایبەت بەگاردی کۆماریی پێکهات و باڵی سەربازیی حیزبـی بـەعس بارەگـای تەلـەفزیۆن، وەزارەتـی بـەرگریی و بارەگاکـانی گـاردی کۆمارییان لەبەغداد داگیرکرد. ژەنەراڵ حـەردان ئـەلتکریتیی سوپاسالاری

بەعس. داوایەکی شەخسیی بـــەڕێزەوە لـــەعارف کـــرد، کـــەوازبهێنێ و بەفڕۆکە بچێ بۆ لای ژنەکەی لە لەنـــدەن: پاش چاخواردنەوەیـــەک لەگـــەڵ ژەنەراڵی ناوبراودا، عارف گوێڕایەڵی داواکە بوو.[59]
جارێکی تـــر حیزبـــی بـــەعس کەوتـــەوە ڕابەرایـــەتی سیاســـەت لەعێراقـــدا، ئەمجارە سەلماندی کەلابردنی زۆر سەختە.

میراتی کۆماری عێراق

باڵادەستی سوننە

بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلەلایەن سوپاسالار قاسمەوە ئامـاژەی بـەوەدا بـۆ یەکـەمین جـار لـەمێژووی عێراقـدا، سـەرداریی سـوننەکان بەسـەر دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بەرەو کزی دەڕوات. قاسـم کەلـەباوکێکی عـەرەبی سوننەو دایکێکی کوردی شیعە بوو وێنەیـەکی دێمـۆگرافیی دروسـتیی بـۆ حوکمکردنی عێراقی پـڕ لـەئاژاوە تێـدا بـوو. دروسـتکردنی ئەنجوومـەنی ســەروەریی لەســێ پیــاوی کــورد، عــەرەبی شــیعەو عــەرەبی سوننە کە بەشێوەیەکی یەکسان نوێنەرایەتیی بکات، ئەمـەش (پێیـدەچێ) هـەنگاوێکی سـەرەکیی بـووبێ بـۆ نۆژینـەوەی سیسـتەمێکی سیاسـیی کەبەڕاسـتیی نوێنەرایـەتیی خـەڵک بکـات. لەمـەش زیـاتر، گرنگتـرین هاوپـەیمانی سیاسـیی قاسـم کـە حشـع- بـوو، حیزبێـک بـوو جیاوازییە ئێسنیکیی و تایەفییەکانی تێپەڕاندبوو.
لەڕاستییشدا، حشع بنکـە جەماوەرییەکـەی لـەناو شـیعەدا بـوو، بەتایبـەت چینـە نـەدارەکانی شـیعە لەگەڕەکـە هەژارنشـینەکانی بەغـداو شـیعەکانی باشوور. هەروەها کوردەکانیش توانیان سەرنجیان بەلای حیزبێکدا بچـێ، کەجـەخت لـە سـەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی سـامان و دارایـی دەکـردەوە، هـەروەها هەڤـدژ t و نـەیاری پـرۆژەی بەرچاوتـەنگیی و کەشوفشـی grandiose پانعەرەبیستەکان بوون. بۆ یەکـەمین جـار لەدروسـتکردنی دەوڵـەتی عێراقـەوە، لـەژێر حـوکمی قاسـمدا، ئیلێتـی سـوننە سیسـتەمی

سیاسییان بەتەواوی قۆرغ نەکردبوو. بەڵام گرفت ئەوەبوو، دەسەڵاتی راستەقینەنە بەدەستِ ئەنجوومەنی سەروەرییەوە بوو، نە بەدەست حشع و تەنانەت بەدەست خودی قاسمیش نەبوو. لەدەیەی یەکەمی کۆمارییدا، دەسەڵاتێک کەچارەنووسی رژێمی یەکلا دەکردەوە سوپا بوو. سوپاش باسک و هێزی سوننەکان بوو. لە ماوەی دە ساڵی یەکەمدا هێزە چەکدارەکان لەگۆڕینی رژێمەکاندا خاوەنی بڕیار بوون. بەساکاریی، لەسەردەمی پاشایەتییدا دەسەڵات لەدەست ئیلیتی سیڤیلەوە، گواسترایەوە بۆ دەست ئیلیتی سەربازیی لەسەردەمی کۆمارییدا. دەستبەرسەرداگرتنی دەسەڵات لەلایەن ژەنەراڵ عارفەوە، وەک پانعەرەبیستێکی سەرسەخت و " ناسیۆنالیستێکی سوننیی" دڵسۆز staunch، جەختی لەوەکردەوە، کەهێشتا عێراق لە ناوجەرگەی دەڤەرە سوننییەکانەوە بەڕێوە دەبرێ.[60] لەراستییدا لەژێر چەکمەی چەندین رژێمدا، لەیەکەمین دەیەی کۆماری عێراقدا، باڵادەستیی سوننەکان بەسەر پۆستە گرنگەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسییدا بەترۆپکی خۆی گەیشت. لەماوەی 1958-1968 دا، لە گرنگترین 38 سەرکردە سیاسییەکان، 30 کەسیان لەسوننەکان بوون،6 یان عەرەبی شیعەو، تەنها دووانیان کورد بوون.[61] لەئاستەکانی خوارەوەی حکومەت باڵادەستیی عەرەبی سوننە کەمتر بەدیار دەکەوت. بەڵام سیستەمەکە بەگشتیی بۆ نوێنەرایەتییکردنی خەڵک لەعێراقی هەمەڕەنگدا، هەرگیز لەوەپێش ئەوەندە پانوپۆڕ نەبووە.

حوکمکردنی عێراق

یەکەمین ئەزموونی عێراق بۆ سەربەخۆییەکی راستەقینە، بەبەڵێندان دەستی پێکرد. سەرکردەیەکی گەلیی بەباکگراوندێکی ئێسنیکی تێکەڵەوە، بەبەرچاو رۆشنییەوە جەختی زۆرتر لەیەکێتیی نیشتمانیی دەکردەوە تا بە پرۆژەی تەمومژاویی یەکێتیی عەرەب دەگات، پابەندبوونی خۆیشی بۆ ساڕیژکردنی برینە مێژووییەکان راگەیاند. ئەو حکومەتێکی پارلەمانیی پانوپۆڕی دامەزراند، دووبارە رێگەی کارکردنی بەحیزبە سیاسییەکان دا و بەڵێنی هەڵبژاردنێکی پێشوەختیشی راگەیاند. لە 1958 دا هەلومەرجی سیاسیی بەسیمای ژمارەیەک حیزبی سیاسیی، کەلەڕووی

ئایدۆلۆژییەوە میانڕۆ بوون، دەناسرایەوە. لەو حیزبانە(وەک NDP) کەچینی ناوەڕاست رووی تێدەکردو پابەندبوونی خۆیشی بەپرۆسەی دیمۆکراسییەوە مکۆم کردەوە.
لەدەوروبەری 1963 دا، زۆربەی ئەم حیزبە سیاسییانە پووکانەوە. بەدوو رێکخراوی سەرەکیی جێگەیان گیرایەوە(حشع و حیزبی بەعس). کەسەرتاپا دوو باکگراوندی جیاوازیان هەبوو. هەرگیز پێشبڕکێی سیاسیی لەنێوانیاندا لەسندووقەکانی دەنگداندا خۆی نەبینییەوە. بەڵکوو ئەم کێبڕکێیە بەیەکدادانی دوو رێکخراوی ژێرزەمینی clandestine بوو، کە سەنگی مەحەک بۆ سەرکەوتن تێیدا بەمۆبەلایزکردنی " شەقامەکان"[62] دەپێورا. لەرووی ئایدۆلۆژییەوە هیچیان میانڕۆ نەبوون و حەزیان بەپلورالیزمی دیمۆکراسیی نەدەکرد. رژێمی قاسم ئەم حیزبانەی دروست نەکرد، بەلام ئەو زەمینەی بۆ سازکردن، کەبەشێوازێکی سیاسیی فەندەمێنتالانەو ناتۆلێرانسانە هەڵسوکەوت بکەن.
لەپشت پەردەشەوە، هێزەچەکدارەکان لەپلەکانی سەرەوەدا، دابەش بووبوون و بە قاچ کێشانەوەی یەکترەوە سەرقاڵ بوون. کارێزمایی قاسم پاڵپشتییەکی باش بوو بۆ مانەوەی، بەلام سەرئەنجام بەدەردی نەخوارد بۆ قوتاربوونی لەدەست کوودەتایەکی توندوتیژ کەسەری خۆی خوارد.
لەلایەکی ترەوە، رژێمی قاسم لەپەکخستنی ژیانی سیاسیی لەعێراقدا بەشدارییەکی بەرفراوانی کرد. دامەزراندنی دادگای گەلی{خەڵکیی} لەئۆگەستی 1958 دا، نموونەیەکی زەقی ئەو دۆخەبوو. لەسەرەتاوە دروستکرا بۆ دادگاییکردنی سەرانی رژێمی پاشایی، وەک کردنی تاوانی قەبە(هەڕەشە بۆ سەر ئاساییشی نەتەوەو گەندەڵیی رژێم). دادگاییەکە هەر زوو بێتام کرا. کۆنترۆڵی دادگا بەتەواویی لەلایەن قاسمەوە، زامنی رزگابوون لەدوژمنە سەرەکییەکانی بەکەمترین دادپەروەرییەوە مەیسەرکرد. دادگاییکردنە رووکەشەکان، بەتایبەت بۆ فریودانی جەماوەر بەکار دەهێنران و متمانەی دادپەروەریی دادگاکانیان دۆڕاند. بەپێچەوانەوە بوون بەئامراز بەدەستی دیکتاتۆرییەوە.[63]
یەکێکی تر لە ئیشەکانی قاسم کەجێگەی گومان بوو، دامەزراندنی میلیشیایەک بوو کەلەلایەن دەوڵەتەوە کۆمەک دەکرا. هێزی نیمچەسەربازیی" هێزی بەرگریی میللیی". هەر قاسم دەسەلاتی

بەدەستەوەگرت، دامەزرا. ئەرکی سەرەکیی ئەم هێزە، بۆ دڵسۆزیی نیشاندان بوو بەرژێم لەشەقامەکاندا. لەکاتی پێویستدا ترس و تۆقاندنی بۆ هەڵتەکاندنی چالاکیی رێکخستنە نهێنییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سڕینەوەیان بەکاردەهێنا. داهێنانی قاسم لەدوو بواردا. دادگای رووکەش، داپۆشراو بەماسکی داپەروەریی، لەگەڵ میلیشیای نیمچەسەربازیی، خزمەتی بەعسیان کرد. لەئەنجامیشدا بەتوخمگەلێکی گرنگ لەژێرخانی سیاسیی حیزبی بەعسدا هاتنە ژماردن.

لەژێر سەرپەرشتیی قاسمدا. سیاسەت لەعێراقدا. تاڵیی و توندوتیژیی و مەترسیی لێکەوتەوە. لەساڵی 1958 دا. گریمانەی دروستبوونی سیستەمێکی دیمۆکراتیی و سەقامگیر لەعێراقدا رێی تێ دەچوو؛ بەڵام ئەم گریمانەیە لە 1963 دا بەبادا چوو. لەبەرامبەردا رژێم هەلومەرجی باشی بۆ پرۆڤەکردنی هێزێکی سیاسیی (حیزبی بەعس) دابینکرد. کەهەر زوو خۆی باڵکێشکرد بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیان لەعێراقدا. حشع و حیزبی بەعس، تێدەکۆشان بۆ دەسەڵات بەدەستەوەگرتن، ئەم خەباتەشیان، کارێکتەری سیاسیی دە ساڵی بردبوو. بۆیە هەرگیز داکۆکییان لەدیموکراسیی لیبراڵیی نەدەکرد. سەرئەنجام حیزبی بەعس زاڵبوو، بەشێکی لەبەر پەیامە ناسیۆنالیستییە عەرەبییەکەی بوو. کەسەرنجی زۆرێک لەدەستەی ئەفسەرانی راکێشا(تا ئێستاش دەروازەیە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی). بەشێکی تریشی لەبەر ئەوەی ئەم حیزبە زۆر بێبەزەییانە مامەڵەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا دەکرد.

بیرتیژیی و پراگماتیکیی ژەنەراڵ عارف، کەحوکمی عێراقی بۆ سێ ساڵ کرد(1963-1966). توانیی بەرووکەشیی کەمێک ئاساییش بۆ ژیانی سیاسیی لەعێراقی نغرۆ لەکەیۆس و توندوتیژییدا بگێڕێتەوە. ئەم هێمنییە مۆلەقە، تەمەنی کورت بوو. برا بێدەسەڵات و هیچ لەبارانەبووەکەی کەجێگەی گرتەوە، بەسادەیی توانای ئەم بێنەوبەردەیەو کۆنترۆڵکردنی رووداوەکانی نەبوو. هەوڵی دڵسۆزانەی عارفی دووەم بۆ لیبراڵییکردنی سیستەمی سیاسیی، کەلەو کاتەدا هێزێکی سیاسیی فەندەمێنتاڵ و نالیبراڵ بەسەریدا زاڵبوو (وەک بەعس)، هەر لەسەرەتاوە شکستی هێنا. بەواتایەکی تر سەردەمی دیمۆکراسیی لەعێراقدا لەدێرزەمانەوە بەسەرچووە.

بەکارهێنانی توندوتیژیی

لەدوایین ساڵەکانی رژێمی پاشایەتییدا، دەوڵەت بەکارهێنانی توندوتیژیی، کردبووە ئامرازی بەدامودەزگاییکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەڵستکاراندا dissent . جێگەی داخە هەر ئەم ستایڵی توندوتیژییەش بۆ لەگۆڕنانی پاشایەتیی لە 1958 دا بەگونجاو زانرا. ئەو رووداوانەی هاوزەمان بوون لەگەڵ کوودەتاکەی 1958، ئاماژەیەکی شومهێنەریان دا کە چۆن توندوتیژیی شۆڕبووەتەوە بەپانتایی بونیادی عێراقدا. ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ بنەماڵەی پاشا کرا(لەلایەن ئەفسەرانی ئازادییخوازەوە نزیک بەتەواویان پاککرانەوە)، هێشتا نەرم ونیانتر بوو لەوەی دەرهەق بەجێنشینی پاشا، عەبدولئیلاە و ئێسکگران نوری سەعید وەک سیمبۆڵی حوکمی بریتانییەکان کرا. عەبدولئیلاە تووڕدرایە بەردەم خەڵک و پارچەپارچەیان کرد، بەشێکی زۆر لەئەندامەکانی لەشی بۆ چەندین رۆژ لەبەردەم وەزارەتی بەرگرییدا هەڵواسرا. مامەڵەکردن لەگەڵ عەبدولئیلاهدا لەلایەن خەڵکەوە، هاوشێوەی ئەو مامەڵە دڕندانەیەبوو کەلەگەڵ نوری سەعیددا کرا. نوری سەعید لەیەکەم کاردانەوەی تۆڵەسەندوە دەرباز بوو، بەڵام رۆژی دواتر بە جلوبەرگی ژنانەوە گیرا کەدەیویست قوتار بێت. بۆ شەوەکەی کوژراو سنگەوبەرد نرا. رۆژی دواتر لاشەکەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدرایەوەو بەشەقامەکاندا راکێش راکێش دەکرا، چەندین جار بەئۆتۆمۆبیل بەسەریدا دەهاتن و دەچوون، تا وایلێهات لاشەکەی بوو بە" گۆشتی هەنجنکراوی عێراقیی"{ قیمە}.[64] دواتر لاشەکەیان پارچەپارچەکردو کوتە گۆشتەکانی بەدەست جەماوەری سەرکەوتووەوە بڵند دەکرانەوە.[65]

لەرۆژەکانی دوای کوودەتای 1958، فۆرمێکی نوێ لەدەربڕینی سیاسیی جەماوەریی هاتە ئاراوە. کۆنترۆڵکردنی شەقام ئامرازێکی هەستیار بوو بۆ حوکمڕانیی و قەرەباڵغیی دروستکردن" ئاشووبچییەکان mob" بوو بەسەرەکییترین ئەکتەری سیاسیی . ئەمەجۆرێک لەفۆرمی بەشدارییکردنی جەماوەریی بوو، کەگومان هەڵناگرێ زۆر خولیای توندوتیژیی بوو. "خۆپیشاندان"ە مەزنەکانی حشع کەمۆرکیان بەساڵی یەکەمی حوکمڕانی قاسمەوە دیاربوو وردەوردە بەرەو نوشوست دەچوون و دەبوون بەکاری

توندوتیژیی هەڕەمەکیی لێرەولەوێ. یەکسەر پاش هەڵگەڕانەوەکەی موسڵ. ساڵی 1959. هێزی شیوعییەکان بەلەسەبوون و ورووژان لەموسڵداو سەدان پانعەرەبیستیان سەربڕیی. جگە لەوەی چەندین خێزانی دەوڵەمەندیش بەرکەوتن. دادگای ساختەیان mock چێکرد. سەرپێیانە خەڵکیان دادگایی دەکرد و 17 کەسیان لەسێدارەدا.

ڕووداوگەلی هاوچەشن لەکەرکوک لەهەمان ساڵدا ئاماژەی بەوەدەکرد کە حشع هەرچییەک بوویێت. بەڵام بۆ ئاڵۆگۆڕی سیاسیی هێزێکی ئاشتییخواز نەبووە. لەڕاستییدا. حشع زۆر بەوردیی کۆمەکی بەبارهێنانی کەشێکی سیاسیی ئاشووباویی و توندوتیژیی کرد کەبەعس تێیدا گەشەی کرد. بەهەرحاڵ بەعس هەمیشە چەلەنگترو شارەزاتربووە لەبەکارهێنانی توندوتیژییدا. ئەمەش لەماوەیەکی کورتی حوکمڕانیی ئەو حیزبەلەدا روونبووەوە. ئەو شەپۆلە لە تۆقاندن کە بەغدادی گرتەوە لە نۆمانگ دەسەلاتی حیزبی بەعسدا. لەراستییدا کەمپەینێک بوو کەم تازۆر بەباشیی داڕێژرابوو بۆ لەناوبردنی کەسە ناودارو چالاکەکانی حشع و سەرپەڕاندنی decapitating ئەو شیوعییانەی سەرپەرشتیی ڕێکخراوە سیڤیلییەکانیان دەکرد.[66]

چارەنووسی سێکرێتێری یەکەمی حشع- حوسێن ئەحمەد ئەلرازیی زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە تێداچوو. پاش دەستگیرکردنی. ئەلرازیی بۆ ماوەی 15 رۆژ لەکۆشکی کۆتایی بەر لەکوشتنی ئەشکەنجەدرا .[67] حشع. ژمارەی ئەو ئەندامانەی خۆی کەتێداچوون بەپتر لە 5000 کەس دەقەبلێنێ. ئەمە لەماوەی 9 مانگدا ژمارەیەکی کەم نییە. ئەمەش بەڵگەیەکی بەردەوامە لەسەر توانستی بەعس بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی بەشێوەیەکی کاریگەر. بەپێچەوانەی ئەو توندوتیژییانەی لەئەنجامی کوڕوکۆبوونەوە جەماوەرییەکانی حشع دەکەوتەوە. ئەمەی بەعس. مەبەستی لەژێر سەردابوو. بۆ تۆقاندن و سڕینەوەی یەکجاریی ڕەقیبە سیاسییە بەهێز وسەرسەختەکانی بوو.

ئەم توانست و جەختکردنەوەیە لەسەر توندوتیژیی بوو کە حیزبی بەعسی لە حشع جوێ دەکردەوە. هاوکات وایکرد کە هێزێکی سیاسیی خاوەن ژمارەیەکی کەم. بەسەر یەکەمین جولانەوەی سیاسیی پانوپۆڕی عێراقدا زاڵ ببێ. دەرکەوتنی بەعس وەک هێزێکی سیاسیی

گـــــەورە لەعێراقــــــدا نیشاندەری ئەو بارودۆخەی سیاسییەی عێراق بوو. عێراق هەروەک بەڕێوەبەری سی ئـای ئـەی Allen Dulles .CIA لەســالّی 1959 دا رایگەیانــدبوو کــە" پڕمەترســـییدارترین شــوێنی جیهانە".[68]

بەدڵنیاییــەو هدەرهــەق بــەکوردەکان، مەترســـییدارترین شــوێن بــووە. لەڕاستییدا دەیەی یەکەم لەکۆماری عێراقـدا، گـەواهیی لەسـەر پەرەسـەندنی خــەباتی کوردەکــان دژی دەســەڵاتی ســێنترالّ بەچەنــدین بەیەکــدادانی سەربازیی دەدات، بەشەڕی ناوخۆ دەستی پێکـردو جارجـارەش بەشـێوەی نەشــەڕ نەئاشــتی، ئــەم شــەڕە تــا 1991 درێــژەی هــەبوو. شــایانی باســە لــەماوەی دەســاڵدا، چـوار رژێمــی جیــاواز لەســێنترالّ لەهــەوڵی چارەســەرکردنی" کێشــەی کــورد"دا بوونــە، لەســەرەتاوە بــەگفتوگۆ، سەرئەنجامیش بەتوندوتیژیی.

هەوڵەکانی قاسم بۆ گەڕان بەدوای چارەسەرییەکی ئاشتییانەدا بۆ کێشـەی کــورد بەنابــەدڵیی half-hearted پەرۆشــیی پێوەدیــاربوو، بــەڵام ئــەم هەوڵانە لەسێپتەمبەری 1961 دا بەبنبەست گەیشـت. پێوەنـدیی سیاسـیی نێوان رێبەری کوردەکان مـەلا مسـتەفا بـارازنیی و رژێـم کۆتـایی پێهـات، کــاتێ قاسـم فـەرمانی بۆمبـارانکردنی مـاڵی بـارزانیی لەگونـدی بـارزان دەرکرد، شەڕێکی سەرتاسەریی هەڵگیرسا و تا لەناوچوونی رژێمـی قاسـم درێژەی هەبوو. زیـانی کوردەکـان، 500 گونـد بۆمبـاران کـران، سـەدان کوژراو، نزیکەی 80000 کەسیش لەشـوێنەکانی خۆیـان راگـوێزران.[69]

بێتوانایی رژێمـی قاسـم لـەتۆمارکردنی سـەرکەوتنێکی سـەربازیی بەسـەر کوردەکاندا، لەکۆتاییدا بوو بەفاکتەرێکی سەرەکیی بۆ ژێروژوورکردنی.

بەعسییەکان زۆرترین کۆششی گونجاویـان بـۆ سـەرکوتکردنی بـەرگریی کوردەکـان لـەڕێی هێـزەوە بەڕێخسـت، دوای کوشـتوبڕی هـەزاران کـەس لەشیوعییەکان هـەلیان بـۆ رەخسـا بەدەسـتپێکردنی گـەورەترین هەڵمـەتی ســـــەربازیی دژی هێزەکــــــانی کــــــورد لەئــــــەپریلی 1963 دا.

هەڵمەتەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان و بێ هەڵاواردن گوندە کوردنشـینەکانی گرتەوە، لەئاسمان و زەوییەوە بەهۆی تۆپخانەی قورسەوە دادەبێژران ئـەو لادێیانـەی دەکەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتی سێنتراڵەوە بەبولـدۆزەر تەخت دەکران، هەروەها ناوچە ستراتیژییەکان لەباکووری عێراق"تـەعریب"

کران. بەرگریی کوردیی لەوەلام بەم هێرشە درندانەیەدا onslaught نەک هەر خاووخلیچک نەبووەوە بەڵکوو توندوتۆڵتر بووەوە. دواتر هەردوو عارفی برا بەشوێن چارەسەرییەکی سەربازیی فێڵبازانەوە بوون، بەڵام لە 1966 دا کوردەکان کۆمەکی سەربازیی بێشوماریان لەئێرانەوە پێدەگەیشت. زۆر جوامێرانەو سەرسەختانە لەناوچە هەڵەتاوییەکانی terrain خۆیاندا دەجەنگان. توندوتیژیی نەیتوانی چارەسەر بۆ کێشەی کوردیی بدۆزێتەوە. تەنانەت (وەک پێدەچێ) گفتوگۆش نەیتوانی.

یەکێتیی نیشتمانیی

گەیشتنی قاسم بەدەسەڵات، ئومێدی ئەوەی لێهەڵکرێنرا. کەسەرئەنجام بۆی هەیە عێراق ببێ بەدەوڵەتێکی یەکگرتوو لەژێر رژێمێکی دیمۆکراسییدا. ئەوانەی کۆمەکی قاسمیان دەکرد بریتییبوون لەهەندێ کەرتی گرنگی هێزە چەکدارەکان، جەماوەرییبوونی خۆی وەک تاکێک لەناو خەڵکی عێراقداو حشع وەک بەهێزترین رێکخراوی سیاسیی ئەو سەردەمەو تاکەحیزبی سیاسیی، خاوەن بەرنامەیەکی ئایدۆلۆژیی، کەتوانیبووی جیاوازییە ئێسنیکیی و تایەفییەکان تێپەڕێنێ.[70]
لەراستییدا هەندێ لە بەڵێنە بنەڕەتییەکان، لەبواری کۆمەڵایەتیی و ئابوورییدا بەدیهێنرابوون. لەژێر رێبەرایەتیی قاسمدا هەوڵێکی ئاگایانە درا بۆ راستکردنەوەی ئەو نایەکسانییەی لەئاستی ئابووریی و لەسەردەمی رژێمی پاشایەتییدا هەبوو. پارە بۆ بواری پەروەردە دوو بەرامبەر زیاتر خەرجکرا.[71] خەرجکردن لەخۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتییدا بەدراماتیکیی چووەسەرەوە. هەلومەرجی کرێکاران باشتربوو.[72] لەساڵی 1958 دا یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی بە بەرزخوازییەوە(هەرگیز بەتەواویی جێبەجێ نەکرا) لەدابەشکردنەوەی سەرلەنوێی زەویی و زار بەسەر جوتیارەکاندا لەسەر حیسابی خاوەن زەوییەزۆرەکان، رامابوو .
هاوکات جێگەوڕێگەی ژنان لەکۆمەڵگەدا بەرەو باشی رۆیشت لەئەنجامی چاوخشاندنەوە بەیاسای باری کەسییدا. لەوانە وەرگرتنی میراتی یەکسان بەدەر لەرەگەز. کۆتوبەند خستنە سەر رێی فرەژنیی polygamy و هەروەها دانانی 18 ساڵیی وەک کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیریی.[73] ئەم

جۆرە ریفۆرمانە کە بەپێشکەوتوو، میانڕەو دەناسرانەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو زێدەمافیی و سامانەزۆرەی لەدەست دەستەیەکی کەم، لەسەردەمی پاشایەتییدا کۆببوونەوە. بەپێچەوانەوە ئەمە ئۆپۆزیسیۆنی دژی رژێم لێکەوتەوە. وەک پێشبینییەکی شووم، دوژمنایەتیی دامەزراوەی ئایینیی لەباشوور زەقکردەوە. ئەم دوژمنایەتییە لەدەوری دوو خاڵ دەخولایەوە. یەکەمیان، ئەو ریفۆرمانەی لەرژێمی قاسمدا کرا. جێدەستی شیوعییەکانی پێوەدیار بوو(بەتایبەتیی گۆڕینی باری کەسیی ژنان) وەک هەڕەشەیەک بۆسەر ترادیسیۆنی کۆمەلایەتیی باو سەیر دەکرا؛ دووەمیان، حشع هەنگاوی بەرەو گەشەکردنێکی باش هەڵهێنابوو لەرووی ئەندامگیرییەوە نەک هەر لەگەڕەکە هەژارنشینەکانی بەغداد بەڵکوو تا بەشارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلاش دەگات.

ئەندامگیریی حشع ی بێباوەڕ{ئەیسییەست}بەسەرکەوتوویی لەناو جەرگەی شیعەکاندا بەیەکداهەڵشاخانێکی گاڵتەئامێز نەبوو لەگەڵ دامەزراوە ئایینییەکانی باشووری وڵاتدا. سەرچاوەی ئەم بەربەرەکانییە رێکخراوە دژ بەگەشەکردنی کۆمۆنیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، کاتێ جەماعەتولوعولەما(بە وشەیی، کۆمەڵەی زانایان) دروستبوو بۆ بردنەسەری هۆشیاریی ئایینیی لەناو کۆمیونیتی شیعەدا دژ بەبێباوەڕیی{ ئەیسییەزم} لەچەشنی (کۆمۆنیزم). ئەم گرووپە هەر بەبڵاوکردنەوەی بەربڵاوی ئەلدەعوەی (گوڕزی رۆشنایی) وەرزییەوە نەوەستان، بەڵکوو بزوتنەوەی ئەلدەعوەی نهێنییشیان(هەندێ جار توندوتیژ بوون) راگەیاند.

دامەزراوەی ئایینیی باشوور لەژیانی سیاسیی عێراقدا لەشۆڕشەکەی 1920 ەوە دژی بریتانییەکان هیچ رۆڵێکی ئەوتۆی نەبینی. ئەمە لەدوای 1958 ەوە گۆڕا. "بێباوەڕانی کۆمۆنیزم" ی رژێمەکەی قاسم دواتر شیرەشیری strident پانعەرەبیزم و سوننە نەتەوەپەرستە کەفوکوڵدارەکان"جینگۆیزمی jingoism سوننە"ی بەعس و رژێمەکانی عارف، بۆ بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتیی رابەرە ئایینییەکانی شیعە بەشێوەیەکی رێکخراو و راشکاو هاندەربوون.[74]

راســـــانی ئـــــایینیی بارگـــــاوییکراو بەسیاســــەت و توانــــای لــەخراپترکردنی exacerbate دابەشــبوونە تایەفییەکانــدا. یــەکێک لەپرمەترسییدارترین میــرات بــوو لەدەیــەی یەکــەمی کۆمــاری عێراقــدا. پێشبڕکێیەک لــەنێوان رژێمــە ســێکیولارەکان و دامــەزراوەی ئــاییینیی شیعەدا بــۆ راکێشــانی ســەرنجی "جــەماوەر" ی شیعە دەستپێکرد کــەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

ســەرەنجام، وا مەزەنــدەکرا. گــەورەترین کۆســپ لەبــەردەم تێڕوانینێکــی یەکگرتووانە بۆ دروستکردنی یەکێتیی نیشتمانیی و ئایــدێنتیتی، کێشــەی کوردەکانــە لــەباکووردا. لــە 1961 بــەدواوە ئومێــدی بەیەکــەوە ژیــانێکی سەرکەوتووانەو ئاشتییانە لەنێوان کوردەکان و دەوڵەتی عێراقدا تا دەهــات کــەمتر دەبــووەوە. یــەکێک لەگرفتــە ســەرەکییەکان، بەنێونەتــەوەییبوونی خەباتی کوردەکان بوو لەدژی حکومەتی سێنترال، لە 1961 دا تێکۆشانی کوردەکــان دژی رژێمــی قاســم لــەڕووی مــاددیی و ســەربازییەوە لەلایــەن ئەمێریکاوە پشتیوانیی دەکــرا. وێــڕای ئیسرائیلیش؛ لــەدوای 1963 ەوە ئێــران بــوو بەســەرچاوەی ســەرەکیی چــەکوچۆڵی ســەربازیی و کۆمــەکی دارایی.

شێوازێکی نوێ هاتەکایــەوە، کوردەکــان دەیانویســت هاوپــەیمانیی لەگــەڵ هێزە دەرەکییەکاندا بکەن بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی دەستەبەر بکەن. لەکاتێکــدا هێــزە دەرەکییــەکان زێتــر مەبەســتیان بــەکارهێنانی کــورد بــوو. وەک سوپایەکی بریکار surrogate بۆ لاوازکردن و بنکۆڵکردنی رژێمــەکانی نێوەنــد. گرنگیــی ئــەم دەســتێوەردانە دەرەکییانــە لــەکاروباری نــاوخۆی عێراقدا. بووە هۆی ئــەوەی کەرێگــەچارەی ســەربازیی بــۆ کێشــەی کــورد ئەستەم و سەخت بێ.

شـــــەڕکردن لەناوچەشـــاخاوییەکانداو وەرگرتنـــی کۆمــــەکی مــــاددیی لەهێزەدەرەکییەکانــەوە. وایکردبــوو کوردەکــان لەلایــەن هێزەچەکــدارەکانی عێراقەوە بەتەواویی نەبەزێنرێن. بــەمجۆرە کوردەکان چەنــد پاڵنــەرێکیان هەبوو بۆ یەکدەستیی لــەداواکردنی ئۆتۆنۆمییــدا. ئــەم جــۆرە ئۆتۆنۆمییــە جێگــەی پەژرانــدن نــەبوو، لەلایــەن هــەردوو ســوپای عێــراق و ئــەو رژێمــە پانعەرەبیســتە یــەک لــەدوای یەکانــەی حــوکمی عێراقیــان دوای رووخــانی قاســم بەدەســتەوەگرت. وێــڕای ئــەوەش ناوبــەناو شــەڕی

دوژمنکارانـــــــــــــەی سەرتاسـەریی هەڵدەگیرسـا. دەرئـەنجام هـەر بەبنبەست گەیشتن بوو.

ڕێنیسانسی شـیعەگەرایی{shi'ism} سیاسـیی و زۆرتـر گرژبوونـەوەی کێشەی ئێسنیکیی (کورد-عەرەب) هێما دیارەکانی ئەو ئەرکە سەختانەبوو کەرووبەڕووی پێکەوەلکانـدنی پارچـە جیاوازەکـانی عێـراق لەقەوارەیـەکی یەگگرتوودا دەبووەوە. لەناواخندا زۆر روون بوو. کـە عێـراق نەتەوەیـەک نییـــە لەناوخۆیـــدا لەتەباییـــدا بێـــت. یـــەکێک لەبەڵگـــەکانی ئـــەم ناتەباییە لەراپەڕینە شکستخواردووەکەی 1959 ی موسڵەوە بەدەرکـەوت. ئەو ورووژانەی شیوعییەکان رابەرایـەتییان دەکـرد دژی پانعەرەبیسـتەکان لەموسڵ. بووە هۆی هەرەسـهێنانی یاسـاو رێسـا لەشـاردا. دواتـر بـەڕێز. سـندووقەکەی پانـــدۆرا{ ژنێکـــی جادووگـــەرە لەئەفســـانەی گریکـــدا} کرایـەوە کـە پڕی بـوو لەرقوکینـەی گـەنیوfestering. پـەنگخواردوو و وەرســبوونێکی بێئـەژمار. کـــە شـــار لەبێســـەرەوبەرەیی و توندوتیژییـــدا شەپۆلی دەدا.

بـۆ چـوار شـەووڕۆژ کوردەکـان و ئێزیدیـەکان لەبەرامبـەر عەرەبەکانـدا راوەســـتابوون: ئاشـــوورییەکان و ئەرمەنییـــە کریســـتیانییەکان دژی عەرەبـە موسـڵمانەکان: عەشـیرەتی ئـەلبوموتیات دژی عەشـیرەتی شـەمەر: عەشیرەتی گەرگەڕیی کوردەکان دژی ئەلبوموتیاتی عەرەبیی: جوتیارەکـانی موســـڵ دژی خـــاوەن زەوییـــەکان: ســـەربازەکانی تیپـــی پێـــنج دژی ئەفسەرەکانیان: خەڵکی دەوروبەری شـار دژی نـاو شـارەکە: رەشـوڕووتی plebian عـــەرەب لەگـــەڕەکی مـــەکاوی و وادی حیجـــار دژی عەرەبە ئاریستۆکراتەکانی گەڕەکی دەواسە: هـەروەها لـەناو گـەڕەکی بـاب ئەلبیزدا بنەماڵەی رەجەبۆ دژی نەیارە ترادیسیۆنەکانی خۆیـان لـەئاغاوات راست بوونەوە.[75]

رووداوەکـانی موسـڵ لەبنەڕەتـدا. شـەڕی نـاوخۆ بـوو بەشـێوەیەکی بچـــووکراوەmicrocosm هـــەروەها" روونتـــرین بەڵگـــەبوو کەدابەشبوونەکان چۆن عێراقی داهێزراندووە."[76] جگەلـەوەی نزیکـەی 40 ساڵ بەیەکەوە مێژوویەکی هاوبەشیان هـەبوو. چەنـدین جـۆر لەئێسـنیک. ئایین و عەشیرەت کەژێرخانی کۆمەڵایـەتیی پڕ لەدەردەسـەریی عێراقیـان

پێک دەهێنا. هەرگیز لەوە نزیک نەبوونەوە کە هەستێکی هاوبەش بۆ ئایدێنتیتیی نیشتمانیی پێک بهێنن.

بەرەنجام

لەدەوڵەتی عێراقدا دەیەی 1958 بۆ-1968 دەیەی خەستوخۆڵترین ئاشووب و توندوتیژیی بووە. بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی پێشووی رژێمی پاشایەتییدا کەوەک دەریایەک لەئارامیی و سەقامگیریی بەدەردەکەوت. پاشایی شکستی هێنا لەدروستکردنی ئایدێنتیتییەکی گشتگیردا بۆ دەوڵەت، ئایدێنتیتییەک عێراقییەکان بەهەموو جیاوازییەکیانەوە لەیەکتر بەشداریی تێدا بکەن. هەنووکە پاش دەیەیەک لەدەسەلاتی کۆماریی، پێکەوەنانی ئەم ئایدێنتیتییە دەستەجەمعیە collective، لەهەموو کاتێک زۆرتر دوورە کە جێکەوت بێت.

لەزۆر لاوە، کۆماریی هەنگاوی بۆ دواوە Regression ناوە لەجیاتی بۆ پێشەوەی بنێ. لەبەر ئەوەی باڵە رکابەرەکان بەزەبروزەنگ لەهەوڵی بەدەستخستنی ماشێنی فەرمانڕەوایی دەوڵەتدا بوون. باشترینیان ئەوانەبوون کەتێڕوانینی خۆیان لەمەڕ ئایدێنتیتی عێراق بەسەر تەواوی خەڵکیدا بسەپێنن. هیچکام لەم روانگانە ئارەزووی کوردەکانی مەیسەر نەدەکرد. ئەنجامەکەیشی ئەوەبوو کوردەکان بەردەوام بوون لەخەباتی دژواری چەکدارییدا دژی هێزەکانی سێنترالٚ بەدرێژایی ئەو دەیەیە. هەروەک فەرمانڕەواکانی پێش خۆیانسەرکردە کۆمارییەکان، نەیانتوانی شێوازێک{ فۆرمیلە formula } بدۆزنەوە بۆ تێکەڵکردنی کوردەکان لەدەوڵەتی عێراقدا کەپەسەندی کوردەکان بێت.

لەگەڵ ئەوەی پرسی کورد چارەسەر نەکرا، دەیەی یەکەمی کۆماریی، میراتی سیاسەتی یەکتر نەخوێندنەوە و نەخشەی blueprint دیکتاتۆریی بۆ نەوەکانی داهاتوو جێهێشت. بەشێوەیەکی سەرەکیی، پارتە سیاسییە میانڕەوەکان لەبەر چاو بزربوون و بەگشتییش بەچەندین جۆرە رێکخراوی سیاسیی تر جێگەیان پڕکرایەوە. ئەو تەکنیکگەلەی لەدوای

1968 ەوە بـــــــــــۆ فـەرمانڕەوایی لەلایـەن بەعســەوە خــاڵ لەســەر پیتەکانی دادەنـرا و دواتـریش سـەدام حوسـێن وەک خـۆی لەسـاڵی 1979 بەدواوە، داهێنەر نـەبوون. زۆرێـک لـەم تـەکنیک و دەزگایانـە پـێش 1968 یش بوونیان هەبووە.

بەم پێیە بەکارهێنانی دانگا ساختەکان بـۆ نیشـاندانی بازاڕگـەرمیی خـەڵک، تاکپەرسـتیی، بـەکارهێنانی ئـەو میلشـیا سـیڤیلیانەی دەوڵــەت سەرپەرشـتیی دەکردن و گاردی کۆماریی، هەر هـەموویان لەرژێمـەکانی پێشـووەوە بـەمیرات مانــەوە. دامودەزگــا کاراکــانی دیکتــاتۆریی پێشــتر هــەبوون و هــەموان دەیانبینی: تەنها کەسـێکی دەویسـت، هەنـدێ فێڵبـازیی cunning سیاسـیی تێدابووایـە، بــۆ پێکەوەلکانــدنی ئــەم پارچانــەو بیانکــات بەگورزەیــەکی یەکگرتوو.

بەندی سێ

عێراق 1968-1988
ڕژێمی بەعس

پێشەکیی

دەیەی یەکەمی کۆماری عێراق، چوار کودەتای سەربازیی بەخۆوە بینی، دووانیان خوێنی لێ دەچۆڕایەوە. بارودۆخی سیاسیی لەعێراقدا گەشەی کرد بۆ جەنگەڵێکی داروینیی لەپێناوی مانەوەدا. لە 1968 دا حیزبی بەعس وەک هێزێکی سیاسیی پڕچەک بەباشترین تفاقەوە، لەو هەلومەرجەدا دەرکەوت. ترسناکترین ڕووبەڕووبوونەوە، چێکردنی ڕژێمێک بوو، بتوانێ بمێنێتەوە، لەرەوشێکدا کەتێکڕای تەمەنی ڕژێمەکان لەدوو ساڵ کەمتر بوو. سەرباری ئەمانەش، گرفتی سەپاندنی فۆرمێکی یەکێتیی و ئایدێنتیتییەکی هاوبەش بەسەر کۆڕوکۆمەڵە ئێسنیکیی و تایەفییەکانی عێراقدا کە هەمیشە لەکێشەدابوون. گرفتێک بەتایبەتیی لە کەیسی کوردەکاندا بەزەقیی دەردەکەوت. ئەمەش پێوەند بوو بەڕووبەڕووبوونەوەی سێیەمەوە کە چۆن ڕێگریی لەهێزە دەرەکییەکان دەکرێ، بەتایبەتیی ئێران و ئەمێریکا لەبەکارهێنانی جیاوازییە قووڵەکانی عێراق بۆ دەستێوەردان و تەنانەت بۆ ڕژێم سەرەونگونکردنیش. بەرپەرچدانەوەی ئەم بەرەنگارییانە، لۆژیکی حیزبی بەعسی لەدەیەی یەکەمی دەسەڵاتیاندا گەڵاڵە کرد.

ئامانجی سەرەکیی، بـەرهـە مهێنانی رژێمێک بوو "بەرگەی کودەتا" بگرێ، دەرئەنجامەکەیشی رژێمێکی داپڵۆسێنەری لێ بەرهەم هات. ئەمـەش بـووە هۆی توندوتیژییەیەکی بێسەرەوبەرە کە هـەلومـەرجـی سیاسـی عێـراق لـە کۆتایی 1960دا بەخۆیەوە بینی، سەخت بوو پێشبینی ئەوەبکەی کەچـۆن دەرباز‌بوونی رژێم بەرێگەی جۆراوجۆر دێتەدی. جڵەوگرتنی دەسـەڵات لـە لایەن حیزبی بەعسەوە، وەلامێکی لۆژیکانەبوو بۆ ئەو رەوشە سیاسییە دە قگرتووە، نەک لادانێکی سیاسیی. ئەم تاکتیک و تەکنیکانەی بەعس بۆ فە رمانڕەوایـی دەیگرتـەبـەر، جێگیرکـردن و تـەواوکردنـی پراکتیکگـەلێکـی پێشووتر بوون. جیاوازیی سەرەکیی، رادەی بەکارهێنانی زۆرداریی بەعس بوو بۆ ئەوەی لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لەکاتێکدا هەڕەشە نـاوخۆیی و دەرە کییەکان لەسەر مانەوەی رژێم لـەزێـدەبوونـدا بـوو، بـەهـەمـان ئاسـتیش توندوتیژیی زێتر بوو، چونکە بۆ راگرتنی دەسەڵات پێویست بـوو. کـاتێ جڵەوی حیزبی بەعس کەوتە دەست یەک کەسەوە لـەدوای 1979، "رژێـم" بووە جێگەی خولیا تایبەتییەکانی سەدام و کـەمێـک ئـاڵوگۆڕی بـەسـەردا هات، بەڵام هێشتا ستراتیژی مانەوەی دەسەڵات هەر بڕیاری بەکۆمەڵ بوو. کوودەتای جولای 1968، بەیارمەتیی چوار کەسایەتی گرنگی نێو رژێمـە کەی عارف، حیزبی بەعسـی دووبـارە بـۆتـەختـی دەسـەڵات گـەڕانـدەوە: کۆلۆنێل ئیبراهیم عـەبـدولڕەحمـان داوود(کۆمانـدەری گـاردی کۆمـاریی)، کۆلۆنێل عەبدولڕەزاق نایف(سەرۆکی هەواڵگریی سەربـازیی). کۆلۆنێـل حامیـد شـیهاب (کۆمانـدەری قشـڵەی بـەغـداد) و کۆلۆنێـل سـەعـدون غێدان(کۆماندەری یەکە زرێپۆشـەکـانی گـاردی کۆمـاریی). جـارێکتریش، هێزەچەکدارەکان، سەلماندیانەوە، کە بڕیاربەدەسـتی سـەرەکیـن لـەژیـانی سیاسیی عێراقدا.

دەستەمۆکردنی سوپا

هاوکارییکردنی نایف و داوود لە" شۆڕشی جولای"دا لـەگـەڵ حیزبـی بـە عسدا بەخۆڕایی نەبوو. بەرێککەوتنێکی پێشوەخت، سەرۆک وەزیران بـۆ نایـف و وەزیری بەرگریی بۆ داوود تەرخانکرابوو. بۆ ئەم دووانـە روون و ئاشکرا بوو، کەکودەتای جولای، تەنها سەرەتایەکـە بـۆ دریژکردنـەوەی دیکتاتۆریی سەربازیی. بەدڵنیاییەوە ئەفسەرە سەربازییەکـان بـەتـەواویـی

کۆنترۆڵی شوێنە گرنگە کانی دەسەڵاتیان، لەنێو رژێمی نوێدا کردبوو. جگە لەناییف و داوود، ژەنەراڵ بەکر، سەرۆکایەتی بەدەست خست. هەروەها سەرجەم حەوت ئەندامەکەی ئیدارەی نوێی دەستەی باڵای جێبەجێکردن- ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(RCC) ئەفسەری سەربازیی بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەحەوت کەسەکە، تەنها سێ کەسیان (بەژەنەراڵ بەکریشەوە) سەر بەحیزبی بەعس بوون، وا پێدەچوو، قۆناغێکی تر لەکێشەی دەسەلات لەنێوان بەعسییەکان و سوپادا، بەهەمان شێوەی ساڵی 1963، بەلام لەرەوشێکی جیاوازتردا دەست پێبکات. بەعسییەکان لەئەزموونی پێشتردا لەساڵی 1963، وانەیەکی باش فێربوون، بەهیچ شێوەیەک دەسەلات دابەش نەکەن. راستەوخۆ پێش کودەتاکە، سەدام نیازی خۆی بۆ دوای کودەتاکە بەڕوونیی راگەیاند. بۆ ئاماژەکردن بەناییف و داوود، گوتبووی" پێویستە لەسەرمان هاوکاریی بکەین لەگەڵیاندا بەڵام پێویستە لەکاتی یان دوای کودەتاکە، یەکسەر لەناویان بەرین، منیش خۆم بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە تەرخان دەکەم"[77] بۆ بردنەسەری قسەی خۆی، سەدام، لەجیاتی حیزب، زوو دەستی بەکارەکە کرد. لەجولای 1968 دا، پاش ئەوەی داوود رێی کەوتە گەشتێکی دەرەوەی ولات(بەگێلییەتیی خۆی)، بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو هێزانەی لەئوردن جێگیرکرابوون، هاوکات ناییفیش لەگەڵ بەکردا لەکۆشکی سەرۆکایەتییەوە، بانگهێشتی خواردنی نیوەڕۆ کرا، لەکۆتایی ژەمەخواردنەکەدا، سەدام بەدارودەستەی سەربازییەوە خۆی کرد بەژووردا و لەژێر زەبری چەکدا ناییفی هەتا فڕۆکەخانە راپێچکرد. لەوێ پێی راگەیاند، کەپۆستی نوێی، لەمۆرۆکۆ{ مەغریب} یە وەک باڵوێزی عێراق و کرایە ناو فڕۆکەوەو بۆ هەتا هەتایە نەگەڕایەوە.

سەبارەت بەداوود، فەرمانی پێدرا کەلەئوردن بمێنێتەوە، دوو ساڵ دواتر بەیەکجاریی خانەنشین کرا، ئەمیش بەهەمان شێوە، هەرگیز بۆ عێراق نەگەڕایەوە. لەراستییدا سەدام لەماوەی دوو هەفتەدا، کودەتای دووەمی کرد. سەرەڕای ئەوەی سەدام کاری کودەتاکەی رادەپەڕاند، بەڵام کەسایەتی گرنگ لەم رووداوانەدا، ژەنەراڵ بەکر بوو. بەکر وێڕای کەسایەتییەکی قسەخۆش و گەرموگوڕ، لەچاوی خەڵکدا وێنەیەکی شەرعیی بەرژێمی بەعس بەخشی

بوو، لەکاتێکدا سەدام لە پشتی پەردەوە، کاری دەکرد. بەدڵنیاییەوە ئە مە راستیی تێدایە، بەڵام لەبنەڕەتدا بوونی بەکر، گرنگیی خۆی سەلماند.
وەک ئەفسەرێکی خاراو و خۆبەختکەر لەکودەتای 1958 دا، بەکر لایە نگیریەکی زۆریی هەبوو لەناو هێزەچەکدارەکاندا. بەڵام کاتێ دێتەسەر ئە وەی بەکر بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، ئایا بۆ سوپا یان بۆ بەعس دڵسۆزترە، ئەمەی دواییانی هەڵبژارد. تەنها و تەنها لەرێی ئەوەوە، حیزبی بەعس توانیی ئەرکێکی ئەستەم بەدیبهێنێ، ئەویش گەڕاندنەوەی سوپا بۆ ژێر کۆنترۆڵی سیڤیلی(بەعس) بوو. هەروەها ئەستەم بوو بڕوا بەوە بکرێ کەسەدام چۆن بەرز بووەوە بۆ لوتکەی دەسەڵات، بەبێ ئاماژەدان بە

سروشتی ئەو پێوەندییەی نێوان ئەو و بەکر.

دوو تکریتیی، بەخوێن خزمایەتییەکی دوور هەبوو لەنێوانیاندا (ئامۆزازا). هەردووکیان بەوە قایلبوون کەلەناو سیاسەتی پڕ لەسپڵەی عێراقییدا. تەنها دڵسۆزیی بۆ گەرانتیی لەنێوانیاندا. خزمایەتییە. بەمجۆرە، دوای لادانی ناییف و داوود لەپۆستەکانیان (لەعێراقیش) لەدابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا. سەدام بوو بەجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشRCC که دووەمین پۆستی بەهێزی دەوڵەت بوو. بەکر خۆیشی دوو پۆستی تری بۆ خۆی زێتر کرد. سەرۆک وەزیران و سەرکردەی گشتیی هێزەچەکدارەکان، حەردان تکریتییش بەوەزیری بەرگریی دانرا. ساڵح مەهدی عەماش(جێی متمانەی حیزبی بەعس)، وەک وەزیری ناوخۆ مایەوە.
لەپشت پەردەوە، سەدام دەستیکرد بەکۆکردنەوەی هێز لەدەستی خۆیدا. بە خۆبەخشیی (و زیرەکیی) هەوە کۆنترۆڵی حیزب و دەزگای ئاسایشی کرد- نووسینگەی پێوەندییە گشتییەکان-_ ناوێکی بێ وەی-_ ئەمەش ئەو ئارەزووە دووردرێژەی سەدامی بەدیهێنا، کەچەند ئەم دەزگایەی لە دڵدا شیرین بوو. کۆنترۆڵکردنی رەوتی هەواڵگرییە ناوخۆییەکان لەلایەن سەدامەوە، دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساند، چەندینجار پلانی کوودەتا دژی رژێم پەی پێ بەرێت و پووچەڵیان بکاتەوە. هەروەها دەرفەتی ئەوەیشی بۆ رەخساند، چەندین پلانی کوودەتای دروستکراوی مێشکی خۆی بەرهە م بهێنێ، بێ ئەوەی بوونیشیان هەبووبێت. بەڵام هۆکارێکی باشی دەدا بە دەستەوە بۆ ئەوەی نەیارە سامناکەکانی لەکۆڵ بکاتەوە.

یەکێ لەو کەیسانەی پێوە ندیی بەم پیلانانەوە هەبوو. رژێم ئاشکرای کرد. لەکاتێکدا وا دەردەکەوت کەبەڵگە هەیە تۆڕێکی سیخوڕیی لەلایەن ئیسرائیلەوە، لەدەوروبەری بەسرە لەباشووری عێراق، سەرپەرشتیی دە کرێ، [78] هەروەها تێرۆرکردنی یەکێ لەبەکرێگیراوەکانی مۆساد لەهۆتێلی شەتوورە لەبەغداد، دەفتەرێکی بەرگیرفانی پێبوو کەناوی هەندێ لەئە ندامانی تۆڕەکەی لەخۆی گرتبوو، سەدام هەندێ ناوی تری خستەسەر، لە بەر هەرهۆیەک بێت، بۆ ئەوەی لایان بەرێت، گرتن و دادگاییکردنی خێرا دەستی پێکرد. لە27ی جەنیوەری 1969 دا، لەناو دروشم و چەپڵەرێزانی خەڵکدا، 14 کەس لەوانەی تاوانبار کرابوون (9 جوولەکەیان تێدابوو)، لە گۆڕەپانی ئازادیی { ساحەی تەحریر} ملیان بەپەتدا کرا. دوای لەسێدارە دانەکە، هەنگاو دژی حشع – سەرەکیترین رکابەری سیاسیی بەعس نرا. لەفێبریوەری 1969 دا سەرکردەی ناوداری لێژنەی ناوەندیی حشع عەزیز ئەلحاج دەستگیر کرا، پاش مانەوەیەکی کەم sojourn لەکۆشکی کۆتاییدا، ئامادەبوو بۆ دانانان بەپلانگێڕیی شیوعییەکاندا. بیست سە رکردەی حشع، پێچرانەوەو دادگایی کران و بەسزای مەرگ سپێردران.

کارامەیی سەدام بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و رژێم لەسەرەتای حەفتاکاندا بەدەرکەوت. کاتێ ئاساییش دزەی کردە infiltration ناو سوپاوەو پلانێکی ئاشکراکرد، ئەمجارە گومانی هەڵبەستراوی لێ نەدەکرا، دەستێوە ردانی ئێران لەپلانەکەدا روون وئاشکرا بوو. بۆ زانینی، وەردەکاریی و رۆژ و کاتی پلانی کوودەتا، سەدام دەیتوانی پیلاندارێژەکان لەخشتەبەرێت و بیانخاتە ناو بۆسەوە. دادگایی رووکەش و سەرپێیی بڕیاری مە رگی بەسەر 37 ئەفسەری سەربازییدا سەپاند، بەو چەکانەی خۆیشیان کوژران، کەگومان دەکرا ساواکی ئێرانیی پێی بەخشیبن. لەئەنجامدا باڵوێزی ئێران لەعێراق دەرکرا، قونسوڵخانەکانی consulate ئێران لە بەغداد و کەربەلاو بەسرە داخران.

دەستەمۆکردنی کوردەکان

سەرەڕای ئەو ئەرکە بەپەلەیەی لەرۆژەکانی یەکەمی رژێمی نوێوە وەک بار بەسەرشانەوەبوو، رژێمی بەعس بۆ بەهێزکردنی خۆی و خۆڕاگرتن لە بەرامبەر دژەکوودەتاو هەڕەشەی سوپادا - گرفت و سەریەشەی بەمیرات بۆ

مـــابووەوە. لـــەنێویانـــدا گرفتی کێشەی کوردیی. هەر لـەسـاڵی 1958 ەوە ناوبەناو کوردەکان شەڕی دەوڵەتی سێنترالّیان دەکرد. بەرگرییـی سـە رسەختانەیان، بەجۆرێک لەجۆرەکـان بـووە هـۆی تێـداچوونی دوو رژێـم (ژەنەراڵ قاسم و عارفی دووەم). سەدام وەک خۆی راستەوخۆ رەفتـاری لەگەڵ ئەم کێشەیەدا کرد. سەرەتا هەستا بەگەشتێک بۆ یـەکێتیـی سـۆڤێت، بۆ ئەوەی قایلیان بکات بەوەی یارمەتییە سەربازییەکانیـان بـۆ چـەکـدارە کوردەکان کەمبکەنەوەcurtail . پاش ئەوەی لەلایەن کۆسیگن kosygin ەوە ئاگایی بەسـەدام درا لـەمـەڕ دەسـتپێکردنەوەی کەمپـەیینی شـەڕ دژی کوردەکان، بەنیـازێکی ئاشـتییخوازانەوە بـۆ بـەغـداد گـەڕایـەوە. لـەراگـە یاندراوێکی ئاشتییخواز و چاوەڕواننەکراودا، سـەدام رایگـەیانـد" ئـەگـەر کێشەی کوردیی بـەشـێوەیـەی سـەربـازیی لـەبنـەڕەتـەوە چـارەسـەربکـە ین........ئەوسا هەمووومان دۆڕاو دەبین"[79]

ئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو کەبـەمانیفێسـتۆی مـارس { بـەیـانی ئـازار} ی 1970 ناسرا. کەبۆ یەکەمین جار ئاماژەی بە"ئۆتۆنـۆمی" بـۆ کـوردەکـان کرد، بەکارهێنانی زمانی کوردیی لەو ناوچانەی کـورد زۆرینـەن، هاتـە پـە ژراندن، گەرەنتیی هاوبەشییکردن لەداهاتی نەوتی زۆروزەبەندی کەرکـوک، هەروەها بەڵێنی چێکردنی دیمۆکراسیی(بەهەڵبژاردن) بـەکوردسـتان درا. بەتەواویی نەدەزانرا و رێی تێ نەدەچوو، دیمۆکراسیی لەکوردستان، چۆن هەڵدەکات لەگەڵ تۆتالیتێریانیزمی بەشەکانی تری عێراق. لەگەڵ ئـەوەشـدا، ئەو مانیفێستۆیە باشترین پێشنیار بوو کەکوردەکان هەرگیز لەوەپـێش وە ریانگرتبێ.

رێککەوتنی مارسی 1970، وەک هەموو رێککەوتنەکانی پێشوو، هـەرگیـز جێبەجێ نەکرا. مەرجەکانی ئەو مانیفێسـتۆیە بڕیـار بـوو لـەمـاوەی پێـنج ساڵدا جێبەجێ بکرێ، لەخاڵێکدا دەبووایە سەرژمێری کوردستان بکرایە بۆ دیارییکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنـۆمیی کوردسـتان، کـەکـوردەکـان تێیدا زۆرینەن. ئەمەش ئەو گریمانەیەی هێنایە پێشەوە، کەکێڵگە نەوتییـە سەرەکییەکانی عێراق لەکەرکوک(کەکوردەکان زۆرینەبوون). بـۆی هـەبـوو بکەوێتە ژێر دەستی کوردەکان. بۆ گۆڕینی راستییەکان لەسەر زەویی، سـە دام زۆر ئاگایانە دەستی بەپرۆسەی"تەعریبکردنی" شـارەکـە کـرد- بـەهـە ڵڕشتنی پارە بۆ ئەو عەرەبانەی دەچن بۆ گۆڕینی باری ئێسـنیکیی شـارە

کە. بارزانیی، سەرکردەی کوردەکان هانی کوردەکانی دا هەمان کار بکەن. سەرەتای حەفتاکان لای کەم دوو هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانیی بەڕێوەچوو. گومانێکی زۆر لەوەدەکرا سەدام دەستی تێیدا هەبووبێ.
وەک بەشێک لەرێککەوتنەکەی مارس، بارزانی قایل بوو بەپچڕاندنی پێوەندییەکان بەئێرانەوە. پێشبینی دەستپێکردنەوەی شەڕو تێهەڵچوونی سەربازیی دەکرا. بۆیە بارزانیی لە 1972 دا چووەوە ناو لیستی دەوڵەتی ئێران بۆ یارمەتیی وەرگرتن، هەروەها یارمەتیی لەئەمێریکا و ئیسرائیلیش وەرگرت. بەمجۆرە کێشەی کورد، مەودایەکی ئینتەرناسیۆنالیستیی گەورەو مەترسییداری وەرگرت.

دەستەمۆکردنی شیعە

شیعە وەک گرووپێک هەمیشە لەکورد هەمەچەشنتر بووە- بۆیە پێویستی بەهەڵوەستەیەکی وردتر nuance هەبوو. سەدام ستراتیژییەکی کلاسیکیی ناسراو بە *تەرهیب و تەرغیب* " ترساندن و فریودان" یان کوتەک و گێزەری پێڕۆ کرد. هەڕەشەی راستەقینە بۆ سەر رژێم، لەگردبوونەوەی هێزی سەرکردە ئایینیە رادیکاڵەکان و جەماوەری رەشوڕووتی شیعەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو کاتەی حیزبی بەعس دەسەلاتی گرتەدەست، بەتەواویی حیزبێکی عەرەبیی سوننیی بوو؛ جارێکی تریش زۆرایەتی شیعە بەسیستەماتیک پەراوێزخران لەدەسەلات و دەستڕۆیشتووییدا . هەروەک لەگەڵ کوردەکاندا هەمان کار کرا. ئەو گرفتانەی بۆ بەعس لەلایەن شیعەکانەوە بەپێش دەهاتن، لەمیراتی رژێمەکانی پێشووەوە مابوونەوە. لەتەمەنی کورتی رژێمی قاسمدا، کەرێگەپێدانی حیزبەسیاسییەکان یاسایی کرا، حیزبی دەعوە دامەزرا. لەژێر سەرکردایەتی محەمەد باقر ئەلسەدر - لاوێکی چالاک و سکۆلارێکی ئایینیی ناوبانگ باش- حیزبی دەعوە بەخێرایی تەشەنەی سەندو خەباتی چەکداریی رێکخست. ئامانجی حیزبەکە زۆر سادەبوو: ژێرەوژوورکردنی رژێم و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی، ئەمەش بەئاشکرا، بۆ بەعسی سێکیولاڕ جۆرێک لەهەڕەشەبوو.
پاش هەندێک تێکهەڵچوونی توندوتیژ لەهاوین و پاییزی 1969دا لەنێوان رژێم و دامەزراوەی ئایینیی شیعەدا، رژێم یاسایەکی ئەنتی ئەلدەعوەی دەرکرد، دواتر ئەمەی بۆ سەرکوتکردنی ئەندامانی ئەو حیزبە بە

کارهێنا . لەساڵی 1974، پێنج ئەندامی ئەل- دەعوەی لەسێدارەدا. لە کۆتایی حەفتاکاندا ئەم ژمارەیە بەرەو سەرەوە هەڵکشا. لەماوەی دەیەیە کدا، رژێم پشتی بەرووبەڕووبوونەوە، لەسێدارەدان و دەرپەڕاندن لەوڵات بەستبوو، بۆ ئەوەی مەترسیی شیعە کۆنترۆڵ بکات. لەکاتێکدا رژێم بە کوتەک کەوتبووە گیانی دامەزراوەی ئایینی، لەهەمان کاتیشدا دانیشی (گێزەر) بۆ جەماوەری رەشوڕووتی شیعە رۆ دەکرد.
هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی بارگرژیی لەنێوان سوننەی سێنتەر و زۆرایە تی شیعەدا، دابەشکردنی دەسەلاَت و سامان بوو بەشێوەیەک یەکسانیی تێدا بێت. لەماوەی زۆربەی ئەو دەیەیەدا، رژێم پرۆگرامێکی شۆڕشگێڕانەو راستەقینەی بۆ بنیاتنانەوەی تەواوی ژێرخانی ئابووریی و کۆمەلاَیەتیی پێڕۆ کرد. لەو پرۆسەیەدا، عێراق بوو بەپێشکەوتووترین جڤاکی مۆدێرن لەجیهانی عەرەبدا. ئەم پرۆسێسە بەریفۆرمی زەویی { چاکسازیی کشتوکاڵیی} بەشێوەیەکی رادیکالاَنە دەستی پێکرد، لەساڵی 1970 تۆڕێک بۆ کێڵگەی هەرەوەزیی دامەزرا کەدەوڵەت سەرپەرشتیی دەکرد.
خاوەندارییەتی زەوییەگەورەکان دابەشکرا بەسەر ئەو جووتیارانەی کە کاریان لەسەر پارچەزەوییەکان دەکرد. ئەمانە بەهەردوو سەر کارگوزار بوون، لایەنگریی جەماوەریی بۆ رژێم دروستکرد و هاوکاتیش دەسەلاَتی خاوەندارە گەورەکانی کەمکردەوە. بەرئەنجامی ئەمە کەرتێکی تێکەڵ لە کشتوکاڵ بوو، زەوییە بچووک و مامناوەندییەکان تایبەت بەجوتیارەکان مایەوە، زەوییە گەورەکانیش بە" خاوەندارییەتی گشتیی" کران. ئەم خواستانەی بەعس پێویستی بەسەرچاوەی داهات بوو، ئەمەش واتای دە ستراگرتنی راستەوخۆ و کۆنترۆڵکردنی نەوتی بێئەژمار و یەدەکی عێراق بوو.

خۆماڵییکردنی نەوت

لەسەرەتای حەفتاکاندا. بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لەلایەن کۆمپانیای پێترۆلیۆمی{نەوتی} عێراقەوەIPC. کە کۆمپانیایەکی-گەورە بوو بە خاوەندارییەتی هاوبەشی بریتانیی، فرانسیی، هۆلەندیی و ئەمێریکایی، لە گەڵ کۆمپانیای نەوتی بەسرەBOC دا وەک پرۆژەیەکی بچووکی بیانیی، دەستی بەسەرداگیرابوو. زۆربەی بەرژەوەندییە بیانییەکانی وابەستە بە

IPC، مافی تایبەتیان لە ولاتانی تری عەرەبدا هەبوو. لەئەنجامیشدا زۆر بەمەبەستەوە ریژەی بەرهەمهینانی نەوتی عیراق بۆ بەرزراگرتنی نرخەکەی، لەوپەری کەمییدا راگیرابوو. بەکورتیی ویرای ئەوەی عیراق لە فرۆشتنی نەوتدا سوودمەند بوو، بەلام کۆنترۆلی ریژەو نرخی ئەم سەرچاوە سروشتییەی لەدەستدا نەبوو.

بەلام هەر هەولیک بۆ کۆنترۆلکردنی بیرەنەوتەکان و دەرهینانیان لەدەست بیگانە، مەترسییەکی کوشندەبوو.[80] سەدام خۆی ئەرکی خۆمالییکردنی پیشەسازیی نەوتی لەئەستۆ گرت. بۆ مسۆگەرکردنی بازاریکی هەمیشەیی بۆ نەوتی عیراق و دابینکردنی تەکنەلۆژیای پیویست بۆ گەشەدان بەکیلگە نویکانی نەوت، سەدام لەسالی 1972 دا گەشتی بۆ سۆڤیت کرد. گەشتی- بەرامبەر reciprocal لەئەپریلی 1972دا لەلایەن کۆسیگن، سەرۆک وەزیرانی سۆڤیتەوە کرا. پەیمانی دۆستایەتیی و هاوکارییکردنی نیوان هەردوو ولاتی بۆ 15 سال لیکەوتەوە. پەیمانەکە زامنی دەستراگەیشتنی سۆڤیتی کرد بۆ بەندەرەکان و فرۆکەخانەکانی عیراق و دابینکردنی فرۆشتنی چەکوچۆلی سۆڤیتیی بەعیراق بەبەردەوامیی، لەهەموویشی گرنگتر، گەرەنتیی پەیداکردنی بازاری سۆڤیت بۆ نەوتی عیراق. پاش ماوەیەکی کەم، لەیەکی جونی 1972 دا، یاسای 69 بە فەرمیی IPC خۆمالیی کرد. سالی دواتر BOC یش خۆمالیی کرا.

ئەم خۆمالییکردنەوە بۆ سەدام سەرکەوتنیکی تاکەکەسیی{شەخسیی} بوو. ئەم هەنگاوە زۆر بەبەربلاویی پیشوازیی لیکرا(یەکی جونیان بەفەرمیی ناونا"رۆژی سەرکەوتن"). سەرەنجام عیراق کۆنترۆلی سەرچاوە سروشتییەکانی کەوتە دەست و پاشماوەی بالادەستیی کۆلۆنیالیی بەیەکجاریی کۆتایی پیهینرا. لەم پرۆسەیەدا، عیراق لایەنیکی لەشەری سارد هەلبژارد. سوودەکانی بیئەژمار بوون- چەکوتفاقی سۆڤیتیی بەلیشاو، یارمەتی تەکنیکیی لەپیشەسازیی نەوتدا، بازاری مسۆگەر بۆ هەناردنی نەوت. لە لایەکی ترەوە بۆ دلنەوایی سۆڤیت، سەدام پەیمانی دابەشکردنی دەسەلاتی(لەجیاتی چەوساندنەوەیان) لەگەل حشع دا راگەیاند. ئەم بەلینەی کە بەبیری کەسدا نەدەچوو بەرەی پیشکەوتووخوازیی نیشتمانیی لی دروست بوو. هاوپەیمانییەکی سیاسیی لەنیوان " هیزە شۆرشگیرەکان"ی عیراق، لەوانە، بەعس، حشع، تیکەلەیەکی motley هەمەرەنگ لەگرووپە

کوردییەکان بەئاگایانە هەڵبژێردرابوون. دوو ئەندامی حشع لەکابینەی وەزارەتدا دامەزرێنران و تەنگەتاوکردنی شیوعییەکانیش لەو کاتەدا کەم ببووەوە. ئەم بەشدارییپێکردنەی حشع لەدەسەلاتدا پرۆڤەیەکی هەڵخەڵەتێنەرانە بوو، بەڵام لەرووکەشدا بۆ راییکردنی سۆڤێت بەشێوەیەکی کاتیی، بەس بوو. دەرئەنجامی پرمەترسیی بۆ عێراق لەلۆژیکی جەنگی ساردەوە پەیدابوو. بەکەوتنەژێر چاوەدێریی و بوون بەکرپاری سۆڤێت، عێراق بە ئۆتۆماتیکی دوژمنێکی نوێی(ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکا) بۆ پەیدا بوو. کاری نایابی سەدام، هەر زوو پشکی ئابووریی باشی لێچنرایەوە. کاتێ کێشەی عەرەب- ئیسرائیل لەساڵی 1973 دا دەستی پێکردەوە، نرخی نەوت فڕیی، عێراق بەشێوەیەکی ئایدیالیی پارەو سامانە نیشتمانییەکەی بەکار هێنا.

هەوڵی کودەتای کەزار

سەرنەگرتنی thwart کوودەتا سەربازییەکان ببوون بەبەشێک لەرووداوی سالانەی رژێمی بەعس، ساڵی 1973 شتێکی جیاواز نەبوو. هەوڵی 1973 کەلەژێر سەری ناززم کەزاردا بوو(یەکێ لەپیاوانی باڵی راستی سەدام بوو. لەئاساییشدا، یەکێ لەشیعە دەگمەن وپایەبەرزەکانی ناو رژێم بوو). بەگاڵتەبازاڕیی Farce کۆتایی پێهات. بەڵام بەردەوامیی شەقوشلۆقیی رژێمی نوێی سەلماند. پلانە فێڵبازییەکەی کەزار، فڕاندنی هەردوو وەزیری بەرگریی و ناوخۆیی لەخۆ گرتبوو. بۆ ئەوەی لەلایەن پۆلیس و سوپاوە، هیچ وەڵامدانەوەیەک دروست نەبێ. دواتر دانانی دەستەی تێرۆرکردنی سەرۆک بەکر. کاتێ بەفڕۆکە لەگەشتێکی پۆلاند دەگەڕایەوە.

بۆ بەدبەختیی کەزار، فڕۆکەکە بۆ ماوەی چوار کاتژمێر دواکەوت. دەستەی بکوژەکان هەلاتن. لەو باوەڕەدابوون دزەکراوەتە ناو پلانەکەیانەوە. بەدوو بەرپرسی پایەبەرزی رژێمەوە کە دەستبەسەرکرابوون لەزیندان لای خۆی، پاش هەڵوەشاندنەوەی پلانەکە، کەزار بەدوو بارمتەکەوە بەرەو سنووری ئێران هەڵهات. سەدام سەرسام بوو بەهەڵسوکەوتی یەکێک لەزۆر نزیکەکانی. کەوتە راوەدوونانی، پێشی پێ گرت، بەرلەوەی لەسنوور دەرباز بێ.

ئەنجامی ensuing ئـەو دانگاییکردنه، مەرگی بەسەر کەزاز و 8 کەس لەئەفسەرانی ئاساییشدا سەپاند، جگە لـەئـەفسـەرانـی سـەربـازیی. رۆژی دواتر، بەس بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەدادپەروەریـی رێگـەی خـۆی دەگـرێ، 36 پیاوی تر دادگـاییکران. 14 کـەسـیان لـەئـەنجامـدا لـەسـێدارەدران. جارێکی تریش رژێم سەلماندییەوە کەتوانـای زاڵبـوونی resilience بـە سەر تەنگانەدا هەیە. بەمشێوەیە هەرکەسێ بیـەوێ دژایـەتـی رژێـم بکـات، باجێکی قورس دەدات.

گێروگرفت لەباکوور

ئەو رژێمی بەعسەی کەسەدام بە لێبراوییی وسەلیقە instinct ی خـۆی بـە رێوەی دەبرد، سەلماندی کەبەرگەی کوودەتا دەگرێ. بـەڵام وەک دەردەکـە وت توانای کۆتاییهێنانی بەکێشـەی کـورد نییـە، وەک چـۆن رژێمـەکـانی پێشووش نەیانتوانی. لە1974 دا رێککەوتننامەی مانیفێستۆی مارس{ بە یانی ئازار} بەخێرایی بەرەو هەڵـوەشـاندنەوە دەچـوو. بـارزانیی پشـتئە ستوور بەکۆمەکی نێودەوڵەتیی، بەبێ دوودڵیی گێچەڵی بەبەعس دەکـرد و رایگەیاند" ئەو ناوچانەی کەدەوڵەمەندن بەنەوت....ناوچەی خۆمانن. بەڵێ هی خۆمانن. بۆیە هەر هەنگاوێ بنێین بـۆ هێنانـەوەیـان، هـەنگـاوێکی دە ستدرێژکەرانە نییە."[81] لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ واشینگتۆنپۆسـتدا هاوینی 1973. بارزانیی بەئەنقەست دانی لەبەردەم ئەمێریکا رۆکردبـوو. بـەڵێنـی دابوو" ئەگەر ئەمێریکا ئێمە بپارێزێ لەگەلەگورک......دەتوانین کـۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکان بکەین و بۆ کارپێکردنیشی بەکۆمپانیایەکی ئـەمێریکیـی بدەین. بێگومان، ناوەرۆکی راگەیاندنەکانی بارزانیی، جێگەی نارەزایەتیی بەغداد بوو. شەرێکی دوژمنکارانەی بەرفراوان بـەرێـوەبـوو. ئـەمـەش لـە مارسی 1974 دا کڵپەی سەند.

شەڕ لەگەڵ کوردەکاندا. خەریک بوو سەری بەعس بخوات و لەدەسەلات دە ری پەرێنێ. کوردەکان لەلایەن هەریەکە لە ئەمێریکا، سوریا، ئیسـرائیل و ئێرانەوە پشتیوانیی دەکـران. لـەکاتێکـدا خـاوەنـی تۆپخانـەی قـورس و رۆکێتی دژەئاسمانیی بوون، گەریلا{ پێشمەرگە} شەرکەرەکانی بارزانیی لە سوپای عێراقیش خاراوتر بوون. تێچوونی جەنگەکـە(نزیکـەی 4 بیلیـۆن دۆلار). ئابووریی عێراقی داغان کردبوو. لەکاتێکدا ژمارەی قوربانییەکان لە

ســـالانی 1974_1975 بــه 60000 گــەیشــت. دوای جــەنیــوەری 1975، هەلومەرجەکە تا دەهات خراپتــر دەبــوو. ئێــران دوو یــەکــەی ســە ربازیی لەکوردستانی عێراقدا جێگیرکرد. بۆ یارمەتییدانی راســتەوخــۆ بــە کوردە شۆڕشگێڕەکان. بۆ وەستانەوە لەهەمبەر هەرەسی تەواو لەبواری سە ربازیی و ئابووریدا. سەدام هیچ چارەیەکــی تــری نــەبــوو. جگــە لــەملکــە چکردن بۆ دەسەلاتی بەهێزی ئێرانی دراوسێی.

لەمارسی 1975، سەدام و شای ئێران رێکەوتنامەی جەزائیریان مــۆرکرد. رێکەوتننامەکە دواتر لەجونی 1975دا یاساییکرا ، لەسەر سنووری نێــودە ولەتیی و پێوەندیی دراوسێیانە رێککەوتن. ئەمەش بۆ سەدام ســاتگەلێکــی پڕ لەسەرشۆڕیی بوو. کێشەی دوورو درێژی هەرێمایەتیی لەسەر کەنــداوی عەرەبیی، بەتەواویی لەقازانجی ئێران شکایەوە. لەسەر عێراقیش داواکــراو بوو. کەدەستبەرداری داواکردنی هەرێمی عەرەبنشــینی خوزســتانی ئێرانــی بێت.[82]

جگەلەپابەندبوونی ئێران بەیارمەتیی بڕین لەکوردەکان. لەبەرامبەردا عێراق هیچی وای دەست نەکەوت. لەماوەی دوو رۆژدا لەواژۆکردنی پەیماننامەکــە وە، هەموو کۆمەکێکی نێودەولەتیی بۆ کوردەکان(لەئێران. ئیسرائیل و ئــە مێریکاوە) بڕا. کوردەکان بێچارە مانەوە. لەماوەی دوو هەفتــەدا، شۆڕشــی کورد هەرەسی هێنا.

مۆدێرنایزکردنی عێراق

لەکۆتایی 1975دا، رژێمی بەعس لەهەموو بەرەکاندا جێگەورێگــەی خــۆی توندوتۆڵ کردبــووەوە، ببــوو بــەتــەمــەن درێژتــرین رژێمــی کۆمــاریی. لــە ناوخۆشدا، هەموو نەیارەکانی (هێزەچەکدارەکان. حشع و کوردەکان). یان لەناوبردرابوون. یان بێلایەن کرابوون. یاخود کلک و گوێ کرابــوون. روو بەدەرەوەش. سەرەڕای ئەوەی رێککەوتن لەگەڵ ئێراندا، خۆبچووککردنەوە بوو. بەلام شەڕێکی گەورەی لە عێراق لادا. بەروبوومی نــەوت پــارەیــەکــی زۆری پێکەوەنا. بۆیە سەرنجی سەدام بەرەو مۆدێرنایزکردنی عێراق چوو. سەرپەرشتییکردنی عێراق بەچــەمکێکــی گونجــاوی سۆشیالیستییەوە[83] لــە ئایدۆلۆژیای بەعس. گۆڕینی عێراق لــەولاتێکــی جیهــانی (ســێ) وە بــەرەو ولاتێکی پێشکەوتوو. لەماوەی دەیەیەکدا، بەپشتبەستن بەدوو ئەگــەری ســە

رەكیی. یـەكـەم، پێویسـتـی دەكرد، سامان بەشێوەیەكی هەرچی باشتر بـە یەكسانیی دابەش بكرێ. بەواتایەكی تەسەلتر، رەوایی و خاوەن پایە لەناو خەڵكدا بۆ رژێمی بەعس بـەنـد بـوو بـەگـەیانـدنی ژیـانێكی باشـتر بـۆ عێراقییەكان لەچاو هەموو رژێمەكانی پێشـووتردا. دووەم، رژێـم پێویسـتی بەوە هەبوو، كەئابووریی عێراق هەمەجۆر بكات، بۆ دووركەوتنەوە لەپشتبە ستنێكی لـەرادەبـەدەر لـەسـەر تاكـە كـالا(نـەوت). بـەپیشـەسـازییكردنی ئابووریی عێراق، كەمتر دەكەوتە ژێر كاریگەریی هەڵبەزودابەزی نرخی نـە وتەوە. هەروەها پشتبەستنی عێراقی كـەمتـر دەكـردەوە لـەسـەر هـاوردەی وڵاتانی پێشكەوتوو، بۆ بەروبوومی پیشەسازیی.
بەدەر لەسروشتی سەركوتكەریی (یان" شەڕانگێزیی") رژێم، لەبـوارەكـانی تردا، لە بواری ئابووریی و كۆمەڵایەتییدا، دەستكەوتەكانی سـەرنـجـڕاكێش بـوون. بـەرنامـەی زۆر گـەورە بـۆ چێكردنـی قوتابخانـەو نـەخۆشـخانە دارێژرا. بەخێرایی دەسـتڕاگەیشـتن بـەباشـترین جـۆر لـەچـاودێریی تـە ندروستیی و خوێندن، بوو بەمافێكی رەواو گشتیی، نەک مـافێكی تایبـەت وەک لەپێشدا هەبوو. بەرفراوانبوونی ئەم تۆڕە كۆمـەڵایـەتییـە، هاوشـانی پرۆژەی بەرزخوازتر بوو لەرۆنانی ژێرخانی ئابوورییدا. هەوڵی گەیاندنی ئیلێكتریک{كارەبا} بەدەرو دەشت، ئەنجامەكەی 4000 گوند بۆ یەكەمـین جار ئیلێكتریكیان بەخۆیانەوە بینی. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ئەوەی شتگەلێ بدرێ بەو خەڵكەی تازە ئیلێكتریكیـان پێگـەیشـتووە، تـەلـەفیزیـۆن و یـە خچاڵی خۆڕایی بەسەر خەڵكدا دابەشكرا- لـەشـیعەوە- لـەباشـوورەوە دە ستی پێكرد، نەک بەڕێكەوت، بەڵكوو بەمەبەستەوە. بۆ سەدام، كڕینـی جـە ماوەری شیعە ستراتیژییەكی سێنترالیی بوو.
هەروەها سەدام، دەستیكرد بەپلانێكی ئەفسانەیی، لەچـەشـنی پـرۆژەكـانی ستالین، بۆ پاقژكردنەوەی ئاوی دیجلەو فورات بۆ ئەوەی 3 میلیۆن هێكتار زەویی گونجاو بۆ كشتوكاڵ بخاتە گەڕەوە. مەبەستی پلانەكە" بووژانەوەی ناوچەیەكی تایبەت بەدانەوێڵەی جیهان" بوو. هەمەجۆركردنی ڕێگەكانی هە ناردنی نەوت، گرنگییەكی تر بوو. سەدام سەرپەرشتیی چێكردنـی سیسـتە می بۆرییە نەوتییە پێكەوەگرێدراوەكانی دەكرد، كەبتوانێ بەپێی پێویسـت لەهەر شوێنێكی عێراقەوە بێت لەسێ ڕێگەی جیاوازەوە(بەسرە، توركیـا و سوریا)، بۆ دەرەوە نەوت بنێرێت. بەروبوومی پیشەسازیی بەتـەواویـی لـە

لایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدە برا. جەختی لەسەر فرەجۆریی دەکردەوە. بۆ ئەوەی چارەنووسی ئابووریی عێراق بەتەواویی نەبەسترێتەوە بەبە رزونزمیی نرخی نەوتەوە. بۆ یەکەمین جار لەیەدەگی زۆری عێراق، کبریت و فۆسفات دەرهێنرا، هاوکاتیش پرۆژەیەکی گەورەی پیترۆکیمیایی لەبە سرە رۆنرا.

لەدەسەڵاتی تاکحیزبییەوە بۆ دەسەڵاتی یەک کەسیی.

لەناوەڕاست تا کۆتایی حەفتاکان، حیزبی بەعس کە سەدام سەرەنێزەی بوو لەئەوپەڕیی بەهێزییدا بوو. رژێم توانستی خۆی تەواو کارا کردبوو بۆ رزگاربوون لەکۆمەڵی هەوڵی دووبارەی کوودەتا. شانازیی ئەمەش بۆ سەدام دەگەڕایەوە؛ رۆڵی سیاسیی هێزەچەکدارەکان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی بارگرژیی لەپەشێویی سیاسیی عێراقدا بێبەزەییانەو کاریگەرانە کەمکرایەوە: کێشەی دوورودرێژی لەگەڵ ئێرانی دراوسێدا. لای کەم بە شێوەیەکی کاتیی، رێگەی لێگیرا کەگەشە بەرەو شتێکی سامناک نەکات، لە ئەنجامیشدا، ئەگەری تەوەرەیەکی ئێرانیی_کوردیی کە وڵات شەقوپەق بکات بەتاڵکرایەوە. هەروەها کۆنترۆڵکردن و دەستڕاگەیشتنی دەوڵەت بە سەر بەشە سەرەکیی و گرنگەکانی ئابوورییدا. بەسەر یەدەکێکی زۆری زێڕی شلدا و تەخشانکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. گرنگییەکی بێئە ندازەی هەبوو لەفەرمانڕەواییکردنی وڵاتدا. بۆیەکەمین جاریش لەمێژووی عێراقدا، رژێمێکی جێگیر پێڕۆی سیاسەتێکی ئاگایانەی لەدابەشکردنی ساماندا، لەبری کەڵەکەکردنی کرد. لەسەرێکەوە ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی دراماتیکیی جۆری ژیانی عێراقییە ئاساییەکانی گۆڕیی. لەسەرێکی تریشە وە گەشەیەکی خێرای دەزگای ئاسایشی دەوڵەت وایکرد چاودێرییەکی بە هێز بداتە دەست ئەوانەی کۆنترۆڵی دەوڵەتیان کردبوو. ئەمەش کاریگە ریی هەبوو لەسەر خەڵکەکەو وایلێکردن لەهەمیشە زێتر پشت بەدەسەڵاتی نێوەند ببەستن.

بەشێوەیەکی گشتیی لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا، کۆمەڵایەتیی، پەروەردە یی، ئابووریی، سیاسیی و سەربازیی- دەوڵەت کۆنترۆڵی پلەوپایەی پۆستە کانی کردبوو. بەرپرسانی دەوڵەت دەستنیشانیان دەکرد، کێ سزا بدرێ و کێ خەڵات بکرێ. خەڵکی عێراق لەبەردەم هەڵبژاردنێکی رووندا بوون: دە

ستتێکەڵکردن لەگەڵ دەوڵـە ت و کـەڵکـوەرگـرتن لـەدەسـتبلاوییەکـەی largess. یان ئۆپۆزیسـیۆنبوون و رووبـەڕووبوونـەوە لـەگـەڵ ئاکامـە توندوتیژ و پڕ لەئازارەکانی. لـەکۆتـایی حـەفتاکانـدا، دەزگـای ئاسـاییش کۆنترۆڵی عێراقی کردبوو. حیزبی بەعس کۆنترۆڵی دەزگای ئاساییشی دە وڵەتی کردبوو سـەدامـیش کـۆنترۆڵی حیزبـی بـەعسـی کردبـوو. ئـەوەی مابووشەوە، دەبووایە ئەم هەڕەمی دەسەڵاتە بەفەرمیی بناسێنێ. ئەمانـە لـە جولای 1979دا دەگوزەرا. کاتێک بەکری ناساغ و بەسـالاچوو راییکـرا. بەوەی دەستبەرداری دەسەڵات بۆ جێگـرە گەنجەکـەی خـۆی ببـێ. وتـارە تەلەفیزیۆنییەکەی وازهێنانی بەکر بەوردەکارییەوە دانرابوو تـا رێککـەوتی ساڵیادی شۆڕشی 17 ی جولای بکات.

لە وتارەکەیدا، بەکر روونیکردەوە کە نەخۆشییەکەی چیتر رێگەی پێنـادات کەبەرگەی پۆستەکەی بگرێ. ناچاری کرد کـە دامودەزگـای دەسـەڵاتداریی بـۆ "هـەڤاڵ سـەدام حوسـێن" و " تێکۆشـەری دڵسـۆز" و " سـەرکردەی لێوەشـاوە" ی شـۆڕش جـێ بهێڵـێ.[84] تێکۆشـەری دڵسـۆز و سـەرکردەی لێوەشـــاوە تـــەنها دووان لـــەو نازناوانـــە بـــوون لـــەکاتی وەرگرتنـــی پلەوپایەکەیـدا . سـەرەڕای ئـەوەی، بـوو بەسـەرۆک، سـەرۆک وەزیـران، سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سێکریتێری گشتیی سەرکردایەتی هەرێمیی حیزبی بـەعس و سـەرۆکی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش RCC

سـەدام زۆر بەپەلـە کەوتـەخـۆ. بـۆ جێگیرکردنـی ئـەم پۆسـتە نوێیانـە. ئامانجەکانی ئەو، نەیارەکانی نێو بەعس بوون، یەکەمین کەس بەر لیسـتی لێدان کەوت. موحیی عەبدولحوسێن مەشهەدیی بوو. کـە ئـەو بۆچوونانـەی هەیبوو سەری بەخواردن دا. لـە کۆبوونـەوەی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشدا بۆ دیارییکردنی جێگرەوەی بەکر، مەشهەدیی ئـەوەی ئاشـکراکرد هیچ دادوەرییەک لەوەدا نییە، بە دژایەتییکردنی لەپڕ خانەنشینبوونی بەکر، بۆیە داوای دەنگدانی کرد بۆ جێگرتنەوەکە. بەمشێوەیە مەشهەدیی پۆستی سـەرۆکایەتی RCC ی لێسـەنرایەوەو ئەشـکەنجە درا تـا ئەوکاتـەی دەبووایە ددانی بەهەر شتێکدا بووایە بنایە.

لە 22ی جولای، سەدام داوای کۆبوونەوەیـەکی تایبـەتی کـرد، بـۆ ئـەوەی رێگە بە مەشهەدیی بـدرێ کـە وردەکـاریی ئـەو پلانـەی سووریا ئاشـکرا

بکـــــات، کـــــه بــــۆ ژێرەوژوورکردنــی رژێـم داڕێژرابـوو. سـەدام کۆبوونەوەکــەی بــۆ نــەوەکانی داهــاتوو بــە ڤیـدیۆ گــرت. پـــاش ددانپێداهێنانێکی ئامادەکراو لەلایەن مەشهەدییەوە. نـاوی پلانـداڕێژەرەکان خوێنرایەوە. کاتێ ناوەکانیان بانگ دەکـرا، ئەندامـە بێچارەکـانی بـەعس لەلایەن پیاوەکانی ئاساییشەوە راپـێچ دەکـران- بەسـەریەکەوە 66 کـەس بـوون. دواتــر کۆبوونەوەکــە درێــژەی کێشــا. نوێنــەرەکانی مابوونــەوە پەیامەکەیان بەباشیی پێگەیشت.

لـەو 66 کەسـە. 22 کەسـیان، لەلایـەن دادگایـەکی سـەرپێیی و تایبـەتیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە سزای مـەرگیان بەسـەردا سـەپێنرا. دوو هەفتە دواتر بەرپرسانی حیزبیی جارێکی تر کۆبوونەوەیان کـرد بـۆ جێبەجێکردنی حوکمی دادپەروەریی بەکۆمـەڵ، بەسـەر تاوانبارانـدا. یـەک بەیەک سەرکردەکانی بەعس هەڵدەستان و گوللەیان دەنا بـە مێشـکی ئـەو 22 بەدبەختەوە. لەم " کۆبوونەوە پڕ شـکۆدارە عەشـیرەتییەدا". نزیکـەی سـەرجەم سـەرکردە حیزبییــەکانی کــە مابوونــەوە بەشــدارییان لــەم " گوللەبارانکردنە دیمۆکراسییەدا" کرد.[85]

ئـەم پاککردنەوەیــەی نێـو RCC هاوکـات بــوو لەگـەڵ پاککردنــەوەی هەمەلایەنــەی نێـو ریزەکـانی حیزبـی بـەعس بەمەبەسـتی لابردنـی هـەر ئۆپۆزیسیۆنبوونێکی چاوەڕوانکراو بـۆ سـەرکردایەتیی سـەدام حوسـێن. لەهەمان کاتیشدا دەزگایەکی تری ئاسایشی بۆ سەر دەزگاکانی تـر زێتـر کــرد کــە پاراســتنی بــاری ئــارامیی وڵاتیــان لەئەسـتۆ بــوو. ئەمــەش بەدروستکردنی *ئەمنی خاس* (هێزی پاراستنی تایبـەت). کـە بـە تـەواویی کاری، وەک دەزگایەکی تایبەتی ئاسایش بۆ سەدام دەکرد.

ساتەکانی سەرکەوتنی یەکجاریی سەدام، بەرزخوازیی ئەو کە سنووری بـۆ نەبوو، لە کوللەمەرگیی تکریتەوە هەڵیگرت بۆ ترۆپکی دەسەڵات لە عێراقدا. کورتخایەن بـوو. لـە مـاوەی ساڵێکدا، عێـراق خـۆی خسـتە گۆڵمـەزێکی وێرانکەرەوە لـە گـەڵ دراوسـێی بـەهێزی رۆژهەڵاتیـدا کـە هەشـت سـاڵی خایاند. ئەمە جارێکی تر ئەوەی سەلماندەوە کە سەدام توانای ئەوەی هەیە دەرباز بێ تا سنوورێکی بێئەندازە.

هەڕەشـــە لەلایـــەن ئێرانەوە

گەورەترین دوا شەڕی سەدەی بیست و تەنانەت لەمێژووشدا. رژێمێکی سێکیولاری عەرەبیی سوننیی لە بەرامبەر رژێمێکی فارسیی، شیعیی توندڕۆدا راگرت. شتێکی سەیر نەبوو شەڕی نێوانیان زۆر خوێناویی بوو. بەیەکدادانی سەربازیی درێژەی کێشا، کە هیچ لایەکیان بەرگەی دۆڕانی شەڕەکەیان نەدەگرت. رەگوڕیشەی شەڕی عێراق-ئێران چەندین سەدە لە دوژمنایەتی ئێسنیکیی (عەرەب-فارس) و تایەفیی(شیعیی-سونیی) بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. ئەم هەلومەرجە ژمارەیەک کێشەی هەرێمایەتیی لەناوچەکەدا دەگرتەوە. گرنگترینیان کێشەی کەنداوی عەرەبیی بوو. رێککەوتنامەی جەزائیر کە لەقازانجی ئێران بوو. لە هەلومەرجی بالادەستیی ئێران و بێدەرەتانی عێراقدا رەنگرێژکرابوو. بەلام شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران و هاتنەوەی ئایەتولا خومەینی لە 1979 دا. دەستی بە پەلەپیتکەی کێشەکەدا نا.

ئێستا رژێمێکی سێکیولار، سۆشیالیست لە بەغداد، سوننە بالادەستە تێیدا، بەرەنگاری رژێمێکی رادیکالی شیعە لە تاران دەبێتەوە، کە بەلێنی داوە شۆڕش بنێرێتە دەرەوە بۆ تەواوی رۆژهەلاتی ناڤین. عێراق لەم هێلە گڕاوییەدا یەکەم بوو بەردەکەوت. خومەینی کاتی زۆری بەفیڕۆ نەدا، بانگەوازی شیعەکانی عێراقی کرد، کە رژێمی چەپەلی بەعس ژێرەوژوور بکەن. کارە دوژمنکارییەکانی هەردوولا بەخێرایی تەشەنەی سەندو لە سنوورەکاندا بەیەکدادان روویداو تۆپخانەی هەردوولا وەلامی یەکتریان دەدایەوە. تۆپبارانی سەختی شارەکانی عێراق لە سەرەتای سێپتەمبەری 1980 دا، وای لەسەدام کرد، کشانەوەی یەکلایەنەی خۆی لە رێککەوتنی جەزائیر، لە 17ی سێپتەمبەردا رابگەیەنێت. لەئەنجامیشدا، ئێرانییەکان لوولەی تۆپەکانیان کردە ناوچەکانی کەنداو لەبەری عێراق، ناوچە نیشتەجێکان و پرۆژە ئابوورییە گرنگەکانیان دەکوتا.

لە 22ی سێپتەمبەردا عێراق پەلاماری ئێرانی دا. پالنەرەکانی شەڕەکە روون نەبوون. یەکێ لەشارەزاکان بەمشێوەیە کورتی کردبووەوە" ترسی، ئۆپۆرتۆنیزم(هەلپەرستیی) و لەخۆباییبوونی لەپشتەوە بوو.. بڕیاری عێراق بە پەنابردن بۆ شەڕ، تێکەلەیەک بوو لە شەڕێکی بەرگرییانە. ئاوێتەیەک

له پێوانـەی بـەرگرییکار و دەســــــتدرێژییکار و ئـــــــالوودە بـــــە تۆڵەئەستاندنەوە لە رەقیبێکی ناوچەکە بوو"[86]

بـەبێ لەبـەرچاوگرتنی پاڵنـەرەکان، سـەدام بـەڕوونیی توانـای ئێرانـی لەبەرەنگاربوونەوەدا نەقەبڵاندبوو. سەدام پلانی چوونەناوەوەیەکی خێرای لەسنوورەوە داڕشتبوو. گرتنێکـی خێـرای ناوچەیـەک و لەنێویـدا هـەرێمی ئێسنیکی عەرەبیی خوزسـتان؛ ئەوسـا یـان دانیشـتووانە عەرەبنشـینەکەی خوزستان تێکەڵ بەبرایانی تری عەرەبیان دەبـن و مەشـخەڵی راپـەرینێک دژی رژێمـی تـاران هەڵدەکـەن، یـان لـە خراپتـرین دۆخـدا. عێـراق لـە جێگەوڕێگەیـەکی بـەهێزدا دەبێـت و لەوێشـەوە لـەپێناو ڤێرژنێکـی تـری رێککەوتنامەی 1975دا کـە زۆرتـر بـە قـازانجی بێـت ئامـادەی گفتوگـۆ دەبێت. رێگە چارەی سێیەم نەبوو.

گومانی تێدا نەبوو، سەدام پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە جـەنگ لـە چەنـد رۆژێ، یان چەند هەفتەیەک زیتر بخایـەنێت. لەسـەرەتاوە ئـەم پێشـبینییە جێگەی بڕوا بوو، کاتێ یەکە سەربازیی و زرێپۆشەکانی عێراق بـەخێرایی پێشڕەوییان کردە ناو خاکی ئێرانەوە. لەسەرەتای ئۆکتۆبـەردا، هێزەکـانی عێراق شاری خورەمشـەهریان گـرت و ئابلۆقـەی عـەبادان، دووەم گـەورە شاری ئێرانیان دا. لـەم قۆناغـەدا نـەبوونی رێگـە چـارەی سـێیەم گرفتـی دروستکرد. لەجیاتی یەکگرتنیان لەگەڵ برا عەرەبەکانیان، عەرەبنشینەکانی ئێران لە پشت رژێمی ئێرانـەوە وەسـتان و بەرگرییـەکی سەرسـەختانەیان دژی دەستدرێژیی عێراقییەکان کرد.

تەقەلاکانی عێراق بۆ کۆتاییهێنانێکی خێرا و چارەسـەرێکی دیپلۆماسـییانە لەلایەن خومەینییەوە رەتکرایـەوە.[87] جگـە لـە تێـداچوونی رژێمـی سـەدام کەمتر، تارانی قایـل نـەدەکرد. لەکاتێکـدا هێزەکـانی عێـراق ناوچەگـەلێکی زۆریان داگیرکردبوو، لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە دیل دەگیران. بەبێ ئەوەی ئامانجێکی ستراتیژیی روونیـان هـەبێ. ئەنجامەکـەش شکسـتێکی کـاتیی بـوو. بـەڵام دواتـر لـە ناوەڕاسـتی1982 دا ئێرانییـەکان دژە هێرشـیان دەستپێکرد. خورەمشـەهریان بـە کۆمەڵـە شـەپۆلێکی سـەربازیی گرتـەوەو 15000 سەربازیی عێراقییان لە پرۆسێسەکەدا بەدیل گرت.

ئەمەش بووە سەرەتایەک بۆ چەندین خاڵی وەرگەڕان دەربارەی شـەڕەکە. سەدام هێزەکانی خۆی لـەناو خـاکی ئێرانـدا کشـاندەوەو کەوتـە دۆخـی

بەرگرییەوە لەسەر سنوور. لەجولای1982 دا، هێزەکانی ئێران هەڵەکەیان قۆستەوەو پێشڕەوییان کرد و هێرشەکانیان پەرەپێداو و هاتنە ناو خاکی عێراقەوەو لەسەر بەسرە هەڕەشەیان دروستکرد. چەندین هەوڵی ئێرانییەکان لەساڵی 1983دا بۆ گرتنی بەسرە، بەچەکی کیماویی عێراقییەکان بەرپەرچ درایەوەو شەڕەکە جارێکی تر سستیی بەخۆیەوە بینییەوە. لەنێوان ساڵەکانی 1984-1986 دا، تەنها سەرکەوتنی زەمینیی لەلایەن ئێرانەوە کرابێ، گرتنی دوورگەکانی دەوڵەمەند بەنەوتی (مەجنون) لە باشووری زۆنگاوەکانی عێراق بوو. بەمشێوەیە، کێشەکە لەنێوانیاندا جەختی لەسەر لێدانی ژێرخانی ئابووریی دەکردەوە.

عێراق بە رۆکێتبارانیی ترێلە نەوتەکانی ئێران و بەندەرەکان هەڵساو ئێران بەهەمان شێوە وەڵامی دایەوە. مەزنترین پێشڕەویی هێزە ئێرانییەکان لە فێبریوەری 1986 دا بوو، کە ئەنجامەکەی گرتنی 310 میلی دووجا بوو لە دوورگەی فاو- ئەم سەرکەوتنە گەورەو ستراتیژییە بەسرەی خستە ژێر مەترسییەکی راستەوخۆوە. ئەمێریکا تا ئەم ساتەش، چەکوچۆڵی بەهەردوولا دەدا، لێرەوە بەئاشکرا لایەنگریی لە عێراق دەکرد، لەسەر داوای کوەیتییەکان، کەشتیی هێزە دەریاییەکانی ئەمێریکا چاودێریی تانکەرە نەوتەکانیان دەکرد لە ناوچەی کەنداودا، بۆ پاراستنیان لە هێرشی ئێرانییەکان.

لە ئۆکتۆبەری 1987 دا، هێزی دەریایی ئەمێریکا سێ بەلەمی دیدەوانیی ئێرانییان، نغرۆکرد، لە وەڵام بەوەی گوایە ئێرانییەکان هێرشیان بۆ سەر هێلیکۆپتەرێکی ئەمێریکایی کردووە. لەم کاتەدا، لەسەروو 60 کەشتیی جەنگیی رۆژئاوایی (ئەمێریکایی، بریتانیی، فرانسیی)، لەناوچەکەدا لە ئامادەباشییدابوون بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا. رەوتی شەڕەکە جارێکی تر وەرچەرخا، عێراق هەلەکەی قۆستەوە، لە نیوەی یەکەمی ساڵی 1988دا، دەستیکرد بە هێرشی مووشەکیی زەمین بەزەمین بەبەردەوامیی بۆ سەر شارە سەرەکییەکانی ئێران، لە ئەپریلدا لەگەڵ کۆمەکێکی بەرچاوی هەواڵگریی ئەمێریکاییەکاندا، هێزەکانی عێراق دوورگەی فاویان گرتەوە و هەروەها لە مەیشدا دوورگەکانی مەجنونیان گرتەوە. بەهەڵداشاخان لەگەڵ هێزێکی زۆری هێزە بیانییەکان لە کەنداوداو هەڕەشەی راستەخۆ لەلایەن

دوژمنکـاریی ئـەمێریکاوەو بـە سـوپایەکی شـەقوپەقکراوەوە. خومـەینی ئەوەی خواردەوە کە بە" پەرداخێک ژار" ناسراو ئاگربەستی پەژراند.

ئاکامەکانی شەڕەکە

بە دەربڕینگەلێکی ناوچەیی، شەڕی هەشـت ساڵە، بەهـەدەردانی ئـەرکێکی زۆر بوو، لەوەش گرنگتر بەهەدەردانێکی تراژیدیی گیانی مرۆڤەکان بـوو. بـەس لـەعێراق، ژمـارەی کوژراوەکـان نزیکـەی 200.000 کـوژراو و 500.000 بریندابوو[88]. سیاسەتی سەدامی بەرنامـەڕێژکراو" تفـەنگ و کەرە". کـە مەبەسـتی پارێزگـارییکردنی عێراقییـەکان بـوو لـە مـاڵوێرانیی شەڕەکە، پێڕو دەکرا. هاوکات خەرجی سەربازییشی دەکێشا. ئەمـەش وای لە عێراق کرد کە نزیکەی 100 بیلیـۆن دۆلار قـەرزبکا. کـە نزیکـەی 40 بیلیۆنی بۆ چەکوچۆڵی سەربازیی بوو. سەرەڕای ئەمەش، شەڕەکە داهـاتی تاکەکەسـیی خـەڵکی عێـراق نیـواو نیـو کـەمکردەوە. وێـڕای داڕووخـانی ژێرخانی ئابووریی عێراق، کە بە 200 بیلیۆن دۆرلار مەزەندە دەکـرا[89]. عێراق لەشەڕەکە هاتە دەرەوە، بەبەهێزترین سـوپای پڕچـەکی ناوچەکـەوە، سـوپایەکی یـەک میلیـۆنیی، نزیکـەی بەهـەمان ژمـارەش سـوپای میلیـی پاڵپشتیی دەکرد. خاوەنی 4500 تانک و 400 فرۆکەی جـەنگیی و پتـر لە 3000 ماشـێنی زرێپـۆش بـوو.[90] بـەڵام دەسـتگرتن بـەم سـوپایەوە، حەوت لەسەر هەشتی هەموو دەرامەتی هەناردەی نەوتی عێراقـی دەویسـت، ئەمەش قورساییەکی گەورە بـوو بەسـەر ئـابووریی عێراقـەوە کـە پێشـتر بەدەست قەرزەوە دەیناڵاند.

میراتی دەسەڵاتی بەعس 1968-1988

باڵادەستیی سوننە

لەکاتێکـدا حیزبـی بـەعس لـە سـاڵی 1968 دا دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، ریزەکـانی خـاڵیی بـوو لـە ئەنـدامی شـیعەو کـورد. لـە سـاڵی 1970 دا نوێنەرایەتیی شیعە لە پۆستە باڵاکانی حیزبدا بۆ 14% کەمبووەوە.[91] بۆ حیزبێـک کـە پڕوپاگەنـدەی یەکسـانیی نێـوان عـەرەبی سـوننەو عـەرەبی

شیعەی نەکرد لەناو نەتەوەی خاوەن سەروەری عەرەبدا.

پەراوێزخستنی بەردەوامی زۆرینەی شیعە لەدەستڕاگەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسیی کارێکی پڕ لەکێشە بوو. لەهەندێ رووەوە جێگەورێگەی سیاسیی شیعە لە گوتاری 20 ساڵی دەسەڵاتی بەعسدا بەرەوپێشەوە چوو. بەڵام لەهەندێ رووی ترەوە. لەسەردەمی بەعسدا لەچاو رژێمەکانی پێشووتردا دەسەڵاتی سیاسیی لە دەستی سوننەکاندا زۆرتر پاوانکرابوو.

لەسەرەتای حەفتاکاندا. حیزب سیاسەتێکی داڕێژراوی پێڕۆکرد کە کارگوزار بوو. بۆ تێکەڵکردنی هەرچی شیعەی زیاتر لە هەرەمەکانی دەسەڵاتدا. لەکاتێکدا نوێنەرایەتی شیعە لە ساڵی 1968ی ئەجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا. کە بڕیارە گرنگەکانی لە ناو ستراکتۆری دەوڵەتدا دەدا. سفر بوو. لەساڵی 1977 دا ڕێژەکە گەیشتە 28%. هەروەها نوێنەرایەتی شیعە لە ناو بەرزترین سەرکردایەتیی هەرێمیی ئۆرگانەکانی جێبەجێکردندا. گەیشتە 26% لەهەمان ساڵدا.[92]

کاراکردنەوەی پارلەمان(ئەنجوومەنی نیشتمانیی) بە پێی یاسا لە ساڵی 1980دا. دەروازەیەکی تری کردەوە بۆ لابردنی پەراوێزخستنی شیعە. هەڵبژاردن بۆ دەستنیشانکردنی 250 ڕێکخراو بە پێی ناوچەکان بۆ گەرەنتییدان بەوەی کە شیعە و کورد لەو ناوچانەدا هەڵدەبژێردرێن کە لەڕووی ژمارەوە زۆرینەن. بەپێیەش ئەو نوێنەرانەی هەڵبژێردران لە یەکەمین هەڵبژاردنی پارلەمانیی لە ساڵی 1958 ەوە. 43 لەسەدیان شیعە بوون و 12 لەسەدیان کورد بوون.[93] بەگوێرەی پسپۆرێک. ئەو سیاسەتە چەواشانەیەی کە زیادکردنی نوێنەرایەتی سیاسیی شیعەی لەپشتەوە بوو" بۆ ئەوە دانرابوو کە ئاماژە بدات بە گەنجە شیعەکان. بۆ ئەوەی پەتی خۆیان بە حیزب و سەرکردەوە شەتەک بدەن و لە ئەنجامی دیفاکتۆی بالادەستیی عەرەبی سوننەدا بە شێوەیەکی ریالیستیی لەباری کۆمەڵایەتییەوە بەرەو پێشەوە دەچن".[94]

سەرەڕای هەندێ نوێنەرایەتیی لەپارلەماندا. کوردەکان بەشێوەیەکی گشتیی دووچاریی کەساسییەکی خراپتر هاتن لە چاو شیعەکانەوە بەدرێژایی ساڵەکانی 1968_1988. بۆ نموونە تەنها یەک کورد بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو. لە سەرکردایەتی هەرێمییشدا هیچ پشکێکیان بەرنەکەوت. ئەگەر عێراق لیبراڵ و دیمۆکراسیی بووایە. ژمارەی

هاوبەشــی دەنگــدەرانی شــیعەو کــورد لەپارلەمانــدا. بەتــەواویی کۆنترۆڵی دەدایە دەستیان بەسەر عـەرەبی سوننەدا. بـەڵام هـەرگیز ئەمـە رووی نەدا. لەسەر کاغەز بەرەشکە دەسەلات درابوو. لە پراکتیکدا هـەمووی دەگەڕایــەوە لای ئەنجوومــەنی ســەرکردایەتی شــۆڕش. ئەنجوومــەنیش دەستکردی حیزبی بەعس بوو. حیزبـی بەعسیش نۆکـەری سـەدام بـوو. بەهــەمان شــێوەش کــاتێ هەنــدێ شــیعە چوونــە نــاو ئەنجوومــەنی ســەرکردایەتی شۆڕشــەوەو هەنــدێکیان پۆســتی وەزارەتیشــیان وەرگــرت. هــەموو شــوێنە گرنگــەکانی دەســەڵات لەدەســت ســوننەدا مانــەوە. بــەم پێودانگەش. وەزارەتی ناوخۆ و بـەرگریی. ئەفســەرانی گــاردی کۆمــاریی. زۆرینــەی رەهــای ئەفســەرانی ســوپا. زۆرینــەی دەزگاکــانی ئاســاییش و ئەڵقەی راوێژکارە نزیکەکانی سەدام بەتەواویی لە دەستی سوننەدا لەماوەی دیارییکراودا مانەوە.

لەکاتێکدا سیستەمی سیاسـیی بەشـێوەیەکی گشـتیی زۆرتـر نوێنەرایـەتیی هەمەچەشـنەی دەکـرد. بـەلام برِیـاردانی سیاسـیی زۆر بـەوردیی جـەختی لێدەکرایەوە. ئاخافتن لەسەر باڵادەستیی عەرەبی سوننە زۆر وردیـی پێـوە نییـە. لەڕاسـتییدا دەسـەڵات لـە دەسـتی عەرەبـە سـوننەکانی تکریـت و دەوروبەریدا کۆکرابووەوە. [95] هەڵکشانی "مافیای تکریتیی" لە ناو حیزبی بـەعس و سـتراکتۆری سیاسـیی دەوڵەتـدا. لەسـەر بناغـەی "خـوێن لـە ئایدۆلۆژیی لە پێشترە" بـۆ بـەکر و سـەدامیش جێگـەی سـەرنج بـوو. لـە هەلومەرجی سیاسیی عێراقی پڕ لـە توندوتیژییـدا کـە پێشـبینیی نـەدەکرا. پێوەندییــە عەشــیرەتییەکان زامنــی وەفــاداریی زۆرتــر بــوون لــەچاو ئایــدۆلۆژیای هاوبەشــدا. هەنــدێجار ســەرجەم ئەنــدامانی ئەنجوومــەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە تکریتییـەکان بـوون. تکریتییـەکان باڵادەسـتییان بەســەر دەســتەی ئەفســەرانی ســوپا و گــاردی کۆمارییــەوە هــەبوو. جگــە لــەکۆنترۆڵکردنی دەزگاکــانی ئاســاییش. یــەکێک لــەهاوکارانی ســەدام گوتبووی" هـیچ نهێنییـەک لـە بـەڕێوەبردنی عێراقـدا نییـە. چـۆن تکریـت بەڕێوە دەبەین. بەهەمان شێوەش عێراق بەڕێوە دەبەین". [96]

لەمـەش واوەتـر. پـاش 1975. سـەدام پشـتی بـە خزمایـەتیی بەسـت لـە دیارییکردنی ئەو ستافانەی شوێنە هەستیارەکانیان لە رژێمدا بەردەکـەوت. لە کۆتایی حەفتاکاندا بنەماڵەی سەدام حیزبـی بـەڕێوە دەبـردو لەوێشـەوە

دەوڵەتیان بەڕێوە دەبرد. کوڕی خاڵەکەی (ژنبرای) عەدنان خەیروڵا تولفاح، وەزیری بەرگریی بوو. بەرزانی زڕبرای دەزگای هەواڵگریی گشتیی (موخابەرات)، زڕبراکەی تریشی، وەتبان، پارێزگاری تکریت بوو، سەعدون شاکریش نووسینگەی ئاساییشی نیشتمانیی(کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ڕێکخراوە ئەمنییەکانی تردا دەڕۆیشت) بەڕیوە دەبرد. هەروەک یەکێک لەچاودێرەکان دەڵێ" یەکێتییەک بوو لە نێوان بنەماڵەو حیزبدا. یەکەمیان دووەمی وەک ماشێنێک بەکار دەهێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت"[97]

حوکمکردنی عێراق

زۆرێک لەو گرفتانەی بەعس ڕووبەڕووی بووەوە- مەسەلەی یاخیبوونی کوردەکان لە باکوور، گرفت لەگەڵ ئێراندا لە ڕۆژهەڵاتەوە، جەماوەری داخ لەدڵی شیعە لە باشوور، ترادیسیۆنی کودەتای سەربازیی وەک میرات لە ڕژێمەکانی پێشووەوە بۆ بەعس مابوونەوە. لە هەلومەرجی شەپرێوی سیاسیی لە دەیەی یەکەمی کۆمارییدا لەعێراق، ئەوەی بەدەرخست کە دەرکەوتنی دیموکراسییەکی لیبراڵیی لە ئاستی سفردایە. مانەوەی ڕژێم لەپێش هەموو شتێکەوە بوو. ئەمەش دیسپلین و ڕێکخراوبوون و دڵرەقیی دەویست؛ پلورالیزمی سیاسیی و ئازادیی سیڤیلیی واتایەکی ئەوتۆیان نەبوو. حیزبی بەعس بەرهەمی باروdۆخەکە بوو. لەماوەی بیست ساڵی دەسەڵاتدا، ڕژێم جێگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی سەپاندبوو. لە کاتێکدا چینێکی پرۆفیشناڵی لە چینی ناوەڕاست و ڕۆشنبیران دروستکردبوو، کە زۆر پێیان وابوو زۆر گرنگن لە فەنکشنی دیمۆکراسییدا. هاوزەمان ڕژێم سەری نەیارانی پانکردەوەو بەمشێوەیەش دوا شوێنەواری پلورالیزمی لە عێراقدا سڕییەوە.

لە سەرەتاوە، هۆکارەکان بۆ مانەوەی ڕژێمی بەعس، بێلایەنکردنی دەزگا ڕکابەرەکان. سەرەکییترین کاریش، دوورخستنەوەی کودەتای سەربازیی بوو- ئەمەش "پاککردنەوە"ی بەپەلەی یەکەمی ئەو ئەفسەرە سەربازییانەی دەویست کە ڕژێمیان بەدەسەڵات گەیاند. بەڵام لەپشتی ئەمەشەوە، مانەوەی درێژخایەنی ڕژێم پێویستی بە دووبارە پێناسەکردنەوەیەکی ڕیشەییانەی سروشتی پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و سوپا بوو. لەکورتماوەدا

دەبووایە سوپا بهێنرێتەوە ژێر رکێفی باڵی سیڤیلی حیزبەوە. ئامانجیش لێرەدا چێکردنی " سوپایەکی ئایدۆلۆژیی ". کە دڵسۆزیی بێسنووری بۆ سەدام و حیزب بێت، نەک بۆ ئەفسەرەکانی. سەرکەوتن بە پلەی سەربازییدا. بەپێی تواناو چوستیی نەبوو بەڵکوو بە پێی ئەوەی چەندێک بۆ رژێم وەفادارن و بەتایبەتیش بۆ سەدام.

ئەم ئەرکە زۆر ئاسانکاریی تێدا دەکرا. چونکە تکریتییەکان بەهەمیشەیی لە سوپادا بوونیان هەبووە. سەدام ئەم هەنگاوەی بەولاترەوە برد. ئەوانەی پێوندیی خزمایەتیی هەبوو لەگەڵیدا. بەرزترین پلەی سوپای پێبەخشیتن. سەدام دەزگایەکی لە بەرپرسەکانی سوپا دروستکرد بۆ ئەوەی چاوو گوێی رژێم بن. بەمپێیەش ئەندامە دڵسۆزەکانی حیزب ریپۆرتی خۆیان راستەوخۆ بە سەرکردایەتی حیزب دەگەیاند. کە لەهەموو ئاستێکدا لەگەڵ سوپادا تێکهەڵکێش بوون. هەر زوو رێگە بە هێزە چەکدارەکان گیرا کە ئەندامەتیی هیچ حیزبێکی تر نەکەن جگە لەحیزبی بەعس.. ئەگەر بیکەن تاوانەو هەڵواسینی لەدوا دەبێت. سەرئەنجام بۆ ئەوەی سوپا بزانێ رەشمەی بەدەست "کێ" وەیە. پاکسازیی ناوبەناو دەکراو ئەو هەرەشانەی لەرەگەوە هەڵدەتەکاند کە پلانیان لەژێر سەردابوو. دژ بە رژێم یان نەیارانی تایبەتی سەدام بوون. زۆر سەخت بوو کە بزانرێ ئەو پاکسازییانەی کە دەکران. هیچ بنەمایەکی راستییان تێدا هەبوو. یان چەندیان دروستکراو بوون .

زۆر لە چاودێرەکان. بەسادەیی پێیانوایە. سەدام ئەم پلانانەی لەمێشکی خۆیدا دروستدەکرد. بۆ مەبەستی سیاسیی رووت (بۆ لابردنی دوژمن و رکابەرەکانی لە پاکسازیی داهاتوودا). یان دەرکەوتنی بەردەوامی ئەم پلانانە لەحەفتاکاندا لەئەنجامی نەخۆشیی و خۆبەزلزانینی سەدام حوسێنەوە سەرچاوەی دەگرت. لەلایەکی ترە. ئاسانە هەست بە خۆبەلزانیی بکەی. کاتێ ئەو هەموو خەڵکە بەشوێنتەوە بن بۆ راوکردنت.

وەک هێزێکی پاڵپشت بۆ سوپا. سەدام هێزێکی میلیشیایی نیمچە سەربازیی پێکەوە نا. بەناوی سوپای میلیی. بەڕاستییش کردی بە رێکخراوێکی جەماوەریی. لە ماوەی حەفتاکاندا. سوپای میلیی لە زۆریی و بۆرییەوە بوو بە هێزێکی شەرکەری شەرعیی. ژێرخانی تایبەتیی خۆی هەبوو لە پرۆڤەو خۆبەخشییدا. لە دوو مانگ وانەدانی ئایدۆلۆژیانەدا بۆ

هـــەموو کەســێک، زامنـــی دڵسۆزییان بۆ مەسەلەکە (بۆ نموونە سـەدام) دەکــرا. لەســەروبەندی 1980 دا ژمــارەی ئەندامــەکانی بــۆ 250000 بــەرزبووەوە. لــە کــاتی جــەنگی ئێــران-عێراقیشــدا. پــانوپۆڕ بــووەوەو ژمارەیان گەیشتە یەک میلیۆن.[98] بە دەربڕینێکی سەربازیی، سوپای میلیی وەک سوپای پێنەدەکرا. بەڵام بۆ مۆبەلایزکردن و ترسـاندنی خـەڵک. بـۆ کەمکردنەوەی کوودەتای سەربازیی، ئەم میلیشیایانە رۆڵێکـی گرنگیـان لـە رژێمی سەدامدا گێڕا.

ســەدامیش بــە تــەواویی لــە دەســتکەوتەکانی بــوونی هێزێکــی پاراســتن گەیشت، لە نێـوان هێـزە چەکـدارە نیزامییـەکان و رژێمـی دەسـەڵاتداردا. گاردی کۆمارییش کــە هێڵــی بــەرگریی کۆتــایی بــوو بــۆ رژێــم، پــانوپۆڕ بووەوە. باشترین پارەو چەکوچۆڵیان، کە رژێـم توانـای دەسـتەبەرکردنی هەبێ، وەردەگرت، بە ئەندامانی جێی بڕواش پڕدەکرانەوە- لەو سوننانەی لە دەوروبەری تکریت بوون.

دامەزراندن و دەســتپێوەگرتنێکی تونــد بەحیزبــەوە لەسـوپادا. یــەکێک لــە ئەرکە سەرەکییەکانی مانەوەی رژێم بوو. بــەڵام بەرچاوتــەنگیی بــەعس لــە مانەوەی رژێمیشی رەتدابوو. ئامانجی سەرەکیی، دارشتنەوەی سـەرلەبەری کۆمەڵگەی عێراقیی، لــە روانگــەی حیزبــەوە بــوو. ئەمــەش لادانێــک بــوو، لەبازنەی رژێمــەکانی پێشــوودا نــەبوو. لەســەردەمی پادشــایەتیی و رژێمــە کۆمارییەکانی پێشووتردا. زۆرینەی رەهای جەماوەر، دەستیان بۆ نەبرابوو لەلایەن سیاسەتی نێوەندەوە. سیاسەت کــاری ئێلێــت بــوو، دانــەچۆڕابووە نــاو جــەماوەرەوە. ئــەم گۆڕانکارییــەی لەلایــەن بەعســەوە، وایکــرد کــە ئایدۆلۆژی حیزب و ستراکتۆری رێکخراوەیی ببن بە ئامێری کاریگەر لـەم ئاڵوگۆڕانەدا[99].

دروشــمی ســەرەکیی بــەعس(رێنیســانس) بریتیــی بــوو لــە " یــەکێتیی، سەربەستیی، سۆشیالیزم". ئاماژەیەکی دروست بوو بە ئایدۆلۆژیای بـەعس، ئەم ریزکردنی دروشمانە گرنگیـی رەنگدانـەوەی رێژەیـی ئـەو فەلسـەفەیە بوون، کە یەکێتیی عەرەب هەمیشە خاڵی سـەرەکیی بـووە. " سەربەسـتیی" واتای جیاوازی هەبوو، لەو تێگەیشتنە رۆژئاواییەی بۆ ئازادیی تاکەکـەس هـەبوو. لێـرەدا بـەکارهێنانی سەربەسـتیی مەبەسـت لێـی سەربەسـت لـە ئیمپریالیزم و رێگرییەکانی دروستبوونی تاک (وەک نەدانیی و هـەژاریی).

سـەرچاوەی ئـەم ڕێگریانـەش لـە ئیمپریـالیزمی ڕۆژئاواییـەوە بوو کە نۆرم و بەهای ڕۆژئاوایی بەسەر جیهانی عەرەبدا سەپاندبوو. لە نۆخێکی وابەستیی و ملکەچییـدا ڕایگرتبوون. مـەوداکانی سۆشیالیزم لـە بیری بەعسدا زۆر کـەمتر بـوو وەک ئـەوەی لـەڕووی تیۆرییـەوە گەشـەی کردبوو. هەتا سالانی شەستەکان. ئەم تێرمە بەرزنەکرایـەوە بەفـەرمیی بـۆ ئـەو ئاسـتەی " یـەکێتیی" و "سەربەسـتیی" تێـدابووون. لـە وەرگرتنـی دەسەلاتیشدا لـە عێـراق و سـوریا. ئامانجیـان تـەواو دەستبەسـەرداگرتنی هۆکانی بەرهەمهێنان نەبوو.

لەم ڕوانگەیەوە. سۆشیالیزمی بەعس. ڤێرژنێکـی زۆر نـەرمونیانتر بـوو لـە کۆمـۆنیزم. لـە ڕاسـتییدا بـەعس تـوانیی خـۆی جیابکاتـەوە لـە دوژمنـە بـەهێزەکانی(لەهـەموویان گرنگتـر. حیزبـی شـیوعیی سـوریا و حشـع) بەجەختکردنـەوەیان لەسـەر ناسـیۆنالیزم.[100] ئـەو ئابوورییـەی دەوڵـەت بەڕێوەی دەبرد. هۆکارێک بوو بۆ بەرجەستەکردنەوەی موڵکی نیشـتمانیی هێـزە بەرهەمێنـەرەکان و کـۆنترۆڵکردنی هێـزی ئـابووریی لـە پێنـاوی ئامـانجی نیشـتمانییدا. خـالی لاوازو کوشـندەی حیزبـە شـیوعییە عەرەبییەکان. پابەنـدبوونی کۆیلانـەیان بـە حیزبـی دایکـەوە لـە یـەکێتیی سۆڤێت بوو. ئەم حیزبانە نەیاندەتوانی هاوزەمان لایەنگریی لـە مەسـەلەی یەکێتیی عەرەب بکەن. لەکاتێکدا شـوێن ڕێنماییـەکانی مۆسـکۆ دەکـەوتن. بەعس بەسەر شیوعییەکاندا سەرکەوت. چونکـە پەیامەکـەی لـەناو خـەڵکی زەحمەتکێشدا جێگەی خۆی کردەوەو هـیچ جێدەسـتێکی بیانییشـی پێـوە نەبوو.

پێوەندیی نێوان ئیسلام و ناسـیۆنالیزمی عـەرەبیی ئـالۆز و تەمومژاوییـە. ئەنـدازیاری دامەزرێنـەری حیـزب(میشـێل عەفلـەق). سـەرەڕای هەرشـتێ. کریستیان بوو. " نەتەوەی عەرەب"یش لـە ڕووی مێژووییـەوە بـوونی بـۆ پێش دەرکەوتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە. هاوزەمـانیش ئیسـلام نوێنەرایـەتیی تێکەڵەیەک لـە تاقیکردنـەوەی مـۆراڵیی و گیـانیی و فەلسـەفیی نەتـەوەی عەرەبی دەکرد. لـە فۆرمۆلـەی عەفلەقـدا. " عـەرەبیزم لاشـەیەکە. گیانەکـەی ئیسلامە".[101] بەلام عەفلەق دەستی بـە ئیسـلامەوە نـەگرت وەک داوایـەکی سەرەکیی بۆ"هاولاتیبوون" لە نەتەوەی عەرەبدا. لە پراکتیکدا. ئەمە واتـای

ئەوەبوو. هەردوو حیزبی بەعس لە سوریاو عێراق. لە دەسەڵاتدا. سێکیولار بوون.
زۆرێک لەو سەرکەوتنانەی بەعسیزم لەوێوە سەرچاوەی دەگرت. کە لە زۆر ئاستدا جێگەی خەڵک قایلکردن بووە. فۆرمۆلەکانی عەفلەق لەچرپیەتیی و ئاڵۆزییدا. لە نووسینەکانی مارکس دەچوو. کە لەدەقەکانیدا بۆ ئیلیتی رۆشنبیران زۆر رۆدەچووە خوار. لەڕاستییدا. زۆربەی ئەندامانی حیزب. بەشێوەیەکی گشتیی لە خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ پێکهاتبوون. لەهەمان کاتیشدا سانایییەکی مکۆم و باشی تێدابوو کە بەعسیزم بەشێنەیی بڕواتە خوارەوە بەزنجیرەی هزریی.
لایەن پۆزەتیڤەکانی. پەیامی لەدایکبوونەوەی عەرەب. نەتەوەی عەرەبی پێ بوو. بۆ گەڕانەوەی سەروەرییەکانی. لایەنی نەگەتیڤیش ئەوەبوو. بەعسیزم شیکردنەوەی دا بۆ شکستی عەرەب لە بەدەستنەهێنانی یەکێتیی پانعەرەبییدا: کە لایەنێکی ترە دەبێ لۆمە بکرێ. بەدڵنیایییەوە. ئامانجی سەرەکیی دوژمنایەتی رۆژئاوا بوو- بەتایبەتیی کۆلۆنیالیستەکان (بریتانیا و فرانس) لەدوای ئەوانیشەوە ولاتە یەککگرتووەکان . لەم ئاقارەدا. بەعس جبەخانەیەکی دەولەمەندی لەدوژمنایەتییکردنی رۆژئاوا. لەبەردەستدابوو. کە ناسیۆنالیزمی عەرەبیی. بەدرێژایی چەندین دەیە. پێ پرچەک دەکرد. یەکێک لە شیکەرەوەکان. سەرەکییترین بۆچوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بەمشێوەیە دەردەبڕێ :
لە رابردوویەکی نزیکدا. رۆژئاوا رێگەی لە عەرەب گرتووە بۆ گەیشتن بە چارەنووسی خۆیان(بۆ زۆر لە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان هێشتا هەروایە). رۆژئاوا وەک ئەهریمەنێکی سێکیولار. هەر بە دوژمنێک پێناس ناکرێ. لەڕووی فاکتی مێژوویییەوە کە جێ مەبەستی ناسیۆنالیزمی عەرەب بێ. بەڵکوو ئەم پێناسەیە بۆ جولانەوەی ناسیۆنالیستیی پێداوییستییەک بوو.[102]
عەرەبە ناسیۆنالیستەکان. پێیانوابوو. جیهانی عەرەب لەڕووی رۆشنبرییەوە لە رۆژئاوا پێشکەوتووترە. بەلام تەبایییەک لەنێوان راستییە تالەکانی دواکەوتوویی سیاسیی و ئابووریی و کەلەگایی سەربازیی سەدەی بیستەمدا قۆچی قوربانیی scapegoat دەویست. ئیمپیریالیزمی رۆژئاوایی بە کاندیدێکی ناسراوەوە- وەک دەولەتی بێزراوی ئیسرائیل-

دەرکەوتبوو. " بۆ عـەرەب، ئیسرائیل نموونەیەک بوو بۆ هەموو رۆژئاوا، خەنجـەرێکی ژاراویــی بـوو لەسـەر گـۆی دڵـی نیشـتمانی عـەرەبیی."[103]

حیزبی بەعس سواری شەپۆلی ناسیۆنالیزمی میلیتـانتی عـەرەبیی بـوو کـە هەموو جیهانی عەرەبیی لە پەنجاکاندا گرتەوە: بەڵام هێزێکی ئـەوتۆی لـێ پەیدا نەبوو.

توانستی ئایـدۆلۆژیی بـەعس، بـەهۆی گرنگییـدان بـە لایـەنی ئـابووریی، جیاوازییـە تایـەفیی و ئێسـنیکییەکانی سـمیبوو. ئـەو فۆرمـە نـازدارەی سۆشیالیزمی دەوڵەتیی، ئامادەیی تێدابوو کە چارەسەری ئـەو نایەکسـانییە زۆرە لەبواری ئابوورییدا بکات، کە بـە میـرات لـە رژێمـی پاشـایەتییەوە بـەجێمابوو. ئەمـەش دڵدانــەوەو دانرۆکردنــی بـۆ زۆرینــەی شـیعەی پـەراوێزخراو(زۆرترینیشـیان هـەژار) تێـدابوو. هاوکـات بـۆ جـەماوەری کوردیش لە باکووری عێراق شتی تێدابوو. هاوکات پـەیامی سـەرەکییترین رەقیبی بەعس واتـە حشـع ی کـاڵکردەوە. ئایـدۆلۆژیای بەعسـی عێراقیـی رەشمەی لە هێزی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبیی (بەهـەرنوو دیـودا بـە بـاش و بەخراپ) بەستبوو. بەستبوویەوە بـە فـۆرمێکی نـوێ لـە ناسـیۆنالیزمی عێراقیی و گرنگییدان بە زۆرینەی بێبەشان، ئـەم فۆرمۆلەیـەش بـۆ ئەوسـا بەهێز بوو.

بەدڵنیاییەوە، هەرگیز حیزبی بەعسی عێراق، پشتی نەبەستووە بـەوەی کـە پەیامەکەی چەند جەماوەرییە، تا لەرێگەیەوە، بۆ پاڵپشتیی لە بـاڵای خـۆی، پاراسـتنی دەسـەڵاتەکەی مسـۆگەر بکـات. رێکخراوێکـی زۆر تونـد و سـەرکوتکەر بـوو، هاوکـات بـۆ سـەپاندنی ملکـەچیی بـۆ حیـزب دژی نـەیارەکانی، خـاووخلیچکیش نـەبوو. بـەدەر لەوانـەش، بانگەشـەی سەرکەوتنی حیزبی بەعس لـە ئـەنجامی توانسـتییەوە بـوو بـە گەیانـدنی زەبروزەنگ بەو عێراقیانەی پێ خوار دادەنێن. ئەمـەش بـووە پـەیامێکی حیزبیی و لەناو خەڵکدا بە بەرزیی دەنگی دەدایەوە.

ئۆرگـەنایزکردنی حیزبـی بـەعس بـەوە ناسـرابوو، وەک خوێنـدکارێک داڕێژرابوو کە لە یەکێتیی سۆڤییەت خوێنـدبێتی. لـە بنچینـەدا کۆپییـەکی تەواوی ستراکتۆری حیزبە کۆمۆنیستییەکان بوو. لە سەرتاسـەری جیهانـدا (لەناویشیاندا حشع)- تۆڕێکی نهێنیی ئاڵۆز، بەشـێوەیەکی هەرەمـەکیی و لەسەر پرینسیپی لێنینیستی" سـێنترالیزمی دیمـۆکراتیی" داڕێژرابـوو.[104]

لەرووی تیۆرییەوە، حیـزب لەناوخۆیدا دیمۆکراتیی بوو، کاتێ ریزەکـانی خـوارەوە ئەوانـەی سـەروو خۆیـان هەڵـدەبژارد. بـەڵام لـە پراکتیکـدا، ئەندامانی سـەرکردایەتیی هـەرێمیی لەلایـەن سـەدامەوە هەڵـدەبژێردران و پێشکەشی کۆنگرە دەکران بۆ ئەوەی مۆری بکەن.

ستراکتۆری حیزب تا رادەیەکی بەرچاو تەمومژاویی بوو لـەناو دامـەزراوە سیاسـیی و دەوڵەتییەکانـدا. دەسـەڵاتی گـەورەی بڕیـاردان لـە دەسـتی ئەنجوومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـدا بـوو، کـە حکومـەت لەخوارییـەوە بوو(بەسەرۆک وەزیران و کابینەکەشییەوە). دوای 1980 ش، لەسـەروو پارلەمانیشـەوە بـوو. لەڕاسـتییدا ئـەم دوالیزمـی سـتراکتۆری سیاسـییە، گرنگییەکی کەمی هەبوو. حەفتاکان تێدەپەڕیی و دامودەزگـا سیاسـییەکانی حیزب و دەوڵـەت بەشـێوەیەکی کاریگـەر تێکـەڵ دەبـوون لـەرووی بـەناو ئەندامبوونییـەوە. بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا، سـتراکتۆری سیاسـیی حیـزب، دامودەزگا سیاسییەکانی دەوڵەتی هەڵلوشیی.

لە پراکتیکدا، ستراکتۆری بەعس بـۆ دیکتـاتۆریی گونجـاو بـوو. هاوکـات نموونەیەکی ئایدیال بوو بـۆ کـۆنترۆڵکردنێکی سـەرجەم کۆمـەڵ. بـەعس لەهەموو گوندێک، هەموو کارگەیەک، هەموو یەکەیەکی سەربازیی و هـەموو قوتابخانەیەکـدا بـوونی هـەبوو. ئەنـدامبوون لەحیزبـدا بەشـێوەیەکی هەرەمەکیی بوو، زۆر بەتوندیی کۆنترۆڵکرابوو. ئەگەر کەسێک بیویستایە، ببێت بە ئەنـدامێکی تـەواو لـە حیزبـدا، پرۆسـەیەکی وردی دەویسـت، کـە ماوەی پێنج بۆ دەساڵ خزمەتی دەخایاند. بە هێواشیش بۆ پلـەی بـاڵاتری حیزبیی بەرز دەبووەوە. ئەم رێکخستنانە لە دوو سەرەوە جێگـەی سـەرنج بـوون. سـتراکتۆرێکی زۆر هانـدەرو پێکهاتەیـەکی باشـی لـە ئەنـدام دەخواست، بەبەردەوامیی دڵسـۆزیی و گوێڕایـەڵیی خـۆی دووپاتبکاتـەوە. ئەندامبوون هەمیشە چوارچێوەیـەکی دیارییکراویی هـەبوو، بەڵام حیـزب بـۆی هـەبوو کـادری بـەتوانا لـەنێو لایەنگرەکانییـدا، لـەکاتی پێویسـتدا بەرزبکاتەوە. لەم پێودانگەوە، بەعس بزوتنەوەیەکی جـەماوەریی، سیاسـیی و رەسـەن بـوو. لـە سـاڵی 1988دا ئەنـدامانی تـەواو دڵسـۆزی بـەعس 30000 کـەس دەبـوون (نزیکـەی 0.2 سـەرجەم دانیشـتووان)، بـەڵام حیـزب بەشـێوەیەکی گشـتیی نزیکـەی 1.5 ملیـۆن لایـەنگری لەهـەموو ئاسـتەکاندا هـەبوو. ئەمـەش نزیکـە 10% ی هـەموو خـەڵکی عێراقـی

پێکدەهێنا. ئەمەش ئاماژە بەو ئاقارە دەکات، کە تەبعیسی Ba'athized لەماوەی بیست ساڵدا تێدا دەکرا.

تێگەیشتن لە پێداویستیی بڵاوکردنەوەی بەهاکانی بەعس لەناو هەرزەکاراندا. کۆنگرەی حیزبی راسپارد لە ساڵی 1974 دا بۆ رێکخستنی لاوانی عێراق بەمشێوەیە:

حیزب، خۆی هەوڵێکی زۆر و بەپەلە بدات بۆ یارمەتییدانی چالاکیی رێکخراوەکانی لاوان. دەبێت زۆرینەی لاوان لەخۆ بگرن. کوڕان و کچان. هاوکاریی ئەو چالاکییانە بکەن کە پانعەرەبیی و پرینسیپی سۆشیالیستیی دەچێنن لەنێویاندا. هانی تێڕوانین و فێرکردنیان بدرێ لەسەر ئەو رێگایانەی تا لە ستراکتۆری شۆڕشگێڕییدا. لە بەرگریی نیشتمانیی و ئەرکەکانی پانعەرەبییدا. بەتەواویی بەشداریی بکەن.[105]

بەمپێیە، منداڵان لەرێکخراوی پێشەنگاندا{ تەلائیع} (لەتەمەنی 6 ساڵییەوە بۆ 10 ساڵیی). رێکخراوی پێشڕەوان(لەنێوان 10 – 15). رێکخراوی لاوان(لە 15 -20). رێکخدەخران. لە زمانی یەکێ لە چاوێرانەوە." ئەمانە رێکخراوگەلێکی ئاشکرا نین، بەڵکوو بەشداریی لەشۆڕش و حیزبدا دەکەن."[106]

بۆ چوونە ناو دڵ و دەروونی لاوانەوە، تا ئاستێکی باڵا، حیزب دەستیکرد بەدانانی پرۆگرامی خوێندن بەخۆڕایی و بەتۆبزیی بۆ لاوان و دەستکارییکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا بۆ جەختکردنەوە لە" خولیای سەرەکیی نەتەوەی عەرەبمان و ئامانجەکانی لە یەکێتیی و سەربەستیی و سۆشیالیزمدا."[107] هەروەها داوایەکی یاسایی هێنایە گۆڕێ، کە هەموو مامۆستاکان" لە چوارچێوەی پرینسیپەکانی" حیزبی بەعسدا بن. پێداگریی بەعس لەسەر بڵاوکردنەوەی بەهاکانی بەعس لە ناو خەڵکدا، دەرفەتی بۆ ئۆلتێرنەتیڤێکی سیاسیی تر نەهێشتەوە. بانگەشەی پلورالیزمی سیاسیی لەرێگەی بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتووخوازەوە مکۆمکرایەوە(حشع و هەندێ گرووپی کوردیی لەخۆگرتبوو).

بەڵام کاتێ حشع بە ئاشکرا کەوتە رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی بەعس، مەرگی خۆی دەستنیشانکرد. لە 1978 بەدواوە، راوەدوونانی ئەندامانی حیزب بەسیستماتیکیی، بەگرتن و ئەشکەنجەدان و سێدارەدان

دەستیپێکرد. لە 1979 دا سەرکردایەتی حشع، یان ولاتیان بەجێهێشت (بەتایبەت بەرەو سوریا)، یان رووبەرووی چارەنووسی مەرگ دەبوونەوە. هەروەها هەندێ لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە لایەنە لیبراڵەکان(زۆرینەیان لە ئێنتەڵەجێنسیا و چینە پیشەگەرەکان) رووبەرووی هەمان رەفتاربوونەوە، بەڵام هەرگیز ئەمانە لە رێکخراوێکی سیاسیی یەکدەستدا رێکنەخران. لەبری ئەوەی راستەوخۆ رووبەرووی رژێم ببنەوە، زۆرینەی لیبراڵە بەرهەڵستکارەکان زۆر بەسادەیی، سەری خۆیان هەڵگرت و کۆچیان کرد. لەهەشتاکانەوە، بەعس بەئاسانیی مۆنۆپۆلی بیروباوەرە سیاسییەکانی کردبوو.

لە کاتێکدا گومانی هیچ مەترسییەک نەدەکرا لە هەڵبژاردنی پارلەمانییەوە سەرچاوەبگرێ (کە لە 1980 و 1984 دا کران). بۆ بەرهەمهێنانی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی بەعس، هەر بۆ دڵنیاییش، هەموو کاندیدەکانی هەڵبژاردن لەسەرەتادا لەلایەن بەعسەوە دەبووایە بهاتنایەتە پەژراندن. بۆ تەتەڵەکردنی هەموو ئەو توخمانەی جێگەی باوەرنەبوون. ئەم کردارانە لە کردەوەی رژێمەکانی پێشوو، جیاوازتر نەبوون. بەدرێژایی مێژووی عێراق، سەروگوێلاکی دیموکراسیی بەوردیی دارێژراوە. رێگەش بە ئۆپۆزیسیۆن دراوە تەنها تا ئەو ئاستەی کە هیچ مەترسییەکی بۆسەر ستراکتۆری دەسەلاتی دامەزراو نەبووبێت. بەلام ئەو دۆخەی بەعسی تێدابوو جیاواز بوو لە بەرچاوتەنگییەکانیدا. بۆ یەکەمجار لەمێژووی عێراقدا، هەوڵێکی زۆر درا، بۆ ئەوەی پەیامێکی سیاسیی بخرێتە ناو سەرتاپا دانیشتوانەوە. تەنها کات دەتوانێ سەرگوزەشتەی ئەوە بگێرێتەوە، کە چەند لەرووی سایکۆلۆژییەوە خەڵکی عێراق باجی ئەم دەستدرێژییانەی داوە، کە بۆ سەر دڵ و دەروونیان کراوە.

بەکارهێنانی توندوتیژیی

بۆ شیکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژیی وەک ئامێریکی سیاسیی لەسەردەمانێکدا بە لەسێدارەدان بەبەرچاوی خەڵکەوە و بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەکوردستاندا کۆتایی هات، رەنگە ئەو گرنگییەی نەبێ. حیزبی بەعس لەسەر دەستی سەدام، بە تێروانینێکی گشتیی واتای توندوتیژیی و تۆقاندنی دەگەیاند. بەلام پێوەندیی دەسەلاتی بەعس و

بەکارهێنانی توندوتیژیی زۆر لەوە ئالۆزتربوو، کە لەسەرەتاوە بەدەرکەوت. لە سەردەمی رژێمەکانی پێشووتردا - بەتایبەت قاسم- توندوتیژیی گشتیی بەربڵاوتربوو. جا ئەو کارە توندوتیژییانەی حشع لە موسڵ و کەرکوک پێی هەڵدەستا، یان ئەو بەیەکداهەڵشاخانە توندوتیژییانەی لە نێوان میلیشیا رکابەرەکاندا و لە شەقامەکانی بەغدادا هەبوو. هەموویان فۆرمێک لەتوندوتیژیی بوون و نیشانەی هەڵتەکاندنی سیستەمی گشتیی بوون.

ئەم توندوتیژییە ئانارشیستییانەیە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا کۆتایی پێهات. لە کاتێکدا حیزب چەپۆکی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقییدا توندوتۆڵتر دەکردەوە. بەمشێوەیە سەقامگیریی بەسەر ئەو سیستەمە پڕ لەئاژاوەیەدا سەپاند. لەم پێوانگەوە، حیزبی بەعس باڵی بەسەر کۆمەڵگەیەکی ئارامتردا گرت لە چاو ئەوانی پێشووتردا. بەدڵنیاییەوە ئەم ئارامییەش باجی خۆی هەبوو. بەکارهێنانی توندوتیژیی لەسەردەمی سەدامدا، زۆر رێکخراوترو سیستەماتیکتر بوو. توندوتیژیی بوو بە ئامێرێک بەدەستی دەوڵەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردن. تا ئەوەی ببێ بە سیمبۆڵێک لەکاتێکدا دەوڵەت کۆنترۆڵ لەدەست بدات. بەڵام زۆر گرنگە ئەمە لەبەرچاو بگیرێ. ئەوانەی بەر ئامانجی ئەم توندوتیژییەی دەوڵەت دەکەوتن، چ بەشێوەی زیندانیی، ئەشکەنجەدان یان مل بەپەتاکردن لە بەرهەڵستکارانی رژێم بوون- بەسروشتییش کوردەکان، هەندێ لەتوێژەکانی جڤاکی شیعە، ئەندامانی حشع، ئەفسەرانی سوپا و رکابەرانی سەدام، ئەوانەی لە هەرەمی حیزبی بەعسدا بوون.

پەیامەکە زۆر روون و ئاشکرا بوو، هەرکەسێ دژایەتی رژێم بکات، دەبێ مامەڵەیەکی زۆر دڵڕەقانەی لەگەڵدا بکرێ. لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمان نەبێ، زۆرینەی دانیشتوان دژایەتیینەکردنی رژێمیان هەڵبژارد، بۆیە بەر دڕندەیەتییەکەی نەکەوتن. ئەو بڵاوکراوانەی لەسەر عێراقی سەدام دەردەچوون، جەختیان لە درێژەی ئەو شێوازە دڕندانەیەی ئەشکەنجەدان دەکردەوە کە دەزگاکانی هەواڵگریی بەکاریان دەبرد، پێمان دەڵێن " کاتێ سەدام دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.... وا دەقەبڵێنرا کە رژێم 107 جۆرە ئەشکەنجەی دژی نەیارەکانی تاقیکردبێتەوە."[108] کە ناشبێ ئەم خاڵە لەبیرمان بچێتەوە. بەکارهێنانی توندوتیژیی لە نێو رژێمەکانی رۆژهەڵاتی

ناڤینــدا لــەو ســەردەمەدا هاوشێوە بوونـە.[109] ئـەوەی رژێمـی بەعسـی جیادەکردەوە. ژمارەی تەکنیکەکانی ئەشکەنجەدان نـەبوو. بـەڵکوو رادەی ئەو سەرکوتە بوو کە دەزگاکانی دەوڵەت پێیگەیشتبوو. چاو و گوێی رژێم لەهەموو شوێنێ بوو. ئەمەش لەئەنجامی داچـۆڕانێکی قـووڵی سـتراکتۆری حیزبەوە بۆ ناو کۆمەڵگە. بەدەستهات. هەروەها لەرێگەی تۆڕی ئاڵۆزەوە لە رێکخراوەکانی ئاسایش، کەدەسەڵاتێکی رەهایان هـەبوو. لـە هەشـتاکاندا لای کەم، پێنج ئۆرگانی ئاسایش لـە عێراقدا هـەبوو، پتـر لـە 200000 کەس کاریان تێدا دەکرد.[110] هەر یەکە لەم ئۆرگانانەش تـۆڕێکی پـانوپۆڕ لە هەواڵگرەکانیان لەخۆگرتبوو بۆ چاودێری خەڵک(چاودێری یەکتریش). کۆنترۆڵکردنی رژێم لەرێگەی توندوتیژیی بەردەوام و بـەربڵاوەوە نـەبوو. بەڵکوو لە رێگـەی هەڕەشـەی بـەردەوام و سـەرتاپا توندوتیژییـەوە بـوو. بەرەنگارییکردنـەوەی رژێـم مـەرگی بـەدواوە بـوو، هـەرچۆن بووایـە، دەدۆزرایـەوە و بەتونـدییش سـزای وەردەگـرت. لـەزمـانی یـەکێ لەشارەزایانەوە ئـەم سیسـتەمە " زۆر سـەرکەوتووبوو لـە یـەکێ لـە هـەرە ئۆبجێکتیـڤ و ئامانجـە سـەرەکییەکانی: گەشـەپێدانی هەسـتکردن بـە بێدەسەڵاتیی لەناو خەڵکدا بوو."[111]

لەوانەیە پیرۆزکردنی توندوتیژیی دژی گرووپی کەمە نەتەوەکان، زۆرتر لـە رۆتینـی بـەکارهێنانی ئەشـکەنجەدان، سـەختتر بـووبێ. کولتوورێـک کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵکوژییەکـەی ئاشـوورییەکان لـە 1933 و بەرنامـە شەڕانگێزییەکەی دژی جوولەکـەکانی بەغـداد لەسـاڵی 1941دا. هـەروەها لـەژێر دەسـەڵاتی بەعسـدا، جووەکـان ئامـانجی راسـتوخۆبوون. گوللەبارانکردنی ئاشکرای 14 کەس بەتۆمەتی پلاندارشـتن لـە 1969 دا گرنـگ بـوو، چونکـە ئرانداپـەتیی رژێمـی بەعسـی دەرخست. هـەروەها هەلومـەرجی تێگەیشـتنێکی قـووڵ و گشـتیی لەسـەر عێـراق نیشـاندا کـە دەچووە ناو دەیەی شەشەمەوە. نە گوللەبارانکردنی بەکۆمـەڵ و نـە ئـەنتی زایـۆنیزمی چەپەڵانـە، لـەو سـەردەمەداو لـە رۆژهـەڵاتی ناڤینـدا کـارێکی نائاسایی نەبوو. بەڵام ئەوەی نائاسایی بوو ئەو کەفوکوڵەی شایلۆغان بوو کـە هاوشـانی کەشـێکی تۆقێنـەریش بـوو. کـار گەیشـتە ئـەوەی یـەکێک لـەچاودێران، وا باسـی بکـات لـە " پۆرنـۆگرافی pornography ژێـر چاودێریی دەوڵەت"[112] واوەترە.

پشـــووی گشـــتیی بـــۆ دەربڕینـــی خۆشـــیی لەبـــەر هەڵواســـینەکان ڕاگەیەنـدرا. لـەنێوان 150000 بـۆ 500000 لـە هاوڵاتییـانی سـادەی عێراقیـی لـە گۆڕەپـانی ئـازادیی جـەمکران بـۆ بینینـی هەڵواسـینەکان و چێژوەرگرتن لە " ئەتمۆسفیری کەرنەڤاڵ"ەکە بەدەم خواردنـەوە لـەناو 14 لاشەکەدا هاتوچۆیان دەکرد. ڕادیۆی بەغداد هانی هاوڵاتییە عێراقییـەکانی دەدا. بۆ " هاتن و چێژوەرگرتن لـە ئاهەنگەکـە."[113] بەرپرسـانی حیزبیـی ئامادەبووانیان سەرگەرمکردبوو بە وتەی پڕلەکەفوکوڵ دەربـارەی وریـایی دژی زایۆنیستەکان. ئیمپریالیستەکان و هەر کەسێک کـە بیـەوێ مەترسـیی بۆسەر پیرۆزییەکانی شـۆڕش دروسـتبکات. وەزیـری ڕاگەیانـدن. سـەڵاح عومەر ئەلعەلی بەجلێکی پۆشتەوە دەرکەوت:

ئەی گـەلی مـەزنی عێـراق! عێراقـی ئـەمڕۆ. لـە هـیچ خـائین و سـیخوڕ و تابوورێکی پێنجەم خۆشنابێ! تۆ ئەی ئیسرائیلی هەتیوچە foundling . ئەی ئەمێریکاییە ئیمپیریالیستەکان و ئەی زایۆنیستەکان. گوێ ڕادێرن!.... هـەموو سـیخوڕەکانتان هەڵدەواسـین. ئەگـەر بەهـەزارانیش بـن.....ئـەی عێراقییە مەزنەکان! ئەمە هـەر بەرکولێکـە! گۆڕەپانـە مـەزن و نـەمرەکانی عێراق بەلاشەی خائینەکان و سیخوڕەکان لێوانلێو دەکەین. جاری چاوەڕێ بن![114]

چـــاوەڕوانیی زۆری نەکێشـــا. دیمـــەنی ئـــەو جـــەماوەرە بەرینـــە. بەیەکگەیشتنێکی نامۆ بوو لەنێوان بەعس و خەڵکدا. مەبەستیش لێی دانـی "ڕەوایی" بە ڕژێمی نوێ بوو.[115] لەبەرئەوەی بەعس بـەدوای شـەرعییەتدا وێڵ بوو. ئەمەیشی لەڕێگەی پیرۆزڕاگرتنـی گوللـەبارانکردنی بەکۆمەڵـەوە دەسـتبەر دەکـردو بەخـەڵکی گەیانـد سروشـتی دیکتـاتۆریی و بەشداریپکردنی سیاسیی لەعێراقی 1969 تا چۆنە.

بەدەر لە " دوژمنانی دەوڵەت". کوردەکان وەک هەمیشە بەرگـەی زۆرتـرین هێزی سەرکوتکەری دەوڵەتیان گرتووە. ڕژێمی بەعس بەتوندیی دەستی بە ترادیسیۆنێکی کۆنەوە گرتبوو: پێشنیازی ئاشتیی(بـۆی هـەبوو درۆزنانـە بـێ) بـۆ کوردەکـان کـرد (مانیڤێسـتۆی {بـەیانی} ئـازاری 1970). چارەسـەرێکی قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بـۆ ڕێککەوتنامەکـە. لەکاتێکـدا کەسـیان نـەیانتوانی بـڕوا بـەوەی تریـان بکـەن (197401970)؛ لـە دواییشـدا کێشـەیەکی بـەرفراوان. کـە هێـرش دەکرایـە سـەر هێـزە کوردییـەکان

"پێشمەرگە" بەبێ پسانەوە. بەڵام هەرگیز بەتەواویی لەلایەن سوپای عێراقەوە (1975) لەناونەچوون. لەدوای 1975یشەوە توانستی رژێم بۆ کۆنترۆڵکردنی رووداوەکان لە باکووردا هەڵکشا. بەهۆی جیاوازییەکی گەورەی نێوان هەردوو زلحیزبی کوردستان- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان(ینک PUK) و پارتیی دیموکراتی کوردستان(پدک)ەوە. لێرە بەدواوە، بەپشتبەستن بە پێوەندیی نێوان هەردوو باڵە کوردییەکە، رژێم زۆربەی کات دەیتوانی یەکێکیان لەدژی ئەویتریان بەکاربێنێ. وەک ئەو نموونەیەی لەساڵی 1983 دا روویدا. جیاوازییەکانی نێوان کوردەکان دەرفەتی بۆ بەغداد رەخساند. تا ئاگربەست لەگەڵ ینک دا بکات، لەهەمان کاتیشدا دەسترێژیی بکاتە سەر ئەو دەڤەرەی بەدەست پدک ەوە بوو. لەنێوان 5000_8000 نێرینەی سەر بە پدک راپێچران و چارەنووسیشیان زۆر بەسانایی " بێسەروشوێن" کردن بوو. بە گوێرەی قسەکانی بەغداد بێت" سزای خۆیان وەرگرت و رەوانەی دۆزەخ کران."

بەڵام لەوەش ساردتر بەڕێوە بوو. لەساڵی 1987 دا بەرەو تەواوبوونی شەڕی ئێران-عێراق. ینک و پدک، جارێکی تر یەکدەست بوونەوە لە بەرەی کوردستانیی عێراقدا. چالاکانە کۆمەکی ئێرانییەکانیان بۆ کردنەوەی بەرەیەک لە باکوور دژی هێزە عێراقییەکان دەکرد. سەدام، عەلی حەسەن ئەلمەجیدی ئامۆزای راسپارد. تا " چاوی" لە کوردەکان بێت. بۆ ئەلمەجیدی پڕ لەکەفوکوڵ، ئەمە واتای" ناشتنیان بە بولدۆزەر." [116] بوو. بەشێوەیەکی وردتر، کەمپەینێکی بێ پسانەوە لە ئابلۆقەدان بوو. بەسەر هەموو ناوچە کوردنشینەکانەوە. لەساڵی 1987 ەوەو بە تایبەتیی لە فێبریوەری 1988 بەدواوە، کەمپەینی ئەنفالی ناوزراو(بەواتای دەستکەوتەکانی شەڕ). بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەخۆگرت و خاپوورکردنی 4000 گوندی کوردیی گرتەوەو راگواستنی نزیکەی50000 کەسیشی لێکەوتەوە. لەیەکێک لەهێرشەکانی بە گاز دەکرا(لەشارۆچکەی هەڵەبجە). لەسەروو 5000 کوردەوە (ژنان و منداڵانیش). لە هەلومەرجێکی ترسناکدا تیداچوون.

لە ساڵی 1925 ەوە، کاتێ پرۆتۆکۆلی جینێڤ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەمەیدانی شەڕدا قەدەغە کرد. زۆر کۆمەڵە یاسای نێودەوڵەتیی

سەرپەرشتیی ئەو کۆدانـەی دەکرد کە بـە سـەردەمی شـەڕەوە بەسـتراون. لەماوەی ساڵ و نیوێکدا، عێراق هەموو پەیمانەکانی ناو ئەو پەیماننامەیـەی ژێر پێ خست. لەکاتێکدا ئەو کردەوەیە زۆر کاریگەر و دڵڕەقانە بـوو. لـە زمانی مەسعود بارزانییەوە هاتووە" هەموو شتێ تەواو بوو، شۆڕش تەواو، ناتوانین بەدەستی بەتاڵ بەرەنگاری چەکی کیمیاویی ببینەوە."[117]

مامەڵەی سەدام لەگەڵ شیعەدا زۆرتر فرۆفێلاویتر بوو، ئـەو توندوتیژییـەی بەرامبەریشـیان بـەکاردەهێنرا، زۆر هـەڵبژاردە بـوو. هـەروەک هەمیشـە وابووە، ئەوە سەلمێنرا کە چارەسەرکردنی جیاوازییە تائیفییەکان (سونیی و شـیعیی) ئاسـانترە لـە جیاوازییـە ئێتـنیکییەکان (کـوردیی- عـەرەبیی) .[118] ئامـانجی سـەرەکیی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی رژێـم، سـەرکردایەتیی ئـاینیی باشـوور بـوو. لـە نێـوان 1920 و1960 دا، سەرکردە دینییەکان لە دۆخێکی جێگیریـی سیاسـییدا دەیناگوزەرانـد. بـە تـەواویی کشـانەوە لـە بەشـدارییکردنێکی چالاکـدا لـە دامودەزگاکـانی دەوڵەتدا. هەروەها تارادەیەکی بەرچاو، ئۆپۆزیسیۆنبوونی ئاشـکرایان لـێ قەدەغەکرابوو. بـەڵام دەرکـەوتنی دەعـوە، رێکخراوێکـی فەندەمێنتالیسـتی شـیعە/ گرووپێکـی تێرۆریسـتی. ئامانجـەکانیان لـە رۆژهـەڵاتی ناڤینـدا برەوپێدانی شۆڕشی ئیسلامیی بوو.

ئەم داینەمیکە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕدرا. بەسیاسییکردنی ئایین لـەژێر کاریگەریی کارێزمایی محەمەد باقر ئەلسەدردا، هەڕەشەیەکی سەرەکیی بوو بۆ رژێمی بەعسـی سـێکیولاری سـونیی. سـەرپانکردنەوەی ئەلـدەعوە لـە ساڵی 1974 ەوە بە لەسـێدارەدانی چـوار کـەس لـەو گرووپـە سیاسـییە قەدەغـەکراوەی ئەوسـا. بەهـەرحاڵ لـە سـاڵی 1977ەوە، یـەکێ لەپایـە فەندەمێنتاڵەکانی سیستەمی حیزبی بـەعس- زەقکردنـەوەو جیاکردنـەوەی ئایین لە سیاسـەت بـوو. سـاڵی 1977 رووبەڕووبوونـەوەی توندوتیژی لێکەوتەوە، کاتێ رژێمـی دەسـەڵاتدار ویسـتی دەسـەڵاتی خـۆی بسـەپێنێ بەسەر دامەزراوە دینییەکاندا، بە رێگەگرتن لە مەراسیمی ئایینی ساڵانە لـە نێوان هەردوو شارە پیرۆزەکەدا، نەجەف و کەربەلا. لە تێکهەڵچوونەکانـدا، 60 گەشـتیار لەلایـەن پۆلیسـەوە کـوژران، لەسـەروو 2000 کەسیشـەوە گیـران. "دادگایـەکی تایبـەت" ی چێکـراو، بڕیـاری مـەرگی بەسـەر 8 لـە

پیاوانی ئایینی شیعەدا و زینـدانی هەتاهـەتاییش بەسـەر 15ی تـردا سەپاند .

لەم ئۆخە بارگرژە بەردەوامەدا. شۆڕشی ئیسلامیی لـەئێران و دەرکـەوتنی ڕژێمێکی فەندەمێنتالیستی سەرسەختی شیعە لە ژێر ڕابەرایـەتیی ئایـەتوڵا خومەینیـدا. شـتێکی ئـەوتۆی نـەکرد بـۆ دامرکاندنـەوەی ئـەم هەڵکفانـە. خومەینی ژاری دەرشت لەدژی بەعسییە سێکیۆلارە قێزەونـەکان. پارەشـی هەڵڕشت بـۆ گرووپـە چەکـدارە ئیسلامییەکان. کـە لـەناو خـاکی عێراقـدا بوون- دیارترینیشیان موجاهیدین(جەنگاوەرە باوەڕ پیرۆزەکان) بـوو . ئەلدەعوە بەهەرشێوەیەک بوو. بەرەنگاری نفـوزی ئێرانییـەکان بـووەوە و تێکەڵی نفوزی بێگانە نەبوو. لەساڵی 1979 ەوە گرووپـە ئیسلامییەکان. چالاکییـەکانی خۆیـان بـردە ئاسـتێکی بـالا. شـەڕی گـەریلایی بچـووک بچووکیان دەکرد دژی سیمبۆڵەکانی ڕژێم- تەنها لە باشووردا نـا. بـەڵکوو لـە گەڕەکـە شـیعییە هەژارنشـینەکانی بەغدایشـدا. خۆپیشـاندەرەکان لـە باشـووردا. دروشـمیان بـۆ لایـەنگریی لـە خومـەینیی دەگوتـەوەو داوای دەرپەڕاندنی سەدامیان دەکرد.

سـەدر فـەتوای (بڕیـاری ئـایینیی) یـەکی ناحەکیمانـەی دەرکـرد. دژی ئەندامانی حیزبی بەعس- وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ ڕژێمدا. مەسەلەکان گەیشتە لووتکە. لـە ئـەپریلی 1980 دا. کـاتێ هەنـدێ ئەندامی دەعـوە بۆسـەیان بـۆ جێگـری سـەرۆک وەزیـران تـاریق عـەزیز نایەوە. لەکاتی سەردانی بۆ زانکۆی موستەنسریە لە بەغـداد. ئـەو هـەوڵی تێرۆرکردنە بە نارنجۆکی دەستیی. عەزیز بەسووکیی بریندار بـوو. بـەڵام ژمارەیەک خوێندکار بەرکەوتن. لەکاتی ناشتنیشیاندا. ئەلدەعوە دووبـارەی پەلاماری دایەوە و هەندێ کەس پێکران.

سەدام ئاگری تێبەربوو. فەرمانی گەمارۆدانی میلیشیاکانی دەرکـرد. سـەدان گوللــەبارانکران. هێزەکـــانی ئاســـاییش نێـــردران بـــۆ نەجـــەف بـــۆ دەستبەرداگرتنی سەدر و خوشکەکەی (بنت ئەلهودا) . هێنران بـۆ بـەغـداد و لەسێدارەدران- سـەدر پێـدەچوو مێخیـان لەسـەری داکوتـابێ. هـەروەها لەســـێدارەدانێکی بـــەربلاو. نزیکـــەی 40000 شـــیعەی عێراقیـــی گومانلێکراویان (ئەوانەی هەر پێوەندییـەکیان بـە ئێرانـەوە هـەبووبێ)بـە زەبری هێز دیپۆرتی ئێران کردەوە.

بەشێوەیەکی گشتیی، 20 ساڵی یەکەم لە دەسەڵاتی بەعس، لەسەر توندوتیژیی- بەشێوەیەکی بەربلاو، وەک ئامێریک لە کۆنترۆڵی دەسەلاتی سیاسییدا، بەهەڕەشە و چاوسووورکردنەوە راگیرا بوو. بەڵگە بۆ دڕاندایەتی رژێمی بەعس، لەژێر دەستی سەدامدا زۆر زۆرە. دوو لە ئەدگارەکانی دەسەلاتی سەدام پێویستە جەختیان لێبکرێتەوە. یەکەم، رژێم بەدرێژایی تەمەنی، بۆ دەربازکردنی سەری، بەرەنگاری هەندێ هەڕەشەی راستەقینەو مەترسییدار بووەوە. هەندێ لەم هەڕەشانە لەئەنجامی هەڵسوکەوتی رژێمەوە بوو، بەلاّم زۆربەیان لە ئەنجامی هەلومەرجی سیاسیی ناو عێراقەوە بوو. ئەم کۆمەڵە جۆراوجۆرە لە مەترسیی کە بۆیان هەبوو بتەقنەوە لەهەمبەر سەلامەتی سەری رژێمدا، جگە لە پیاوێک کە ئامادەبوو بۆ بەکارهێنانی هەرهۆکارێکی سەرپانکردنەوە لەکاتی پێویستدا، بوون بەهۆی خوێنڕژانێکی زۆر.

دووەم، سەدام سیاسییەکی زۆر لێزان بوو، زۆر بەباشی گرنگیی سزادان و خەلاّتکردنی دەزانی، پێشبینیشی هەبوو لەوەی کامیان لە کات و جێگەی خۆیدا بەکاربهێنێت. بەدڵنیاییەوە گۆپاڵێکی گەورەی بە لێوەشاوەییەوە بەکار دەهێنا. بەلاّم ئەمە بەتەنها سەرسەلامەتیی و جەماوەرییبوونی ئەو لەناو خەڵکێکی زۆری عێراقدا شرۆڤە ناکات. تەنانەت ئەوەش شی ناکاتەوە کە چۆن سەدام لەچاو هەر سەرکردەیەکی پێشووتری عێراقدا لەچێکردنی وێنەیەک لە ئایدێنتیتی لەنێوان دانیشتوانە عەرەبنشینەکەی عێراقدا کاراتر بوو. بەداخەوە، ئەوە ئایدێنتیتی عێراقیی بوو کە نەیتوانی درێژبێتەوەو کوردەکان لەخۆ بگرێ، لە ئەنجامی ئەوەشدا زۆریان چەشت.

یەکێتیی نەتەوەیی

ئایدۆلۆژیی بەعس لە میلیتانتی پانعەرەبیزمەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر لەبناغەوە، بۆچوونێکی هەڵتەکیو و مەترسییدار بوو بۆ چێکردنی ئایدێنتیتی عێراقیی. پەیامی دیارییکراوی حیزب زۆر کەم بڕی کردە دەرەوەی چەقی قورسایی سوننەوە. گومڕاییەکی زۆری لەناو شیعەو بێباوەڕییەکی زۆریشی لەناوکوردەکاندا لێ کەوتەوە. لە دوو ساڵی یەکەمدا یان نزیک بەو ماوەیە لە دەسەلاّتی بەعس، هەوڵەکانی بۆ پانعەرەبیزم دەدرا، خەریک بوو سەری رژێم بخوات. بە تێچوونێکی ئابووریی زۆر،

حیزبــی بــەعس تــوانیی 25% ی سوپاکەی لـە ئـوردن، وەک هێـزی یـەدەکی پاراسـتن بهێڵێتـەوە، ئامـادەبن بـۆ هـەر دوژمنایەتییـەک لـە دژی ئیسرائیل دەست پێبکات. لە بەغدادەوە، دوور و بێـوەی، رژێـم بانگـەوازی هــەموو وڵاتــە عەرەبییــەکانی دەکــرد بــۆ رابــوون دژی "قــەوارەی زایۆنیی"چەپـەڵ. جوێنبـارانی هـەموو دەوڵەتـە عەرەبییـەکانی دەکـرد، کـە سـەرکەوتنیان لـەو دوژمنایەتییـەدا بەدەسـت نـەهێناوە. پێکـەوەگونجانی ئایــدۆلۆژیی لەحیزبــدا بــوونی نــەبوو. لەکاتێکــدا لایــەنگرییان لــە سەرەوژێرکردنی سەرکردە میسریی و سورییەکانیان دەکرد، لەبـەر ئـەوەی دڕێغییان لە مەسەلەی عـەرەبیی کـردووە، هـەمان سـەرکردەگەل و لەهـەمان کاتیشدا داوای یەکێتییان لەو دوو دەوڵەتە دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراقـدا یەکبگرن.

ئەگــەر حیـزب بەسەرسـەختییەوە پابەندبووایــە بــە بیروباوەڕەکانییـەوە، گومانی تێـدا نـەبوو کـە تەمـەنی کـورت دەبـوو. کێشـەی نێـوان" عێـراق لەپێشدا" لەهەمبەر یەکێتیی عەرەبدا لـە ناوەڕۆکـدا کێشـەیەک بـوو لەسـەر ئایدێنتیتی دەوڵەتی عێراق- تا ئێستاش ئەم مەسـەلەیە دەمـی کراوەتـەوەو ئەگەری قڵیشاندنەوەیشی هەیە. لەسەردەستی یاریکەرێکی سـەرەکیی وەک سەدام، ئەم کێشەیە بێبایـەخکرا. لـەڕاسـتییدا، سـەدام بـوو وەک یەکـەمین کەس کە سەرکردایەتی بەعسی قـایلکرد، کـە رژێـم روو بـەرەو نـاوخۆی عێراق و کێشە ناوخۆییەکان وەرگێڕێ، لە جیاتی ئـەوەی ووزەی خـۆی لـە مەسەلەی پانعەرەبییدا خـەرجبکات. لـە سـەروبەندی 1974 دا ڤێرژنێکـی نوێ و بـاش لـە پانعـەرەبییزم پێکهـات. ئـەم تێڕوانینـە دەسـتکاریکراوە، جـەختی لـە جیـایی عێـراق دەکـردەوە لـەناو سـنووری جیهـانی عـەرەبی پانوپۆڕداو بـۆ بـەهێزکردنی ریـزی نـاوخۆش. کـاتێکی زۆری دەویسـت. دواتر کە عێراق بەرجەسـتەبووەوە، دەبـوو بـەماڵێکی بـەهێز بـۆ یـەکێتیی عەرەب. عێراقێکی بەهێز پێویست بوو بۆ چوارچێوەی یەکبوونی عـەرەبیی لە پاشەڕۆژێکی(نادیاردا). ئەمە دووبارە فۆرمۆلەکردنێکی زیرەکانـە بـوو، کە رێگەی دەدا رژێـم داکـۆکیی لـە مەسـەلەی پانعـەرەبیی بکـات. لەهـەمان کاتیشدا، چاو بخاتە سەر پێشهاتە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی عێراق. هەروەها بۆ سەر شیعەکان و کوردەکانیش کەمتر هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بوو.

ئـەم دۆكتـرین تێپەڕاندنـە. هاوشـان بـوو لەگـەڵ پـرۆژەی زۆرگـەورەی پلاندانانی کۆمەڵایەتییدا. مەبەستی لای کەمی ئەوە بوو، کـە لـە بنەڕەتـەوە ئایدێنتییەکی نیشتمانیی نوێ بۆ هـەموو خـەڵکی عێـراق چێبکـات. ئەگـەر گەلی عێراق نەیتوانی یان نەیویست هەسـت بـەو ئایدێنتییـە بکـات. ئـەوە حیزبـی بـەعس ئـەو هەسـتەی بۆیـان دروسـت دەکـرد. ئەمـەش مێـژووی هاوبەش و بەردەست (لای کەم بەئەگەرەوە) ی دەویست بۆ هـەموو چـین و تـــوێژە کۆمەڵایەتییـــەکانی عێـــراق. ســـەروەرییە کۆنـــەکانی میزۆپۆتامیا("خاکی نێـوان دوو رووبـار") زەمینەیـەکی بـەپیت بـوون بـۆ دروستکردنی "ئەفسانەی نیشتمانیی." مێژووی میزۆپۆتامیـا- دەگەڕێتـەوە بۆ چوار هەزارو پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر- بۆ پێش ئیسلام و تەنانەت بـۆ پێش عەرەبیش (بۆیە بەهیچ گرووپێکی ئایینیی و ئێسنیکییەوە رەنگرێـژ نەکراوە). تژیی بوو لـە دەسـتکەوتی کۆمەڵایـەتیی‌ئابووریی و سیاسـیی و کولتووریی.[119] لای کەم شارستانییەتی رۆژئـاوا قـەرزاری میزۆپۆتامیایـە. بەئەندازەی ئەوەی قەرزاری گریکە. ئـەم ترادیسـیۆنە پڕلەشـانازییە بـوو. بەعس ویستی بیپێچێتەوە.

ئەم شـێوازە هەمەلایەنـە بـوو. لـە حەفتاکانـدا حکومـەت پارەیـەکی زۆری تـەرخانکرد بـۆ هەڵدانـەوەی شـاری بـابلی کـۆن. بـۆ دروسـتکردنەوەی سەرلەنوێی. دووبارە ناویان لـە شـارەکان و هەرێمـەکان نـا- موسـڵ بـوو بەنەینەوا(شـارێکی ئاشـووریی کـۆن). هـەرێمی حیللـە بـە بـابلیۆن{بابـل} گـۆڕدرا؛ پاڵەوانـــەکانی میزۆپۆتامیـــا لەســـەر پـــارەو دراو. دەرکـــەوتن (حـامورابی. بـۆ نموونـە. پێـنج دینـاری دەڕازانـدەوە)؛ " حـامورابی" و نەبوخوزنەسر" بوون بەیـەکـەکانی گـاردی کۆمـاریی. تەنانـەت جگـەرەی عێراقییش کەوتە ناو جەرگەی ئەم باسـەوە. کـاتێ کـە فیلتـەری سـۆمەرت دەکرێـی. لەسـەر پاکەتەکـە " دروسـتکردنی لـە میزۆپۆتامیـا" ی لـێ نووسرابوو.[120] ئەم جەختکردنەوەیە لەسـەر میزۆپۆتامیـا. لەگـەڵ کۆمـەڵێ ئەستێرەی گەشی ئەو هەسارە{میزۆپۆتامیا} ناودارەدا. ئەگـەرو دەرفـەتێکی بێئەندازەی دا بەسەدام. بۆ گەشانەوەی ئەو کولتووری تاکپەرستییەی دوای ناوەڕاسـتی حـەفتاکان. کـە چـەمکی سـەرکردەی مـەزنی لـەخۆگرتبوو. بەتایبـەتییش دوای 1979 بـەخێرایی ئـەو کولتـوورە هەڵدەکشـا. وێنـەی گـەورە گـەورەی سـەدام. بـەجلی جۆراوجـۆرەوە لـە شـارە گەورەکانـدا

دەرنەکـــــــەوت- چ وەک حـــامورابی(داڕوەریـــی بـــۆ عێراقییـــەکان دەستەبەر بکـات) یـاخود وەک نەبوخوزنەسـر(جوولەکـەکان دەستبەسـەر بکاتەوە).
سەرباری ئەوانەش، بۆ رەنگوڕوودان بە چێکردنـی مێژوویـەکی هاوبـەش بۆ خەڵکی عێراق، رژێـم بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئایدێنتییـەکی کولتـووریی هاوچەرخ بۆ عێـراق، هـەوڵێکی زۆری دا. ئەمـەش پشـتی بـە کۆنسـێپتی" یەکێتیی لـە فرەییـدا." دەبەسـت و ئـەم گریمانـە پێشـکەوتووانەیە، دۆخـی تایبەتی عێراقی وەک نەتەوەیەک، بە وردیی کە لە جیاوازییە ئێسنیکیی و تائیفییەکانییـەوە هـەڵقوڵاوە، رەچـاو دەکـرد. جیاوازییـە کولتوورییـەکان دەبووایە بپارێزرێن و پێوەی هەڵپەڕیتنایە. لـەبری ئـەوەی نکۆڵییـان لـێ بکرێ یان بەرکەنار بکرێن. ئەم جۆرە سیاسەتە، بەگوێرەی ئـەو شـوێنەی پێیگەیشت، سیاسەتێکی رۆشن بوو. وێڕای ئەوەی هیچ ئاماژەیـەک نـەبوو بۆ ئەوەی ئاهەنگگێڕان بەم جیاوازییانەوە، شۆڕدەبێتەوە بـۆ نـاو جیهـانی سیاسـیی و لەلایـەن حیزبـی بەعسـەوە بەپەرۆشـیی و شـێتگیرییەوە چاودێریی دەکرا. بیرۆکراسییەکی کولتووریی نوێ و بەرین چێکرا.
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سینەماو شانۆ(سالی 1969) دامـەزرا. بـەرپرس بوو لە هەڵسوڕانی ئاهەنگی تایبەت بۆ فۆلکلۆری هەرێمـەکان، مۆزەخانـەی فۆلکلـۆریی لەسەرتاسـەری وڵاتـدا چێکـرا(بەتایبـەت ناوچـە کـوردیی و شـیعییەکان). سـەنتەری هونـەر و پیشەسـازیی دەسـتیی، راسـپێردرا بـە پاراستنی هونـەر و داهێنانـەکان لـە سـەرجەم ناوچـەکانی عێراقـدا، تیمـی جۆراوجـۆری هەڵپـەرکێی گـەلیی لەلایـەن رژێمـەوە کۆمـەک دەکـران، لەناویشیاندا تیمەکانی بەسرەو هەولێر(لەکوردستان). بۆ تـەیکردنی وڵات، شاری ناسریە لە باشووری شیعەنشین، بۆ فێستیڤاڵی شیعریی بۆ شاعیرە میللییەکان لە ساڵی 1969 هەڵبژێردرا.
لەساڵی 1970 خانەی پۆشـاکی عێراقیـی بـەپێی یاسـا دامـەزرا. کۆمـەڵێ ئامانجی لەئەستۆ گرتبوو-" بۆ پاراسـتنی جلوبـەرگی کلاسـیکیی لەهـەموو بەشە جیاواز و کۆمیونیتییەکانی عێراقدا. بەمپێیەش تێکەڵەیـەکی ئاسـۆیی چێـدەکرێ، هاوکـات بـۆ پارێزگـارییکردنی پۆشـاکی عێراقیـی کـۆن و چاودێرییکردنیان و بەرزکردنەوەی شێوازی ستاندەردی پۆشاکی عێراقیی، بەکـەڵکوەرگرتن لـە دیزایینـی تـابلۆ عێراقییـە کۆنـەکان و بەمپێیـەش

پێوەندییەکی ئاسۆیی لەگەڵ رابردووی عێراقی پێش ئیسلامدا گری دەدرێ."[121] ئەم تەقەلایانە هەر رووکەشیی نەبوون. لەسەردەمی شەڕدا و لەساڵی 1982 دا رژێم بڕی 15 ملیۆن دۆلاری بۆ چێکردنی بنکەیەکی گەورە بۆ خانەی پۆشاکسازیی تەرخانکرد.

سەدام، خودی خۆی وا دەردەکەوت کە هەستی بە گرنگیی سیاسیی پرۆگرامە نوێکانی خوێندنی عێراق کردبێ. لە کاتێ ئاماژەدان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان- لەساڵی 1975 دا وتی:

لەکاتێکدا باسی ئۆتۆنۆمی دەکەین، نابێ ....ستراکتۆری ئیداریی ئۆتۆنۆمییەکە، بۆ دیواری چین بگۆڕین و عەرەب و کوردەکانی عێراق لێک جودابکاتەوە. کاتێ فۆلکلۆری عێراق دەستنیشان دەکەین، پێویست ناکات قسە لەسەر فۆلکلۆری کوردیی یان عەرەبیی و دواتر تورکمانیی بە بنبڕیی بکەین. ... لەجیاتی ئەوانە با لەچوارچێوەی فۆلکلۆری عێراقییدا لەقاڵبی بدەین........ لێمان گەڕێن با وشەگەلی عەرەب و کورد لابەرین بە تێرمی خەڵکی عێراق جێیان بگرینەوە.[122]

لە ڕێڕەوی سەرکردەیەکی حیزبەوە کە بۆ پانعەرەبیزم خۆی تەرخانکردبوو، تێپەستینێکی زیادە بوو. نارێکیی گەورەی پێوە دیار بوو، بەدڵنیاییەوە، ئەوە بوو کە کوردەکان حەزناکەن لەناو "خەڵکی عێراق" دا جێکەوتبن؛ لەوەش زیاتر، رژێمەکانی بەغداد، بەبەردەوامیی هێڵێکیان دانابوو لەنێوان لابردنی"وشەی کورد و عەرەب" لەلایەک و لابردنی کوردەکان بەزەبروزەنگ لە خودی عێراقدا.

جگەلەوانەش، بەپێی ستاندەردە مێژووییەکان بێت، تەقەلاکانی حیزبی بەعس بۆ " یەکێتیی لەهەمەجۆرییدا" لە رێگەی هونەر و کولتوورەوە نابێ پشت گوێ بخرێ. هیچ رژێمێکی پێشووتر لە عێراقدا، شتێکی لەم چەشنەی دەرهەق بە یەکێتیی نیشتمانیی، بەم ئاستە پێشکەش نەکردووەو پێوەی پابەند بووبێ. بەهەمان شێوەش، رێگەی تری گرتەبەر، ئەگەر رووکەشانەش بووبێ- لەبواری خوێندن، مافی ژنان و بیمەی بێکارییدا.

سەدام خودی خۆی وا دەردەکەوت، کە بایەخێکی گرنگ و راستەقینە بە خوێندن دەدات. لەساڵی1977 دا کەمپەینێکی سەرتاسەریی نیشتمانیی بۆ خوێندنی زۆرەملێ، بەکارێکتەرگەلێلی نوێخوازییەوە بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواریی دەستپێکرد. سوپایەکی 62000 ی لەمامۆستا و

بیرۆکـــــــرات بــــــۆ جێبەجێکردنی ئـەم مەبەستە تـەرخانکرا. لـە ئەنجامدا. لە سـاڵی 1982 دا وا قـەبڵێنرا. کـە 2 میلیـۆن عێراقیـی فێـری خوێندنەوەو نووسـین بـوون.[123] ئـەم دەسـتکەوتە زۆر بـاڵکێش و مـەزن بـوو. لەلایـەن یونسـکۆوە UNESCO سـەدام بـە خـەڵاتی کرۆپێسـکا Kropeska رێـــزی لێگیـــرا بـــۆ بەشـــدارییکردنی لـــە نەهێشـــتنی نەخوێندەواریی. لەئاستی جیهانییدا. ئەوانەی کە نەیانتوانی نـاوی خۆیـان لەکەمپەیینەکەدا بنووسن. هەڕەشەی بەندکردنیان لێکـرا. تـەنها لـە عێراقـی سەدامدا. دەکرا نەخوێندەواریی بەتاوان بێتە ئەژماردن.

سەرەڕای بەرەوپێشچوونێکی زۆر لـە بـواری خوێندنـدا. رۆڵـی ژنـان لـە کۆمەڵگەدا. ئـاڵوگۆڕێکی رادیکاڵانـەی بەخۆیـەوە بینـی. دیارترینیـان لـەم بوارەدا. زۆربوونی رێژەی ژنان بوو. ئەوانەی کە چوونـە بەرخوێنـدن. لـە ساڵی 1970 دا. تەنێ 34% ی ژنـان لـە بـواری پـەروەردەی خوێندنـدا بـوون؛ لــە ســاڵی 1980دا ئــەم رێژەیــە بــۆ 95% هەڵکشــا.[124] پـانوپۆڕبوونی کـەرتی گشـتیی دەرگـای تـری والاکـرد بـەڕووی ژنانـدا لەشوێنی کارکردندا. لە کۆتایی حەفتاکاندا. ژنان 46 لەسەدی مامۆستایان. نزیکەی 30 لەسەدی دکتۆرەکان و نزیکەی 50 لەسـەدی دانسـازەکانیان پێک دەهێنا.[125] یاسای 1977 دەرگـای بـۆ ژنـان کـردەوە کـە خزمـەتی سەربازیی بکەن- دەستکەوتێک کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی رۆژئـاوا. لای کـــەم دەیەیـــەک دواتـــر دەســـتیان پێیڕاگەیشـــت. بەبـــەراوردکردن بـــە جێگەورێگەی ژنان لە تەواوی وڵاتانی عەرەبییدا لەو کاتـەدا(بەتایبـەتییش لە کوێت و عەرەبستانی سعودییە). ژنانی عێراق لە دنیایەکی تردا دەژیان. لەسـەرێکی تـرەوە. گرنگـە دان بـە دەسـتکەوتە پێشـکەوتووخوازەکانی رژێمی بەعسدا بنێن. لە ئاستێکی قـووڵتردا. کەمژەییـە ئەگـەر هەسـت بـە ئەجێنـــدا سیاســـییەکانی نەکـــەین. لـــە مێـــژووی کـــورتی عێراقـــدا. خوێنـدن{ پـەروەردە} بـۆ ئامـانجی سیاسـیی بـەکارهاتووە. لەسـەردەمی پاشـاییدا سیسـتەمی خوێنـدن. لەلایـەن میلیتانتـە پانعەرەبیسـتەکانەوە کۆنترۆڵ کرابـوو. بـۆ ئامـانجی گوتـارە سیاسـییەکانیان بـەکار دەهێنـرا. لەسەردەمی بەعسـدا. ئامانجـەکان زۆر بـەرزتر دەڕۆیشتن. لـە رێـی تونـد کۆنترۆڵکردنی خوێندنەوەوە لەلایـەن دەوڵەتـەوە. بەسـەر پرۆگرامـەکان و پیشەی وانە وتنەوەدا. حیزب توانی راستەوخۆ بگاتە ماتریاڵی خاو. بیری

لاوان؛ ئەم بیرانە دەتوانرا بە شێوەی کۆمەڵ لەفۆرمێکی گونجاودا ڕێکبخرێن.
بەمپێیەش سەرتاپای کۆمەڵگەی عێراقیی لە دەوری بیروباوەڕە هاوبەشەکانی بەعسییەکان فۆرمەلە دەکرێ. بەهەمان شێوەش نەهێشتنی نەخوێندەواریی، جەختی لە زۆرینەی شیعە کردەوە(چونکە شیعەکان ڕێژەی نەخوێندەوارییان لەو کاتەدا زۆرتر بوو). ڕژێمی سوننیی توانی خۆی بخزێنێتە ناو هزری زۆرینەی چینەکانی خوارەوەی شیعە بۆ یەکەمین جار لەمێژووی عێراقدا. بەڵام ئەوە لە پرۆسەی فێرکردنی دۆکترین لەرێگەی خوێندنەوە بەولاوەتر بوو. پەروەردە بەکارهێنرا بۆ تێکشکاندنی ترادیسیۆنی وەفاو دڵسۆزیی. دواتر بە پێوەندیی نوێ جێگەیان بگیردرێتەوە، وەک لە تاکەوە بۆ ڕژێم. تەنانەت پێوەندییە فەندەمێنتالەکانی خێزانییش پیرۆز نەبوون. لە زاری سەدامەوە.
بۆ قەدەغەکردنی دایکان و باوکان، لە دەستبەسەرداگرتنی ویستی خێزان بە چەمکی کۆنەپەرستیی، پێویستە منداڵەکان باربهێنین بۆ دەرپەڕاندنی ئەم چەمکانە.... یەکێتیی خێزان نابێ لەسەر کۆنسێپتی دواکەوتوویی بنیات بنرێ، بەڵکوو لەسەر ڕێککەوتن و جەختکردنەوە لەسەر بەسێنترالکردنی ئەو بەهایانەی لە ترادیسیۆن و سیاسەتەکانی شۆڕشدا. لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێدا هەیە. هەرکاتێک گرفت کەوتە نێوان یەکێتیی خێزان و ئەم مۆرالانەوە....پێویستە بە قازانجی مۆراڵە نوێکان، بێتە چارەسەرکردن.[126]
بەمشێوەیە ئامانجی پەروەردە، نغرۆکردنی جەوانان لە وەفاداریی بۆ شۆڕش و حیزب لەجێگەی وەفاداریی بۆ یەکێتیی خێزان بوو. هەندێکی تر ئارگیومێنتی ئەوەیان دەکرد، گوایە ئازادیی ژنان لە کۆتوبەندە پاتریاکیی(باوکسالاری)ە خێزانییەکان، هەمان مەبەستی لەپشتەوە بوو- "ئەگەر وەفاداریی نوێ بۆ سەرکردە، حیزب و دەوڵەت، بڕیارە پێک بێت، ژنان دەبێ'ئازادبن' لە وەفاداریی کە لەرووی ترادیسیۆنەوە بە پیاوەکان و خزمە نێرینەکانیانەوە بەستراون."[127] جارێکی تر، تێکشکاندنی پێوەندییە ترادیسیۆنییەکان لە داواکارییە سەرەکییەکانی پێکهێنانی پێوەندیی دڵسۆزانەی نێوان ژنانی'ئازاد' و ئامانجەکانی شۆڕش بوو(هەروەک سەدام باسیکردبوو).

مــەوبا ســـایکۆلۆژییەکانی هەوڵەکانی بەعس بۆ چێکرىنی ئایدێنتییـەکی نیشتمانیی نوێ و یەکگرتوو بۆ دەوڵەتی عێراق. پرۆسەیەکی بەردەوامی لە تێکشکاندن و دروستکردنەوە لەخۆ گرتبوو. پێویست بـوو دانیشـتوان لـە هـەنگاوی یەکەمـدا دابەشـکرێن بـۆ یەکـەی بچـووک بچـووک. لەرێگـەی وێرانکردنـــی پێوەندییـــە ترادیســـیۆنییەکانەوە. دواتـــر دارشـــتنەوەیان لـــە قەوارەیەکی کۆلێکتیڤ و یەکگرتوودا کە مێژوویـەکی کـۆلێکتیڤی پیـرۆزی هەبێ و بە وەفاداریی بۆ حیزب و بەدڵنیاییشەوە بـۆ "سـەرکردەی مـەزن" پابەند بێت.

بەبەردەوامییش، لە ماوی 1968_1988 دا، ئایدۆلۆژیای بەعس، جگە لـە سەدام، هیچ ناوەڕۆکێکی سەربەخۆی تێـدا نـەبوو. روانگـەی بەعسـییەکان هەر ئەوە بوو کەسەدام هەرچی بەدەمدا بهاتایە. لەژێر پەرچەمی چێکرىنـی پێوەندیی وەفاداریی لـەنێوان گـەل و پرینسـیپی شۆڕشـگێڕانەی حیزبـدا، ســـەدام زۆر کاریگەرانـــە هـــەوڵی دەدا. بـــۆ دروســـتکرىنی جڤاکێـــک کـــە پێوەندیی سەرەکیی لەنێوان تاکەکانی ئەو جڤاکە و خودی خۆیـدا قـەتیس بێت. بەرەنجامی لۆژیکانەی ئەم پرۆسێسە، بەرزکردنەوەی سـەدام بـوو لـە شوێنێکەوە وەک سەرکردەیەکی سیاسیی بۆ سێمبۆڵی یـەکێتیی نەتـەوەیی کـەخۆی دەستنیشـانی کردبـوو. بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم سـەرکەوتنەش، لەسەدام دەخوازرا کە هاوکات وەک هـەموو شـت دەرکـەوێ و بـۆ هـەموو کەسیش بێت.

هەنووکە وەک سەرکردەیەکی خێڵەکیی پیرۆز، لـە جلوبـەرگێکی دەشـتەکیی رێکوپێکـدا. وەک نوێژکـەرێکی ئیسـلامیی لـە شـوێنە پیرۆزەکانـــدا خواپەرستیی دەکـات. وەک جـەنگاوەرێک، شمشـێرەکەی لـە فارسـەکان، زایۆنییـەکان و ئیمپریـالیزم رەپکـردووە. هـەروەها وەک ئەکتـەرێکی سیاسـیی لێوەشـاوە. سـەدام سـەلماندی کـە ئـەزموونی بـەرزی خـۆی بـۆ پارێزگارییکردن لـەم رۆڵـە بگێـڕێ. لەکاتێکـدا ئـەم پیـاوە مەزنـە خـودی خۆی(یان یەکێک لەهاوشێوەکانی) ئامادەی ئاهەنگە تایبەتییەکان نەبووایە، وێنەی گەورە گەورە بە هەمەڕەنگیی لەشارەکانی عێراقدا ئەمسەرەوسەریان دەکـرد. هەمیشـە بـەبیر خـەڵکی عێـراق دەهێنرایـەوە. کـە وەفـاداریی و دڵسۆزیی سەرەکیی لەکوێدایە. یان لەکوێدا دەبێ ببێ. عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو خەریک بوو ببێ بەخاوەنی کولتووری تاکپەرستیی تەواو.

پاڵنـــەری ســــەرەکیی بـــۆ یەکبوونی سـایکۆلۆژیی بـە هانـدانی مـاددیی بەهێز دەکرا. وێـرای هـەڵاواردنێکی زۆر، زۆرایـەتی شـیعە لـە دەسـەڵاتی سیاسیی دوورخرابوونـەوە، بـەڵام لـە میکـانیزمی دامەزرانـدنێکی بەریندا رۆڵی هەبوو لەو ماوەیەی دەوڵەتدا. لەسەرەتای هەشـتاکاندا، فەرمانبـەرانی حکومەت بەژمارە لـە ملیـۆن و چـارەکێکی تێپەڕانـدبوو. ئەگـەر ئەوانـەی بژێوییان لەسەر ئەو فەرمانبەرانە بوو. ئەنـدامانی سـوپای میلیـی و هێـزە چەکدارە جۆراوجۆرەکانیشیان بـۆ زیـاد بکـەین، وا مەزەنـدە دەکـرا، کـە دەوڵەتی عێراق راستەوخۆ کـۆنترۆڵی دەرامـەتی ژیـانی زۆرینـەی خـەڵک دەکات. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا، رژێـم سـتراکتۆرێکی بـەرینی دەوڵەتیی دانابوو، کە بەشی ئەوەی دەکرد کە زۆرینەی شـیعەکانیش لـەخۆ بگـرێ، لـەنێوان سـاڵانی 1968_1988 دا، لایـەنی مـاددیی زۆرینـەی شیعەکان باشـیی بەخۆیـەوە بینـی، ئەمـەش هـەر مەسـەلەی دابەشـکردنی خۆراکیی یەخچاڵ و تەلەفزیۆن نەبوو.

لەکۆتایی حەفتاکاندا، رێـژەی ئەوانـەی دەسـتیان بەخوێنـدن رادەگەیشـت لەشیعەکان نزیک بەرێژەی سوننەکان بوو. لە ناوچەی شیعەنشینەکان و لە باشووردا بەتایبەتیی، ژمارەی ئەو نەخۆشخانانەی بۆ هـەر تاکێـک هـەبوو زۆرتر بوو لەو نەخۆشـخانانەی کـە ناوچـەی سوننەنشین، لـە بـاکوور و ناوەڕاستدا هەیبوو.[128] بەڵام کوردەکان ئاستی گوزەرانیـان لـەخوارتربوو، سەرەڕای ئەوەش هێشـتا پێشـڤەچوونی بەخۆیـەوە بینیبوو. لـە 1978دا رێـژەی منـداڵانی کـە دەچـوون بـۆ قوتابخانــەی سـەرەتایی لـە ناوچـە کوردییەکاندا یەکسان بوو بە ناوچەکانی تری عێـراق، لەراستییدا رێـژەی نەخۆشخانەکانی کە بەر هەر تـاکێکی کـورد دەکـەوت، لـە شـیعەو سـوننە زۆرتربوو. بەدڵنیاییەوە ئەو خۆشگوزەرانییەی لەجۆری ژیاندا هـەبوو زۆر کەمتر بوو لە قەبارەی ئەو توندوتیژییەی دەرهەق بەکوردەکان لەو ماوەیەدا دەکرا. بەشێوەیەکی گشتیی، مـاوەی 1968_1988 هـەنگاوێکی سـەخت بوو بۆ دواوە، دەرهەق بە ئاوێتەکردنی کوردەکان لەدەوڵەتی عێراقدا.

بۆ تێگەیشتن لە رژێمی بەعسی سەدام، دواتریش بـۆ قەبلانـدنی قـەبارەی ئەو زیانە سایکۆلۆژیانەی بەر گەلی عێراق کەوتوونە، پێویسـتە بگەڕێینـەوە بۆ پشت ئەو کلێشە سادانەی کە تەنێ جەخت لەبـەکارهێنانی توندوتیژیی دەکەنەوە. لەکاتێکدا توندوتیژیی لەلایەن دەوڵەتـەوە دژی نـەیارانی رژێـم،

بێ دوودڵیی پێڕۆ دەکرا. رژێـــم هانـــــدان و هەڵرشـــــتنێکی زۆری پێشکەشـــکرد بـــۆ پێکـــەوەکارکردن. هـــەوڵێکی کـــۆنکریتیی زۆر درا بـــۆ چێکردنـــی ئایدێنتییـــەکی نـــوێی نیشـــتمانیی بـــۆ عێـــراق. ئایدێنتیتییـــەکی گشتگیر، نەک دیارییکراو. گەشەکردنی دەوڵەتی عێراقـی پـێش یۆتۆپیـای پانعەرەبیی و هەر بایەخێکی تر خستبوو.

پێوانەی سەرکەوتنی سەدام بۆ پێکهێنانی یەکێتییـەکی نیشـتمانیی لـە نـاو چـین و توێژەکـانی عێراقـدا، کـارێکی سـەخت بـوو. پێناچێـت زۆربـەی ئەوانـــەی لـــەدەرەوەی نێوەنـــدی ســـوننیین، دڵیـــان بـــە هـــەوڵی نەخشە بۆدارێژراو بۆ پێکهێنانی مێژوویەکی هاوبەشی میزۆپۆتامیـا ئـاوی خواردبێتـەوە. پـاش وتنـی ئەمـە، کـاتێ تاقیکردنـەوەی سـەخت لەشـەڕی عێراق-ئێراندا هاتە پێشەوە، پێکهاتەی عەرەبیی دەوڵەتی عێراق، بەبێ هیچ پێشبینییەک بۆ بەرگریی لەدژی ئێرانییە هێرشبەرەکان یـەکانگیر بـوون.

ئەمەش ئاماژە نییە بۆ وەفاداریی و دڵسۆزیی توێژێکی شـیعە بـۆ رژێمـی بەعس یان تەنانەت دەوڵەتی عێراقیش؛ بەڵام ئاماژەیە بۆ زۆرینـەی شـیعە عەرەبـەکانی عێـراق کـە پێوەندییـە ئێسنیکییەکانیان خسـتووەتە پـێش ئایدێنتیتییـە تائیفییەکانـــەوە. بەپێچەوانەشـــەوە، کوردەکـــان نیشـــانیاندا بەبەردەوامیی لەو ماوەیەدا، کە ئەیانـەوێ لەگـەڵ هەرلایەنێکـدا بـن، بـەبێ لەبەرچاوگرتنی نیشتمان و ئێسنیک بۆ ئەوەی خەباتەکەیان دژی دەوڵـەتی عێراق درێژە پێبدەن.

بەرەنجام

سروشـتی بیسـت سـاڵی یەکـەمی دەسـەڵاتی حیزبـی بـەعس، ژمارەیـەک نیگەرانیی لەسەر پاشەڕۆژی عێراق دەورووژێنێ.

یەکەم، گرنگە جەخت لەسەر ئەو ئاستەی کە رژێمی بەعسـی تێـدا بەرهـەم هـــات لـــە نـــەنجامی دەوروبـــەرە سیاســـییەکەیدا بکەینـــەوە. حیـــزب سەرکەوتووبوو لە توندوتۆڵکردنـەوەی چرنـووکی دەسـەڵات و پاراسـتنی دەسەڵاتدا. لە سەردەمی ئانارشییەکی سیاسیی پڕ لەتوندوتیژییدا. لۆژیکی دەسەڵاتی بەعس لەسـەر مانـەوە رۆنرابـوو. لـە پرۆسـەی کۆتاییپێهێنـانی نـەیاران و ئۆپۆزیسـیۆندا. حیـزب فـۆرمێکی تونـدی لـە دڕندایـەتیی کۆمەڵگەیەکی سـەقامگیردا پێکهێنـا کـە پێچەوانـەی پەشـێویی رژێمـەکانی

پێشـــوو بـــوو. نیـــزام سەپاندن بەسەر عێراقدا دەکرا. بـەڵام بـە بێ قوربانیی نەبوو.
دووەم، زۆربـەی ئـەو شـێوازانەی بـۆ بـەڕێوەبردنی دەسـەڵات، سـەدام و ڕژێمەکەی بەکاریان دەهێنـا. دەسـتپێداهێنانی شـێوازی کـۆن بـوون نـەک شێوازی نوێ. هەروەک هەمیشەش عێراق وابووە. سوننە حوکمی کردووە، شیعەو کـوردیش بەردەسـت و ڕۆڵـی یارمەتییـدەریان هـەبووە. دووبـارە تونـدوتیژیی(هەڕەشـەکردن بـۆ بـەکارهێنانی تونـدوتیژیی) ئـەدگاری سـەرەکیی حـوکمی بـەعس بـووە. دابڕانێکـی گـەورەش نـەبووە لـە هەڵسوکەوتی ئەوانەی پێشـووتردا. بـەکارهێنانی میکـانیزمی خزمخزمێنـە لەحوکمکردنـــدا لـــەچاو ڕژێمـــەکانی پێشـــوودا زۆر بـــەربڵاوترو ڕەگ داکوتراوتر بوو . بەڵام ئەم تەکنیکە بەعس نەیهێنا بریتانییەکان هێنایان. بریتانییەکان زۆر پشتیان بەو تاکتیکانە بەستبوو" پەرتی بکـە و زاڵ ببـە" بۆ گۆڕینی عێراق بە کۆمەڵە خەڵکێکی بێفەڕ و بێکەڵک. هەر بەیەکدا بێن، ئەمەش وادەکات کە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوویان بۆ پێک نەیات. سـەدام هـەمان گەمـەی کـرد- بەتایبـەتیی لـە کوردسـتانی عێراقـدا- بـەڵام بەسەرکەوتنێکی باشترەوە. سەبارەت بە دامـەزراوە سیاسـییەکان، حیزبـی بەعس لەسەر ئـەزموونی کەڵەکـەبووی ڕژێمـەکانی پێشـووتر پشـتی قـایم کردبـوو. ئەنجوومەنـەکانی سـەرکردایەتی شـۆڕش، دادگاکـانی شـۆڕش، گاردی کۆماریی، پارلەمانی "دیموکراسیی". میلیشـیا نیمچـە سـەربازییەکان، تەنانـەت کولتـووری تاکپەرسـتیی، هـەموویان لـە ڕژێمـەکانی پێشـوودا پەیدابووبون. لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستیان پێوەگیراو لەگەڵ سـەردەمدا گونجێنران. لەم بوارەدا، یاساکان لەلایەن حیزبی بەعسەوە بـەرز ڕاگیـران لەبری ئەوەی کێشەیان لەسەر چێبکات.
سێیەم، تا ئاستێک کە ڕژێمی بەعس حوکمڕانی خۆی لە لاسـاییکردنەوەی ترادیسیۆندا دەبینییەوە، هەموو ئەنجامەکانی خراپ نەبوون. بەڕاشـکاویی جیاوازیی هەبوو لە ڕادەی توانستی ڕژێم بۆ چوونە خـوارەوە بـۆ دامێنـی کۆمەڵگە. ڕۆڵی گەورەو بەربڵاوی دەوڵەت لە ئابوورییـداو چـاودێریکردنی خزمەتگوزارییـە گشـتییەکان، وێـڕای سـتراکتۆری ڕێکخراوەیـی حیزبـی بەعس، ئاستێکی دا بەحیزب لەکۆنترۆڵکردنی ژیانی هاوڵاتیی ئاساییدا. تا هەنووکەش بە خەیاڵدا نایەت.

لەلایـــەنی پۆزەتیڤییـــەوە، ئاسـتی خوێنـدنێکی بـاش، کارگوزارییەکـەی، ئانیشتوانێکی پێشکەوتووتر لەهەموو جیهانی عەرەبی لێکەوتـەوە. ئەمـەش شتێک نەبوو، رژێم تەنێ بەزەبروزەنگ بیکـات. بـۆی هـەبوو ئەمانـە بـۆ زۆرکەس جێگەی باوەڕ نەبێ(یان بـۆ تێگەیشـتن سـەخت بـوو)، حیزبـی بـەعس و سـەدام بەتایبـەتیی زۆر خۆشـحاڵبوون بـە جـەماوەرییبوونی راسـتەقینەو بـەربڵاوی خۆیـان لـەنێوان عێراقییـە سـادەکاندا لەزۆربـەی کاتەکاندا.[129] نەدەزانرا ئەمانە لە ئەنجامی ئاستی گوزەرانی باشـەوە بـوو، یان دەرەنجامی وەرگرتنی ئایدۆلۆژیا بەچرپی و پرپـی، یـان لـە ئـەنجامی زمان زبریی رژێم لە ئەنتی زایۆنیست و ئـەنتی ئیمپریالیسـت و ژاوەژاوی پانعەرەبییەوەیە بوو، بۆی هەیە لەئـەنجامی هـەموو ئـەو فاکتەرانـەوە بـێ؛ بەڵام فاکتێک هەبوو کە سەدام لەهەموو ئەوانی پێش خـۆی زۆرتـر نزیـک بـووەوە لـە ئامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی سـەرکەوتوو لـە دەوڵـەتی عێراقـدا (بەدڵنیاییەوە کوردەکانی لێدەرکە).[130]

کاریگـەریی ئـەو باجـە سـایکۆلۆژییەی لەلایـەن خـەڵکی عێراقـەوە درا بەدرێژایی ئەو 20 ساڵە، بۆ چەندین ساڵی تر بەتـەواویی بەدەرناکـەوێ. حـوکمی تۆتالیتـاریی گەشـەیکرد بـۆ تاکپەرسـتییەکی بێوێنـە. پێوەندییـە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکان بەشێوەیەکی پلانداڕێژراو تێکشـێکێندران، بـۆ ئـەوەی بـە پێوەنـدیی نێـوان تاکـەکان و سـەدام جێگـەیان بگیردرێتـەوە. ئەمەش پرۆگرامێکی گـەورەی مێشکشـۆرینەوەی ویسـت. چەنـدین سـاڵی دەوێ تا هەڵبتەکێنرێ.

لەدواییدا، ئەم بیست ساڵە تەواو بوو، کاریگـەریی هـەر ئەگـەرێکی لەگـەڵ خۆیـدا بـرد بـۆ ئاشـتبوونەوەیەکی دروسـت لـەنێوان کوردەکـان و عەرەبەکاندا. گرفتەکە هەر بـەرگریی کوردەکـان دژ بـە دەسـەڵاتی نێوەنـد نـەبوو- هـەرگیز شـتێکی نـوێش نـەبوو ڕاسـتییەکە ئـەوەبوو کاتێـک کوردەکـان لـەنێوان عەرەبـەکانی عێـراق و فارسـەکانی ئێرانـدا چانسـی هەڵبژاردنیان هەبێ، ئـەوەی دواییـان هەڵـدەبژارد. ئەمـەش دریغیـی بـوو، هەرگیز لەبیر نەدەچووەوە. لـە دیـدی کـوردەوە- هەسـتکردن بـە میراتـی شـالاوی درندانـەی ئـەنفال، لـەڕووی - سـایکۆلۆژیی و فیزیکییـەوە- تـا چەنـدین سـاڵی تـر درێـژەی دەبـێ. لەکاتێکـدا حـوکمی بـەعس لەهـەموو رژێمەکانی پێشووتری، کاری زۆرتر کرد بـۆ پێکەوەلکانـدنی پێکهاتـەکانی

دەوڵــــەتی عێــــراق بــــۆ قەوارەیــەکی نیشــتمانیی یــەکگرتوو. بــەڵام پێکهاتەکانی کورد بە توندیی مامەڵـەی لەگەڵـداکراو جیاکرانــەوە. هــەموو پڕوپاگەندەی لەچەشنی یەکێتیی لە هەمەجۆرییدایە کۆتایی پێهات.

بەندی چوار

2003-1988

کاولکردنی عێراق

هەڵویستی زۆر لەهێزە ڕۆژئاواییەکان لەئاست شەڕی ئێران- عێراق دا پڕ بەپێستی دەربڕینە نەمرەکانی هێنری کیسینجەر بوو کە گوتویەتی(بە داخەوە، ناکرێ هەردووکیان بدۆڕێنن)131. بەڵام لە ڕاستییدا، بە هەموو پێودانگە ماقوڵەکان، هەردوو لا دۆڕاندیان؛ ژمارەی قوربانییانی هەردوو وڵات بەسەدان هەزار بوو. زەرەرە ئابورییەکە لە ڕادەبەدەر بوو. هەردوولا شکستیان هێنا لەوەی ئامانجی ئەسڵی شە ڕەکەیان بپێکن و شە ڕەکە ش بەبنبەستی هەرێمیی کۆتایی پێهات. هەشت ساڵ شەڕو کوشتار لەواقیعدا، جگەلە مەینەتیی هیچیتری بۆ ئەم دوو نەیارەی کەنداو، بەرهەم نەهێنا. سروشتییە کە ئەمە ڕێگە ی لەسەدام نەگرت لەوەی شەڕەکە ناوبنێت' سەرکەوتنی مێژووی جیهانی عەرەبی بەسە ر" ئۆردوی فارسەکاندا". بەڵام هەر لەو کاتەوە کەعێراقییەکان ئاهەنگ و سەفا و خۆشییەکی هەشت ڕۆژەیان دەکرد لەسەر شەقامەکانی بەغدادا، کاری بنیاتنانی پەیکەرەکانی

ســـــــەرکەوتنــــــــە رووکەشییەکانی سەدام دەستی پێکرد. شتێکی ئاشکرا بوو کە شەڕەکە زەرەر و زیانێکی زۆری لە بونیادی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی عێراق دابوو.132 عێراق کەچووبووە شەڕەوە یەکێک بوو لەدەوڵەتە هەرە سەقامگیر و مۆدێرن و خۆشگوزەرانەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین. بەرەبەرە تووشی داتەپینی ئابووریی دەبوو.

هەرچەندە ئەو کاتە دیار نەبوو. بەڵام ئەمە سە رەتای کۆتاییەکەی سەدام بوو. داگیرکردنەکەی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە 1990 دا وەڵامی سەدام بوو بۆ ئەو قەیرانە ئابوریە سەختەی کە هەشت ساڵ شەڕی دڕندانە خولقاندبووی. پاشان. شکاندنێکی کاولکارانەی سە ربازیی لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە لە 1991 دا و هەروەها زیاتر لە 12 ساڵ لەو سزا ئابوریە توندانەی کە نەتەوە یەککگرتووەکان سەپاندبوونی. ئەمانە هەموو دەوڵەتی عێراقیان سەرتاپا وێرانکرد. لە ئازاری 2003 دا. وەختێک سەدام جارێکی دی بەپێداگرییەوە رووبەرووی هێزێکی باڵاتر (هاوپەیمانانی ویست-coalition of willing) بووەوە. هەر ئەوکاتە ئەو سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی شکستخواردووی دەکرد. دەوڵەتێک کە چیدی دەستی بە پانتاییەکی فراوانی خودی هەرێمەکەی خۆیدا نەدەگەیشت و چیدی نەیدەتوانی تەنانەت پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکانی دانیشتوانەکەی خۆی دابین بکات. لەماوەی ساڵانی 1988_2003 دا. سەدام(بەو هاوکارییەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەیکرد) توانی هەموو دەسکەوتە سەرکەوتووەکانی 20 ساڵی پێشوو وێران بکات. لەو پرۆسەیەشدا زیانێکی زۆری بە یەکپارچەیی کۆمەڵایەتیی. ئابووریی و سیاسیی عێراق گەیاند. کە میراتەکەی بۆ دەیان ساڵی داهاتوو هەستی پێدەکرێت.

کێشە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان

هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ ئێراندا بۆ عێراق بە گران کەوتەوە. لە کاتێکدا ئێران بەهەموو شێوەیەک خۆی پاراست لە قە رزکردنی زۆر لە دەرەوە (رژێمی فاناتیکی ئیسلامیی ئێران پشتیوانی وەهای کەم بوو کە پارەی پێببەخشن). عێراق قەرزێکی زۆری کرد لەپێناوی ئەوەدا کە خۆی بگرێت لەشەڕدا لەگەڵ دراوسێیەکی زۆر لەخۆی گەورەتر. قەرزەکانی عێراق لە

ڕۆژئاواو ژاپۆن گەیشتنە 25 تا 35 بیلیۆن دۆلار؛ 10 بیلیۆن لە یەکێتی سۆڤێت؛ لە دەوڵەتانی کەنداویشەوە(بەزۆری عەرەبستانی سعودییە و کوەیت) 50 تا 55 بیلیۆن دۆلار. بەوەوە کۆی گشتی قەرزە دەرەکیەکانی عێراق گەیشتە 100 بیلیۆن دۆلار. بە شێکی ئەو پارەیە بۆ ئەوە بەکارهات تا عێراقییەکان بپارێزێت لەکاریگەریی تەواوی شەڕ، سیاسەتێکی ئەنقەستی" تێرکردنی سکەکان" لەپێناوی سەقامگیرکردنی ناوخۆدا پێڕۆکرد.

بەڵام لەناوەراستیی هەشتاکاندا چیتر ئەم سیاسەتە نەدەتوانرا بەردەوامیی پێبدریت. هە روەها بەدرێژایی ماوەی شەڕ داهاتی تاک لە عێراقدا دابەزی بۆ نیوەی ئاستی ساڵی 1980. لەوە زیاتر چاککردنەوەی ژێرخانی عێراق مەزەندە دەکرا پێویستیی بە بەگەڕخستنی نزیکەی 200 بیلیۆن دۆلار هەبێ . ئەوەی مابووەوە لە پارە قەرزکراوەکە بۆ بنیاتنانی گەورەترین هێزی زەمینی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بەکارهات. بەبێ شەڕێک کە سوپاکەی پێوە سەرقاڵ بێت. سەدام لەرووی سەقامگیریی ناوخۆوە رووبەڕوی ئەگەری هەڕەشەیەکی جدیی بیووەوە . وەک چاودێرێک تێبینیی دەکرد" سەدام میلیۆنێک پیاوی سەربازیی هەبوو بەبێ ئەوەی کارێکیان هەبێ بیکەن....ئەو دەبووایە شتێک بدۆزێتەوە تا پێیەوە سەرقاڵیان بکات بەر لەوەی بیریان بەرەو کۆشکەکانی کۆماریی بڕوات. ئەوەی هەمیشە سوپاکان دەیکەن هەر کاتێک کاتیان لەبەردەستدا بێت."133

ئابووریی عێراق لەتوانایدا نەبوو کە سوپایەکی بەربلاوی وا مەزن هەرس بکات. هەروەها لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی تەواوی وەها لەبەردەستدا نەبوو کە سوپایەکی یەک میلیۆنی پێڕابگیرێت. هێشتا لەوەش مەترسییدارتر، ئەو بەرگرییە بەرچاوەی کە سوپا کردی لە خاکی عیراق لەماوەی سالانی کۆتایی شەڕدا جەماوەر و پایە ی عەسکەرتاریەتی گەلێک زیادکردبوو و دەستەیەکی لە پاڵەوانانی شەڕ ، لە نێو توێژی ئەفسەراندا دروستکردبوو. جارێکی تر سوپا وەک نەیاری رژێمی سەدام وەدەرکەوتنەوە. کاردانەوەکە ئاشکرابوو— هەوڵیکی کودەتا پووچەڵکرایەوە و پاشان یەک لەدوای یەک ئەفسەرە دیارەکانی سوپا لە پلەکانیان داماڵران. لەنێو قوربانییەکاندا کوڕە خاڵی سەدام خۆی(عەدنان

خەیروڵڵا) بوو. وەزیرێکی بەرگریی بەناوبانگ و لێهاتوو بوو. کۆپتەرەکەی لە هەلومەرجێکی" نالەباردا" لە مەی 1989 دا شکا. کلک و گوێکردنی سوپا پارمەتییدەر بوو بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشەیەکی هەنووکەیی لە دژی رژێم. بەڵام کەمی پێکرا لە ئاست کێشە قووڵەکانی ئابووریی و سەربازە ماندووەکانی دوای شەڕ کەهیچ شتێکی بنیاتنەر لەئارادا نەبوو پێوەی خەریک بن.

باری نالەباری ئابوریی عیراق هەروەها هەڕەشەی لە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی رژێمی سەدام دەکرد. هۆکاری بەردەوامیی رژێمی بەعس بۆ ماوەیەکی زۆر بەکارهێنانی لێزانانە ی " کوتەک و گێزەر" بوو— ئەوەی کە ناڕازیی بوو بە بێبەزەییانە سەرکوتکرا. بەڵام ئەوانەی کە لەسەر خەتی بەعس بوون چاوەڕوانیان دەکرد کە زۆر باش خەڵاتی ملکەچییەکەیان وەربگرن. تەخشانی بەخشیش – کە شتێکی بنەڕەتیی بوو بۆ کارکردنی سیستەمەکە بەئاسانیی_ سەرچاوەی ماڵیی زۆری دەویست. ئەمەش لەدوای شەڕ لەبەردەستدا نەبوو. لە 1990 دا داهاتەکانی نەوت تەنها 13 بیلیۆن دۆلار بوون-- ئەمەش شتێکی زۆر کەم بوو لەچاو قەرزە زۆرەکانی عێراق و تێچوونی چاوەڕوانکراوی بنیاتنانەوەی ژێرخانی عێراق. دەربازبوونی رژێمی بەعس و خودی سەدام پشتی بەستبوو بەگەیاندنی شێوازێکی پەرەسەندووی خۆشگوزەرانیی ماددیی بۆ دانیشتوانی عیراق. لە 1990 دا تورەکەکە بەتاڵ ببوو.

کوەیت لە سێرەدا

پێوەندییەکانی نێوان کوەیت و عێراق لەدوای شەڕی ئێران- عێراقەوە زۆر بەخێرایی تێکچوو. کوەیت سوور بوو لەسەر ئەوەی عێراق دەبێ قەرزەکانی بداتەوە؛ عێراقیش گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی دوای ئەوەی " چەندین رووباری خوێنی ڕشتووە بۆ بەرگریی لە سەروەریی نیشتمانی عەرەبیی و کەرامەتی نیشتمانیی" دەبێ قەرزەکان ببەخشرێن[134] . هەوڵەکانی عێراق بۆ ڕازیکردنی ئەندامانی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەی پێترۆلیۆم(OPEC) بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی نرخی نەوت. لەلایەن کوەیتییەکانەوە پوچەڵکرایەوە.

کوەیتیەکان سووربوون لەسەر تێپەڕاندنی پشکی خۆیان لە OPEC، لەوەش خراپتر دەستیانکرد بەدەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی نەوتی (رومەیلە) کە یەدەگێکی نەوتی زۆر گەورەیەو دەکەوێتە هەردوو دیوی سنوورەکانی عێراق و کوەیتەوە.
لە 1990 دا نرخی نەوت دابەزی بۆ ژێر ئەو نرخەی کە ئۆپێک لەسەری رێککەوتبوو کە 18 دۆلار بوو بۆ بەرمیلێک؛ لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا نرخەکە دابەزی بوو بۆ 11 دۆلار بۆ بەرمیلێک. بۆ عێراق حیسابەکە ئاشکرا بوو ؛ دابەزینی هەر دۆلارێک لە نرخی نەوت واتە لەدەستدانی یەک بیلیۆن دۆلار لە داهاتی ساڵانە. وەزیری دەرەوەی عێراق (تاریق عەزیز) هۆشداریی دایە کوەیتییەکان گوایە ئەوان لەسەر پەتێکی باریک یاریی دەکەن، ئاگاداریکردنەوە " هەوڵە ئەنقەستەکانی کوەیتییەکان بۆ دارمانی ئابووریی عێراق دوژمنکارییەکە لەرووی دەرئەنجامەکانییەوە کەمتر نییە لە دوژمنکارییەکی سەربازیی."[135] لە ناوەراستی جولایدا سەتەلایتە ئەمێریکییەکان تێبینیی ئەوەیان دەکرد کە سوپای عێراقیی بەژمارەیەکی زۆر لەسەر سنوورەکانی کوەیت کۆدەبنەوە؛ بەڵام کاردانەوەی ئەمێریکا لاواز بوو.
لە 24 جولایدا Margaret Tutwiler، قسەکەری فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمێریکا، رایگەیاند کە" ئێمە هیچ رێککەوتنێکمان نییە لەگەڵ کوەیتییەکان لە بواری بەرگرییدا و هیچ بەڵێنێکی بەرگرییکردنی تایبەتیی یان ئاساییشیی نییە لەگەڵیاندا"[136] هەر بەدوای ئەوەدا، باڵوێزی ئەمێریکا لە عیراق، (April Glaspie) بەشەخسیی بۆ سەدامی روونکردەوە کە ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکا " هیچ راوبۆچوونێکی نییە لە کێشەکانی عەرەب لەناو خۆیاندا (عەرەب_ عەرەب)، وەک ناکۆکیەکانتان لەسەر سنوورەکان لەگەڵ کوەیتدا" زنجیرەیەک راگەیاندن و دەربڕینی لەم جۆرە کە لە واشینگتۆنەوە دەردەچوون، ئەگەر وەک گڵۆپی سەوزیش نەبووبن تەواو ئاماژە بوون بۆ ئەوە کە ئەمێریکا نایەتە ناوەوە بۆ بەرگرییکردن لە کوەیت لە حاڵی هێرشی عێراقدا.[137] لە 31 جولایدا، نوێنەرانی عیراق و کوەیت لە جەددەی عەرەبستانی سعودییە بە یەککگەیشتن وەک دوا هەوڵ بۆ بەرگرتن لەشەڕ. کۆبونەوەکە بەشکست کۆتایی پێهات و شەڕ بوو بە شتێکی پێشبینییکراو.

داگیرکرنی کوەیت

لە 2ی ئابی 1990 دا، سوپای عێراق سنوری بەزاند بۆ ناوەوەی کوەیت، دوای ئەوەی رووبەڕووبوونەوەیەکی جدیی زۆرکەمی هاتە پێش. لە کۆتایی ئەورۆژەدا کومیتی گرت. کوەیت بەشێوازێکی بەرنامەڕێژکراو لە هەر شتێکی بەنرخ دامالّرا؛ پیاوانی کوەیتیی لەلایەن دەزگا ئەمنییە عێراقییەکانەوە کەوتنە بەر تێهەلّدان و ئەشکەنجەو ئیعدامکرن؛ دەستدرێژیی سێکسییش بۆ سەر ژنانی کوەیتیی شتێکی رۆتینیی بوو. ئەمێریکا سست بوو لە مەحکومکردنی داگیرکارییەکەی عێراق. لە راستییدا بۆی دەرکەوت کە چوارەم گەورەترین سوپا لە جیهاندا واخەریکە گەورەترین سەرچاوەی نەوتی جیهانیی مسۆگەر دەکات. لەترسی ئەوەی کە ولاّتەکەی ڕەنگە سەرەی هاتبێت بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی سە رنجی سوپای عێراقیی، شا فەهد شای عەرەبستانی سعودییە داوای هاوکاریی لە ئەمێریکا کرد، بۆ بەرگرییکردن لە ولاّتەکەی. سە رۆک جۆرج بوش زۆر خۆشحالّ بوو کە خۆی ئەرکبار بکات. 40.000 سە ربازی ئەمێریکیی رەوانە کرد بۆ پاسەوانییکردنی سنوورەکانی سعودییە. سەدام بەڕەسمیی گێڕانەوەی کوەیت و راگەیاندنی وەکو " نۆزدەهەمین پارێزگای عێراقی" وەلاّم دایەوە . تا ناوەڕاستی مانگی ئاب تەوەرەکانی شەڕ کێشران.

لەرووی دیپلۆماسییەوە ئەمێریکا هەردوو ' گێزەر و کوتەک' ی بەکارهێنا بۆ مسۆگەرکردنی دەرچوونی بڕیاری ژمارە 678 ی ئەنجومەنی ئاساییشی مانگی نۆڤەمبەری 1990، کەرێگای دا بە دەولّەتانی ئەندام بۆ بەکارهێنانی هەموو" هۆکارە پێویستەکان" بۆ دەرکردنی عێراق لە کوەیت مەگەر عێراق پێش 15 ی جەنیوەری 1991 بکشێتەوە. بۆ بەگەڕخستنی مەرجەکانی 678ی UNSCR، ئەمێریکا هێزێکی 600.000 ی لە هاوپەیمانان کۆکردەوە، کە لە نێویاندا سەربازی چەندین ولاّتی عەرەبیی تێدابوون. لەرووی ژمارەوە ئەم هێزە کەمتر بوو لە سوپای عێراقی بەلاّم تا رادەیەکی زۆر بالاّتر بوو لە رووی تەکنەلۆژیی و مەشقکردن و ئامێرەوە. ئینکاریی سەدام لە ملدان لە ئاست ئەو هەموو توانا سەربازییەی نەیارەکانیدا، لەلایەن هەندێکەوە بەوە لێکدرایەوە کە بەلّگەی ئامادەباشیی بۆ چوونە ناو قوماری بێئامانەوە پێیە؛ بەلاّم واقیعییانەتر بلّێین سەدام

خـــــۆی خزانـــــدبووە سوچێکەوە. لە ناوخۆدا، کشانەوە، ئەگـەرێک نەبوو. ئەگەر ملیشی دابا بۆ وادەی کشانەوەکە مانای ئـە وە بـوو سـەدام تاڕادەیەک هەیبەتی دەشکا لە عێراقدا کـە تـەنانـەت دەربـازبوونی خـودی ڕژێمەکەشی مسۆگەر نەبـوو. وەک یـەکێـک لـە نوسـەرەکـان گوتویـەتـی" کشانەوە لەو قۆناغەدا و لەژێر ئەو مەرجانەدا کە هاوپەیمانان دایانڕشتبوو یەکسان بوو بە خۆکوشتنی ڕژێمی عێراق"[138]

ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی بیابان

دوو ڕۆژ لەدوای بەسەرچـوونی دوا وادەی 15 ی جـەنیوەری، هێـزەکـانی هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی بیابانیان دەستپێکرد. یەکەم قۆناغی هەڵمەتەکە شـەش ڕۆژ بۆمبـارانکردنی خـەسـت بـوو، زۆربـەی ژێرخـانی سەربازیی(و سیڤیلیی) عێراقی هەڵوەشاندەوە. بـەمـە زۆربـەی دەسـکەوتـە گەورەکانی ڕژێمی بەعسی لە ناوەڕاستیی حەفتاکانەوە لەنـاوبرد. چڕتـرین بۆمبـارانکردن بـوو تـا ئـەوکاتـە بینرابێـت" بەغـداد و 3.5 ملیـۆن دانیشتوانەکەی گەڕاندەوە بۆ جیهانی سێیەم"[139] لەسەروبەنـدی هـەڵمـەتـە ئاسمانییەکەدا، لەڕاستییدا داگیرکردنـی زەمینـی هاوپـەیمانـان شکسـتێکی تابڵێی شەرمەزارانە بوو. شەڕ لە کەمتر لە 48 کاژێردا دا کۆتـایی هـاتبوو و بۆ جارێکی تر کوەیت " ئازاد" بوو. لە 28 ی شوباتدا سـەرۆک بـوش ئاگربەستی ڕاگەیاند، ئەمەش زیاتر بۆ ڕاگرتنـی کوشـتوبڕی بـەردەوامـی سەربازە عێراقییە بێدیفاعەکان لە پاشەکشێکردنیاندا بوو.

زۆر بەئاشکرایی، گەردەلوولی بیابان شکستێکی جەرگبڕ بـوو بـۆ عێـراق؛ کـەمتـر لـە دوو مانـگ هێـزەکـانی هاوپـەیمانـان ژێرخـانی عێراقیـان تەفروتوناکرد و گەورەترین لەشکری زەمینی ناوچەکەیان ڕیسـوا کـرد— ئەمەش لە بەرامبەر کەمترین زەرەردا لە ڕووی قوربانییانی هاوپەیمانانەوە. سەرۆکی دەزگای هەواڵگری سەدام جەنەڕاڵ وەفیق سامەڕایی، کە دیـاربوو گومانی نەبـوو لـە دەرەنجامـەکـانی شـەڕەکـە گوتبـووی" پێموایە ئـەمـە گەورەترین نسکۆیە لە مێژوودا"[140] لە ڕوویەکـی دیکـەوە ئـەم دەرەنجامـە لەلایەن سەدامەوە زۆر خراپ نەبوو. بەهەرحاڵ ئەو دەربازی ببوو. لەوەش زیاتر زۆربەی ئەو سەربازانەی کە لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە لەنێوبران، سەربازی بەزۆرگیراوی کـورد و شـیعە بـوون کـە خـراپ ڕاهێنرابـوون و

باش پرچەک نەکرابوون . ئەوانەش کە بەر شالاوەکانی هاوپەیمانان نەکەوتن بەکۆمەڵ خۆیان بەدەستەوەدا. یەکە دەستبژێرکراوەکانی سەدام خۆی(واتە گاردی کۆماریی) بە سەلامەتی لە شەڕەکەدا دەرچوون— هەروەک دوایی دەرکەوت ئەمەش حیساباتێکی هەڵەو ستراتیژیی گەورە بوو لەلایەن هاوپەیمانانەوە. هەتا ئێستاش هەرکاتێک رووبەرووی هەڕەشەیەکی جیدی بوویێتەوە بۆ سەر رژێمەکەی-- وەکو راپەرینە هاوکاتەکانی کورد لە باکوور و شیعە لە باشوور ئەوە گاردی کۆماریی بووە کە زامنی دەربازبوونی رژێمەکەی بووە.

عێراق لە راپەریندا

لە 15ی شوباتدا، 13 رۆژ بەر لە راگەیاندنی ئاگر بەست، سەرۆک بوش لە یەک رۆژدا دووجار وتاری دا. لە هە ردووکیاندا داوای کرد" لە سوپای عێراق تا بڕیاری خۆیان بدەن و زۆر بۆ سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بێنن لە دەسە لات دابەزێت". ئەم بانگەوازانە مەبەست لێیان هاندان بوو بۆ کوودەتایەکی سەربازیی. دەستەواژەی "خەڵکی عێراق" وەک بیرۆکەیەکی درەنگوەخت زیادکرا. بەڵام لە نێو عێراقدا بە شێوازێکی تر لێکدرایەوە.[141]بۆ ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی بەزۆرگیراوی{ رەشبگیر} عێراقیی(بە زۆریی شیعە)" کە وەکو جرج ڕاونران" لە کوەیتەوە و زۆر لەو خیانەتکردنەی سەدام تووڕە بوون، قسەکانی سەرۆک بوش وا تێگەیشتبوون کە ئامادەبن بۆ ئەوەی راپەرینێکی جەماوەریی، چالاکانە لەلایەن سوپای ئەمێریکاوە پشتیوانی لێدەکرێت.[142] کاتێ سەربازە پەشۆکاو و تێکشکاوەکانی عێراق لە کوەیتەوە رژانە ناو شار و شارۆچکەکانی باشووری عێراق، دیتیان هەموویان ڕقێکی هاوبەشیان هەیە لە رژێمەکە.

راپەرینی باشوور تەقییەوە لە شارە سونییەکانی (ئەبو خەسیب و زوبێر)، 50 میل لە باشووری بەسراوە، بەڵام هەرزوو وەکو ئاگری نێو کا بڵاوبووەوە بەرەو شارە شیعە سەرەکییەکانی بەسرە و نەجەف و کەربەلا. ئەمە راپەرینێکی بەرنامەرێژکراو نەبوو بەڵکو زیاتر زنجیرەیەک هەڵچوونی هاوکات و توندوتیژ بوون (کۆمەڵێک هەڵچوونی پڕ توندوتیژیی). ئامانجی ئە و رقهەڵرشتنە بریتیی بوو لە سێمبۆل و

کەسایەتییەکانی رژێمی بەعس. بەرپرسە بەعسییەکان لە لایەن دەستە دەستەی خەڵکی ڕاپەڕیو دەگیران و پاشان بەبەرچاوی خەڵکەوە بە شێوازی زۆر درندانە لە لایەن ئاپۆرەی خەڵکەوە دەکوژران. سیمبوڵەکانی رژێم یان تالان دەکران یاخود خاپوور دەکران ئەمەش دوایی بە خێرایی بوو بەوێرانکاریی و کوشتن لەشێوەی تۆڵەسەندنەوە و تەفروتوناکردن و پاشاگەردانیی. وەک یەکێک لە بەشداربوان لە نەجەف دەیگێڕێتەوە" لەسەرەتاوە ئێمە کەمێک شێت بووین..... ئێمە پێمان وابوو تەنانەت ترافیک لایتەکانیش نوێنەرایەتیی رژێم دەکە ن. بۆیە ئەوانیشمان تێکشکاند"[143] دەسکەوتی سەرەکیی راپەڕین بریتی بوو لە خێراکردن لە تێکچووونی یاساو نیزام لە باشووردا. لێرەوە دروستکردنی بۆشاییەکی دەسەڵاتی خەتەرناک، بەڵام خاڵیی بوو لە سەرکردایەتییکردن و ئاراستەکردنێکی رێک و یەکگرتوو. روون نەبوو کێ ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە.

راپەرینەکەی باکوور باشتر رێکخرابوو. یەکگرتوو لە ژێر ئاڵای بەرەی کوردستانیی عێراق دا(IKF). دوو پارتە کوردە سەرەکییەکە-- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان(PUK) و پارتیی دیموکراتی کوردستان(KDP) جۆرێک لە هەماهەنگییان بەراپەڕین دابوو. تا 19 ی ئازار کوردستانی باشوور لە دەستی کوردەکاندا بوو. لەم حاڵەتەدا کە 16 پارێزگا لە کۆی 18 لە راپەڕیندا بوون. رژێمی سەدام لە کێشەیەکی گەورەدا بوو. هاتنە ناوەوەیەکی ئەمێریکا لەکاتی خۆیدا ڕەنگە لە شێوەی هاوکاریی ئاسمانییدا بۆ شۆڕشگێڕەکان-بەدڵنیایەوە کۆتایی سەدامی دیاریدەکرد. بەڵام ئاشکرابوو کە رژێم گۆڕین بەدوای سەرهەڵدانێکی سەرتاسەرییدا، هەرگیز ئەوە نەبوو کە لە بیری ئەمێریکادا بوو. ئەمێریکا حەزی لە مۆدێلی ترادیسیۆنی عێراق بوو بۆ گۆڕینی رژێم—کوودەتایەکی سەربازی کە پێکهاتەی رژێمەکە وەک خۆی دەهێڵێتەوە. بەڵام سەدام بگۆڕێت بە دیکتاتۆرێکی دەستەمۆتر. هەروەک پاشاگەردانییە خێراکەی باشوور بە ئاشکرا پیشانیدا. بەدیلی شێوازی سەدام بۆ یاساو نیزام— بێ یاسایی و بێ پەیڕەوی بوو. بەڵام ترسی ڕاستەقینەی ئەمێریکا ئەوەبوو کە گرووپە ئیسلامییە توندڕۆ شیعەکان ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە. لێرەوە سەرتاپا مۆژدەکانی راپەڕین دەگۆڕن.

دوای دڵنیا بوون، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق، کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت.[144] پشتبەستوو بە هێزە سەربازییەکانی خۆی(فەیلەقی بەدر)، هەڵەکەی قۆستەوە، بە دەرکردنی فەرمانی ئەوەی کە " هەموو هێزە عێراقییەکان دەبێ خۆیان تەسلیمی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی بکەن و گوێڕایەڵی ئەوان بن" هەروەها" جگە لە فیکری ڕاستەقینەی ئیسلامیی نابێ هیچ شتێکی تر بڵاوبکرێتە وە"[145] هەوڵەکانی ئەنجومەنی ئیسلامیی بۆ جڵەوکردنی ئاڕاستەی ڕاپەڕین پێشهاتێکی مەترسیدار بوو. نەک هەر ئەوەی هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە بارەکە بارگاوی بکات بەتاموبۆیەکی توندڕۆیانەی شیعەگەرایی کە ببێتە هەڕەشەیەکی جدیی بۆ سە ر کەمینەی سوننە؛ بەڵکوو نفوزی ئێرانیشی زیادکرد بەسەر باری ناڵەباری ئەو کاتەدا لە عێراق. دەستێوەردانی ئەنجومەنی باڵا بێگومان یەکلاکەرەوە بوو. بەڵام بە گشتیی لەبەر ئەوەی شکستی بە ڕاپەڕینەکە هێنا. ئەگەری ڕژێم گۆڕینێک کەسەر بکێشێت بۆ جێگرتنەوەی سەدام بە دەسە ڵاتێکی ئایینی شیعیی لە ژێر هێجەمۆنی ئێرانییدا لەلایەن زۆر لە یاخیبووەکانەوە خوازراو نەبوو، بە هیچ شێوەیەکیش لە لایە ن ئەمێریکاوە مایەی پەژراندن نەبوو. تێوەگلانی ئەنجوومەنی باڵا هێزەکانی دژ بە سەدامی پارچە پارچەکرد زەمانەتی ئەوەشیدا کە ئەمێریکا خۆی دوور بگرێت بەوەی کە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی باشوور ناکات.

دوای ئەوەی ڕووبەڕووی ڕاپەڕینەکانی باکوور و باشوور بووەوە، حیزبی بەعس و هەرێمی ناوەڕاستیی عێراق(ناوچەرگەی سوننەکان) لێکدانەبڕا. بەڵکوو ئەو هەڕەشانە پشتیوانیان بۆ ڕژێم توندترکردەوە لە نێو کەمینەی سوننەدا. ڕژێم زۆر بێهێز کرابوو لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، بەڵام هێشتا بەهێزتر و یە ککگرتووتر مابووەوە لە نەیارەکانی. هەر گومانێک کە هەبوو دەربارەی نیازی ئەو هێزە ئەمێریکییانەی کە بەشێک لە باشووریان داگیرکردبوو ڕەویەوە دوای ئەوەی کە چاودێرکردنی چەند پێوەندییەکی تەلەفۆنی ئاشکرای کرد کە ئەمێریکا هەندێک داخوازی یاخییووەکانی باشووری بۆ هاوکاریکردنیان ڕەتکردووەتەوە. وەڵامی ئەمێریکا دیارە ئاوا بووە" ئێمە پشتیوانیتان ناکەین لەبەر ئەوەی ئێوە شیعەن و ئێوە دەستتان لە گە ڵ ئێراندا تێکەڵکردووە"[146] دوای ئەوەی ئاوا دڵنیا کرایەوە،

سـەدام ئامۆزاکـەی و زاواکەی، حوسێن کامیل(کە تازە بە وەزیـری بەرگریی دەستنیشان کرابوو) و چەند یەکەکـی گـاردی کۆمـاریی بـەرە و باشوور بەرێکرد بۆ لەناوبردنی یاخیبوونەکە. یـەک لـە دوای یـەک شـارە گەورەکانی باشوور، بەسرە، کەربەلا و نەجەف کەوتنە ژێـر دەسـتی هێـزە دڵسۆزەکانی رژێم، تا نـاوەراسـتی مـانگی ئـازار سـەدام دەسـتی بـەسـەر باشووردا گرتەوە.

کوردەکان سەرەیان هاتبوو لە لیستەکـەدا، هێـزەکـانی رژێـم، پڕچـەک بـە هـەلیکۆپتـەری جـەنگیـی، بـە بێمانـایی وەک بـەشـێک لـە رێککـەوتنـی تەسـلیمبوون لـەگـەڵ هاوپـەیمانـان رێگـەی پێـدرابوو بـۆ بـەکارهێنانیان، هێزەکانی رژێم، جارێکیتر بە گاردی کۆماریی پێشکەوتـوو . چوونـە نـاو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی کوردە ڕاپەڕیوەکانـەوە. تـا نـاوەراسـتی ئـازار ڕاپەڕیوە کوردەکان لە شارە گەورەکان وەدەرنرابـوون بـەرەو شـاخەکـانی سەرسنووری تورکیا و ئێـران. ئـەو توندوتیژییـەی کـەبـەبێ جیـاوازیی پەیڕەو کرابوو لەبەرامبەر پێشمەرگەی کوردو خەڵکی مەدەنیی وەک یـەک، کۆچێکی بەکۆمەڵی {کۆڕەو} گەورەی بەرپاکرد، کارەساتێکی مرۆیی مەزنی خولقاند. تا کۆتایی ئەپریل، نزیکەی یەک میلیۆن کورد یان سـەرمـابردوو ببوون یان خەریک بوو لە برسا دەمردن لەسەر سنووری تورکیا. لەوەلامی ئەوەدا نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی دەرکرد، داوای کرد کە داپلۆسینی هاولاتیانی عێراقیی ڕابگرێت و ڕێگە لە فڕۆکە عێراقییەکان بگیرێت کە لـە بـاکووری هێلـی 36 دا جموجـۆڵ نەکـەن. ژمـارەیـەک" پـەناگـەی ئـارام" دروستکران بۆ پاراستنی هاولاتییانی پەرتەوازەبووی کـورد، بـەلام ئـەمـە تەنها ڕێژەیەکی بچووکی کوردسـتانی عێراقـی گرتـەوە، و هـیچ لـە شـارە گەورەکانی هەرێمەکەی نەگرتـەوە. ڕاپـەڕینـی کـوردان کۆتـایی پێهـات و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی ڕێگەی چارەیەکی بەدەسـتەوە نـەمـابوو ئەوە نەبێت کەجێگەی خۆی بکاتـەوە لـەگـەڵ رژێمـدا بـۆ بـەرگـرتن لـەو کارەساتە مرۆییەی کە لە شاخەکانی زاگرۆسدا بەڕێوەبوو.

جەنگی دووەمی کەنداو و ئاسەوارە خێراکانی لەهەمان کاتدا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی رژێمەکەی سەدامی دەرخست. کە ڕووبـەڕووی هێزێکـی تـەواو پڕچەککراو، تەواو ڕاهێنراو لەرووی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووەوە بـووەوە، هێزە عێراقییەکان، بە خێراییـەکـی مـەترسـیدار لێکهـەڵـوەشـان. دیـاربوو،

ئـــــــۆرِدووی چـــــــوارەم گەورەتـرین سـوپای جیهـان هـیچ مـەیلێکـی نەبوو لەپێناوی بەرگرییکردن لە رژێمی سەدام شەڕ بکات و سـەربازەکانی بەکوشت بدات . بەڵام ئەو هێزە بەزەبرەی کە لەبەردەستی رژێمدا بوو-بە تایبەتی گاردی کۆماریی و هێزە ئەمنییـە جیاجیاکـان بێـڕادە لـە نێوخـۆدا بەهێزتر بوون لە هەر شتێک کە هێزە بـەرهـەڵسـتکارەکـان بتـوانن کـۆی بکەنەوە. لە کۆتاییدا، راپەڕین لە باکوور و باشووردا زۆر بـەئاسـانیی لـە ماوەی هەفتەیەکدا تێک شکێنرا.

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا

پاکێجی سەرەکیی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان(SCR 661)، کە لـە ئـابی 1991 دا دەرچـوو، بـەسـەر دەوڵـەتـانی ئـەنـدامی نـەتـەوە یەککگرتووەکانیدا سەپاندبوو کە رێگە لە مامەڵەی ئابووریی بگرن لـەگـەڵ عێراقدا. بەکردەوە ئەمە مانای وابوو کە قەدەغەیەکی تـەواو بخرێتـە سـەر هەموو هاوردە و نێردەیەکی عێراقیی. بڕیاری (UNSCR 687)--- کـە بە" دایکی هەموو بڕیارەکان" ناسراوە بەهۆی درێژبوونەوەکەی— رێگـەی بەعێراق دا بوو کـە خـواردن و ئـەو کـەرەسـانە هـاوردە بکـات کـە" بـۆ پێویستییەکانی خەڵکی مەدەنیی بنەڕەتیین"؛ عێراقی بە بـەرپـرس دانـا لـە هەموو ئەو زەرەرانەی کە لە کوەیت کەوتن؛ هەروەها داوای لە عێراق کـرد، بەبێمەرج، قبوڵی بکات کە هەموو بەشەکانی پرۆگرامـی چـەکـە کیمیـایی و بایۆلۆژییەکانی و هەروەها موشەکە بالیستیکییەکانی کە لە 150 کیلۆمەتـر زیاتر بڕدەکەن،"لە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتییدا لەناویان ببات، لایان ببات، یـان لـەکاریـان بخـات" بڕیـاری 678 کۆمیتـەیـەکـی تایبـەتیـی UN ی دروسـتکرد بـە نـاوی(UNSCOM) بـۆ چـاودێرییکردن و لـەنێوبردنی چەکەکان و هەروەها دەسەڵاتی لەنێـوبردنی بـەرنامـەی چـەکـی ئـەتـۆمیی عێراقیی دا بە ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێودەوڵە تیی(IAEA).

هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی دژ بە عێراق بەسترایەوە بە مەرجی ئەوەی کە راپۆرتەکانی UNSCOM و IAEA نیشانی بدەن کە ئەرکـەکانیـان بە سەرکەوتوویی جێبەجێکراوە. لـە سـەرەتـادا، هـەوڵـەکـانی UN بـەدوو کێشەی سەرەکیی پەکخران. یەکـەم، بڕیارگـەلێکی زۆر، عێراقیـان لـە رووی ماددیـەوە کـردە بـەرپـرس بـۆ دابینکردنـی دارایـی بـۆ کـارەکـانی

UNSCOM و IAEA و له هەمانكاتـدا خـەرجـی ئاوەدانكردنـەوەی كوەيت. ئەم پـارە دابینكردنـە تـەنهـا دەكـرا لـە رێگـەی نێـردەی نـەوتـی عێراقەوە بێت. كە ئەمیش هاوكارییەكی جیـدیی عێراقـی دەویسـت. بـەڕای سەدام، خاڵەكانی بڕیاری 678 رەنگدانەوەی بەزاندنێكی زەقی سەروەریی عێراق بوون. لەوەش مەترسییدارتر بەڵگەیەكی زەقی بێهێزیی رژێـم بـوون لە دوای جەنگی كەنداوەوە. لە بنەڕەتدا، عێراق لە سەری فـەرزكرابـوو كـە باجی ڕیسوابوونی نیشتمانیی بدات.

دووەم، بڕیاری 678 سەودایەكی تێدابوو، كە تێیدا هاوكارییكردنی عێراق لەكاتی لەنێوبردنی چەكە كۆكوژەكانیدا بە لابردنی سزاكانی سەری خەڵات دەكرا. لەگەڵ ئـەوەشـدا، لەسـەرەتـای ئـەپریلی 1991 دا سـەرۆك بـۆش ئاشـكرایكرد ئامـانج لـە سـزاكانی UN (لـە روانگـەی ئـەمێریكاوە) چـەكداماڵین نـەبـوو بـەڵكـوو گـۆڕینی رژێـم بـوو. لـە كـۆنگرەیـەكـی رۆژنامـەوانییـدا لـە 16 ی ئـەپریل، بـوش بـەكردەوە بڕیـاری 678 ی دووبارە داڕشتەوە، كاتێک رایگەیاند " ئێمە بەردەوام دەبین لـەسـەر سـزا ئابوورییەكان هەتا سەدام حوسـێن لـەوێ بێـت"[147] كـەمێـک دوای ئـەوە سەرۆک بوش فەرمانی بە CIA كرد هەڵمەتـی شـاراوە دەسـتپێبكەن بـۆ" خولقاندنی هەلومەرجێک بۆ لابردنی سەدام لە دەسەڵات".

ئەم سیاسەتە نوێیە لە 7ی مەیدا لە لایەن جێگـری راوێژكـاری ئاساییشـی نەتەوەیی رۆبێرت گەیتز(Robert Gates) بەرجەستە كرا، كە تەئكیـدی كـردەوە" هـەمـوو سـزایەكـی گونجـاو بـەردەوام دەبێـت هـەتـا (سـەدام) دەڕوات... هەر سووككردنێكی سزاكان تەنها وەختێک قسەی لێدەكرێت كە حكومەتێكی نوێ بێتە كایەوە"[148] پەیامی ئەمێریكا بۆ سـەدام ڕوون بـوو. هیچ شتێكی لە هاوكاریكردنیدا بۆ لە نێوبردنی توانای چـەكـە كـوژەكـان. دەست ناكەوێت . لە ژێر ئەم بارودۆخەدا، جێگەی سـەرسـوڕمان نییـە كـە هـەوڵـەكـانی UNSCOM بـۆ جێبـەجێكردنـی بڕیـارەكـە وردە وردە سەریكێشا بۆ گەمەیەكی مشک و پشیلەی درێژخایەن و گرانبەها كـە بـۆ ماوەی یەک دەیە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرقاڵكرد.

گەمەكە دەستپێدەكات

" یاساکانی" گەمەکە هەر زوو دامەزرێنران. پشکنەرەکانی UNSCOM و IAEA لە حوزەیرانی 1991 دا گەیشتنە عێراق. تا ناوەراستیی حوزەیران ئەوان بەڵگەیان دۆزیبووەوە لەسەر بەرنامەی چروپر و تا رادەیەک ئاڵۆزی چەکی ئەتۆمیی عێراق؛ لە هەمان مانگدا سەدام ئەنجومەنێکی نهێنیی و پلە بەرزی لە راوێژکارە نزیکەکانی راسپارد بۆ شاردنەوەی چەند بەشێکی بەرنامەی چەکە کۆکوژەکانی. پلانەکە یەکێک بوو لە ددانپێداهێنانە ستراتیژییەکان تێکەڵکراو بەفێڵێکی ورد. عێراق بەتەواویی هاوکاریی دەکرد لە هەندێک بواردا(پرۆگرامی ئەتۆمیی. هەندێک پرۆگرامی کیمیایی) هاوزەمان بە شێوازێکی سیستەماتیزەکراو ئەو بەڵگانەی دەشاردەوە کە پەیوەست بوون بە پرۆگرامەکانی گازی دەمار و چەکە بایۆلۆژییەکانەوە. لە هەمانکاتدا پلانەکان بۆ لەنێوبردنی رژێمی سەدام خەریک دەبوو دەکەوتنە کار. لە حوزەیرانی 1992 دا یەکەم کۆبوونەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق لە ڤییەننای نەمسا لە ژێر سەرکردایەتی بزنسمانی ئاوارە ئەحمەد چەلەبییدا بەسترا.

کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی(INC) وەک رێکخراوەیەکی خرکەرەوە سەیر دەکرا. کە (لای کەم بە رووکەشیی) گروپە عێراقییە بێئومێدەکان لە ژێر یەک چەتردا یەکدەخات. چەلەبیی بە پاڵپشتی دارایی CIA هەموو ئەمانەی لەگەڵ یەکتری کۆکردەوە: هەردوو حیزبە کوردییە سەرەکییەکە(یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستان). پاشماوەکانی حیزبی شیوعیی عێراقیی و. چەند گرووپێکی بەئاشکرا ئیسلامیی(لە نێویاندا ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامیی لە عێراقدا). و دەستەیەک لەو عێراقییە ئاوارانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر دژایەتی دەسەڵاتی سەدامیان دەکرد. گرووپێکی تر هاتبووە پاڵ INC کە ئەویش(INA) ویفاقی نیشتمانی عێراقی بوو— کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک کۆنە ئەفسەری ناڕازیی و کۆنە بەعسیی. بە پێچەوانەی INC وە. کە هەوڵی دەدا پێکهاتە جیاوازە زۆرەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە. ویفاقی نیشتمانیی. هەرچەندە لە لایەن سێکولیارێکی شیعەوە سەرکردایەتی دەکرا(دکتۆر ئەیاد عەلاویی). بەڵام هێشتاش رێکخراوەیەکی زۆرینە سوننە بوو. کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی و

ویفـــاقی نیشـــتمانیی دوو ڕێگە چارەی تەواو جیاوازیـان دەخسـتە ڕوو بۆ گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا.

جگە لە تێکەڵاویان لەگـەڵ دوو حیزبـە کوردیـە سـەرەکییـەکـە. کـۆنگرەی عێراقیی پێوەندیی کەم بوو لەگەڵ خەڵـک لـەئاسـتی بـەرز و لـە نـاوخۆی عێراقدا؛ چەلەبیی خۆی کە لە 1958 وە عێراقی بـەجێهێشـتبوو کـەسێکی تەواو نەناسراو بوو. پلانەکە یان ئەوەبوو کە خاکی کوردان بەکاربێنن بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕینێکی سەراسەریی دژ بە ڕژێم. ئامـانجی سـەرەکییـان جێگرتنەوەی سەدام بوو بە دەسەڵاتێکی نوێنەرایەتی دیموکراتیی. ویفـاقی نیشتمانیی دەیتوانی پێوەندیی لە باڵاترین ئاستی ڕژێمی سەدامـدا پـەیـدا بکات(لە نێویاندا لە ناو گاردی کۆماریی و دەزگا ئەمنییـەکـانی دەوڵـەت). یـاخود پلانـەکـەیـان ئـەوە بـوو کـە ئـەو پێوەندییانـە بـەکـاربێنن بـۆ پـەیـڕەوکردنـی ڕێگـە چـارەی" گوللـەی زێـڕین"-- کوودەتایـەکـی بـێ خوێنڕشتن کە ڕژێمێکی سوننیی سالار بگۆڕێت بە یەکێکـی دیکـە. بۆیـە هەر لە بەراییەوە کۆنگرەی عێراقیی و ویفاقی نیشـتمانیی دوو ئـەجێنـدای جیاوازیان پەیـڕەو دەکـرد و پێوەندییـەکانیشـیان بـۆ ڕاکێشـانی دارایـی CIA. ڕکابەری پێوە بوو تا ئەوەی هاوکارییکردن بێت لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش. CIA خۆیشی لە نێوخۆیدا بەشبەش ببوو لە سەر لایەنە باشەکانی هەریەک لەو دوو ڕێگە چارەیە. هەرچەندە بەگشتیی لەگەڵ ڕێگەچارەکەی ویفاقی نیشتمانییدا بوو، چونکـە سـاناتر بـوو و ئـەگـەری سەرکەوتنیشی زۆرتر بوو.[149] لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەو سەرەوە دیار بـوو کە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە هەموو شتێکە تەنها تەبا و یەکگرتوو نییە.

عێراقییەکان باجەکە دەدەن

لە نێوان سالانی 1991 و 1996 دا. عێراق کەوتە ژێر باری یەکێـک لـە بەرفراوانترین ڕژێمی سزاکان کە تـا ئەوکاتـە کۆمـەڵگـەی نێـودەوڵـەتیـی سەپاندبێتی بەسەر وڵاتێکدا. ڕەتکردنەوەکەی بەرایی سەدام بۆ پەژراندنی ڕیککەوتنی (نەوت لە بەرامبەر خۆراک) ی UN دا (کە ڕێگەی بە عێراق دەدا هەر شەش مانگ جارێک بایی 1.6 بیلیۆن دۆلار نەوت بەڕێبکات بۆ کرینی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی سیڤیل) مانـای ئـەوە بـوو کـە. جگە لەو ئالۆویرانەی لە ڕێگەی بەقاچاغ دەرکردنی ڕێژەی کەمکەمی نەوت

بۆ ئـەویـو سـنوورەکـانی وڵاتە دراوسێکانی ئـەردەن و تورکیـا. عێـراق هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی پشتپێبەستراوی نەبوو بۆ دابینکردنی هاوردەی خواردن و پێویستی دەرمانیی کە پێویسـت بـوو بـۆ پارێزگـاریکردن لـە دانیشتوانەکەی. نەخوازەڵا ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی لێکهەڵوەشـاوی. لـە نێو ئەو ئامانجە سەربازییانەی کـە سـەرنجـی جبەخانـەی هاوپـەیمانـانی ڕاکێشابوو لە کاتی شەڕدا ویستگەکـانی کـارەبـا. بـەشـەکـانی ئـاوەڕۆ و پرۆژەکانی پاککردنەوەی ئاوبوون. ئەمانە بەبێ هێنانی کەرەسە لـە دەرەوە نەدەتوانرا چاکبکرێنەوە. بەڵام لە دواییدا. مـەترسی ڕاسـتەقینـە لـە سـەر خەڵکی هەمیشە پڕمەینەتی عێراق. برسییەتیی نەبوو(سیستەمێکی یەکسان و ڕێکوپێکی دابەشکردنی خواردەمەنیی پەیڕەو دەکرا کە وایکرد حکومەت بتوانێت زیاتر لە 50% ی پێویستییەکانی ڕۆژانەی تاکەکان دابین بکـات. بەڵکوو مەترسی سەرەکیی وەک مەرحەمەتێکی تێکـەڵـەی سـەدام. بریتیـی بوو لە بەدخۆراکیی و پەتا و دارمانی سیستەمی چاودێریی تـەندروسـتیی. ئەو داڕووخانە قووڵەی ئاستی ژیانی خەڵکی سادەی عێراقـی بـۆ ئاسـتی سەب سەحارای ئەفریقا برد . لە لایەکەوە ئەو خەڵکەی کە سەرقاڵ بوو بە کاری خۆ ژیاندن و گوزەران. زەحمەت بوو هەڕەشەیەکی جەماوەریی بـۆ سەر رژێم دروست بکات .

هیچ نەبێت. داهێنانی سیستەمی دابەشـکردنی خـۆراک کـۆنترۆڵی رژێمـی بەسەر خەڵکەکەیەوە نەک کەم بەڵکوو زیاتر کرد. هاوڵاتییە" باشەکان" بـە بایەعی زیاتر خەڵات دەکران و ئەوانەش کەکێشەیان نایەوە بـۆی هـەبـوو بەیەکجاریی خۆراکیان لێببڕدرێت. لـەوەش زیـاتر. نـەهامـەتییـەکـانی ئـەو عێراقییانـــەی کـــە قوربـــانیی یـــەکـــەم بـــوون_زۆر لـــە منـــداڵ و بـــە ساڵداچووەکان— کەرەسەیەکی پڕوپاگەندەی بەنرخی دایە سەدام لە شەڕە قسەیدا لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا. وێنـەی تـەلـەفزیـۆنی ئـەو سـاوا عێراقییە سیسەڵانەی کە لەناو عێراق و جیهانی عەرەبییـدا بـڵاودەبوونـەوە کاتێک لە نـەخۆشـخانە وێرانـەکـانی عێراقدا کـەمتـرین چـارەسـەرییـان پێدەگەیشت. بوو بـەهـۆی خولقانـدنی تـوڕەیـی و ڕق دژ بـە ئـەمێریکا و بەریتانیا(کە لەهەمـوان زیـاتر تونـدتر بـوون لـە بانگـەشـە بـۆ مانـەوەی سزاکانی سەر عێراق).

بەڵام کاریگەریـی سـزاکان ئەگەری مەترسیی بۆ سەر سەدامیش خولقاند.
لـە کاتێکـدا لـە 60% ی عێراقییـەکـان پشـتیان بـە مووچـەی حکومـەت دەبەست، سەدام پێویستی بـە ڕێگـەیـەک هـەبـوو کـە پـارەی دەزگاکـانی دەوڵەت دابین بکات. کە نەیدەتوانی(یان نەیدەویست) لە سەرچـاوەکـانی نەوتەوە داهات پەیـدا بکـات، ڕژێـم پـەنـای بـرد بـۆ کردنـەوەی دەزگـای چـاپکردن و دەسـتیکرد بـە دینـار ڕاکێشـان. هـەڵاوسـانێکی حـەتمـی گەورە_نرخەکان لە شەش مانگی یەکەمی شەڕدا بـۆ نزیکـەی لـە 600% بەرز بوونەوە – هەرزوو دیناری کرد بە شتێکی بێنرخ و خەڵکی هـەرچـی زیـاتر ڕوویکـردە ئـاڵوگۆڕکردن بـۆ دابینکردنـی پێویسـتییەکانیان.
مووچەکانی حکومەت نەیانتوانی شانبەشانی ڕێژەی هەڵاوسان بڕۆن، بەو هۆیەوە. داهاتی ڕاستەقینەی فەرمانبەرانی حکومەت بۆ لە 90% دابەزی لە ماوەی ساڵی یەکەمی سزاکاندا. لە سـاڵی 1993 دا. نرخـی ڕاستەقینـەی مووچەکـانی حکومـەت دابـەزی بـۆ 5 دۆلار مـانگی . ڕژێمـی سـەدام کـە زۆربەی شەرعییەتی خۆی لـەوەوە وەرگرتبـوو کـە توانیبـووی بژێویـەکـی هەرچی باشتر بۆ خەڵکی سادەی عێراقی دابین بکات. ئێستا سەرۆکایەتـی بەسەر کارەساتێکی ئابوورییەوە دەکرد. یەکێـک لـەکۆڵـەکە گرنگـەکـانی سەدام خەریک بوو دەڕوخا.
لەهەمووشت مەترسییدارتر بۆ سەر سەقامگیری ڕژێـم ئاشـکرابوونی ئـەو ڕاستییە بوو لە چەند بەشێکی عێراقدا کە هەتا سەدام لە دەسـەڵاتـدا بێـت وەزعەکە لەوە باشتر نابێـت. ئـەو سـەرۆک خێڵـە سـوننییانەی کـە پێشـتر دڵسۆزی سەدام بوون و گەلێک کـەڵکیـان لـە پشـتیوانییەکانی وەرگرتبـوو ئێستا لە ئاغاکەی خۆیان هەلگەڕانەوە .بۆ نموونە لـە سـاڵی 1993دا دوو ئەفسەری سەربازی لە خێڵی جبوور، کە لە دەوروبـەری موسـڵدا جێگیـرن، گیران و لەناوبران. بەتاوانی پلاندانان بۆ کوودەتایەکی سـەربـازیی. هـەر نائارامییەک لە ناوجەرگەی سوننە دڵسۆزەکاندا وەک ڕومـادیی و سـامەڕا هەبووایە، دەبوو بە هێز سەرکوت بکرێت. ئەوانە ئەو ناوچانـە بـوون کـە بەحەماسەتەوە دڵسۆزی سەدام مابوونەوە، تەنانـەت لـە ڕۆژە تاریکـەکـانی 1991یشدا. دیـار بـوو ئـەوانـیش گـەیشـتبووە سـەر لوتیـان. زەمینـەی پشتیوانیی لە ڕژێم زۆر بەرتەسک دەبووەوە. وەڵامی سەدام ئـەوەبـوو کـە

زیاتر پشتی بە کەسە نزیکەکانی خۆی و خێزانە گەورەکەی دەبەست—بەڵام تەنانەت لێرەشدا وردەوردە کەلێن دەردەکەوت.

ڕکابەریی خێزانیی

بۆ پڕکردنەوەی پێگە هەستیارەکانی رژێمەکەی، سەدام زیاتر پشتی بە کەسە نزیکەکانی خێزانەکەی خۆی دەبە ست— هەردوو کوڕەکەی عودەی و قوسەی— و دوو باڵ لە خێزانە گەورەکەی(بنەماڵەی بێجات لە خێڵی ئال بوناسر)، بنەماڵەکانی المجید و ابراهیم. لە نێو بنەماڵەی (ئەلمجید) دا کە پۆستی سەرەکیی لە رژێمدا پێبڕابوو، بەناو بە " چەکوچی کوردان" و ئەندازیاری هەڵمەتی ئەنفال، عەلی حەسەن المجید("عەلی کیمیایی")، و حوسێن کامل و سەدام کامیل بوون کە ئەو دووانەی دوایی بەدوای یەکدا کچەکانی سەدام ڕەغدە و ڕەنایان خواستبوو. ئەلمجیدەکان " جێبەجێکەرەکانی" بنەماڵە بوون—ئەوانەی کە سەدام هەرکاتێک پێویستی بە بەکارهێنانی دڕندایەتییەکی زۆر دەبوو پەنای بۆ دەبردن. لە 1988 دا عەلی حەسەن مەجید لە ریزی پێشەوەی قەتڵوعامکردنی کوردەکاندا بوو؛ لە 1991 دا بەرپرسیارییەکە تەسلیم بە حوسێن کامیل کرابوو، کە یارمەتی تێکشکاندنی ڕاپەڕینی باشووری دا بەو دڕندایەتییەی کە سیمای ئەو خێزانە بوو. لە بەشی ئیبراهیمی بنەماڵەدا، هەرسێ زڕبراکەی سەدام، بارزان و وەتبان و سەبعاویی لە قۆناغی جیاجیادا پۆستی بەرچاویان لە دەزگاکانی ئەمن و هەواڵگرییدا وەرگرتبوو. پێکەوە لەگەڵ عودەی و قوسەی ئەمانە کۆڵەکەی رژێمی سەدام بوون.

بەڵام ئەمە خێزانێکی بەختیار نەبوو. دوژمنایەتی لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ 1983، وەختێک سەدام بنەماڵەی ئەلمەجیدی لەجیاتی بنەماڵەی ئیبراهیم بۆ هاوسەری ژیانی کچەکانی هەڵبژارد، ئەم پێوەندییە تا نەوەدەکانیش باش نەبوو. ئەوەی کە بە ڕووکار بە دەستەیەکی دەسەڵاتداری پێکەوە گرێدراوی تەبا خۆی دەنواند لەراستییدا مۆڵگەیەکی بۆگەنی ڕکابەری خێزانی بوو. ڕادەی جیاوازیی لەنێو بنەماڵەی دەسەڵاتداردا لە ئابی 1995 دا زۆر بە ڕوونی دەرکەوت کاتێک کاروانێک لە مارسیدسی ڕەش کە حوسێن کامیل و برا بچوکەکەی سە دام کامیل و ژنەکانیان(کچەکانی سەدام) و چەندین ئەندامی تری بنەماڵەی

ئەلمەجید ئاودیوی سنوور بوون بۆ ناو ئەردەن.[150] حوسێن کامیل یەکێک لە سەرە گرنگەکانی مەکینەی حوکمکردنی سەدام، هەڵگەڕابووەوە. [151] لەگەڵ خۆیدا، زانیاریی گرنگی برد کە پەیوەستبوون بە بەرنامەی ئاڵۆزی عێراق بۆ شاردنەوەی چەکە کۆکوژەکان لە پشکنەرەکانی UNSCOM .

چوار رۆژ دوای گەیشتنی بە عەمان، کامیل لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا دەرکەوت و ئاشکرای کرد مەبەستی ئەو لەوە زیاترە کە تەنها ژیانێکی تازە بێت لە ئەردەندا. ئەو رایگەیاند" ئێمە کار لە سەر ئەوە دەکەین کە رژێم بڕوخێنین". کامیل داوای لە جەوهەری دارودەستە داپڵۆسێنەرەکەی سەدام —دەزگای ئەمن و گاردی کۆماریی و گاردی تایبەتی کۆماریی— کرد کە ڕاپەڕن و رژێم بڕوخێنن. ئەمە بانگەوازێک بوو سەیر نییە کە کەس گوێی لێنەگرت.[152] لە کۆتاییدا هەڵگەڕانەوەکەی کامیل بۆ بزواندنی گۆڕینی رژێم وەک نەبوویێت وابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرای کرد کە درزێکی ڕوخێنەر لەناوجەرگەی رژێمدا پەیدا بیوو. لەم ڕووەوە، ئەم هەڵگەڕانەوەیە بۆی هەبوو گەورەترین کوتەکی جەرگبڕ بێ کە سەدام لەوکاتەوە بیبووە سەرۆک توشی هاتبوو. بوونی کامیل لە عەمان هەروا ڕێگەی دا بوو بە سەرۆکی UNSCOM رۆڵف ئیکۆس(Rolf Ekeولاتە یەککگرتووەکان) سوود لە عەقڵی ئەو پیاوە وەربگرێت کە سەرپەرشتی شاردنەوەی پرۆگرامی چەکە کۆکوژەکانی عێراقی کردبوو لەوکاتەوە کە دەستکرابوو بە پشکنینیان. لە چاوپێکەوتنەکاندا کامیل ڕوونی کردەوە کە چۆن پرۆگرامی شاردنەوەکە سەرکەوتوو بووە لە چاوبەستەکردنی UNSCOM بۆ ماوەی چوار ساڵ. هەروەها وورنەکاریەکانی پرۆگرامە چڕەکانی چەکی بایۆلۆژیی و گازی VX ی ئەعسابی عێراقیی ئاشکرا کرد.

لە وێ لە بەغداد، رژێم شێوازی خۆی گۆڕی بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان. بە شێوەیەک کە باوەڕ ناکرێت ئیدعای ئەوەی کرد کە حوسێن کامیل تەنها خۆی بەرپرسیار بووە لە شاردنەوەی بەڵگەکانی پرۆگرامی چەکە کۆکوژەکانی عێراق. ئەمەشی بەبێ ئاگاداری رژێم کردووە. هەروا سەدام چەند هەنگاوێکی نا بۆ توندکردنی دەسەلاتی بەسەر رژێمەکەیدا. حوسێن کامیل لە هەموو پێگەیەکی ڕەسمی داماڵرا و لە حیزبی بەعسیش وەدەرنرا.

ســـــــــەدام عـــــــــــودەی بەلێهاتوویەکی سیاسیی هەڵسەنگاند و کــورە بچوکەکەیشــی هــەڵبـژارد بــۆ پڕکردنــەوەی ئــەو بۆشـاییانەی کــە کـامیلی هەڵگــەڕاوە بــەجێیهێشــتبوون. لێــرەوە یــەکێــک لــە بــەرەنجامــەکـانی ئــەو هەڵگەڕانەوەیە ئەوەبــوو کــە ســەدام بازنــەی دەســەڵاتــی لــە دەوری خــۆی بچوکبکاتەوە. چیــدی بنــەماڵــەی پـانوپۆڕ ناکرێــت بــڕوای پێبکرێــت، بــۆ ئەمەش تەنها کەسە نزیکەکانی خودی خێزانەکــەی خــۆی هێشــتەوە وەکــو سەرچاوەی دڵسۆزیی. سەرەڕای ئەو لێکترازانە خەتەرناکەی کە کەوتبــووە نێــو جــەرگــەی بازنــەی ســەدامــەوە، دوو هــەوڵــی ڕوخانــدنی ڕژێــم کــە هەردووکیان لە هەندەرانەوە بە فیتــی CIA ڕێکخرابــوون لــە نــاوەڕاســتی نەوەدەکاندا شکستیان هێنا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەبوو لە ڕووی توانای بۆ کۆنترۆڵکردنی وەزعی ناو عێــراق ســەدام هێشــتا هێزێــک بــوو دەبووایــە حیسابی بۆ بکرێت.

هەرەسی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی INC

یەکەم هەوڵ لەو دوو هەوڵەی کــە CIA ی پشــتیوانی دەکــرد بــۆ گــۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا بۆ هەموو ئەوانەی کە پێوەندییان پێوەی هەبوو(جگــە لــە سەدام) بە کارەسات کۆتایی پێهات. ئــەو پلانــەی کــە لــەلایــەن چــەلــەبیــی ســەرکــردەی کــۆنگرەی عێراقییــەوە داڕێژرابــوو. چــەنــدین ســاڵ بــوو بەڕێوەبوو. لە ساڵی 1994 یشدا شێوەی بــەرجــەســتەی خــۆی وەرگــرت دوای ئەوە ی CIA چالاکوانەکانی بە کۆمەڵ بەرەو شاری سـلێمانیی ژێــر دەستی کوردەکان گواستەوە. کە شارێکی بچووکە لــە دووری 15 مایــل لــە باکووری پایتەختی کوردەکان—هەولێر. پلانەکە هەڵمەتێکــی تێــدا بــوو لــە دژی پێگە عێراقییەکان لە باکووردا. بە پێشڕەوی هەردوو حیزبــە کوردییــە سەرەکیەکە (KDP و PUK). بەنیازی بزواندنی هەڵمەتێکی سەربازیی و ڕاپەڕینێکی جەماوەریی لە دژی ڕژێم. لە بەراییەوە پلانەکــە کێشــەو گرفــت دەستی لە بینی نابوو. لە ساڵی 1994 ە وە KDP و PUK دەستیان لــە قوڕگی یەکتریدا بوو(سەیری بەشی حەوتــەم بکــە). لــەکاتێکــدا کــە CIA وێــران بــوو بــەجیاوازییــەکــانی نــاوخۆی لــە ســەر ئــەوەی ئایــا پلانــە دڵگەرمانەکەی کــۆنگرەی عێراقــی یــان ڕێگــە چــارەی گوللــەی زێــڕین کــە لەلایەن ویفاقی نیشتمانیەوە پێشکەشکرابوو بەهەندوەرگرن.

نوێنـــــەری CIA بـــــۆ کوردستان(کە تەنها بـەنـاوی بـۆب " Bob " ناسرابوو) چەلەبی دڵنیا کردەوە کە ئەمێریکا تـەنـها وەختێـک یارمـەتـی سەربازیی دابین دەکات کە هێرشەکە بەڕێوە بێت. ئەمەش بەڵێنێک بوو کە مەسعود بارزانی(کوڕی مەلا مستەفای کـۆچکردوو) بـەزەحمـەت متمانـەی پێدەکرد(هەروەک واش دەرچوو). کاتێک ڕۆژی جێبەجێکردنـی پلانـەکـە نزیکـدەبـووەوە(سـەرەتـای ئـازاری 1995)، ویفـاقی نیشـتمانی CIA دڵنیـاکرەوە کـە هـەر هێرشـێک بـۆ سـەر سـوپای عێراقـی ڕووبـەڕووی هێرشێکی بە رامبەری جەرگبڕ دەبێتـەوە، کـە ئـەمـەش دوایـی بـەڵێنێکـی سەربازیی جدیی دەخوازێت لەلایـەن ئـەمێریکاوە. کـە کۆشـکی سـپی بـە وردەکاریەکانی ئەو هێرشە چاوەڕوانکراوەی زانی، ڕاوێژکاری ئاسایـیشـی نەتەوەیی ئەمێریکی تۆنی لەیک(Tony Lake) بەزوویی پەیـامێکی بـۆ سەرکردەی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی نارد، کـە تیایـدا هـاتبوو" وڵاتـە یەککگرتووەکان نە لەڕوی سەربازیی و نە لە هیچ ڕوویەکـەوە پشـتیوانی لـە هێرشێکێ وەها ناکات" [153] لە سەعاتی یازدەهـەمـدا ئـەمێریکا پشـتیوانیە ئاشکراکەی خۆی بۆ پلانەکەی چەلەبی کشاندەوە.

لەگەڵ کشانەوەی ئەمێریکا، بارزانی لە پـارتی KDP ڕەتیکـردەوە کـە لـە سەرەڕۆییەکەوە بگلێت کە کەمترین چانسی سەرکەوتنی هەبوو، کـە ڕەنگـە ببێتـە هـۆی جموجـۆڵی گـاردی کۆمـاری بـۆ داگیرکردنـی ناوچـەی ژێـر دەسەڵاتی پارتی دیموکرات. بۆیە، کاتێک کە 1000 چەکداری کۆنگرە ی نیشتمانی و هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لـە 5 ی ئازاری 1995 دا هێرشیان کردە سەر سوپای عێراقیی بـەبـێ پشـتیوانی KDP و ئەمێریکا بوو. وەک چاوەڕوان دەکرا هێرشەکە گاڵتەجاڕیی بـوو و دوای ئەوەی کە شارەکانی کەرکوک و موسـڵ ڕانـەپـەڕیـن و سـوپاکەی سەدام یاخی نەبوو، سەرتاپای هەلـمەتەکە کەمتر لە دوو هـەفتـەدا شکشـتی خوارد.

هەرەسی ویفاقی نیشتمانیی

کوودەتاکەی ساڵی 1996 ی ویفاقی نیشتمانیی لە هەوڵـەکـەی کـۆنگرەی نیشتمانی باشتر ڕێکخرابوو بەلام دەرەنجـامی هـەردووکیـان وەکـو یـەک کارەساتبار بوو. بە پێچەوانەی کۆنگرەی نیشتمانیی، ویفـاقی نیشـتمانیی

پێوەندی نایابی هەبوو لەناو رژێمەکەی سەدامدا کە گەیشتبووە ناوجەرگەی بازنەی دەسەڵاتەوە. بەگوێرەی ناسنامەی ئەوانەی کە لە دوای شکستی کوودەتاکە دەستگیرکرابوون، لەنێو ئەو پێوەندییانەدا پلەداری بەرزی گاردی کۆماریی و موخابەرات و ئاسایشی تایبەتیی(دەزگای ئاسایشی تایبەتیی سەدام) و دەزگای گشتیی ئاسایشیان تێدا بوو. کوودەتاکە کە لە عەممانی پایتەختی ئەردەنەوە هەڵدەسورا، بە پشتیوانی CIA، ئەو پلانی کوودەتایەی ویفاقی نیشتمانیی بۆ سێیەم هەفتەی جونی 1996 دارێژرابوو. بۆ بەدبەختیی بەشداربووان، پیاوەکانی هەواڵگریی سەدام شەش مانگ بەر لە وادەی خۆی پێیان زانیبوو. لەجیاتی ئەوەی لە رێگادا بیوەستێنن پیاوەکان، چاوەڕێیان کرد تا پلانەکە هاتە پێگەیشتن. رۆژێک بەر لە وادەی کوودەتاکە دەستگیرکردنەکان دەستی پێکرد و بەگشتیی زیاد لە 100 ئەفسەر لە بەشە جیا جیاکانی دەزگاکانی سەربازیی و ئاسایش پەلبەستکران و لەسێدارە دران.

سەدام سەودایەک دەکات

رووداوەکانی ناوەراستی نەوەدەکان ئەو راستییەیان دەرخست کە رژێمەکەی سەدام تا چەند لەئاست هەڕەشە ناوخۆییەکاندا خۆگرە. بەڵام لەهەمان کاتدا دەریانخست کە تا چەند دڵسۆزیی و پشتیوانیی گرووپە ترادیسیۆنەکان چیدی ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێ. لەلایەکەوە رژێم خۆی بەتۆکمەیی گرت لەئاست دوو هەوڵی گۆڕینی رژێم کە CIA سازیکردبوون، هەروەها لە بەرامبەر هەڵگەڕانەوەکەی حوسێن کامیلدا؛ لەلایەکی ترەوە هەڵگەڕانەوەکە دەریخست کە چیدی پێوەندیی خوێنیی ناکرێت وەکو زامنکەری دڵسۆزیی حیسابی بۆبکرێت. کوودەتاکەی ویفاقی نیشتمانییش ئاشکرایکرد کە تا کوێ پێگەی سەرەکیی پشتیوانیی رژێم لەکەمبوونەوەدا بوو لەدوای راپەڕینەکانی 1991 وە. هەموو بەشدارانی پلانەکە لە پیاوە دڵگەرمەکانی خێڵە دڵسۆزەکانی ناوجەرگەی ناوچە سوننەنشینەکان و ئەوانەبوون کە زۆربەیان پۆستی بەرزیان هەبوو لە دەزگا هەستیارەکانی رژێمدا. رژێمی سەدام توانی دەربازی ببێت چونکە رێکخراوتر و یەکگرتووتر بوو لەهەر شتێک کە هێزەکانی هاوپەیمانان توانیان کۆیبکەنەوە. بەڵام لەڕاستییدا، شێوازی کلاسیکیی سە دام" کوتەک

و گێـزەر" بـۆ حـوکمکردن خـــە ریـــک بـــوو لـــە کـــەلێنـــەکانییـــەوە لێکهەڵدەوەشایەوە.

هێشتا دەکرا کوتەکەکە بە هەندێک هێزەوە بەکاربهێنرێـت. بـەڵام بـەهـۆی ئەوەی کە چیدی داهاتێکی بەردەوام لە سەرچاوە نەوتییەکانەوە نەدەڕژایـە ناو خەزێنەی دەوڵەتەوە. سەدام هۆکارێکی دارایی لەبەردەستدا نـەبـوو کـە پێگەیەکی پشتیوانیی بەرفراوان ڕابگرێت. سـەدام کـە ئـەمـەی دەزانـی لـە ساڵی 1996 دا بۆ دواجار ڕێکەوتنی(نە وت لـە بـەرامبـەر خـۆراک) ی UN قبووڵکرد. ڕێککەوتنەکە بەشێک بوو لە بڕیـاری UNSCR 986. کە ڕێگەی بە عێراقدا تا هەر شەش مانگ جارێـک بـایی 2 بیلیـۆن دۆلار نـەوت بنێرێتـە دەرەوە(ئـەمـە دوایـی زیـادکرا بـۆ 5.2 بیلیـۆن دۆلار) بەکارهێنانی داهاتی ئەمەش بۆ کڕینی پێویستییە بنەڕەتیی و سـیڤیلییەکان بـوو. لـە سـەدا چەنـد بەشـێکی داهاتـەکـە وەلادەنـرا بـۆ خـەرجکردنـی خەرجییەکانی ئاوەدانکردنەوەی کوەیت و هەروەها بۆ ڕاگرتنـی بـاکووری کوردیی(نزیکەی لـە سـەدا 13). لیسـتێک لـەو هاوردانـەی کـە ڕێگـەیـان پێدرابوو دەبووایە بە توندی لەلایەن ئەنجومەنـی ئاساییشـەوە کـۆنترۆڵ بکرێت.

ئامانجی UN ئەوە بوو کە لەو مەینەتییە سەختانەی کە کەوتبوونـە سـەر خەڵکی عێراق لە 1991 ە وە کەمبکاتەوە. لەهەمانکاتـدا ڕێگـە بگرێـت لـە ڕژێم کە هەناردنی نەوت بەکاربێنێت بۆ کڕینی کەل و پەلی سەربازیی یان کەرەسەی پەیوەست بە چەکی کۆمەڵکوژ. ئەمێریکا و بەریتانیا بـەکـردەوە پێگەی خۆیان وەک دوو دەولەتی خاوەن ڤیتۆ لە ئەنجوومەنی ئاساییشـدا بەکارهێنا بۆ بەرگرتن لە هاوردەکردنی هەر کەرەسـەیـەکـی ناسـراو بـە " بەکارهێنانی دوو سەرە " (ئە و کەرەسـانەی کـە بـۆ هـەردوو مـەبـەسـتی سەربازیی و مەدەنیی بەکاردێن) بۆ ناو عێـراق. ئـەمـە وایـدەگـەیانـد کـە هێنانی زۆر کەلوپەلی ڕۆژانە وەک کلۆر. تەنانەت بۆ گاڵتەجاریی قـەڵـەمـی داریش قەدەغەکرا. [154] لەمە زیاتر. زۆر لەو کەرەسانەی کە پێویست بـوون بـۆ بنیاتنانـەوەی ژێرخـانی دارمـاوی عێـراق کـەوتنـە ژێـر ناونیشـانی" بەکارهێنانی دوو سەرە" وە. لێرەوە. لەکاتێکدا پرۆگرامی نـەوت بـەرامبـەر خۆراک لە کێشەی خۆراک-دابینکردنـی کـەمکـردەوە. هیچـی نـەکـرد بـۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژێرخانی داتەپیوی عێراق.

قبوڵکردنی پرۆگرامەکە لە سەدامی دەخواست هەموو ئەو قسەو باسانە وەلابنێت کە باس لە سەروەریی عێراق دەکەن. بەلام لەڕووی دووربینیەوە یارمەتی سەدامی دا بۆ دەستگرتن بە دەسەلاتەکەیەوە. بەر لە 1996، رژێم سالانە لای کەم یەک بیلیۆن دۆلاری خەرجدەکرد بۆ هێشتنەوەی عەمبارە حکومییەکانی خواردن. لێرە بەدواوە ئەم پارەیە دەگوازرایەوە بۆ بوارێکی تر ئەویش بەهێزکردنی تۆڕەکانی کۆنترۆلکردنی رژێم بوو. پرچەککردن و دارشتنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازی هەلبژاردە و دابینکردنی پارە بۆ بەقاچاغ هێنانی چەک و تەکنۆلۆژیای چەکسازیی. هەروەها پرۆگرامەکە کەلێنی کردەوە بۆ بوارێکی بێئەژماری گەندەلیی. رەسمیی و نارەسمیی. کە رێگە خۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی چینێکی نوێ لە ' سۆپەر دەولەمەندەکان' " بازرگانەکان" ئەوانەی کە کاری تایبەتیان دابینکردنی کەرەسەی قەدەغەکراو بوو بەگوێرەی پرۆگرامی نەوت لە بەرامبەر خۆراکدا. تا کۆتایی 1990 ەکان بازاڕی رەش، بە کەمێک جیاوازیەوە بزاوترین کەرتی ئابووریی عێراق بوو. دەتتوانی هەموو شتێک لەسەر شەقامەکانی بەغدادا بکڕیت بە نرخێکی دیاریکراو. سزاکانی UN بەبێ مەبەست کۆمەلگەیەکی دوو فاقەیان خولقاند لە عێراقدا-- چینێکی تا بلێی دەولەمەند کە یان دەستی لەگەل رژێم تێکەل بوو یان رژێم چاوپۆشی لێدەکرد. 99 لە سەدی دانیشتوانی عێراقیش بەمەمرەو مەژیی دریژەیان بەژیان دە دا لە هەلومەرجێکی پەرپوت و نالەباردا. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو نەبوونی هەرشتێک بوو کە ئاماژە بکات بۆ چینی ناوەڕاست. میراتێکی گرنگی رژێمی سزاکانی UN. رێک لە ناوبردنی ئەو چینە بوو کە دەکرا کۆلەکەی سەرەکی پێکبێنێت بۆ داهاتوویەکی سیاسی میانرە و دیموکراسیی بۆ عێراق.

UNSCOM لە هەمبەر سەدامدا: گەمەی کۆتایی

پەژراندنی بڕیاری UNSCR 986 لەلایەن سەدامەوە هیچی نەکرد بۆ گۆڕینی بناغەی دینامیکیەتی پشکنینەکانی UNSCOM. هەلوێستی ئیدارەکەی کلینتۆن لەئاست پیوەندیی سزاکان و گۆڕینی رژێم جیاوازیی نەبوو لەگەل ئەوەی ئیدارەکەی پێشوو(بوش). مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمێریکا لەوتارێکدا لە زانکۆی

جۆرجتاون(Georgetown) لە ئازاری
1997 دا رەفزی کرد کە هیچ پێوەندییەک هەبێت لە نێوان لابردنی سزاکانی سەر عێراق و پابەندبوونی عێراق بە بەبەڵێنەکانی چەکداماڵینییەوە. رژێم گۆرین بوو بە یاسای زاڵ لە دوای دەرچوونی (یاسای ئازادکردنی عێراق) لەلایەن ئەنجومەنی پیرانی ئەمێریکاوە لە مانگی دەی 1998 دا. یاساکە ڕێگەی بەسەرفکردنی 100 میلیۆن دۆلار دا بۆ پشتیوانییکردنی گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئاشکراکردنی نیازی لەناوبردنی رژێمی سەدامدا. دوای ئەوەی هیچ پاڵنەرێکی باش لە ئارادا نەبوو بۆ هاوکارییکردن لەگەڵ پشکنەرەکانی UNSCOM هەروەها دوای ئەوەی کە گەیشتە ئەو قەناعەتەی(بە بەڵگەی تەواوەوە) کە پشکنینەکان پەردەیەک بوون بۆ پلانە هەواڵگرییەکانی ئەمێریکاو بەریتانیا و ئیسرائیلیش هەوڵی بۆ دارشتنی پلانێک بۆ لەناوبردنی سەدام حوسێن دەدا. هەڵوێستی عێراق لەئاست پشکنینە بەردەوامەکان چووە ئاستی کرژییەوە.
گەمەی کۆتایی نیشانەکانی دەرکەوت. بەڵای دوایی ئەوکاتە هات کە ڕیچارد بەتلەر(Richard Butler) ی ئوسترالیی (جێگرەوەکەی Rolf Ekeu) رەتیکردەوە کە ئیسپاتی بکات کە عێراق هەموو چەکە قەدەغەکانی خۆی لە ناوبردووە. لە وەڵامی ئەوەدا عێراق رەتیکردەوە کە چیدی هاوکاری UNSCOM بکات. لە کۆتاییدا پشکنەرەکانی UNSCOM لە عێراق کشانەوەو(هەرگیز نەگەرانەوە). و لەناوەراستیی مانگی کانوونی یەکەمی 1998 دا هێزەکانی ئەمێریکا و بەریتانیا هەڵمەتی رێوی بیابان(Operation Desert Fox) یان دەستپێکرد-- هەڵمەتێکی لاوازی بۆردومانکردنی 70 سەعاتە کە شتێکی بەرچاوی بەدەست نەهێنا.
هەڵمەتی رێوی بیابان یەکێک بوو لە نیشانەکانی کۆشکی سپی کە هیچ بیرۆکەیەکی پێنەمابوو لە مامەڵە کردن لەگەڵ عێراقدا. حەوت ساڵ لە توندترین سزا لە مێژووی جیهاندا دانیشتوانی مەدەنیی عێراقیی شەپرێو کردبوو(بەبێ ئەوەی کە زەرەیەک کاریکردبێتە سەر خۆشگوزەرانیی ماددیی رژێمی دەسەڵاتدار). چینی ناوەراستی عێراقیی سرییەوە. ژێرخانی مەدەنیی عێراقیی لەبارێکی دارماوی هەمیشەییدا هێشتەوە. هێشتا کەمی

کـــرد بـــۆ لاوازکردنــــی دەستڕاگەیشتنی توندی سەدام بەدەسەڵاتــەوە. تاکۆتــایی ئیـدارەی دووەمــی کلینتــۆن، ئــەنجومــەنــی ئاساییشــی نــەتــەوە یەکگرتووەکان لەپشتیویدابوو. ئەوکاتە ئەندامــە هــەمیشــەییــەکــان(چــین و ڕوســیا و فــەرەنســا) بــەجــدیی لــە دژی بــەردەوامیــی ســزاکان بــوون و ئەمێریکاو بەریتانیــاش ســەرســەختانــە دەیانویســت بیانهێڵنــەوە. خــودی ڕژێمی سزاکانیش بەخێرایی لە هەڵوەشانەوەدا بوون. چونکە ژمارەیــەکــی زۆر لە وڵاتەکان(لە نێویاندا فرەنسا و ڕوسیا) بڕیاریاندا کــە خاڵــەکــانی پشتگوێ بخەن و بەئاشکرایی مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکەن.
لــەوەش زیــاتر، کاریگــەری ســزاکان بــەســەر خــەڵکــی ئاســایی عێراقــەوە کــارەســاتێکی بــەردەوام بــوو بـــۆ ئــەمێریکا لـــە بـــواری پێوەندیــە گشتیەکاندا(public relations). بەتایبەتی جەختکردنــەوەکــەی مــادلین ئۆڵبرایت لەسەر ئەوەی کــە مردنــی 500.000 منــداڵی عێراقــی" نرخێــک بوو شایەنی بەخشین بوو" بۆ بەربەستکردنی ســەدام. ئەمــەش خزمــەتــی نەکرد بە ناوبانگی ئەمێریکا لە جیهانی عەرەبییدا. تــەنانــەت ئوســامە بــن لادن —کە بەدڵنیاییەوە دۆستێکی گەورە ی ڕژێمە عــەلمانییــەکــەی بەغــداد نەبوو—" گەمارۆکەی ئەمێریکای بۆ سەر خەڵکی عێراق وەکو یەکێــک لــە سێ هۆیەکەی ڕاگەیانــدنی جیهــاد لــە دژی ئــەمێریکا لــەســاڵی 1998 دا باسکرد. ئەوەی کە کلینتــۆن لــە مــانگی کــانوونی دووەمــی 2001 دا بــۆ ئیدارەی داهاتووی بوش بەجێیهێشت، سیاســەتێکــی ڕوون نــەبــوو لــەمــەڕ عێراق. بەڵکو کۆمەڵێک ناکۆکیی ناقۆڵا و شکست بوون کە بۆ ماوەیــەکــی درێژخایەن باریان هەڵناگیرێت.[155]

هەڵمەت بەرەو شەڕ

ئەو کاتەی کە ئیدارە تازە هەڵبژێردراوەکەی بوشی (کوڕ) دەست بەکاربوو لە جەنیوەری2001 دا. وەزعی عێراق لەسەر شاشەی ڕاداری سیاســی وون ببــوو. ســەرۆکــی تــازە لــەســەر بنــەمــای سیاســەتێکــی دەرەکیــی" توندڕۆminimalist" هەڵبژێردرابوو. کە دەیخواست ئەمێریکا بەکردەوە لــە هــەر بــەڵێنێــک ئــازاد بکــات لــەودیــو ســنوورەکــانی خۆیــەوە و بەگاڵتەجاڕییەوە سەرکۆنــەی سیاســەتــی " نەتــەوە- بنیاتنــان"(-nation building) ی کلینتــۆنی دەکــرد (لــەو شــوێنە دوورە دەســتانەی کــە

ناوەکانیشیان نایەتە سەر زاران). لەودیو پەردەکانەوە. کۆمەڵێکی بچووک لەوانەی کە پێیان دەگوترێت(پارێزگارە تازەکان— Neoconservatives). لەوانەی کە زۆربەیان لە ئیدارەی بوشی باوکدا کاریان کردبوو بیرۆکەی جیاوازیان لە کەللەدا بوو لەمەڕ ڕۆڵی گونجاوی هێزی سەربازی ئەمێریکا لە جیهاندا. نیۆکۆنسێرڤەتیڤەکان کە بەتەواویی ئیدارەکەدا بلاوبیونەوە بەلاّم زیاتر لە وەزارەتی بەرگریدا چڕببوونەوە پتر لەگەڵ شێوازێکی دەستپێشخەرییانە(pro-active) (وەک کردەوەی سەربازیی) دا بوون بۆ کێشەی دەوڵەتە سەرکێشەکان(rouge states) ی وەک عێراق و کۆریای باکوور. ئەو بیرۆکانە هەتا 11ی ئەیلولی 2001 هەواداریکی زۆریان هەبوو لەنێو چەندین (think than) ی ڕاستڕەودا لە واشینگتۆن دی سی. بەلاّم شکستیان هێنابوو لەوەی کاریگەری بخەنە سەر پیادەکردنی سیاسەتی دەرەکی ئەمێریکاوە.

ڕوداوەکانی 11ی سێپتەمبەر لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ئەمەیان گۆڕیی. لەماوەی ڕۆژێکدا. وەزیری بەرگری دۆناڵد ڕامسفێلد فشاری دەخستە سەر سەرۆک بۆ ئەوەی لێدانی عێراق بکاتە بەشێک لە زنجیرەی تۆڵەکان دژی ئەو لایەنانەی کە بەرپرسیارن.[156] بەڕێنمایی (کۆلن پاوڵ) ی وەزیری دەرەوە. بوش بڕیاریدا کە یەکسەر ڕوو بکاتە ئەفگانستان پێشئەوەی دوایی ڕوو بەرەو عێراق وەرگێڕێت. ئەوەی کە لەمەڕ عێراق لەسەری ناکۆک بوون مەسەلەی کات بوو نەک مەسەلەی لێدانەکە خۆی. ساڵ و نیوێکی خایاند هەتا سیاسەتی ئیدارەکەی بۆش لەسەر عێراق هاتە بەر— بەلاّم بڕیاری لێدانی عێراق زۆر لەپێش 20 ی ئازاری 2003 وە کە یەکەم بۆمب فرێدرایە خوارەوە. درابوو. تەنها سێ هەفتە لە دوای کەوتنە خوارەوەی یەکەم بۆمب. ڕژێمی سەدام و (سەدام خۆیشی) بەهەوادا چوون و سیاسەتە کۆنەکەی ئەمێریکا(ڕژێم گۆڕین) لە عێراقدا ئەو سیاسەتەی کە دەگەڕێتەوە بۆ 1991 بۆ دواجار جێبەجێکرا.

میراتەکانی حوکمی سەدام، 1988-2003

باڵادەستیی سوننە

ڕاپەڕینەکانی 1991 بەتایبەتی لەباشووردا— هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیان خستە سەر باڵادەستی سوننە لە ناوەڕاستدا. ئاماژەیەکی ئاشکراشیان دەدا بە بەرتەسکبوونەوەی بنکەی پشتیوانیی لە ڕژێم. بەڵام یاخیبوونی باشوور سوننەکانی ناوەراستی لە پشت ڕژێمەوە کۆکردەوە. لەدوای هەموو حیسابێک، دەزگا سوننی سالارەکانی سەرکوتکرن(گاردی کۆماریی بەشێوەیەکی سەرەکیی). دوای ئەوەی ڕووبەرووی لەدەستدانی هێز و ئیمتیازاتەکانیان بوونەوە دوودڵییان نەکرد بۆ لەناوبردنی برا شیعەکانیان بە ئەوپەڕی دڕندەییەوە. مەسەلەکە جیاوازیی تایەفی نەبوو— هەرچەندە سەدام هیچ هەڵێکی نەفەوتاند بۆ ناشیرینکردنی ڕاپەڕینەکە بە ناولێنانی بە توندڕەویی شیعەی ڕادیکاڵیی—بەڵکوو مەسەلە دەسەڵاتی سیاسیی بوو. هەر ڕاپەڕینێکی گشتیی باشووری زۆرینەی شیعە هەڕەشە بوو بۆ سەر ئەو دابەشکردنەی دەسەڵات کە لە ئارادا بوو. لە 1991 یشدا، مەڵبەندی سوننەنشین مسۆگەریی سەدامی پێباشتر بوو لە نامسۆگەریی شۆڕشێکی شیعەسالاری لەخوارەوەڕا. ڕاپەڕنی باشوور هەروا ئەوەشی ئاشکراکرد کە دانیشتوانی شیعە زۆر دوورن لەوەی کە قەوارەیەکی تەباو هەماهەنگ بن.

ئەوە نەبوونی سەرکردایەتی و ئاڕاستەیەکی هاوبەش بوو کە ڕاپەڕینەکەی تووشی شکست کرد. هەوڵەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی بۆ بارگاویکردنی ڕاپەڕینەکە بەهەستی ئایینیی ڕادیکاڵانە بەگشتیی لەلایەن خەڵکی ڕاپەڕیوەوە ڕەتکرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گومانی تێدانییە کە سەدام سودی لە وانەکانی 1991 وەرنەگرتووە. ڕێکخراوی حیزبی بەعس لە باشووردا کە بەپلەی یەکەم ستافەکانی شیعە بوون، هەرزوو پەرش و بڵاو بوو. بەرپرسەکانی حیزبی بەعس یان بەبەرچاوی خەڵکەوە کوژران، یان هەڵگەرانەوە و چوونە پاڵ یاخیبووەکانەوە. بەپێڕەوکردن لە تاکتیکە ئیمپریالیستییەکانی بەریتانیای 70 ساڵ پێشتر، سەدام داوای پاڵپشتیی لە سەرۆک خێڵە شیعەکانی باشوور کرد(ئەوانەی کە هەندێکیان شانبەشانی ڕژێم لە دژی یاخیبووەکان جەنگابوون) هەوڵیشیدا کە لە شەرعیەتی حیزبە ئیسلامییە شیعەکان کەمبکاتەوە بەڕاکێشانی ئەو

ســـەرکـــردە ئایینییـــە عێراقییانەی کە بە ڕەگەز عێراقین. بۆ نمونـە، ئایەتوڵڵا عبدالقاسم الخوئی—بەرزترین دەسەڵاتـی ئـایینی لـە نـەجـەف_ ڕاییکرا بۆ ئەوەی بەئاشکرا سەرزەنشتی ڕاپەڕینەکە بکات.[157]
چەند ئیمتیازاتێکی بچووکی تریش درا بە زۆرینەی شیعە. بۆ یـەکـەمجـار لەماوەی 22 ساڵی دەسەڵاتی بەعسدا، سەدام سەرۆک وەزیرانێکی شـیعەی دانا، سەعدون حەمادیی. بەڵام بێگومـان دەسـەڵاتـی ڕاسـتەقینـە هـەروەک هەمیشە لەدەستی سەدام خۆی و دەستەبژێری تکریتیی سوننەدا مایەوە.
دۆخەکە تارادەیەک لە باکووردا جیاواز بوو. سەدام کە دەیزانی هەڕەشـەی هەرەبەرچاو لە باشووردا ماوەتەوە و ئەگەری پێوەنـدیی باشـووریش بـە دانیشتوانە زۆرەکەی شیعەی بەغداوە هەر هەیە. نەیدەتـوانی بـەتـەواوی باکووری کوردیی پڕ سەرباز بکات. لـەڕاسـتییدا هـەردوولا بێهێـز بـوون. سەدام لە دوای نسکۆکەی کەنداو هیچ چارەیەکی تری نەبوو، ئەوە نـەبێـت کە سوپاکەی بەسەریـەکـەوە کۆبکاتـەوە. حیزبـە کوردییـەکـانیش هێشـتا لەدوای کارەساتی ئەنفال نەهاتبوونەوە سەرخۆیان(کە هـەر سێ سـاڵێک پێشتر کۆتایی پێهاتبوو). خـەڵکـی کوردسـتانی عێـراقیش تاسـابوون بـە کۆڕەوەکەیانەوە بەرە و چیاکان. سەدام نەیدەتوانی کوردستان بگرێتـەوە. نە کوردەکانیش دەیانتوانی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بـن بـۆ سـەر ڕژێـم. لەژێر پارێزگاریی ناوچەی دژە فڕینی باکوور و بەسەرچاوەیەکـی داهـاتی مسۆگەرەوە لە UN. چیـدی کـوردەکـان بـەشـدار نـەبـوون لـە دەوڵـەتـی عێراقییدا. کە کوردستان بەکـردەوە لـە هاوکێشـەی سیاسـیدا لابـرا. هـیچ ئەگەرێک نەما بۆ ئەوەی کوردەکان هیچ جۆرێک لە نوێنەرایەتـی سیاسـیی لەدەزگاکانی حکومەتی ناوەندییدا بەدەست بێنن.
لەکاتێکدا هەندێک دەسەڵات درا بە سەرۆک خێڵـەکـانی باشـوور، ڕژێمـی عێراق لەماوەی 1990 ەکاندا بەدڵسۆزییەوە پـەیـڕەوی کـرد لـە نـەریتـی شکۆداری سوننەسالاریی. کە باشووری شیعە بەگشتیی لەژێـر کۆنترۆڵـدا بـوو لـەمـاوەی 1990 ەکـانـدا. بـاکووری کـوردییش لـەودیـو کـۆنترۆڵی حکومەتدا بوو. پرسیاری سەرەکیی ئەوەبوو ئایا ڕژێم دەتوانێت مەڵبەنـدی سـوننە لـەژێـر دەسـتی خۆیـدا بهێڵێتـەوە. هـەوڵـی کوودەتاکـەی ویفـاقی نیشتمانی لە 1996 دا، هەرچەندە لەرووی جێبەجێکردنەوە سـەرکـەوتـوو نەبوو، دەریخست کە چیدیکە بنکەی پشتیوانی سـەدام لـەنێـو خێڵـەکـانی

بـــاكووری ڕۆژئـــاوای عێراقـــدا بێچـــەنـــدوچوون دڵســـۆز نـــین. لەکۆتاییدا، هەڕەشـەی سـەرەکیی بـۆ سـەر دەربـازبوونی ڕژێمـە سوننی سالارییەکەی سەدام لەماوەی سالانی 1990 دا نە لـە شیعەکـان و نـە لـە کوردەکانەوە بوو بەڵکوو لە دۆستە سوننییەکانەوە بوو.

بەڕێوەبردنی عێراق

بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی حەفتاکانـەوە، سـەدام پێویسـت بـوو ڕژێمـەکـەی بەیەکەوە ڕابگرێت بەبێ کـەڵـک وەرگـرتن لـەسـەرچـاوە نـەوتییـەکـان یـان شەڕیکی دەرەکی گەورە تا سوپاکەی کۆبکاتەوە. لـەدوای کۆتاییهاتنی شـەڕی ئێـران عێـراق سـەدام بـۆ پـازدە سـاڵی دیکـە دەربـازی بـوو، سـەرەڕای ڕاپەڕینـەکـان و هـەوڵـەکـانی کوودەتـاو یاخیبوونـەکـان لـەبـەرامبـەر ڕژێمـی درندانەی سزا ئابوورییەکاندا. لەکۆتاییدا پێویسـتی بـە توانـای سـەربازیی بەهێزترین هێزی شەڕکـەری مێـژوو(ئـەمێریکا) هـەبـوو تـا دەسـەڵات لـەژێـر چنگیدا دەربهێنرێت. کۆتاییـەکـەی سـەدام لـەنـاوخۆوە نـەهـات. بـەڵـکـوو لـە دەرەوەڕا بـەسـەریـدا سـەپێنـرا. 1988 خـاڵێکی وەرچـەرخـانی گرنگـی دەرخست لە سروشتی ڕژێمەکـەی سـەدامـدا. لـە سـاڵانی پێشـوودا، مانـەوەی ڕژێـم مـەرجێکـی پێویسـت بـوو بـۆ گـەیشـتن بـە ئامـانجی بـاڵاتر، وەکـو گەشەپێدان و مـۆدێرنێزەکردنـی دەوڵـەتـی عێراقـی؛ لـە دوای (1988) ە وە، مانەوەی ڕژێم بۆخۆی بوو بە ئامانجێـک—کـە دەبووایـە کـاری بـۆ بکرێـت بێ گوێدانە ئەو زیانەی کە بـەر پێکهاتـەی کۆمـەڵایـەتیی و سیاسـیی عێـراق دەکەوێت، یـان ئـەو باجـە سـایکۆلۆژیی و فیزیکییـەی کـە خـەڵـکـی ئاسـایی عێراق دەبووایە بیدەن.

بـۆ دەربـاز بـوون لەکۆسـتەکـانی نـەوەدەکـان و پاشـتر، سـەدام چـەنـدین ستراتیژیی حوکمکردنی جیاوازیی بـەکارهێنـا— هـەنـدێکیان لـە هـەنـدیکی تریان کەمتر سـەرکـەوتووبـوون. لـەوانـەی کـە کـەمتـر سـەرکـەوتـوو بـوون بـازیکردنی کورتخایـەنـی سـەدام بـوو لـەگـەڵ بـەلیبڕالیکردنـی سیاسـیی و پێداگرتنی بەردەوامی لەسـەر بـەکارهێنـانی کـارتی ئیسلامیی. "تاقیکردنـەوە دیموکراتییەکەی" سەدام کورتخایەن بوو بەقەد ئـەوەی کـە جێگـەی قـەناعـەت پێکردن نەبوو. تاقیکردنـەوەکـە بنـەمـای نـامۆی وەکـو ئـازادیی قسـەکـردن، ڕیفۆرمی دەستووریی و پلورالیزمی سیاسیی تێدا بوو. ڕۆژنامـە عێراقییـەکـان

دەبووایــــە لاپــــەڕەیـــەک تەرخان بکەن بۆ نامەی سکالای خوێنەران کـە لەسەرەوە وتەیەکی سەدام بوو کە هانی خەڵکی دەدا بـۆ" ئـەوەی حـەزدەکـەن بینووسن بەبێ ترس"[158] لە مـانگی ئـەپریلـی 1989 دا چـاودێری دەرەکیـی بانگێشتکران بۆ ئەوەی گەواهیی هـەڵبژاردنـەکـانی ئـەنجومـەنـی نیشـتمانیی عێراقیـی بـن. لـەو پرۆسـەیـەدا کـە لـە ئـەنجامیـدا حیزبـی بـەعـس چـەنـد کورسییەکی لەدەستدا لە پەرلەمان. ئەمەش ڕەنگە لەبـەر ئـەوەی کـە چـەنـدین بـەرپرسـی بـاڵادەسـتی حیزبـی بـەعـس هـەڵگـەڕانـەوە لـەکـاتی دەنگدانـدا، تاقیکردنەوە دیموکراتییەکە لەناکاو لە دوای هە ڵبژاردنەکانەوە لەباربرا.

بەڵێنەکانی سەدام بۆ ئیسلام، کە هەر هێنـدەی بـەڵێنـەکـانی بـۆ دیموکراسـیی جێگەی بڕوا بوون، لە کۆتـایی هـەشـتاکانەوە دەسـتیان پێکردبـوو. بـەڵام لـە نەوەدەکاندا گەلێک زیـاتر خـۆدەرخـەرتـر بـوون. بـۆ نموونـە لـە 1990 دا وشــەکـانی" اللـە اکبـر"(خـوا گـەورە ترینـە)—جـاڕی ترادیسـیۆنی بـانگی ئیسـلامیی— بـەڕەسـمیی لکێنـران بـە ئـاڵای عێراقـەوە. سـەدام ژمـارەیـەک ناونیشانی نوێی شەرافەتمەندانەی بەخۆی بەخشیی، لـە نێویانـدا" بـەنـدەی خوا"" پێشەوای هەموو موسوڵمان". لە ئۆکتۆبەری 1990 یشـدا بـەویقـارەوە بە خەڵکی عێراقی ڕاگەیاند کـە ئـیدی پێغـەمبـەر موحـەممـەد دێتـە خـەونـی ئامۆژگاری دەکات سەبارەت بە ستراتیژی سەربـازیی(وێـدەچـێ خەونـەکانی باش نەبووبن). چەندین سزای ئیسلامی بە مەرسوومی گشتیی خرانـە نێـو یاسای سزاکانەوە. وەکو بڕینـی دەسـتی ڕاسـتی دز و سـەربڕینـی خـاوەنـی سۆزانییخانەکان. فرۆشتنی ئەلکهوول لە شاری مەزارە شیعییەکـانی نـەجـەف و کەربەلا—دواتر قەدەغەکردنەکـە درێژکرایـەوە بـۆ چێشـتخانەکـانی خـودی پایتە خت.

شیکردنەوەیەکی ماقووڵ بۆ ئەو هەوڵە ئاگایانە کـە مـەبـەسـت لێیـان ڕەونـەق بەخشین بوو بە ئایـدێنتیتیی ئیسـلامییانەی ڕژێم، ئـەوە هـەوڵێـک بـوو بـۆ کەڵکوەرگرتن لەو هـەسـتە ئایینییـە هـەڵکشـاوەی نێـو خـەڵکی ئاسـایی کـە لەماوەی ساڵانی نەوەدەکاندا سەریهەڵدا. لـەدوای دوو دەیـەو نیـو لـە حـوکمی حیزبـی بـەعـس کـە تیایـدا نزیکـەی هـەمـوو بونیـادە کۆمـەڵایـەتییـە ترادیسیۆنەکان (لەنێویاندا خێزان) بەشێوەیەکی سیسـتەماتیکیی بـە مێشـک داشۆرین یان زۆر لێکردن لێکهەڵوەشێنرابوون، خەڵکی عێراق هـەرچـی زیـاتر لەئایینیدا بۆ دڵنەوایی دەگـەڕان.[159] وەکـی دی زەحمـەتـە کـە لـەو عـەقڵیـەتـە

بگەین کە لەپشت بڕیاری سەدامەوە بوو لە ساڵی 1994 دا بۆ ڕاگەیاندنی پلانی دروستکردنی گەورەترین مزگەوت لە جیهاندا (لەکاتێکدا کە عێراق هیچ سەرچاوەیەکی دیاریکراوی داهاتی نەبوو، مەینەتییەکانی خەڵکی ئاسایی عێراقیش گەیشتبووە لووتکە). " مزگەوتی گەورەی سەدام" دەریاچەیەکی دەستکردی تێدا دروست دەکرا بەقەبارەی 70 گۆڕەپانی تۆپی پێ لەسەر شێوەی نەخشەی جیهانی عەرەبیی، لەناویدا دەریاچەی تێدا دەبوو لەسەر شێوەی خەتی پەنجەگەورەی سەدام خۆی. منارەی مزگەوتەکە دەبووایە گەورەترین و درێژترین بووایە لە جیهانی ئیسلامییدا بۆ ئەوەی سەدام لەهەر کەسێکی تر لەسەر ڕووی زەوی لەخوا نزیکتر بێت.
وەکو موسوڵمانێکی لەخواترس، سەدام هەمیشە ئەگەری ئەوەی هەبووە کە دەلالێکی خراپ بێت. لەبەر ئایدۆلۆژیا عەلمانییە ئاشکراکەی حیزبی بەعس، بەڵام لەڕاستییدا، بنەما سەرەکییەکانی حیزب دەمێک بوو لەوەدا نەمابوون کە هیچ کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت بەسەر سیاسەتەکانی ڕژێمی سەدامەوە. بۆ نموونە، زەحمەت بوو کە باوەڕی بنچینەیی حیزب بە یەکێتی عەرەب لەگەڵ ئەو واقیعەدا بگونجێنرێت کە عێراق ئەو کاتە نزیک بەتەواویی گۆشەگیر ببوو لەهەموو جیهانی عەرەبیی. چەندین وڵاتی عەرەبیی لە 1991 دا بەکردەوە چەکیان لەدژی عێراق هەڵگرت(لە وەڵامی داگیرکردنی وڵاتیکی تری عەرەبیی برا).. ئەوانەش کە ئەوەیان نەکرد وەکو ئەردەن، لەکۆتاییدا لە 1996 دا پشتیان لە سەدام کرد.
بەهەمان شێوە، ڕەهەندە " سۆشیالیست" یەکەی ئایدۆلۆژیای بەعس لەگەڵ ئەو بارە سەختەی واقیعی ژیانی ئابووریی نەوەدەکانی عێراقدا نەدەهاتەوە. ئەوەی کە لەماوەی دوو دەیەدا لە عێراقدا سەریهەڵدا ئابوورییەکی دوو لایەنە بوو.[160] ئابووریی تایبەت، کە لەلایەن دەستەیەکی بچووک لە پیاوانی ڕژێم و نەوەیەکی تازە دەرکەوتوو لە" سوودمەندەکان" پێکهاتبوو کە کاریان دابینکردنی کاڵای قەدەغەکراو بوو بۆ بازاڕەکانی عێراق. لە جگەرەی بیانیی هەرزانەوە بیگرە تا سیستەمی چاودێریی مووشەک، ئەو قازانجە کە دەست دەکەوت قازانجێکی زەبەلاح بوو. ئابووریی گشتیی، کە نێوەندی ئەو هێزی کارە بوو کە تەواو هەژار کرابوو بەسترابووەوە بە موچەیەکی زۆر کەمی حکومەت و بۆ مانەوەی خۆی پشتی دەبەست بە بەشە خۆراکی حکومیی. لە ساڵی 2003 دا داتەپی. هەموو

دەسکەوتە " کۆمەڵایەتیی"ە گەورەکان—سیستەمێکی بەرفراوان و بە خۆڕایی خوێندن، سیستەمی چاودێریی تەندروستیی کە دەکرا لەرووی چۆنیەتییەوە بەوەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەراوردی بکەی، ئابوورییەکی دەوڵەتیی، بەتوێژێک کارمەندی دەوڵەتیی بەڕیوە دەبرا موچەی باش دەدران بەگشتیی، ڕاستگۆ و بەزۆریی لێهاتوو بوون—لە کۆتایی ئەو ماوەیە دا(2003 بەسەرەوە) دارمێنرا بوو.

بێبایەخبوونی هەرچی زیاتری ئایدۆلۆژیای بەعسیی لەگەڵ کەمبوونەوەی گرنگیی حیزبەکە وەکو دەزگایەک، هاوشان بوو . لەکاتێکدا حیزب بەردەوام بوو لە دابینکردنی بونیادێکی دەستووریی بۆ دەوڵەتی عێراق و هۆکاری گونجاو بۆ بەخشینەوەی خەڵات و سزادان، لە نەوەدەکاندا چیدی رژێم پشتی نەدەبەست بە بونیادی حیزب بۆ راگرتنی دەسەڵات. لەرووی سیاسیەوە بەعس مەبەستی خۆی بەجێهێنابوو سەدامیش هەرچی زیاتر بونیادەکانی"خۆی" دەخستنە کار وەکو دەزگای سەربازیی جیا جیا.

سوپا بەردەوام هۆکارێک بوو جێگەی خەملێخواردن بێ. بە درێژایی نەوەدەکان، سەدام بەوریایی مایەوە لەبەرامبەر ئەو ورە بەردانەی کە کەوتبووە ناو کۆی هێزە سەربازییەکانەوە لەدوای دەرکردنە خەجاڵەتبارانەکەی لە کوەیت. تەواو لەوەش بەئاگا بوو کە دەشێ سوپا لە دژیدا بەکاربهێنرێت بە ناوی نیشتمانپەروەریی عێراقییەوە. بێشک، گەرەترین ئومێدی واشینگتۆن کەوتبووە سەر گاردی کۆماریی بۆ سازدانی کوودەتایەک.[161] گاردی تایبەتیی کۆماریی، دەگوتریت لەبەرایی ساڵی 1992 دا دامەزرێنراوە کە ئەرکی پاراستنی سەرۆک و بەرپەرچدانەوەی توند و یەکلاکەرەوە بوو لەئاست هەر هەوڵێکی کوودەتای ناوخۆیی. ئەرکی ئەمەیان تاڕادەیەک جیاواز بوو لە سوپای ئاسایی یان گاردی کۆماریی. تاکە ئامانجی 30،000 گاردی تایبەتیی کۆماریی بەهێز پارێزگارییکردن بوو لە سەدام و پلەدارە باڵاکانی رژێم. هاوشان لەگەڵ دەزگای ئاسایشی تایبەتیی گاردی تایبەتیی کۆماریی لە خێڵی سەدام خۆی (ئال بوناسر) و خێڵە سوننیە دڵسۆزەکانی ناوچەی تکریتەوە وەردەگیران.

بەزۆریی، ئەوانەی وەردەگیران ئەو گەنجانە بوون خوێندەوارییەکی کەمیان هەبوو لە ژیانیکی نەدارییەوە دەریان دەهێنان و بە تێر و پڕیی لەلایەن رژێمەوە بەخێودەکران. پێکەوە بە بەخێوکردن و مێشک داشۆرینێکی

چــــــــرەوە هێزێکیـــــــــان دروستکرد کە سەرسەختانە بـۆ ســەدام دلسـۆز بوو . دەزگای ئاسایشی تایبەتیی و یـەکـەی پارێزگـارییکردنی سـەرۆکایەتـی لـەلایـەن کـەسـە نزیکـەکـانی خانـەوادەی سـەدام و ئـەنـدامانی خێڵـی ئـال بوناسرەوە سەرپەرشتی دەکـران. ئـەو گرووپانـە کـەسـی زۆر خوێنـدەوار و هەڵسوراویان تێدا بـوو کـە مانـەوەی خـودی خۆیـان بـە خۆشـگوزەرانیـی سەدام بەسترابووەوە.[162] بێشک دروستکردنی هێزی وەکو گـاردی تایبـەتیـی لە ناوخۆدا رژێمیان بەهێزکرد، بەڵام خودی ئەو هۆیەی کـە سـەدام پێویسـتیی بە دروستکردنی هێزی وەها هەبوو بەڵگەی لاوازی بوون.
لەبنەڕەتەوە گاردی کۆماریی وەکو بەربەست کـاری کـردووە لـەنێـوان سـوپای گشتیی و رژێمدا، بەمەبەستی بەرگرتن لە هـەر کوودەتایـەکـی سـەربـازیی— ئێستا سەدام پێویستی بەهێزێکی دیکە هەبوو تا لە هێزی بـەربـەسـتی خـۆی بپارێزێـت. بـە لـەبـەرچـاوگرتنی بـەڵگـەی هـەوڵـی کوودەتاکـەی 1996 ی ویفاقی نیشـتمانی(کـە تیایـدا پلانگێـڕە سـەرەکییـەکـان ئـەفسـەری گـاردی نیشتمانیی بوون)، بڕوای سەدام بەوەی کە چیدی ناکرێـت متمانـە بـە گـاردی کۆماریی بکرێت لەجێگەی خۆیدا بوو—ئەوە تاکە هێزی سەربـازیی بـوو کـە لەتوانایدا هەبوو رژێمەکەی بشێوێنێت. لەبەر ئـەمـە گـاردی کۆمـاریی ڕێگـەی لێگیرا بچێتە ناو پایتەختەوە.
لـەگـەڵ ئـەوەشـدا بـۆ کـەمکردنـەوەی هـەڕەشـەی گـاردی کۆمـاریی، سـەدام بەکردەوە تاکە هێزی بەتوانای خۆی لەکارخست لـەکاتێکـدا کـە ڕووبـەڕووی هەڕەشەیەکی دەرەکی بووەوە. لەکاتی شـەڕی 2003 دا، سـتراتیژی لـۆژیکیی لەرووی ڕەهەندی سەربازیی ڕووتەوە ئـەوە بـوو کـە یـەکـە سـەربازییـەکـانی گـاردی کۆمـاریی لـە ناوجـەرگـەی بەغـدادوە بکێشـرێنەوە، پـردەکـانی سـەر ڕووباری دیجلەیان بەدوادا بتەقێنرێتەوە. وەکو دەرکـەوت، سـەدام یـەکـەکانی گـاردی کۆمـاریی لـەدەرەوەی پایتـەخـت بـەجێهێشـت لـەبـەردەم ڕەحمـەتـی بۆمبـارانی هـەوایـی بێئامـانی هاوپـەیمانانـدا. یـان لـەم خاڵـەدا سیسـتەمی سەرکردایەتیی و کۆنترۆڵی عێراق بە تەواویی لەبەریەک هەڵوەشا. یـان ئـەمـە بڕیارێکی ئاگایانەی سەدام خـۆی بـوو، لـەترسـی ئـەوەی کـە ڕەنگـە گـاردی کۆماریی هاتنە نـاوەوەی خـۆی بـۆ بەغـداد وەکـو هـەلێـک بـەکاربێنێـت بـۆ ڕوخاندنی رژێم.

دووباره بنیاتنانەوەی سوپا بۆ هێزێک کە بەرگری لە رژێم بکات لەبەرامبەر هەڕەشەی ناوخۆیی تەنها ئاشکراترین و بەرچاوترین هەوڵەکانی سەدام بوو بۆ خڕکردنەوەی دەسەلات لە ساڵە سەختەکانی ناوەراستی نەوەدەکاندا. ستراتیژییەتی مانەوەی سەدام تەنها بەسادەیی لەسەر بەرگریی دواسات لە رژێم دانەمەزرا بوو. ئەوەندەی کە جێگەی گرنگی سەدام بوو، گاردی تایبەتیی کۆماریی(گ.ت.ک) و دەزگای ئاسایشی تایبەتیی(د.ئ.ت) بەکردەوە بەر لە وادەی رووداوەکان دەستوەشێن بوون. کە بگەیشتبایە ئەو حالەتەی کە پێویستی بە شارەزایی پاراستنی ئەوان هەبێت لەرووی فیزیکیەوە، ئەوە دوا رۆژەکانی نزیک ببوونەوە.

سەدام دەبووایە ئاسایشی شەخسیی خۆی تێکەڵ بە ئاسایشی عێراق بکات، بۆ ئەمەش پێویستیی بەوە هەبوو کە ملکەچیی خێڵەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات. بەر لە زاڵبوونی حیزبی بەعس، عەشیرەتەکانی عێراق هەر ئەو کاتە لە پرۆسەی ئاوابووندا بوون لەرووی رێکخستنی سیاسی و نفوزیانەوە.[163] سالانێک لە چاکسازیی کشتوکاڵیی و جەختکردنەوە لەسەر حکومەتێکی پێشکەوتوو و سێنترالیزەکراو بناغەی ئابووریی و رۆڵی سیاسیی عەشیرەتەکانی لەنێو برد. فیدراسیۆنە عەشیرەتییە بەهێزەکانی وەکو مونتفق لە باشوور لە پرۆسەی لێکهەڵوەشانەوە دابوون و زۆرێک لەو فەنکشنە کۆمەلایەتییانەی کە پێشتر لەبەردەستی عەشیرەتەکاندا بوون لەلایەن دەسەلاتدارانی حکومییەوە دەستیان بەسەردا گیرا.[164]

لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەک چۆن حیزبی بەعس لە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقییەوە فێربوون چۆن کۆنترۆڵی شەقامەکان بکەن ئاواش وانەی باشیان لە دەسەلاتی خێلەکییەوە وەرگرت. یەکەم، هەوڵێک درا بۆ بنیاتنانی جۆرێک لە عەشیرەتگەریی نیشتمانیی کە سەدام خۆی لە سەنتەرەکەیدا بێت، پێدەچێ ئەمە کەمتر کارا بوو بێت. لەم پرۆسەیەدا "عەشیرەت"ە کەی سەدام خۆی دەبووە هاوشێوەی دەزگاکانی حکومەت. سیمایەکی خێڵەکیشی دا بە شەرعییەتی سەدام، کە پەنای بۆ عەشیرەتە هاوپشتەکانی تر برد چونکە وەکو ئەمری واقیع ددانی دەنا بە بونیادی دەسەلاتی خودی عەشیرەتەکاندا. ئەم ستراتیژییەتە لەگەڵ پێکهێنانی بالاترین رێکخراوە ئاساییشییەکانی وەکو(د.ئ.ت)و(گ.ت.ک) دەشێ بلێین گەیشت بە لوتکەی خۆی. دووەم‌بەعس سیاسەتێکی سەربازیی خێڵەکیی پیادەکرد، کەتیایدا سەدام

کێشەی خێڵەکیی نێوخۆی بەتایبەتی لە نێو کوردەکان بەکارهێنا بۆ بەهێزکردنی رژێمەکەی.

لەرووی لۆکاڵیەوە، عەشیرەتی بارزانیی کە سەرکردایەتیی نیوەی بزوتنەوەی کوردی دەکرد بەهێز بوو بەڵام باڵادەستی ئەم عەشیرەتە رق و کینەی لەلای عەشیرەتە کوردییەکانی تر پەیداکرد کە تەنانەت ئامادەبوون پشتیوانی لە سەدام بکەن لەبەرامبەر بەخشیشێکدا. بەدرێژایی ساڵانی 1970 کان عەشیرەتەکانی زێباریی، هەرکیی، سورچیی، برادۆستیی و دۆسکیی وەکو چەکداری ئامادەباش دامەزرێنران و هەتا 2003 ش وەکو بەشێک لە فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی سەدام مانەوە، دوای ئەوە زێبارییەکان هەڵگەڕانەوە بۆلای بارزانیی. ئەو عەشیرەتانەی کە لەلایەن سەدامەوە بەخێو دەکران بێ‌ئیرادە دەوڵەمەندبوون، ئاغای عەشیرەتەکانیش دەیانتوانی سەخاوەتمەندانە چاویان لە پیاوەکانی بەردەستی خۆیان بێت. ئەم عەشیرەتانە بەرژەوەندپەرستییەکی رووتیان دەکرد؛ بە چوونە پاڵ رژێمی سەدام، سەرۆک عەشیرەتێک دەیتوانی خۆشگوزەرانی خەڵکی خۆی مسۆگەر بکات؛ بەڵام بە چوونە پاڵ" کوردستان" داهاتوویان گەلێک نامسۆگەر بوو.[165]

گرنگترین لایەنی رەوتی "عەشیرەتگەریی نوێ"(neo-tribalist) ی سەدام بۆ بەڕێوەبردن، ڕاکێشانی سەرۆک عەشیرەتەکانی باشوور بوو. کە حیزبی بەعس رووبەرووی راپەڕین بووەوە لە 1991 دا، بە ئاسانیی و بە زراوبردوویی تە سلیم بوو. چیدی نەدەکرا بۆ دەستڕاگەیشتن بە باشوور پشت بە پۆلیس ببەسترێت. دەستە خێڵەکییەکانی باشوور هەرگیز نەچوونە پاڵ قەوارە ئایینیە شیعیەکان(چونکە پیاوانی عەشیرەت بەگشتی مەیلیان نییە بۆ مەسەلە ئایینییەکان)، هەمیشە دوژمنایەتی ئەوەشیان دەکرد کە پێی دەڵێن جیاوازی سوننیی-شیعیی. کەواتە، دەکرێ دڵسۆزییەکەیان بکڕدرێت—تەنانەت لەلایەن رژێمێکەوە کە سوننە تکریتییەکان تێیدا زاڵن. لەدوای راپەڕینی(1991) ەوە، سەدام سیاسەتێکی زیرەکانەی پەیرەو کرد، ئەویش گواستنەوەی دەسەڵات بوو لە مەرکەزەوە بۆ هەندێک عەشیرەتی هەڵبژێردراو.

بەپێچەوانەی " سەدام وەکو موسوڵمانێکی لە خواترس"، " سەدام وەکو سەرۆک خێڵ" رۆڵێک بوو کە بەشێوەیەکی سروشتیی پەیدا بوو.

هـەرچۆنێـک بێـت، سـەدام خۆی بۆ چەندین ساڵ عێراقـی وەکـو خێڵێکـی مەزن بەڕێوە برد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ڕەوتە ئاماژەی لادانێکی بـەرچـاو بـوو لە فەلسەفەی بەعس، کە وەکو نەریتێکی خۆی خێڵەکان و بەهاکـان و بونیـادی سەرکردایەتیی خێڵەکیی وەک سەرچـاوەی " دواکـەوتـوویی" و بـەربـەستێک لەبەردەم بە مۆدێرنکردنی عێراق کە دەبووایە لابرێـت، وێنـە دەکـرد. ئێستـا، سەدام خۆی عەشیرەتگەریی زیندوو دەکردەوە، نـەک وەکـو هێزێکـی سیاسـی بەڵکوو هەروەها وەکو سیستەمێک لە بەهاکان. نـەریتـی خێڵـەکیـی هاوشـانی عـەرەبچێتـی، کولتـووررو مێـژووی میزۆپۆتامیـا خرایـە نێـو" ئـەفسـانەی عێراقیی"ەوە.
لەمەوە، لە ساڵی 1992 دا سەدام عەبای تراديسيۆنی بەدەویەکانی لـەبـەرکـرد و میوانداریی سەرۆک عەشیرەتەکـانی باشـووری کـرد بـۆ بەغـداد. یـەک لـە دوای یـەک سـەرۆک خێڵـەکـان سـوێندی وەفاداریيـان خـوارد بـۆ" شـێخی شێخان"(سەدام). لەبەرامبەر ئەوەدا، عەشیرەتە بەهێـزەکـان، ڕێزێکـی تـازەیـان لێگیرا لەلان رژێمـەوە، لـە میـدیاکانی عێراقـدا وەکـو ڕەمـزی بـەهـا عێراقییـە ڕەسەنـەکـان هـەڵـدەنرانـەوە، سـەرپشـک کرابـوون کـە وەک پیـاوی سـەدام هەلسوکەوت بکەن لەو کارانەدا کە پێوەندیی بە یاسـاو ڕێسـا لۆکاڵییـەکانـەوە هەیە. عەشیرەتەکان تەنانەت ڕێگەیان پێدرا کە میلیشـیای چـەکـداری خۆیـان هەبێت کە لەلایەن رژێمـەوە بـە چـەکـی سـووک و لـە هـەنـدێک حاڵـەتیشـدا بەهاوەن و ئار پی جیش پڕچەک دەکران. بـەرەنجامـە چـاوەڕوانـکـراوەکـانی ئـەم سیاسـەتـە لـە سـاڵی 2003 دا ئاشـکرا بـوون کاتێـک کـە هێـزەکـانی هاوپـەیمانـان بـەرە و باشـوور دەکشـان. ئـەوانـەی کـە لـەلایـەن میـدیاکانی ڕۆژئاواوە بەو" مەدەنییانە" ناودەبران کە بەرگرییەکـی سـەختیـان دەکـرد، بـە هەموو ئەگەرێک، ئەندامی میلیشیای عەشیرەتـەکـان بـوون نـەک هێـزەکـانی سوپا کە خۆیان گۆڕیبێت.
بە لەبەرچاوگرتنی کەمیی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستی رژێمـدا بـوون بـۆ کۆنترۆڵکردنی باشوور، دابەشکردنی دەسەلات بە سەر عەشـیرەتـەکانـدا بـەم شێوەیە هەنگـاوێکی زەروور بـوو بـەلام مەترسـییدار و سـەرکێشیش بـوو. خواستی سروشتیی سەدام هەمیشە ئەوە بووە کە دەسەڵات چڕبکاتـەوە نـەک بلاوی بکاتەوە. ئێستا هەر ئەو خۆی بە ئاگاییەوە هێزی چەکداری تایبـەتیـی لە باشووردا دروست دەکرد بۆ ئەوەی ئەو ئەرکـە بـەجێبگـەیـەنـن کـە چیـدی

ڕژێمەکەی نەیدەتوانی بە باشیی بەجێیان بگەیەنێ. ئەمە دانپێنانێکی ئاشکرای بێهێزیی ڕژێم بوو. لەوەش زیاتر، ئەوکاتە ڕێگەیان پێدرا بوو کە فەنکشنی قەزائییش بنوێنن. لەو ناوچانەدا کە لەژێر دەستی عەشیرەتەکاندا بوو، نەریتی خێڵەکیی دادوەریی زاڵ بوو؛ لەهەموو شوێنەکانی دیکە عەدالەت بەگوێرەی یاسای گشتی دەوڵەت بەجێدەگەیەنرا. ئابوورییە دوو فلیقانەییەکەی عێراق ئێستا بە سیستەمی قەزائیی دوو فلیقانەیی تەواو کرا. وەختێک ناکۆکی دەکەوتە نێوان ئەم دووانە، بەزۆری دادگای خێڵەکیی زاڵ دەبوو.

قێزەونترین نموونەی زاڵبوونی یاسای خێڵەکیی لە مەسەلەی چارەنووسی حوسێن کامیلی هەڵگەڕاوەدا خۆی نواند(لە پێشەوە باسمان کرد). دوای ئەوەی داوای پەنابەریی سیاسیی کرد لە ئەردەن و بانگەشەی کودەتایەکی سەربازی کرد لە دژی سەدام، گرنگترین نهێنییەکانی پرۆگرامی شاردنەوەی چەکە کۆمەڵکوژیەکانی عێراقیشی ئاشکرا کرد، حوسێن کامیل پیشانیدا کە تا ئەوپەڕی رادە لە هەر سەلیقەیەکی سیاسیی داماڵراوە بەوەی کە رازی بوو بگەڕێتەوە بۆ عێراق. هەر کە گەیشتنە سەر سنوور هەردووک براکە(حوسێن و سەدام کامیل) لە ژنەکانیان(کچەکانی سەدام) جیاکرانەوە و بەزۆر کاغەزی جیابوونەوەیان پێ واژۆکردن. ڕۆژی دواتر، کەسە نێرەکانی بنەماڵەکە کە برابوونە کۆشکێکی بەغداوە، بە دەستەیەک لە 40 چەکداری گە نج گەمارۆ دران. هەر هەموویان لەماوەی 13 سەعات شەڕی خەستدا کوژران. ئەمە قەسابخانەیەکی ئاهەنگئامێزی "شەرەف" بوو. بکوژەکان هەموویان ئەندامانی (خامس)ی حوسێن کامیل بوون— یەکەیەکی خزمایەتی پێنج-نەوەیی، کە گشت ئەندامە نێرەکان دەبووایە تۆڵەی شکاندنی شەرەفەکەیان بکەنەوە.

لە ئەنجامی ئەوەدا، بنەماڵەی کامیل لەلایەن کەسوکاری خۆیانەوە لەنێوبران. ئاشکرایە کە کوشتن بۆ تۆڵە، بەزاندنی سیستەمی یاسایی ڕژێم بوو، بەڵام لە جیاتی داوای سزادانی بکوژەکان، سەدام شەرعییەتی بەکوشتنەکاندا وەکو بەشێک لە پرۆسەی" پاککردنەوە". هاوشێوەی لێکردنەوەی" پەنجەیەکی نەخۆش" لە"دەستی" خێڵ.[166] دوو لەو بکوژانەی کە لە کاتی هێرشەکەدا کوژران دوایی پرسەی پاڵەوانانیان بۆ دانرا کە ئەندامە باڵاکانی ڕژێم ئامادەی بوون. وادیار بوو، بەها خێڵەکییەکانی دادوەریی یاسای وڵاتیان

تێپــــــــەڕانــــــــدبوو. [167] پشتبەستنی سەدام بە بونیادی خێڵەکیی بۆ حوکمکردن گەڕانەوە بوو بۆ پراکتیکی پێشوو. سەدام وادیار بوو لە نەوەدەکاندا لە ئەزموونی بەریتانییەکانەوە فێر ببوو. هەروەک دەسەڵاتدارە کۆڵۆنیاڵییە پێشووەکانی عێراق زیرەکانە گومانیان کردبوو، حوکمکردنی دانیشتوانی بەش بەشی عێراق لەڕێگەی ئەو بونیادە کۆمەلایەتییانەی کە لە ئارادان، هەرچەندە بێ باج نابێ بەلام بێڕادە ئاسانترە لە سەپاندنی رژێمێکی یەکگرتوو بۆ حوکمکردن.

بەکارهێنانی توندوتیژیی

هە رچەند سەدام گەلێک بێهێزکرابوو بە کاریگەرییە کەڵەکەبووەکانی شەڕی ئێران-عێراق و شەڕی کەنداو. هێشتا کەسێک یان گرووپێکی ئازا(یان گەمژەی) دەویست کە لە ساڵی 1991 دا لە دژی بووەستێتەوە. هەرچەندە بەتەواوی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان شکستی پێهێنرابوو. هێشتا سەدام دەسەلاتێکی سەربازیی ملکەچی بەگوێرەی پێویست و توانایەکی وەهای مابوو کە ئەوپەڕی زۆرداریی بخاتە گەڕ، کە لە وەزعێکی تژیی بەکەرتوپەرتبوونی سیاسیی و کۆمەلایەتییدا دەگوزەرا. ئەو هێشتا بالادەستیی تەواوی هەبوو لە ناوەندەوە. بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ دامرکاندنەوەی راپەڕینی باشوور لەئاستێکی گەلێک نامرۆڤانەدا بوو. کاروانی ئەو پەنابەرانەی کە کەربەلا و نەجەفیان بەجێدەهێشت بە نەوت(کیرۆسین) خنکێنران کە بە کۆپتەر دەیانڕشت و پاشان بە گوللەی گڕدار ئاگریان تێبەردرا.
بەسرە زیاتر لە هەزار کوشتاری دا دوای ئەوەی کە گاردی کۆماریی، دووەم گەورەترین شاری عێراقی گرتەوە. زیاتر لە هەزار لە شوێنکەوتوانی ئایەتوڵا ئەلخوئیی بە ئاسانیی بێسەروشوێن بوون. دەتوانی هەر ژمارەیەکیش بلێیت بۆ ئەو قوربانییانەی کە عەلی حەسەن ئەلمەجید(عەلی کیمیایی) خستنیەوە. دوای ئەوەی کە مۆدیلەکەی خۆی لە عەدالەت لە باشووردا بەجێگەیاند. [168] جێگەی خۆیەتی سەرنجی ئەوەش بدەین کە "ئینتیفازە" بۆ خۆیشی لێوان لێو بوو لە ئەوپەڕی توندوتیژیی و درندایەتیی. ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ بەرپرسە بەعسییە بێبەختەکاندا{ بێبەخت لەوەی کە فریای ڕاکردن نەکەوتن وەرگێڕ} کرا

کتومت لە ترسناکییدا هەمان ئەوەبوو کە رژێم کردی بە یاخیبووەکان. بەگشتیی، یاخیبووەکان سەدان کەسیان" ئەشکەنجەدا و سەر و ئەندامی لەشیان بڕی". هەروەک هەمیشە وابووە بە درێژایی مێژووی عێراق، هەر راپەڕینێک لە وەڵامی توندوتیژیی و درندایەتی رژێمێکی مەرکەزییدا بۆ خۆی پڕ بووە لە ئەوپەڕی توندوتیژیی و درندایەتیی.

هاوشان لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی هەر ئەگەرێکی یاخیبوونی شیعە و هەر گرووپێکی تری نەیار، رژێم دەبووایە بەرەنگاری بەرەنجامەکانی هەلومەرجی نالەباری ئابووریی و کۆمەلایەتییش ببێتەوە. لەکاتێکدا لە ناوەراستی سالانی 1990 دا سزاکان کاریگەریی گەورەیان دەکردە سەر ژیانی رۆژانەی خەلکی ئاسایی عێراق، هاوشانی ئەمانە، تاوانی مەدەنیی و گەندەلیی و بێسەروبەرەیی زیادیکرد. بەلای رژێمەوە، ئەم بەرزبوونەوەیە لە رەفتاری بێیاسایی و بێسەروبەریی جەماوەر هەرەشەیەک بوو بۆ سەر ئارامیی ولاتەکە. وەلام بەمانە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو.

رژێم کۆمەلێک میتۆدی سزادانی ترسناکی بەرهەمهێنا بۆ بچووکترین تاوانی لادان. بۆ دزینی ئەو کەلوپەلانەی کە نرخەکەیان لە 15 دۆلار زیاتر بوو، تاوانباری بێبەخت بۆی هەبوو لە سزای ئەوەدا دەستی راستی ببڕدرێت. بۆ جیاکردنەوەی خراپەکاریی ترسناک، لەو پالەوانە بەدبەختانەی شەڕ کە ئەندامێکیان لە شەڕی بەرگریی لە عێراقدا لەدەستدا بوو، تاوانبارەکان بە پیتێکی (X) ی گە ورە تە وێلیان مۆردەکرا. ئەگەر کەسێکی تۆمەتبار کە پێشتریش ئەندامێکی براببوو دووبارە لە سەر دزی بگیرابایەتەوە، ئە ندامێکی تریان دەبڕی. سزای مردن بەئۆتۆماتیکیی دەخرایە سەر ئەو تاوانبارانەی کە ئەندامی سوپا یان فەرمانبەری حکومەت بوون— ئەمانەش پێکهاتەیەکی گەلێک زۆری دانیشتوان بوون.[169]

تۆقاندنی هەرەمەکیی خەلکی عێراق بەدرێژایی سالانی 1990 پەیرەو دەکرا. فیداییەکانی سەدام، کە لە ناوەراستی سالانی 1990 دا پێکهێنران و، لەلایەن عودەی سەدامەوە سەرپەرشتی دەکران— وەک خوێنرێژەکانی رژێم ناویان زرابوو. بێگومان ئامانجی سەرەکیی فیداییەکان"کۆنترۆلکردن" ی دانیشتوانی عێراق بوو، ئەمەش ئەرکێک بوو کە زیاتر بە کاری توندوتیژیی و هەرەمەکیی بەجێدەگەیەنرا. لەوانە کوشتنی دەستبەجێ، لەبەرامبەر ئەوانەی کە رژێم بەتێکدەر دەیناساندن.

وەکو بەشێک لە هەوڵی سەدام بۆ وێنەکردنی خۆی وەک موسوڵمانێکی لەخواترس. ئەرکی فیدایییەکان ئەوە بوو کە چارەی لەشفرۆشەکان بکەن. لە ئۆکتۆبەری2000 دا فیدایییەکان بەشێوازی بێوێنەی خۆیان، دەیان ژنیان گرت بەتۆمەتی لەشفرۆشیی و لە شوێنە گشتییەکان بەبێ دادگاییکردن سەریانبڕین. ئەو پیاوانەش کە دەستیان لەگەڵیاندا هەبوو بە هەمان شێوە سەربڕدران.
بە پێچەوانەی ئەو توندوتیژییەی کە لەلایەن بەعسەوە پەیڕەوکرابوو لەچەند دەیەی پێشوودا، توندوتیژیی ساڵانی 1990 هەڕەمەکییانەتر بوو، کەمتر کۆنترۆڵکرابوو، ئاشکراتریش بوو. لە ساڵانی پێشووتردا، بە دڕندایەتییەکی ماقوڵتر بەرپەرچی شکاندنی" ڕێساکان" دەدرایەوە—بەڵام ڕێساکان خۆیان تەواو ئاشکراو دیاریکراو بوون. ڕەخنە لە سەرۆک مەگرە و ململانێ لەگەڵ ڕژێم مەکە. بەڵام لە ساڵانی 1990 دا، ڕژێم ڕۆژانە ڕیساکانی دەگۆڕی. دژایەتییکردنی ڕژێم هێشتا گەورەترین تاوان بوو. بەڵام ئێستا هەموو جۆرەکانی"تاوان" لەدژی بەها ئیسلامییەکان(یان وورتر، مۆدیلەکەی سەدام لە بەها ئیسلامییەکان) مەزن بوون. داپڵۆسینی خەڵکی بەدبەختی عێراق گەیشتە لوتکە، وەختێک دەستەدەستە لە فیدایییەکان بەسەر شەقامەکانیاندا دەدا و سزای خێراو. زیاتر دڕندانەیان جێبەجێدەکرد لەبەرامبە ر بچوکترین یاسا شکاندندا کە زۆر جار شتی وەها هەر لە ئارادا نەبوو. ئەم گەرانەوەیە بۆ جۆرێک لە توندوتیژیی بۆ ئەوە داڕێژرابوو خەڵکی بتۆقێنێت، نەک ئەوەی هەڕەشە بکات، نیشانەی سیستەمێکی سیاسیی تەواو ناتەندروست بوو.

یەکێتیی نیشتمانیی

لە 1991 دا، دەوڵەتی عێراق بەکردەوە دابەش ببوو بۆ دەولەتێکی عەرەبیی بە "قەوارە" یەکی کوردییەوە وەک پاشکۆ. دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردیی لە ڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە جیابوو، لە ژێر بونیادی حکومیی و قەزائیی خۆیدا هەڵدەسوڕا، بە ڕێوشوێنێکی پارلەمانیی و هێزێکی سەربازیی سەربەخۆ لە بەغداد. ئەم لەتبوونە لەپێکهاتەی ئیداری دەوڵەتی عێراقییدا ویدەچێت دیارترین ڕووداو بێت لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتەدا. کوردەکان ئێستا بۆ یەکەمجار بەراستیی هەلی ئەوەیان لەبەردەستدا بوو کە هەرێمەکەی

خۆیـان بـەرپـوە ببـەن. لـە راستییدا، حیزبە کوردییەکان ئـەرکێکـی تـابلێی گەورەیان پێسپێردرا بوو. لـەگـەڵ ئـەوەشـدا، دە سـاڵی داهـاتوو بـۆ دواجـار بەڵگەی ئەوەبوون کە کوردەکان توانیان قەوارەیەکـی ئۆتۆنـۆمیی دامـەزرێـنن، ئەڵبەتە بە کارێکتەری حۆلحولیی کوردانە.

کە باکووری کوردیی بـەکـردەوە لـەویـو جنگـی زۆردارانـەی رژێمـەوە بـوو، چیدی سەدام دەسەڵاتی نەبوو بەسەر بڕێکی بەرفراوانـی خـاکی عێراقـدا. بـە درێژایـی مێـژووی کـورتی عێـراق، دەسـەڵاتـدارە یـەک لـە دوای یـەکـەکـان هەوڵیانداوە کە قەوارەیـەکـی یـەکگرتـوو لـە کۆمـەڵێـک پارچـە ئایـدینتیتیی ململانێکـەر(زۆرتـر دژ بـەیـەک) دروسـتبکەن. هیچیـان نـەیـانتوانیوە کـە بـە سەرکەوتـوویی پێکهاتـەیـەک بـەرهـەم بێـنن کـە بتوانێـت دەوڵـەتـی عێـراق بگۆرێت بەرەو شتێکی زیاتر لە کۆی پارچە و ناوچـە جیاجیاکـانی. لـە دوای 1991 ەوە، دەوڵەتی عێراق— لەبەر کۆمەڵێک مەبـەستی پراکتیکـی—لـەوە دەرچوو کە تەنانـەت کـەمتـرین رۆڵـێ لـە ئاسـتی ناوچـەیـی بچـووکراوەی وەهاشدا هەبێت.

سەبارەت بـە بـەشـی زۆرینـەی عـەرەبیـی دەولـەتـەکـە، مـاوەی دوای 1988 وێنەیەکی تێکەڵ بوو لەرووی یەکێتیی نیشـتمانییەوە. بێشـک هـەنـدێک هێـز یارمەتی پەرەپێدانی یەکێتییان دا، کەچیی هێزەکانی تر(بەهێزترەکـان) لـەگـەڵ پارچەپارچەکردنـی پتـری کۆمـەڵگـای عێراقییـدا بـوون. ئـەو یـەکێتیـەی کـە عەرەبە عێراقیەکان لەشەڕی یەکەمی کەنداودا پیشـانیاندا، کـە تیایـدا شـیعە و سوننە شانبەشانی یەکتری لە سەنگـەرەکانـدا لـەدژی ئـۆردووی ئێرانییـەکـان جەنگابوون. بەڕوونی ئاماژەبوو بۆ شـتێک، ئـەمـە چ وەفاداریـەکـی هاوبـەش بوو بۆ رژێم(ئەمەیان ئەگـەرێکـی زۆر بـێ هێـزە)، هـەسـتێکی ناسیۆنالیسـتی عێراقیی بوو، یان تەعبیرێک بوو بۆ هاوبەشی ئێسـنیکیی عـەرەب. زەحمـەتـە بەدڵنیاییەوە هیچ لەمانە بڵێین. سروشـتی ئـەم هێـزی یـەکگرتنـە هـەرشـتێک بووبێ، بێشک لەرزۆک بوو. راپەڕینەکەی باشـوور هـەرسـێ سـاڵێک لـەدوای ئەم دەرخستنەی یەکێتی عەرەب ڕوویدا ڕاچڵەکانـدنێکی تونـدبوو. لێکدانـەوەی راپەڕیـن بـە ڕووداوێـک کـە بـەهـۆی رقـی تائیفیـەوە(شـیعە دژ بـە سـوننە) سەریهەڵدابێت ئەمە خۆی خوێندنەوەیەکی ساویلکانەی دیاردەیەکی ئاڵۆزە.

ئەمە قۆناغی بەرایی شەرێکی ئایینی لەعێراقدا نەبوو. لـەگـەڵ ئـەوەشـدا، هـەر ئەو راسـتییەی کـە زۆربـەی زۆری بـەشـداربوانی راپەڕینـەکـە شـیعە بـوون،

لــەکاتێکـــدا ئـــەو هێـــزە ســـەرکوتکـــەرانـــەی کـــە کۆکرابوونـــەوە بـــۆ دامرکاندنەوەی بەشێکی ئێجگار زۆریـان سوننە بـوون، راسـتییەکـی گرنـگ ئاشــکرا دەکــات ســەبــارەت بــە جیــاوازی تــائیفیی لــە عێراقــدا. کێشــە جەوهەرییەکان مێژوویی و سیاسیین نەک مەزهەبی. عێراق هــەمیشــە لــەلایــەن سوننەوە حوکمی کراوە و شیعەش هەمیشە حوکمی بەســەردا کــراوە. لــەکـاتی شەڕدا، هەمیشە رژێمە سوننیەکان بڕیارە سەرەکییـەکانیـان داوە، لـەمـەیـدانی شەڕدا هەمیشە ئەفسەرێکی سـوننی سـەرپـەرشـتی سـەربـازەکـانی کـردووە، هەمیشەش شیعەکـان(یـان کـوردەکـان) بوونـەتـە قـۆچی قوربـانیی. شـەڕی کوەیتیش زۆر لەم نموونە مێژووییە بنەڕەتیە لاینەدا. لێرەوە، لێکدانـەوەیـەکـی ماقوڵی راپەڕین ئەوەیە کە بەڵگەی تەقینەوەی ئـەو دوژمنایـەتییـە بـوو نـەک تەنها رووی لە رژێمە سوننییەکەی دەسەڵاتـداری ئـەو کاتـە بـوو(هـەرچـەنـدە ئاشکرایە دوژمانیەتی لەبەرامبەر سەدامـدا گـەلێـک زۆر بـوو) بـەڵکـوو رووی لـەو هـەڕەمـە ترادیسـیۆنەی دەسـەڵات بـوو کـە لـەسـەرەتـای دروسـتکردنی دەوڵەتی عێراقیدا لەئارادا بوو.

سەرەڕای بەڵگەی ئەوەی راپەڕین کە یەکێتیی عەرەبیی هێنـدە بـەهێـز نـەبـوو وەک ئەوەی لەدوای" سەرکەوتن" ە کـەی عێراقـەوە لـەدژی ئێـران دیـار بـوو، چەند فاکتەرێک رۆڵیان هەبوو لـە عێراقـدا لـە سـالانی 1990دا یارمـەتـی قایمکردنی عێراقیان دەدا بە رووی دوژمنکارییدا. ئەوەی کە زۆر لـەبـەرچـاوە، رژێمی سزاکان نەهامەتییـەکـی هاوبـەشـی تووشـی هـەمـوو خـەڵکـی عێـراق کردبوو، ئەمەش یارمەتی سەدامی دا تا جڵەو و ئاراسـتەی رقـی خـەڵکیـی لـە رژێمەکەی خۆی دوور بخاتـەوە. بـەبـێ حیسـابکردن بـۆ ئـەوەی کـە دەبـێ سەرکۆنەی کێ بکرێت لەبەرامبەر مەینەتییەکانی خـەڵکـی عێراقـدا راگەیانـدنی دەوڵەتیی جڵەوکراو لـە عێراقـدا هـەرگیز کەمتەرخـەمی نـەدەکرد لـە فێڵـەکانی گەمەی دیپلۆماسییدا. پروپاگەندەی رۆژانە کوتانەوەی ئـەمێریکا و بـەریتانیـا بوو(ئەو دووانـەی کـە هـەردووکیـان سـوور بـوون لـەسـەر دژایـەتییکردنـی لابردنی سزاکان) پەخش دەکرا بۆ ماڵە عێراقیـەکـان، لـەلای زۆر کـەس هـیچ گومانێکیان نە هێشتبوو کە کـێ بـەرپرسـیارە لـە " گـەمـارۆی" سـەر عێـراق. سزاکان ئەگـەر هیچیـان نـەکردبێـت یارمـەتـی مانـەوەی سـەدامیـان دا نـەک بەپێچەوانـەوە، کـە رێگریـی بـۆ مانـەوەی بکـەن.... سـەدام هـەر ئـەمسـەرو ئـەوسـەری بـوو لـە یـاری مشـک و پشـیلەدا لـەگـەڵ پشـکنەرەکـانی

UNSCOM. وەک لەسەرەوە سەرنجمان دا سەدام هیچی دەستنەدەکەوت لە هاوکارییکردنی پشکنەرەکان. بەڵام زۆری دەست دەکەوت لە گێچەڵ نانەوەدا. بەدرێژایی ساڵانی 1990 بەتایبەتی لە 1998 دا سەدام چەندین قەیرانی بەدوای یەکدا داهێنا کە وایلێکرد وەکو بەرگریکەرێکی ئازا لە سەروەریی و شەرەفی عێراق دەربکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەدام سیایسیەکی تەرەکراو بوو لەنێو سەرکردەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە، بەڵام گۆڕا بۆ پاڵەوانێکی تائیفی لەنێو خەڵکی رەشۆکی عەرەبدا. ئەم ستراتیژیە بێسەرئێشەیە." لەدەوری ئاڵادا کۆبینەوە"تەنها دەشێ ئەوەی پێبکرابایە کە گوڕبدات بەمانەوەی رژێم لەوەختێکدا کە شتێکی وەها بەقیمەت لەئارادا نەبوو تا عێراقییەکان دڵی پێخۆشبکەن.

لەودیو رووکاری ئەم" یەکێتییە لە مەینەتیی" ە دا، ئەو رەوتەی کە لەو ماوەیەدا زاڵ بوو لە رووی یەکێتیی نیشتمانییەوە بەشی هەرە زۆری نەگەتیڤ بوو. سوپای عێراقیی، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو مایەی شانازیی عێراق بوو هەروەها یەکێک بوو لەو دەزگا کەمانەی کە پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقی لە تاکە قەوارەیەکدا کۆکردبووەوە(هەڵبەتە قەوارەیەکی سوننی سالاریی)، وەکو هێزێکی بڕوا پێکراو لەماوەی ساڵانی 1990 دا نزیکەی بەتەواوی لێکهەڵوەشێنرا. ئەو سەرچاوانەی کەلە بەردەستی رژێمدا بوون نزیکەی تەنهاو تەنها خرانە خزمەت دەزگا" بژاردە" کانی ئەوکاتە، وەکو گاردی کۆماریی، یان بۆ ئەو هێزانەی کە تازە دروستکرابوون، وەکو(گ.ک.ت) ئەو هێزەی کە پتر بژاردە بوو. لەرووی راهێنان و ئامێر و کەرەسەوە، سوپا بوو بەسێبەری پێشووتری خۆی . ئەمە سیاسەتێکی ئەنقەست بوو لەلایەن سەدامەوە، سوپا رۆڵێکی نایابی لە دژی ئێران گێرا ، لێرەوە ئەمەش هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر رژێمەکەی.

کاریگەری ئەم سیاسەتە لەسەر خۆراگرتنی سوپا لەشەڕی 2003 دا ئەو کاتە زۆر ئاشکرا بوو، وەختێک سەربازە نیمچە برسییەکانی عێراق کە تەنها کۆنە تفەنگ و تانکی سۆڤیتی پەنجاکانیان پێبوو و لوتیان چەقی بە"دیواری پۆلایینی" ئەمێریکییەکاندا. لەساڵی 1991 دا، شەڕی سوپای عێراق لەدژی هێزەکانی هاوپەیمانان بوو بەمەشقێکی "ماقووڵی" ی خۆبەدەستەوەدان: ئەگەر لەرووی کەمی لاشەی مردووەکانی ساڵی(2003)ە

وە سەیری بکەین. شەڕی دووەمی ئەمێریکا بوو بەمەشقێکی لەشەڕ هەڵاتن. گومانی تێدانییە، دەشێ سوپا ڕێک بخرێتەوە. بەڵام کاتێکی زۆری دەوێت تا هەیبەتەکەی خۆی دەگێڕێتەوە لەدوای ئەم دوو ڕیسواییەوە. ڕەمزەکانی تری یەکێتیی نیشتمانییش هەروەها گورزی جەرگبڕیان بەرکەوت لەدوای ساڵی (1988)ە وە. لەبنەڕەتەوە دەوڵەت—وەکو دابینکەری خزمەتگوزاریی گشتیی نەوەکو ئامێرێک بۆ داپڵۆسین—لەماوەی ساڵانی 1990 دا داڕما. سیستەمەکانی فێرکردن و تەندروستیی کە وەختێک مایەی شانازیی بوون بەهۆی سزاکانەوە لەپەلوپۆ کەوتن. ئەمانە لە ساڵەکانی پێشوودا سەرچاوەی شانازیی نیشتمانیی بوون و یارمەتیی پێکەوە گرێدانی دانیشتوانەکەیان دابوو لەڕێی کۆشش و ئەزموونە هاوبەشەکانیانەوە. دەوڵەت ئیتر وەکو خاوەنکار و بەخشندەی سەرەکیی عێراق کەوتە سستیی. لەکاتێکدا بیرۆکراتەکانی پێشووی عێراق، دکتۆرەکان و دانسازەکان و مامۆستاکان ژیانێکی خۆشگوزەرانی چینی ناوەڕاست دەژیان، لە کۆتایی ساڵانی 1990 دا، ئەوانەی کە لە وڵات هەڵنەهاتبوون کەوتبوونە چنگەکرێی ژیان لەسەر مووچەیەکی مانگانەی کەمتر لە 5 دۆلار. خولقاندنی چینێکی ناوەراستی زیندوو و گەشەسەندوو یەکێک بوو لە دەسکەوتە سەرنجڕاکێشەکانی حیزبی بەعس—هەروەها باشترین ئومێدی عێراق بوو بۆ تێپەڕاندنی دابەشبوونە تائیفی و ئێسنیکییەکانی. لەکۆتایی ئەو ماوەیەدا، چینێک نەما بوو بەناوی چینی ناوەڕاستەوە. لەجیاتی ئەوە، عێراق دابەش ببوو بەسەر دوو چیندا: چینی زۆر پارەدار و چینی زۆر هەژار. هەروەک بەرپرسێکی عێراقی لە ساڵی 1999 دا بۆی دەرکەوتبوو" دوو دەیە لە بێبەشکردن و پشتگوێخستن لەلایەن جیهانەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تێکداوە. ئێستا هەرکەس بیر لەخۆی دەکاتەوە."[170] لەکاتێکدا سەدام پێشتر بەئاگاییەوە هەوڵی" پەرشکردنەوە" ی دانیشتوانی عێراقی دابوو وەک یەکەمین قۆناغی پێویست بۆ دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ وپێشکەوتوو، ئێستا" پەرشکردنەوە"(atomization)ی خەڵکیی وەک ستراتیژیەتی مانەوە پەیرەودەکرا.

دانیشتوانێکی پەرتکراو بۆ ڕژێم ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرا. ئەمە بەئاشکرا لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵانی 1995 و ئۆکتۆبەری 2002 دا دیار بوو. ئەنجامەکە لەهەردوو حاڵەتەکەدا جێگەی شک نەبوو-- 99

لەسەدی خەڵکی دەنگیان بۆ بەردەوامبوونی سەدام وەک سەرۆک دا. ئەمە لەحاڵێکدا کە نزیکەی هەموو خەڵکی بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردبوو. بەڵام لەکاتێکدا زۆربەی میدیای ڕۆژئاوا سەرنجیان خستبووە سەر سروشتی گاڵتەجاڕییانەی ئەم ئەزموونەی دیموکراسییەتی جەماوەریی(popular democracy)، مەسەلە ئەسڵیەکەیان پشتگوێ خستبوو کە—هێشتا ڕژێم(تەنانەت لە کۆتایی 2002 شدا) دەیتوانی سەرتاپای دانیشتوان کۆبکاتەوە بۆ کردنی هەرشتێک (هەرچەندە گاڵتەجاڕییش بێت).

ئەو لەسەدا 99.96 دەنگە " بەڵێ" یەی کە لە 2002 دا بەدەستهات ڕەنگە ئاماژەیەکی جێگەی بڕوا نەبووبێت بۆ پێگەی جەماوەریی سەدام، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەڵگەی ئەوە بوو تاچەندە چەپۆکی سەدام بەسەر سەری خەڵکی عێراقەوە بەهێز بوو. خەڵکی عێراق لەناو " ڕەبانێکی ئۆتۆماتیکی" دا بوون—هەرکە ڕژێم فەرمانی دا، ئەوان بەبێ پرسیارکردن جێبەجێیان دەکرد، نەک لەبەر خۆشەویستی یان ڕێز، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەیان ساڵ دەسەڵاتی بەعس هەر جۆرە توانستێکی بیرکردنەوە و کارکردنی سەربەخۆی لێسەندبوونەوە.[171] لێکدانەوەیەکی تر لەجیاتی ئەم لێکدانەوەیە—کە سەدام هێشتا جەماوەرێکی بەرفراوانی هەبوو تەنانەت لە کۆتایی 2002 شدا دوای ئەوەش کە وڵاتەکەی بەم دەردە بردبوو—ئەمەش ڕەنگە بەهەمان شێوە بێزارکەر بێت. بنیاتنانەوەی ژێرخانی عێراق چەندین ساڵی دەوێت هەتا دێتەدی، بەڵام بنیتنانەوەی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگەیەکی زامدارکراو زۆر لەوە زیاتر دەخوازێت.

بنیاتنانەوەی سیاسیی عێراقیش هەروەها لەوە زیاتر زەحمەت دەبێت، وەکو بەرەنجامێکی دوایین دەیە یان زیاتری حوکمی سەدام. ڕەوتی زاڵ لە عێراقدا بەش بەشبوونی سیاسی بوو تا یەکێتیی سیاسیی. سەدام بەدانی دەسەڵات بەسەرۆک خێڵەکان چەندین تۆڕی دروستکرد لە" قەڵەمڕەویی" بچووک بچووک، کە دەسەڵاتی سەرۆک خێڵەکان لەوێدا بەهیچ شێوەیەک مایەی لێپرسینەوە نەبوو لەلایەن دەسەڵاتی مەرکەزییەوە. حوکمکردن لەڕێی بونیادی خێڵەکییەوە پەرەیدا بە سەقامگیریی ڕژێمەکەی سەدام لەڕۆژە سەختەکاندا و سەدام تەنانەت پڕوپاگەندەی ئەوەشی دەکرد(بەهەندێک

شـــەرعیـــەتپێدانـــەوە) کـــە عەشیرەتەکان سەرچاوەی یـەکێتـی تـائیفیین لـە عێراقدا نەک دابەشبوونی تائیفیی.

چەندین عەشیرەت جیاوازیی تائیفییان تێپەراند بوو. بـۆ نموونـە، خێڵـەکـەی سەدام خـۆی(ئـال بوناسـر) لقێکـی سـوننیی هـەبـوو کـە مـەلبـەنـدەکـەی لـە دەوروبەری تکریت بوو، لقێکی بچوکتری شیعەی هەبـوو لـەنزیـک نـەجـەف. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی "عەشـیـرەتگـەرییـە نـوێ"یـەکـەی سـەدام چـەنـدین دەروازەی نوێی کردەوە بۆ پەرتپەرتبوون. پێدانی چەکـی سـووک و تـۆپ بـە خێڵەکـان چـەنـدین کێشـەی عـەشیـرەتیـی گـۆڕی بـۆ ڕووبـەڕووبوونـەوەی چەکداریی گەورە. لە یەکێک لەو ناکۆکیانەدا کـە چـەنـدین عـەشیـرەت تیایـدا بەشدار بوون لە دەوروبەری ناوچەی کوت، تیایدا هاوەن بەکارهـات کـە بـووە هـۆی کـوژرانی 266 کـەس و بریـنـدار بـوونی 422 کـەس. هـەروەک ڕۆژنامەی زمانحاڵی ڕژێم گووتی" ئەو عـەشیرەتانـە چـەکیـان پێدرابوو کـە شەڕی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن...... نەک شەڕی نێو خۆیان" [172]

لابردنی ڕژێمی سـەدام بۆشـاییەکـی بـەرچاوی لـە دەسـەڵات بـەدوای خۆیـدا هێنا. تەنها عەشیرەتەکان وەکو تاکە بونیادی کۆمەڵایەتیـی تـەبـا ماونـەتـەوە. لێرەوە، بێشک ڕۆڵی سەرەکیی دەبینن وەکو خودان هێـز لـە ناوچـەکانیانـدا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کـە زۆر لـە خێڵـەکـان هێـزی میلیشـیای چـەکـداری تایبەتیی خۆیان (زۆر باش پڕچەککراو) هەیە، ئەگـەری کێشـمەکـێش لـەنێـو خێڵەکان لەسەر دەسەڵات گەڵێک زۆرە. بە نەبـوونی دەسـەڵاتێکـی مـەرکـەزی بەهێز کە هەمـوان بـەیـەکـەوە کۆبکاتـەوە، بونیـادە خێڵـەکییـەکـان ئیمکـانی ئەوەیان نییە کە بناغەیەکی بڕواپێکـراو دابـین بکـەن بـۆ گـەشـەسـەندنێکی سـەقامگیریی سیاسـیی لـە عێراقـدا. ئـەگـەری ئـەوەش زۆر دوورە خێڵـەکـان بەخواستی خۆیان لیبڕاڵ دیموکراسیی و دەسەڵاتی یاسا قبووڵ بکەن.

ساڵانی 1990، شانبەشانی هەستانەوەی بـەختـی عـەشیـرەتـەکـان، شـاهێدی سەرهەڵدانەوەیەکی بەرچاوی سـۆزی ئـایینی بـوون لـە نێـو شـیعەکانـدا، کـە پاڵنەری سەرەکیی کەسایەتی کاریزمـایی ئایـەتوڵا محـەمـەد سـادق ئـەلسـەدر بوو. وەکو هەڵبژێردراوێکی ووریـای ئـەزمایشـکراو لـەلایـەن ڕژێمـەوە، بـۆ ئەوەی جێگـەی ئایـەتوڵا ئـەلخوئی نـەجـەف بگرێتـەوە، سـەدر واچـاوەڕوان دەکرا کە بەرە و ڕژێم دابیشکێنیت، کـەچـی ئـەو هـەر لـەسـەرەتـاوە هێڵێکـی سەربەخۆی گرتـەبـەر. وتـار و وەعـزەکـانی کـە هـەزاران نوێژکـەر ئامـادەی

دەبوون، هەرچی زیاتر ڕەخنەبوون لە ڕژێم لەماوەی سالآنی 1990 دا، لەوەش گرنگتر، سەدر سەرکەووتوانە چەندین تۆڕی لەشوێنکەوتوانی شیعە پێکهێنابوو کە گرووپە شیعییە جیاجاکانی لەژێر پەرچەمی خۆیدا کۆکردبووە. بەئاشکرا، سەدر خەریک بوو ببێ بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ڕژێم، دوایی باجەکەی بەژیانی خۆیدا و لە 1999 دا(لەگەڵ هەردوو کوڕەکانیدا) کوژران........... کەمترین گومان لەوەدا نییە کە ئەم کوشتنە بەفیتی ڕژێم بوو: بەدڵنیاییەوە خەڵکێکی زۆری شیعە لەو باوەڕەدابوون بەوشێوەیە بووبێت، ژمارەیەکی زۆریش خۆپیشاندان لەچەندین شاری عێراقییدا لەدژی ڕژێم بەرپابوون.
سەدام ئامرازەکانی داپلۆسینی خۆی کۆکردەوە و فیداییەکان و ئەمنی تایبەت و، گاردی کۆماریی بەرێکرد بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە. شاری ناسرییە، لەژێر فەرمانی عەلی کیمیاییدا خرایە ژێر گەمارۆی سەربازیی، پاشان بەبێ جیاوازیی بەتۆپی قورس تۆپبارانکرا. ئەوەی کە لەهەمووی ناڕەحەت تربوو بۆ سەدام ناڕەزایی توندی توێژە شیعییەکانی بەغداد بوو. ئەو ڕۆژەی کە کوژرانی سەدر ڕاگەیەنرا، خۆپیشاندانی دژ بە ڕژێم سەری هەڵدا، ئەویش بەتوندیی لەلایەن فیداییەکانەوە سەرکوتکرا. بەهەمووی، 25 خۆپیشاندەر کوژران و 50 ی تریش بریندار بوون. هەوڵەکانی سەدام بۆ جڵەوکردنی شەپۆلی زیندووبوونەوەی ئایینی شیعە بە بەکارهێنانی ئیسلام وەکو هیزێک بۆ هێشتنەوەی ڕژێمەکەی بۆ دواجار شکستی هێنا.
سەدر، سەرکەوتوبوو لە بنیاتنانی بناغەیەکی بەهێز کە لێیەوە ڕەخنە لە ڕژێم بگیرێت، لێرەوە، ئایینی وەکو هێزێکی سیاسیی خستبووەوە کار. هەر سەرکردەیەکی ئایینیی ئەگەر بتوانێ پەیڕەوی لەڕەوتی سەدر بکات و جڵەوی ئەو هێزە ئایینیە بکات کە لە نەوەدەکاندا پەخش ببووەوە، ڕۆڵێکی سەرەکیی دەبینێت لە داهاتووی سیاسیی عێراقدا. ژمارەکان تەنها خۆیان باس لە چەندایەتییەکان دەکەن. لە 1999 دا، زیاتر لە 2 ملیۆن حەجکەری شیعە سەفەریانکرد بۆ کەربەلا بۆ یادکردنەوەی شەهادەتی حوسێن؛ لە 2001 دا ئەم ژمارەیە زیادی کرد بۆ 2.4 ملیۆن(نزیکەی لە سەدا 20 ی تەواوی دانیشتوانی شیعە مەزهەبی عێراق).[173] سەدام و بەعس زۆربەی 30 ساڵی دەسەلآتیان سەرفکرد لە بەکارهێنانی هەر هۆکارێکی پێویست—چ زۆر لێکردن بێت، ڕاکێشان، یان بەخشیش—بۆبەرگرتن لە سەرهەڵدانی

ئیسلامی شیعە وەکو هێزێکی سیاسیی بەهەیبەت. بەڵام لەو کاتەدا کە رژێمەکەی ڕووخا لە ساڵی 2003 دا، ئەمە رێک ئەو ئەگەرە بوو کە بۆخۆی خوڵقاندی.

بەرەنجام

ماوەی 1988-2003 کۆتایی سەردەمی سەدامی بەخۆیەوە بینی. لە مەی 2003 دا، سەدام چیدی سەرۆکی عێراق نەبوو. وڵاتەکەش ڕێگای درێژ و پڕ مەترسیی خۆی دەستپێکرد بەرە و بوژانەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی. بەبێ گەرانەوە بۆ 35 ساڵ حوکمی بەعس، کەس ناتوانێت لەمەزنی ئەو ئەرکە بگات کە کەوتۆتە پێش ئەوانەی کە دەخوازن عێراق ئاوەدان بکەنەوە. ئەم ماوەیە کۆمەڵگەیەکی تابڵێی پەشۆکاو بەشبەشبووی بەدوای خۆیدا بەجێهێشت—نەک باشترین ژینگەی یارمەتیدەر کە هیچ جۆرە بونیادێکی دیموکراتیی خۆڕاگری تێدا پەیڕەو بکرێت. لەوەش زیاتر، ئەم ماوەیە کەلێنەکانی نێو کۆمەڵگەی عێراقیی گەورەتر کرد بە قووڵکردنەوەی جیاوازیە ئێسنیکییەکانی کورد-عەرەب و بە بەهێزکردنی باڵادەستی سوننە لە سەنتەردا. سەرهەڵدانەوەی گرووپی زیاتر—وەکو عەشیرەتەکان و پێشەوا ئایینیەکان لە باشووردا—ئەمانەش وا دەردەکەوێت کە لەداهاتووی عێراقدا کاریگەر دەبن. میراتی سەدام ئەوە بووە کەکۆمەڵگەیەک بەجێبێڵێت پراوپڕ لە بۆمبی چێنراو بۆ هەر ڕێکخراوێک کە هەوڵی ئەوەبدات دەوڵەتێکی عێراقی خۆڕاگر و تەبا بنیات بنێت کە لەڕێی کۆمەڵێک دەزگای دیموکراتییەوە حوکم بکرێت.

لە هەمووی گرنگتر، پێدەچێت ئەوەبێت کە ئەم سەردەمە دەستپێکردنی دابەشکردنی عێراقی بەخۆیەوە دیت، دامەزراندن و بەدەزگاییکردنی دەوڵەتێکی کوردیی. لەهەموو شتێکدا تەنها بەناو نەبێت، دەریخست کە عێراقییەکان نامۆنین بە چەمکی دیموکراسیی. بەڵام ستراکتۆری دەوڵەتی عێراقیی، بەو شێوەی ئێستای (ئەگەر بەمڵێی قسە بکەین)، یارمەتیدەر نییە بۆ پەرە پێدانی دیموکراسیی. ئەو راستییەی کە کوردستانی عێراق لە (1991) ەوە سەربەخۆیە و بە جیا لە بەغداد کار دەکات، چەند کێشەیەکی بونیادیی دروستکردووە کە وای کردووە زەحمەت بێت بۆ کوردستان بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی بەر لە ساڵی 1991. ئێستا زمانی زاڵ

کوردییه—منداڵانی کورد بەبێ ئەوەی پێویست بکات عەرەبیی فێربن پەروەردەکراون. ئێستا سیستەمی پەروەردە بە کوردیی بە زانکۆ "نیشتمانییەکان" پڕچەککراون کە لە هەموو شارە سەرەکییەکاندا هەن، ئیدارەی کوردییش هێزی سەربازیی خۆی دامەزراندووە. تەنانەت ئەگەر کوردستان" بدرێتەوە بە بەغداد". زۆر ڕێی تێدەچێت کە دژایەتی کوردان لەبەرامبەر بەغداد زیاتر دەبێت لەوەی کە تائێستا بینراوە تەنانەت زیاتر لە کاتی توندترین شۆڕشی کوردا لە ساڵانی 1960 دا. کوردەکان تامی ئازادییان کردووە دەشیانەوێت پارێزگاریی لێبکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هاوتای ئەم بێهێزبوونە لە یەکرپیزیی خاکی عێراقدا، لەبەرامبەریدا بەهێزبوونی گرووپە سوننیە سەرەکییەکانە. چەند عەشیرەتێک جگە لە عەشیرەتەکانی ناوچەی تکریت ئێستا بەهێزن و لەلایەن سەدامەوە بەهێزکراون. لەوەش زیاتر، ئەو عەشیرەتانەش کە لەلایەن سەدامەوە نابووتکرابوون بەدڵنیاییەوە لەدوای ئەوەی کە ئەو نەما دەردەکەونەوە و هەوڵ دەدەن کە پێگەی خۆیان بستێننەوە. عێراق بەبێ سەدام، کۆمەڵگەیەک دەبێ لەگەڵ خۆیدا لەشەڕدایە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە کۆت و پێوەند و تۆقاندنی سەدام لەناودا نەما و هەرکەسە و پەلاماری غەنیمەکانی دەوڵەتی عێراقیی دەدات. سەدام بەرهەمی دەوڵەتی عێراق بوو، بەڵام دەوڵەتی عێراقیش بەشێوەیەکی ڕیشەیی بەو هەمو هێزەوە گۆڕا کە لە کەسایەتی ئەودا بوو. میراتی زیندووی ئەو بۆ ئەمێریکاو بەریتانیا ڕەنگە ئەوە بێت، کە دەوڵەتێک بەدوای خۆیدا بەجێبهێڵێت لە 2003 دا بە نەبوونی خۆی ڕەنگە حوکمکردنی ئەستەم بێت .

بەندی پێنج

شیعەکان

١

پێشەکیی

چەسـپاندنی دیمۆکراسـییەکی ڕاسـتەقینـە لەعێراقـدا سـەرئەنجامەکەی دەوڵەتێک دەبێت کە شیعە تیایدا زاڵ دەبێ. لـەڕووی ژمـارەوە شـیعەکان نزیکـەی 14 ملیـۆن کـەس دەبـن، زۆرینـە (لەسـەدا 60) ی دانیشـتوانی عێراق(بەکوردەکانیشـەوە). ئەمـە بەدڵنیاییـەوە وامانلێدەکات بەوشـێوەیە بـۆی بچـین کـە دانیشـتوانی شـیعە وەکـو قەوارەیـەکی دەنگـدانی تـەبا هەڵسوکەوت دەکـەن لەهـەر هـەڵبژاردنێکی دیمۆکراسـییدا. بـەڵام لـەڕووی مێژووییەوە شیعەکان بەدەگمەن قەوارەیـەکی تـەبابوون، ئەمـەش یارمـەتیی ڕژێمە سوننییە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدای داوە تـا (بەشـێوازی جیـا جیا) جیاوازییە سروشتییەکانی نێو جڤاکی شیعە بقۆزنـەوە بـۆ بـەرگرتن لەدەرکـــــەوتنی ئۆپۆزیســــیۆنێکی شـــیعەی یـــەککگرتوو، لێـــــرەوە بتوانن باڵادەستیی تەواوی خۆیان بەسەر دەسەڵاتدا بپارێزن.
هـەر لەکۆنـەوە شـیعەکان بەتـەواوی بێبەشـکراون لـەنێو ئۆفیسـەکانی بڕیـاردانی دەوڵـەتی عێراقـدا. لـەوەش زیـاتر ئـەوان بەشـێوەیەکی سیستەماتیزەکراو بوونەتە ئامـانج و ڕووبـەڕووی هێـزی داپڵۆسـێنەرانەی حکومەتی ناوەندیی بوونەتەوە.. لەوانـە لـەناوبردنی بەکۆمـەڵ و ئیعـدامی دەستبەجێ و وێرانکردنی ناوچەی بەرفراوانی هۆرەکانی باشوری عێـراق. سەدام سیاسەتێکی بێئامانی چەوساندنەوەی پەیرەو دەکرد لـە داپڵۆسـینی شیعە عەرەبەکاندا بەدرێژایی ماوەی دەسـەڵاتی و بەتایبـەتیی لـە 1988 بەدواوە، پاڵنەری ئەم سیاسەتە ترس بوو لەئەگەری دەسـەڵاتی جـەماوەری شیعە مەزهەب و پشتئەستوور بوو بەنیگـەرانیی عەرەبسـتانی سـعودییە و دەوڵـەتانی تـری کەنـداو سـەبارەت بـە ئەگـەری بڵاوبوونـەوەی نفـوزی سیاسیی ئێران لەڕێگای برا شیعە عەرەبەکانیانەوە.

سیاســـەتی پاراســـتنی دەســەڵاتی حکومــەتی کەمینــەی ســوننە و دوورخستنەوەی شیعە لـە گەیشـتن بەدەسـەڵات سیاسـەتێکی زاڵ بـووە لـەمێژووی کـورتی عێـراق و هـەر ئەمـەش سـیمایەکی دووبـارەبووەوەی مێژووی عەرەبیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بۆ ئەوەی لەوە بگەین کە بـۆچیی شیعە گرووپێکی سیاسـیی پـەراوێزکراوە لەناوچـەی عـەرەبیی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاست و هەروەها لەعێراقدا. بۆ ئەمە پێویستە بـەقوڵایی بـە مێـژووی ئیسلامدا بچینەوە تـا دەگاتـە سـەر ساتە بەراییـەکانی سـەرهەڵدانی ئـەو ئایینە. هەرچەندە، کاریگەرییە مێژووییەکان و میراتی کۆنی جیاکردنـەوەی شیعەگەرایی لەگەڵ کاروبـاری دەوڵەتـدا. تـا ئێسـتاش کاریگـەرییان هەیـە بەسەر سایکۆلۆژیای سیاسیی دیندارە شـیعەکانەوە، مۆدێرنـەش جـارێکی تر تێڕوانینی سیاسیی گەلێک کەسی گۆڕیوە. زاڵبوونی گـەلێک لەمەڵبەنـدە شارنشـینە شـیعییەکان لەعێراقـدا و ئـەو پشـتیوانییەی ئێـران دەیـدات بەڕێکخراوە شیعییەکان و بەتایبەتییش، ئەو دڕندایەتییانەی ڕژێمی سـەدام کـردی لەبەرامبـەر خـەڵکی باشـووردا. تـا ئـەو ڕادەیـە شـیعەکانی تێکـەڵ بەسیاسـەت کـردووە کـە ڕەنگـە ئەسـتەم بێـت لـەعێراقی دوای سـەدامدا پشتگوێ بخرێن.

ئـەوەی زیـاتر مەسـەلەی پێگـەی شـیعەی لەعێراقـدا ئـاڵۆز کـردووە ئـەو ڕاستییەیە کەشیعەکان خۆیان بەناسیۆنالیستی عێراقیی دادەنێن. لەکاتێکدا، چەند ئاراستەیەکی جیاجیای هێـزە سیاسییەکانی شیعە، حکومەتـە یـەک لەدوای یەکەکانی عێراقیان کردوّتە ئامانج. زۆرینەی شـیعە بەگشـتیی هـیچ هەستی بەتاوانباریی نەکردووە لەسەر پەڕاندن و پشتیوانییکردنی ڕەوایی دەوڵــەتی عێراقیــی. بەدڵنیاییــەوە، ئــەوە کێشــەی نوێنەرایەتییکردنــە لەدەوڵەتی عێراقدا وای لـە مەسـەلەی شـیعە کـردووە تـا جیـاواز بێـت و چارەسەرکردنیشی ئەگەرێکی زۆر پڕ چەرمەسەریی بێت بە بەراورد لەگـەڵ مەســەلەی کوردەکانــدا. کوردەکــان تــا دوا ڕادە هــەوڵی ئۆتۆنــۆمیی و کــۆنترۆڵکردنی هەرێمەکــەی خۆیــان دەدەن و کــەمتر لەخــەمی مەســەلەی نەتەوەی عێراقدان. شیعەکان بەپێچەوانەوە، ناسیۆنالیستی عێراقیین.

بۆ نموونە خێڵە شیعەکان زۆر بەچڕیی بەشداربوون لـە شۆڕشـی 1920 دا لەدژی بەریتانییەکان و زۆربەشیان پشتیوانیی دەوڵـەتی عێراقیـان کـرد لەدژی ئێران لەشەڕی ئێران-عێراقدا لە ساڵانی 1980-1988 دا . ئـەو

نموونەیـــــەی دوایـــــی. لەکاتێکدایـــە. بـــواری سیاســـیی شـــیعەگەرایی لەئەوپەڕی برەودا بوو لـەدوای کاریگـەری شۆڕشـی ئیسـلامیی لـەئێرانی دراوسێدا. بەزۆری وەک بەڵگـەی تێکـەڵاوبونێکی سـەرکەوتووانەی شـیعە باسدەکریت لەنێو دەوڵەتی عێراقییدا. هەروەها وەکـو بەڵگەیـەکی ئاشـکرا باسـدەکرێت بـۆ پووچەڵکردنـەوەی ئـەو بۆچوونـەی پێیوایـە جیـاوازیی گشتیی هەیە لە نێو شیعە و سوننەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا. لای کەم لەدوو بواری گرنگـەوە. ئـەم جیـاوازیی تائیفییـە شتێکی واقیعییە. یەکەم. لەئاستی سیاسییدا." حیکایەتی" دەوڵەتی عێراقیـی هەر لەبـەرایی دروسـتبوونی خـودی دەوڵـەتی عێراقـەوە لەلایـەن کەمینـەی سـونییەوە داڕێــژراوە. زنجیرەیـەک لەحکومــەتی یــەک لــەدوای یــەکی پانعەرەبیی و بە زۆریـی سـێکیولار و. سـوننی سـالار. هەمیشـە لەهـەوڵی ئەوەدا بوون ئایدێنتیتیی عێراق لەدەوری چەنـد بیرۆکەیەکـدا داڕێـژن کـە زۆر بەکـەمیی جێگـەی بایـەخی زۆرینـەی شـیعە بـوون(بـۆ نموونــە. پانعــەرەبیزمێکــی ناحــەز virulent و ســیکیۆلارێکی ڕووپامــــایی .(avowed

بەپێچەوانــەی دابەشـبوونی ئێسـنیکی کـوردیی/عـەرەبیی. دابەشـبوونی سونیی/شـیعیی لەسـەر شـەرعییەتی بنـەڕەتیی عێـراق وەکـو قەوارەیـەکی هـەرێمیی(territorial entity) دانامـەزرێ. بـەڵکوو پەیوەسـتە بـە (ئایدێنتیتی) دەوڵەتەکە خـۆی. بەتایبـەتیی. ڕۆڵـی سیاسـیی گونجـاو بـۆ پێشەوا ئاینییەکان. تا کـوێ عێـراق وەکـو دەوڵـەتێکی ئیسـلامیی حـوکم بکرێت. ئەمانە ئەو مەسەلانەن کە بێشک لەسەر ئاستی جیـاوازی تـائیفیی کێشە دروست دەکەن. دووەم. کە گرنگترە لەوەی پێشوو. ئەو شیعانەی کـە سیاسییانە بیردەکەنەوە پێیانوایە کێشەی بنەڕەتیی کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە مەسەلەی نوێنەرایەتی ناتەواوی شیعەکانە لە سیسـتەمی سیاسـیی عێراقدا.[174] ئەوانەی کە گرنگیی جیاوازیی تائیفیی بەکـەم دەگـرن دەبـێ ئـەوەش بپـەژرێنن. لەکاتێکـدا کۆمەڵگـەی شـیعیی بەشـێکی دانـەبراوە لەبونیادی دەوڵەتی عێراقییدا. شیعەکان هـەرگیز نەبوونەتـە بەشـێکی تـەبا لەنێو ڕیزی بڕیـار بەدەسـتی حکومـەتی عێراقییـدا.[175] پێـدەچێ تەنانـەت لەکێشەی کوردیش زیاتر. کێشەی نوێنەرایەتی شیعە بـۆ چەنـدین سـاڵ و مانگی تر ببێتە مایەی گرنگیپێدان.

شیعەکان کێن؟

بەپێچەوانەی ناونیشانی وەکو" کورد" یان" عەرەب" کە ئاماژەن بۆ ئایدێنتیتییەکی ئێسنیکیی/کولتووریی تایبەت. شیعەگەرایی. شیعە پۆلێنکرنێکی (classification) سۆسیۆلۆژیی سیاسیی. یان کولتووریی نییە.[176] ئەو چەمکانە ئاماژەن بۆ چەند بیروباوەڕێکی ئیسلامیی تایبەت کە لەبیروباوەڕەکانیتر جیا دەکرێنەوە. لەنێویاندا لە هی سوننیەکان. بەلەبەرچاوگرتنی ئەمە" شیعەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست" هەرهێندەی " پرۆتستانتەکانی ئەمێریکای باکوور" قەوارەیەکی چوونیەکن، کە ئەمەش بەزەحمەت گشتاندنێکی ماقوڵ پێکدێنێت.

شیعەگەرایی و شیعەکان، زیاتر لەهەر شتێک دەبەسترێنەوە بە کۆماری ئێران، بەتایبەتیی لەلایەن میدیای خۆرئاواوە. وێنەی ئەو ئایەتوڵلایانەی کە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکا بە" شەیتانی گەورە" ناو دەبەن، دیمەنی هەڵبژێردراوی ئەو شیعانەی لەخۆیان دەدەن و شین و شەپۆڕ دەکەن لەکاتی یادە ئایینییەکانیاندا، هەروەها بەستنەوەی ئێران لەلایەن ئەمێریکاوە بەدەستتێکەڵاوکرنن لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا، هەموو ئەمانە وێنەی شیعەی لەلای خەڵکی خۆراوایی ناشیرین کردووە. لەوەش زیاتر، بەزۆریی وا مەزەندە دەکرێت کە شیعەکان ئێرانیین، کەچیی لەڕاستییدا زۆرێک لە شیعەکان عەرەبن و دڵسۆزی وڵاتە عەرەبییەکانی خۆیانن تا ئێران.

لەگەڵ ئەوەشدا، وروووژاندنی مەسەلەی نوێنەرایەتی سیاسیی عەرەبیی شیعە لە جیهانی سوننەسالاریی عەرەبییدا، وروووژاندنی مەسەلەیەکە کە زۆربەی هەرەزۆری حکومەتەکان پێیان باشترە پشتگوێی بخەن.[177] سروشتی پەیوەندیی سوننیی/شیعیی لەدەوڵەتانی عەرەبیی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا مێژووەکەی کۆنە بەئەندازەی مێژووی ئیسلام خۆی، پەیوەستە بە ململانێییەکی چارنەکراو کە بووەتە واقیعێکی بەدەزگاییکراو(institutionalised) لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. کۆمەڵێک ڕووداو بەر لە هەزار ساڵ، کەبوونە هۆی زاڵبوونی سوننە بەسەر شیعەدا. ئەو سەروەرییە سیاسییەی چەسپاند بۆ سوننەکان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەمڕۆ لەبەرچاوە.

هـــەر هـــەوڵێک بـــۆ چارەســەرکردنی دەرکەوتـــە سیاســییەکانی ناوچەکە لەئێستادا. بێگومان لەئەنجامدا هەڕەشە دروست دەکـات بـۆ سـەر ئەم بارودۆخە چەسپاوەی ئێستا و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نەخشـەی سیاسیی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت.[178] لەعێراقی دوای سەدامدا. کـە شیعەکان ئێستا بازووە سیاسییە تازە پە یدابووەکانیان دەردەخەن. هەست بەترسی رژێمە سوننە سالارەکانی کەنداو بەتایبەتیی دەکەن. ئەگەر عێـراق ببێتــە دەوڵــەتێکی شیعەســالار. بــەرگرتن لەکاریگــەریی یەکســەرەی ئــەم رووداوە بەســەر خۆرهــەلاتی ناوەراســتەوە کــارێکی زەحمــەت دەبێــت. لەبەرئەوە. زۆر گرنگە باســی ئەوەبکــەین چــۆن ســوننە تــوانی ئــەم پێگــە زاڵەی خۆی بەدەست بێنێت بەسەر شــیعەدا—ئەمــەش بــە بــەدواداچوونی سەرەتاکانی ئەو بەشبەشبوونە دەبێ.

بنـاغەکانی دابەشبوونی سوننە/ شیعە

هەر لەدوای دامەزراندنی ئیسلام لەلایــەن پێغەمبــەر محەمــەدەوە لەســەرەتای سەدەی حەوتەم؛ ئایینەکە توشی دابەشبوونێکی گەورە بوو لەسەر مەسەلەی جێگرتنەوەی پێشەوایەتی بەســەر کۆمــەڵی موســوڵمانانندا. لــەدوای کــۆچی دوایی پێغەمبەر محەمەد لە ساڵی 632 ی زاییینیدا. لەسەر مەسەلەی چۆنێتی دیاریکردنی کەسی جێگــرەوەی. جیــاوازی سیاسیــی دەرکــەوت. کۆمــەڵێک لەگەڵ ئەوەدابوو کە خەلیفەیەک لەنێو سەرکردە بەرچاوەکان هەڵبژێردرێت. کۆمەڵی دووەم لەگەڵ دانانی ڕاسەوخۆی زاواکــەی پێغەمبــەر. عــەلی کــوڕی ئەبوتالیب دا بوون وەکو خەلیفە. لەمەوە. شوێنکەوتوانی عەلی بە " شیعەی عەلی"(پشتیوانانی عەلی) ناسران. کە دواتر کورتکرایەوە بۆ "شیعە".[179] ئــەوان پێیــانوابوو عــەلی پەیوەنــدیی نزیکتــری هــەبوو لــەرێی خــوێن و ژنخوازییەوە لەگەڵ پێغەمبەردا. دوایــی قەناعــەتیان وابــوو کــە تــەنها ئــەو کەسانەی لەخزمە نزیکــەکان و نــەوەی محەمــەدن(ئــەهلی بــەیت. "خــەڵکی

ماڵەکـــە") تـــەنها ئـــەوان بەراستی بۆیان هەیـە ببن بەخەلیفە. هـەوڵی عەلی بـۆ پێشـەوایەتییکردنی موسـوڵمانان چەنـدین جـار ڕێگـری لێکـرا. تەنانەت هـەزار سـاڵ بـەر لـە ئێسـتاش. وا دەردەکـەوت ئـەو مەسـەلانەی پەیوەستن بەجێگرتنەوەی سەرکردە سیاسییەکان لەو ناوچەیەدا کـە دوایـی بوو بە عێراق، هـەر ئـەو کاتـە لێوانلێـو بـوون لـە کێبڕکێـی خوێنـاویی و بێئامان. یەکەم خەلیفە ئەبووبەکر بوو دوای ئەو عومەر و دواتر عوسـمان. لەکۆتاییدا عەلی پۆستەکەی لە ساڵی 656 ی زاییندا مسۆگەر کـرد بـەڵام دوای پێنج ساڵ کوژرا. پاشان خەلافەت تەسلیم بە موعاویەی کوڕی ئـەبوو سوفیان کرا. ئەو کەسـایەتییەی کـە شـیعەکان قینیـان لێیـدەبووەوە لەسـەر دژایەتییکردنی لەپێشینەی بۆ پێغەمبەر محەمەد . شـیعەکان لـەجیاتی ئـەوە ئومێدی سیاسییان خستە سەر کوڕەکـانی عـەلی و فاتیمـە(کچـی محەمـەد). حەسەن و حوسێن. حەسـەن کـە لەلایـەن شیعەوە وەکـو" ئیمـامی دووەم" ڕێزی لێدەگیرێت.[180] لەلایەن موعاویەوە بەزۆر خانەنشین کرا، لە مەدینەدا. بەر لەوەی بەفێڵی خودی خەلیفە ژەهر خواردوو بکرێت.
لـە 680 دا موعاویـە مـرد. بـەڵام لەلایـەن کـوڕە ملهوڕ و بەدکارەکەیـەوە جێگەی گیرایەوە. لە کاتێکدا کە ماڵبـاتی موعاویـە لـە قۆنـاغێکی بێهێزیـدا بوو. شیعەکانی کوفە ئەمەیان بەهەل زانی بۆ گەڕاندنەوەی ئەهلولبـەیت بـۆ پێگـەی سـەرکردایەتیی و پـەیامێکیان نـارد بـۆ حوسـێن کـە لـە مەککـە دادەنیشت. تاوەکو سەرکردایەتی شۆڕشێکی شیعە بکات و داوای خەلافەت بکاتەوە بـۆ شـیعە. حوسـێن هـەرگیز نەگەیشـتە کوفـە. بـەڵکوو خـۆی و دەستەیەکی بچووک لە شوێنکەوتووەکانی لەلایەن هێزەکـانی یەزیـدەوە لـە کەربەلای عێراقی ئێسـتادا ڕێگـەیان لێگیـرا. حوسـێن کـوژرا و لایـەنگرە دیلکراوەکانی بەرەو کورسی دەسەڵاتی یەزید بـەڕێخران بـۆ دیمەشـق و لەوێ دەستبەسەر کران.[181]
لێرە بـەدواوە شـیعەکان بـە بـەردەوامیی بوونـە ژێردەسـتە لـە کاروبـاری دەوڵـەتی ناوچەکـەدا. سـوننەکانیش هەمیشـە سەردەسـتەبوون لەحکومەتـە یەک لە دوای یەکەکاندا لە دیمەشق و پاشان لە بەغداد. بـەڵام بزوتنـەوەی شیعەکان بە شکسـتەکەی شـەڕی کەربـەلا بنبـڕ نـەکرا. لـەجیاتی ئـەوە. هەستکردن بە ناعەدالەتیی و ڕق و کینە لەبەرامبەر خەلیفە سوننەکاندا هـەر لەزیاد بووندا بوو. بە مردنی حوسێن لە کەربـەلادا. عێـراق ئـەو قۆناغـەی

دەستپێکرد کە تیایدا بوو بە مەڵبەندی لەدایکبوونی شیعەگەرایی.[182] هاوشان لەگەڵ ئەمانەدا ئەو قەناعەتەی کە خەلیفە سوننییەکان گەندەڵ و بەدکاربوون، زۆربەی موسوڵمانانی باشووری عێراق ڕوویانکردە شیعەگەرایی، بەتایبەت لەسەدەکانی 18 و 19 دا. ئارامگای عەلی و حوسێن و 4 لە 12 ئیمامەکە لەشارە پیرۆزەکانی عێرقدان—نەجەف(کە عەلی تێدا نێژراوە)، کەربەلا(کە ئارامگەی حوسێنە)، کازمیە(لە نزیک بەغدا)، و سامەڕا. ئەمانە هەموو عێراقیان کردووەتە چەقی قورساییەکی حاشاهەڵنەگر لەجیهانی شیعەدا.

چیرۆکی شەڕی کەربەلا و سەربڕینی حوسێن بوو بە خاڵی کۆبوونەوەی شیعەکان، دوای حوسێنیش کوڕەکانی و ئەندامە بەدوایەکدا هاتووەکانی ماڵباتەکەی جێگەیان گرتەوە. زنجیرەی ئیمامەکان بەگوێرەی مەزهەبی" دوازدەیی" شیعەگەرایی، لە دوازدە ئیمام پێکدێت هەر لەدوای مردنی پێغەمبەرەوە. شیعەکان باوەڕیان وایە کە" ئیمامی دوازدەهەم" (محەمەدی مەهدی)، لە ساڵی 874 دا لەلایەن خواوە بەرزکراوەتەوە و شاردراوەتەوە تاوەکو ڕێگە لەکوشتنی بگرێت. پیاوە ئاینییەکانی مەزهەبی دوازدەیی لەو باوەڕەدان ئەو ئیمامە هێشتا زیندووە و لەداهاتوووشدا وەکو " مەهدی"— ئەو کەسەی کە خوا ڕێنوێنیی دەکات—دەگەڕێتەوە و حوکمی کۆتایی دەدات.[183] لەمەوە، دەسەڵاتی کۆتایی بەلای شیعەکانەوە لەدەستی ئیمامی ونبوودا دەمێنێتەوە.

لەو کاتەدا- کە ئیمام بەشێوەیەکی کاتیی ونە، پێشەوایەتییکردنی کۆمەڵی شیعە لەئەستۆی" زاناکان" یان" مەلاکان" دا بوو. هەر زانایەک" عالمێک" کە زاناکان بە کەسێکی تەواو تێگەیشتوو و فێربووی دە زانن، ناونیشانی" موجتەهید" هەڵدەگرێت، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە توانای" ئیجتیهادی" هەیە، توانستی بەکارهێنانی یاسا ئیسلامییەکانی بۆ مەسەلەی جیا جیا هەیە. ئەو پێگەیەی کە دەسەڵاتی ئاینیی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسییدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەستەمە دەستەبەر بکرێت. بۆیە باوەڕپارە شیعەکان شوێنی موجتەهیدە باڵاکان دەکەون وەکو کەسانی سەرچاوەی شوێنکەوتن، یان" مرجع التقلید"{ لەدەقە ئینگلیزییەکەدا بەمشێوەیە نووسراوە} باڵاترین مەرجەعی شیعە لە عێراقی

ئێسـتادا. ئایەتوڵلا(ئەبولقاسم خوئیی)ە. بەدوای ئـەودا. ئایەتوڵلا(سەید عەلی سیستانی) دێت لە نەجەف.[184]
لەڕووی سیاسییەوە ئـەم شـوێنکەوتنەی کەسـایەتییە باڵاکـان زۆر گرنگـە، چونکە کەسی شیعە ئازادن لەوەی شوێن فەرمایشتەکانی هـەر مەرجـەعێک بکەون، بەبێ گوێدانە شوێنی جیۆگرافیی. کاریگـەریی ئـەوە لەوەدایـە کـە کۆمەڵگەیـەکی جـوڵاو و چـالاک دەخولقێنێـت، کـە چەنـدین جەمسـەری دەسەڵاتی ڕۆحیی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەڕووی سیاسییەوە ئەمـە بووەتـە هـۆی پەیـدابوونی بونیـادێکی پارچەپارچـە و لێکـدابڕاو، کـە لەخزمـەتی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسیی شیعەدا نییە. ئەم ڕووە فـرە جەمسـەرییەی شیعە ڕووکارێکی سەرەکیی کۆمەڵگاکەیانە.
لەمـــەوە، دوورخســـتنەوە لـــە دەســـەڵات و نفـــوز لـــەدەزگای ئیـــداریی دنیاییدا(وەکو حکومەت)، ڕووکارێکی بەرچاوی مێژووی شیعەیە. تەنانـەت لـەوەش زیـاتر بووەتـە نیشـانەی ناسـینەوەی شـیعە خـۆی. شـیعەگەرایی گەشـەی سـەندووە بـەنێو توێژێـک لـە خـەڵکی چەوسـاوەو بێبەشدا، کـە لەسـەر مـۆدێلی دوورخسـتنەوەی حوسـێن و باڵادەسـتبوونی سوننە دامەزراوە. لێرەوە، ناکۆکییەک هەیە لەنێوان سیۆلۆجی{ لاهـوتیی- خواناسیی} ناسیاسیی(apolitical theologyl) شیعە و هەڵپەی شیعەی بـە سیاسـییکراو بـۆ بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات لـەو ولاتانـەدا کـە تیایـدا نیشتەجێن، لەوانەش عێراق. ئەو شـیعانەی کـە ئامـانجی سیاسـییان هەیـە دەخـوازن جڵـەوی حکومـەت بگرنـە دەسـت. بـەڵام ئایینەکـەیان لەسـەر پەراوێزخسـتنی پێشـوویان لـە حکومـەت و هـەوادارییان بـۆ ئیمامـە نەیارەکانی هەزار ساڵ پێشوویان دامەزراوە.
چارەسەرەکەی ئایەتوڵلا ئێرانییەکان، بە پێشڕەوایەتی ئایەتوڵلا خومەینی بـۆ کێشـەی مسـۆگەرکردنی شـەرعییەتی سیاسـیی بـۆ پێشـەوا ئایینیـە شیعەکان، ئەوەبوو زاناکان بکرێن بـە وەکیـل بـۆ گرتنـە ئەسـتۆی ئەرکـە ئایینیـەکانی ئیمـامی بـزر و ئامادەنـەبوو. ئەمـەش بۆخـۆی مانـای سـەرکردایەتییکردنی ژیـانی سیاسـیی کۆمەلایـەتی(socio-political) دەوڵەت بوو.[185] بەپێچەوانـەوە لـە عێراقـدا، ئایـدێنتیتیی سیاسـیی شـیعە نـەیتوانیوە ئـەم کێشـە ناوەکییـە چارەسـەر بکـات و شـیزۆفرینیاییانە schizophrenic دەردەکەوێت، بە جۆرێک کە هێزەکانی مۆدێرنە هـانی

زۆرینەی شیعە دەدەن تا شوێنی دەسەڵاتی لاچووی حکومەتیی بگرنەوە، کەچیی دەزگا کۆنە ئایینییەکان دوودڵن لەوەی کە ڕۆڵی سیاسیی ئاشکرا بگێڕن. کەسایەتییەکی گەلێک ئامادە و خودان توانستی فیکریی دەوێت تا بێت و ئەم دینامیکە بەرووکار دژبەیەکانە کۆبکاتەوە لە سایکۆلۆژیای شیعەی عێراقیدا.

ئەگەر شیعەکانی عێراق بە جیا دابنێین لەوانەی ئێران ئەوە ژمارەیەکی بەرچاون لەنێو خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا. ژمارەی دانیشتوانی شیعەی عێراق زیاترە لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی رەچەڵەکی ولاتانی(ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو—GCC). دووەمین گرووپی شیعە لەگەورەییدا لە لوبنانە، بەڵام ژمارەی ئەوان تەنها دەیەکی ژمارەی شیعەی عێراق دەبێت.[186] بۆیە، شیعەی عێراق گرووپێکی سیاسیی گرنگن لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا. کەچیی ئایدێنتیتییان لەهەر گرووپێکی تری ناوچەکە زیاتر تووشی بەدحاڵیبوون هاتووە(هەندێکجار بەئەنقەست) هەروەها خواستەکانیان بەکەم گیراوە. لێرەوە، جێگەی خۆیەتی کە وێنەیەکی نزیککراوەی شیعەی عێراق بکێشین لەڕووی ئایدێنتیتیی گشتیی و تێروانینی سیاسییانەوە.

گەشەسەندنی شیعەگەرایی سیاسیی لە عێراقدا

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی گەشەسەندن و مێژوو و دینامیکیەتی پێگەی شیعەی عێراق لەدەوڵەتێکی سوننەسالاریدا کارێکی ئاڵۆزە. رێکخستنی سیاسیی شیعە تایبەتمەندییەکی ناجێگیری هەیە. کە ڕەنگدانەوەی سروشتی فرە جەمسەرییە لەدەسەڵاتی ئایینیی شیعەدا. لەکاتێکدا کوردەکان لەدەوری بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردییدا یەکگرتوو بوون(تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لە ململانێدا بوون). ئامانجێکی کۆکەرەوەی وەها نەبووە تا وەکو نێوەندێک کار بکات بۆ یەکخستنی شیعەکان لەڕووی سیاسییەوە. لەدواییدا ئەوانیش عەرەبن و کێشەیەکی وەهایان نییە تایبەت بە شەرعییەتی دەوڵەتی عێراقیی. زیاد لەوەش، دامەزراوەی ئایینی شیعە ڕقی لە تێکەڵاوبوون بە بواری سیاسیی و سێکیولارییە. لەمەوە بنکەی سەرەکیی ئایدێنتیتیی مەزهەبیی جیا دەکاتەوە

له سەرکردایەتی چالاکی سیاسیی میلیتانتیی کە بەناوی شیعەوە ئەنجام دەدرێت.
بە درێژایی مێژوو، رژێمە سوننییەکان بالادەستی سیاسیی خۆیان بەوە راگرتووە کە شیعە بە لاوازیی و پارچەپارچەیی بهێڵنەوە. چەندین تەکنیکی جیاجیا خراوەتە کار—راکێشان و خەلاتکردن و سزادان—بۆ بەرگرتن لەدەرکەوتنی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی تەباو یەکگرتوو کە بتوانێت ململانێی بالادەستیی سوننە بکات. کلیلی ئەم ستراتیژییە، بەرگرتن بووە لە بەسیاسییکردنی دامەزراوەی ئایینیی شیعەی عێراقیی (حەوزە)، و بەمەش بەردەوامیی بدەن بە گۆشەگیرکردنی سیاسیی ئەو دامەزراوەیە لە جەماوەری شیعە. ترسی رژێمە سوننییە یەک لەدوای یەکەکان و بەتایبەتیی رژێمی سەدام، نە خودی حەوزەو نە جەماوەری شیعە بووە، بەڵکوو ترس بووە لە ئەگەری ئەوەی کە هەردووکیان پێکەوە بزوتنەوەیەکی سیاسیی جەماوەریی دەستپێبکەن لەدژی بەغداد.
لەکاتێکدا نە حەوزە و نەجەماوەری شیعە هەڕەشە نین بۆ بالادەستیی سوننە هەتا بەشبەش بن، بەلام مەسەلەکە شتێکی تر دەبێت کاتێک کەسایەتییەک یان رێکخراوێک ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە و سەرکەوتوو دەبێت لە بەسیاسییکردنی حەوزە و بەرۆحانییکردنی جەماوەر. دیارترینی ئەو کەسایەتیانە محەمەد باقر سەدر بوو(1935-1980). ئەو مەرجەعە ئیلهامبەخشەی کە بەکۆکردنەوەی ئایین و سیاسەت لەرێگەی حیزبی دەعوەی ئیسلامییەوە، خەریک بوو بەرەنگارییەکی جدیی دروست دەکرد لەبەرامبەر رژێمی بەعسی دەسەلاتداردا.[187] هەروەک چۆن ئەوانەی کە سیاسەتی کوردیی شیدەکەنەوە پێویستە لە هەلسەنگاندنی مەلا موستەفای بارزانیی و پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە دەستپێبکەن، بۆ تێگەیشتنیش لە دینامیکیەتی شیعەگەرایی هاوچەرخ لەعێراقدا زەرورە شوێنپێی گەشەسەندنی کۆنترین حیزبی شیعی —حیزبی دەعوە-- و سەرەکییترین داڕێژەری ئایدۆلۆژیای ئەو حیزبە—ئایەتوڵلا محەمەد باقر سەدر هەلبگرین.[188]

دامەزراندنی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی

دەتوانین سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعەگەرایی سیاسیی چەکداریی بگێڕینەوە بۆ ئەو نائارامییەی کە لەدوای رووخانی پاشایەتی لەساڵی 1958 دا باڵی بەسەر عێراقدا کێشا.[189] یەکەم و رەنگە گرنگترین بزوتنەوەی سیاسیی شیعیی حیزبی دەعوە بوو. کە لەکۆتایی ساڵانی 1950 دا لە نەجەف دامەزرا. یەکەم سەرکردەی کۆماری عێراق— عەبدولکەریم قاسم-- لەرادەبەدەر پشتی بەست بەهێزی رێکخستنی حیزبی شیوعیی عیراقیی بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی و بۆ دزەکردنە ناو دامەزراوە ئاینییەکانی شارەکانی نەجەف و کەربەلا. دامەزراوەی ئاینیی شیعە بەسەرکردایەتی ئایەتووڵڵای عوزما موحسین ئەلحەکیم کە رووبەڕووی سەرهەڵدانی چەند هێزێکی سیاسیی" خوانەناس" بووەوە. کەوتەخۆ و پشتیوانیی لە دامەزراندنی قەوارەیەکی شیعیی کردەوە کە بتوانێت بەرەنگاری ئەم شالاوە سێکیولارییە ببێتەوە بۆ سەر خەڵکی شیعە.

ئەو رێکخراوەی کە دواتر نیگەرانە سیاسییەکانی دامەزراوەی ئاینیی دەگۆڕێت بۆ کرداری سیاسیی لەنێو جەماوەری شیعەدا، حیزبی دەعوە دەبێت.[190] بۆچوونەکان لەنێو حەوزەی شیعەدا دابەشبوون لەنێوان ئەو کۆنەخوازانەی کە دەیانویست جیاوازییەکی روون رابگرن لەنێوان هەردوو بواری سیاسیی و ئاینیدا. هەروەها ئەو هەڵسوڕاوانەی کە دەیانخواست هاوسەنگی هێز لەناو دەوڵەتی سوننەسالاری عێراقدا دووبارە دابڕێژنەوە. دەستەی دوایی بانگەشەی دەکرد بۆ بەشداریی سیاسیی شیعە و کۆمەڵەی زانایانیان~ لە نەجەف دامەزراند بۆ ئەوەی وەکو رووکارێک کار بکەن لەنێوان دامەزراوەی ئاینیی شیعە و گرووپە سوسیۆئابوورییە (socioeconomic) جیاوازەکاندا.[191] هێزی حەوزەی شیعە و ئەو کاریگەرییەی کە دەکرا هەیبێت بەسەر سیاسەتی نیشتیمانییەوە زۆر بەروونی دەرکەوت لەدوای ئەوەی ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم فەتوایەکی دەرکردو قەدەغەی کرد موسوڵمانان بچنە ریزەکانی حیزبی شیوعییەوە. ئەمەش بۆخۆی قاسمی ناچار کرد واز لە هاوپەیمانێتییەکەی بهێنێت لەگەڵ شیوعییەکاندا.

هێشتا پێویستیی بەئاراستەی دنیایی زیاتر دەکرد لەدامەزراوەی ئاینیی شیعە بۆ دەستنیشانکردنی رێگەچارەی سیاسیی و ئابووریی بۆ

کێشـــــەکانی کۆمەڵگـــــە. محەمەد باقر سەدر کەسایەتییەکی گرنگ بـوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. لەو ماوەیەدا سەدر مەلایەکی گەنج بوو کە لەگـــەڵ کۆمەڵـــەی زانایانـــدا کـــاری دەکـــرد وەک سەرنووســـەری بڵاوکراوەکانیـان. ئـەو بەرپرسـیار بـوو لـە دەستنیشـانکردنی زۆر لـە لایەنەکانی پێکهاتەکانی حکومەتێکی ئیسلامیی. کارەکانی لە بڵاوکردنەوەی کتێبی فەلسەفەتونا (فەلسەفەی ئێمە) دا لە سـاڵی 1959 دا بـە دواییهـات. کە تیایدا ڕەخنەی لـە کۆمـۆنیزم دەگـرت. لەدوای ئـەم نوسـینە لـە سـاڵی 1961 کتێبی ئیقتیسادونا(ئابووریی ئێمە) هـات. کـە تیایـدا تیۆرییـەکی لەمـەڕ ئـابووریی ئیسـلامیی پێشکەشـکرد و هێرشـیکردە سـەر هـەردوو تیۆرییە ئابوورییەکانی کۆمۆنیزم و سەرمایەداریی. کتێبەکان زۆر بەباشـی پێشوازیان لێکرا لەلایەن جەماوەری شیعەوەو سەرکەوتوو بوون لە هەرچی زیاتر دادمانی ورەی شیوعییەکاندا.[192]

یەکەم کوودەتای بەعسییەکان لە 1963 دا. بەدواییدا حکومەتەکانی عارف هـاتن لـەنێوان سـاڵانی 1964 و 1968 دا. لـەو ماوەیـەدا شـیعەگەرایی سیاسیی دەسکەوتەکانی خۆی چەسپاند و بواری بۆ دەعوە ڕەخسـاند کـە پەرە بستێنێت.[193] ڕژێمی تازە خۆی بە قـەرزاری کارەکـانی دامـەزراوەی شیعە دەزانی لە ناوزڕانـدن و بێهێزکردنی پێگەی حیزبی شـیوعی عێراقیـی و لەمەوەش بێهێزکردنی هەرچی زیاتری پێگـەی قاسـم. بێشـک، حـەوزەی شیعە پێدەچوو هێنـدەی بەعسـییەکان دڵگـەرم بێـت بـۆ لـەناوبردنی هـەر شیوعییەکی گومانلێکراو لەدوای کوودەتاکـەی 1963. بـەڵام نیشـانەکانی ململانێ ئاشکرابوون. کـە دەعـوە ڕێـژەی ئەنـدامێتیی و نفـوزی سیاسـیی زیادکرد لە نێـو جـەماوەری شـیعەدا. سـەنتەر و کتێبخانـەی ئـایینی نـوێ دامەزران لە سەرتاسەری عێراقدا. بوو بە هەڕەشەیەکیش بۆ ڕژێمی بەعسی سۆشیالیست و پانعەرەبییست و سێکیولارییست کـە لـە سـاڵی 1968 دا دەسەڵاتی زەوتکردبوو.

بەرەو داپڵۆسین

حکومەتی تازە کە سەدام حوسێن تیایدا جێگری سـەرۆک بـوو، هـەرزوو گلایە ناو کێشمەکێشێکی زۆر سەختەوە لەگەڵ ئێراندا. ئەمەش بـەرەنجامی خەتەرناکی هـەبوو بـۆ شـیعەکانی عێـراق.[194] ئـەو کاتـەی کـە ئایـەتوڵڵا

ئەلحەکیم ڕازی نەبوو بە مەحکوومکردنی شای ئێران دوای ئەوەی سەرۆکی عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر داوای لێکرد. لەو کاتەوە چارەنووسی شیعەکان دیاریکرا. ڕژێم کە تووشی ببوو بە تووشی دامەزراوەیەکی ئایینیی ئامانجدار، جەماوەریی و لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە نەیاری ڕەوتی سۆشیالیستیی و سێکیولاریی بەعس. نەخشەی کێشا بۆ لەنێوبردنی سیستەماتیکیانەی هێزە سیاسییەکانی شیعە و بەتایبەتیی نفوزی حەوزە. قوتابخانە ئایینییەکان و حوجرەکان داخران و بڵاوکراوەکانیان لە بازاڕ هەڵگیرانەوە. کوڕەکەی ئایەتوڵڵا ئەلحەکیم گیراو ئەشکەنجە درا. کەسایەتییە شیعە ناودارەکان لەلایەن ڕژێمەوە لەنێوبران. خوێندنەوەی قورئان لەسەر تەلەفزیۆن ڕاگیرا و فێرکردنی ئیسلامیی لەپەیڕەوی قوتابخانەکاندا لابرا.[195]
هەتا ئەم کاتە حیزبی دەعوە و سەدر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە جیانەکرابوونەوە و حیسابێکی تایبەتییان بۆ نەکرابوو. ڕژێم لەجیاتی ئەوە قورسایی هەوڵەکانی خستبووە سەر حەوزەی نەجەف و ئەو بێگانانەی (بەزۆریی ئێرانییەکان) کە گومان هەبوو لە دڵسۆزییان بۆ بەغداد. ئەمە پاشان گۆڕا. ئەویش دوابەدوای مردنی ئاسایی ئایەتوڵڵا ئەلحەکیم لە جونی 1970 دا و جێگرتنەوەی بە ئایەتوڵڵا ئەبو ئەلقاسم ئەلخوئیی. ئایەتوڵڵای تازە لەم پێگە باڵایەیدا. بڕیاریدا کە ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت کە حەوزە پێی باشە. لێرەوە خۆی بەدوورگرت لە کێشمەکێشی سیاسیی. سەرکردایەتییکردنی هێزە سیاسییەکانی شیعەگەرایی لە عێراقدا بۆ سەدر بەجێهێڵرا. لەدوای ئەوەی کە پێگەی جێنشینی ئەلخوئیی پڕکردەوە و خۆیشی بوو بە ئایەتوڵڵا ئەلسەدر. بۆ ئەوەی ببێ بەسەرکردەی ئەو هێزانەی شیعەگەرایی سیاسیی لە عێراقدا.[196]
سەدر سەیریکرد سوود لە سۆزی سیاسیی میانەڕەوانەی شیعە وەرنەگرێت. ئایەتوڵڵا خومەینی. کە ئەو کاتە ئاوارە بوو لە نەجەف دوای ئەوەی لەلایەن شاوە لە ساڵی 1964 لە ئێران دەرکرا بوو (یەکەمجار بۆ تورکیا و دوایی لە ساڵی 1965 ڕۆیشت بۆ عێراق). لە لوتکەی شیعەگەرایی سیاسییدا بوو. بانگەوازی مەزهەبیی دەکرد. لەو سەرەوە ئایەتوڵڵا ئەلخوئیی هەوڵی دەدا کە سۆزی شیعە هەرچی زیاتر ڕابکێشێت بەرە و ئاراستەی ئایینیی تا سێکیۆلاریزم. سەدر لە ناوەڕاستدا بوو.

وەکوو عەرەبێکیش بوو بە جەمسەری شیعەی عێراقیی. لەگەڵ زیادبوونی ناو و ناتۆرەی حیزبی دەعوە. لە ئان و ساتی ئەوەدا بوو کە رژێمی بەعس دەست بداتە داپڵۆسینی.

لەساڵی 1972 بەسەرەوە. ئەوانەی کە گومانی ئەندامێتی حیزبیان لێدەکرا (دەعوە) زیندانی دەکران و ئەشکەنجە دەدران و هەندێکیشیان لە سێدارە دەدران. ئێرانییەکان رۆژانە دەردەکران و ریگەیان پێنەدەدرا کە سەردانی نەجەف و کەربەلا بکەن. بەمەش دامەزراوەی ئایینی شیعەی عێراقیی لە داهاتێکی دارایی زۆر پێویست بێبەش دەکرا. رژێمی بەعس هاوشانی ئەم رێوشوێنە داپڵۆسێنەرانە. سیستەمێکی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی(social welfare) چڕوپڕی داهێنا. بیمەی تەندروستیی هاتە ئاراوە و کارەباش بۆ گوندە دوورە دەستەکان دابینکرا.[197]

شیعەکانی عێراق بەشێوەیەکی کاریگەر پارچەپارچە و بێهێزکران لەلایەن حکومەتێکی کارامە لە هونەری سوودوەرگرتن لە لاوازیی نەیارەکانی لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆیدا.

ئەو کردارەی کە پێودانگەکانی ژێردەستەکردنی شیعەی لە دەوڵەتی عێراقی بەعسیدا دارِشت لە سەرەتای ساڵی 1977 دا دەستیپێکرد. رژێم ئاهەنگە ئایینییە ساڵانەکانی یادکردنەوەی شەهیدکردنی حوسێنی قەدەغە کرد. لەگەڵ ئەوەشدا. زیاد لە 30.000 شیعە بە ئاڵا و دروشمی دژە-بەعسەوە لەنێوان نەجەف و کەربەلادا کۆبوونەوە بۆ بەجێگەیاندنی حەج. ئەمەش هەستی سیاسیی دژ بە بەعسی دەرخست. رژێم دوای ئەوەی توشی یاخیبوونێکی لەم چەشنە بوو. هێزی سەربازیی لە دژی حاجییەکان بڵاوکردەوە. ئەو پشێوییەی دوایی لە کەربەلا کەوتەوە و لەسێدارەدانی دوابەدوای خۆپیشاندەرە دیارەکان دوو بزاوتی خولقاند-- کە هەردووکیان کاریگەریی گەورەیان بەسەر شیعەدا هەبوو. یەکەم. خۆپیشاندانەکە و ئەوەی کە بە "راپەرینی سەفەر" ناسراوە. هەردووکیان لەرێگەی کارامەیی رێکخراوەیی مەلاکانی نەجەفەوە پلانیان بۆ دانرابوو. کەڵکیان لێوەرگیرا بوو.

ئایەتوڵڵا سەدر و دەعوە لەپێشەوەی ئەو کەس و گرووپانە بوون کە رژێمی بەعس گومانی دەکرد بزوێنەرە سەرەکییەکانی شیعەگەرایی سیاسیی بن. لە 1977 بەدواوە. سەدر و دەعوە بوون بە ئامانجی

سەرەکیی رژێمی بەعس. دووەم، هەڵسوکەوتی توندی رژێم کەلێنی خستە نێو خودی سەرکردایەتی بەعسەوە، سەدام دوورخستنەوەی ئەوانەی مسۆگەرکرد لە بەرپرسیارێتی کە بە میانەڕەو ناودەبران. ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ پەرەسەندنی سیاسەتی ناهاتووی بەعس لە بەرامبەر شیعەدا بە شێوازێکی زۆر داپڵۆسێنەرانەتر. بەعسیزم وەک ئایدۆلۆژیای زاڵی عێراق خرایە پێش، دەزگا شیعییەکان بە چڕیی کران بە ئامانج لەلایە ن رژێمەوە.

سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامیی عێراق لە نێویاندا سەدر، لەدوای ئەوەی رووبەڕووی زیاد بوونی توندوتیژیی دەوڵەت بووەوە و ورەی بەرز بوو بە سەرکەوتنی شۆڕشەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ئێراندا لە ساڵی 1979، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژانەیان هەڵبژارد لەگەڵ رژێمدا. بەکردنی ئەمە ئایەتوڵڵا سەدر چارەنووسی خۆی دیاریکرد. سەدر لە حوزەیرانی(1979)ە وە تا ئازاری 1980 زیندانیکرا. لەو ماوەیەدا سەدری زیندانیکراو هانی شوێنکەوتووەکانی دەدا لە دژی رژێمی بەعس بووەستنەوە. کێشەکە پتر ئاڵۆز بوو بە سیاسەتی بەردەوامی داپڵۆسین و کوشتوبڕی رژێم، تا ناوەڕاستی 1979 -- 3000 کەس گیرا. بە بەرچاوی جەللادەکانیەوە. سەدر بەردەوام بوو لە کارکردن لەدژی حکومەتی سەدام و لە رێگەی کاسێتی تۆمارکراوەوە بانگەوازی کرد بۆ هەموو عێراقییەکان، بە شیعە و سوننە و کورد و تورکمانەوە. تا یەکبگرن و دەوڵەتێکی ئیسلامیی لەڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە دامەزرێنن.

لەو پەیامەیدا کە پاشان بە" دوا پەیامی" سەدر ناسرا، جەختکردنەوەی لەسەر توندوتیژیی و یەکگرتنی موسوڵمانان ئاشکرایە، کە دەڵێ :" پێویستە سەنگەری شەڕ بگرن، من ئەم بوونەم لە پێناوی شیعە و سوننە وەک یەک تەرخانکرد، لەوەدا کە بەرگرییم لەو پەیامە کرد کە یەکیخستوون و ئەو باوەڕەش کە هەردووکیانی لە لاشەیەکدا ئاوێزان کردووە."[198] گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکان، لەوانە دەعوە، رووبەڕووی ئاپۆڕای ئەو خۆبەخشانە بووەوە کە ئامادەبوون گیانی خۆیان بەخت بکەن لەجیاتی ئەوەی لەژێر زەبری رژێمی بەعسدا بمێننەوە. رێکخراوەکانی تریش لەوانە-- جوند*لئیمام*—(سە ربازانی ئیمام) و—

مونەزەمــــەی عەمــــەلی ئیسلامیی—(ڕێکخراوی کاری ئیسلامیی) بـۆ خەباتی چەکداریی سەریان هەڵدا.[199]

ڕێکخراوی عەمەل هەوڵێک بوو بۆ جەختکردنەوە لەسەر چالاکی سیاسیی لە ئاستی جەماوەرییدا. گرنگە ئەوە بزانین عەمـەل، کـە لەلایـەن ئایـەتوڵڵا محەمـەد تـەقی ئەلمودەریسـیـیەوە سـەرکردایەتیی دەکـرا. ڕێکخراوێکـی کەربەلاییە، کە جەخت دەکاتەوە لەسـەر جەمسـەرە جیۆگرافییـە جیـاواز و پارچەپارچەکانی شیعەگەرایی لەعێراقـدا. لەهەمانکاتـدا. مەڵبەنـدی دەعـوە، نەجەف بوو. ئەم دەستە پاچەییە لەپەرەپێدانی هاوسـۆزیی سیاسـیی لـەنێو سـەرکردایەتی سیاسـییدا. ڕێگـەی گـرت لـە گەشەسـەندنی بزووتنـەوەی سیاسیی شیعەی عێراق.[200] فراوانبوونی گرووپە چەکـدارە ئیسـلامییەکان، پشتئەستوور بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هاوشـان بـوو لەگـەڵ کـرداری ئازایانــە و توندوتیژانــە دژ بــە ڕژێمــی ســەدام. لەناوەڕاســتی 1979 دا(موجاهیدەکان) لەناوەڕاستی خودی بە غدادا هێرشـیان دەبـرد. سـەدام خۆی لە مانگی ئۆگۆستی ئەو ساڵەدا بوو بە ئامانج. دامـەزراوەی ئـاییـنیی کە لەلایەن(کۆمەڵەی زانایانی ئایینیی) لە نەجـەف سـەرکردایەتیی دەکـرا. پشتیوانیی خۆی پیشاندا بۆ خەباتی چەکداریی، لە ئۆکتۆبەردا فەتوایـەکی دەرکرد هانی شەڕیدا لەدژی بەعس. لـەکۆتایی 1979 دا. حیزبـی دەعـوە لیوای چەکداریی خۆی دامەزراند کە ناوی(هێزی شەهید سەدر) بوو.

زیـادبوونی خـەباتی چەکـداریی ئیسـلامیی، درنـدەیی زیـاتری سـەدامی بەدواوە بوو. لە ئازاری 1980 دا 96 ئەندامی دەعـوە لـە سـێدارەدران و ئەندامبوون لەو حیزبەدا کرا بـە تـاوانی گـەورە. لـە ئەپریلـدا. زیـاتر لـە 30.000 شیعە بۆ ئێران دەرکران و لە 8 ی ئەپریلـدا. ئایـەتوڵڵا سـەدرو خوشکەکەی(بنت ئەلهودا) لـە سـێدارەدران. مردنـی سـەدر کاریگەرییـەکی مەزنی هـەبوو بەسـەر بزووتنـەوەی ئیسـلامییدا لـە عێـراق. بزووتنەوەکـە لــەدوای ئــەوەی ســەرکردە ڕوحییەکــەیان لەدەســتداو. پــردی نێــوان شۆڕشـگێڕەکان و دامــەزراوەی ئــایینی ڕووخـا و لەیەکهەڵوەشـا. ڕژێـم بـەردەوام بـوو لەسـەر داپڵۆسین و دەرکردنـی شیعەکان بـۆ ئێـران. لـە سێپتەمبەری 1980 شدا عێراق پەلاماری ئێرانـی داو شـەڕێکی خوێنـاوی 8 ساڵە دەستی پێکرد، کە تیایدا سـەدام هەڕەشـە شیعەی لەسـەر هـەموو خۆرهـەڵاتی ناوەڕسـت نـابوود کـرد. شـیعەی سیاسـیی دوای ئـەوەی

رووبەڕووی ئەم ڕووداوانــە بووەوە بەدوای یەکێک لە دوو ڕێگاکە کــەوت. دوای ئەوەی زۆریان دەرکرابوون و سەرکردایەتییەکەیان پشتی بــە ئێـران دەبەست، ژمارەیەکی زۆر بەرە و ئێران ڕۆیشــتن تــا لــەوێ یەکبگرنــەوە و لەسەر خەباتی دژ بە ڕژێم بەردەوام بن.[201] لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیاریاندا لــە عێراقدا بمێننەوە، چاوەڕێی هەلێکیان دەکرد تــا بــەرەنگاریی دژ بــە ڕژێــم سەرهەلبداتەوە. ئەم جیاوازییە ئەمڕۆش دیارە. ئەوانــەی کــە ڕۆیشــتن بــۆ ئێران، لەڕوی سیاسییەوە پێگەیشتن بەڵام لــە جــەماوەری شیعە دابــڕان و نامۆبوون، بە زۆریی لەلایەن برا عێراقییەکانیانەوە وا دەبینرێن کــە وەکــو داردەستی حکومەتی ئێران هەڵدەسوڕێن.

دامەزرانــدنی ئەنجوومــەنی بــاڵای شۆڕشــی ئیســلامیی لــە عێراق، (المجلس الاعلى للثورة الإسلامية في العراق)[1]

ئەنجوومــەنی بــاڵا لــە 17ی نۆڤەمبــەری 1982 دا دامــەزرا. لەبنەڕەتــەوە دروستکراوی ئێران بوو هــەرواش دەمێنێتــەوە، لــە عێراقیشــدا وا ســەیری دەکرێت. ئەم ڕێکخراوە وەکو بەرەنجامی هەوڵەکانی ئێران بۆ یەکخســتنی بزووتنەوە ئیسلامیە عێراقییە پەرتەوازەکان دەرکەوت.[202] ئەنجوومەنی باڵا پاشــماوەکانی دەعــوە و ئــەو مونەزەماتانــە لــەخۆ دەگرێــت کــە لــە عێــراق هەڵاتبوون، لەگەڵ چەنــد بێلایــەنێکی دیــار و ناســراودا. لەگــەڵ ئەوەشــدا، پەیوەندیی سەرکردایەتی ئەنجوومــەن بەســەرکردایەتی ئایــەتوڵڵا محەمــەد باقر ئەلحەکیم و قەوارە و پێکهاتەکانی تر کەوتە ئاڵۆزییەوە چونکە دەعوە حەزی بە دەستێوەردانی ئێران نەبوو لە کاروبارەکانیــدا. لەمــەوە، گرووپــە پێکهێنەرەکانی سەربەخۆیی خۆیــان پاراســت و خۆیــان دەســتیان بەســەر سەرچاوەی دارایی و پیاوەکانی خۆیاندا ڕادەگەیشت.

---

[1]- لە مەی 2007 دا ناوەکەی گۆڕا بۆ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لە عێراق(المجلس الأعلى الإسلامي في العراق). وەرگێر.

هـــەروەها دەشـــيانتوانی هـــەرکاتێک بيانـــەوێت لەئەنجوومەنەکـــە بکشێنەوە. سەرکردەی ئەنجوومەنی باڵا. ئايەتوڵڵا محەمـەد بـاقر حـەکيم بـوو تـا کوشـتنی لـە مـانگی ئۆگۆسـتی 2004 دا. دوای خـۆی بـرا بچوکەکـەی، ئايـەتوڵڵا عەبدولعـەزيز ئەلحـەکيم جێگـەی گرتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشدا. هێشتا سەرکردايەتی ئەنجوومـەن پتـر پشـت بـەو کەسـايەتييانە دەبەستێت کە پەروەردەی دەستی محەمـەد بـاقر سـەدر بـوون لـە سـاڵانی پەنجاکانی سـەدەی رابـردوودا. گـەورەترين هۆکـار لەپشـت دامەزرانـدنی ئەنجوومـەنی بـاڵاوە شـەڕی ئێـران-عێـراق بـوو. مەبەسـت ئـەوە بـوو هـەروەختێک ئێـران ناوچـەکانی باشـوور بگرێـت بەتايبـەتيی بەسـرە، سەرکردايەتی ئەنجوومەنی باڵا بتوانێت حکومەتێکی کاتيی پێکبهێنێت.[203] تا ئەو کاتە هات، ئەنجوومەن سەرگەرمی ڕێکخستنی ئۆپۆزسـيۆن بـوو لـە دژی رژێمی بەعس . سەدام بەزەبروزەنگێکی بێوێنەوە وەڵامی دايـەوە. لـە ئاياری 1983 دا 90 کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی حەکيم دەسـتگيرکران، شەش ئەندامی دياريان بەبەرچاوی کەس و کاريانـەوە کـوژران. ئەوانـەی مانەوە لەدواييدا تەنها پێنجيان ئازاد کران.[204]

لەگـەڵ ئەوەشـــدا. بەرەنگاربوونـــەوەی ئيسـلاميی هـــەر بـــەردەوام بـــوو. ئەنجوومەنی باڵا وەکـو چـەترێک دەيتـوانی بانگەشـەی ئـەوە بکـات کـە پشـتيوانيی ژمارەيـەکی بـەرفراوانی گرووپـە ئيسـلامييەکانی عێراقيـی لـە پشـتە و هـەروەها دەشـتوانێ بانگەشـەی ئـەوە بکـات کـە يەکخـەری ئۆپۆزسيۆنی ئيسلاميی عێراقی فرە ڕەنگـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا. ئەنجوومـەن خۆيشی وەکو حيزبێکـی سـەربەخۆ ڕەفتـاری دەکـرد. هـەروەها هـەروەک چۆن دوايی لەنەوەدەکاندا کۆنگرەی نيشتيمانی عێراقيـی(ING) گەشـەی سـەند. ئەنجوومـەنيش لەيەککاتـدا چـەترێکی کۆکـەرەوە و قەوارەيـەکی يەککگرتووش بوو. ئەنجوومەن تا 1983 هێزی سەربازی خۆی دامەزراند. کە لە ئەوپەڕی باکووری کوردستانی عێراقدا لـە حـاجی ئۆمـەران لـەژێر سايەی سوپای ئێراندا. جێگير ببوو. هێزەکە کە ناوی فەيلەقی بـەدر بـوو، ئەگـەر مەترسيشـی بـۆ سـەر حکومـەتی عێـراق نـەبووبێت گێچـەڵی بـۆ دروستدەکرد.

لەگـەڵ ئەوەشـدا. ئـەو ڕاسـتييە هـەر وەک خـۆی مايـەوە. "حيزبەکـە" ئەنجوومەنی باڵا. نـەک چەترەکـە {بەرەکـە} لـەژێر کـۆنترۆڵی حکومـەتی

ئێرانییـــدا بـــوو. فەیلـــەقی بەدر لەلایەن سوپای پاسدارانەوە سەرپەرشتی دەکـــرا. فەرمانـــەکانی حـــەکیم دوای ئـــەوەی بەچەنـــدین فلتـــەری ئێرانیـــی دیاریکراودا ڕەتـــدەبوون ئینجـا فەیلـەقی بـەدر وەریـدەگرتن. بێشـک، لـە نەوەدەکانـــدا و لـــەدوای ســـەرهەڵدانەوەی ئۆپۆزســـیۆنی عێراقیـــی حـــەکیم تەنانەت نەیدەتوانی سەردانی فەیلەقی بەدری"خۆی"شی بکـات بـەر لـەوەی پێشتر مۆڵەتی تاران وەربگرێت.[205] لێـرەوە، ئەنجوومـەن ئایدێنتیتییـەکی سێ-لایەنەی وەرگرت. بەر لە هەر شتێک چەترێک بوو. لەبەر ئەوە، تەنها هێندە بەهێز بوو کـە قـەوارە پێکهێنـەرەکانی دەیانخواسـت ببێـت. دووەم، قەوارەیـەکی سـەربازیی بـوو، لـە شـێوەی فەیلـەقی بـەدردا. لەکۆتاییـدا، ئەنجوومەنی باڵا ئامێری سیاسیی بـوو بـۆ خواسـتەکانی بازنـەی نزیکـی ئایەتوڵڵا حەکیم.

سـەرەڕای ئـەوەش کـە ئۆپۆزسـیۆنی ئیسـلامیی لـەدژی سـەدام لـە دوای لەسێدارەدانی ئایەتوڵڵا سەدر زۆر لێکهەڵوەشا بوو، بەڵام ئەو نائارامییـەی کـە بـەهۆی شـەڕی ئێـران-عێراقـەوە خولقـابوو، ڕێگـەی خۆشـکرد بـۆ بەردەوامیی بەرەنگاریی سەربازیی دژ بە ڕژێمی بەعس. شانەکانی دەعـوە بەردەوام بوون لەسەر هێرشەکانیان لە دژی ڕژێم و سەدام خۆی لە ئەپریلی 1987 دا بوو بە ئامانج. گـەڕەکی شیعەنشـینی ئەلسـەورە لـە بەغـداد لـە هێزە حکومییەکان حەرامکرابوو، چونکە لەو شوێنەدا، کە بـوو بەمەڵبەنـدی دەعـوە چالاکییـە نهێنییـەکانیان گـەلێک کاریگـەر بـوون. فەیلـەقی بـەدری ئەنجوومەنی باڵا گەشەی سەند و لە 1988 جارێکی تر لەچەنـد بەشـێکدا ڕێکخرابـووەوە: پیـادە، تۆپخانـە، تانـک و پـارتیزانیی.[206] لەبەرامبـەر تونـدبوونی بـەرەنگاریی ئیسـلامییدا هێشـتا ڕژێـم بـەردەوام بـوو لـە داپڵۆسینی دژنەیارایەتیی خۆی. سەرچاوە عێراقییەکان وا پیشانیدەدەن کە لە نێـوان 5000 تـا 10.000 ئیسـلامیی تـا ناوەڕاسـتی هەشـتاکان کوژران.[207]

ڕاپـــەڕینی 1991ی باشوور

ئۆپۆزسیۆنی شیعە لە دژی سەدام وەکو هی کوردەکان لەگەڵ داگیرکردنـی ناوادەی کوەیت لـە 1990 دا بوژایـەوە. هەرچەنـدە، بزووتنـەوەی شـیعە بێهێزکرابوو . پردی نێوان حەوزە(کە هێشتا لە نەجەف و کەربـەلادا بـوو بە پێشەوایەتی ئایەتوڵڵا ئەلخوئی) و جڤاک بـەر لەسـێدارەدانی ئایـەتوڵڵا سـەدر شـکا. بـەبێ کەسـایەتییەکی کارێزمـایی کـە بتوانێـت ئامـادەیی شۆڕشـگێرانەی جـەماوەری شـیعە بقۆزێتـەوە و جڵـەوی بکـات لەگـەڵ ڕاکێشانی حەوزە بەرە و بواری سیاسیی. بۆ سەدام تاڕادەیەک ئاسان بوو کە بزووتنەوەی ئیسلامی شیعە لە عێراقدا کۆنترۆڵ بکات.

ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی کە لە ساڵی 1991 دا لە باشوور بەرپا بوو لـە دژی سەدام. ڕووداوێکی خۆکرد بوو بەبێ هانـدانی حیزبـە سیاسـییەکان. بەپێچەوانەی ڕاپەڕینەکەی ئوایی کوردان. پارتـە ئیسـلامییە سـەرەکییەکان نەیانتوانی تێکەڵ بەو یاخیبوونە ببن کە سەریهەڵدا. لەکۆتاییدا یـاخیبووە شیعەکان کەوتنـە ژێـر کـۆنترۆڵی دەزگـا شـیعییە کۆنـەکانی دامـەزراوەی ئایینییەوە. کە لە ئایەتوڵڵای عوزما ئەلخوئیـدا خـۆی دەنوانـد. کۆمەڵگـەی مـەدەنیی پارچەپارچـە بـووی شـیعە بـۆ هـەمووان ئاشـکرا بـوو لەگـەڵ شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەدا. ئەو بەسیاسییکردنە زۆرەی حیزبـە چەکـدارە شیعەکان کە بەرەنجامی شەڕی ئێران-عێراق بوو بۆچوونێکی هەڵـەی لـەلا دروسـتکردبوون لەسـەر بـەهێزی بانگەشـەی شۆڕشـگێرانەی خۆیـان. ڕێکخراوەکانی وەکـو ئەنجوومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامیی لـە عێـراق و(تاڕادەیـەکی کـەمتر دەعـوە). لەبـەرچاوی زۆربـەی عێراقییـەکان بـە دەستێکەڵکردن لەگەڵ ئێراندا ناشیرین ببوون.

لەدوای هەشت ساڵی درێـژ و درندانـەی شـەڕ کـە تیایـدا زۆربـەی زۆری عەرەبە عێراقییەکان بەبێ گوێدانە ئایدێنتیتیی تائیفی پێکـەوە بـەرەنگاری هێرشی ئێرانی بوونەوە. حەماسەتێکی کـەم لـەنێو خـەڵکی سـادەی شـیعە هەبوو بۆ ڕاپەڕینێک لەدژی ڕژێمی سەدام کە ئێـران سەرپەرشـتیی بکـات. گرووپە سیاسییە شیعەکانی نەیاری سەدام هەڵەیەکی کوێرانـەیان کردبـوو بـە هاوکـارییکردنی تـاران. بـەڵام چارەیـەکی تریـان نـەبوو—لەمـەوە شەرعییەتی خۆیان لە ناوخۆدا لەدەستدابوو. ئەمە بەتایبـەتیی ئـەو حاڵەتـە بوو کە ئەنجوومەنی باڵا و ئایەتوڵڵا محەمەد باقر حـەکیمی دەگرتـەوە کـە

وتارەکانی دژ بە رژێم لە تارانەوە لەکاتی شەڕی ئێران-عیراقدا هیچی نەکرد جگە لە بەهێزکردنی چەپۆکی سەدام بەسەر کۆمەڵگای شیعەوە. بەچواندنی ئەنجوومەنی باڵا وەکو بووکە شوشەی دەستی ئێران. بانگەشەی سەدام لەسەر کۆنترین خووی مرۆڤایەتی دامەزرا بوو—حەزی پاراستنی خاک و ناوچە. بانگەوازەکەی پشتی دەبەست بە پەیامێکی سادە بەڵام بەهێز: پێویستە سنوورەکانی عێراق لەدژی دوژمنکاری ئێرانی بێگانە بپارێزرێن.

لەم سەرووبەندەدا، شیعەگەرایی ڕادیکاڵ دەکرا وەک تابووری پێنجەمی خائین و خەتەرناک وێنە بکرێت—کە هەڕەشە لە ئاساییشی خاکی عێراقی دایک دەکات. سەدام عەرەبەکانی عێراقی وەها وێنە دەکرد کە بەرگریی لە جیهانی عەرە بیی دەکەن لە دژی ئۆردووی ئێرانییەکان و باسی پاڵەوانەکانی رابردووی دەکرد، وەکو نەبوخوزنەسر کە فەلەستینی داگیرکرد و سەلاحەددینی ئەییوبی کە شەڕی خاچپەرستەکانی کرد.[208]

هەوڵەکانی ئەنجوومەنی باڵا بۆ سەرکردایەتییکردنی ڕاپەڕینی باشوور ڕاستەوخۆ لەخزمەتی رژێمدا بوو. وای لە سەدام کرد ڕاپەڕینەکە وەها وێنا بکات کە هەڕەشەیەکە بە فیتی ئێران لەدژی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتێکی عەرەبیی. ئەمە یارمەتیی ئەوەی دا کە مەڵبەندی سوننەنشین لە دەوری رژێم خۆی تۆکمە بکات و هێز و وزەی لە ڕاپەڕینەکە بڕی. لەمەش زۆر گرنگتر، بەفیعلیی زەمانەتی ئەوەی کرد کە ئەمێریکا نەیاتە هانای یاخیبووەکانەوە. ڕاپەڕینەکە بەزوویی بە ئەوپەڕی دڕندەیی سەرکوتکرا. ڕەنگە هەرگیز ژمارەی تەواوی ئەو شیعانەی کە کوژران نەزانرێت، بەڵام بەگوێرەی سەرهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەدوای شەڕی 2003 ژمارەکە دەبێ لە دەیان هە زاردا بێت.

لە لوتکەی ڕاپەڕینەکانی 1991 دا، رژێم تەنها کۆنترۆڵی 3 پارێزگای دەکرد لەکۆی 18 پارێزگا. رژێمی سەدام ئەو کاتە لە هەرکاتێک نزیکتر بوو بۆ لەناوچوون. سەدامیش وانەکانی ئەوکاتەی لەبیر نەچوون. ڕێکخراوی حیزبی بەعس لە باشووردا زۆر بەخێرایی لێکهەڵوەشا. لێرەوە، بۆ دەستبەسەر ڕاگەیشتنی باشوور، سەدام مۆدێلی سیاسەتی بەریتانیی پەیڕەو کرد بە ڕاکێشان و بەهێزکردنی خێڵەکان. هاوکاتی ئەمە، سەدام

دەستیکرد بە لەناوبردنی ئەو چەکدارە شیعانەی کە مابوونەوە و لەدەرەوەی هۆڕەکانی باشووردا جموجۆڵیان دەکرد.

لەناوبردنی عەرەبی هۆڕەکان

زۆنگاوەکانی باشوور سەروەختێک ڕووبەرێکیان دادەپۆشی کە نزیکەی 20.000 کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبوو لەدەوروبەری بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات لە باشووری عێراقدا.[209] زۆنگاوەکان (مەعدانەکان) ی لەخۆ دەگرت. کە ژمارەیان بەسەدان هەزار دەبوو بۆچوونی شیعییان هەبوو. زۆنگاوەکان هەروەها دەوڵەمەندترین یەدەگی نەوتی وڵاتیان داپۆشیبوو لە کێڵگەکانی مەجنوون و قورنەی خۆرئاوادا کە بە بەڵگەوە بە هەردووکیان 40 تا 50 بیلیۆن بەرمیل نەوتیان تێدایە.[210] شێوەژیانی عادەتی مەعدانییە ڕەسەنەکان پەیوەست بوو بە هەلومەرجی شوێنی ژیانیانەوە. چەند پیشەیەکیان هەبوو لەنێویاندا. ماسیگریی. کشتوکاڵیی بەشی گوزەرانی خۆیان. قامیش کۆکردنەوە و چەند پیشەسازییەکی هاوتای ئەمانە.

ژمارەی زۆنگاوەکان لە هەشتاکاندا بۆ خۆی لە کەمبوونەوەدا بوو بەهۆی ڕاکێشانی ژینگەی شارنشینییەوە کە توێژی گەنج و خوێندەواری کۆمەڵگەی هان دەدا بۆ کۆچکردن. هەرچەندە. ناوچەکە هەر لەزووەوە لە سەرەتای سالانی 1950 وە ببوو بە ئامانجی گەشەپێدان لەلایەن حکومەتەوە لەڕێگەی" پرۆژەی ڕووباری سێیەم" ە وە کە مەبەست لێی ووشککردنی زۆنگاوەکان و بەکارهێنانی خاکەکە بوو بۆ کشتوکاڵ. پرۆژەکە بەهۆی شەڕی ئێران-عێراقەوە لە ساڵی 1980 دا ڕاگیرا. هەرچەندە. کاتێک هێزەکانی ئێران دەستیان گرت بەسەر دوورگەکانی مەجنووندا. سەدام فەرمانیدا بە دەستپێکردنەوەی وشکردنەوەی زۆنگاوەکان و دواتر هێرشی سەخت لەدژی ئێرانییەکان کە تیایدا چەکی کیمیایی بەکارهێنرا. کە لەکۆتاییدا لە ساڵی 1988 دا مەجنوونیان گرتەوە.

گرتنەوەی ناوچەکە و کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ ئێراندا. نەبوو بەمایەی گەڕانەوەی ئاشتیی و ئارامیی بۆ زۆنگاوەکان. لەجیاتی ئەوە. حکومەتی عێراقیی زۆنگاوەکانی وەک مەڵبەندی کاری تێکدەرانە ناساندبوو کە

بووەتـە پەناگـەی فەیلـەقی بــەدری ئەنجوومــەنی بــالا و میلیشــیاکانی دەعوە، لەپاڵ ڕێگەدان بە هاتنەناوەوەی ئێرانییەکان بەناو ئەو سنوورانەی زۆنگاوەکاندا لە هۆرەکانی حوێزەدا کە پاسەوانیکردنی زەحمەتـە. سـەدام هەروەک چۆن بەری بەو هەڕەشەیەی ئێرانییەکان گرت کـە لـە هەڵەبجـەوە دەهات و دەرسێکی دایە کوردەکان کە بۆ چەندین نەوە لە ڕووی فیزیکیـی و سـایکۆلۆژیەوە شـوێنی بمێنێـت. ئاوهـاش دواتـر هـەمان تـاکتیکی بـۆ باشوور بەکارهێنا.

لە دوای شکستی ڕاپەڕینەکـەی باشـوور. هێزەکـانی سـەدام گەڕانـەوە بـۆ زۆنگاوە وێرانەکان. مەعدانییە ڕەسەنەکان بەتاوانی دەستێکەڵکردن، باجی تاکتیکە پێشـووەکانی داگیرکردنــە سـەربازییەکەیان دا. بـەدوای ئەوەشـدا سەرتاپای ژینگە زۆنگاوییەکەیان وشککرا.[211] هەموو چەکێک بەکار هات بـۆ کـۆنترۆڵکردنی زۆنگاوەکـان. تۆپبـارانکردن و هێرشـی ئاسـمانیی و ناپـاڵم و تەقـە لێکـردن بەمەبەسـتی کوشـتن ئەمانــە هــەموو کوشـتاری کوردەکانی وەبیر دەهێنایـەوە لەهەڵمـەتی ئەنفالەکانـدا. هـەروەها بەهـەمان جەماسـەت و زەبــری ســادییانەوە ئــەنجام دەدران. بــە هــەزاران لــە مەعدانییەکان ڕایانکرد بۆ ئێران. لەوانەی مانەوە گەلێکیان لـەنێوبران یـان بێسەروشـوێن کـران. هاشوهووشـی سـتراتیژیی ئـابووریی چـاککردنی زۆنگاوەکــان بــۆ پەرەپێــدانی کشــتوکاڵ بــەدرۆ دەرچــوو. ناوچــە وشککراوەکان کـەمترین بەڵگـەی سـەرکەوتوویی زەوی چـاککردن بـوون. ڕاپۆرتی تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەتوندی ئامـاژەی بـەوەدا کـە ئەمــە" بەڵگەیــەکی حاشـاهەڵنەگری کـاولکردنێکی بـەرفراوان و مەینـەتی مرۆییە"[212]

بوژانەوەی ئایدێنتیتیی هاوبەشی شیعە

مەسەلەی شـیعەکانی عێـراق لـە مـاوەی سـاڵانی 1990 دا نەدەهاتـە بـەر سـکرین و ڕاداری کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـەوە. جـار بـەجار نیگـەرانیی پیشـاندەدرا لەسـەر چارەنووسـی عـەرەبی هۆرەکـان، بـەڵام ئەمـە زیـاتر جەختی دەکردەوە لەسـەر لایـەنی ژینگـەیی مەسـەلەکە تـا تراژیدیایـەکی گەورەی مرۆیی کە لە ئارادا بوو. ئەم لاموبالاتییە بە مەسەلەکە، بەڵگە بـوو بۆ توانای سەدام لە کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکەی لەدوای ڕاپەڕینەکان و یـان

شکستپێهێنانی نەیارەکانی یان ڕاکێشانیان بۆ لای خۆی. ئەو ڕاکێشانە مەرج نەبوو بەزەبری هێز بێت. سەدام باری لاری خۆی بەلێزانیی و کارامەیی ڕاستکردەوەو توانی کە گلەیی ئابووریيە داتەپیوەکەی عێراق و هەژاریی باشوور بخاتە ئەستۆی ئەمێریکا و هاوپەیمانەکانی.
چیدی شەڕە بەیناو بەینەکانی سەدام خەتابار نەبوون لە بێبەشکردنی خەڵکی عێراق، لەجیاتی ئەوە، ئەوە سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سیاسەتەکانی ئەمێریکا بوون کە بەرپرسیار بوون لە نەهامەتییەکانی خەڵکی عێراق و مەینەتییەکانی. لەهەمان کاتدا، حکومەت دەستیکرد بە لەنێوبردنی ئەو دەزگا مەدەنییانەی کە لە هەڵمەتەکانی پێشوودا دەرباز ببوون. لەنێویاندا ئەو ڕێکخراو و لایەنانەی پەیوەندییان نەبوو بە دامەزراوەی ئایینیەوە، کە بۆی هەبوو بەکار بهێنرێن بۆ پەرەپێدانی ئایدێنتیتییەکی شیعەی دوژمنکارانەتر لەنێو جەماوەردا. سیاسەتەکە بەدژی خۆی کەوتەوە. چونکە پیاوە ئایینییە دیارەکان لەجێگەی خۆیانەوە تۆڕی پشتیوانیی دینیی و دەزگا خێرخوازییەکانی خۆیان بەرفراوانکرد.[213]
پەرەسەندنی جەماوەری وابەستەیی ئایینی و بەهێزبوونی ئایدێنتیتیی دەستەجەمعیی لەم ماوەیەدا زۆر بەرچاو بوو. تەنانەت لە لایەن ڕژێمیشەوە هاندەدرا. سەدام وەک شیعەکانی وڵات خۆی دەنواند. سەردانی مەزاری شیعەکانی دەکرد. ڕەچەڵەکی خێزانیی خۆشی دەستکاریی کرد تا کەسایەتییە مێژووییەکانی شیعەش بگرێتەوە تادەگاتە خودی ئیمام حوسێن. مەسەلەکە ڕوون بوو—سەدام یاری بەکارتی شیعە دەکرد و هەوڵی دەدا کە ئەو چانسە زۆرەی لەوەدا هەیە لەخزمەتی خۆیدا بەکاری بێنێت.

هێزە ئەمنییەکان بەشاراوەیی(هەندێک جاریش هێندە شاراوە نا) بەردەوام بوون لە کردنە ئامانجی گرووپە سیاسییەکان. لەژێر ئەم داپڵۆسینەشدا، دەعوە ناچارکرا کە ژێربەژێر کار بکات. بەڵام حەوزە وادیار بوو قەناعەتی هەبوو بە بەردەوامییدان و پەیڕەوکردنی باوەڕی بە جیاکردنەوەی نێوان ئایین و سیاسەت.[214] هەرچەندە ئەم جۆرە تاکتیکانە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن سەرکەوتوو بوون. بەڵام سەدام هێشتا

زۆر باش دەیزانی کە هەر هاوپە یمانێتیەکی نێوان حەوزە و جەماوەر لەدواییدا دەبێت بە کارەسات بۆ رژێمەکەی. هەروەها هێشتا تەواو هەستیار بوو لەبەرامبەر هەر کەسایەتییەکی ئاییینیدا کە بتوانێت سیاسەت و ئایین بە یەکبگەیەنێت.

ئەم هەستیارییەی زۆر ئاشکرا بوو لە ساڵی 1999 دا. پیاوی ئاییینی سەرەکیی شیعە لەکۆتایی ساڵانی 1990 دا ئایەتووڵڵا محەمەد سادق ئەلسەدر بوو. کە ئەندامێکی تری خانەوادەی سەدر و ئامۆزای محەمەد باقر سەدر بوو. ئایەتوڵڵا سادق سەدر مەلایەک بوو لەلایەن حکومەتەوە دەستنیشان کرابوو. لەسەرەتادا وادەردەکەوت کە بە ئارەزووی رژێم هەڵبسورێت. کەچیی، لەگەڵ پەرەسەندنی جەماوەری شیعەگەرایی، سادق سەدر چووە ئەو پێگە مەترسییدارەی کە حەوزە و جەماوەر بەیەکبگەیەنێت و دەستیکرد بە قسەکردن لەدژی حیزبی بەعس. [215] بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1980 وە شیعەکان سەرکردەیەکیان هەبوو کە جەماوەرێکی هەبوو دوای دەکەوتن و توانای ئەوەی هەبوو کە سیاسەت بخاتە حەوزەوە و ئایین بخاتە ناو جەماوەرەوە. سەدام کە هەستی بە هەڕەشەکە کرد بەتوندیی بەرپەرچی دایەوە؛ ئایەتوڵڵا سادق سەدر لەگەڵ هەردوو کوڕە گەورەکەی لە ساڵی 1990 لەنەجەف کوژرا و دوای خۆی کوڕە بچوکەکەی موقتەدای، بەجێهێشت وەک جێنشینی میراتی سیاسیی سەدری دووەم.

لە ساڵی 1999 وە پێشەوای سەرەکیی شیعە لە عێراقدا ئایەتووڵڵای عوزما عەلی سیستانی بووە لە نەجەف. کە بە رەگەز ئێرانییە بەڵام باکگراوندی ئاییینی نەجەفە. ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ ریشەی ئاییینی خۆی گەڕایەوە و بانگەشەی جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەتی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا. ئایەتوڵڵا سادق سەدر سەرکەوتوو بوو لە بوژاندنەوە و بەسیاسییکردنی ئایدێنتیتیی تائیفی شیعە. لە 20001 دا ژمارەی ئەوانەی سەردانی مە زاری حوسێنیان کرد لە کەربەلا گە یشتە 2.4 میلیۆن(نزیکەی لە سەدا 10 ی دانیشتوانی عێراق و لە سەدا 20 ی دانیشتوانی شیعە)[216] ئەوە تەنها مەسەلەی کات دەبێت بەر لەوەی کە کۆمیونیتی نوێی خوێنگەرمی شیعە بازووی جەماوەریی خۆی دەردەخات و هەست بەو نایەکسانییە دەکات کە تیایدایە لە دەوڵەتی عێراقدا.

شیعەکان لە سەردەمی دوای سەدام

لە سەرووبەندی ئەو کردە سەربازییانەی کە سەدامیان لەسەر دەسەڵات لابرد لە 2003 دا، کارمەندەکانی ڕاگەیاندنی کۆشکی سپیی ژێردەستەیی شیعەیان لەلایەن سەدام وەکو کەرەسەیەکی پڕوپاگەندەی بەهێز بۆ ناشیرینکردنی سەدام، بەکاردەهێنا . ئەو قەناعەتە ساویلکانەی کە بەدوای ئەمەدا دەهات ئەوە بوو شیعەکان هەر لەدوای ئەوەی لەدەستی ڕژێمێکی شەڕانگێز دەربازیان دەبێت، بۆخۆیان یەکسەر خۆیان دەخەنە ناو حکومەتێکی سێکیولاریی کە نوێنەرایەتی هەموو گرووپە ئێسنیکیی و ئاینییەکان دەکات.[217] کەچیی، لەدوای لابردنی سەدام، وادەردەکەوێت کە بەهێزیی دامەزراوەی ئاینیی شیعە لەقۆناغە بەراییەکانی پلانی شەڕدا زۆر بەکەم گیراوە.[218] ئەم ئاراستەیە بەئاشکرا لەلای جێگری وەزیری بەرگرییە(Paul Wolfowitz) وە دەرکەوت وەختێک لە سەرەتای ئازاری 2003 دا عێراقییەکانی بە " سێکویلار" و" زۆرینەی شیعە" وەسفکرد.

ئەو هەروەها ئەوەشی بە کێشە نەزانی کە پیرۆزترین مەزارگەکانی شیعەگەرایی لە خاکی عێراقدان.[219] وۆڵفویتز ڕووقایمانە هێزی ڕێکخراوە ئاینییەکانی بەهەند وەرنەگرت . دیار بوو بێئاگا بوو لەگرنگیی شارە مەزارگەکانی کەربەلا و نەجەف.(Juan Cole) پڕۆفیسۆری پسپۆڕ لەمەڕ شیعە. بە گاڵتەوە گوتویەتی" فانتەسیی نیوکۆنسەرڤەتیڤ لەمەڕ عێراق ئێستا بەسەر عێراقی ڕاستەقینەدا دەکەوێت لەسەر ئەرزی واقیع. لە شارە مەزارگەکان و هەروەها لەشارە بچوکەکانیشدا، بەزۆری لە شارۆچکە شیعەنشینەکانی باشووری وڵات"[220]

ڕەنگە چاوەڕوان دەکرا، کە ئەندامێکی دیکەی خانەوادەی سەدر سەرەڕۆیی بەیەکگەیاندنی ئایین و سیاسەت بکات. لەو کاتەوە کە ئایەتوڵڵا محەمەد سادق سەدر کوژرا لە ساڵی 1999 دا کوڕەکەی موقتەدا سەدر خۆی شاردەوە. لەماوەی سێ ساڵی دواییدا موقتەدا بەردەوام بوو لەسەر هەوڵی ژێربەژێری بۆ ڕێکخستنی هێزی چەکداری شیعە و سەرکەوتووش بوو لە زیادکردنی شوێنکەوتوانی لە ناوچەی(مەدینە سەدری) بەغدادا. بزووتنەوەکەی موقتەدا (*جماعة الصدر الثاني*) دەستیانکرد بە شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی گەنجانەی ئەو(سەدر ئێستا نزیکەی 30 ساڵ

تەمەنییەتی){ئەمە لە کاتی چاپکردنی دەقە ئینگلیزیەکەدا لە ساڵی 2004 دا ـــ وەرگێڕ} بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە تەنها فەرمایشتەکانی باوکی کۆچکردووی سەدر شەرعیین و ئەو مەلایانەی کە بەرەگەز ئێرانین(ڕەنگە بە جێگرەوەکەی باوکی موقتەداشەوە. ئایەتوڵڵای عوزما عەلی سیستانی). هیچ دەسەڵاتێکی شەرعییان نییە بەسەر شیعەی عێراقەوە.[221] موقتەدا ناوی شاری سەدام(مدينة صدام) ی گۆڕی بۆ شاری سەدر(مدينة صدر) و ئەم گەڕەکە هەژارەی کرد بە مەڵبەندی دەسەڵاتی خۆی.

پاشان موقتەدا دەستیکرد بە لەناوبردنی نەیارەکانی. لەوانە، عەبدولمەجید ئەلخوئی—کە ڕەنگە تاکە کەسایەتی شیعە بووبێت کە پشتیوانی دەوڵەتە ڕۆژاواییەکانی هەبوو. ئەو پەیوەندیی باشی هەبوو لەگەڵ تۆنی بلێردا و دیار بوو کە بۆی دانرا بوو ڕۆڵێکی سەرەکیی بگێڕێت لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا.[222] ئەو کە کوڕی ئایەتوڵڵای عوزما ئەبولقاسم ئەلخوئیی بوو، لەلایەن هێزە ئەمێریکییەکانەوە لە 3 ی ئەپریلی 2003 دا هێنرایە ناو عیراق، بەهیوای ئەوەی شارەکانی باشوور بخاتە ژێر جۆرێک لە کۆنترۆڵی لایانگرانەی ئەمێریکاوە. خوئیی لەگەڕانیدا بۆ یەکخستنی گرووپە شیعەکانی نەجەف بەلایەنی کەمەوە 30 چەقۆی لێدرا و" لاشەکەی بەناو شاردا ڕاکێشرا و خوێنی رژایە سەر شەقامەکان"[223]
بەگشتیی وا دەزانرێت کە موقتەدا دەستی هەبووە لە کوشتنی خوئییدا. خۆ ئەگەر شوێنکەوتووەکانی ئەویش نەیانکردبێت. ئەو دواتر کوشتنەکەی بەکارهێنا بۆ زیانکردنی ئەو فشارەی کە خستبوویە سەر سیستانیی، کە موقتەدا وای دەبینێت کە دەستی هەبووە لە تاوانەکانی سەدام دا بە وەرنەگرتنی هەڵوێستێکی سیاسیی لە دژیدا. موقتەدا هەروەها هەڕەشەی لە ئایەتوڵڵا سەید حەکیمیش کرد. برازای ئایەتوڵڵا محەمەد باقر حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق.

ئایا موقتەدا ئاێت بەهێزتر دەبێت یان ئایا ئەو حیزبانەی کە زیاتر ڕەگیان داکوتاوە وەکو ئەنجوومەنی باڵا و دەعوە دەبن بە میراتگرەوەی ئەو کەواوسەڵتەیەی کە بۆ یەکەمجار سەرکردایەتی محەمەد باقر سەدر. 25 ساڵ پێشتر پۆشیی. وا دەردەکەوێت ئەگەری ئەوە نییە کە ئەو ئایدێنتیتییە تازە دەرکەوتوەی شیعەی عێراق کە بەئاگایە لە توانای

بازووی سیاسیی خۆی لە ژینگەی سیاسیی دوای سەدامدا، جارێکی تر بخرێتەوە پێگەی ژێردەستەیی رژێمێکی داهاتووی سوننەسالارەوە. ئەم هاوسەنگی هێزەی نێوان شیعەو سوننە وادەی ئەوەی پێیە کە چارەسەرکردنی پڕ تەنگ و چەڵەمە بێت.

شیعەکان: مەسەلە سەرەکییەکان

میراتی هەڵاواردن

لەکاتێکدا هەندێک هەن کە پرسیار لەرادەی یان تەنانەت بوونی جیاوازی تائیفیی لە عێراقدا دەکەن. راستییەکە ئەوەیە کە عێراق سیستەمێکی ئەپارتایدی نارەسمیی پەیرەوکردووە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە ساڵی 1920 دا. لە هەندێک بواردا، بۆ نموونە، لەبواری ئابووریی و بازرگانییدا، هیچ بەربەستێک لە ئارادا نەبووە لەبەردەم پێشکەوتنی شیعەدا. بەڵام لە رووی دەستگەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسییدا، شیعەکان نزیکەی بە تەواوی بێبەشکراون. هەر کاتێک رژێم گۆڕین روویدا بێت ئەنجامەکەی جێگرتنەوەی گرووپێکی سوننی بووە بە یەکێکی تر. بە هەمان شێوە، پلەدارە بەرزەکانی هێزی سەربازیی و هێزە ئەمنییە جیاجیاکان هەمیشە زۆرینەیان سوننە بوونە. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە عێراق بە دوژمنایەتی تائیفی وێران بووە، بەڵام مەبەست لەجەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە دەیان(بە ڵکوو سەدان) ساڵ لە هەڵاواردن یارمەتییدەر بووە لە دروستکردنی ئایدێنتیتییەکی تایبەتیی بۆ شیعە وەکو خەڵکێکی چەوساوە.

هەروەک " راگەیاندنی 2002 ی شیعەی عێراق دەڵێ" گۆشەگیرکردنی بەردەوامی شیعە لەهەر بەشداربوونێکی گرنگ لە دەسەڵاتدا لە سەردەمی نوێدا، بووەتە هۆکاری گۆڕینی شیعەی عێراق بەرەو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتیی هەستپێکراو." لەمەش زیاتر" دەقگرتنی شیعە وەکو گرووپێکی تایبەتیی پتر قەرزاری سیاسەتەکانی هەڵاواردن و سزادانە تا هەر هۆیەکی تائیفیی یان ئایینیی دیاریکراو"[224] ئەم جۆرە دەربڕینانە ئەوە دەگەیەنن کە هەڵاواردنە تائیفییەکە کەمتر لە رێگەی هەڵاواردن لە تەفسیری ئایینییدا پێناس دەکرێت و زیاتر لە رێگەی پەیوەندییەکی

چەوساوە/چەوسێنەرەوە پێناس دەکرێت. ئەوە جیاوازییەکی سیاسییە کە ڕەنگی جیاوازیی تائیفیی گرتووە.
لادانی ڕژێمی سەدام بە دڵنیاییەوە ئەم دابەشکردنە تراديسیۆنەی دەسەڵات دەگۆڕێت. هەروەک دەردەکەوێت، زۆر زەحمەتە کە شیعە جارێکیتر ڕۆڵێکی ژێردەستانە بپەژرێنێت لە حکومەتی عێراقی داهاتوودا. بەڵام بەربەستەکان لەوە بەرزترن کە دیارن. لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی هۆیەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی کانگا نەوتییە زۆرەکانی عێراق و هەڵی پێناسەکردنی" ئایدێنتیتی" ی دەوڵەتی عێراقیی یەکدەگرێتەوە. تا ئەمڕۆکە ئایدێنتیتیی عێراق وەک ئەوەی ئێستا هەیە لەلایەن عەرەبە سوننەکانەوە دیاریکراوە. لەمەوە، عێراق بەتوندی پانعەرەبیی و سیکیۆلار بووە. بە دڵنیایەوە ئەمە دەگۆڕێت ئەگەر شیعە بەسەر سیاسەتی عێراقدا زاڵ ببن. ئەم گۆڕانە مەزنە لە نەخشەی دەسەڵاتدا کێشمەکێش دەخولقێنێ لە سەر مەسەلەی ئەوەی کە کێ دەتوانێ سروشتی دەوڵەتی عێراقیی پێناس بکات، نەک لەسەر مەسەلەی جیاوازییە ئایینیە بەمیرات ماوەکان.

چ شتێک شیعەکان یەکدەخات

پێدەچێ تاکە تێگەیشتنێک کە تیایدا شیعەکان قەوارەیەکی تەبا پێکبهێنن لەڕێی ئەزموونی هاوبەشیانەوە بێت وەک قوربانییانی هەڵاواردنێکی سیستەماتیزەکراو. لەوە بترازێت، چەند هێزێکی کەم، شیعەیان لە دەوری دۆزێکی هاوبەشدا کۆکردووەتەوە. لە مێژوودا، ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی کە جەختیانکردووەتەوە لەسەر دابەشکردنی سامان— وەکو حیزبی شیوعیی عێراقیی— بە هەمان شێوازی حیزبی بەعس لە هەنگاوی" سۆشیالیستیی" دا لە سالانی 1970 دا ڕوویان لە جەماوەری شیعە کردووە. شیعەکان لە ئاست هەڕەشە دەرەکییەکاندا وەک هەڕەشەی بەریتانییەکان لە سالانی 1920 و ئێرانییەکان لە سالانی 1980 دا هەمیشە پشتی یەکتریان گرتووە. بێگومان، بەشە عەرەبەکەی دەوڵەتی عیراقیی لە ڕووی مێژوویەوە ئەو کاتەی کە ڕووبەڕووی دوژمنکاریی هێزە دەرەکییەکان بووەتەوە لە هەر کاتێک زیاتر یەکگرتوو بووە. ئەمە

نیشـانەیەکی بـاش نابێـت بـۆ داگیرکارییـەکی سـەربازی ئـەمێریکیی درێژخایەن.

هەرچەندە، پێدەچێت کە بـەربڵاوترین هێـزی ڕێکخـەر ئایینـە. یـەکێک لـە میراتە شومەکانی دەسەڵاتی سەدام ئەوەبوو ڕێک ئەو شـتەی خولقانـد کـە خۆی دەیویست لەناوی بەرێت—ئەویش ئایینی سیاسـییە. لـە هەمانکاتـدا سەدام سەرکەوت لە بەرگرتن لەپەیدابوونی هەر فۆرمێکی تر لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی. لەناوبردنی رژێمەکەی بۆشاییەکی دەسەڵاتی جـدیی خولقانـد لە عێراقدا. ئێستاش بەهەر هێزێک پڕ دەکرێتەوە کە دەسەڵاتی دابینکردنی فەرمانداریيەکی رووکەشیی و خزمەتگوزارییـەکی کۆمەڵایـەتیی سـەرەتایی هەبێت بۆ خەڵکێکی بێچـارە. بـە شـێوەیەکی گشـتیی، وادەردەکـەوێت کـە ئایینی ڕێکخراو خەریکە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە. لێرەوە حاشاهەڵنەگرە کە ئـایین ڕۆڵێکـی سیاسـیی سـەرەکیی دەبینێـت لـە دەوڵـەتی داهـاتووی عێراقدا چونکە یەکێکە لەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییە زۆر کەمانەی ماوەتەوە و توانای کۆکردنەوەی جەماوەری شیعە مەزهەبیی هەیە.

ئەکتەرە سەرەکییەکان

ئەگـەری ئـەوە هەیـە کـە ململانێیـەکی بـەردەوام هـەبێت لـەنێو سـەرکردە مەزهەبییەکان لە عێراقدا لەسەر مەسەلەی نفوز بەسەر دانیشتوانی شـیعەدا. شەڕی سەرەکیی لەنێوان مەلا عێراقییە ڕەسەنەکان و ئەوانەدا دەبێت کە بە دەسـتتێکەڵی لەگـەڵ ئێرانییەکانـدا ناویـان زڕاوە. لـەنێو ئەوانـەی دواییدا(عەبدولعەزیز ئەلحەکیم) ە سـەرۆکی ئەنجوومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسلامیی لە عێراقدا. لە کاتێکدا ئەنجوومەنی باڵا پشتیوانیی دارایی ئێران و هێزی سەربازیی خۆی هەیە، ڕەنگە پشتیوانیی جەماوەریی لە عێراقدا بۆ ئەنجوومـەن سـنووردار بێـت. لێـرەوە، ڕۆڵـی ئەنجوومـەن ڕەنگـە کورتبکرێتـەوە بـۆ ڕۆڵـی" تێکـدەر- spoiler". ئەگـەری زۆر هەیـە کـە ئەنجوومـەن پشـتیوانی خـۆی لـە دەوری بـانگێکی ناسـاز بـۆ ئـەنتی ئەمێریکایی کۆبکاتەوە. بەمجۆرە ببێت بە بەربەستکەری ڕقی شیعە لـەدژی داگیرکاریی بەردەوامی ئەمێریکا. موقتەدا سەدر هێشتا ئـەو کەسـایەتییەیە کە لەهەموان زیاتر دەتوانێـت جـەماوەری شـیعە کۆبکاتـەوە. بـەڵام بـۆ چ مەبەسـتێک هێشـتا نازانرێـت. جگـە لـە دامـەزراوەی ئـایینیی، سـەرۆک

عەشیرەتەکانیش بێگومـان ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێـڕن لـە عێراقـی دوای سەددامدا. بەهێزکردنی ستراکتۆرە خێڵەکییـەکان لەلایـەن سـەددامەوە دەیـان ساڵ ئاوابوونی نفوزی سەرۆک خێڵەکانی دواخست. ئەسـتەمە جـارێکیتر ئاوا بە ئاسانیی بەبێ شەڕ واز لەو دەسەڵاتە بهێنن. هێزێکـی بـە زەبـری یەککگرتوو لە ئارادا نییە کە سەرپەرشتی یاسا و ڕێسا بکات، ئەم فەنکشنە لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبرێت کە توانای دابینکردنی ئاساییشیان هەیـە لە ئاستی لۆکاڵییدا—واتە عەشیرەتەکان. ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێـوان کۆتایی شەڕو دامەزراندنی حکومـەتێکی نـوێ، چەنـدە درێـژ بێـت هێنـدە زیاتر دەسەڵاتی خێڵەکیی خۆیان دادەکوتن.

بەرەنجام

بەشێوەیەکی گشتیی، شیعەکانی عێراق یەکـەم عێـراقیین و دووەم شـیعەن. ئێسنیکەکەیان وەک عەرەب ڕەنگە سیمای ناسینەوەیان بێـت، ئەمـە لەگـەڵ پەژراندن و وابەستەییان بـە دەوڵـەتی عێراقـەوە. ئەگـەر بڵێـین " شـیعەی باشوور" بەشێوەیەکی بنەڕەتیی جیاوازن لـە" سـوننەی ناوەڕاسـت" ئـەوە بۆخۆی فەرامۆشکردنی ئـەو پەیوەندییـە مرۆییەیـە کـە لـەنێوان ئـەو دوو هەرێمەدا هەیە. پەیوەندییە کۆمەلایەتییـەکان بەتایبـەتیی لـەژێر دەسـەڵاتی سەددامدا تا ئەو ڕادەیە گەشەیان پێدراوە تەنانەت بۆ هەنـدێک عـەرەبیش زەحمەتە کە خۆیان بە شیعە یان سوننی بناسێنن. ئەو سیاسـەتەی سـەدام کـە تائیفـە ئیسـلامییەکان لـەناو سـەرزمێرییدا جیانەکرێنـەوە زیـاتر بەشدارییکردووە لەم نارۆشنییەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، بوژانەوەی ئایدێنتیتیی تائیفیی شیعە و ئەگەری پەیوەندی لەنێوان حەوزە و جەماوەردا پێمان دەڵێن کە داهاتووی نەخشەی سیاسـیی عێراق دەبێ بگۆڕێت. لەکاتێکدا کارێکی ئەستەمە کە شیعە و سـوننە وەک دوو قـەوارەی جیـاواز بناسـێنرێن، مەسـەلەیەکە بـە بـەردەوامیی بـە کـۆڵ نەخشەداڕێژەرەکانی عێراقی نوێوەیە، بەتایبەتیی لـە ڕووی دەسـتورییەوە. حکومەتی عێراقیی و گرنگترین دەزگاکانی بەڕێوەبردن ئێستاش سەرتاپـا خاڵین لـە شـیعە. هۆیـەکانی دەسـەڵات هەمیشـە لەلایـەن ئـەو سـوننانەوە کۆنترۆڵکراون کە بـە گونجـاو زانـراون لەلایـەن هـەر ڕژێمێکـەوە کـە لـە دەسەڵاتدا بووە. بێگومان، جارجار شیعە خـۆی تێخزانـدووە، بـەڵام ئـەوە

بەسە ئاوڕێک لە حکومەتـە عێراقییە یەک لـەدوای یەکـەکان بدەینـەوە تـا بۆمـان دەرکـەوێت کـە شـیعەکان گرووپێـک بـوون کـە بەتـەواوی لـە نوێنەرایـەتییکردن بێبەشـکراون. ئیـدی گرنـگ نییـە چـۆن بەشداریکردنەکەیان هەڵدەسەنگێنین. بەڵام ئەمە دەستی بەگۆڕین کردووە.

بەندی شەش

سوننەکان

وێنەکردنی کۆمەڵگەی عێراقیی وەک ئەوەی بەتەواویی بۆ سێ گرووپ دابەشبووە کە لەناوخۆیاندا تەباو لەگەڵ یەکتریدا دوژمنن، بێگومان سادەکردنەوەی واقیعێکی ئاڵۆزە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هێشتا چەند راستییەکی روونی تێدایە. ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی عەرەبە سوننەکان بەسەر دەوڵەتی عێراقدایە. هەروەکو تۆمارە مێژووییەکان پیشانی دەدەن، هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی عێراقییەوە سیستەمی دەسەڵات لەعێراقدا لەلایەن گرووپی دەستەبژێری جیاجیای سوننییەوە دەستی بەسەرداگیراوە. سەدام حوسێن کە خۆیشی سوننی بوو ئەم سیستەمەی دانەهێنابوو بەڵکوو بەردەوامی پێدا. ئەم نموونەیە لەگەڵ دەسەڵاتدارییەتیی بەعسییەکان لەساڵی 1968 وە، کە ئەوانیش هەر سوننی بوون، دووبارە بووەوە. لەبەر ئەوە، سادەکردنەوەی واقیع نییە کاتێ بڵێین ئەم نموونەیە یەکێکە لەراستییە بەهێزەکانی سیاسەتی عێراقیی، لای کەم تا رووخانی سەدام و رەنگە دواتریش.[225]

لەگەڵ ئەوەشدا، بێگومان ئەمە بیرۆکەیەکی سادەلەوحانەیە کە کۆمەڵگەی عێراقیی لەسێ قەوارەی لێک جیا پێکهاتووە: باکووری کوردیی، ناوەراستی عەرەبیی سوننیی و باشووری عەرەبیی شیعە. ئەوە بەسە بنەمای لێکنزیکی کوردە سوننیەکان، عەرەبە سوننیەکان، عەرەبە شیعەکان و کوردە شیعەکان لەبەرچاوبگرین بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێ لەروانگەی ئاڵۆزییەوە کۆمەڵگەی عێراقی کۆمەڵگەیەکی فرەرەنگە. بەڵام، لەکاتێکدا ئەم فرەرەنگیە لەبەرچاودەگرین، یەکێک لەو پرسیارە بنەرەتییانەی لەهەر سیستەمێکی سیاسیی دەکرێت یەک پرسیاری سادەیە : کێ حوکم

دەکـــــات؟ بێگومـــــان بـەردەوامترین سـیماکانی سیاسـەتی عێراقـی مۆدێرن حوکمی عەرەبی سوننەیە. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کەبالادەستیی سوننە بەرِوونیی چینی کۆمەلایەتیی بەزانـدووە. لەسـەردەمی پاشـایەتییدا، حوکمـــداریی لەلایـــەن چینـــی بـــالاو ناوەراســـتی ســـوننەوە دەســـتی بەســـەرداگیرابوو. لەســـەردەمی کۆمارییـــدا، لەلایـــەن چینـــی ناوەراســـتی خـــوارتری ســـوننە، لەســـەردەمی رژێمـــی بەعسیشـــدا، لەلایـــەن سوننەکانەوە(بەگشتی تکریتییەکان) کە نزمترین چینی کۆمەڵگـە بـوون . گۆرانێکی روون لەرووی چینایەتییەوە دیارە لەرەوتەکەدا بەڵام بالادەسـتیی سوننە وەک خۆی بەنەگۆریی ماوەتـەوە. تاکـە رژێمێـک نـەبووە لەهـەموو مێژووی پرِ مەینەتی عێراقدا، هەر پاشخانێکی چینایەتیی هەبووبێت، هیچی کردبێت جگە لەبەردەوامییدان بەبالادەستیی سوننە.

یەکسانیی لەمەینەتییدا

ئایا سوننەکان توێژێکی خواپێداون کە لەئەزەلـەوە مـافی ئـەوەیان هـەبێت دەوڵەتی عێراقیی بەدەوڵەتی خۆیان بزانن؟ بەدڵنیاییەوە واپێدەچێت مێژوو پشتیوانیی لـەو بانگەشـەیە بکـات کـە " عـەرەبی سـوننە " و" حکومـەتی عێراقیی" بەلای کەمەوە بەتوندیی بەیەکـەوە گرێـدراون ئەگـەر بەتـەواویی هاوواتـاش نـەبن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هەڵەیـە گـەر عـەرەبی سـوننە وەکـو قەوارەیەکی هەماهەنگ کۆبکەینـەوە. بەقـەد هەریـەک لەگرووپـەکانی تـری عێراق ئەوانیش بەقووڵی بەشبەش بوون، دابەشبوونەکانی نێـو خۆیشـیان زیاتر ئاکاری توندوتیژیی پێوەیە تا هاوکاریی.
لەمەش زیاتر، بالادەسـتیی بەسـەر دەوڵەتـدا زیـاتر بـەرەنجامی کێبرکێـی نێوان سوننەکان بـووە تـا نێـوان سـوننە و شـیعە. تـا رووخـانی سـەدام مسۆگەرکردنی زاڵبوون بەسەر کوردو شیعەوە کـارێکی لاوەکـی خوێنـاوی بووە لەچاو ئەو کەمە سەرەکییەی کە لەنێوان سـوننەکان خۆیانـدا لـەئارادا بوو. لە کاتێکدا، نکۆڵیی ئـەوە ناکرێـت کوردەکـان و شـیعەکان زۆریـان چەشـتووە لـەژێر سـایەی رژێمـی سـەدامدا، بـەڵام ئـەوەش هەیـە سـوننە عەرەبەکانیش رەنگە هێندە و بۆی هەیە گەلێک وێرانکەرانـە و قووڵتریـان چەشتبێت ئەگەر لەروانگەی درێژخایەنەوە تێیبرِوانین.

بـۆ پشـتیوانی لـەم ڕایـە پێویسـتە سـەیری سروشـتی ئـەو هەڕەشـەیە بکەین کە لەلایەن کوردەکان و شیعەی سیاسییەوە خراوەتـە پـاڵ سـەدام، یان هەر ڕژێمێکی تر بۆ ئەم مەبەستە. هەڕەشەکەی ئەوان(کورد و شـیعە) هەمیشە ئامانجی گۆڕینی واقیعی حاڵی هـەموو عێـراق بـووە- چ لەڕێگـەی جوداخوازی کوردییەوە لەباکوور یان فشار دروستکردن بۆ مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتی شیعە لەدامودەزگاکانی حکومەتـدا- بـەڵام بەدەگمـەن جـەختی کردۆتە سەر حوکمکردنی شەخسی سەدام خۆی. بێگومان، ئەگەر شیعەکان بەتایبەتیی سەرکەوتوو بوونایە بەرەنجامەکەی لەناوچوونی خێـراو ڕەنگـە گەلێک خوێناوی سەدام دەبوو؛ بەڵام شتێکی" شەخسیی" نەدەبوو.

هەروەها کارێکی تاڕادەیەک ئاسان بوو بۆ سەدام کە ڕێگـە بەسـەرکەوتنی هـیچ کـام لـەجوداخوازیی کـوردیی و شـیعەی سیاسـیی نـەدات، ئـەمـەش لەڕێگـــەی سیاســـەتەکانی جڵـــەوکردن و تۆقاندنـــەوە کـــەزۆر بـــاش تاقیکرابوونــەوە و باریهێنــابوون، هــەروەها لەڕێگــەی پەنابردنــە بــەر" جـەماوەری سـوننە" هـەروەک بـۆ پشـتیوانییکردنی ڕژێـم لەبەرامبـەر ئیسلامگەرایی ڕادیکـاڵ کـردی(چـۆن لەسـاڵی 1991 دا ڕویـدا). لەمـەش زیاتر، نەبوونی پەیوەندی جیـۆگرافی لـەنێوان کوردەکـان و شـیعەکانداو، نـــەبوونی ئایدۆلۆژیایـــەکی کۆکـــەرەوە یـــان ئامـــانجێکی سیاســـیی لەنێوانیانــدا(جگـە لـە دوژمنایەتییـەکی ئاشـکرا بـۆ سـەدام کـە ئـەویش بەردەوام نەبوو چونکە کوردەکان ناوبەناو لەهاوپـەیمانێتیی لەگەڵیـدابوون و دەهاتنــە دەرەوە). ئەمانــە هــەموو ئــەوەیان مســۆگەر کــرد کــەهێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کـوردو شـیعە هـەرگیز بەشـێوەیەکی هاوکارانـە لـەدژی سەدام کارنەکەن.[226]

وەکـو زۆربـەی دیکتاتۆرەکـان، بـەلای سـەدامەوە زیـاترین هەڕەشـەی باوەڕپێکراو و ڕاستەقینە بۆسەر بەردەوامیی دەسەڵات و ژیانی لـەناوخۆدا بوو، هەم لەنێو پلەدارەکانی ناو پشتیوانەکانی خۆی و هەم لـەنێو ئەوانـەدا کە لەڕێی دەزگاکانی حکومەت، ئاسایش و دەزگا مەدەنییەکانی دەوروپشتی خۆی دەسەڵاتیان پێدرا بـوو. سـەدام شـوێنە گرنگـەکـانی بەخـەڵکانێک پڕکردەوە لەو توێژانەی دانیشتوان کە پشـتیوانی خـۆی بـوون. ئەندامـە باڵاکـانی حیزبـی بـەعس، پێکهاتـەی ریـزی ئەفسـەران، دەزگـا ئەمنییـە تایبەتییەکان(لەنێویانـدا ڕێکخـراوی ئـەمنی تایبـە ت و گـاردی کۆمـاریی

تايبەت، و بازنەی بازرگانە گوێ لەمستەکان). و ئەو کەسانەی کە بەدەوری دەزگا حکومیی و ئیدارییەکانەوە بوون لەناو عیراقدا، ئەوانە زۆرینەیان سوننە بوون.
هێنانەپێشەوەی تکریتیەکان لەلایەن سەدامەوە و پشتبەستنی بەخێڵە سەرەکییەکان(بەتایبەتیی- دوریی، جبووریی، عوبەیدیی). مەبەست لێی دڵنیابوون بوو لەپرچەککردنی رژێم بەسەربازی پیادەی سوننی دڵسۆز.[227]
لەگەڵ ئەوەشدا، کێشە هەبوو، گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر بەردەوامیی حوکمی سەدام هەمیشە لەو کەسانەوە دەهات کە هەر خۆی دەسەلاتی پێدابوون بۆ بەهێزکردن و ملکەچیی رژێم بۆ خودی خۆی. کەسی تر وەک عەرەبە سوننەکان چانسی ئەوەی نەبوو کەدەستی بگات بەکەمترین هۆکار کەپێویست بوو بۆ شۆڕشکردن(رێکخستن و چەک). و نەک بەدەزگاکانی حکومەت. هەر لەبەر ئەم هۆیە لەژێر دەسەلاتی سەدامدا، چەوساندنەوەی سوننە عەرەبەکانی ناوەڕاست ڕەنگە هێندەی چەوساندنەوەی کوردو شیعەکان مەزن و بەربڵاو بووبێت(ڕەنگە لە زۆر لایەنەوە گەلێک توندتر بووبێت). هەر کاتێک پاکسازیی سەربازیی ئەنجامدرابێت، زۆرترین ژمارەی کوژراوان لەنێو ئەفسەرە عەرەبە سوننەکاندا بووە. پاکسازییە سیاسییەکانیش ڕەوتێکی هاوشێوەیان وەرگرتووە، و هەرکاتێک عەشیرەتێکی دیاریکراو لەلایەن سەدامەوە کرابێتە ئامانج. نزیکەی زۆربەی عەشیرەتە سوننییەکانی بەغداو دەوروبەری بوون. سوننە عەرەبەکان بەوەی کە لەهەر توێژێکی تر پتر لەرژێم نزیک بوون زیاد لەهەر گروپێکی تری عێراق بوونەتە قوربانیی دەستی توندوتیژیی سەدام. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕاستییە وەک خۆی دەمێنێتەوە کە لەڕووی مێژووییەوە خۆیان بەحوکمکردنی عێراق گرێدەدەنەوە.
پرسیارە سەرەکییەکان بەبێ وەلام دەمێننەوە. ئەگەر پلانەکانی ئەمێریکا بۆ عێراقێکی دیموکراتیی لەسەردەمی دوای سەدامدا جێبەجێبکرێن، ئایا عەرەبە سوننەکان کە لەدەوڵەتێکدا ژیاون کە چینێکی دەسەلاتداری دەستەبژێری سوننە تیایدا زاڵبووە هەر لەسەرەتای دروستکردنی عێراقدا(هەروەها لەهەمان بارودۆخ بەهرەمەند بوون لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییدا)، ئایا ئەوان ئامادەن کە حکومەتێکی عێراقی

دیموکراتیی قبوڵ بکەن کە شیعە تیایدا باڵادەست بێت؟ ئەوە بەسە کە سەیرێکی ئەوە بکەین کە سەدام چۆن توانی سەرکەوتووانە عەرەبە سوننەکانی' ناوەراست' کۆبکاتەوە لەساڵی 1991 وەختێک کە روبەرووی ئەگەری راپەرینێکی شیعەکان بووەوە.
ئەوە ترسی زاڵبوونی شیعە بوو لەحکومەتدا (هەروەها ئەو ئاکارە فەندەمێنتالیستییانە بوو پێیەوە لکابوو) کە سوننەکانی لەپشت سەدامدا کۆکردەوە و رژێمیان پاراست و زۆر دڕندانەش لەو پرۆسەیەدا شیعە و کوردیان داپڵۆسی. ئایا سوننە عەلمانییەکان ئامادەن کە رژێمێک قبووڵ بکەن کە بەرژێمێکی ئایینی مەشرەب و شیعە مەزهەب سەیری دەکەن؟ ترسی ئەوەی ئایەتوڵاکانی شیعە لەراپەرینەکانی 1991 دا کۆنترۆڵ بگرنە دەست بەس بوو بۆ گەڕاندنەوەی پشتیوانی عەرەبە سوننەکان بۆ سەدامێکی تەواو بێهێزکراو. چونکە ئەو تاکەکەس بوو توانای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی هەبێت. ئەمەش رێگەی بە سەدام دا جارێکی تر باڵادەستی سوننە و تکریتیی بەسەر دەوڵەتدا بپارێزێت.
روداوەکانی 1991 بەروونیی مەترسییەکانی تێگەیشتن لەگرنگی دابەشبوونی تائیفیان دەرخست. هەر کاتێک بیر لەداهاتووی سەقامگیریی عێراق بکرێتەوە. هەرچەندە راپەرینەکەی باشوور. لەواقیعدا. راپەرینێکی جەماوەریی بوو لەلایەن عێراقییەکانەوە. کە سوننە. شیعە. بەشێک لەسوپا و بەعسییە بێزارەکانی لەخۆی گرتبوو. سەدام توانی کە سوود لەوێنەکردنی راپەرینەکە وەکو راپەرینێکی شیعەسالارانە وەربگرێت بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتیی سوننەکان. ئەم وێناندن و تێگەیشتنانە بەهێزێکی گەلێک بەتوانا دەمێننەوە لەگۆڕنکارییەکانی داهاتووی دەوڵەتی عێراقییدا. بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی عەرەبی سوننە لەعێراقدا. شتێکی بنەرەتییە کە بەر لەهەر شتێک ئەوە روون بکەینەوە ئەگەر شتێک هەبێت ئەوە چییە کە عەرەبێکی سوننە لەناو عێراقدا دەناسێنێت.

چیی وادەکات ببێتە سوننیی؟

گرێدانەوەی سوننەکان بەئۆرگانە مەرکەزییەکانی دەسەلات لە عێراقدا شتێکی بەردەوام بووە یەکسەر لەسەردەمی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر محەمەد و قەیرانی جێگرتنەوەی. بەدەربڕینێکی دیکە. سوننەکان بۆ ماوەی

1500 ساڵی ڕابردوو یان بەڕێوەبەر یان حاکم بـوون بەسـەر هـەرێمی عێراقەوە. مەڵبەندی حوکمی خەلافەتی عەباسییەکان لەبەغداد بـوو. هـەموو بیرۆکـرات و بەڕێوەبـەر و حوکمـدارەکانی ئـەو دەسـەڵاتە بـەکردەوە لەمەڵبەنـدی سـوننە لەناوەڕاسـتیی عێراقـەوە هـەڵبژێردراون و پـەروەردە کراون. گرێدانەوەی سـوننە بەحوکمـداریی و شـیعە بەبێبەشـکردن دواتـر بوو بەسیمایەکی ڕەگداکوتراو لەسـایکۆلۆژیای خەڵکییـدا. لەمـەش زیـاتر، ئەو جیاوازیە بنچینەییەی کە لەئیسلامی سوننیدا هەیـە لـەنێوان کاروبـاری تائیفیی و دەسەلاتی ئایینییدا مانای ئەوەی داوە کـە سـوننە عێراقییـەکان سـەرکۆنەی خۆیـان نـەکردووە لەسـەر دەسـتگرتن بەسـەر هۆکارەکـانی دەسەڵاتدا لەدەولەتدا. لەهەمان کاتدا، شیعەکان، بـەردەوام لەهـەوڵی ئـەوەدا بوون کەچۆن گرێکوێرەی ملکەچکردنی دەسـەڵاتە ئایینیـە ناسیاسـییەکان چارەبکەن لەکاتێکدا هەوڵی دەستبەسـەرداگرتنی بـواری سیاسـیی دنیـایی دەدەن.

هەرچەنـدە سـوننەکان لەعێراقـدا کەمینـەن، بـەڵام لـەجیهانی عـەرەب و(ئیسـلامدا) زۆرینـەن. ئەمـە بۆتـە هـۆی پەرەسـەندنی پەیوەنـدی ناسیۆنالیستانەی عەرەبیی بەهێز لەنێوان بەغداد و پایتەختە عەرەبییـەکانی ناوچەکـە و شـەرعییەتێکی حاشـاهەڵنەگری داوەتـە هێجـەمۆنیی سـوننە لەعێراقدا لەچاوی دراوسێکانی ناوچەکەدا. گرێدانەوەی سوننە عێراقییەکان بە ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و، سیاسەتی عەلمانیی و، بالادەسـتی دەزگاکـانی حکومەت دوا شێوە و بەهێزترین شێوەی خۆی لەرژێمی سـەدام حوسـێندا بەیانکرد: کارێکتەری حیزبـی بـەعس و رژێمـی سـەدام زیـاتر بەرهـەم و جێگرەوەی سروشتی دەسەلاتەکانی پێشوو بووە.

دەستنیشـانکردنی ئایـدێنتیتیی سـوننەکان لـەعیراقی پاشایەتییدا

دەتوانین دەرکەوتنی سوننە عەرەبەکان لەنێو عێراقی نوێدا بـۆ سـەرەتای پێکهێنانی عێراق لە 1920 بگێڕینەوە. لەسەرەتاوە سوننەکان لەکەمینـەکان بوون. بەغداد دەکەوێتە ناوجەرگەی مەڵبەندی سوننە عەرەبەکان. ویلایـەتی موسڵ لـەباکوورەوە، دانیشـتوانەکەی بـە پلـەی یەکـەم کـورد. تورکمـان و

ئاشـــووری بـــوون لەگـــەڵ ژمارەیـــەکی زۆر لەدانیشـــتوانی عـــەرەب. بـــەم شـێوەیە، پەیوەندییـــە بنەڕەتییـــەکانی ویلایـــەتی موسـڵ بـــەرەو بـــاکوور و ڕۆژهـــەڵات بـــۆ تورکیـــا و ســـووریا درێـــژ دەبنـــەوە. ویلایـــەتی بەســـرە لەباشـــوورەوە لەبنچینـــەدا بـــەبیروباوەڕ شـــیعە بـــوون و هـــەر لەکۆنـــەوە بەهێزترین پەیوەندییەکانیان لە ڕۆژهەلاتەوە لەگەڵ ئێران بووە و هەروەها لەگەڵ بازرگانە نیشتەجێکانی کەنداوی فارس بووە.[228]
لەناو عێراقدا بەگشتیی، لەسەدا 56 ی دانیشتوان شیعە بوون، لەســەدا 36 سوننە و لەسەدا 8 ناموسوڵمان(بەزۆری فەلە) بوون. زیاد لـەوە، نزیکـەی چارەگێکی دانیشتوانی عێراق کورد بوون. لەبەر ئەوە، یەکێتیی نیشتمانیی لەســـەرەتاوە تاڕادەیـــەک نـــەبووە. کوردەکـــان داوای ئۆتۆنۆمیـــان کـــرد، شیعەکان حـوکمی ڕاسـتەوخۆی بەریتانییـەکانیان پێباشـتر بـوو تـا بـەر لەزاڵبوونی سوننەکان بگرن(کە بەترسەوە ئەو شـێوازەیان بیردەکەوتـەوە کە سوننەکان لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بۆ پاراستنی دەسەلاتیان گرتیانە بـــەر). هـــەروەها ســـوننەکانیش زۆر بەتونـــدی دژایـــەتی دروســـتکردنی دەوڵەتێکیان دەکرد کە تیایدا ئەوان دەبوون بە کەمینە.[229]
لێرەوە، پاشـا فەیسـەڵی یەکـەم، لەپێگەیەکـەوە دەسـتی بـەحوکم کـرد کـە لەڕووی ژمارەوە بێهێز بـوو. لـەڕووکاردا نوێنەرایـەتی' نەتـەوەی' عێراقـی دەکرد. بـەلام لەواقیعـدا خـاڵی کۆکردنـەوەی کەمینـەی سوننە بـوو. ئـەو نموونە حوکمکردنەی کـە لـەژێر سایەی مـەلیک فەیسـەڵدا دامـەزرا بـوو بەنەخشە بۆ هەموو ڕژێمـەکانی دواتـر. عەرەبـە سـوننەکانی پشـتیوانانی فەیسەڵ، پیاوماقوڵەکان، کرانە دەسەلاتدار و کاربەدەست بـۆ بـەهێزکردنی شەرعییەتی ڕژێم.[230] پیاوماقوڵەکان هەر بەدڵسۆزی فەیسەڵ مانەوە چونکە هەردووکیان لەبیرۆکەی گـەورەی پانعەرەبیزمـدا هاوبـەش بـوون. ئەمـەش خۆی بیرۆکەیەکی سوننە گەرایانەیە، هەروەها چونکە -شە ریفەکان- هـیچ بنکەیەکی دەسـەلاتیان نـەبوو لـە عێراقـدا. لەمـەش زیـاتر، پیاوماقوڵـەکان نزیکەی هەموویان لەدەوروبەری بەغداد کۆببونەوە، ئەمەش بـەزۆری لەبـەر ئەوەی کە بەغداد جێگەی یەکێک لەقوتابخانە سەربازییە کەمـەکانی عێـراق بوو.[231] بەحوکمی ئەوەی کە لەڕووی عەسـکەرییەوە تـەیار، خوێنـدەوار و دەستە بژێر بوون، سەرچاوەی دەسەلاتیان بوو بە دەزگای دەوڵەت خـۆی. هـــەروەک مالیـــک مـــوفتی ئامـــاژەی پیـــدەکات" پیاوماقوڵـــەکان کـــە

نەبەسترابوونەوە بەدەستە بژێرەکـــــانی ناوچـــــە شارنشـــــین و گوندنشینەکانیشـــەوە. لەمـــەوە پشـــتیوانێکیان نـــەبوو بـــۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییـــەکانیان. بۆیـــان دەرکـــەوت تاکـــە ئومێـــدیان بـــۆ پێشـــکەوتنی کۆمەلایەتیی لەبەرفراوانکردنی دەسەلاتی ناوەندیی فەیسەلدا بوو.[232] لەگـەڵ ئەوەشـدا. هەرچەنـدە شـەریفەکان لەهـەموو قـوژبنێکی رژێمەکـەی فەیسـەڵدا بەدیـدەکران. پاشـای نـوێ هەوڵیـدا بـۆ سیاسـەتێکی جـدیی و زیندوو بۆ بنیاتنانی نەتەوە (nation-building) لە عێراقدا. ئەو بۆی دەرکـــەوت هـــەر دەوڵـــەتێک کـــە خـــەڵکێکی جیـــاوازی ســـێ ویلایەتـــە عوسمانییەکانی موسڵ. بەغداد و بەسرە لەخۆی بگرێت پێویستە نوێنـەری هەموو پێکهاتـەکانی لەحکومەتـدا هـەبێت. یەکـەم کـارو گرنگتـرین کـاری مەسەلەی ئاشتکردنەوەی شیعە بوو لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. ئەو کە بـەوەی دەزانی" باج لەسەر شیعەیە. مردن لەسەر شیعەیە و دەسەلات بۆ سوننەیە" فەیسەڵ سیاسەتێکی گرتەبەر لە هەوڵدان بۆ گرێدانەوەی شیعە بەدەوڵـەتی عیراقەوە.[233] لەگەڵ ئەوەشدا. پەیوەستی ئەو بە بیرۆکەی پانعەرەبیزمـەوە. هەروەها پشتبەستنی بەپشتیوانی توندی پیاوماقولانەکان. مانـای ئـەوەبوو دەوڵەتی عێراقیی سیمای ترادیسـیۆنی سـوننیی خـۆی پاراسـت. هـەروەها تێخزاندنی عەرەبە ناسیۆنالیستە سوننیەکان لەهەموو ئاستە ئیدارییەکانـدا نیشـانەی هـەنگاوێکی ترسـناک بـوو لەبەسـوننییکردن و بەعـەرەبکردنی دەزگاکانی دەوڵەت و کولتووری سیاسیی لە عێراقدا.[234]

دەستنیشـــانکردنی ئایـــدێنتیتیی ســـوننەکان لـــەعێراقی کۆمارییدا

لەدوای روخاندنی پاشـایەتی لەسـاڵی 1958 دا گـۆڕانێکی کـەم ڕوویـدا. هەرچەنـدە ژەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم لەسەر ئەوە سـوور بـوو کـە بەشـە" عێراقییەکەی" خۆی وا وێنە بکات- کە پێوەندیی بە هەردوو خوێنی کـورد و عەرەبەوە هەیـە- بـەلام (بزوتنـەوەی ئەفسـەرە ئازادەکـان). بەئاشـکرا پانعەرەبیست بوون و لەڕووی ئایدۆلۆژییـەوە هاوشێوەی پیاوماقوڵـەکانی رژێمی پێشوو بوون. ئەوانیش بەهەمان قوتابخانـەی سەربازییدا تێپـەڕی بـوون و لەهـەمان ناوچـە و هـەمان چینـی ناوەراسـتەوە سـەرچاوەیان

گرتبـــــوو.[235] ئەگـــــەر پێکهاتـــەی بزوتنەوەکـــە لەبـــەر چـــاوبگرین. زۆرینەی زۆری بەرپرسەکانی کۆمیتەی ناوەنـدیی عـەرەبی سـوننە بـوون. لەگەڵ تەنها یەک شیعە و هیچ کوردێکیشی تێدا نەبوو.[236]

حیزبی شیوعیی عێراقیی. ئەو ڕێکخـراوەی کـە هێنـدەی سـوننە. شـیعەش تیایـدا باڵادەسـت بـوو. پشـتیوانییەکی بەهێزیشـی لیـدەکرا لەلایـەن کوردەکانـەوە. هەڕەشـەی راسـتەقینە بـوو بـۆ سـەر پێگـەی دەسـتەبژێری سوننیی لەعێراقدا. ئەوەی کە بەردەوام ئەم پارتە تووشی لابردن دەبووەوە زیاتر بەهۆی هەڵویستی دژ بە پانعـەرەبیزم بـوو تـا هـەر شـتێکی تـر. سروشـتی بـەردەوامی دابەشـبوونە سـتوونییەکەی عێـراق دەرکـەوت کـە ئەستەمە بۆ ڕێکخراوی چینایەتی بتوانی بەسەریدا زاڵ بێت. بەپلەی یەکەم بەهۆی ڕیگریکردنی دەسەلاتدارانی سوننییەوە.

لەکۆتایی سالانی 1950 دا کۆمەڵگەی عێراقی لەباروزروفێکی ئابووریی و کۆمەلایـەتیی گەشەسـەندوودا بـوو ئەمـەش بەکاریگـەریی زیـادبوونی داهاتەکانی نەوت. ئەو بزاوتە کۆمەڵایەتییەی کە لـەم هـوروووژمی داهاتـەوە سەریهەڵدا. گۆڕانێکی هاوشێوەی لەپێکهاتەی چینـە سیاسـییە چالاکەکانـدا بەخۆوە دیت. پێشتر. عێـراق لەلایـەن ئینتێڵەجێنسیای intelligentsia چینـی ناوەڕاسـتی شارنشـینەوە دەسـتی بەسـەرداگیرا بـوو. بەتایبـەتیی ئەوانـەی کـە لەبەغـداد و موسـڵەوە سـەریانهەڵدا بـوو. ئێسـتا. لەگـەڵ بەرزبوونەوەی بزاوتـی کۆمەڵایـەتی(social mobility). گوندنشـینەکان بەرەو ئەو ناوچە شارنشینانە کۆچیان کرد کە لەفراوانبووندا بوون.

ئـەم هورووژمـە ژمارەیـەکی زۆر لەتکریتییـەکانی تێـدا بـوو لەمەڵبەنـدی سوننەکانەوە لەبەغـداد و موسـڵ. کـە پاشـایەتی رووخێنـرا. تکریتییـەکان لەرێگەی زیادبوونی پەیوەندییـەکان و بانگـەواز بـۆ خزمـەتی سـەربازیی تەواو جێگەی خۆیان کردبووەوە لەناو پلەدارانی هێزە سەربازییەکاندا.[237]

لەواقیعدا. سوننە لادێیە خێڵەکییەکان ئەوکاتە هاتبوونە ناوشـارەکان. ئـەم هۆکارە گرنگ بوو بۆ مێژووی داهاتووی عێراق. کاتێک حیزبی بەعس بۆ دووەم جار هاتە سەر دەسەلات لەساڵی 1968 دا. پاکسـازیی کـرد لـەنێو ئەفســـەرە پلەدارەکانـــدا لەوانـــەی کـــە هـــەر هەڵوێســـتێکی چەپگەرایی(کۆمۆنیستی یان لایەنگریی سوریایان تێدابوو). ڕەنگـە تاکـە گرووپ کە دەستی لێنەدرا لادێیە سوننییەکان بوون. ئەم فاکتـەرە هاوشـان

لەگەڵ ڕەچەڵـەکی سـوننیی سـەرۆک ئەحمـەد حەسـەن بـەکر. ئاڕاسـتەی داهاتووی حیزبی بەعس، حکومەت و دەوڵەتی داڕشت.[238]

بەلای سەدامەوە، حیزبی بەعس تەنها ئامێرێک بـوو کـە بەهۆیـەوە ئـەو و تکریتییەکانی و هاوسۆزی بتـوانن دەسـەلاتی خۆیـان بەسـەر کۆمەڵگـەی عێراقدا بسـەپێنن. کەرەسـەیەکی کاریگـەر بـوو کـە بەهۆیـەوە دەسـەلاتی خۆیان کۆبکەنەوە. هەروەها وەک پڕوپاگەندەش ڕۆڵی هەبوو. کـە بـواری دا بەڕژێم تا چەند ڕەگەزێکی شیعە و کورد بخزێنێتـە نـاو ئاسـتە نـزم و مامناوەندیەکانی حیزبەوە، بەبێ ئەوەی هەرگیز بواریان پێبدرێت بێنە نـاو ئەو بازنە ناوەکیانەی رژێمەوە کە دەسـەلاتی جـدیی تیایـدا کۆبووەتـەوە. دەسەلاتی راستەقینە بەزۆریی لەدەسـتی بنەماڵـەی یەکـەمی سـەدام خۆیـدا کۆببووەوە(لە ئال بوناسرییەکان). و کەسانێکی تری گرووپە هاوکارەکان. حیزبـی بـەعس بیرۆکەیـەکی لەنوێنەرایـەتییکردنی سیاسـیی دەسـتەبەر کردبوو بەڵام نەیدەتوانی هەڕەشەی ڕاسـتەوخۆ دروسـت بکـات بـۆ سـەر سـەدام خـۆی. لەمـەدا سـەدام تـەواو لەمەترسـیی ئـەوە گەیشـتبوو کـە ڕێکخراوێکی وەکو حیزبـی شـیوعیی عێراقیـی (حشـع) لەسـەنتەرەوە زۆر نزیک بێـت، کـە لـەوێوە دەتـوانن هـەر رژێمێـک لـەناو ببـەن کـە هێشـتا دەسەلاتی خۆی تۆکمە نەکردبێت(هەروەک حیزبی شـیوعی کـردی لەگـەڵ قاسم).

سەدام، لەگەلاڵە کردنی دەسەلاتیدا بۆ بوون بەسـەرۆک لەسـاڵی 1979 دا و بەڵکوو پێشتریش وەک" قەیسەری ئاسایشی ناخۆیی" لەژێر دەسەڵاتی سەرۆک بەکردا، بەپاراستنی خـودی خـۆی—" لەسـەرەوەڕا" دەسـتیپێکرد بەکام شێوەی زۆر کاریگەر و گونجاوە. پاسەوانەکانی خۆی، ئـەو کۆمەڵـە پاسـەوانە تایبەتییانـەی سـەرۆکایـەتی، لەگەنجـە تکریتییـەکان پێکهێنـا بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەبنەماڵـەی(ئـال بوناسـر). کـە تاکـە ئـەرکیان پاراسـتنی سـەلامەتی فیزیکیـی سـەرۆک، بـەڵکوو لـە واقیعـدا جێگـری سەرۆک(سەدام حوسێن بوو). سەدام کە لەناو تۆڕی ئاسایشـی شەخسـیی خۆیدا مەلاسدرابوو، دەزگا ئەمنییە ناوخۆکانی حیـزب و دەوڵـەتی پڕکـرد لـەپیاوانی عەشـیرەتەکەی خـۆی و ئەڵقـە لـەگوێکانی خـۆی، بـەزۆری لەشـارەکانی تکریـت، دوور، بێجـی و عۆجـەوە هێنابوویـانی. سـکۆلاری ئیسـرائیلی ئاماتزیـا بـارام(Amatzia Baram)، ووردبینانـە تێبێنـی

ئـــەوەی کـــردووە کـــە ژمارەیـــەکی بچـــووکی خـــەڵکی دڵسـۆزی لەخۆبوردوو ئەگـەر لەچەنـد جەمسـەرێکی گونجـاوی ئـەمنیی و حکـومیی دابنرێن، دەشێ کە کاریگەریەکی لەڕادەبەدەریان هەبێت بەسەر ئاساییشـی رژێمەکەوە.[239]

لەزۆر لایەنەوە حیزبی بەعس پەردەیەک بوو بۆ ئامانجـەکانی سـەدام--- بواری پێدا خـۆی بگەیەنێتـە بـاڵاترین ئاسـتەکانی حکومـەت و بـوو بـە میکانیزمێکی دەزگایی تا بەهۆیەوە کۆمەڵگەی عیراقیی لەڕووی سیاسـییەوە لەپشـتییەوە کۆببێتـەوە و جڵـەوی بکـات. پتـەوکردنی رژێـم لەڕێگـەی بونیادێکی حیزبی بەربڵاوی کارەساتبارەوە. بونیادێک کە لەسـەر شـێوەی بونیادەکـەی حیزبـی شـیوعیی عێراقیـی بـوو. هـەروەها لەڕێگـەی بەخشینەوەی ئەو پارەیەی کە لەسەرچاوەکانی نەوتەوە دەهات. بەدەستهات، لەپاڵ بەستنەوەی دروشمەکانی بەعس بەو ئایدیا سـوننیانەی کـە تـا ئـەو کاتە زاڵ و بەگشتیی قبوڵکرابوون. وەکو ئایدیاکانی عروبە و، سۆشـیالیزم و ناسـیۆنالیزم. ئایـدۆلۆژیا پانعەرەبیسـتە سـێکیۆلارەکەی بـەعس و جەختکردنـەوەی ئاشـکرای لەسـەر یەکسـانیخوازیی و دابەشـکردنەوەی سـامان، هاوشـێوەی ئـەو بیروبـاوەڕە سیاسـییانە بـوون کـە جـەماوەری سوننیی لەسـەردەمی پاشـایەتی و لەسـەردەمی کۆمارییشـدا پـێش ئـەوەی بەعس دەسەڵات بگرێتە دەست، بەگشتی هەڵگری بوو.[240]

لەمەوە، ئاراستەکردنی پەیامی حیزبی بەعس بەرەو بیروبـاوەڕی سیاسـیی گشـتیی سـوننەکان(ڕەنگـە، چەنـد تێڕوانینێکـی سـێکیولاری شـیعەش)، هەروەها، بۆ دڵنیابوونـەوە لـەوەی حیزبـی بـەعس ببێتـە یەکـەم هۆکـاری پێشـکەوتنی کۆمەڵایـەتیی، سیاسـیی و ئـابووریی لـەناو عێراقـدا بـوو. تاڕادەیـەک پراکتیکێـک لەئەنـدازەی سیاسـییدا دروسـت بـوو. بونیـادی حیزبەکە جەختی لەسەر ئەو رۆڵە دەکـردەوە. بـەوەی شـانەکانی حیزبەکـە هەتا ئاستی گەڕەک و کۆڵان خزابوونە ناو کۆمـەڵگاوە و نفـوزی لـەوەش قووڵتر خزابووە ناو دڵ و مێشکی دانیشتوانەوە.

شانبەشانی ئەو بونیادە سیاسییە چڕەی کـە بەناوجەرگـەی کۆمەڵایەتییـدا رۆچوو بوو، رژێم سیمایەکی تری دیمەنی سیاسـیی عێراقـی قۆسـتبووەوە: ئـەویش سـەندیکا کرێکاریـەکان بـوون(ئـەوانیش هـەر لەلایـەن حیزبـی شیوعیەوە پـەرەیان پێـدرا بـوو). کـە دانیشـتوانیان بـەگوێرەی هێڵـی

فەنکشـــــــــنەکانیانەوە کۆکردبووەوە. لەجیاتی ئەوەی وەکو هۆکـاری کۆمەڵگـەی مـەدەنیی کاربکـە ن. بەسـادەیی ببـوون بـەهۆکارێک بـەعس بەهۆیانەوە بتوانێ پراکتیزی کـۆنترۆلکردنی کۆمەلایـەتیی بکـات. چونکـە ئەندامێتی لەسەندیکادا بەسترابووەوە بـە قبووڵکردنی لەلایـەن بەعسـەوە. سیاسەتێکی هاوشێوە پەیڕەوکرا لەمەڕ سوپاو بیرۆکراسییەتیی مەدەنییدا.
لـەڕووی ئایدۆلۆژییـەوە، حیزبـی بـەعس لەبنەڕەتـەوە ئـەو دروشـمانەی دەرخست کە هەمیشە ڕوویان لەمەڵبەندی سوننەکان بوو لەرابردوودا. بەلام حیزبەکە ببوو بەو ' سیکۆتینە' دامەزراوەییەی کۆمەڵگەی عیراقیـی پێکـەوە بەسـتبووەوە. ئـەو تاکـە میکانیزمـەی کـە دەشـیا بەهۆیـەوە پێشـکەوتن دەستەبەر بکرێت. بۆ هەموو عێراق. شوێنکەوتنی دروشمەکانی بەعس بوو بەمەرجێکی پێویست بۆ بزاوتی کۆمەلایەتیی، تەنانـەت دەکـرێ بڵێـین بـۆ ژیانێکی ئاساییشیش. بەهۆی میکانیزمەکانی(لەسەرەوە بۆ خـوارەوە) ی. هـەروەها بـەهۆی داخوازییـە خۆکردەکـانی ملکـەچیی بـۆ ئایـدیاکانی حیزب(دوایی بـوون بەهاوشـێوەی ئایـدیاکانی" دەوڵـەت" و" عیـراق". لـە کۆتاییدا. لەناو کەسایەتی سەدام خۆیدا جێگیر بوون). لەڕێگـەی ئەمانـەوە. رژێم بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە هێـزە سیاسـییە چالاکـەکانی(بەپلـەی یەکەم هـی سـوننیەکان و بـەلام تاڕادەیـەک شـیعەکانیش). جلـەو کـرد و بەستنیەوە بەشەرعییەت و دەسەلاتی دەستەبژێری دڵسـۆز و دەسـەلاتداری سوننی و وەلامگۆی بابەگەورەی خۆیان. سەدام حوسێن.

سوننەکان لە ڕژێمی سەدامدا

لەزۆر ڕووەوە سەدام دووبارە عێراقی دروستکردەوە. ئەگەر لەسـەر وێنـەی خۆشی نەبێت ئەوە بەدڵنیاییەوە بەجۆرێک بوو خزمـەت بەوێنەکـەی خـۆی بکات. مەڵبەندی عەرەبیی سوننەی عێراق. یان لای کەم ئەو ڕێژەیەی ئەوان کە بە دڵسۆزی ئەو دادەنران. کلیلی دەربازبوون و شـەرعییەتی ڕژێمەکـەی بـوون. ئەوانـەش بـە نادڵسـۆز دادەنـران لەگـەڵ تێپـەڕبوونی ساڵەکان بێڕەحمانە لەپاکسازییەکاندا لەنێودەبران. یەکێک لەو ڕاستییانەی مێـژووی نـوێی عێـراق بـەردەوام پشـتگوێ خـراوە و گرنگـی پێنـەدراوە. چەوساندنەوەی بـەربڵاو و سیسـتەماتیکی سـوننەکانە لەلایـەن حکومـەتی سـەدامەوە. تـوێژی ڕۆشـنبیری بـەعس لەگـەڵ گرتنەدەسـتی پۆسـتی

ســـەرۆکایەتی لەلایـــەن سەدامەوە بەکردەوە لەنێوبرا. لـەدوای نـەمانی ئەو توێژە، حیزبەکە پڕبوو لـە سـوننەی دەشـتەکیی. هـەموویان دڵسـۆزی تـەواو بـوون بـۆ سـەدام و ئارەزوویـان لـەهیچ جـۆرە پێشخسـتنێکی ئایدۆلۆژیی و سیاسیی نەبوو جگە لەوەی کە لەسەرکردەوە دەهات.

بـەم هـەنگاوە، سـەدام بـەکردەوە سـەرکردایەتی سیاسـیی عێراقـی کـرد بەخێڵەکیی، هەم لـەڕووی پەیـدابوونی کۆمـەڵێک دامودەزگـای خێڵەکییـەوە کەپشـتیوانیان لەسـەر فـۆرمی پۆسـتی حکـومیی، بەخشیشـی دارایـی و قـازانجی لایـەنگیرییکردنی ڕژێـم وەردەگـرت، هـەروەها لـەڕووی ئـەو پەیوەندییە شەخسییانەشـەوە تـەعبیریان لـەکولتوری سیاسـیی دەزگاکـانی دەوڵەت دەکردەوە. سەدام خەڵکی خۆی لەپێگەکانی دەسەڵات و ئاساییشدا دانـابوو؛ بـەلام، ڕەنگـە لەهـەمووی گرنگتـر ئـەوەبێت ئـەو "خێـڵ"ێکـی لەدەزگاکانی حکومەت دروستکردبوو. هەرکەسێک بەجۆرێک هەڵسـوکەوتی بکردایـە وەکـو دژایـەتی دەوڵـەت لێکبدرایەتـەوە—لەمەسـەلەی وەلائـی سیاسیی— توشی سزای خێڵەکییانەی سەدەکانی ناوەڕاست دەبووەوە کـە سـەدام کردبـووی بـەکولتوور و سـەپاندبووی. سـەدام سـوننی بـوو، عەشیرەتەکەی سوننی بوو؛ لەمەوە دەزگاکانی دەوڵەتەکەیشی بەپلەی یەکـەم بە سوننیەکان پڕدەکرانەوە.

بێگومان، لەناو ئایـدۆلۆژیای بەعسـدا بـوارێکی کـەم هـەبوو تەنانـەت بـۆ ددانـنان بـەوەی جیاوازیـەکی ئاشـکرا لەعێراقـدا هەیـە لەئاسـتی تائیفیـدا. بەگوێرەی ئایـدۆلۆژیای بـەعس، ئایـدێنتیتیی نیشـتیمانیی کەسـێک نـابێ بەهۆی ئایین و تائیفەوە دەستنیشان بکرێت.[241] لەگەڵ ئەوەشـدا، حیزبـی بـەعس بـەهۆی خـودی بونیادەکـەی خۆیـەوە ئـەوەی مسـۆگەرکردبوو، نە نوێنەرانی شیعە و نە کورد بەکردەوە و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بخرێنە شـوێنێکی دەسـەلاتەوە کـە دەسـتێکی بـەهێزیان هـەبێت لەچالاکییـەکانی حکومـەتی ناوەندییـدا. ئامـانج و سـتراتیژییە نیشـتیمانییەکەی بـەعس لەخۆگرتنی کۆمەڵگەی فرەڕەنگ و فرەکولتووریی عیراقی بێ کێشە بوو تا ئەو جێگەیەی دەزگاکانی دەوڵەت هـەر لەدەسـتی سـوننەکاندا دەمێنێتـەوە، دیارە بەزۆری تکریتییەکان نوێنەرایەتییان دەکردن.

پێگەی تکریتییەکان و خێڵە سوننیە هاوسۆزەکان

بەشداری خودی سەدام لەدەرکەوتنی تکریتییەکان لەدەوڵەتی عێراقدا دەتوانرێت بەروونی ببینرێت بە بەراوردکردنی پێکهاتەی یەکەم حکومەتی بەعسیی لەساڵی 1963 دا(سەدام رۆڵێکی کەمی هەبوو لەهەڵبژاردنی ئەندامەکانی) و دووەم حکومەتی بەعسیی لەساڵی 1968 دا. سەدام دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو وەکو جێگری سەرۆک بەکر. هەرچەندە هەموو ئەندامەکانی حکومەتی یەکەم سوننە بوون بەڵام دابەشبوون لەنێوان ئەوانەی خەڵکی بەغداد و ئەوانەی خەڵکی تکریت. پێکهاتەی دووەم حکومەت ئەوەی ئاشکراکرد کە ئێستا تکریتییەکان بالادەست بوون لەناو رژێمدا. ئێستا لەلایەن چینی خوارەوە دەستی بەسەرداگیرابوو نەک چینی ناوەڕاست.[242]

ئەمە بەڕێکەوت نەبوو. جاریکیتر سەدام تێگەیشتبوو هەڕەشە بۆ سەر رژێم سەرئەنجام لەشیعەکانەوە نایەت چونکە دەکرێ پشت بەسوننەکان ببەستێت بۆ یەککگرتن لەدژی هەڕەشەی یاخیبوونی شیعەکان(هەروەک لەساڵی 1991). ئەوەی بەلای سەدامەوە گرنگ بوو. هەڕەشەی سەرەکیی لەخودی سوننەکانەوە دەهات. لێرەوە ئامانجی یەکەمی ئەوەبوو خۆی و دەوروبەری لەئەگەری ئەوە بپارێزێت کە لەلایەن سوننەکانەوە لەناوخۆوە بڕوخێنرێت. لەسەرەتاوە. سەدام. لەلایەن چینی دەسەڵاتداری ترالیسیۆنی سوننیی وەکو کەسێکی لەپڕ هەڵتۆقیو سەیر دەکرا. کەسێکی نەخوێندەوار. شەقاوەیەکی لادێیی کە هیچ ئەزموونێکی سەربازیی نەبوو. نەیارە سروشتییەکانی دەکرا چاوەڕوان بکرێت لەشارەکان و لەناو سوپاوە سەرهەڵبدەن. لەمەوە. دڵنیا بوو هێزەکانی ناو ئەم توێژانەی عێراق دەرک بەوە بکەن کە ئەستەمە پاڵنەرێکی سیاسیی دروستبکەن بۆ هەڕەشەدروستکردن.

لەگەڵ ئەوەشدا. غەریزەی مانەوەی لەوەش زیاتر تێپەڕاند کە متمانە بەباشترین خەڵکانی سوننەش نەکات. تەواو ئاشکرایە ئەو تەنانەت متمانەی بەئەندامانی خێزانەکەی خۆیشی نەدەکرد. جاریکیتر دەبووایە پیرۆزبایی لێبکرێت لەسەر هەڵسەنگاندنە پڕ لە سەلیقەکەی. لێرەوە. تەنانەت پەیوەندییە هەرە نزیکەکانیشی وەکو عێراق بەگشتی کەوتبوونە ژێر ئەم سیستەمەی دەرخواردان و زۆرلێکردنەوەوە. مانەوەی سەدام بۆ

چەنـــدین ســاڵ بــەخوێنی خزمەکانی خۆی دەستەبەر بــوو. چونکــە ئــەو بەردەوام خەریکی بڕینی ئەگەری ئێرەیی ئەوانە بوو لەنزیکی خۆی بوون.
ئەمە بۆ سەدام واتای ئەوە بوو لەنێوان سێ باڵی بنەماڵەکەی خۆیدا یاریی بکات—" براکان." " ئامۆزاکان." و " پورزاکان". دەرکەوتن و دیارنــەمانی هەریەک لەم لقانە بەروونی ئەوە دەردەخات کە سەدام بەجۆرێک کاروبــارە خێزانییەکانی خــۆی بــەڕێوە بــردووە تەنانــەت کەســە زۆر نزیکەکانیشــی لەحاڵەتی ترس و دڵەراوکێدا ماونەتــەوە.[243] ســیمایەکی ئــەم ســتراتیژییە زۆر بــاش دۆکیــومێنتکراوە ئەوەیــە ســەدام چەنــدین دەزگــای ئــەمنیی دروستکردووە دەسەلاتەکانیان هاوشــانی یــەکترن. تاکــە دەزگــای ئــەمنیی لەهەموان گرنگتر دایمەزراند دەزگای ئاسایشی تایبەتییــە. ئــەم دەزگایــە ســەرلەبەر دەزگــای پاراســتنی ســەرۆک بــوو. ســتافەکانی بەپلــەی یەکــەم تکریتییــەکان بــوون لەبنەماڵــەی ئــال بوناســرو. لەلایــەن قوســەی کــوڕە بچووکەکەی(بەڵام زیــاتر دەستڕۆیشــتووەکەی) ســەدامەوە. سەرپەرشــتیی دەکــرا.[244] بەهــەمان شــێوە. پاســەوانەکانی ســەرۆکایەتیی پــارێزەرانی نزیکترین کەسەکانی خێڵ وخێزانەکەی سەدام بوون.
لەناو هەواڵگریی گشتییشدا تکریتییەکان بالادەست بوون و لەڕێگــەی ئــەم ئۆفیسەشەوە ئەوەیان مسۆگەر کردبوو بخزێنە نــاو چالاکییــەکانی هــەموو ئۆفیسەکانی تری حکومەت و سوپاوە. لەناو سوپادا. یەکــە بنەڕەتییــەکانی گــاردی تایبــەتیی کۆمــاریی و گــاردی کۆمــاریی هــەر لەکۆنــەوە لەلایــەن تکریتییەکانەوە سەرپەرشتیی کــراوە و ڕۆڵــی پاراســتنی ڕژێمیــان گێــڕاوە لەدژی هەر هەوڵێکی کودەتا یان شۆڕش لەلایەن شیعەکانەوە.[245] توێژەری ئیســرائیلی تایبەتمەنــد لــەبواری سیاســەتیی عێراقییــدا. ئــەماتزیا بــارام مەزەنــدەی ئــەوەی کــردووە هەمیشــە ڕێــژەی سەرلەشــکرەکانی گــاردی کۆماریی لەنێو تکریتییەکان. یان دوورییەکاندا لەســەدا 50 کــەمتر نــەبووە و. لەزاری کۆلۆنیالێکی ڕاکــردووی گــاردی کۆمارییــەوە مەزەنــدەی ئــەوەی کردووە تاساڵی 1991 نزیکەی لەسەدا 80 ی ئەفســەرەکانی لەتکریتــەوە هاتوون.
ئــەم بونیــادە ڕەســمییانەی ئاســایش و دەســەلات بەدامەزرانــدنی چەنــد گرووپێکی میلیشیایی نارەسمیی تــەواوکرابوون لەوانــە فیدایــیەکانی ســەدام بەسەرپەرشتیی عودەی کوڕە گەورەکەی سەدام (ئەوەی زۆر گــەمۆڕ بــوو).

فیداییـەکان زۆر گاڵتـەیان پێکـرا لەئامادەکارییـەکانی داگیرکردنەکـەی عێراق لە 2003 دا بەسەرۆکایەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕاهێنـان و ڕۆڵیـان لەمەیدانـدا. لـەکاتی هەڵمەتـە یـەک بـەدوای یەکەکان و هەندێکجار خۆکوژییەکانیاندا لەدژی ئەو هێزانەی هاوپـەیمانان کە زۆر لەخۆیان بەهێزتر وپێشکەوتووتر بوون، دەریخست کە ملکـەچییان بۆ رژێم هاوشان بوو لەگەڵ بەڵێنـەکانیان لەمەیـدانی شـەڕدا. لەحکومـەتی مەدەنیشدا، ئاڕاستەکە دووبارە ڕووی لەدامەزرانـدنی ئەفسـەرە سـەربازییە سوننیەکان بوو تەنانەت لەنێو باشووری شیعەنشینیشدا. بۆ نموونـە، تـا سـاڵی 2000 نـەقیب موحەمـەد فـایز ئـەلحازە(ئەنـدامێکی بنەماڵـەی ئالبوناسر)، پارێزگاری شاری عەمارە بوو.

پارێزگاری بەغداد، فەریق سابیر ئەلدوریی بوو، فـەریق ئیبـراهیم هـەماش تکریتیی پارێزگاری بەسرە بـوو.[246] کەواتـە سـەدام، تکریتیـی و سـوننە دڵسۆزەکانی-- هەر کاتێک گرنگیی زیاتریان هەبووایـە-- دەخستە نـاو دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەت، پێگـە سـەربازییەکان و دەزگـا سـەرەکییەکانی کۆنترۆڵی مەدەنییەوە. حکومەتی عێراقیی ژێردەستی سەدام لەسـەر کاغـەز هـیچ جیاوازییـەکی نـەبوو لەوانـەی پێشـووی لـەو ڕووەوە باڵادەسـتی سـوننەکان وەکـو سـیمایەکی زاڵ بەسـەر دەوڵەتەکـەوە مایـەوە. لەگـەڵ ئەوەشدا، سـەدام عەشیرەتگەریی و ئـەم باڵادەسـتییەی پێکـەوە گرێـدا و بەدەسەلاتدان بەخێڵە لادێیەکانی زێدەکەی خـۆی—تکریـت، ڕۆڵـی چینـی ناوەراستی سوننەی لاواز کرد .

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەو بۆچوونـەی کـە تکریتییـەکان(یـان تەنانـەت سوننەکانیش) یەکسان بـوون بـەحیزبی بـەعس، زیادەڕەوییـەو، ئامـاژەی هەڵەیەکی جدییە لەداهاتوودا ئەگـەر هـەوڵێک بـۆ لەکۆڵکردنـەوەی نفوزی سەدام لەعێراق بەپلەی یەکەم لەکۆڵکردنەوەی حیزبی بەعس ئامانجی بێت . بەپێچەوانەی هێزە چەکدارەکان و دەزگـا ئەمنییەکانـەوە، حیزبـی بـەعس کـەمتر لەلایـەن تکریتییەکانـەوە دەسـتی بەسـەردا گیـراوە. لەبـەرزترین ئاستەکانی حیزبەکەدا(سەرکردایەتی هەرێمیی) ڕەنگە نیـوەی شـوێنەکان بەتکریتییەکان یان دوورییەکان پڕکرابێتـەوە، هەرچەنـدە بـەر لەڕاپـەڕینی 1991 ڕێژەکـە گـەلێک کـەمتر بـوو.[247] لەبەشـی خـوارتری حیزبەکـەدا، پێکهاتـەی ئەفسـەرەکانی ڕەنگدانـەوەی پێکهاتـەی تـائیفی زۆرینـە بـوو.

لێــــــرەوە. لەئاســــــتەکانی خــوارەوە و ناوەڕاســـتدا. ئەندامــە شــیعەکان زیاتر دەردەکەوتن، هەرچەنــدە. ئاڕاســتەی گشــتیی سیاســەت لەســەرەوەڕا دەسەپێنرا.

لەبالاترین ئاستییدا سەدام بوو کۆنترۆڵی بەعسی دەکرد لـەجیاتی ئـەوەی بەعس کۆنترۆڵی ئەو بکات. بەتایبەتیی لەدوای پاکسـازییکردن لەحیزبەکـە یەکســـەر دوای ئـــەوەی خـــۆی بـــوو بەســـەرۆک لەســـاڵی 1979 دا. دەســـتییپێکرد. لـــەئاماژەکردن بـــە لاوازیـــی حیزبـــی بـــەعس. ئـــۆفرا بۆنگیۆ(Ofra Bongio) دەڵێ" حیزبـی بـەعس لەسـاڵی 1979 وە زۆر بەسەختیی لەکارخراوە. تەنانـەت خەسـێنراوە. سـەربەخۆیی و ئۆتۆنـۆمیی خــۆی وەکــو دەزگایــەکی بڕیــاردەر لەدەســتداوە. ئەمــە جگــە لــەتوانای سنووردارکرنی دەسەلاتەکانی سەرۆک."[248]

زاڵبوونی تکریتییەکان لەناو عێراقی هاوچەرخدا زۆرباش دۆکیومێنتکراوە؛ لەگــەڵ ئەوەشــدا. ئــەوەی کــەمتر لەبــەرچاوگیراوە ئەوەیــە کــە لەگــەڵ زەقبوونەوەی چەند بنەماڵە و عەشیرەتێکی دیاریکراوی تکریت ئێرەیـی و دژایەتی خێڵەکانی تر وەدەرکەوتووە. دووبارە. ئەو هەڕەشەیەی کەوتووەتە سەر سەدام لەلایەن شیعەوە هەڕەشــەیەکی هەمیشــەیی بــووە. بــەڵام وەک هەڕەشــەیەکی حــازر ماوەتــەوە بــۆ ســەر هــەموو ســوننەی عێــراق نــەک ڕاستەوخۆ بۆ سەر سەدام. بەڵام. هەڕەشەی ناوخۆی سوننی هەڕەشــەیەکی شەخسـیی بـوو. تیـری لـە سـەدام خـۆی بـوو. هـەروەک ئاماتزیـا بـارام بەشێوەیەکی ماقوڵ تێبینیی دەکات. ستراتیژەکەی سەدام لەبەخێڵەکییکردنی بونیادی سیاسیی عێراق و دانی ئەوپەڕیی گرنگیی بەهەنـدێک عەشـیرەت. هەردوو ڕێگەکەی بڕیـوە.[249] بـوونی کەسـانێک لەیەکـە سـەربازییە هـەرە بەتواناکان و پێگە سیاسـییە هـەرە هەسـتیارەکاندا. کەسـانێک (لای کـەم ئەگــەری ئــەوەیان هــەبوو) زیــاتر پەیوەســت و ملکــەچ بــوون بــۆ عەشیرەتەکانیان تا بۆ کەسی سـەدام هاوکـات هێـزو هـەلی ئـەوەی پێـدان لەسەرەتای سالانی 1970 دا هەوڵی ڕووخاننی بدەن.

عەشــیرەتی jawaine ی شــارۆچکەی حەدیســە لــەباکووری خــۆراوای بەغداد. بەدرێژایی مێژووی نـوێی عێـراق. گرووپێکـی بـەرچاوبوون. وەک بەشــێک لەناوچــەی تکریــت (لەمــەوە دەکــرێ بڵێــین بەشــێکە لەبنکــەی پشـتیوانیی لـە سـەدام). لەسـێدارەدانی چەنـد کەسـێکی دیـاری خێڵــی

جەوایـنـــــە{ جومـــــەیلات} لەلایـــەن ســەدامەوە لەوانــە جێنــەڕاڵی هێـزی فرۆکەوانیی(حوسێن حەیاویی). بوو بەهۆی ئەوەی جەوایـنـەکان لای کـەم بەشێکیان ببن بەدوژمنی رژێم.[250] نموونەیەکی تـر لـەجێنوەری 1990 دا ڕوویـــدا. کـــاتێ هێـــزە ئەمنییـــەکانی ســـەدام هـــەوڵێکی کوودەتایـــان پووچەڵکردەوە کە لەلایـەن عەشـیرەتی بـەهێزی جبـوورەوە سەرپەرشـتیی دەکرا. دەیان ئەفسـەری گـاردی کۆمـاریی جبـووریی لەسـێدارەدران، ئـەو بەرپرسـە جبووریـە تۆقێنراوانـەش دەربازیـان بـوو نێـردران بـۆ چەنـد شوێنێک نەتوانن هیچ هەڕەشەیەک دروستبکەن بۆ سەر رژێـم.[251]

تەنانـەت یـاخیبوونی خۆمـاڵیی بچـووک بچـووکیش بـەس بـوون بـۆ تـوڕەکردنی سـەدام. لەسـێدارەدانی سوپاسـالار محەمـەد مـەزلـوم دلێمـیی، یاخیبوونێکی ناوچەیی لێکەوتەوە لەلایەن گرووپێکی بچووکی فیدراسیۆنی عەشیرەتە دلێمییەکانەوە. کەچیی وەکو وانەیەک بۆ عەشیرەتە سوننییەکانی تـــر زۆر دڵڕەقانـــە دامرکێنرایـــەوە. ســـەدام بەتایبـــەتیی بـــەیاخیبوونی جبوورییەکان زۆر پەست بوو، چونکە ئەوان پێگەیەکی دیـارو بـەرچاویان هەبوو لەناو رژێمی عیراقییدا.[252] تەنانەت (بارام) وای بۆ دەچێت سەدام نەیدەتوانی متمانە بەعەشیرەتەکەی خۆیشی—ئال بوناسر- بکات و باسی دەستگیرکردنی زاواکەی سەدام خۆی سوپاسالار حەمیـد شـەعبان دەکـات وەکو بەڵگەیەک بۆ ئەو شمشێرە دووسەرەی سەدام خولقاندبووی.[253]

سوننەکان لەڕووخانی سەدامەوە

لەدوای لادانی سەدام لەسەر دەسەڵات، میدیای ڕۆژاوایی نزیکەی بەتەواویی قورسایی خسـتبووە سـەر پێگـەی کوردەکـان و شـیعەکان. وێنـەی پیـاوە ئایینییە شیعەکان بەعەبای درێژو ڕیشەوە لەگەڵ کـوردانی جامانـە بەسـەر شـتێکی ئاسـایی بـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەوەی زۆر بـەرچاو بـوو ئامادەنەبوونی هەر چالاکییەکی سیاسیی سوننەکان بوو. دەوڵەتی عێراقیی لەدوای ئەوەی پارێزەری چەند دەستەیەکی سوننی هەلبژێردراو بوو، کەوتە ناو تەنگژەیەکی کاراساتبارەوە. ڕەنگە سوننەکان لەناوبردنی رژێم سـەدام حوســێنیان وەکــو زەنگـــی مـــەرگی هێجـــەمۆنی ســـوننیی لەعێراقـــدا قبوولکردبێـــت. هـــەر فـــۆرمێکی حـــوکمکردنی دیمـــوکراتیی لـــەداهاتوودا بەزەروریی نفوزی سیاسـیی سـوننەی بـەژمارە کـەمتر دەکاتـەوە. ئەگـەر

ئەزموونـــــە مەزنەكـــــەی ئەمێریكا لەدیموكراتیزەكردن سەركەوتوو بێت سـونەكان لەهـەموان زیـاتر شـت لەدەسـت دەدەن. بۆیـە پاڵنـەری زۆر بەهێزیان هەیە بۆ دڵنیـابوون لـەوەی شكسـتدێنێت. سێگۆشـەی بەغـداد-موسـڵ-روتبـەی مەڵبەنـدی سـوننەكان دەیسـەلمێنێت سەرسـەختترین و ترسـناكترین ناوچەیـە بـۆ سـەربازە ئەمێریكییـەكان. بێگومـان. بەشـێكی زۆری ئەو هەرێمە هێزی ئەمێریكای هەر تێدانییە یان كەمی تێدایە. ئەمەش چونكە ئەو ناوچەیە پێداچوونی ئەستەمە بۆ ئەو مـەفرەزە ئەمێریكییانـەی چەكی باشیان پێ نییـە. ئـەگـەر ئـاژاوە و خۆپیشـاندانی نارەزایـەتی دژ بـەداگیركاریی ئـەمێریكا لەفەللوجـە ئامـاژەبن بـۆ رای گشـتیی، مەڵبەنـدی سوننیی بووە بەناوچـەی سـەرەكیی بەرەنگاربوونـەوەی چەكـداری دژ بـە بوونی بەردەوامی ئەمێریكا لەعێراقدا.

ئاستی هەستیاریی سوننەكان هەر بەتوندیی لەباكووری وڵات لەدەوروبەری موسڵ و كەركوكـدا. دەمێنێتـەوە . دەسـت بەسـەرداگرتنی كـەركوك، ئـەو شـارەی كـە لەناجێگیریـەكی ترسـناكدایە. لەلایـەن كوردەكانـەوە، دواتـر هەڵبژاردنی پارێزگارێكی كورد بۆ شارەكە. كەمی پێكرا بـۆ كەمكردنـەوەی ترسی عەرەب لەوەی كـە كوردەكـان خواستی وەرگرتنـەوەی كـەركوكیان نەماوە وەك پایتەختی ناوچەكەیان. پێشبڕكێی عـەرەب-كـورد لەشـارەكەدا هێشتا خوێناویی و سەختە. ئەمێریكاش واپیدەچێت نـەتوانێت ئاشـتیی و ئارامیی بچەسپێنێت. دیارە تەنگژەكان لـەوە گـەورەترن لـەقـەڵای هەسـتی عەرەبایـەتیی سـوننیدا. لەموسـڵ، دەركـەوتنی پێشـمەرگەكانی پـارتیی دیمـوكراتی كوردسـتان سـەر بـە بـارزانیی لەشـەقامەكانی موسـڵدا دەسـورێنەوە. ئـەویش لەخزمـەتی رەواندنـەوەی نیگـەرانیی و ترسـی سوننەكاندا نەبوو.

رۆژە هەرە سەختەكان ئەو كاتە دەركەوتن كـە حـاكمی ئـەمێریكی بەسـەر عێراقـەوە، پـۆڵ بریمـەر هەوڵیـدا سیاسـەتی بریقـەداری ریشەكێشـكردنی بەعس بچەسپێنێت. بە بەكارهێنانی مۆدیلێكی ناتەبا وەك ئەڵمانیای نازیی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، پلانەكە بۆ" ریشەكێشكردنی بـەعس " بـوو لەعێراقـدا بـەجۆرێكی هاوشـێوەی" "ریشەكێشـكردنی نـازیی" لـەئاڵمانیا. زۆریی ژمارەی ئەو كەسـانەی لـەو پرۆسـەیەوە گلابـوون. هاوشـان لەگـەڵ ئەوەی بەزۆریی سوننەكان دەبوونە ئامانجی جەوهەری پلانەكە. بووە هۆی

زیاتر سوننەکان ببنە دوژمن. لەبارودۆخێکی لەم چەشنە لە دەستێوەردانی دەرەکیی(چ لەلایەن ئەمێریکاوە یان لەلایەن دەوڵەتە هەرێمییەکانەوە) لەکاروباری دەوڵەتەکەدا.

هەوڵەکانی شیعە بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەزگاکانی حکومەت و هەنگاوەکانی کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمیی و دەستبەسەرداگرتنی کەرکوک، دەکرێ پێشبینی ئەوە بکرێت کە دیارترین سیمای مێژووی سیاسیی عێراقن دەربکەونەوە— ئەویش ڕێکخستنەوەی سیاسیی و سەربازیی دانیشتوانی سوننە لەهێزێکدا بتوانێت دەسەلات بگرێتە دەست و هەموو گرووپەکانی تر بخاتە ژێر دەستییەوە. لاوازیی جەوهەری پارچەپارچەیی شیعە هێشتا هەمووان بەئاشکرایی دەیبینن. کوردەکان بەردەوام دەبن لەسەر جەختکردنەوە لەسەر ئۆتۆنۆمیی بەلام هێشتا لەناوخۆدا بەشێوەیەکی ترسناک بەشبەشن. سوننەکان لەکۆنەوە تەباترین و ڕێکخراوترین بەشی کۆمەڵگەی عێراقین لەڕووی سیاسییەوە. بەڵگەیەکی کەمیش لەبەردەستدایە پێشبینی ئەوە بکەین کە هەڵبگەڕێنەوە و ڕێگە بدەن میراتەکانیان لێبسەندرێت و بدرێتە کوردانی غەیرە عەرەب یان شیعە فەندەمێنتالیستەکانی دۆستی ئێران.

سوننەکان: مەسەلە جەوهەرییەکان

میراتی باڵادەستیی و ڕۆڵی داهاتوو لەعێراقدا

سوننەکان بۆ چەندین سەدە حوکمیان کردووە بەسەر ئەو هەرێمەی ئێستا عێراقە. لەم ڕووەوە ئەوان حاکمی" سروشتیی" عێراقن. بەلام حکومەتێکی نوێنەرایەتی دیموکراسیی راستەقینە لەعێراقدا. کە تیایدا دەسەلاتی سیاسیی بەتەواویی ڕەنگدانەوی قەبارەی دانیشتوان بێت. سوننەکان دەخاتە پێگەیەکی سیاسیی ژێرترەوە نەک هەر لەپەیوەندییاندا لەگەڵ شیعە بەڵکوو لەئاست کوردەکانیشدا. ناوچە "عەرەبە" هەرە بەهێزەکانی ئەم وڵاتە کە زۆرینە عەرەبن. بەزەحمەت دەتوانن ئەمە قبوول بکەن— بەتایبەتیی لەهەندێک شاری هەستیاری وەکو موسڵدا. بەلام، ڕێک هەمان شت ڕوودەدات ئەگەر ئەمێریکا سەرکەوتووبێت لەدروستکردنی نوێنەرایەتییەکی دیموکراسیی لەعێراقدا. چاوەڕوانی ئەوە لەعەرەبە

سوننەکان دەکرێت کە لەشەو و ڕۆژێکدا مل بۆ پرۆسەیەک کەچ بکەن فرێیان دەداتە ژێری ژێرەوەی ڕیزبەندی سیاسییەوە.
بەلەدەستدانی دەسەلاتی سیاسیی، سوننەکان هەروەها پێناسەی دەسەڵات و نەخشاندنی ئایدێنتیتیی دەوڵەتی عێراقیش لەدەست دەدەن. تەنها سوننەکان زۆریان هەیە لەدەستی بدەن. بۆیە، عەرەبە سوننەکان پاڵنەری زۆریان هەیە نەهێڵن کارەکەی ئەمێریکا سەربکەوێت. لەم حاڵەتەدا باشترین ڕێگە لەبەردەم سوننەکاندا ئەوەیە یاری بەکارتی ناسیۆنالیزم بکەن؛ کرۆکی هێزێکی بەرەنگاری ڕێکخراو پێکەوە بنێن خۆی بۆ دەرپەڕاندنی ئەمێریکا لەعێراقدا یەکلایی بکاتەوە. گەلێک هۆ هەن بۆ کوردەکان ئومێدی مانەوەی هێزەکانی ئەمێریکا بکەن لەعێراقدا؛ شیعەکان یەکێتییەکی ڕێکخراوەییان نییە(مەگەر سەرکردەیەکی کارێزمایی ئەوە دابین بکات). ئەمە وادەکات سوننەکان سەرچاوەیەکی چاوەڕوانکراو بن بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕێکخراو لەعێراقی دوای سەدامدا.
لەدوای لابردنی سەدامەوە، سوننەکان هیچ کەسایەتییەکیان نەبوو بەدەسەلاتێکی سیاسیی ئەوتۆوە وەکو گرووپێکی گشتیی نوێنەرایەتییان بکات لەلای دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی برێمەر. هەوڵەکانی شێخ زەید(سەرۆکی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیی) لەناوەراستیی 2003 دا بۆ پێکهێنانی جۆرێک لەسەرکردایەتیی سیاسیی سوننیی ئەویش لەڕێگەی پشتیوانیکردنی عەدنان پاچەچیی تەمەن هەشتا ساڵ بەسەرەوە، یان سەرکردەی پاشاییەکان، پیاوماقوڵ{ شەریف} عەلی بن حوسێن بەرێوە چوو. ئەمە بۆ خۆی نیشانەی نەبوونی ڕێکخستن بوو لەنێو سوننەکانی عێراقدا. سوننەکان، کاتێک ڕووبەڕووی ماشێنی سیاسیی بەهێزیی کوردەکان و توانای جەماوەری قەبەی شیعەکان(بەدەنگ و سەدا دوای ئەوەی تازە ئازادیی دەربڕینیان پەیداکردووە) دەبنەوە، ئێستا ئەوان پێکهاتەی بەشخوراوی کۆمەڵگەی عێراقیین. ئەمە مەسەلەیەکە لەوە زیاتر جێگەی ناسەقامگیرییەو ئیدارەی ئێستای هاوپەیمانان بۆی دەرکەوتووە. بەرپەرچدانەوەی سوننەکان دژ بەداگیرکردن و ئەو ڕیسواییەی کە تووشی هاتوون لەو دەوڵەتەدا، دەشێ لەوەندە خوێناوییتر و کاولکارانەتر بێت کە تا ئێستا هەیە.

بەرەنجام

سوننەکان، وەک هەموو گرووپەکانی تری عێراق، بەسیاسەتی بەخشین و داپڵۆسین خرابوونە سەر رێ، سیاسەتێک کە بەوردیی داڕێژرابوو، هەمیشەش لەگۆڕاندا بوو، چەند، گرووپێک لەسەنتەری دەسەڵاتەوە نزیک بووبێت هێندە ئەم سیاسەتە توندتر بووە. سوننەکان وەک گرووپ هەمیشە لەلایەن نووسەرانەوە فەرامۆشکراون، ئەو نوسەرانەی زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر مەینەتییە پتر دیارەکانی کورد و شیعە.

هەرچۆنێک بێت، دەبێ پێگەی سوننەکان لەعێراقدا لەبەرچاوبگیرێت چونکە ئەوان هێزی بزوێنەر بوون بۆ سەدان ساڵ لەبەڕێوەبردنی ناوچەکەدا، تەنانەت بەر لەدروستکردنی عێراق. پەیوەندییە ناوچەیەکانیشیان بەدەوڵەتەکانی تری عەرەبەوە واقیعێکی ستراکتۆریی وەها دەخاتە بەردەم ئەندازیارەکانی داهاتووی عێراقەوە رەنگە زاڵبوون بەسەریدا ئەستەم بێت. بەتایبەتیی ئەگەر ئەو ئەندازیارانە هەوڵی گۆڕینی سیمای سیاسیی دەوڵەتی عێراقیی بدەن بە بەشدارییپێکردنی نوێنەرانی کورد و شیعە لەحکومەتدا. واپێدەچێت، بۆ ئەوەی عێراق وەکو قەوارەیەکی یەککگرتوو بمێنێتەوە، کە حکومەتەکەی لەبەغدادەوە حوکم بکات و هیچ دابەشکردنێکی دەسەڵات ئەنجام نەدرێت بۆ هەرێمەکان یان دەوڵەتەکە دابەش نەکرێت، واپێدەچێت لەو کاتەدا دەبێ عێراق بگەڕێتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی—باڵادەستیی سوننە و جێگیرترین سیستەمی حوکمکردنیش دیکتاتۆریەت دەبێت. ئەوکاتە سەدام تەنها دەشێ بۆ ئەوە لابرا بێت تا دیکتاتۆرێکی تر جێگەی بگرێتەوە ئەویش هەر{بەقودرەتی قادر} سوننە دەبێت.

بەندی حەوت

کوردەکان

دەستپێک

کێشەی مێژوویی کوردانی عێراق وەبیرخەرەوەیەکی بەردەوامی سروشتی دەستکردانەی دەوڵەتی عێراقەو بەرچاوترین ئاماژەیە بۆ ئەو کێشە بنەڕەتییانەی کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بەربینگیان بە عێراق گرتووە. دەشێ لە دوو لایەنەوە کوردانی عێراق ببینرێن. لایەنی یەکەم و باوترینیان بینینیانە وەکو قوربانیی، قوربانیی دەستی هەردوو حکومەتی ناوەند و هێزە دراوسێکان. پێگەی دووەم و تارادەیەک دژ بەوەی تر، بینینیانە وەکو بەکرێگیراو، وەکو هێزێک لەجیاتی ئەو دەوڵەتانە کار دەکەن کە لە دژی ڕژێمی عێراقن.[254] لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ڕاستییەکە ئەوەیە کە کوردەکان لەڕووی جێوگرافی و سیاسییەوە لە نێو دەوڵەتی عێراقییدا پەراوێزخراون. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە یەک کاتدا قوربانیی و بەکرێگیراویش بن.

ڕاستییەکی سادە لە کرۆکی پەراوێزکردنەکەیاندا هەیە ئەویش ئەوەیە ئەوان بەپلەی یەکەم خۆیان بە "کورد" دەزانن ڕەنگە. پاشان" عێراقیی" و بەدڵنیاییەوە خۆیان بە "عەرەب" نازانن. جێگەی قسەکردنە. ناسیۆنالیزمی کوردیی دیاردەیەکی بەهەند نەگیراو بووە لە تێگەیشتن لەگۆڕانکارییە پڕمەینەتییەکانی عێراقدا. مەسەلەی ئەوەی کە کوردەکان خەڵکێکی عەرەب نین لەدەوڵەتێکدا کەچەند ڕژێمێکی ناسیۆنالیستیی عەرەبیی بەهێز تیایدا باڵادەست بوون مانای ئەوە بووە کوردەکان وەکو هێزێکی ناوچەیی بمێننەوە. کەلەڕووی سیاسییەوە لە خەمی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی لۆکاڵیی و لەڕووی سەربازییشەوە لە خەمی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەدابن کەکوردەکان تیایدا زۆرینە پێکدەهێنن.[255] لەبەر ئەم ئایدێنتییە ناعەرەبییە و ئەو خواستە هەرێمییەی سیاسەتی کوردیی، کوردەکان بەدەگمەن دەستیان گەیشتووە بە پێگەی گرنگ لەحکومەتی ناوەندیی کەعەرەبی سوننە تیایدا زاڵبووە. لەوەش زیاتر، کوردەکان وەک لەسەدا 25 ی دانیشتوانی عێراق هەرگیز بەهرەمەند نەبوون لەنوێنەرایەتییەکی سوودمەندانە کە لە ئاستی قەبارەکەی خۆیاندا بێت. بەڵکوو لەجیاتی ئەوە بە ڕادەیەک تووشی چەوساندنەوەو داپڵۆسین بوونەتەوە کە بە هیچ پێوەرێکی ئێسیکیی و مۆراڵیی جێگەی قبولکردن نییە.

هێشتنەوەی کوردەکان لەنێو دەوڵەتی عێراقدا باجێکی مرۆیی ترسناکی هەبووە. هەر کە کوردەکان داوای ئۆتۆنۆمی زیاتریان کردووە. حکومەتی ناوەندی بەشێوازی داپڵۆسێنەرانەی توند وەڵامی داونەتەوە. بۆ پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق و بۆ مانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی بەسەر ناوچەی ستراتیژیی وەک کەرکوک(بەکێڵگە نەوتییەکانیەوە).بەدڵنیاییەوە. سیاسەتی بەعەرەبکردن-- ئەو سیاسەتە جیاکارییەی بەئاگاییەوە کرا— کەخەڵکانی غەیرە عەرەب(لەنێویاندا کورد و تورکمان و ئاشوورییەکان) لەدانیشتوانی ئەو ناوچانەی کەلەڕووی ستراتیژییەوە هەستیار بوون یان خودان گرنگییەکی ئابووریی بوون وەک کەرکوک دەردەکران و لە جێگەیاندا عەرەب نیشتەجێدەکران— مێژوویەکی هەیە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو کاتەی کەعێراق هێشتا لەژێر چاودێریی بریتانیادا بوو لە سالانی 1920 دا.[256]

لــەو ســـالانەی بـــەرایی مێـــژووی عێراقـــدا، حکومـــەتی عێـــراق، دەســـتپێوەگیراو لەلایـــەن بریتانییەکانـــەوە ژمارەیـــەکی زۆری کرێکـــاری عەرەبی هێنا بـۆ کـەرکوک بـۆ پڕکردنـەوەی پێویسـتییەکانی پەرەپێـدانی پیشەسـازیی نـەوت لەکەرکوکـدا. ئەمـەش لـەپاڵ نیشـتەجێکردنی چەنـد خێڵێکـی ڕەوەنـدی عـەرەب لەسـالانی 1930دا لـەو ناوچەیـەدا. پـەتای بەعەرەبکردن لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم حکومەتی بەعسییدا لەساڵی 1963 دا سەریهەڵداو. حکومەت بەشێوازێکی دڕندانە هەسـتی نەتـەوەیی کـوردی کرد بەئامانج. لە یەکێک لەڕووداوەکاندا کەبەهۆی گەورەیی کارەساتەکەوە بە زەقی ماوەتەوە، ژەنەراڵ (زەعیم) سـدیق مسـتەفا بەرپرسـی سـەربازی تازە دامەزراوی حیزبی بەعس لەسلێمانیی، نزیکەی 100 کەس دەکوژێـت لەوانەی کە بە" کەسە سەرکەوتووەکانی کورد" ئەژمارد دەکـران (باشـترین یاریکەرەکان، بـەناوبانگترین هونەرمەنـدەکان، بـەڕێزترین مامۆسـتاکان). ئەمانە هەموو بوونە ئامانجی لەناوبردن.[257]

ئەم زیادەڕەویانە تەنها تایبەت نەبوون بەیەکـەم حکومـەتی بـەعس. لـەژێر دەســەڵاتی ســەدامدا، ســتراتیژی بەعــەرەبکردنی ڕژێمــەکانی پێشــوو بــەرفراوانترکراو چڕتــر کرایــەوە. لەهەنــدێک کاتــدا چــەمکی " پاکتــاوی ڕەگەزیی" وادەردەکەوێ گونجـاوترین وەسـفکردن بێـت بـۆ ئـەو ئاسـتەی کە سـتراتیژەکە پێیگەیشـتبوو کوردەکـانیش بـوونَ بـە قـۆچی قوربـانیی کردەوەکـانی سـەدام. دەوڵـەتانی دراوسـێ و هێـزە ڕۆژئاواییـەکان بـەم چەوساندنەوەیان دەزانی، بەڵام هەروەک چۆن کارێکی ئاسـایی بـوو کـە کوردەکان پرچەک بکرێن لەدژی سەدام، بەهەمان شێوە ئەوە کێشـە نـەبوو کە دەستیان لێبەربدرێت و وازیان لێبهێنرێت بۆ ڕەحمـەتی ڕژێمێکـی تۆڵـە ئەستێن.

ئەم میراتی ناپاکییە گەیشـتە لوتکـەی پڕلەناسـۆر و ناشـیرینی خـۆی لـە هەڵمـەتی بـەدناوی ئەنفالـدا، کـە تیایـدا سـەدام چـەکی کیمیـایی لـە دژی کوردەکان بەکارهێنا، کە بووە هۆی کوژران و بێسەروشـوێنبوونی سـەدان هــەزار کــورد.[258] کــاولکردنی شــاری هەڵەبجــە لــە بــەهاری 1988 دا هەرچەندە شتێکی نامۆتر نەبوو(لەئەنفال). یەکسەر لەدوای هەڵمەتی ئەنفال ڕوویدا، ئەویش تەنها یەکێک بـوو لـەو جارانـەی کـە کوردەکـان تـوڕەیی دەستی حکومەتی ناوەندیان چەشت. لەدوای ئەوەی شەڕکەرە کوردەکـان و

هێـزە ئێرانییـەکان ئـەو شـارە سـتراتیژییەیان گـرت کـە لـە باوەشـی کۆمەڵێک تەپۆلکەی نزمدایە 70 کیلۆمـەتر لـە سـلێمانییەوە دوورە. سـەدام بـە تێکەڵەیـەکی وێرانکـەر لەچـەکی کیمیـایی و تەقلیـدیی وەڵامی دایـەوە لەڕێگـەی بـەکارهێنانی تـۆپ و فڕۆکـەوە. لـەماوەی چەنـد خولەکێکدا. لای کەم 5000 کەس مردن. بەهۆی بـەکارهێنانی تێکەڵەیـەک لەچەکی قاتوقڕی کیمیـایی و گـازی نێرڤـەوە {ئەعسـاب}. ئەگـەر ئەمـەش هێندە کارەساتبار نەبووبێت. ئاسەواری درێژخایـەنی ئـەم هێرشـە هێشـتا لەشاری هەڵەبجە کە ئێستا ئاوەدانە. هەستی پێدەکرێت. لەوانـە دەرکـەوتنی نەخۆشی زگماکیی بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزە.[259]

ئـەو چەکانـەی بـەکار دەهـات بەرهـەمی دەوڵەتـە ڕۆژئاواییـەکان بـوون. وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەم تاوانانەیان دەزانـی کەلـەدژی مرۆڤایـەتی دەکـرا. کەچی هیچ نارەزاییەکی فەرمیی دەرنـەچوو. بەداخـەوە. ئەمـە نموونەیـەکی باوی مامەڵەی ڕۆژئاوا بوو لەگـەڵ کوردەکانـدا. کاتێـک پشـتیوانییکردنی حکومەتی عێراقیی لە بەرژەوژەندی خۆیاندا بوو. وەک لەسـاڵی 1988 دا لەکاتی شەڕیدا لەگەڵ ئێران. ئاهونالـەی کـوردان فەرامۆشـکرا. کـاتێکیش حکومەتی عێراقیـی لـەدوای داگیرکردنـی کـوەیت تـەریو کـەوت. کێشـەی کـوردیی لـە خزمـەتی ئامانجـەکانی ڕۆژئـاوادا بـەکار هێنـرا.[260] بـە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشینە مێژووییانە ترسەکە ئەوەیە کـە لـەدوای نـەمانی سەدام لەسەر دەسەلات کوردەکان زیاد لەپێویسـت سـوودمەندی سیاسـیی بن بۆ ئەو هێزانەی کەعێراقیان داگیرکردووە. لەکاتێکدا زمانی زاڵی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکاو بریتانیا وا دەردەکەوێت پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەهێزکردنی حکومەتێکی ناوەندی بێت لەبەغـداد(کەهـەتا ئێستا هـیچ ڕێوشـوێنێک دیـاری نـەکراوە بـۆ بـەردەوامبوونی دەسـەلاتی دیفاکتۆی کوردی لـە بـاکووردا). ئاماژەیـەکی کـەم لەئارادایـە بـۆ نـەمانی داپڵۆسینی کورد.[261]

لە گەڵ ئەوەشدا. پێدەچێ ئێستا کاتەکان جیا بن لەو ساڵانەی پێشوو کـە ڕۆژئاوا نازی ناسیۆنالیزمی کـوردی هەڵـدەگرت. دابەشـکردنی عێـراق بـە کـارگوزاریی و بـەکردەوە لەسـاڵانی 1991 دا لـە گـەڵ کشـاندنەوەی بەرپرسە حکومییە عێراقییەکان لە باکوور و دواتـر دامەزرانـدنی دەوڵـەتی دیفاکتۆی کوردیی دەستییێکرد. بۆ زیاتر لە دە ساڵ کوردەکان بۆ خۆیـان

هەرێمەکەی خۆیان بەڕێوەبرد: هەڵبژاردنی فرەحیزبی و چەندین هەڵبژاردنی لۆکاڵییان ئەنجامدا؛ چەندین دەزگای حکومی ئاڵۆزیان پەرەپێدا کە ئەرکی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریان لەخۆگرتبوو؛ هەروەها، وەکو نوێنەری هەرێمەکەی خۆیان، سەربەخۆ لەبەغداد، مامەڵەیان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەکرد. لەساڵی 1991-وە کوردستانی عێراق ناوچەی گواستنەوە(transition) بووە، ناوچەیەک کە دەکرێ بڵێین بە شێوەیەکی بەردەوام لە پێشکەوتندا بووە. لەخەڵکێکی چەوسێنراوەو بێبەشکراوەوە کە حکومەتێکی ناوەندی بەهێز زاڵبوو بەسەریاندا، کوردەکان هەڵپەی ئەوەیان هەبووە کەسەرکەوتنێکی ماقووڵ بەدەست بێنن لەو شوێنەدا کەلەهەموو ڕوویەکەوە دەوڵەتە تەنها ناو نەبێ. لە هەنگاوە بەراییەکانەوە بەرەو سەربەخۆیی کە لەگەڵ هەڵایسانی شەڕی کەنداودا لەسالای 1990-1991 هاویشتیان، کوردەکان پێشکەوتنێکی مەزنیان بەدەست هێنا لە گەیشتن بە ئامانجیان لەمافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان—لەمەوە زەنگی ئاوابوونی عێراقی یەککگرتوویان لێدا. پێدەچێ زۆر سەرکەوتووبووبن. ئاشکرایە کێشەیەک کە ئێستا هەیە ئەوەیە چۆن دەکرێ جارێکی تر کوردستان بە دروستیی بخرێتەوە ناو دەوڵەتی عێراقەوە. لەهەمان کاتیشدا خواستە ئۆتۆنۆمییەکانی پارتە کوردییەکان و خەڵکی کورد نابێ بکرێت. بێگومان، لە ئامادەکارییدا بۆ ڕوخاندنی سەدام، پارتە عێراقییە بەرهەڵستکارەکان(بە کوردەکانیشەوە) هاوشانی ئیدارەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکا، پێدەچوو کتێبە مەنهەجییەکانی زانستی سیاسییان قوتدابێت، چونکە ئەو کاتە، وتارە سیاسییەکان و ڕاگەیانراوە ڕەسمییەکان لێوانلێو بوون لە ئاماژە کردن بۆ" فیدراڵیزم" " دیموکراسیی، "بەشکردنی دەسەڵات-devolution" و" پێکەوە کارکردن-consociation". هەموو ئەمانە هێنران و بران لە هەوڵیاندا بۆ دڵنیاکردنەوەی کوردەکان کە هەمووان بەرژەوەندی ئەوانیان لە دڵدایەو جۆرێک لەئۆتۆنۆمی کوردیی جێگەی قبوڵە لەدوای ڕووخانی سەدام. لەگەڵ ئەوەدا، پەژراندنی هەندێک پرینسیپی بەرز لەپێناوی دروستکردنی بەرەیەکی یەککگرتوودا شتێکەو، بەڵام جێبەجێکردنیان لەسەر ئەرزی واقیع لەعێراقێکی شێواودا شتێکی ترە. بیرۆکەکانی هێشتنەوەی کوردستان لەنێو

سـنووری دیـاریکراوی عێراقدا. بەو شێوەیەی کە لە لایەن ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکاو، ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی و کوردەکان خۆیانەوە خراوەتە ڕوو، جەخت دەکاتەوە لەسەر بە لامەرکەزیکردنی(Decentralization) دەسەلاتی ناوەندی دەوڵەت و بەشکردنی دەسەلات لەگەڵ کوردەکان. لەگەڵ ئەوەدا، ئەم شێوازەی حکومەتێکی ناوەندی بێهێزکراو کەدەسەلات بدات بەکورد پێشتر لەمێژووی عێراقدا دەرکەوتوەو، هەمیشە بە پێچەوانە کەوتۆتەوە کاتێک دەسەلاتی ناوەندی هێندە بەهێز بووە کە بتوانی زاڵبێتەوە بە سەر دەسەلاتە لاوەکییەکاندا. ئەگەرێکی کەم هەیە بۆ گریمانەکردنی ئەوەی کە چەمکە کوردییەکانی ئۆتۆنۆمیی هاوشێوەی ئەو ئاستەی ئۆتۆنۆمیین کە ئەمێریکا، یان هەر دەسەلاتێکی تر کە بۆ دواجار لەبەغداد دەردەکەوێت بە کوردی ڕەوا دەبینن. وادەردەکەوێت، مێژوو هەڕەشەی خۆدووبارەکردنەوە بکات، چونکە کوردەکان بێشک هەوڵی پاراستنی دەستکەوتەکانیان دەدەن وەکو بەکرێگیراو سەیریان دەکرێت، دواییش کە ئۆتۆنۆمییەکەیان و خواستەکانیان دەکرێن بە قوربانی مسۆگەرکردنی دەسەلاتی عێراقێکی نوێ، ئەو کاتە دەبن بە قوربانیی.

ئەگەر کوردەکان قوربانیی هەمیشەیی ناجێگیری عێراق بن و ئێستاش پێشڕەوی هێزەکانی دابەشکردن بن. گرنگە کە بە تەواوی ئەوە دەستنیشان بکەین کوردەکان چۆن و بۆچیی " جیاوازن" و لێرەوە ناتوانن لەناو ستراکتۆری دەوڵەتی عێراقدا جێبگرن. لە پاڵ لە بەرچاوگرتنی جیاوازیە ئێسنیکیی، زمانیی و کولتووریەکانەوە کەکوردەکان لە عەرەبەکان جیا دەکەنەوە، پێویستە ساتە سەرەکییەکانی مێژووی پڕ مەینەتی کوردەکان بخرێنە ڕوو، ئەمەش بۆ ئەوەی لەو کارەساتە بگەین کە بە ئەزموونی کوردییەوە لکاوە لە عێراقدا. لە1991-وە ئەوەی کە بیری لێنەدەکرایەوەو ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا بوو بەواقیع: چەمکێکی دەوڵەت-نەتەوە" ی گەلێک سەرنجڕاکێش کە یەکێک لەسێ پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی عێراقیی تیایدا بالادەستە لە باکووری عێراقی' خودان سەروەرییدا-sovereign" دەرکەوتووە. کوردستانی عێراق نزیکەی هەموو ئەو سیفاتانەی هەیە کە بە شیوەیەکی باو بەستراونەتەوە بە" دەوڵەتبوون" ەوە—هەرێمێکی

بەرِوونی دەستنیشانکراو، سیستمێکی کارای بەڕێوەبردن، کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانی شەرعییانەی هێزی سەپاندن.[262] دەکرێ بڵێین، دابەشکردنی عێراق دە ساڵ پێشتر لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی جیادا لە باکوور دەستپێکرد.

کوردەکان کێن؟

کوردەکان گەلێکی دێرینی هیندۆ-ئەوروپین، لە ڕووی ئێسنیکەوە جیاوازن لە دراوسێ عەرەب و تورک و ئێرانییەکانیان. بە زمانی خۆیان قسەدەکەن(کە کوردییە بە چەند دایەلێکتێکی جیاوازەوە) و ترادیسیۆنێکی کولتووریی پڕ شانازییان هەیە کە جیایە لە هی دراوسێکانیان.[263] کوردەکان کە لە میدەکانەوە هاتوون(ئەو گەلەی کە لە پەیمانی کۆنی ئینجیلدا باسیکراوە). لەو ناوچە شاخاویە وشکانییانە دەژین کە دەکەونە زنجیرە بەرزاییەکانی زاگرۆس و تۆرۆس و پۆنتیاکPontiac ەوە، کەوتوونەتە هەردوو دیوی سنووره تازە و دەستکردەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریاوە. دەستەوستان بوونی هێزە دراوسێکان لە گەیشتن بە ناوچە شاخاوییە بەرزەکان یارمەتی کوردەکانی داوە تا کولتووری تایبەتیی خۆیان و شێوازی ژیانی خۆیان بپارێزن. بەلام بەلای گەورە لە مێژوودا لە بوونی نەوت دا بووە لەژێر دەشتاییەکانی لای باشووری شاخەکانەوە؛ نەوت بۆتە هۆکاری دەستتێوەردان لەڕابردوودا و ئەمڕۆش وەکو خاڵێکی گرنگییدانی جیۆپۆلیتیکیی دەمێنێتەوە.

زۆرینەی کوردەکان(لای کەم لەسەدا 75) موسوڵمانی سوننەن(کە ئەویش ئایینی زۆرینەیە لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا). نزیکەی لەسەدا 15-یان موسوڵمانی شیعەن(کە ئەویش ئایینی زاڵە لە ئێراندا). ئەو ڕێژەی لەسەدا 10 یەی دەمێنێتەوە پەیڕەوی لەچەند ئایینێکی کۆن دەکەن لەوانە ئێزیدیی(ئاینێکی سینسکریتیە—{ تێکەڵەیەک لە دوو یان زیاتر بیروباوەڕی ئایینی یان ئایینی و فەلسەفیی-وەرگێڕ}). هەروەها چەند لقێکی ئایینی کۆنی زەردەشتیی. ئەم ئایینانە کۆنترن لە ئایینە یەکخواپەرستەکانی یەهودیی، مەسیحیی و ئیسلام و لە سەرتاسەری

ئاسـيادا شـوێنکەوتوویان هەیــە و مەڵبەنــدی چەنــد پێشـــەوایەکی ڕوحیشیان لە کوردستانی عێراقە.
کوردەکـــان لای کـــەم لەڕوانگـــەی قـــەبارەی دانیشـــتوانەوە زۆرن، هەرچەنــدە لەبــەر هۆکــاری سیاسـییی مەحاڵــە خشـتەیەکی دیمـۆگرافیی دروستمان دەستبکەوێت لەمەڕ کوردەکان لەو ولاتانەدا کە تێیدا نیشتەجێن. ڕەنگە ژمارەیان تا 25 میلیۆن ببێت. کـە دابەشـبوون بەسـەر تورکیا(12 میلیۆن)، عێراق(5 میلیۆن)، ئێران(6 میلیـۆن)، سـوریا(1 میلیـۆن)، یـەکێتی سـۆڤیتی پێشــوو(1 میلیــۆن)، و لای کــەم یــەک میلیــۆن لــە هەنــدەران لــە ئــەوروپا، ئــەمێریکای بــاکوور و ئوســترالیا دەژیــن وەک بەشـێک لـەکوردانی تاراوگـە.[264] بەمشـێوەیە، کوردەکـان چـوارەمین گـەورەترین گرووپی ئێسنیکیی پێکدەهێنن لە ناوچەکـەدا(لـەدوای عـەرەب و تـورک و ئێرانییـەکان) بـەڵام خـاوەنی دەوڵــەتی خۆیـان نـین. لـە خۆرهــەڵاتی ناوەڕاسـتدا، عەرەبـەکان چەنـد دەوڵـەتێکی عـەرەبییان هەیـە، تورکـەکان دەوڵەتێکی تورکی خۆیان هەیە(هەروەها چەند دەوڵەتێکی تری" تورکیک" لە ئاسیای ناوەڕاستدا هـەن)، جوولەکـەکان دەوڵـەتی ئیسـرائیلیان هەیـەو، ئێرانییـەکانیش یـەکێک لـە کـۆنترین" دەوڵـەتانی" نـاو مێژوویـان هەیـە. قەوارەیــەکی هاوشـێوەی کـوردیی نییــە بــە نــاوی کوردســتان. ئــەو دەستکەوتانەی کە 3 میلیۆن فەلەستینی بە دەستیان هێناوە گـەلێک زیـاترە لـەوەی کەنزیکـەی 30 میلیـۆن کـورد بـە دەسـتیان هێنـاوە. دەوڵـەتێکی دەسـتکردی تــر، یۆگۆسـلاڤیا، هەڵوەشـێنراوەتەوە بـۆ ئـەو قەوارانـەی کە پێکیان دەهێنا، کۆسۆڤۆی بچووکیش بە زیانکردنێکی زەروور بۆ سـەر نەخشەی سیاسیی حیساب دەکرێت. کەچیی کوردەکـان وەکـو گـەورەترین خـەڵکانی بێدەوڵـەت، بـەبێ ولاتێکـی نەتـەوەیی خۆیـان دەمێننـەوە. ئـەم بێدادییە، هێزێکـی سـەرەکییە بـۆ ناسـەقامگیریی هـەرچی زیـاتریش بـەو شێوەیە دەمێنێتەوە لە نێـو سیاسـەتی هەمیشـە گـۆڕاوی هەڵبـەزو دابـەزی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ڕەوشی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی

پێکهاتــەی کۆمەڵایــەتیی و سیاسـیی کوردەکـانی عێـراق ڕەنگدانــەوەی لەبەریــەکڕاچوونی ئــەو پشـێوییەیە. گـەلێکی کـۆن و(هەنــدێک جــار

پــــەراوێزکراو) لـــــەخۆی گرتووە. کە لە ساتەکانی دوایی مێژووەکەیاندا کەوتونەتە بەر ڕەحمەتی هێزەکانی تازەگەرییەوە. کوردەکان کە لە بنەڕەتدا ڕەوەندی نیمچە- شوانکارە بوون، بونیادی کۆنی پێکهاتــەی کۆمەڵایــەتیی و سیاسـیی کــوردیی هــەر لــە بەراییــەوە خێڵەکییانــە بــووە. بــە هەنــدێ ســنوورەوە لــە ســەر بنــەمای خزمایــەتیی و بنــەچــە. خێــڵ یەکەیــەکی سۆسیۆپۆلیتیکیی بووە.[265] خزمایەتی بە کردەوە سیمای دەستنیشـانکەری ئەندامێتی خێڵ بــووە. بــەڵام ئاشـکرایە. لەگــەڵ بــەرفراوانبوونی خێڵــەکان دابەشبوون دەرکەوتووە. لەمەوە چەندین خێڵی کــوردیی ڕەنگــە ڕەچەڵــەکی خۆیان بگێڕنەوە بۆ جیابوونەوە لە خێڵە گەورەکانی تر.

لە پاڵ خزمایەتییـدا میکـانیزمی وەرگرتنــی دەسـەڵات بــەمیرات هــەبووە. کــە کــۆنترۆڵکردنی دەســەڵاتی ســەرۆک خێــڵ بــەم شـێوازە بــاو بــووە. سیمایەکی تری خێڵایەتی کوردیی لەو تۆپۆگرافیە تایبەتییــەوە هــاتووە کــە چالاکییەکانی ڕۆژانەی کوردانی دیـاریکردووە. پەرتپــەرتبوونی سروشـتی جیۆگرافی کوردستان. بە شـاخە بــەرزەکان و دۆڵــە قووڵەکانیــەوە. مانــای ئەوەبووە کە تێکەڵییەکی سنووردار هەبووە لــە نێـوان خێڵەکانــدا. ئەمــەش ڕێگــەی بــەوە داوە کــە هــەر یــەکێکیان بــە ڕێژەیــەکی دیــاریکراو بــە گۆشــەگیریی لــە ئــەوانی دیکــە بژیێگــات. لــەم بارودۆخــە گۆشــەگیریەدا. خێڵە کوردەکان(دەکرێ بڵێین عەقڵییــەتی خێڵەکییانــەی کــوردیش) وەکــو چەند قەوارەیەکی سەربەخۆ ماونەتەوە. کــە لــە نێـوان خۆیانــدا پێشـبڕکێ دەکەن و بەشێوەیەکی مێژوویش لە پەڕاندنی گۆڕانــدا هێواشــن. بــەڵام مێژووی عێراق لــە ســەدەی بیســتەمدا مێژوویەکــە کــە گــۆڕان بــە ســەریدا سەپێنراوە.

ئاســەوارەکانی مۆدێرنــە بــە ســەر ئــەو سیســتەمەدا کــە سیســتەمێکی سۆسیۆپۆڵێتیکی خێڵەکیی بووە. نیگەرانیی و فشاری لەگەڵ خۆی هێنــاوە. زاڵبــوونی خێڵــەکان لــە بــاکووری عێراقــدا ڕووبــەڕووبووەوە لــە گــەڵ بــەرفراوانبوونی مەڵبەنــدە شارســتانییەکان. بەتایبــەتی هــی هــەولێر و سلێمانیی. ئەم شارانە بوونە چەقی گەشەسەندنی ڕێکخراوی سیاسیی سەر بەچینی ناوەڕاست کــە بــە ڕادەیــەکی زۆر لــەژێر کاریگــەری ئایــدۆلۆژیای سیاســیی چەپــدا بــوون. ئــەم دابەشــبوونە بــوو لــە نێـوان گرووپــە سۆســیۆپۆڵێتیکە خێڵەکییــەکانی چیاکــان کــە ملکــەچ و گوێڕایــەڵی بــێ

پێچوپەنا و بێ پرسیار بوون بۆ سەرۆک خێڵەکانیان و ئەو خەڵکە چەپە نا خێڵەکییە شارستانییەی کە هەوڵیاندا ئایدیاکانی سۆسیالیزم و(ناسیۆنالیزم) پەرەپێبدەن—ئەو دابەشبوونەبوو—کەبوو بەو خاڵە لاوازەی کە ئەمڕۆ لەناو سیاسەتی کوردییدا لە کاردایە.

لە کاتێکدا کوردەکان گەورەترین گرووپی ئێسنیکیی ڕەسەنن لە جیهاندا کە تائێستا بە بێ دەوڵەت مابنەوە. بە درێژایی مێژوو شکستیان هێناوە لە پەرەپێدانی ئایدێنتیتییەکی یەککگرتوو. ناسیۆنالیزمی کوردیی، کە ڕووبەڕووی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانە بۆتەوە کە تیایدا نیشتەجێن، لەگەڵ سەرکردایەتیەکی سیاسیی نا لێهاتوو و پارچەپارچە و نەبوونی ئایدێنتیتییەکی یەککگرتوو کە سنووره داسەپاوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بیەزێنێت. ئەم ناسیۆنالیزمە زۆر لەوە بێهێزتر بووە کە شانبەشانی ئەجێندای گەلێک ڕێکخراوی ناسیۆنالیستیی تری دەوڵەتەکانی تورکیی و ئێرانیی و عێراقیی ببێتەوە. بۆ شکستپێهێنانی کوردەکان ئەو دەوڵەتانەی کە زاڵبوون بەسەر چەند پارچەیەکی هەرێمی کوردەکاندا بەزۆری پەنایان بردۆتە بەر توندوتیژیی و. ئەمەش لەهیچ شوێنێک هێندەی عێراقی سەدام دەرنەکەوتووە.

ڕۆژئاوا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە چاوپۆشیی لەئاست ئەو تاوانە گەورانەی کە لە دژی کوردەکان ئەنجام دراون. بێگومان. کوردەکان هەمیشە بوونەتە قوربانی واقیعە جیۆگرافیە زاڵەکان. وەکو ئەگەری هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ناوچەی کەنداوی فارس، یان هێزی ئابووریی عێراقی پشتئە ستوور بە یەدەگە نەوتییەکانی. ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە. لەم سەردەمەدا کە تۆنی بلێر باس لە" سیاسەتێکی دەرەکی مۆراڵییانە" دەکات و جۆرج بوشی کوڕ جەخت دەکاتەوە لە سەر مافی دیموکراتییانەی عێراقییەکان، پێکهاتەی سروشتی نەوتی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێ و کۆنەپارێز. ئەمڕۆ هەروەک سەردەمی دامەزراندنی عێراقن. سەدەیەک پێشتر. کاریگەرییان چۆن بووە بە سەر سیاسەتی دەرەکی زلهێزەکانەوە. هەنووکەش هەر وایە.

گەشەسەندنی بزاڤی نەتەوەیی کوردیی لە عێراقدا، 1991-1918

مێژووی تازەی کوردەکان لەعێراقدا (لەساڵی 1991-وە) بەتوندی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان(کوردەکانی عێراق)، میللەتێکن خاوەنی ئاستێکی بەرزی ئایدینتیتیی هاوبەشcommunal {دەستەجەمعیی}ن، کە دەخوازن ببن بە واقیعێکی دەزگایی لای کەم لە دەوڵەتی داهاتووی عێراقدا ئەگەر لەوەش زیاتر نەبێت.[266] مێژووی کوردەکانی عێراق لێوانلێو بووە لە خەباتێکی بێئامان لە دژی دەسەلاتی بێشوماری دەوڵەتی سوننە-سالاری عێراق، کە سوور بووە لە سەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەو پێگەی سوننەکان تیایدا. سەدام هەرگیز کەسێکی ناوازە نەبوو لە هەوڵەکانیدا بۆ دامرکاندنەوەی کوردە شۆڕشگێڕەکان. بە سادەیی، ئەو لەوانەی پێشووی خۆی ئامادەتر بوو بۆ پەنابردنە بەر توندوتیژیی دڕندانەتر. لێرەوە، شتێکی باش دەبێت کە بەدوای مێژووی سەختی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردیی بکەوین بە درێژایی مێژووی عێراق، دیارترین کەسایەتییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە دەستنیشان بکەین تا سەردەمی دوای 1991.

پێویستە سەردەمی دوای 1991 بە جیا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە بە هەموو ماناو مەبەستێکەوە، کوردستان(لە دوای 1991)، بوو بە وڵاتێکی جیاواز و سیماکانی بزاوتە سیاسییەکەی گۆڕان، چونکە کوردستان هەرچی زیاتر، بوو بە هەرێمێکی بە دامودەزگاییکراو لە سایەی حکومەتێکی خۆماڵییەوە. بە درێژایی مێژووی مۆدێرنی عێراق زۆرجار بزوتنەوەی سیاسیی کوردیی ئاڵۆز و شێواو بووە. پارتە سیاسییەکان، خێڵەکان، بزوتنەوە، میلیشیا، کۆمەڵە سیاسیی-ئابوورییەکان و بیروباوەڕە ئایینییەکان لە گەڵ دەستێوەردانی دەرەکیی و ململانێی شەخسیی سەروسەکوتی هەبووە—ئەمەش بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی چالاکییەکی سیاسیی ناجێگیر و زۆرجار پڕ توندوتیژیی. بە چاوتروکانێک بۆی هەبوو دۆستەکان بگۆڕێن بەدوژمن، بە پێچەوانەشەوە، وەختێک پێویستی کرد سەرسەختترین دوژمنەکان ببن بە دۆستی گیانیی بەگیانیی. لەگەڵ ئەوەشدا، سیمای بەردەوامی ژیانی سیاسیی کورد

بێتوانـــایی ســەرکردایەتی سیاسیی کوردیی بووە لـە وەرگێڕانـی زمـانی سادەی ناسـیۆنالیزمی کـوردیی بـۆ هاوسـۆزیەکی سیاسـیی و سـەربازیی ڕاستەقینە لە سەر ئەرزی واقیعدا لەکاتی مامەڵەکردن لە گەڵ بەغدادا.

لە جیاتی ئەوە پارتە کوردیەکان هێزە کەمـەکانی خۆیـان بـۆ شـەڕی دژ بــە یــەکتر بــەکارهێناوە لــە پێشــبڕکێی نــاوخۆیی خۆیــان لــە ســەر ســەرکردایەتییکردنی بزوتنــەوەی سیاســیی کــورد لــە عێراقــدا. ئــەم جۆرە شەڕانە هەر لە ڕووی سـەربازییەوەماڵوێرانکـەر نـەبوون. لـە ڕووی سیاسیی درێژخایەنیشیەوە، ئەم شەڕانە ماڵوێرانکەر بوون، چونکە بەغداد ســوودی لــەم خەوشــە سروشــتییانەی سیاســەتی کــوردیی وەرگرتــووە. زۆرجار، "سەرکەوتنی" کوردیی تەنها سەرکەوتنی پارتێکی سیاسـیی بـووە بەسـەر نەیارەکەیـدا. ئەمـە لـە پـاڵ ئـەوەدا کـە خـودی پێوەنـدیی نێـوان کوردەکان و بەغداد لە ڕووی مسۆگەرکردنی هـەر جۆرێـک لـە ئۆتۆنـۆمیی بۆ کوردان بە کەمی گۆڕاوە.

کـەچیی لـە گـەڵ ڕژێـم گۆڕینـدا بـە سـەرکردایەتی ئـەمێریکا، کوردەکـان کەوتنــەوە بــەر ڕوونــاکیی و لــەپڕ ســەرکردە و ڕێکخــراوە کوردییــە جیاوازەکان بوونە میوانی بـەردەوامی سـەر هەواڵـە جیهانییـەکان: جـەلال تاڵـەبانیی و مەسـعود بـارزانیی(سـەرۆکەکانی هـەر یـەک لـە یـەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستان) بوون بە نمونـەی تەقلیدیی سەرکردە سیاسییە پێشکەوتووەکان، وەکو ئاماژەیەک بۆ ئـەوەی کە عێراقییەکان دەکـرێ بـبن بـە دیموکراسییخواز و ئاشـتییخواز. ئەگـەر بواریـان پێبـدرێت. وا پێـدەچوو کـە مەسـەلە بەرتەسـکەکان وەلانـرابن، چونکـە سـەرکردە کوردەکـان، کـە لەگـەڵ گرنگیپێـدانی چـڕی میـدیاکان ڕانــەهاتبوون وا خۆیــان پیشــان دەدا کــە یــەکگرتوون و دڵســۆزن لە هەوڵدانیاندا بۆ لێدانی سەدام.

پێویســـتە هەڵســـەنگاندنێک بـــۆ ئـــەوە بکـــەین، ئـــاخۆ ئـــەم لێکنزیکبوونەوەیە چەندە ڕاستەقینەیە و دەوڵـەتی دیفـاکتۆی کـوردیی لـە بـاکووردا چەنـدە سـەرکەوتووە. لـە کاتێکـدا ئێسـتا پارتـە سیاسـییە کوردییەکان یەکێک لە بەتواناترین هێزەکانن(ئەگەر بە تواناترین نەبن)، لە ناو هەلومەرجی دوای-سـەدامدا. پێویستە کـە لـە مێـژووی سیاسیی ئـەو ململانـــێ و نەیارییـــە تێبگـــەین کـــە تـــا ئێســـتاش کـــاری

پارتە سیاسییە سەرەکییەکان و سیاسییەکان ڕەنگڕێژ دەکات. هەروەها لە وەش حاڵی ببین کە ناسیۆنالیزمی کوردیی چۆن بە درێژایی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە عێراقێکدا پەرەی سەندووە کە زیاتر لەڕێگەی توندوتیژییەوە حوکمی بە سەر کوردەکانی خۆیدا کردوە تا دڵڕاگرتن.

دەوڵەت دروستکردن و کوردەکان دوابەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم

دوا بەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم، کوردستان داشی شەترەنجی زلهێزەکان بوو. هیوای دەوڵەتێکی کوردیی کە لە لایەن بریتانییەکانەوە باسی لێوە کرابوو لە بەین برا دوای ئەوەی دەرکەوت نیگەرانییە جیۆپۆلیتیکیەکانی ناوچەکە گرنگییان زیاتر بوو بۆ بریتانییە سەرکەووتوەکان و تورکیای ئاشتبووەوە. لە دوای هیوا بەراییەکانی دەوڵەتێکی کوردیی کە لە خۆڵەمێشی ئیمپراتۆری عوسمانیەوە سەریانهەڵدا. دژایەتیکردنی ئەتاتورک هاوکات لەگەڵ سروشتی پەرتەوازەیی سەرکردایەتی کوردیی و فێڵ و پلانەکانی بریتانییەکان، مانای ئەوە بوو کە کوردستان بە سەر ئەو بەشانەی ئێستایدا دابەشکرا. زەرورەتی بەرهەمهێنانی قەوارەیەکی سیاسیی لەبار لە ناوچەی باشووری میزۆپۆتامیا (ویلایەتەکانی بەسرەو بەغداد) وای لە بریتانییەکان کرد کە خیانەت لە بەڵێنەکانی پێشوویان بکەن لە مەڕ ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردەکان، بە فیعلیش سەرەنجام بەشی باکووری کوردیی بەسترایەوە بە بەغداد و بەسرەوە بۆ پێکهێنانی عێراق. چەند حیساباتێکی سیاسیی، سەربازیی و ئابووریی لە پشت ئەم بڕیارەوە بوون. تەنانەت لەم کاتەشدا، بریتانییەکان سووربوون لە سەر ئەوەی کە عێراق لە لایەن

سوننەکانەوە دەستی بە سەردا بگیرێت نەک شیعەکان. تەنانەت ئەگەر ناچاریش بن کوردەکان بە سوننە حیساب بکەن؛ لە ڕووی سەربازییەوە، لە چیاکانەوە زۆر باشتر دەکرا بەرگری لە میزۆپۆتامیا بکرێت تا لە دەشتایەوە. لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە چەند ئاماژەیەک هەبوون بۆ بوونی کانگای نەوت لە هەرێمی کوردیی لە کەرکوکدا.

دەرکەوت کە ئەم قەوارە سیاسییە لەبارە تەنها هێندە لەبار و کارپێکراوە کە حکومەتی ناوەندیی ئامادە بێت هێز بۆ جڵەوکردنی یاخیبووە کوردەکان بەکار بێنێت. ئەو میتۆدانەی کە بریتانییەکان لە دوای سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بەکاریان هێنابوون بە بەرنامە بۆ ڕێنماییکردنی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق. لە سەرەتادا بریتانییەکان پەنایان برد بۆ ڕاکێشانی کوردەکان بۆ ناو حکومەتی عێراق بە دڵڕاکێشانی سەرۆک هۆزە بەهێزەکان لە ڕێگەی دانپێدانان و بەهێزکردنی بونیادی لۆکاڵی خۆیان. یارمەتی دارایی دەدرا بە سەرۆک هۆزەکان. هەروەها پشتیوانیی سەربازییش پێشکەش دەکرا بۆ ملپێکەچکردنی هۆزە سەرەکییەکان. بە دڵنیاییەوە، ئامانج لەمە ڕاگرتنی کۆنترۆڵی بریتانییەکان بوو بە سەر هەرێمی کوردییدا. بەڵام لە دوای ئەوەی کە دەسەلاتی لۆکالیی شێخەکان بەهێز بوو، دەریشکەوت کە بریتانییەکان ئامادە نین دەسەلاتی زیاتریان پێبدەن، حکومەتی ناوەندیی و سەرپەرشتیارە بریتانییەکانیان گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی داپڵۆسین دژ بە دروستکراوە سەرسەختەکانی خۆیان.

بەناوبانگترینی ئەم کەسایەتییە کوردانەی پێشوو شێخ مەحمود بەرزنجیی بوو لە سلێمانیی. ئەو کە سەرۆک هۆزێکی دیار بوو، لە لایەن بریتانییەکانەوە پەروەردەکرا بوو تا دەوری حاکمی لۆکاڵی ناوچەکە ببینێت. کەچیی، دوای ئەوەی کەڵکەڵەی سەرکردایەتی نەتەوەیی کەوتەسەری و گوێڕایەڵی خەڵکیی مسۆگەرکرد، بریتانییەکان ڕوویانکردە بۆمبارانی ئاسمانیی و گازبارانکردنی گوندەکان بۆ ڕێگەلێگرتنی.[267] ئەم شێوازە لە پەیوەندی نێوان بەغداد و کوردستانی عێراقدا ڕەنگیدایەوە تاکۆتایی ئەم سەدەیە(بیستەم). لەگەڵ ئەوەشدا، کە توانای کڕینی پاڵپشتیی کوردەکان زیادی کرد بە زیادبوونی داهاتەکانی نەوت،

هەمان سامان پارمەتی بەغدادی دا بۆ ئەنجامدانی شالاوی سەربازیی زۆر کارەساتبار لە دژی کوردەکان.
دەسەلاتپێدان و زیندووکردنەوەی بونیادی خێڵەکیی لەکوردستاندا، کە تیایدا ئاغا بەرچاوەکان خرانە شوێنی دەسەلات لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. هەرگیز نەبوو بە مایەی نیگەرانیی بریتانییەکان و حکومەتی عێراقیی. رەنگە سەرکردایەتی خێڵەکیی بۆ زۆرێک لە کوردان شتێکی ئاسایی بووبێت. بەلام ئەمە لە سەردەمی شۆڕشێکی کۆمەلایەتییدا لەعێراق و کوردستاندا روویدا و زۆرێک لە خەلکیی رقیان لە پێگەی خوازراوی خێڵەکان و ئەو دەسەلاتە دەبوّوە کەهەیان بوو.[268] چینێکی نوێی ناخێڵەکیی لە خەلکانێکی خوێندەوار و پسپۆڕ، کە پشتئەستوور بوو بە سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە روسیادا. بەرە بەرە لەو شارانەی کوردستانی عێراقدا دەردەکەوت کە بە خێرایی لە بەرفراوانبووندا بوون.
کەواتە. کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم دەرکەوتنی دوو دینامیکیەتی بەخۆوە دیت کە هەردووکیان بەرهەمی دەستێوەردانی بریتانییەکان بوون. یەکەم" باشووری" کوردستان خزێنرایە ناو عێراق بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە بەدەربوون لە دەسەلاتی خودی کوردەکان و خرایە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عەرەبیی. ئەمەش لە ئان و ساتی سەرهەلدانی ناسیۆنالیزمی کوردییدا. دووەم، دەسەلاتپێدانی سەرۆک خێڵەکان لە لایەن بریتانییەکانەوە ململانێی لە ناو کوردستاندا خولقاند. ئەمەش لەگەل سەرهەلدانی چینێکی ناخێڵەکیی سیاسیی نوێدا لە شارەکاندا. میراتی هەردوو ئەم دینامیکە هێشتا لە عێراقی ئەمڕۆدا ئاشکران.

دامەزراندنی پارتیی دیموکراتی کوردستان

سەرهەلدانی ناسیۆنالیزمی کوردیی لەعێراقداو دابەشبوونی لەمێژینەی نێوان خێڵەکان و شارییەکان هەردووکیان پێکەوە لە دامەزراندنی پ.د.ک دا هاتنە ئاراوە.[269] پ.د.ک کۆنترین و دامەزراوترین قەوارەی سیاسیی کوردەکانی عێراقە. پارتە سەرەکییەکانی تریش لە نێویاندا (ی.ن.ک)ە کە ئەویش لە دابەشبوونەکانی ناو خودی پ.د.ک ەوە پێکهات. پ.د.ک لەسالی 1946 دا دامەزرا و رەنگدانەوەی ئەو سۆزە نەتەوەییە بوو کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمدا لە عێراقدا

دەرکـــــــــــــەوت. پ.د.ک کـە لـە سـەر شـێوازی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران(حـدکا) دامـەزرا. هـەر لـە بەراییـەوە هاوپەیمانییـەکی ناجێگیر بوو لەنێوان خێڵەکان و توێژی ڕۆشنبیری شاردا. هـەر لایـەکیان سـەرکردایەتییەکی تایبـەتییان هـەبوو. خێڵـەکان لـە ژێـر کـۆنترۆڵی بەنفوزترین سەرۆک خێڵی ئەو کاتە بوو کە مەلا مستەفای بارزانیی بوو.
تـوێژی ڕووناکبیرەکـانیش{ ئینتێلەجینسـیا intellegensia } لـە ژێـر کۆنترۆڵی دەستەیەک لە کەسایەتیە ڕووناکبیرەکاندا بوون. وەکو ئیبـراهیم ئەحمەدی شاعیرو دواتـر شـاگردەکەی protégé { پرۆتیـژێ. وشـەیەکی فرانسییە- وەرگێڕ} جەلال تاڵەبانی: پێوەندیەکی شـێواو بـوو کـە تیایـدا دوو گـرووپ کۆکرابوونـەوە کەشـتی هاوبەشـیان کـەم بـوو لـە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە. بۆ نموونە، چەپـە شـارییەکان خێڵـەکانیان بەدواکـەوتوو و فیودالٚ دەزانی. کە چەنـد سـەرۆکێکی کـەم کـەڵکی لێوەردەگرن لـە سـەر حیسابی جەماوەری زۆرینە. لەمەوە، ئـەوان لەگـەڵ ئـەو سیاسـەتانە بـوون کـە ئامانجیـان دابەشـکردنەوەی یەکسـانانەی زەویـی بـوو— ئەمـەش هەڵوێسـتێک بـوو بـە ئاشـکرا هەڕەشـەی دەکـرد لـە سـەرۆک هۆزە دەسەڵاتدارەکان کە نفوزی سیاسـییان ڕاسـتەوخۆ بـە ڕێـژەی ئـەو خاکەی کە لە ژێر دەستیاندابوو گرێ درابوو.
لە گەڵ ئەوەشدا. بـەبێ گوێدانـە بەرژەوەندییـە چینایەتییـە جیاجیاکانیـان هەردوو گرووپەکـە پێویسـتیان بـە یـەکتر بـوو. مـەلا مسـتەفا پێگەیـەکی گرنگی لەناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا دابین کردبوو لە عێراقدا وەکـو سەرکردەیەکی ئیلهامبەخش کە لە پێنـاوی بەرژەوەندییـەکانی گەلەکەیـدا لـە چیـا سـەختەکانی بـاکووردا دەجـەنگا. توانـا ئـەفسـانەییەکانی لە بەرپەرچدانـەوەی شـاڵاوە سـەربازییەکانی حکومـەتی عێراقییـدا مانـای ئەوە بوو کە ئەو پێگەی ڕێز و سەرسامی داگیر کردبـوو لـە دڵ و زەینـی کوردە خێڵەکییەکان و (هەنـدێک لـە شارنشـینەکانیش). ئـەو بـەکردەوە، خاڵێکی کۆکەرەوەی نەتەوەیی بوو --- کەسـایەتییەکی کارێزمـایی بـوو کە شەرعییەتی ئەخلاقیی دەدا بە هەر بزوتنەوەیەکی سیاسیی کوردیی.
بـەڵام. زەمینـەی دەسـەڵاتی جـەماوەریی کـوردیی هـەرچی زیـاتر دەبـوو بـە شارسـتانیی. هـەروەها میتـۆد و ئـەزموونی ڕۆشـنبیرەکان لـە گـەڵ پەرەسەندنی چالاکیی سیاسیی ڕێکخـراودا هـەرچی زیـاتر گرنگـی پەیـدا

دەکرد. ئینتێلەجێنسیا. لە لایەن کوردانی ناوچەی سلێمانیی یان دانیشتوانی شارە گەورەکانی عێراقەوە دەستی بە سەردا گیرا بوو لە نێویاندا بەغداد. دیارترینی ئەمانە ئیبراهیم ئەحمەد و پاشان جەلال تاڵەبانیی بوون. ئیبراهیم ئەحمەد کەسێکی خوێندەواری شارستانیی کورد بوو. خاڵیی بوو لە سۆزی خێڵەکییانە و بیروباوەڕێکی سۆشیال-دیموکراتیی بە هێزیشی هەبوو. ئەزموونی وەکو ڕێکخەری چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، {حدکا} لە عێراقدا لە سەرەتای سالآنی 1940دا. هاوشان لە گەڵ کارامەیی لە ڕێکخستنی هێزە سیاسییەکاندا. ئەو توانا ڕێکخراوەیی و پاشخانە ئایدۆلۆژییە زەروورەی پێدا بوو کە بتوانێت باڵی چەپی ناو کوردانی عێراق مۆبەلایزە بکاتەوە.
لێرەوە. مەلا مستەفا شەرعییەتی دابینکردبوو. ئیبراهیم ئەحمەدیش شارەزایی ڕێکخستن و زانیاریی بۆ چۆنێتیی کارکردن لە نێوەندی شارستانیی و نیشتمانییدا هەبوو. لە پێناوی ئەوەدا کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیی پەرە بستێنێت بۆ ئەودیوی شۆڕشی بەرتەسکی خێڵەکییانە ۆ وتارنوسینی ناو شارەکان. مەلا مستەفا هاوپەیمانێتییەکی ناجێگیریی لە گەڵ ئینتێلەجێنسیای شارییدا ئیبراهیم ئەحمەد بەست. ئەم یەکێتییە گەلێک گرنگ بوو چونکە هۆزەکان و ڕۆشنبیرەکان چەند ناوچەیەکی جێۆگرافی جیاوازیان داگیرکردبوو. ئەو خێڵانەی کە لایەنگری مەلا مستەفا بوون لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی عێراقدا نیشتەجێ بوون. لە ناوچەی چیا بەرزەکان. لە کاتێکدا ڕۆشنبیرەکان لە شارە گەورەکانی سلێمانیی و کەرکوک و بە ڕێژەیەکی کەمتریش لە شاری هەولێر نیشتەجێ ببوون. بەمشێوەیە پ.د.ک دامەزرا کە مەلا مستەفا سەرۆکی بوو. لە سەرەتادا ئەو هەوڵیدا کە بە سەر پارتەکەدا زاڵبێت ئەویش بە دانانی چەپرەوێکی ملکەچ(هەمزەعەبدوڵلا) بە سکرێتێری گشتیی. کەچی لە گەڵ کەوتنی هەرەسی کۆماری کوردیی مەهاباد لە ئێران لە ساڵی 1947 دا و دواتر دەربەدەربوونی مەلا مستەفا بۆ یەکێتی سۆڤێت. ئیبراهیم لەساڵی 1951 بە سکرتێری گشتیی هەڵبژێردرا و پارتەکە لە لایەن ڕۆشنبیرەکانەوە دەستی بە سەردا گیرا.[270]

بەرەو دابەشبوون

رژێمی پاشایەتی عێراق. لە ساڵی 1958 دا لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە ڕووخێنرا. لە دوای ئەوەی قاسم پشتیوانیی پ.د.ک ی لە کوودەتاکەدا بە کارهێنا. هەر زوو چەند سیاسەتێکی گرتەبەر کە بە تایبەتیی بۆ پارچەپارچەکردنی توانای سیاسیی کوردەکان دارێژرا بوو. ماوەیەکی کەم لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات زنجیرەیەک ڕیفۆرمی کشتوکاڵیی خستەکار کە بۆ بێهێزکردنی بەرژەوەندیی خێڵە موڵکدارە گەورەکان دارێژرابوو. بە هۆی ئەمەوە. هاوپەیمانیی نێوان خێڵەکان و شارییەکان تێکوپێکدرا. ئەو خێڵە موڵکدارانەی کە ددانیان دەنا بە دەسەڵاتی سەربازیی مەلا مستەفادا. لە گەڵ بارزانییدا گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە بەو هۆیەوە بارزانیان دنەدا دژ بە حکومەتی عێراقیی لە بەرامبەر پشتیوانییکردنی هۆزە کوردییە سەرەکییەکاندا بجەنگێ. بە پێچەوانەوە. ڕێکخراوە کوردییەکان(جوتیاران و ئەندازیاران و شتی تر) لایەنگیری خۆیان بەخشی بەو بەشەی پ.د.ک کە سەر بە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیی بوو. چونکە ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەماندا بوو کەسیاسەتەکانی قاسم بپەژرێنن و ئەو سیستمە فیوداڵییە بێهێز بکەن کە لە کوردستاندا بڵاو بوو لەو کاتەدا.[271]

لە 1960 دا کوردستانی عێراق لە نەهامەتییدا بوو. مەکتەبی سیاسیی پ.د.ک بەردەوام بوو لە ددانپێدانان بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا لە بەر زەرورەتی سیاسیی. لە گەڵ ئەوەشدا لە دەرەنجامی ڕیفۆرمی کشتوکاڵییەوە خێڵەکان زۆرتر ڕادیکاڵ بوونەوە. قەیرانێکی لە نێوان کوردەکان و بەغدادا خولقاند. پ.د.ک بەهۆی پێوەندییەکانییەوە تێوەگلێنرا. دوای ئەوەی قاسم پێشنیارێکی هاوبەشی مەلا مستەفا و پ.د.ک ی ڕەتکردەوە لەمەڕ مافی کوردەکان لە ئاداری 1961 دا. مەلا مستەفا بانگەوازێکی بلاوکردەوە بۆ هەموو کوردەکان بۆ چەکهەڵگرتن لەدژی هێزە عێراقییەکان—ئەمەش بە فیعلی ئامـاژەدانبوو بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی کوردیی لە عێراقدا—لە11ی سێپتەمبەردا.

لە دوای ئەوەی کوودەتاکەی فێبریوەری 1963 قاسمی لابرد و بەزوویی کورسی دەسەڵاتی لە بەغداد. بە حیزبی بەعس دا. مەلا مستەفا لە جیاتی

گەلی کورد سیاسەتەکانی پەژراند بەبێ ڕەزامەندی پێشینەی مەکتەبی سیاسیی پ.د.ک. لە هەموو ئەمانەش خراپتر، ئەو ڕازیبوو بەئاگربڕ بە بێ بەشداریی مەکتەبی سیاسیی و لەوەش زیاتر هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ حیزبی بەعسدا پەژراند. کە ڕێگەی دا بە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی هێزەکانی حکومەت بۆ ناوچەکە و حیزبەکانی هەڵوەشاندەوە(لەنێویاندا پ.د.ک) کەچی بواریدا بە خێڵەکان بەردەوام بن لە سەر چالاکییەکانیان. ئەم ماوەیە نوقڵانەی دەرکەوتنی دابەشبوونێکی بە ڕووکار حەتمی پێبوو لە نێوان خێڵەکان و ئینتێلەجێنسیای کوردا. سیاسەتەکانی بەغداد و پەژراندنیان لە لایەن مەلا مستەفاوە، سەریکێشا بۆ جیابوونەوەی ناسیۆنالیستەکانی شار لە سەرکردایەتی خێڵەکیی. ئەم شەڕی بەیەکداشاخان و تۆڵە ئەستاندنەوەیە هیچی ئەوتۆی نەکرد بۆ پتەوکردنی هێزی یەکێتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

لەو کاتەدا کە بەعس بۆ دووەم جار لە ساڵی 1968 دا دەسەڵاتی گرتەوە دەست، مەلا مستەفا هێزێکی سیاسیی پێشەنگ بوو لە ناوچەکەدا. دەسەڵاتی حەتمیشی بەسەر باکووری عێراقدا هەبوو، ڕژێمی بەعسی ناچارکرد کەگفتوگۆی لە گەڵدا بکەن. سەدام حوسێن، جێگری سەرۆک کۆمار و دوژمنی سەرسەختی داهاتووی کوردان، خۆی چوو بۆ کوردستان و لە گەڵ مەلا مستەفادا دانیشت. بەعسییەکان کە لەو کاتەدا لە خەمی سەقامگیریی ڕژێمی بەعسی ساوادا بوون، لەو کاریگەریە خراپە دەترسان کە مەلا مستەفا دەکرا هەیبێت بە سەر سیاسەتی عێراقییەوە، ئامادە بوون کەموزۆر هەر شتێک ببەخشن کە زامنی مانەوەی خۆیان بکات. بێگومان، سەدام کاغەزی سپیی دا بە مەلا مستەفا کە ئەو سەرکردە کوردە دەیتوانی داخوازییەکانی لەسەر بنوسێت. سەدام لەگەڵ خۆیدا ڕێککەوتنێکی بردەوە بۆ بەغداد تا ئەو کاتە باشترین سازش بوو پێشکەش بە کوردەکان کرابێت. ئەو مامەڵەیە بە ڕێککەوتنی ئادار ناسراوە. ئەمە وانەیەکی ڕیسوایی بوو کە سەدام هەرگیز لێی خۆشنەدەبوو و لە بیری نەدەکرد.

بە گویرەی ڕیککەوتنی ئادار پێنج کورد خرانە ناو کابینەی حکومەتی عێراقەوە. ڕێگەدرا بە زمانی کوردیی، وەک زمانی فەرمیی. بڵاوکراوە و چاپەمەنیی بە زمانی کوردیی بە یاسایی کرا. لە نێو

کێشــە هەڵپەســێراوەکاندا حاڵەتی کەرکوک و ئـەو میکانیزمـە بـوو کـە بە هۆیەوە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەستنیشان دەکـرا. لـە کاتێکـدا بـەعس بـە فیعلـی گەمـەی بـەکات دەکـرد. کوردەکـان بـە هـەردوو دەسـتەکانیان ئـەو هەلانـــەیان قۆســـتەوە کـــە پێشکەشـــیان کرابـــوو. یـــەکێک لـــە گفتوگۆکـــەرە کوردەکـــانی ڕێککـــەوتنی ئـــادار. ســـامی عەبـــدولڕەحمان کە وەزیـری کاروبـاری بـاکووریش بـوو لـە حکومـەتی تـازە دامـەزراوی عێراقدا. کە دواتریش یەکێک بوو لە ئەکتەرە سیاسییە کاراکـانی دەوڵـەتی دیفاکتۆی سالانی 1990 ەکان. ماوەی سالانی 1970 بۆ 1974 – ئـەو ماوەیـەی کەبـەگوێرەی ڕێککـەوتنی ئـادار بـەڕێوەدەچوو—وەسـفی ئـەو ماوەیەی کردووە بە" سەردەمی زێڕین". لە ماوەی ئەم سـالانەدا کوردەکـان شارەزاییان پەیدا کرد لە سەر ئیدارەی لۆکاڵیی و حکومکردنی ڕاستەوخۆ. ئـەو شـارەزاییانەی کـە لـە سـالانی 1990 ەکانـدا دەرکـەوت بـە کـەڵک بوون.[272]

کـــەچیی ڕێککەوتنەکـــە تەمـــەنی کـــورت بـــوو. کـــە ڕژێمـــی بـــەعس بەرەبـەرە بناغـەی دەسـەلاتەکەی پتـەو دەکـرد. دژایـەتیی مـەلا مسـتەفا لە بەرامبەر بەغداد زیاتر دەبوو. بەعس پالنەرێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ ملدان بە داخوازییەکانی کـورد لـە سـەر مەسـەلەی خـاک. مـەلا مسـتەفاش هـیچ چارەیەکی دیکەی نـەبوو جگـە لـە ملـدان یـان پـەنابردن بـۆ پشـتیوانیی دەرەکیی. ئەو کە هەمیشە سەرکردەیەکی بـەعیزەت بـوو. ئـەوەی دووەمـی هەڵبژارد. کوردەکـان ڕەتیـانکردەوە کـە سنوورەکانیان لـە گـەڵ ئێرانـدا دابخـەن و داوای یارمـەتییان لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکان کـرد و پشـتیوانی ئیسرائیلیشـــیان پەژرانـــد. حکومـــەتی عێراقیـــی کـــە توشـــی ئەگـــەری دەستێکەڵکردنی کوردەکان لەگەڵ سێ لە نەیارەکانی ڕژێم ببۆوە. جـارێکی تر پەنای بردە بەر ئامرازی تاقیکراوەی پلانگێڕیی .

لەسـاڵی 1974 دا دەسـتیکرد بـە جێبـەجێکردنی شـێوازێکی کلـک و گوێکراوی ڕێککەوتنی ئادار(کەبەیاسای ئۆتۆنۆمی ناودەبرێت)گفتوگـۆی لە گەڵ بارزانییدا نەپەژراند. بەڵکوو لە گەڵ 600 کەسـی دژ بـە بـارزانی لە نێویاندا هەندێک لە وانەی باڵی ئەحمەد- تاڵەبانی. مەلا مستەفا یاسـای ئۆتۆنۆمی ڕەتکردەوە و جارێکی تر خۆی ئامادەکرد بۆ شەڕکردن لە دژی بەغـداد. چـاوەڕوانی ئـەوەی دەکـرد کـە پشـتیوانی ئێـران بـە ئامـانجی

دەگەیەنێت. بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردوو جێگەی سەرسورمان نەبوو کە ئەم ستراتیژە شکشتی هێنا.
وەکو بەڵگەیەکی بەرچاوی سادەیی بەرخوردی کوردەکان لە گەڵ وردەکارییەکانی دیپلۆماسییەت و ئەو خێراییەی کە دەکرێ مامەڵە(سیاسییەکان) تیایدا بکرێن و نەکرێن. سەدام بەرەکەی لە ژێر پێیاندا دەرهێنا. لە6 ی ئاداری 1975 دا، لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی ولاتانی هەناردەی پێترۆڵ(OPEC) لە جەزائیر. سەدام و شای ئێران هەموو جیاوازییە هەڵپەسێردراوەکانیان یەکلاییکرەوە. هەردووکیان لە سەر دابینکردنی ئاسایشی سنوور ڕێککەوتن. سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە کوردەکانی مەلا مستەفا لە نێوبرا. بارزانیی بانگەوازی کۆتاییپێهێنانی شۆڕشی کوردیی ڕاگەیاند لە23 ی ئاداری 1975 دا. داوای پەنابەری لە ئێران کرد و هەرگیز بە زیندوویی نەگەڕایەوە بۆ کوردستان. پ.د.ک وەکو هێزێکی سیاسیی لە نێوبرا و حکومەتی عێراقیی بە زوویی کەوتە جوڵە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کوردستان. وا پێدەچوو کە خەبات بۆ قەوارەیەکی کوردیی لە عێراقدا بە هۆی دەستەوستانی بەرەی خێڵەکی و ڕۆشنبیران بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لاواز ببوو. هاوکات ئەمانە لە گەڵ زیادبوونی توانای بەغداد لە سوودوەرگرتن لە جیاوازییەکانیان مکۆمتر بوو.
حکومەتی عێراقیی کە سوور بوو لە سەر پرسیار نەخستنە سەر باری ئێتنیکیی شاری کەرکوک لە داهاتوودا. دەستی دایە هەڵمەتێکی بەرفراوان کە مەبەست لێی گۆڕینی سیمای دیمۆگرافیی هەموو کوردستانی عێراق بوو بە هەولێر و دهۆک و سلێمانییشەوە بەڵام بە تایبەتیی کەرکوک. ناوچە گوندییەکان چۆڵکران و دانیشتوانەکەی لە ئۆردوگاکانی نزیکی شارەکان نیشتەجێکران. حکومەت تەنانەت سنوورە ئیدارییەکانی کەرکوکیشی دارشتەوە بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە عەرەبەکان ببن بە زۆرینە لە ناوچە سەرەکییەکانی شارەکەدا. هەروەها پارێزگای کەرکوک ناوی کرا بە(التأمیم)(کەماناکەی دەبێتە" خۆماڵییکردن"). بۆ ئەوەی تام وبۆیەکی ناسیۆنالیستانەی عەرەبیی زیاتری پێبدات. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ مەزەندەی ئەوە دەکات کە چەند سەد هەزارێک لە خەڵکانی غەیرە عەرەب لە شوێنەکانی باکوور دەرکراون و بەرەو چەند شوێنێکی

باشـــووری عێــراق یـــان بەرەو ئـەو کامپانـە { ئۆردوگـا } بـراون کـە دەکەونە بەینی ڕێگـا سـەرەکییەکان لـە نێـوان سـالانی 1976 و 1986 دا.[273]

کەواتە سەرەتای حـەفتاکان و لـە لوتکەکەیـدا 1975، خـاڵی گۆرانکـاریی بوو لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیسـتی کوردییـدا لـە عێراق. لـەو سـەردەمەدا کوردەکـان بــەرزترین ئاسـتی ئۆتۆنـۆمیی و پەرەسـەندنی سیاسـییان بەخۆیانەوە دیوە هەتا ئەمڕۆ. کەچیی ناشارەزایی خۆیـان لـەو سـەردەمەدا دەرخسـت لـە مامەڵـەکردنیان لـە گـەڵ دەوڵەتـە دەرەکییەکانـدا و بێهێـزی خۆێشیان دەرخست لە مامەڵەکردنیان لە گەڵ ڕژێمی بەعسدا. دوای ئەوەی بە ڕووکار مافە ئۆتۆنۆمییـەکانی خۆیـان مسـۆگەر کـرد لـە کوردسـتاندا، دەسـکەوتەکە لـەدەسـت دراو سـەدام بـە ئاسـانی ململانـێ سیاسـییەکەی لێبردنەوە. مەلا مستەفای" نەمر" ی ناچار کرد بە وازهێنـانێکی پێشـوەخت و زوو.[274]

دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئـاوابوونی مـەلا مسـتەفا بوارەکـەی تـەواو ئـاوەڵاکردەوە بـۆ سـەرکردە سیاسـییەکانی بـاڵی چـەپ. تـا بـاڵی سیاسـیی خۆیـان درێـژ بکەنـەوەو شۆڕش زیندووبکەنەوە. دیـارترینی ئـەو سـەرکردانە جـەلال تاڵـەبانیی و کەسایەتییەکانی تری پ.د.ک بوون. کوڕەکانی مـەلا مسـتەفا، ئیـدریس و مەسـعود بــەردەوامبوون لـــە ســـەرکردایەتییکردنی پ.د.ک. هەرچەنـــدە لە ئاوارەییدا بوون لە ئێران. بەڵام دەسەڵاتەکەیان ئـەو کاتـە ڕووبـەڕووی بەرەنگاری شەپۆلێکی نوێی سەرکردە سیاسییەکان ببۆوە. ئـەوەی جێگـەی گرنگییەکی تایبەتیی بوو دەرکەوتنی چەنـد گرووپێکـی چـەپڕەو بـوو. لـە نێویانــدا" کۆمەڵــە" ی ماویسـت. کـە لـە لایـەن نەوشـیروان مسـتەفا ئەمینەوە سەرکردایەتی دەکرا بە پشتیوانی تاڵەبانیی { تا خاڵە شـەهاب و هاوڕێکانی و ئارام تێدا نـەچوون. نەوشـیروان. ڕۆڵـی بـەرچاوی نـەبوو- وەرگێـڕ} هـەروەها بزوتنـەوەی سۆشـیال دیمـوکرات بـە سـەرکردایەتی کەسێکی کارێزمـایی وەک" عـەلی عەسـکەریی". ئـەم دوو پێکهاتـە لـەژێر سـەرکردایەتی تاڵەبانییـدا یـەکیانگرت و (ی.ن.ک) یـان لـە1ی جـونی

1975دا پێکهێنا. ی.ن.ک تەواو جیاواز بوو لە پ.د.ک. ددانی نەنا بەمافی لەپێشینەی هیچ هۆزێک لە سەرکردایەتییکردنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردییدا لە عێراق. بە ئاشکرا ڕقی لەو ڕۆڵە هەبوو کە بارزانییەکان دەیاننواند. ئەوانیان تاوانبار دەکرد لە سەر شکشتهێنان و لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد. بنکەی پشتیوانیی ی.ن.ک لە ناوچە شارییەکانی کوردستانی عێراقدا بوو—بە تایبەتی لە سلێمانیی و هەولێر و کەرکوک—بەڵام پارتەکە شوێنکەوتوانێکی بەرچاویشی هەبوو لە نێو دانیشتوانی کوردیی بەغدادا.
کوردستانی عێراق لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پڕبوو لە چەند ڕێکخراوێکی سیاسیی-سەربازیی نوێ کە شەڕیانبوو لە سەر دەسەڵات و ناوچەکانی قەڵەمڕەویی. لە کەش و هەوایەکی پڕ لە کێشمەکێشی توندا. جار جارە، ئەو جیاوازییە ناوخۆییە لە مێژینانە سەریاندەکێشا بۆ توندوتیژیی. بۆ نموونە لە یەکێک لە پێکدادانە توندەکاندا لە ساڵی 1978، ی.ن.ک بەتواناترین کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆی لە دەستدا. ئەویش کاتێک عەلی عەسکەریی لە لایەن هێزەکانی پ.د.ک—ەوە بە سەرکردایەتی سامی عەبدوڕەحمان لە هەکاریی گیراو کوژرا. لە دەستدانی ئەو کەسەی کە باڵی میانەڕەوی ی.ن.ک بوو (کۆمەڵە زۆر ڕادیکاڵتر بوو). لاسەنگییەکی سیاسیی لە نێو ی.ن.ک دا دروستکرد. کە دەبووایە تاڵەبانیی چارەسەری بکات؛ تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکانی هەر هەستیان پێدەکرێت. ئاماژەکانی ئەمەش لەوەدا بەرچاودەکەون کە زۆرینەی سەرکردەکانی ی.ن.ک سەر بە چەپە تونڕۆکانن و هەموشیان لە کۆمەڵەوە سەرچاوەیان گرتووە.
پ.د.ک—یش هەروەها زنجیرەیەک ناتەبایی ناوخۆیی بەخۆیەوە دیتووە. وەکو وەبیرخەرەوەیەکی ناتەباییەکەی نێوان مەلا مستەفاو ئیبراهیم ئەحمەد. سامی عەبدولڕەحمان لەسەر پرینسیپە چەپڕەوانەکانی خۆی پێیدا گرت و لە گەڵ (ئیدریس بارزانیی) کوڕی مەلا مستەفا (کە بیرکردنەوەیەکی خێڵەکییانەی هەبوو). کەوتە ناکۆکییەوە. جارێکی تر پ.د.ک لە کۆتایی ساڵانی 1970دا لێکهەڵوەشا. لەوێوە سامی عەبدولڕەحمان پێڕی ئینتێلجێنسیای لە گەڵ خۆیدا بردو پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی(KPDP) لەدژی پ.د.ک دامەزراند بەڵام بە هیچ شێوەیەک دۆستی ی.ن.ک—یش نەبوو. هاوشانی ئەوە.

گرووپە ئیسلامییەکانیش پشتیوانییەکی جەماوەری نوێیان پەیداکرد. دوای ئەوەی کوردەکان لە بیری خێڵەکیی پ.د.ک و ئەجێندای چەپڕەوانەی تاڵەبانیی تەکینەوە.

سەرکەوتنی بەرچاوی شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێراندا لە ساڵی 1979 پاڵنەرێک بوو بۆ دامەزراندن و پەرەسەندنی چەند ڕێکخراوێکی ئیسلامیی لە کورد عێراقییەکان. لە نێویاندا بزوتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان بەسەرۆکایەتی شێخ عوسمان عبدولعەزیز و دوای ئەویش براکەی مەلا عەلی عبدولعەزیز جێگەی گرتەوە. پەرەسەندنی پەرتەوازەیی لە ناو سیاسەتی کوردییدا ڕێگر بوو لە دەرکەوتنی بەرەیەکی یەکگرتوو کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ڕژێمی بەعسی بەغداد بینەوە. هەروەها ئەم حاڵەتە وای لەکوردەکان کرد کە لە لایەن هێزە دراوسێکانەوە بەکاربهێنرێن، کە پەرتەوازەیی سیاسیی کوردەکانیان بەکارهێنا بۆ پەرەپێدان و پشتیوانییکردنی چەند گرووپێکی جیاجیا لە دژی سەدام. بەهەمان شێوە، سەدام پشتیوانیی لە چەندین گرووپی کوردیی کرد بۆ شەڕکردن لە گەڵ برا کوردەکانیاندا، ئەمەش باکووری عێراقی گۆڕی بۆ ناوچەیەک لە شەڕی ناوخۆ و دەستێوەردانی دەرەکیی کە گەیشتە قۆناغیکی نالەباری نێوەزمەئاسا. بەڵام ئەم نێوەزمەیە بەرەو ئەوە دەچوو کە بۆ کوردەکان بەرەو ترسناکیی زیاتر بڕوات.

جینۆساید و دواخستنی Reprieve

دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێراندا لە ساڵی 1979، سەدام حوسێن هەلەکەی قۆستەوە بۆ تێسرەواندنی گورزێکی جەرگبڕ لە ئێران و گێڕانەوەی ئەو شوێنانەی لە دەستی دابوون بە گوێرەی ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی 1975. لە 22 ی سێپتەمبەری 1980 دا سەدام هێرشەکەی کردە سەر ئێران. کوردەکان خۆیان لە ناوجەرگەی شەڕدا دۆزیەوەو بارودۆخ ناچاری کردن وەک داردەست شەڕ بکەن. بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان، ئێران و عێراق هەردووکیان پشتیوانییان لە چەند پارتێکی جیاجیای کوردیی لە دژی یەکتری دەکرد. بەڵام لە زۆربەی کاتەکاندا کوردەکان لە بەرەی هێزەکانی ئێراندا خۆیان دۆزییەوە. دوای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چالاکی ئێرانیی/ کوردیی لە باکووری عێراقدا.

سەدام چەند شێوازێکی دڕندانەی گرتەبەر بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی ئەو هەڕەشەیەی لە لایەن یاخیبووە کوردەکانەوە کەوتبووە سەر ڕژێمەکەی. سەدام فەرمانیدا بە شاڵاوی "ئەنفال". کەبۆ چۆڵکردنی سیستەماتیکییانەی ناوچە گوندنشینەکانی کوردستانی عێراق داڕێژرابوو. بۆ نەهێشتنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا. هەروەها بۆ دابڕینی پارتە کوردییەکان لەو پێویستییانەی کە یارمەتیان دەدات لە سەرهەڵدانەوەو هێشتنەوەی هێزی سەربازییان لەناوچەکەدا. ئەو شاڵاوە کە بەحەماسەتەوە لەلایەن ئامۆزاکەی سەدامەوە(عەلی حەسەن ئەلمەجید) کە دواتر بە(عەلی کیمیایی) ناسرا بەهۆی کارە بەدناوەکانیەوە، بەڕێوە چوو. کاولکردنی نزیکەی 4.000 گوندی کورد بە چەکی تەقلیدیی و کیمیایی بەخۆوە دیت لە لایەن هێزەکانی عیراقەوە.[275]

گوندنیشینەکان لە چەند شوێنێکی گشتیی دەستنیشانکراودا (موجەمەعات) {ئۆردوگا} کە کەوتبوونە نزیک شارەکان و بنکە سەربازییەکانەوە. "چارکران" و نیشتەجێکرانەوە. لە مارسی 1988 دا سەدام ئەو تاوانەی ئەنجامدا کە لە لایەن زۆر کەسەوە بە گەورەترین تاوانەکانی دەژمێردرێت. ئەویش بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجە بوو بە چەکی کیمیایی و گازی نێرڤ{ئەعصاب}. دوای ئەوەی کە هێزەکانی ی.ن.ک— و ئێرانییەکان ناوچەکەیان داگیرکرد. لە ماوەی چەند سەعاتێکدا 5.000 هاولاتی مەدەنیی کوژران. ئەمەش کاولکارانەترین بەکارهێنانی چەکی غەیرە تەقلیدیی بوو لە دژی خەڵکانی مەدەنیی لە شەڕی جیهانی دووەمەوە.

تا ساڵی 1990. کوردەکان لە ئەوپەڕی نەهامەتییدا بوون. شاڵاوی ئەنفال پێشمەرگەی لە ناوبردوو و ناوچە گوندییەکانی کوردستانی عێراقیش چۆڵ ببوون. لە رووی سیاسییەوە. پ.د.ک بەهۆی پارچەپارچەبوونی ناوخۆیەوە بێهێز ببوو. ی.ن.ک—یش تازە لە سەرئێشە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی چاکدەبۆوە—سەرئێشەی پەیرەوکردنی " کۆمۆنیزمی" ڕووت یان دوای" سۆشیالیزمێکی" ناسیۆنالیستانە بکەون. بوونی هەردوو پارتەکە لەکوردستانی عێراقدا سنووردار بوو: لە جیاتی ئەوە دەبوایە لەدەرەوەی ئێراندا چالاکیی بکەن. وا پێدەچوو کەشانازییەکانی ماوەی ئۆتۆنۆمیەکەی 1970 بەتەواویی لەدەست دەرچوو

بوون—بەڵام ئۆتۆنۆمیی و سەربەخۆیی ڕاستەقینە وەختێک بە سەر کوردەکاندا دەبڕا کە لە ئەوپەڕی نەهامەتیی و پەرتەوازەیی سیاسییدا بوون.

هەڵەی داگیرکردنەکەی کوەیت لە لایەن سەدامەوە لەساڵی 1990دا بەرایی زنجیرەیەک ڕووداو بوو کە بەرەنجامەکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیفاکتۆی کوردیی و قۆناغی یەکەمی دابەشکردنێکی لەباری عێراق بوو. لە دوای دەرپەڕاندنی هێزە عێراقییەکان لە کوەیت لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە سەرەتای 1991 دا، چەند ڕاپەڕینێکی جەماوەریی لە باکوور و باشووری عێراق سەریانهەڵدا. لە کوردستانی عێراقدا، ڕاپەڕینی کوردیی لە 4ی ئاداردا لەڕانیە دەستیپێکرد[2] و هەر زوو بە شارە سەرەکییەکانی کوردستاندا بڵاوبۆوە. دوای ئەوەی کە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاشکرا بوون هێزەکانی پ.د.ک و ی.ن.ک جڵەوی ڕاپەڕینەکەیان وەرگرت. لە 19ی ئاداری 1991 دا کوردستانی باشوور بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1970- وە لە ژێر کۆنترۆڵی کوردییدا بوو. بەلکوو دەکرێ بڵێین لەو کاتەوە کە کوردستان لکێنرا بە عێراقەوە نزیکەی 70 ساڵ پێشتر.[276] بەڵام، جارێکیتریش، هەروەک سەردەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ڕۆژئاواو هێزە دراوسێکان ئامادەنەبوون کە هەریمی کوردیی وەک بەشێکی سەربەخۆ لە بەغداد ببینن.

ڕاپەڕینەکانی کورد و شیعە ڕەنگە لە واشینگتۆن و لەندەندا ترسی زیاتری خولقاند بێت تا لە بەغداد. بەجێگەی داخەوە دەرکەوت کە کەوتنی سەدام چاوەڕواننەکراو بوو ئەنجامێکی پەسەندیش نەبوو بۆ بارودۆخەکە. ڕۆژئاوا" ڕۆژەکۆنەکان"ی پێ باشتر بوو. ڕۆژانی پێش سەردەمی کوەیت. بە دڵنیاییشەوە نەک سیستەمێکی سیاسیی نوێ کە بواری تێدا بێت بۆ هەڵتۆقینی کوردستانێکی سەربەخۆ. لێرەوە. سەرکەوتنی کوردو شیعەکان

---

[2] لە 4ی ئاداری 1991 دا ڕاپەڕینێکی جەماوەریی لەئۆردوگای زۆرەملێی "خەبات" دا سەریهەڵدا، بەڵام نەیتوانی لە سنووری ئۆردوگاکە دەربچێت ونوردوگاکە لەژێر هەڕەشەی گەورەی هێزەکانی حکومەتی عێراقییدا بوو، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر لە 5ی ئاداردا ڕاپەڕینی جەماوەری گەورە لە شاری ڕانییەوە سەریهەڵدا و لەوێوە پەرەیسەند بۆ سەرجەم شارەکانی تری کوردستان{وەرگێڕ}.

تەمـــەنی کـــورت بـــوو چونکە ئـەو پشـتیوانییەی لـە هاوپەیمانـەکان چـاوەڕوان دەکـرا سـەرینەگرت. سـەدام گـاردە کۆمارییەکـەی بـەرەو ناوچـە راپـەڕیوەکان بـەڕێکرد و لـە 28 ی ئاداریشـەوە کوردەکـان بە ناچاریی شـارە گـەورەکانیان بەجێهێشـت ڕوویـانکردە چیاکـانی سـەر سنووری ئێـران و تورکیـا. جـارێکی تـر کـەرکوک لە لایـەن هێزەکـانی حکومەتـەوە پـەلاماردرا—ئـەو هێزانـەی کـە سـوور بـوون لـە سـەر ڕەشـکردنەوەی هـەر شـوێنەوارێکی غـەیرە-عـەرەبی شـارەکە. هـەروەک ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مـرۆڤ(HRW) تێبینـی کـردووە، کـۆچی بەکۆمەڵی کوردەکان لە کەرکوکەوە لە دوای ڕاپەڕینی 1991—وە بوو بـە دەرکردنێکی هەمیشەیی. ئەمەش بەهیچ شـتێکیش جگـە لـە لادانـی سـەدام چارەسەر نەدەکرا.[277]

لـە سـەرەتای ئەپریلـدا. کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن دیمـەنی مـاڵوێرانیی و دەردەسەریی مرۆیی مەزنیان لەشاخەکانی زاگرۆسەوە بڵاودەکردەوە. پیـاو و ژنانیـــان نیشـــان دەدا بـــە بـــەرچاوی ســـەربازانی تـــورکی و ناتۆوە(NATO). باوەشیان لـە یـەکتری داوەو لـە سـەرمادا ڕەقبوونـەوە. ســـەربازانی ئـــەمێریکاییش بـــە ڕووکـــار دەستەوســـتان بـــوون لـــە هاوکاریکردنیـــان. لـــە 5 ی ئەپریلـــدا. ئەنجومـــەنی ئاسایشـــی نەتـــەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 688 ی پەسەندکرد کە داوای کۆتاییهێنانی دەکـرد بە داپڵۆسینی هاوڵاتییان لەعێراقدا. بەڵام. لـە واقیعـدا ژمـارەی ئاوارەکـان بـــەردەوام لـــە زیادبوونـــدا بـــوو. هاوپەیمانـــەکان هەوڵیانـــدا کە کێشەکە چارەسەر بکەن بە دامەزراندنی" ناوچەیەکی ئـارام"ی بچـووک لە نزیک دهۆک لە28 ی ئەپریلدا. بەڵام. ئەمە مانگێک دواکەوت و نزیکەی یەک ملیۆن کورد تا کۆتایی مانگەکە گەیشـتنە سـەر سـنووری تورکیـا و زیـاتریش بـەڕێگاوە بـوون.[278] هەرچەنـدە سـەدام حوسـێن بـەهۆی شکستەکەی کوەیتەوە لە پەلوپۆ کەوتبوو لە کۆی 18 پارێزگا جڵـەوی 15 ی لـە دەسـتدابوو. سـەرکردایەتی کـوردیی هـیچ چارەیـەکی تـری نـەبوو جگە لە هەڵکردن لە گەڵ ڕژێم لە پێناوی بەرگرتن لەو کارەساتە مرۆییـەی کە لە چیاکاندا ڕووی دەدا.

هەردوو لایەنەکە بێهێز بوون. سەدام نەدەیتوانی بەتەواوی دەستی بە سـەر باکوورد ڕابگات و نەدەشیتوانی بەردەوام بێت لەسەر دابینکردنی بودجەی

کـــاره مەدەنییـــــەکانی لە خەزێنە بەتاڵـەکانی بەغـدادەوە. کوردەکـان توانـــای ئـــەوەیان نـــەبوو کـــە هێزەکـــانی حکومـــەتی ناوەنـــدیی لە ناوچەکە نەهێڵن. ئەنجامەکە، بنبەسـت بـوو، جـارێکی تـر چارەنووسـی کەرکوک سەلماندی کە بەربەستێکی سەختە لە بەردەم ئاشتییەکی گونجـاو لـە نێـوان حکومـەت و کوردەکانـدا. لـە ئۆکتۆبـەردا، سـەدام هـەموو ئۆفیسـەکانی حکومـەتی لـە بـاکوور کێشـایەوەو گـەمارۆی ئـابووریی خستەسەر کوردستانی عێراق. بەمـە بۆشـاییەکی بەجێهێشـت کـە ئیـدارەی مەدەنی نزیکەی 4 ملیۆن کەسی پەککخسـت.[279] بـەڵام، کـەرکوک لـە ژێـر کۆنترۆڵی توندی بەغدادا مایەوە، لە بەر ئەوەش کـە ناوچـەی نژەفڕینـی ئەمێریکی چەند مایلێک لەولای کەرکوکەوە بوو، سەدام ئازاد بوو لـە سـەر بەردەوامبوون لە سەر تەکنیکی تاقیکراوەی بە بەعەرەبکردن.

بەمشـێوەیە دەوڵەتـە دیفاکتۆکـە لـە دایـک بـوو. ئەگـەر بڵێـین کـە لە دایکبوونەکەی لە بارودۆخێکی شـێواودا بـوو ئـەوە بۆخـۆی شـێواندنی واقیعەکەیـە. هێشـتا، ئـەم قـەوارە ناوازەیـە چەنـد دەزگایـەکی حکـومیی دەربازکرد و پەرەی پێدا کە بەشێوەیەکی زۆر بـاش خزمـەتی کوردەکـانی کـرد. دەتـــوانرێ هۆیـــەکانی لـــە دایکبوونەکـــەی لـــە تایبەتمەندییـــە جیۆپۆلیتیکەکانی عێراقی ئەوکاتەدا بدۆزرێنەوە. بێهێزیـی سـەدام لـە گـەڵ بێئۆمیـدیی گـەلی کـورد و سـەرنجی کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتیی، ڕێگـەیان خۆشـکرد بـۆ دەرکـەوتنی کوردسـتانێک لـە ژێـر کـۆنترۆڵی کوردییـدا. کوردەکـان بـە کـردەوە خواسـتە لەمێژینەکـەیان بـۆ خۆبـەڕێوەبردن مسـۆگەرکرد. ئەمـەش بـە ڕێکـەوتێکی مەترسـیدار نـەک بـەپلانێکی هۆشیارانەو داڕێژراو.

گەشەسەندنی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردیی لە عێراقدا 1991-2003

ڕەنگە شتێکی چاوەڕوانکراو بێت کە دەرکەوتنی لە ناکاوی "کوردستانی عێراق" وەکو دەوڵەتێکی دیفاکتۆ نیگەرانییەکی زۆری لە تاران و ئەنقەرە دروستکرد. بە هەمان شێوە پایتەختە ڕۆژئاواییەکانیش تووشی سەرسوڕمان بوون کاتێک لوتیان تەقییەوە بە وەفدە دیپلۆماتییەکانی ئەو قەوارە نوێیە کە داوای هاوکاری دوو لایەنەیان دەکردو. داوای پشتیوانی ڕۆژئاوایان دەکرد بۆ لادانی سەدام لەسەر دەسەلات. هەروەها بەڵێنی ئەوەیان دەدا کە حکومەتێکی پلۆرالیستی دیموکراسیی لە باکووری عێراقدا دادەمەزرێنن ئەمەش وەکە یەکەمین قۆناغی جێبەجێکردنی فیدرالیزم لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا. وا دیار بوو هێشتا گەلێک زوو بوو بۆ سیاسەتمەدارە ڕۆژئاواییەکان کە بەبێ چەندوچوون ئەمە قبوڵ بکەن. دەرکەوتن و مانەوەی ئەو دەولەتە دیفاکتۆیە جێگەی شەرمەزاریش بوو بۆ بەغداد. چونکە سەدام ئەو کاتە چاوەڕوانی ئەوەی کردبوو کە سەرکردایەتی کوردی پەرتەوازە ملکەچی دەسەلاتەکەی ببن نەک بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ناوچەیەک و خەڵکێک بگرنە ئەستۆ کە شەڕ ماڵوێرانی کردبوون و کەوتبوونە بەردەم داهاتوویەکی نادیارەوە. بەلام ئەوەی کە قەوارە ساواکە هەولی بۆ دەدا مانەوە بوو. هەرچەندە ئەنقەرەو بەغداد و تاران لە ساڵە بەراییەکانیدا چەندی توانیان کێشەیان بۆ نایەوە و زەحمەتیان دایە بەر.

دامەزراندنی حکومەتی کوردیی

لە دوای 19ی ئایاری 1992—ەوە نیگەرانی هێزە ناوچەییەکان زیادیکرد. ئەویش ئەو کاتەی کە کوردانی عێراق هەڵبژاردنی لۆکاڵیان ئەنجامدا و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان(پارلەمان)یان دامەزراند. ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ڕەنگدەرەوەی جیاوازییە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردیی بوون هەر لە ناوەراستی سەدەی بیستەمەوە. لە هەڵبژاردنەکاندا پ.د.ک و ی.ن.ک نزیکەی یەکسان بوون. هەر یەک لەو دوو پارتە نزیکەی لە سەدا 50 ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانیان

بەدەست هێنا و ئاشوریەکانیش 5 کورسیان پێدرا لە کۆی 105 کورسیی ئەو تاکە ئەنجومەنەی یاسادانان.

دوای ئەوەی پارتە سەرەکییەکان هاوسەنگ مانەوە. سیستەمێکی" هاوبەشی دەسەلات(Power-sharing)" ی 50-50 هاتەکایەوە کە تیایدا دەسەلاتە سەرەکییەکانی جێبەجێکردن بە هاوبەشیی بوون. مەسعود بارزانی(کە ئێستا سەرۆکی پ.د.ک-ە) و جەلال تاڵەبانیی(سکرتێری گشتی ی.ن.ک) لە دەرەوەی ئۆفیسەکانی حکومەتدا مانەوە. بەلام وەکو چاودێری سیستمە سیاسییەکە لە نوسینگە حیزبیەکانی خۆیانەوە کاریان دەکرد.[280] سیستمە سیاسییەکە چەند درزێکی ڕیشەیی مەترسیداریی تێکەوت. مانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش(ح.ه.ک) راستەوخۆ کەوتبووە سەر پاراستنی هاوکاریی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک. بەلام. دوای ئەوەی هێزە دراوسێکان کەوتنە بەردەم ئەگەری سیستمێکی دەوڵەتی کاراوە لە کوردستانی عێراقدا. شێلگیرانە دەستیان دایە تێکدانی ئەو سەقامگیرییەی کە هەر خۆی لەرزۆک بوو. ئەویش بە هاندان یان زۆر لێکردنی پ.د.ک و ی.ن.ک بۆ ئەنجامدانی کرداری سیاسیی(هەندێک جاریش سەربازیی) لە دژی یەکتری. لە ساڵی 1993دا دەوڵەتە دیفاکتۆکە لە مەترسی ئەوەدا بوو کە بە هۆی دەسیسە سیاسییەکانی تورکیا و ئێران و عێراقەوە لێکهەڵوەشێت.

بە دڵنیایەوە. هیچکام لە پ.د.ک و ی.ن.ک بێتاوان نەبوون لە ڕۆچوونی کوردستانی عێراق بەقووڵیی بۆ ئاگری شەڕی ناوخۆ. هەردوو پارتەکە بەردەوام بوون لەسەر دوژمنایەتیی هاوبەش و پێشبڕکێیان بوو لە سەر داهات. نفوز و ئیمتیازات. حکومەتی کوردستانیش ببوو بەو سەکۆیەی کە شەڕەکەیان تیادا دەکرد. مەسعود بارزانی. وەکو کوڕی مەلا مستەفای سەرکردەی ئەفسانەیی و سەرۆکی ڕەنگە گەورەترین پێکهاتەی خێڵەکیی ناوچەکە و سەرۆکی بێ ململانێی دامەزراوترین پارتی کوردیی. بە مافێکی حاشاهەڵنەگری خۆی دەزانێ کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیی لە عێراقدا بکات.

بە هەمان شێوە. جەلال تاڵەبانییش. بە مێژوویەکی درێژەوە لە بەشداریی لە دۆزی کوردییدا و وەکو پێشڕەوی هەڵسوڕاوی سیاسیی نەوەکەی خۆی. بە کۆڵێک شارەزایی سیاسیی لە ڕادەبەدەریشەوە. هەروەها وەکو سەرۆکی

پارتێکی سیاسیی چالاک و زیندوو —ئەو پارتەی کە ڕەگو ڕیشەیەکی شاریی و(گەلێک جەماوەریی) هەبوو. ئەویش پێی وابوو کە ئەو باشترین جێگرەوەیە بۆ سەرکردایەتییکردنی کوردانی عێراق. دوای ئەوەی کە سیستمی 50-50 ی هاوبەشی دەسەلات بە فیعلی حکومەتی کوردیی لە پەلوپۆ خست. هەردوو پارتەکە چەند کوتلەیەکی هاوبەشیان لە ناو بونیادی حکومەتە نوییەکەدا داتاشی.

بەم شێوەیە، کۆسرەت ڕەسوڵ، سەرۆک وەزیرانی ی.ن.ک— کەسایەتییەکی خاوەن پێگەی بەرچاو لە ناو ی.ن.ک دا. دەشکرێت بلێین، بە دڵنیایەوە سەرۆکی داهاتووی پارتەکە-- کەسانێک کە لە خۆیەوە نزیک بوون بەرزی کرانەوە بۆ پێگەکانی دەسەلات. لەو لاشەوە پ.د.ک سەرگەرمی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بوو بەسەر ئەنجومەنی نیشتیمانییدا. چونکە جەوهەر نامیق(لە مەکتەبی سیاسیی پ.د.ک) سەرۆکی پەرلەمان بوو. پ.د.ک هەروا بەردەوام بوو لە دەستبەسەرداگرتنی خاڵی سەرەکی کەڵەکەکردنی داهات لە زاخۆ لەسەر سنووری تورکیا. بەو شێوەیە بە تەواوی دەستی ڕادەگەیشت بەسەر ئەو سەرچاوەیەی داهاتدا کە ی.ن.ک لێی بێبەش بوو. دەزگاکانی ئاسایشی(ح.ه.ک) بوون بە داردەستی دوو پارتەکە. هەر یەکێکیان سیخوڕی دەکرد بەسەر ئەوەکەی تردا و حکومەتی کوردیی بە تەواوی بێدەسەڵات ببوو لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە گەورانەی کە کاریگەریان هەبوو بەسەر ناوچەکەوە. چونکە سیاسییەکان، بیرۆکراتەکان و کارمەندەکانی حکومەت سەرقاڵی بەزاندنی هاوکارەکانی خۆیان بوون لە وانەی کە لە دەسەڵاتدا پێکەوە هاوبەش بوون.

ئەو دوژمنایەتییەی کە لە نێوان پ.دک و ی.ن.ک دا بەردەوام بوو جگە لەم جیاوازییانەی سەرەوە چەند فاکتەرێکی تری هەبوو. جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان زۆر کەم بوون؛ هەردوو پارتەکە ڕوویان کردبووە سەنتەری ڕێڕەوی سیاسیی و هەوڵیان دەدا خۆیان وەکو چەپی میانەڕەو وێنە بکەن(ئەڵبەتە لەگەڵ باوەڕبوون بە پێشڕەویی بارزانییەکان لە ناو پ.د.ک دا) کە هەڵپەی بەدەستهێنانی سەرکردایەتییکردنی بێ رکابەری بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردیی لەخۆگرتبوو. پێشبڕکێی نێوان ئە و دوو ڕێکخراوە سیاسییە هەمیشە بە پێشبڕکێیەکی شەخسیی ماوەتەوە و

چڕبۆتـەوە. کێشـە لەسـەر چەنـد شـتێکی وەکـو دەسـت بەسـەرداگرتنی داهاتـەکان و چەنـد ململانێیـەکی سیاسـیی سـادە. ئەگـەر ئـەو ململانـێ شەخسییە بەس نەبوویێت بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عێراق(کـە بە دڵنیاییەوە بەس بوو). ئابووریی سیاسیی عێـراق لـە سـاڵانی 1990دا ئامـاژەی دەکـرد بـۆ ئـەوە کـە ئیـدی لێـرەوە دینـامیکێکی تـر هاتـە نـاو پێشـبڕکێکەوە-- ئـەویش دەسـت بەسـەرداگرتنی گواسـتنەوەی نایاسـایی نەوتی عێراق و داهاتەکانی بوو.

سەدام ڕێگایەکی گواستنەوەی نـەوتی بـە قاچـاغیی دروسـتکرد کـە بـەو ناوچانەدا تێدەپەڕی کە لە ژێـر دەسـەلاتی پ.د.ک دا بـوو. لـەم کارەشـدا ئەندامە لەپێشەکانی بنەماڵەی بارزانیی بەشداریەکی ڕاستەوخۆیان هـەبوو. ئەو باجەی کە لەم بازرگانییە وەردەگیـرا لـە خـاڵی تێپـەڕبوون لـە نێـوان ناوچەی ژێر دەسەلاتی سەدام و ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی کـوردیدا دواتـر بەرەو تورکیا، لەگەڵ ئەو داهاتانەی کە لە خزمەتگوزارییەکانـەوە بەدەسـت دەهات. ئەمانە هەموو مانای ئەوە بوون کە هەر کەسێک کۆنترۆڵی دەـۆک و زاخۆی بەدەسـتەوە بێـت بـۆی هەیـە هەفتانـە چەنـدین ملیـۆن دۆلاری دەست بکەوێت. ئەمە گەنجینەیەک بوو کـە پـارتیی ئـەو کاتـە دەوڵەمەنـد ببوو ئامادە نەبوو دەست بەرداری بێت. گەنجینەیەکیش بوو کە ی.ن.ک ی هەژار پێویسـتی پێیبـوو بـۆ ئـەوەی کـە جۆرێـک لـە هاوسـەنگی دارایـی (لەمەوەش سەربازیی) فەراهەم بێنێت لە گەڵ پ.د.ک کە لـە بـەهێز بوونـدا بوو.

لە یەکێتییەوە بۆ پەرتەوازەیی

زۆر زەحمەت بوو بۆ سیستەمی سیاسیی کـوردیی کـە بەرگـەی ئـەو دوو فشـارە نـاوخۆیی و دەرەکییـە بگرێـت و دەریشـکەوت کـە تێکـدانی ئارامییەکەی تا ڕادەیەک ئاسانە. تا ساڵی 1994 کۆبونـەوەی چوارقـۆڵی لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیا و سوریادا ئەنجام دەدران. لە سەرەوەی ئەجێنداکان مەسەلەی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردیی و چۆنێتی تێکدانی بـوو. ئەو پێشـبڕکێ بونیادییـە نـاوخۆیی و لەمێژینانـەی کـە لـە نێـو(ح.هـ.ک)دا هەبوون ئاماژە بوون بۆ ئەوەی کە دروستکردنی تەنگژە هیچی نەدەویست جگە لە پالنانێک لێرەو پزیسکێک لە وێـــلەو شوێنە جیۆگرافیەشدا پـەک

نەدەكەوت لە هیچ كام لەم دوانە. ساڵی 1994 شەڕێكی ناوخۆیی سەخت لە نێوان پدک و ینک دا هەڵگیرسا بوو. كە زیاتر لەسەر دەست بەسەرداگرتنی داهاتەكان بوو تا لەسەر سەركردایەتیكردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی كوردیی.
هاوكات لە گەڵ ئەم ململانێ كوردییە ناوخۆییەدا، چەند كاراكتەرو ئەجێندایەكی سیاسیی نوێ دەركەوتن. ئیسلامی سیاسیی دیاردەیەكی بەهێز بوو لە نێو سیاسەتی عێراقییدا بۆ چەند دەیەیەک و كوردستانیش پشكی تەواوی خۆی پێبڕا بوو لە پارتە سیاسییە ئیسلامییەكان. هەندێک لەم پارتانە لە نێویاندا بزوتنەوەی ئیسلامیی كوردستان هەر لە كۆتاییەكانی حەفتاكانەوە دامەزرا بوون و لە ماوەی ساڵانی 1980 دا لە دژی ڕژێمی سەدام شەڕیانكردبوو. بەڵام، ئەوە گەشەسەندنی دەوڵەتە دیفاكتۆكە و ناسەقامگیرییەكەی دوایی بوو كە سیمایەكی دیاوی كوردستانی عێراق بوو لە ناوەڕاستی ساڵانی 1990 دا كە هەل و بواری ڕەخساند بۆ پارتە ئیسلامییەكان تا ببن بە هێزێک لە ناوچەكەدا.
جەماوەرییترین پارتی ئیسلامیی كوردیی لە كۆن و ئێستاشدا، یەككگرتووی ئیسلامی كوردستانە (ی.ئ.ک) بە سەركردایەتی سەلاحەدین بەهائینە و بەشێكە لە برایانی موسوڵمان(ئەو ڕێكخراوە سیاسییەی كە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبووەتەوە). یەككگرتوو هێزی پێشمەرگەی نییە و وەكو پارتێكی" شەڕنەكەر" پشتیوانییەكی جەماوەریی مەزنی هەیە. بەڵام ئەوەی كە زیاتر سەرنجی نێودەوڵەتی ڕاكێشاوە، گرووپە ئیسلامییە میلیشیاكانە بە تایبەتیش ئەنسارولئیسلامی سەر بە ئەلقاعیدە. ئەنسار كە لە بنەڕەتدا ناوی (جوندولئیسلام) بوو، لقێكی ئەو پارتە ئیسلامییانەیە كە پێشتر ڕەگیان داكوتیوە. لە نێویاندا (ب.ئ.ک) و كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان(ک.ئ.ک) بە سەرۆكایەتی مەلا عەلی باپیر—سەركردەیەكی سەربازیی كۆنە خەڵكی شاری ڕانیەیە. ئەنسار وەكو كۆكەرەوەیەكی گرووپەكانی ناو باڵی سەربازیی ئەو بزوتنەوانەیە كە زیاتر مەیلیان بە لای كاری چەكدارییەوە بوو. دەگوترێت كە پشتیوانی دارایی لە قاعیدەوە وەرگرتووە و چەندین عەرەبی ئەفگانیش لە ناو ڕیزەكانیدا هەبوون. لە ساڵی 2000 هوە، ئەنسار بەرەو ئەوە دەچوو نیگەرانییەكی ئەمنیی گەورە بۆ پدک و ینک دروست بكات.

لـــه ئـــاداری 2000 دا فرانســـۆ هـــەریریی پیـــاوی بڕواپێکـــراوی بـارزانیی لـه لایـەن چەنـد بکـوژێکی سـەر بـه ئەنسارەوە لـه کاتێکـدا کاروانەکەی بە ناو شەقامەکانی هەولێردا ڕەتدەبوو کوژرا. نزیکەی ساڵێک دواتـر، ئەنـدامی سـەرەکی مەکتـەبی سیاسـیی ی.ن.ک د. بەرهـەم سـاڵح، بەختی هەبوو کە لـه هـەوڵێکی کوشتن لـه سلێمانیی دەربـازی بـوو. لـەو هەوڵەدا ژمارەیەک لە پاسەوانەکانی کوژران. ی.ن.ک هەرگیز نەیتوانی کـه هێرشێکی سەربازی ئـەوتۆ بکاتـه سـەر مۆڵگاکـانی ئەنسـار لـه بیـارە و تەوێڵە کە بتوانێت ئەو هەڕەشەیە لە ناو ببات، چونکە گومانی ئەوە هـەبوو کە ئەنسار یارمەتی لۆجیستی لـە ئێرانـەوە وەردەگرێـت. لـه جیـاتی ئـەوە تاڵەبانیی ناچار بوو کە چاوەڕوان بکات هێزەکـانی ئـەمێریکا لـه بـەراییی 2003 دا بـێن و ژێرخـانی ڕێکخراوەکـه لـه ڕێگـه ی بۆردومـانێکی ئاسمانییەوە تەفروتونا بکات. ئەمەش لە ڕۆژە بەراییـەکانی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراقدا. بەڵام، هەرچەنـدە کـه هـیچ بنکەیـەکیان نـەماوە. بـەڵام وا پێدەچێت بە دڵنیاییەوە ئەنسـار یـان پاشـکۆکانیان وجـودێکی ژێـر بـه ژێریـان هێشـتۆتەوە لـه سـەرتاپای باکووردا بـه سـەرتاپای عێراقیشـدا بڵاوبوونەتەوە.

چەند گرووپێکی تری غەیرە کوردیش کۆچیان کرد بەرەو ئەو شوێنەی کە بە "عێراقـی ئـازاد" ناسـراوە. لەوانـه هـەردوو گرووپـی ئۆپۆزسـیۆن کـه ئەمێریکا پشتیوانیان دەکات، ویفاقی نیشتمانیی عێراقیـی(INA) سـەر بـه د. ئەیاد عەللاویی کۆنە بەعسیی و کۆنگرەی نیشـتیمانیی عێراقیـی(INC) بـه سـەرۆکایەتی ئەحمـەد چەلـەبی. هـەردووکیان بارەگـای سـەرەکیان لـه سەلاحەدین لە نزیک هەولێر جێگیرکرد. پ.د.ک و ی.ن.ک دوو بەشـداری چالاک بوون لە نێو گرووپـه ئۆپۆزسـیۆنیە عێراقییەکانـدا. دوو پێکهاتـەی هەرە بەرچاوی ناو چـەتری(INC)یـش بـوون. کـەچی، تەنانـەت لـه ژێـر چەتری(INC)یشدا ململانـێ لـه نێـوان پ.د.ک و ی.ن.ک هـەر بـەردەوام بوو. دوای ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دووانە بەرەو تێکچوون چـوو لە دوای هەڵبژاردنەکانی 1992 ەوە، زۆر جار چەلەبیی وەکـو ناوبژێکـار کاریدەکرد و هەندێک سەرکەوتنی سنووردارێشی بـه دەسـت هێنـا. بـەڵام نەیتوانی کە ڕێگە بگرێت ململانێکە پەرە نەستێنێت بۆ شـەڕێکی نـاوخۆی گەورە لە ساڵی 1994 دا. کە تیایدا ی.ن.ک هەولێر و سلێمانی داگیر کرد

و پ.د.ک یـــش تـــوانی کۆنترۆڵی ناوچەی دهۆک—ئەو شوێنە بـە نرخەی کە سەرچاوەی کەڵەکەکردنی داهات بوو—و بەشـەکانی بـاکووری شاری هەولێر و لە ژێر دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە.

وەک ئاماژەیەک بـۆ دینامیکـەکانی دوایـی نێـو ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی، ی.ن.ک پێوەندی توندی خۆی هێشتەوە لەگەڵ INC. بەڵام پدک ڕەوتێکی زیاتر ووریایانـەی گرتەبـەر. جیاوازییـەکانی ئـەم پێوەندییانـە وەختێـک بەدەرکەوت کە INC و ی.ن.ک هێرشێکیان ئەنجامـدا لـە دژی هێزەکـانی سـەدام لـە بـاکووردا لـە ئـاداری 1995 دا.[281] لـەم سەرکێشـییەدا کـە لە کۆتاییدا دوای ئەوەی پشتیوانی ئەمێریکا سـەری نـەگرت(ئەمـەش بـۆ یەکـەمجار نـەبوو) شکسـتی هێنـا. ی.ن.ک هاوکـارێکی تـەواو بـوو. بـە پێچەوانەوە، پ.د.ک ئامادە نەبوو کە بگلێتە ناو شەڕێکەوە کـە هەڕەشـەی لە پرۆژەی دوولایەنـەی ئـاودیوکردنی نـەوت دەکـرد لـە گـەڵ سـەدامدا و مەترسـی ئـەوەی هـەبوو کـە سەربکێشـێت بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی سەرتاسەری لە گەڵ گاردی کۆماریدا. وەزعی نێوان ی.ن.ک و پ.د.ک هەر بە شڵەژاویی مایەوە بە درێژایـی سـاڵی 1995 و نیـوەی یەکـەمی سـاڵی 1996. وا دیار بوو لە جوندا شەڕو شۆڕ جارێکی تـر سـەرهەڵدەداتەوە. ی.ن.ک پ.د.ک ی بـــەوە تۆمـــەتبار دەکـــرد کـــە دایـــەلۆگێکی نهێنیـــی هەیـە لـە گـەڵ بەغـدادا. لـە کاتێکـدا پ.د.ک بەرپـەرچی دەدایـەوە بـە تۆمەتبارکردنی ی.ن.ک بەوەی کە هاوکاریی لە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێـران وەردەگرێـت. لـە ناوەڕسـتی مـانگی ئۆگۆسـتدا هـەرچی زیاتر لـە بەرامبـەر پێوەندییـەکانی ی.ن.ک و ئێرانـدا نیگـەران دەبـوو و زنجیرەیـــەک بانگـــەواز و داخـــوازی دا بەئیـــدارەی ئـــەمێریکی بـــۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی پ.د.ک. کەس گوێی لە بانگەوازەکانی بـارزانیی نەگرت، بـە تایبـەتیی دوای ئـەوەی بـارزانیی بـە هاوپـەیمانێکی گونجـاو دانەدەنرا لە باکوور لە دوای ئـەوەی پشـتیوانیی لـە هەوڵـەکانی پێشـووی ئەمێریکا نەکرد. بارزانیی دوای ئەوەی هیچ پەناگەیەکی نەما ڕووی تێبکات بۆ لابردنی ئەو هەڕەشەیەی تووشی پ.د.ک هاتبوو لـە لایـەن ی.ن.ک—ەوە، هاوکات تووشی عێراق هاتبوو لە لایەن چەکدارانی ئێرانییەوە. سەدام هەلەکەی قۆستەوە بۆ یارمەتییدان و شڵەقاندنی بارودۆخی سیاسیی کـورد. ئەم حاڵەتە هەروا هەلێکی نـاوازەی خسـتە بـەردەم سـەدام بـۆ دەرکردنـی

ملـۆزم ئەحمـەد چەلـەبی وINC لــە بارەگاکانیانــدا لەکوردسـتانی عێراقداو ڕیسواکردنی سەرپەرشتییارەکانیان—وڵاتە یەککگرتووەکان.
لە بەرەبەیانی 31ی ئۆگۆستی{ 31 ی ئاب} 1996 دا هێزە عێراقییـەکان بە هاوکـاریی پێشـمەرگەکانی پ.د.ک شـاری هـەولێریان داگیرکـرد. هـەر بــە پەلــەش بەدوایــدا INC و ی.ن.ک لــە شــارەکەو دەوروبەریــدا دەرپەڕێنران. INC چەنـد سـەد کەسـێک لـە شـوێنکەوتوەکانی لەدەسـتدا کاتێک کەمپەکانی لە قوشتەپە10 کیلۆمەتر لە باشووری هەولێرەوە کەوتنـە بەردەستی گاردی کۆمارییەوە ئەوانیش پیاوەکانی ئەحمەد چەلەبییان گـرت و لـەناویان بـردن. ئەگـەر بـەهۆی کۆسـرەت ڕەسولیشـەوە نەبووایـە-- سەرۆک وەزیـران و فەرمانـدەی سـەربازی ی.ن.ک—ئـەوا ی.ن.ک.یـش سەدان پێشمەرگەی لەدەست دەدا. ئەو شەڕێکی پاشەکشەی وەهای کرد کـە چووەتە ناو فۆلکلۆری ی.ن.ک—ەوە. ی.ن.ک دوای ئەو تێکشکانە بەرەو سلێمانیی و پاشـان بـەرەو ئێـران هـەڵات. بەمـەش سـەرتاپای کوردسـتان کەوتە ژێردەستی بارزانییەوە—ئەگەر بۆ مـاوەیـەکی کـەمیش بێت. دوای ئەوەی هێزەکـانی سـەدام پاشەکشـەیان کـرد. تاڵـەبانیی دوای ئـەوەی لـە ئێراندا یەکیانگرتەوە دژە هێرشێکی ئەنجامـدا و پ.د.ک ی لـە سـلێمانیی دەرپەڕاند. ئەو هێڵی ئاگربەستەی کە دوای ئەم شەڕانە دیاریکرا لە نێـوان ئــەم دووانــەدا—کــە لــە باشــوورەوە بــۆ بــاکوور درێــژ دەبێتــەوە. لە کۆیسنجاقەوە تا حاجی ئۆمەران—بوو بـە سـیمایەکی چەسـپاوی سـەر نەخشەی سیاسیی کوردستانی عێراق.[282]

بەرەو بەدامەزراوەییکردن

لە ساڵی 1996—ە وە بەشی ژێر دەسەلاتی کوردیی بەسەر دوو ناوچەدا دابەش بـووە. ئیـدارەی سەرانسـەری دهـۆک و بەشـێکی زۆری ئیـدارەی هەولێر بە پایتەختیشەوە لە ژێر قەلەمڕەوی پ.د.ک دا مایەوە. بەم شـیوەیە پ.د.ک بەشی باکووری خۆراوای لەژێر دەستە. سەنتەری حکومەتەکەیشـی لە شاری هەولێردا جێگیرە. بارەگا سەرەکییەکانی پ.د.ک—یـش دەکەونـە سـەلاحەدین لـە نزیـک هـەولێر. ئیـدارەی سەرانسـەری سـلێمانیی لەگـەڵ بەشێکی زۆری ئیدارەی کەرکوک(هەرچەندە خودی شارەکەی تێدا نییـە) و بەشێکی بچووکی ئیدارەی هەولێریش لە ژێر دەسەلاتی ی.ن.ک دا مایەوە.

دامو دەزگا حکومییەکانی ی.ن.ک بە گشتیی لە شاری سلێمانییدا جێگیرن، بونیادی پارتەکەش دابەشبووە بەسەر ئەم شارە و بارەگای مەکتەبی سیاسیی لە قەلاچوالانە.
حوکمکردن لە هەریەک لەم دوو دەوڵەتۆکە دیفاکتۆیەدا بە دەستی حیزبی بالادەستەوەیە لە ناوچەکەدا. هەردوو پارتەکەش بە فیعلیی سیستەمی تاکە حیزبیی پەیڕەو دەکەن. لە پاش دوا خولی شەڕی بێئەنجامی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک لە سالی 1996 دا. بارودۆخی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێش چوو. بە تایبەتی بە بەراورد لەگەل باقی بەشەکانی تری عێراق. بە گوێرەی بەندەکانی بڕیاری 986 ی نەوت لە بەرامبەر خۆراکی ئەنجومەنی ئاساییشی نەتەوە یەکگرتوەکاندا. لە سەدا 13ی داهاتی نەوتی هەناردەی عێراق بۆ ئیدارەی باکوور دەستنیشانکرا. ئەمەش ئاستی گوزەرانی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێش برد. پەرەسەندنەکانی باکوور بوون بە جێگەی سەرنجی باقی بەشەکانی تری عێراق و کوردستان نازناوی" کوەیتی بچووک" ی وەرگرت بەهۆی ئابوورییە گەشەسەندووەکەی. ئەم پەرەسەندنە ئابوورییانە هاوکات بوون لەگەل ئاسایبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان دوو پارتەکە ئەویش بەگوێرەی ڕێککەوتنامەی واشینگتۆنی سێپتەمبەری 1998 بەسەرپەرشتی ئەمێریکا. ئەو ڕێکەتننامەیە داوای هاوکاری زیاتری کرد لە نێوان ی.ن.ک و پ.د.ک هەروا داواشی کرد کە لە داهاتوودا جەخت بکرێتە سەر هەلبژاردنی فرە حیزبیی بۆ یەکخستنەوەی هەردوو دەوڵەتۆکە و دوو ئیدارەکە.[283] هەردوو حکومەتە کوردییەکە هەرچەندە پارچەپارچە بوون، هەرچی زیاتر بەرەو دامەزراوەیی دەڕۆیشتن. کابینەکانیان لە هەولێر(بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، برازای مەسعود) و لە سلێمانیی(بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم سالح) جێگیر بیوون. تا سالی 2001 ماوەی دە سال بوو ژیانی کوردەکانی عێراقیان لەبەر دەستدا بوو.[284]
ئەمە ڕاستییەکی سادەیە. بەلام ڕاستییەکیشە کە چەند کاریگەرییەکی جدیی هەیە لەسەر لکاندنەوەی کوردستانی عێراق بە عێراقەوە. ئەو کەسانەی لە سالی 1991دا تەمەنیان 10 سال بووە ئێستا لە 2004 دا 24 ساڵەن و یادەوەرییەکی کەمیان هەیە لە سەر ژیان لە ژێر سایەی ڕژێمی سەدامدا. ئێستا کوردیی زمانی ستانداردە نەک عەرەبی: ئابووریی و دراوێکی

جیــــــاواز(کوردەکــــــان بــەردەوامبوون لەســـەر بــەکارهێنانی دینــارە کۆنەکە نەک ئەو دینارە نوێیەی کە سەدام لە دوای داگیرکردنـی کوەیـت چاپی دەکرد). سەری کێشا بەرەو دەرکەوتنی ئابوورییەک کە سەربەخۆ لـە بەغداد کاری دەکرد؛ حکومـەتیش لـە بـاکووردا پەیوەسـتە بـە کاروبـاری" کوردیی"ەوە نەک"عێراقیـی" یـەوە. بـە هـەموو مانـاو مەبەسـتێک. ئێسـتا خەڵکی باکوور زیاتر کوردیین تـا عێراقیـی و دووبـارە لکاندنـەوەیان بـە عێراقەوە شەڕێکی زەحمەت دەبێت. لە دوای تێکدانی سـەنتەری بازرگـانی جیهانی لە سێپتەمبەری 2001 دا. دواتر لابردنی سـەدام لەسـەر کورسـیی دەسەڵاتەکەی لە بەغداد لـە بـەهاری 2003 دا. ئـەم دووبـارە لکاندنـەوەی کوردسـتانی عێـراق بـە عێراقـەوە جێگـەی مشـتومڕێکی ڕاسـتەقینە و گەرموگوڕە.

11ی سێپتەمبەری 2001 و کوردەکانی عێراق

11ی سێپتەمبەر ئەو هاوسەنگییە هەستیارەی کە کوردە عێراقییـەکانی بـە سەلامەتیی لەو جیۆپۆلیتیکە تایبەتییەی لە باکووری عێراقـدا تیایـدا بـوون گۆڕی. ناماقوڵییەکە لەوەدا بوو. مانەوەی دەوڵەتە دیفاکتۆ کوردییەکـە بـەو شێوەیەی کە هەبوو بەسترابووەوە بە مانەوەی خودی سەدام. هەتا سـەدام لەسـەر دەسـەلات بـوو کوردەکـان و بەتایبـەتیی پ.د.ک پێوەندییـەکی تـا ڕادەیەک سوودمەندانەیان لەگەڵ بەغدادا هـەبوو. لـەو کاتـەدا ڕژێـم لـەوە بێهێزتر بوو کە بتوانێ هێزو دەسەلاتی خۆی بۆ ماوەیـەکی درێـژ خایـەن بەسـەر بـاکووردا بسـەپێنێت ئاسـەوارەکانی سـزاکانیش لـە پـەلوپۆیان خستبوو. کوردەکـان کـەناڵێکی بەکـەڵکیان خسـتە بـەردەم بـۆ شـکاندنی سزاکان و پێکەوەنانی داهات. لەگەڵ لابردنی سەدامدا وەزعەکە لە بناغـەوە گۆڕا.

لەلای سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیی ئاشکرا بوو کە سەدام حوسـێن لــە کــارە تیرۆرســتییەکانی 11ی ســێپتەمبەرەوە دەگلێنرێــت. بـــەلای سەرکردایەتی کوردیشەوە ئومێدەکە لەوێـدا بـوو. بـەلام. لـە هـەموو پارتـە ئۆپۆزســیۆنە عێراقییــەکان زیــاتر. پ.د.ک و ی.ن.ک زۆریــان هــەبوو لەدەستی بدەن. کە جۆرج بوشی کوڕ ڕووی بەرەو عێراق وەرگێـڕا. پـد.ک

و ی.ن.ک باش لەوە بە ئاگابوون کە هەموو ئەو دەستکەوتە سیاسییەی کە لە لە ساڵی 1991ـەوە بە دەستهاتوون خەریکە بە هۆی گۆڕانی وەزعی حازرەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. ئەمە ئەوەیە کە دەکرێ ناوبنرێت " گێژاوی کوردی/Kurdish dilemma". شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە خواستی شەخسیی ئەندامانی سەرکردایەتی کوردیی و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردی عێراق ئەوە بوو کە ڕوخانی سەدام و دامەزراندنی دیموکراسیەتێکی فرە حیزبیی ببینن لە عێراقدا. بەڵام، ئەو زەرەرەی چاوەڕوان دەکرا لە داهاتی حیزبەکان(بەتایبەتی پ.د.ک) و پێگەی سیاسیی لە عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە ئارامیی و ئاساییشی کوردستانی عێراق بکەوێت گەر هاتوو هەر هەوڵێکی ڕژێم گۆڕین بەرەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە، ئەمانە ئەو کاتە و ئێستاش جێگەی نیگەرانی گەورەن.

لە ئەندێشەی سیاسەت داڕێژەرانی ئەمێریکا و ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ئەو دەوڵەتانەشدا کە بەرژەوەندییان لێرەدا هەیە. کوردستانی عێراق بەشێکە لە عێراق. سیاسەتی ئەمێریکا زۆر بە ڕوونی نیشانی دەدات کە دەوڵەتێکی کوردیی ئەنجامێکی پەسەندکراو و چاوەڕوانکراو نییە. لێرەوە ستراتیژیەتی کوردیی لە ئاست ڕژێم گۆڕیندا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئامانجە کۆنەکەیان لە وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی لە بەغدادەوە و هەوڵدان بۆ مسۆگەرکردنی جۆرێک لە دەسەلات بەسەر ناوچەی کەرکوکی پڕبایەخ لە ڕووی ستراتیژیەوە.

کێشەی سەرەکیی کوردە عێراقییەکان لە عێراقی دوای سەدامدا ئەوەیە کە لە هەڵوێستێکی لاوازدان. ئەگەرێکی زۆر کەم هەیە کە ناوچەی دژە فڕین بەردەوام بێت. لە ئەپریلی 2003دا سزاکان هەڵگیران و هیچ بڕیارێکیش دەرنەکراوە بۆ دابینکردنی پشکێکی تایبەتیی بۆ کوردەکان لە داهاتی نەوتی عێراقیی. لەوەش زیاتر، ئاوەدیوکردنی بە قاچاغی نەوت لە ڕێی موسڵەوە بە ناو دهۆکدا چیدی میکانیزمێکی سەرچاوەی داهات نییە بۆ پ.د.ک. بە دڵنیایەوە، ترسی هەرە گەورە لەوەدایە کە جارێکی تریش کوردەکان بکرێنەوە بە قوربانیی چەند بایەخێکی جیۆپۆلیتیکی گەورەی تر کە ئەویش پاراستنی خاکی عیراقە. ئەمەش بە ڕێگەدان بە هەر

حکومەتێکێک لە بەغداد بە کاری ناپلۆسین لە دژی باکووری سەرکەش و لەخۆبایی.
هەروەها لێرەدا چەند مەسەلەیەکی دەزگایی ئیداری سەرەکی هەن کە دەبێ باس بکرێن لە نێویاندا. پد.ک و ی.ن.ک ڕەنگە میلیشیایەکی 80 هەزار کەسیان هەبێت. ئەگەر گرووپەکان ی تریشی بخرێتە پاڵ ژمارەکە لە 100 هەزار تێدەپەڕێ. پێشتر سیاسەتی ئەمێریکیی ئاماژەی بەوە دابوو کە هەوڵنادرێت یەکسەر کوردەکان چەکبکرێن. لە کاتێکدا نزیکەی هەموو میلیشیاکانی تر فەرمانیان پێکراوە هێزەکانیان نەهێڵن و چەک دابنێن. بەلام. بوونی میلیشیایەکی کوردیی سەربەخۆ هەڕەشە لە بەردەوامی یەکێتیی عێراق دەکات. لەشکرێکی سەربەخۆ کە توانای ئەوەی هەبێت بەرەنگاری دەسەلاتی ناوەندی بکات و سەرپشک بێت لە نواندنی سیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆ. بەلام بۆ کوردەکان پاراستنی هێزی پێشمەرگە گرنگییەکی پراکتیکی وسیمبۆلیی هەیە. نایانەوێت چیدی دەستەوستان بن لە ئاستی دوژمنکاریی هەر حکومەتێکی عێراقی داهاتوودا دژ بە کوردستان. ڕەنگە ئەو قسانە پوچەڵ بکرێنەوە کە ئاماژە بە ئامادەیی کوردەکان دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێشمەرگە ئەگەر ئەو نائارامیەی کە ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

کوردەکان: مەسەلە سەرەکییەکان

میراتی ململانێ

کوردەکان وەکو گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا (دەکرێ بڵێین لە جیهانیشدا). سەرچاوەیەکی بەردەوامی ناسەقامگیریی بوون لە ناوچەکەدا. ئەو هەولانەی کە دراون بۆ تواندنەوەی (assimilation)ی کوردەکان بە زۆر—دیارترینیان لە تورکیا و عێراقدا—بە زۆری شکستیان هێناوە. هە م لەبەر ئەوەی کە کوردەکان هەستکردنێکی قووڵیان بە"تایابی (uniqueness)" خۆیان و ئایدێنتیتی خۆیان هەیە. هەم لەبەر ئەوەش کە ئامادە بوون بەرگریی لە خۆیان بکەن نەک ملکەیی بکەن بۆ هێزە بالادەستەکان. کوردەکان" یاخیبووە" بنەرەتییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستن. ناوچەکەش بە گشتیی

هەرگیز ئاشتیی بە خۆیەوە نابینێت هەتا چارەسەرێک بۆ کێشەی کوردی نەدۆزرێتەوە. ڕەنگە باروبۆخی ئێستای باکووری عێراق سەرەتای چارەسەرێکی وەها بێت. بۆ دواجار کوردەکان شتێکی هەستپێکراویان هەیە نیشانی بدەن کە تەعبیر لە نەهامەتییەکانیان بکات. ئەزموونی ناسکی کوردەکان، سەرەڕای هەموو کۆسپەکان و چاوتێبڕینە ترسناکەکانی هێزە دراوسێکان، دەربازی بووە و گەشەی سەندووە.

ئەوانەی کە بەم دواییانە سەردانی کوردستانی عێراقیان کردووە بە حەماسەتەوە باس لە دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی پلۆراڵ و لیبوردەیی ڕاستەقینە دەکەن، کە تیایدا حکومەتی کوردیی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ زامنکردنی مافە سیاسیی و کولتورییەکانی هەموو ئەو گرووپانەی کە لە ناوچەکەدا نیشتەجێن. تەنانەت هەندێکیان باس لە دەرکەوتنی ئایدێنتیتییەکی"کوردستانیی" دەکەن کە هەموان بە کوردو تورکمان و ئاشورییەوە تیایدا هاوبەشن. ئەمەش وەکو بەرەنجامی ئەو ئەزموونەی کە هەموویان لە ساڵی 1991 ەوە تیایدا بەشدار بوون. مێژووی عێراق بە ڕوونیی نیشانی دەدات کە کوردەکان سەرسەختانە ئامادەن شەڕ بۆ مافی چارەنووسی خۆیان بکەن و هەرگیز ناتوانرێت بە شێوازی سەربازیی بشکێنرێن. تەنانەت دڕندانەترین و پڕلەشکرترینی ڕژێمەکان لە مێژووی عێراقدا—ئەوەی سەدام لە ساڵانی 1980 دا—نەیتوانی سەرکەوتن لە دامرکاندنەوەی ڕوحی بەرەنگاری کوردەکاندا بەدەست بێنێ. کەمتر لە سێ ساڵ لە دوای کارەساتی شاڵاوەکانی ئەنفال، جارێکی تر کوردەکان کەوتنەوە بەرەنگاریی ئاشکرا لە دژی دەسەڵاتی ناوەندیی.

ئەو ڕێژە ئۆتۆنۆمییەی کە ئەمڕۆ کوردەکان بەدەستیان هێناوە بەرهەمی سەدەیەک خەباتی چەکدارییە. هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نییە وای بۆ بچین. کە کوردەکان ئامادەن ئەمە بکەن بە قوربانیی بەبێ شەڕ. لێرەوە، کەمترین شتێک بۆ لکاندنەوەی کوردەکان بە دەوڵەتی عێراقەوە وەک سیستمێکی سیاسیی دوای سەدام، پێویستە کە تیایدا پلۆرالیزم، کولتوریی لێبوردەیی و ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی زۆر لە ئارادا بێت—ئەمەش ڕێک جۆرێکە لە حکومەت کە هەرگیز عێراق بەخۆیەوە نەدیتووە. تەنانەت ئەگەر بشکرێت بگەنە ڕێککەوتن لەسەر ڕژێمێکی لەم چەشنە. کوردەکان هیچ هۆیەکیان نییە کە متمانە بەوە بکەن کە ئەو گەرەنتییانە لە داهاتوودا ڕێزیان

لێدەگیرێت. بە دڵنیاییەوە، مێژوو پێمان دەڵێت کە کوردەکان زۆر گێل دەبن ئەگەر ئەم جۆرە گەرەنتییانە بە ڕووکار وەربگرن. ڕژێمە عێراقییەکان، لە کاتی بێهێزیاندا ئامادەبوون کە شتی زۆر بە کوردەکان ببەخشن، تا ئەو کاتەی هێز و دەسەلاتی خۆیان لە ناوەند کۆدەکەنەوە و دواتر پەشیمان دەبنەوە. کرۆکی کێشەی کوردیی لە عێراقدا بریتییە لە ناتەباییەکی بنەڕەتیی لە نێوان ئەو ڕێژە ئۆتۆنۆمییەی کە کوردەکان داوای دەکەن و ئەوەش کە حکومەتی ناوەندیی ئامادەیە قبووڵی بکات. لە کەش و هەوایەکی گونجاوی هاودەنگیی و متمانەدا دەشێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت بە لام کوردەکان نزیکەی لە لایەن هەموانەوە دڕێغییان لێکراوە.

میراتی خیانەت

ئەو قسە کوردییە باوەی کە دەڵێ" کوردان هیچ دۆستێکیان نییە جگە لە چیاکان" لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەیەکی پڕاوپڕی ئەزموونی کوردییە لە ماوەی سەدەی بیستەمدا. نزیکەی هەموو هێزەکانی ناوچەکە لە کاتێک لە کاتەکاندا"دۆستێک"ی کاتیی کوردەکان بوون. کوردەکان بە بەردەوامیی لە لایەن ولاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل و ئێرانەوە بەکارهێنراون بۆ تێکدانی ڕەوشی دەوڵەتی عێراقیی. هەر کە بە ئامانجە ستراتیژیەکانیشیان گەیشتوون وازیان لێهێناون تا بە چارەنووسی خۆیانەوە سەربنێنەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەگەر لە ڕوانگەی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە سەیری بکەین، کوردەکان بە حەماسەتەوە هەر هەوڵێکیان قۆستۆتەوە بۆ خیانەتکردن بە دەوڵەتی عێراقیی— لە هەموان دیارتر لە ماوەی شەڕی ئێران- عێراقدا-- ئەوەی لە هەردوو لای هاوکێشەکەدا ڕووی لەکزییە کالآی متمانەیە. ڕەنگە ئاسەوارەکانی شەڕی 2003 ئەم نموونە مێژووییە بشکێنێت.

دوای ئەوەی کە جارێکی تر بوونەتە هاوپەیمانی ولاتە یەکگرتووەکان لە دژی حکومەتی ناوەندیی، ڕەنگە بەرژەوەندیی کوردەکان بەرگریی لێبکرێت بەبێ گوێدانە حیساباتی ستراتیژی گەورەتر. یان، ڕەنگە یەکێک لە ناو ئیدارەکەی بوشدا ددان بەوەدا بنێت کە ئەگەر دیموکراتیزەکردن ئامانجی دوور مەودا بێت کەواتە نابێ ئەو پڕۆسەیە بە قوربانییکردنی ئەو تاکە بەشەی عێراق(کەم تازۆر تاکە بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش) بێ

کـــه بـــه دیمۆکراســـیی دەچێـــت. ئەگـــەر ئەزموونـــە ناســـکەکەی کوردستانی عێراق لـە پلۆرالیزم و لێبوردەیی پارێزگـاریی لێنـەکرێت، بـە دڵنیاییەوە دەربازی نابێت. ئـەو کاتانـەی کـە کوردەکـان شـەڕیان لەگـەڵ حکومەتی ناوەندییدا نـەکردووە ڕووی چەکـەکانیان لـە یـەکتری کـردووە. هەوڵێکی زۆر کەمی دەوێت بۆ هێزێکی دەرەکی(با بڵێین تورکیا) یان هـەر حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز بۆ تێکدانی ئەو ئەزموونە کوردییـە. ئـەویش دەکرێت بە هاندانی لایەنێک بێت لـە دژی ئەوەکـەی دیکـە. ئەگـەر وڵاتـە یەکگرتووەکان بە جدیی لەگەڵ دیموکراتیزەکردندایـە نـابێ ڕێگـە بـدرێت شتێکی وەها ڕوو بدات.

تەعریبکردن و باری کەرکوک

بـاری کـەرکوک لـەمێژە خـاڵی نـاکۆکیی بـووە لـە نێـوان کوردەکـان و حکومەتە عەرەبیە عێراقییەکاندا. کەرکوک بۆ کوردەکان پایتـەختی ڕوحـی ناسـیۆنالیزمی کوردییـە: بـە لای حکومەتـە عەرەبیەکانیشـەوە دەسـت بەسەرداگرتنی کەرکوک یەکسانە بە دەستبەسەرداگرتنی چاڵـە نەوتـەکانی. دەستڕاگەیشتنی کوردەکـانیش بەسـەر داهاتـەکانی نـەوتی کەرکوکـدا بـۆ خۆی هۆکاری ئابووریی پێویستیان بۆ دابین دەکات تا لە دەوڵەتی عێـراق جیاببنەوە.

بـەلای سـەدامەوە تـەعریبکردنی ناوچـەکانی بـاکوور لـە سـەردەمی دەسەڵاتەکەیدا خزمەتی بە چەندین ئامانج دەکرد. ئەو هێشتا لە بیری بوو کە کوردەکان چەندە بە حەماسەتەوە داوای کەرکوکیان دەکرد و داخوازییە بەردەوامەکانی سەرکردایەتی کوردیشی لەبیر بوو لە هەوڵیاندا بـۆ دەسـت بەسەرداگرتنی شارەکە. وەک دەرکردنەکانی حەفتاکان و هەشـتاکان بـەس نەبوو بێت، کوردە دەرکراوەکان لـە ڕاپەڕینـەکانی 1991 دا ویسـتیان بـە شەڕ دەسەلاتی بەغداد بەسەر شارەکەدا نەهێڵن. لەمەوە، حکومەتی عێراقـی دەبووایە، یەکەم، داهاتووی عەرەبیی شارەکە و نەوتەکەی مسـۆگەر بکـات.

دووەم. دەرپەراندنی غەیرە عەرەبەکان لە ماڵەکانیان و ناچارکردنیان بە ڕاکردن بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان قورسیاییەکی زۆری دەخستە سەر دەسەلاتی تازەی کوردیی. ئەمەش قورساییەک بوو کە ئەوان ڕەنگە لە توانایاندا نەبووبێ بەرگەی بگرن.
خێزانە غەیرە عەرەبەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیکیی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت و بەرپرسەکانی حیزبی بەعسەوە دەکران بە ئامانج و گوشاریان دەخرایە سەر تا ئەم هەنگاوانە بنێن: (1) بە فەرمیی ئایدینتیتیی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن ئەویش بە خۆ ناونووسکردن وەکو عەرەب.(2) ببن بە ئەندامی حیزبی بەعس (3) ئەگەر لە تەمەنێکی گونجاودا بن. بچنە ناو یەکێک لە میلیشیاکانی سەر بە ڕژێم(لە وانە سوپای قودس و فیداییەکانی سەدام).[285] ئەگەر ئەم هەنگاوانە نەهاوێژران(بەزۆرییش وەها بوو). ئەو خێزانە بەدبەختە دەردەکراو ناچار دەکرا کە بچێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردیی. دوای گەیشتنیان بەوێ. دەسەلاتی لۆکاڵیی هیچ چارەیەکی تری نەبوو ئەوە نەبێ کە بیانخاتە چەند خێوەتگەیەکەوە لە قەراغی شارە گەورەکان. یان ڕێگەیان بدرێت لەو شوێنانە نیشتەجێ بن کە پێشتر کاولکراون یان لە گەڕەکە هەژارەکاندا.
ئاستی ژیانی ئەم کوردە"کەرکوکیی" یانە لەوپەڕی نزمییدا بوو. بە زۆریش دەکەوتنە دەرەوەی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی UN. چونکە ناسنامە و پسوولەی بایەعییەکانیان لێسەندرابووەوە. بە هەموو پێودانگێک. ئاوارە کەرکوکییەکان بە ڕەسمی لە لایەن حکومەتی عێراقیی و UN ەوە بوونیان نەبوو. ئەو زەوییانەی کە لەلایەن دەرکراوە غەیرە عەرەبەکانەوە بەجێدەما لە لایەن حکومەتەوە ئەو عەرەبانەی تێدا نیشتەجێ دەکرا کە دڵسۆزی ڕژێم بوون. هەندێک ڕاپۆرتیش باس لەوە دەکەن کە فەلەستینییەکانیش مافی نیشتەجێبوونیان پێدرا بوو لە ناوچەکەدا.
دەرکراوە غەیرە عەرەبەکان هەمیشە لە خەیاڵی ئەوەدا بوون کە بە زووترین کات بگەڕێنەوە زێدەکەی خۆیان. لەگەڵ ڕووخاندنی سەدامدا ئەو ڕۆژە هات. کەرکوک لەگەل ناوچە تەعریبکراوەکانی تردا. هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ببێتە شارێک لە ململانێی ئێسنیکیی و ئەگەری ئەوەش هەیە کە ببێتە زۆنگاوی خوێن چونکە دەرکراوە غەیرە عەرەبە گەڕاوەکان هەوڵی دەرکردنی دانیشتوانە نیشتەجێبووەکەی دەدەن.

بەرەنجام

کەبڵێین، کوردەکان خۆشییان لەسەدەی تیژتێپەڕی بیست نەکرد، ئەوە راستیی نەپێکراوە . کێشەی ئەوەی کە عەرەب نین و کەمینەن لە دەولەتێکی لە بنەڕەتدا عەرەبزادە لە پاڵ ململانێی ناوخۆییە جەوهەریەکانیان، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە مێژووی کوردی عێراق لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە پڕاوپڕ بووە لە کارەسات لە دوای کارەسات. بەداخەوە، ئاماژەیەکی کەم لە ئارادایە پێمان بڵێت کە سەدەی نوێ موژدەبەخشی پێشکەوتنی زیاترە. کوردەکانی عێراق کە هێشتاش لە ناو پێوەندییەکانی کۆلۆنییە سنوور دروستکەرەکاندا گیریان خواردووە، لە ڕێی ململانێوە توانیویانە کە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی لە عیراقدا پێکەوە بنێن، کە دژ بە حەزو خواستی زۆربەی لایەنەکان ماوەتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی باش خزمەت بە خەڵکی ناوچەکە دەکات. لێرەوە، ئایا کوردستانی عێراق ئەو نمونەیەیە کە ئێمە هەمووان پێویستە لە باشماوەی بەشەکانی تری عێرقدا خەباتی بۆ بکەین؟ یان ئایا دەکرێ لە ڕاستییدا ڕێگەچارەی ڕاستەقینەی" کێشەی عێراق" بێت—وەک نموونەی دابەشکردنی دەوڵەتێک کە نەدەبوایە لە سەرەتادا دروست بکرێت؟ ئەگەر بڕیارە کێشەی عێراق چارەسەر بکرێت، پێویستی بەوە زیاترە تەنها شوێنی ڕژێمی دیکتاتۆریی پڕ بکرێتەوە.

هەوڵە بەردەوامەکانی هێشتنەوەی عێراق بەیەکەوە، توندوتیژیی و دیکتاتۆریی بەرهەم هێناوە. رەنگە هیچ ڕێگە چارەیەکی تر نەبێت بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی دەوڵەتەکە، ئەگەر عێراق وەکو دەولەتێک"شکست" نەهێنێت، چارەنوسی ئەوەیە کە بە زۆرداریی حوکم بکرێت. ئۆڵتێرنەتیڤەکە دابەشکردنی دەوڵەتی عێراقییە. دەکرێ بڵێین کوردستان ئەو دوومەڵە گەنیوە بووە کە شەرعییەتی دەوڵەتی عێراقی بەتاڵکردووەتەوە. بەڵام دەشێ ئێستا تەلیسمێک بێت بۆ گواستنەوەیەکی ئاشتییانە لە ڕێگەی دابەشکردنێکی گونجاوەوە. شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کوردەکان کێشەی ناوخۆیی گەورەیان هەیە، کەچیی هێشتا توانیویانە بۆ ماوەی زیاد لە دە ساڵ بە هاوکاری UN و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بەسەر قەوارەیەکی زیندوودا ڕابگەن. بەدەر لە ئیسرائیل و تورکیا، دەکرێ

کوردستـــــتان نزیکتـــرین شوێن بێت لە قەوارەیەکی دیموکراسیی کـارا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئەگەر پاراستنی ئەمە بە دەوڵەتێکی سـەربەخۆی کوردییەوە پەیوەست بێت، پێویستە بـە جـدیی بیـر لـەم ڕێگـە چارەیـە بکرێتەوە.

بەندی هەشت

تەنگژەی دیمۆکراسیی

پێشەکیی

لـە کـاتژمێر هەشـتی دوا نیـوەڕۆی ڕێکـەوتی 19 ی مارسـی 2003 دا مۆڵەتە 48 کاتژمێرییەکەی ئیدارەی بوش کە بۆ سەدامی دانابوو تا عێراق جێ بهێڵێت ئێکساپایەر بوو. دوای ئەوە بە ماوەیـەکی کـورت، کەمپـەینی لابردنی ڕژێمی سەدام لە ڕێگەی هێزەوە کە بە "پرۆسەی ئـازادیی عێـراق" ناوزەد کرا بە شێوەیکی جدیی دەستپێکرد. لەوەش گرنگتر، ئەم مێژووە سـەرەتایەکی بەرجەسـتەش بـوو بـۆ دەسـتپێکردنێکی دۆکترینـی شۆڕشگێڕانە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئـەمێریکا، واتـە سیاسـەتی پـەنابردن بـۆ جـەنگ وەک هۆکـارێکی پاراسـتنی ئاسایشـی نیشتمانیی ئەمێریکا. بابەتێکی تری گرنگ پەیوەست بەو مەسەلەیە، بـەڵام کەمتر جێی سەرنج بووە، ئەوەیە کە هێرشکردنە سەر عێراق ئاماژەیەکە بۆ "یەکـەم کایـەی نەخشـەیەکی مـەزن بـۆ بیناکردنـەوەی ئەخلاقییانـەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست".[286] نەخشـەیەک کـە لـە لایـەن "پلانگێڕەکـان" ی موحافیزکارە نوێکان لە ناوەوە و دەرەوەی ئیدارەی بوش، کە زۆر بەر لـە

ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر کێشراوە. لای کەم بەشێکیشی، ئدان پیانانە بەوەی کە سیاسەتی تەقلیدیی پشتیوانییکردنی ئەو دیکتاتۆرانەی کە جێی متمانەی ئەمێریکان بەڵام سەرکوتکارن، ئیتر سیاسەتێکی گونجاو نییە.

ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر بە ڕوون و ئاشکرا سەلماندیان کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەلکاوێکە سیخناخ بە ڕق و قینە دژی ئەمێریکا. هەروەها سەرزەمینی ئەمێریکا چیتر پارێزراو نییە لە کاریگەرییەکانی ئەو نەفرەتە. لە جیاتی چارەسەرکردنی هۆکارە ڕاستەوخۆکانی ئەو قینە- پاڵپشتیی ئەمێریکا بۆ ئیسرائیل، بوونی بنکە سەربازییەکانی ئەمێریکا لە سعوودییە، گەمارۆی ئابووریی سەر عێراق- پلانەکەی ئەمێریکا جەختی لەسەر ئەو هۆکارە بنەڕەتیی رووالەتیانە بوو کە بە سەرچاوەی هەستی دژە ئەمێریکایی لێک دەدرێنەوە، واتە سەرکوتی سیاسیی و هەژاریی. قسەو باس ئەوەیە ئەگەر دەست بۆ چارەسەری ئەم کێشانە ببرێت ئەوا زەلکاوەکە وشک دەبێت. هێڵە سەرەکییەکانی پلانەکە بێ پێچ و پەنا و ئاشکرایە. ڕژێمی بەغداد لابەرە و دیمۆکراسیی بۆ عێراق بێنە. لەحاڵێکدا ئەگەر عێراقێکی دیمۆکراتیی پتەو دابمەزرێت دەبێتە چرایەکی گەشاوە لە ناوەندی شەوەزەنگی سەرکوتکارییدا. ڕژێمە سەرکوتکارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. یەک لە دوای یەک دادەڕوخێن (جا ئەوە بە هاوکاریی بێت یان نا) و لە شوێنیاندا تەپڵی سەرکەوتنی دیمۆکراسیی و گەشەکردن لێدەدرێت.

بەم شێوەیە، ناوچەی "ئاشتیی دیمۆکراتیانە-Democratic Peace" لە جەرگەی جیهانی عەرەبییدا سەرهەڵدەدات. هەرێمەکە بۆ هەتاهەتایە سەلامەتتر دەبێت بۆ هەر یەک لە ئەمێریکا و ئیسرائیل. پلانەکە ئەوەش دەسەلمێنێت کە بردنەوەی جەنگی دژە تیرۆر لە مەیدانەکانی شەڕ نابێت، بەڵکوو لە ناو دڵ و مێشکی تیرۆریستە چاوەڕوانکراوەکانی دوارۆژ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت. لە ڕوانگەی هەندێک کەسەوە، ئەوەی کە پێی دەگوترێت بیرۆکەی تەشەنە کردنی دیمۆکراسیی "دیمۆکراتیی دۆمینۆ Democratic Domino" وەک کارێکی زرنگ و زیرەک دەبینرێت و بۆ هەندێکی تریش ئەوپەڕی گێلییە. بەڵام ئەوەی کە کەس ناتوانێت گومانی لێ بکات ڕادەی تەماعی ئەو بیرۆکەیە. یەکێک لە

چاودێره شلەژاوەکان ئاوا وەسفی کرد "بەجورئەتترین ئەزموونی ئایدیالییە لە مێژووی سەرجەم مرۆڤایەتییدا".[287] بوش لە وتارێکیدا کە لە فێبریوەری 2003 دا لە بەردەم پەیمانگای پرۆژەی ئەمێریکیی پێشکەشی کرد، ئەوەی ڕۆشن کردەوە -ڕەنگە یەکەم جاری بێت لە بەردەم جەماوەردا- کە بیرتۆزی دۆمینۆ دیمۆکراسیی بووەتە سیاسەتی ڕەسمی ئیدارەکەی:

بەرژەوەندیی ئاشکرای جیهان، لە بڵاوبوونەوەی بەهاکانی دیمۆکراسییی دایە، لەبەر ئەوەی گەلانی سەربەست و سەقامگیر، ئایدۆلۆژیای کوشتن بەرهەم ناهێنن. ڕژێمی تازە لە عێراقدا دەبێتە نموونەیەکی بەرچاو بۆ سەرفرازیی گەلانی تری ناوچەکە.[288] کاتێک سەرۆکی تاکە وڵاتی زلهێزی دنیا ئەم لێدوانانە دەدات، خەڵک هەوڵ دەدەن سەرنجی بدەنێ. لە ئێستا بەولاوە، ڕاستگۆیی ئیدارەی بوش بەستراوەتەوە بە توانستی لە جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانەی کە بە خەڵکی عێراقی داوە. لە گەڵ داگیرکردنی عێراقدا، ئەمێریکا ڕێچکەیەکی گرتە بەر کە ڕەنگە یان بە "لای کەم بنیاتنانەوەی ئەخلاقیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" یان بە کارەسات کۆتایی بێت. هەر ڕێگایەک بێت، ڕێچکەکە لە بەغدادەوە دەست پێ دەکات. ئەگەر ئەمێریکا پەشێوی لە عێراق بەرپا بکات، یان وەک دەسکەوتێکی کۆلۆنیالیی، نەک بنیاتنانەوەی کەشو هەوایەکی ئاشتیی و دیمۆکراتیی ئەو کاتە دەرەنجامە نەخوازراوەکانی بۆ ستراتیژیی و بەرژەوەندییەکانی ئەمێریکا لە ناوچەکەدا بە گشتی ڕووخێنەر دەبێت، کە ئەگەری سەرکەوتنە چاوەڕوانکراوەکەی ئەمێریکا لە چوارچێوەی ئەو ڕەهەندە پڕ مەترسیەدا تەماشا بکرێت.

ڕەوشی مێژوویی

کاتێک بنیاتنەرەوەکانی دەوڵەت، دەست دەکەن بە پرۆسەی بەیەکەوەلکاندنی پاشماوەکانی عێراق، ئەوان هەست بەوە دەکەن کە زۆر کەم لە ماددەی خاو هەیە بۆ ئەوەی کاری لە سەر بکەن. عێراق وڵاتێکی دەسکردی بەریتانیایە، لە پارچە وردوخاشبووەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە پێکەوە لکێنراوە. دوو بڕیاری سەرەکیی بەریتانییەکان- لکاندنی ویلایەتی موسڵ کە کورد تیایا زۆرینە بوون، بە ویلایەتی بەغداد

و بەسرە کە عەرەب تیایدا زۆرینـە بـوون و بـەردەوام بـوون لـە سـەر کولتووری عوسمانییەکان لە بەڕێوەبردنی عێراق لە لایەن کەمینەی سوننەی عەرەب- کاریگەرانە عێراقیان بـە چارەنوسێکی ئازاربـەخش سپارد. بـە درێژایـی مێـژووی عێـراق، هـەرگیز کـورد ئامـادە نـەبوون کـە بەشـداری دەوڵەتی عێـراق بکـەن. بـەردەوام بـەڵام بـە پچڕپچڕیـی لـە بیسـتەکان و دواتریش لـە کـاتی جـەنگی جیهـانیی دووەمـدا. کـورد زۆر سەرسـەختانە جەنگین بـۆ ئـەوەی ناکـۆکیی لـە سـەربەخۆیی خۆیـان بکەنـەوە لـە ژێر کۆنترۆڵی ناوەنـد. ئایـدێنتیتیی دەسـەڵات لـە بەغـداد هـەرگیز بـۆ کـورد، مەسەلەیەکی گرنگ نەبووە.

لـە سـاڵی 1961 بـۆ سـاڵی 1991، کوردەکـان پـەیڕەوی جۆرێـک لـە جەنگیان کردووە کە دەکرێت بە ئاسـتی نزمـی شـەڕی نـاوخۆیی لـە دژی دەسەڵاتی مەرکەزی پێناسە بکرێت. لە هەندێک کاتدا، هەروەک لە 1975، 1988، و 1991 دا، شەڕ گەیشتە ئاستی هـەرە بـەرزی خـۆی. لـە دوای 1991 ەوە، هەرێمی کوردیی وەک دیفاکتۆی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ ئاسـا فەنکشنی کردووە. دامـەزراوەی سیاسـیی، هێـزی سـەربازیی و کۆمەڵگـەی مەدەنیی کارای کامڵ ببوو. بـەبێ خـەبات و تێکۆشـان "چـاخی زێـڕین"ی کوردستان بەدی نـەدەهات. پاراسـتنی ئەوبارودۆخـە کـەمترین داواکـاریی کوردەکانـە لـە بـارودۆخی دوای سـەدامەوە. لـە ڕاسـتییدا، ئەسـتەمە کە چۆنییەتی یەککگرتنەوەی کوردەکان لـە گـەڵ دەوڵـەتی عێراقـدا بخەیتـە پێش چاو، بەتایبەت ئەوە لەبەر چاو بگرین کورد هەرگیز لەگـەڵ دەوڵـەتی عێراقدا تێکهەڵکێش نەبووە.

ئـەوەش زەحمـەت نییـە لـەوە تێبگـەیت کـە بـۆچیی لـە دوای کەمپـەیینی ئەنفالـەکان لـە سـاڵی 1988 وە سـەرکوتی دڕندانـەی ڕاپـەڕینی 1991 پەیوەندیی هاوسەنگانە لە نێوان کورد و حکومەتێک کە عەرەبـەکان تێیـدا باڵادەستن لە چاونوقاندنێکدا بەدی نایـەت. لـە تێڕوانینـی عەرەبەکانـەوە، کـورد هەمیشـە لەگـەڵ دەوڵـەتی عێراقـدا خـائین بـوون و ئامـادەن کـە هاوپەیمانیی لە گەڵ هەر هێزێکی بێگانەدا بکەن بـۆ شـەڕ کـردن لـە گـەڵ خەڵکی عەرەبدا. کەم لە عەرەبەکانی عێراق فرمێسک بـۆ کـوردی هەڵەبجـە دەڕێژن. زۆریان وا بیر دەکەنەوە کە کـورد ئـەو شـتەی کـە شایسـتەیەتی وەریگرتووە، لە تۆڵەی خیانەتکردنیان بە مەسەلەی عەرەب.

دابەشـــبوونی تایـــەفیی (ســوننە و شـیعە) هەمیشـە ئـاڵۆزتر بـووە. شیعەکان کۆمەڵێکی چوونیەک نـین و ڕادەی بەیەکـداڵکانی جیـۆگرافی لـە نێوان سوننە و شیعە هەمیشە لەوەی نێوان کورد و عـەرەب زیـاتر بـووە. لەشارە پیرۆزەکانی باشوور، ڕابەرانی ئایینی شیعە جاروبـار دابەشـبوونی تایەفییان بە واتای سیاسیی پڕ کردۆتەوە. بەڵام بـە شـێوەیەکی تەقلیـدیی سروشتی سێکیولاری هەموو ڕژێمەکانی کۆماری عێـراق و ئـەو هەوڵانـەی کە لە لایەن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانەوە بە تایبەت ڕژێمـی بـەعس، بـۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری ئایینی لە باشوور، وەک سیاسەتێکی سـێنتراڵیی ئامانج بووە. لەوەش بەولاوەتر، گەلێک گرووپـی ئیسـلامیی، وەک حیزبـی ئەلدەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی، نیازی ئەوەیان ئاشکرا کـردووە کە ئەگـەر پێویسـتی کـرد دەسـت بـۆ هۆکـارە توندوتیژەکان دەبـەن بـۆ بڵاوکردنـــەوەی شۆڕشـــی ئیســـلامیی. بۆیـــە ڕادەی بەسیاســـییکردنی دابەشبوونی تایەفیی، دەبێتە هەڕەشە لەسەر یەکپارچـەیی خـاکی عێـراق. و گەڕانەوەی نزیک بە 400000 ڕادیکاڵی ئایینییش زیاتر بەنزین بە سەر ئاگرەکەدا دەکات.

بەهەرحاڵ، ئەو ڕادەیەی کە ئایین لە ناو کۆمەڵگای شیعەدا بەگشـتیی بـە سیاسیی کراوە، پێدەچێت سنووردار بێت. لە ڕووی مێژووییەوە، ڕەشبینیی شـیعە جـەختی لەسـەر باڵادەسـتیی سـوننە کردووەتـەوە بەسـەر هـەموو پایـەکانی دەسـەڵات لـە دەوڵـەتی عێـراق دا. لـە زۆربـەی کاتەکانـدا، چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەردەوامیی باڵادەستیی سـوننە بـەمانای ئەوە بووە کە توندوتیژیی دراوێکی سـەرەکییە بـۆ ئیـدارەکردنی عێـراق. سـووڕی توندوتیژیی- جـا چ لـە لایـەن حکومەتـەوە لـە دژی گرووپـە یاخیبووەکان پەیڕەو کرابێت یان بـە پێچەوانـەوە - کـات دوای کـات لـە هەڵکشاندا بووە. ئەوە ڕێکەوت نییە کە دڕندەترین سـەرکردەی عێراقیـی (سەدام) لە هەموویان درێـژ خایـەنتر بـووە. ڕەنگـە عێـراق بـەو پێکهاتـە جیۆگرافییـەی ئێسـتای، بـە بـێ سـەرکردەیەکی بـەهێزو دڵـڕەق کـە سـەرۆکایەتیی دەوڵـەتێکی ناوەنـدیی بـەهێزی یـەکگرتوو بکـات، ئیـدارە نەکرێت. لە گەڵ تێپەڕبوونی کاتـدا، داهـاتی نـەوت هێنـدەی سـەروەت بـە دەوڵەتی عێراق بەخشی کە بتوانێـت بخزێتـە نـاو خەڵکـەوە و دەسـەڵاتی خۆی قایمتر بکات.

لە ژێر حوکمڕانیی سەدام لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم پرۆسەیە گەیشتە لوتکەی خۆی، کاتێک دەوڵەتی عێراق، کە خرابووە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی حزبی بەعس (و لەوانەش سەدام، دەستی بەسەر ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی عێراقدا گرتبوو. خواستی چێکردنی ئایدێنتیتییەکی نەتەوەیی ساختەی عێراقیی بە گوڕوتینێکی زۆرەوە لە سەردەمی سەدام پیادە دەکرا. ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ئارادا بوون تێک شکێنران و بە پەیوەندیی دەستکرد لە سەر بنەمای دڵسۆزیی بۆ سەدام و لە ڕێگەی حزبی بەعسەوە جێیان پڕ کرایەوە. ئامانج پەرتەوازەکردنی خەڵکی عێراق بوو، ئینجا بنیاتنانەوەی ئیدگای شکۆمەندانەی "پیاوی عێراقی" بوو- بوونەوەرێک کە خۆی لە سەرووی دابەشبوونە تایەفیی و نەتەوەییەکانەوە ببینێت و خۆی بە قەرزاری لایەنگیریی بۆ دەوڵەتی عێراق و "سەرۆکە مەزنەکەی" بزانێت.

ئەوە هەوڵێکی پاڵەوان ئاسا بوو، بۆ بنیاتنانی ئایدێنتیتییەکی کۆمەڵگیر بۆ خەڵکی عێراق؛ پێکهاتەیەک بوو لە ئەندازەی کۆمەڵایەتیی بە شکڵێکی بەرفراوان و لەگەڵ برێکی زۆر لە داو و دەرمانی توندوتیژیی{ زەبروزەنگ}. بەڵام هەروەک چۆن هەموو رژێمەکانی پێشوو نوشوستیان هێنا، ئەم هەوڵەش شکستی هێنا. لە بەر ئەوەی، ئاشکرایە کە ئەستەمە بتوانرێت ئایدێنتیتییەکی عێراقیی وا بنیات بنێت کە شیعە و سوننە پێکەوە کۆبکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا کوردیش لە باکوور لە خۆ بگرێت. ئەو حاڵەتانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی تێدا دەرکەوت زۆر دەگمەنن وە مەودایەکی زەمەنیی زۆریشیان لە نێواندایە. سەرهەڵدانی ساڵی 1920 لە دژی بەریتانییەکان، بەرگری سەرسەختانە لە نیشتمان لە دژی ئێران لە نێوان 1980-1988 بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان زۆرینەی عەرەبی عێراقیی، بەلام هیچ شتێکی بۆ پێکەوەلکاندنی کورد نەکرد.

عێراق وڵاتێکە کە ئیدارەکردنی هەمیشە کارێکی سەخت بووە. لە گەڵ تێپەڕبوونی کاتیش، پەیتا پەیتا سەختتر بووە، ئەمەش نەک هەر بەهۆی دابەشبوونە ناوخۆییەکانی عێراقەوە، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی کە بۆ هێزە دەرەکییەکانیش زەحمەت بووە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدەن. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، جارناجار نزیک

به سەرجەم هێزە ناوچەییە گرنگەکان (لەوانەش ئیسرائیل، یەکێتی سۆڤێت و ئەمێریکا)، بیریان لە بەکارهێنانی نابەشبوونە ناوخۆییەکانی عێراق بۆ دەسکەوتە ستراتیژییەکانی خۆیان کردووەتەوە.
بەگشتیی ئەم دەستتێوەردانانە لە قاڵبی پارە بەخشیندا بووە یان بە کورد یان بە پارتە ئیسلامییە شیعییەکان لە پێناو لاوازکردن و ناسەقامگیریی رژێمی ناوەندییدا . رەنگە هاندانی شۆڕش لە باکوور و باشوور خزمەتی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی هێزە هەرێمییەکانی کردبێت، بەڵام کورد و شیعە باجێکی قورسی کارکردنیان وەک خزمەتکاری ئەو دەوڵەتانە داوە. یەکگرتوویی دەوڵەتی عێراقیش لە ئەنجامی ئەوەدا زیانی بەرکەوتووە. بە هۆی ئەو تەگەرە مەزنانەوە کە لە دەست تێوەردانە دەرەکییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، پەیدابوونی هەستی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی عێراقی بۆتە کارێکی مەحاڵ.
ئەوە ڕۆشنە کە زاڵبوون بەسەر میراتی ئازاربەخشی هەشتا ساڵەی عێراقدا کارێکی زەحمەتە. لە نەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندییدا کە ئامادە بێت لە پێناو بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوخۆیی دەست بۆ هێز ببات، ڕۆژگار ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئایا دەکرێت عێراق وەک قەوارەیەکی یەکگرتوو بمێنێتەوە. کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە، هەمیشەش وەها بووە، کە دیمۆکراسیی لە عێراقدا کۆتایی بە باڵادەستیی سوننە بەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتدا دێنێت. گومانی تیانییە کە پیادەکردنی شێوازێک لە شێوازەکانی هاوبەش بوون لە دەسەڵاتدا دەبێتە هۆی پاراستنی کەمینەی سوننەی عەرەب، یان لای کەم هەلی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت کە لە شێوازی ئیدارەکردنی دەوڵەتدا ڕای خۆیان بڵێن؛ بەڵام هەرجۆرە شێوازێکی دیمۆکراسیی ئەوە دەخوازێت کە سوننە لە بەشێک لەو دەسەڵات و کاریگەرییە دەست هەڵبگرن کە ئێستا لێی بەهرەمەندن.
لە نێوان تاریک و ڕووندا { لەچاونوقانێکدا } سوننەکان لە پێگەیەک دا کە تێیدا باڵادەست بوون دەچنە پێگەیەک کە تێیدا ژێردەستن. پەژراندنی ئەمە بۆ سوننە کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر مێژوو ڕابەر بێت، ئەوە دەردەکەوێت کە پێکهاتەی عەرەبی لە عێراقدا لەکاتی هەڕەشەی دەرەکییدا زۆر زیاتر یەکگرتوو بووە. لە دەسپێکدا هەڕەشە لە لایەن بەریتانییەکانەوە بوو لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا. دواتر

هەڕەشـــــە لەلایـــــەن ئێرانییەکانــەوە لــە 1980-1988 وە بــوو. گریمانەی زۆر هەیە کە هێزەکانی ناگیرکاری ئەمێریکا هەمان ئەنجام بدەنە دەستەوە.

چیی پێویستە بۆ سەرکەوتن؟

وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکا ناتوانێت لە ڕێگـای بـەکارهێنانی چەکـەوە عێـراق دیـمـۆکراتییزە بکـات. ئـەوە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـە پلەیـەکی کەمتریش ناتوانێ. دەبێت ئەوەش بگوتریت هیچ شتێک لـەوە زیـاتر کـار ناکات، کە دیمۆکراسـیی پێویسـتی بـە ڕەزامەنـدی ئـەو خەڵکـە هەیـە کـە حوکمڕانی دەکرێت. دیمۆکراسیی ناکرێت بەسـەر خەڵکێکـدا بسـەپێنرێت کە پێی ڕازی نیین. لە حاڵی حازردا، ئەگەر بە نەرم و نیانیی دەری ببڕین، گومانێکی قووڵ لە ئامانجەکانی ئەمێریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیـە. لە ڕاستییدا، ڕاپرسییەکان لە ئـەورووپای ڕۆژئـاوا ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ئەمێریکا جەنگ لـە دژی عێـراق بـە جـەنگ بـۆ دەستڕاگەیشتن بە سـەرچاوەکانی نـەوت دەبیـنن. لـە جیهـانی عەرەبییـدا هەواڵەکە زۆر لەوە خراپترە. نەک هەر ئیدارەی بوش لەوێدا ناجەماورەییە. بـەڵکوو ئـەو کەمـە ڕاپرسـییانەی کـە هەیـە ئـەوە دەردەخـەن زۆرینـەی عەرەبـەکان پێیانوایـە یـانزەی سـێپتەمبەر برینێکـی خـۆکردە و بـۆ ئـەو مەبەستە داڕێژراوە کە پاساوی جەنگی خاچپەرستەکان "کروسەید" لە دژی موسوڵمانان بدات.

جەنگ لە دژی عێراق هیچی لە بەرژەوەندی باشترکردنی خەملاندنی بـوش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەکرد. تەنگژەی ئەمێریکا ئەوەیە چۆن بتوانێـت قەناعەت بە هەرێمێک بکات کە بەقووڵی بە گوومانە و بە میـراتیش ناحـە زە بــە ئــەمێریکا. کــەوا شــەڕ لــە دژی عێــراق تــەنها ســەرەڕۆییەکی نیۆئیمپیریالیسـتی neo-imperialist دڕندانــە نییــە لــە پێنــاو کۆنترۆڵکردنی نـەوتی دووەم وڵاتـی جیهـان لـە ڕووی یـەدەگی نەوتـەوە. ڕێکوڕەوان. لە جەنگی بەدەست هێنانی دڵ و هـۆش دا. ئـەمێریکا نمـرەی سەر کارتەکەی نزیک بووەتەوە لە سفر. ئەگـەر گەشـبین بـین، ئـەمێریکا ڕەنگە چانسێکی تری هەبێت.

ئەگـــــەر بنیاتنانــــــەوەی ئابووریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە عێراقـدا لایەنگریی جەماوەریی فراوانـی هـەبێت لـە نـاو خـەڵکی عێراقـدا، ئەوسـا ڕێگەیەکی درێژ لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی بە خەڵکی ناوچەکە بسـەلمێنرێت ئەمێریکا مەبەستی چاکی هەیە. ئەوەی ئایا ئەمێریکا ئەو هەلەی بـۆ دابـین دەبێت بۆ ئەوەی ئەم کارە بکـات یـان نـا، زیـاتر بەنـدە بـە کاردانـەوەی خەڵکی عێراق بۆ داگیرکردنی سـەربازییانەی ئـەمێریکا. ئەگـەر ئـەمێریکا بەڵێنەکانی بەجێ نەهێنێت، ئەوا هـەموو هەسـتێکی دۆسـتانە زوو لەدەسـت دەچێت. لە حاڵی حازردا، خـەباتی ئـەمێریکا بـۆ دابـین کردنـی نزمتـرین ئاسـتی یاسـا و سـەقامگیریيە. مەسـەلەی دابینکردنـی خزمەتگوزارییـە سەرەتاییەکان لەو لاوە بوەستێت، بارودۆخەکە زۆر بێ ئومێدانەیە.

چیی پێویستە بۆ پتەوبوونی دیمۆکراسیی؟

ئەگـەر وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بزانرایـە، ڕەنگـە جیهـان لێواولێـو لـە دیمۆکراسـییەکی سـەقامگیر و تێکسـمڕاو دەبـوو. گەشـبینیی دەیـەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەرهەق بە ئاسانیی بەدیمۆکراسییکردنی ئەو وڵاتانەی کە هیچ پێشینەیەکیان لەسەر دیمۆکراسـیی نییـە، ناچـار کـراوە ڕووبەڕووی ئەزموونێکی واقیعیانە بێتـەوە کـە زۆر ئاسـوودە نییـە. تـەنها پێنج یەکی ئەو سەد وڵاتەی کـە لـە قۆنـاغی گواسـتنەوە بـۆ دیمۆکراسـیی دادەنران، بە ئاراستەیەکی دروستدا دەڕۆن. زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانە یان بۆ هەمان ئاستی پێشووی سەرکوتکاریی گەڕاونەتەوە، یان وا دەردەکـەون لـە هـەرێمێکی خۆڵەمێشـییدا کـە کەوتووەتـە نێـوان دیمۆکراسـیی و سـەرکوتکارییەوە چـەقیون و بـەخێرایی بـە هـیچ لایەکـدا ناکـەون. بـە شێوەیەکی گشتیی، قۆناغی گواستنەوە لەو ناوچانەدا سەرکەوتوو بووە کـە تایبەتمەندیی چڕی جیۆگرافیی/ کولتووریی دیاریکراویان هەیـە (ناوەنـدی ئـەورووپا و ئـەمێریکای لاتـین). ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە تیـژیی بـە دیمۆکراسییکردن لە سەر بنـەمای "هـەموو کـەس دەتوانێـت ئـەوە بکـات" پێویسـتی بـە پێداچوونـەوە هەیـە.[289] ئـەوە ڕۆشـنە کـە ئەنـدازەکردنـی دیمۆکراسیی لەوە قورسترە کە پێشتر پێشبینی دەکرا.

هەندێک لەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی دیمۆکراسیی دەبنەوە، لە لایەن فرانسیس فۆکۆیاماوە تیشکیان خراوەتە سەر. ئەو تێزێکی (کە تا رادەیەک جێگەی مشتومڕ نییە) دەربارەی بەهێزکردنی مۆدێلەکانی دیمۆکراسیی کە " چوار ئاستی رسکانی دیمۆکراسیی تێدا پەیدا دەبێت" وێنە کردووە.[290] ئاستی یەکەم، لە هەموو ئاستەکانی تر رووکەشانەترە، پێوەندگە بەهاییەکان دەربارەی بیرۆکەی دیمۆکراسیی لە خۆ دەگرێت- بیرۆکەکە ئەوەیە دیمۆکراسیی بەرقەرار نابێت ئەگەر خەڵک باوەڕی پێی نەبێت، بەڵام بە تەنها باوەڕبوون بە شەرعییەتی دیمۆکراسیی بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی دیمۆکراسیی پایە پتەو. لە خوار ئەم ئاستەوە{ مەبەست لە ئاستی دووەمە کە بەدوای یەکەمدا دێت}، دیمۆکراسیی لە سەر بنەمای دامەزراوەکان پتەو دەبێت- دەستوورەکان، سیستەمی هەڵبژاردن، پارتە سیاسیەکان و هاوشێوەکانیان.
ئاستی سێیەم کۆمەڵگای مەدەنیی دەگرێتەوە- پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی خۆڕسک درووست بوو (گرووپەکانی بەرژەوەندیی، میدیای سەربەخۆ، گرووپەکانی مافە مەدەنییەکان) کە لە دەرەوەی کایەی کۆنترۆڵی دەوڵەتدا هەن و ئەرکی کارلێککردنی دەوڵەت و تاکەکان دەبینن. دواجار، ئاستی چوارەم، کە قووڵترین ئاستە، " هەندێک دیاردە دەگرێتەوە لە وانەش پێکهاتەی خێزانیی، ئایین، بنەما مۆڕاڵییەکان، هۆشیاری ئێسنیکیی، هاوڵاتیبوون و هەندێک دابونەریتی مێژوویی تایبەت".[291] ئەمەش ناوەندی کولتووری سیاسییە. لێرەدا دوو تێڕوانینی گرنگ لەم شیکارەدا سەر دەردەهێنن. یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە لە ئاستی یەکەمەوە بەرەوە ئاستی چوارەم دەجوڵێین- لەتەنکاییەوە بۆ قووڵایی- لە بەر ئەوە گۆڕانکاریی زۆر هێواشە و بەدیهاتنی زۆر زەحمەتە. گۆڕینی دامەزراوەکان زۆر لە گۆڕینی کولتوور ئاسانترە.
ئەو بابەتە زۆر جێگای مشتومڕ نییە. دووەمیشیان دیمۆکراسیی تەواو بەرقەرار نابێت ئەگەر لە ناو کولتووری سیاسییدا رەگی دانەکوتابێت. لێرەوە، رەنگە کۆمەڵگا باوەڕ بە شەرعییەتی مۆڕاڵیانەی دیموکراسیی بکات و دامەزراوەی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنێت، بەڵام لە ئاستی سێیەم و چوارەم دەرگیری کێشەی سەرەکیی دەبێت. چونکە ئەوە لە

دەرهوەی پێوانـــــــــــــه کۆمەڵایەتییەکاندایـــه. هـــەروەک لـــە گوتـــەی فۆکۆیامادا هاتووە،

من لەوە بەولاوەتر دەڕۆم کە باس لەوە بکـەم کـە پێوانـەی کۆمەڵایـەتیی بـەر بەربەسـتێکی مـەزنی دیـواری خشـتی سـوورەوەکراو دەکـەوێت... ئاسـتەنگە ڕاسـتەقینەکان کـە کاریگـەری لەسـەر چۆنییـەتی ژیـان لـە دیمۆکراسییە مۆدێرنەکاندا دادەنێت دەبێت دەست و پەنجە لـە گـەڵ نرمـە کولتـووریی و کۆمەڵایەتییەکانـدا نـەرم بکـات، وا دەردەکـەون کـە لـە تەنیاییدان و دوورن لە دەستڕاگەیشتن بـە دامـەزراوەکان و دەرەنجام لە سیاسەتی گشتییش دوورن.[292]

ئەم هەڵسەنگاندنە، بەداخەوە لە گەڵ بەڵگە ئەزموونییەکانی چەند ساڵی ڕابـردوودا چوونیـەکن، ئـەوە پێشـنیار دەکـەن لـە باشـترین حاڵەتـدا پتەوبوونی دیمۆکراسیی هێواشـە، پرۆسـەیەکی ئازاربەخشـە کـە تـەنها لـە پـەراوێزدا کاریگـەریی لەسـەر دامـەزراوە کاراکـان دادەنێـت. هـەروەها دەربارەی گەورەیی ئەو ئاستەنگانەی کە دێنـە سـەر ڕێگـای بونیاتنـەرانی دیمۆکراسیی لە عێراقدا، چاوخشاندنێکی قووڵ دەدات بە دەستەوە.

ڕێگەچارەکانی ئەمێریکا

لـە سـەروبەندی هەڵگیرسـاندنی شـەڕدا، هـەرگیز مەبەسـتەکانی ئـەمێریکا دەرهەق بە بنیاتنانەوەی عێراق لە دوای جـەنگ ڕۆشـن و پێکەوەگرێـدراو نەبوونـە. زۆر ووردبینانـەتر، کۆمـەڵێک لـە پێشـنیار کنـە کـراون، کـە ڕەنگدانەوەی بۆچـوونی جـودا بـوون لـە ئیـدارەی بوشـدا لەسـەر ڕادە و ماوەی تێوەگلانی ئەمێریکا لە دوای جەنگ . شێوازی حکومەتی عێراقیی و ماوەی داگیرکاریی سەربازیی ئـەمێریکیی لـە خانـەی هـەڵهێنان و گریمـان دابوو. بەڵام لە جەوهەردا دەکرێـت سێ ڕێگـەچارەی سـەرەکی ئـەمێریکا دەست نیشان بکرێن: داگیرکاریی کورت ماوە، تێیدا ئەمێریکا بـە جـدییی هەوڵەکانی خۆی بەڕێـدەخات بـۆ دامەزرانـدنی سیسـتەمێکی دیمـۆکراتیی کارا. ئینجا عێراق بـەجێ دەهێڵێـت و سـەروەریی تـەواو دەگێڕێتـەوە بـۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو؛ داگیرکردنی درێژماوە (دە ساڵ یان زیاتر)، لـەو ماوەیەدا ئـەمێریکا سـەرتاپای کۆمـەڵگای عێـراق دادەڕێژێتـەوە و هـەوڵی چڕوپڕ دەدات بـۆ ریشـەداکوتانی دیمۆکراسـیی لـە وڵاتـدا؛ داگیرکـاریی

سەربازیی کورتماوە (دوو ساڵ). هێزەکانی ئەمێریکا لە عێراق دەکشێنەوە بەڵام دامەزراندنی حکومەتێکی دەسکەلا {کارتۆنیی} لە عێراقدا بەشوێن خۆیدا دێنێت.[293]

دیارە جۆرەها ئەگەری بێشومار هەن کە ئەم تێزە سەرەکییانە دەگۆڕن. بەڵام بەسەر یەکەوە تەماشای بکەین. ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم سێ ڕێگەچارەیە زۆربەی ئاڵوگۆڕە مومکینەکان لە خۆدەگرێت کە بۆ وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو پرسە سەرەکییانەی بەرەو ڕووی ئەمێریکا دەبنەوە لەو کات و ساتەدا: یەکەم، ئایا ئەمێریکا مەبەستێکی ڕاستەقینەی هەیە بۆ بە دیموکراتیزەکردنی عێراق؛ دووەم ئەگەر وایە تا چ ڕادەیەک ئەمێریکا پابەندە بەوەی – لە ڕووی کات، خەزێنە و خوێن – ەوە خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخان بکات؛ سێیەمیش، لە کاتی داگیرکاریی و دواتریش، تا چ ڕادەیەک ئەمێریکا مەبەستییەتی، کۆنترۆڵی خۆی بەسەر عێراقدا پیادە بکات؟

ڕێگەچارەی یەکەم: دیمۆکراسیی سپات Democracy-lite

گریمانەی ئەو ڕێگەچارەیە ئەوەیە کە ئەمێریکا ئامادەیە؛ کات، وزە و سامانی بەرچاو بۆ پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردن لە عێراقدا تەرخان بکات – بەڵام تێوەگلانی سەربازییانەی ئەمێریکا دەسبەجێ لە گەڵ هاتنە سەرکاری یەکەم حکومەتی دیمۆکراتیی هەڵبژێردراو کۆتایی دێت. ئەڵبەتە هەندێک لە هێزە نێونەتەوەییە ئاشتیپارێزەکان جێگیر دەکرێن بۆ ئەوەی یارمەتیی حکومەتی بە دیمۆکراتییانە هەڵبژێردراو بدات کە سەرپێ بکەوێت. بەڵام دوای ئەوە ئەزموونی دیمۆکراسیی عێراق بە چارەنووسی خۆیەوە جێ دەهێڵرێت. قاڵبی ئەم ڕێگەچارەیەی "دیمۆکراسیی سپات" بەگشتیی لە ئەزموونی بۆسنیا یان کۆسۆڤۆوە سەرچاوە دەگرێت و گریمانەی سەرەکیی ئەوەیە کە بەبێ تێوەگلانی بەرچاو و ڕاستەوخۆی دەرەکیی سەرکەوتوویی پرۆسەی دیمۆکراسییی کە لە عێراقدا سەر هەڵدەدات.. کارێکی ئەستەمە.

لەکاتێکدا کە دیمۆکراسیی لە هەندێک شوێن کە بە نەڕەخساو دادەنرێن وەک هیندستان، لە گەشەکردنی بەردەوامدان، مۆرۆڤ ناتوانێت بەتەواویی مەسەلەی ریشەداکوتانی دیمۆکراسیی لە عێراقدا بخاتە لاوە. بەڵام بەهەر هەڵسەنگاندنێکی واقیعیانە، ئەوە دەردەکەوێت کە پێشبینیی باش ناکرێت. تێزەکەی فۆکۆیاما بۆ چینەکانی پتەوبوونی دیمۆکراسیی یارمەتییدەرێکە بۆ روونکردنەوەی هەندێک ئاستەنگ کە دێنە پێشەوە. لە ماوەی دوو ساڵی داگیرکاریی سەربازییدا، ئەمێریکا واقیعیانە دەتوانێت هیوا خواز بێت، کاریگەریی لە سەر گەشەکردن لە دوو رووکەشترین ئاستدا کە لە لایەن فۆکۆیاما پێناسە کراون— پێوانەیی و دامەزراوەیی – ئەگەری کۆمەڵگایەکی مەدەنیی کارا و چالاک لەسەر لە سەر خاپوورەی سیاسیی عێراق و لە کاتێکی کورتی دیارییکراودا دابمەزرێت، ئەگەرێکە نزیکە لە سفر لە لاوازییدا؛ بە هەمان شێوەش لەوە دەچێت ئەگەری ئەوەی کە پێودانگ و بەهاکانی دیمۆکراسیی ئاوێتەی کولتووری سیاسیی عێراقیی بێت لە چەند دەیەیەکی کەم دا، ئەگەرێکی زۆر لاوازە. باشترین شتێک کە ئەمێریکا هیوای بەدیهاتنی بخوازێت لە ماوەی دوو ساڵدا ئەوەیە کە دیمۆکراسیی لە هەردوو ئاستی پێوانەیی و دامەزراوەییدا لە عێراقدا بەرقەرار بێت. بەڵام لێرەشدا، هەندێک رێگری جدیی، تا رادەیەک چارەنەکراو هەن کە پێویستە بەسەریاندا زاڵ بین.

ئاستی یەکەم: دیمۆکراتیی پێودانگیی

لە ئاستی یەکەم—ئاستی پێودانگیی—چ بەڵگەیەک هەیە ئەو بسەلمێنێت کە خەڵکی عێراق دیمۆکراسیی بە سیستەمێکی دروست و شەرعیی حوکمڕانیی دەزانن؟ پێ دەچێت کە زۆر لە رووخسارە ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی لە هەندەران قەناعەتیان بە شەرعییەتی مۆڕاڵیی دیمۆکراسیی هەبێت. بەڵام زۆرینەی ئەو رووخسارانە، چەند دەیەیە لە دەرەوەی عێراق ژیاون، زۆربەیان لە وڵاتە لیبراڵ دیمۆکراتەکانی رۆژئاوا. بۆ نموونە ئەحمەد چەلەبیی، سەرۆکە دەستوپێ سپییە نازدارەکەی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقیی، لە سەرەتای دوورکەوتنەوەی لە عێراق لە ساڵی 1958 دا ژیانێکی زۆر خۆشگوزەرانی هەبووە. ئەوە جێگای سەرسوڕمان دەبێت، ئەگەر چەلەبیی شەرعیەتی دیمۆکراسیی نەپەژرێنێت.

بەڵام لە چاو زۆربەی خەڵکی ئاسایی عێراقدا، لە چەند دەیەی رابردوودا چەلەبیی و زۆر یەک لە کەسایەتییە باڵاکانی ئۆپۆزیسیۆن، وەک لە ئەستێرەیەکی تر ژیابن وایە.

گرووپە بەرهەڵستکارەکانی تر - بۆ نموونە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی و ئەلدەعوە -- وا ناسراون کە زۆر زیاتر دڕۆنگن، تەنانەت دژی شێوازی ڕۆژئاوایی دیمۆکراسیین؛ و ئەو دوو گرووپەش بەرەو ئەوە دەڕۆن کە کاریگەرییان لە عێراق زۆر لە کاریگەریی گرووپەکانی وەک چەلەبیی زیاتر بێت. لە ڕاستییدا، سەرجەم مەسەلەی ناهاتووی ڕۆڵی سەرکردە ئیسلامییەکانی شیعە (پێ دەچێت زۆر مەزن بێت) نیگەرانییەکی گرنگ لە سەر مەسەلەی هاوڕێکبوونی پێوبانگەکانی دیمۆکراسیی ڕۆژئاوایی و ئەوانەی ئیسلامی سیاسیی دێننە پێشەوە هەیە. لە سەر ئاستی ئیجرائییدا، بیرۆکەی چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتییانە و لە ڕێگەی میکانیزمی دامەزراوەیی دیمۆکراسییەوە هیچ کێشەیەک دروست ناکات، بەڵام لە ئاستی واقیعدا، لە گەڵ دیمۆکراسییدا کۆمەڵێک لە بەهای جۆراوجۆر دێن -- لە بابەتی هاویەکسانی رەگەزیی، هەڵبژاردنی گشتیی، ئازادی بیروڕا، پەژراندنی ئەوانەش لە لایەن دامەزراوە ئایینییەکانی شیعەوە مەسەلەیەکی زەحمەتە.

بەڵام دەرهەق بە عەرەبی سوننە، هاتنی دیمۆکراسیی، تەنانەت لە ئاستی ئیجرائییشدا، بەمانای کۆتاییهاتنی باڵادەستیی سوننە دێت بەسەر دەوڵەتی عێراقدا، سەرەڕای ئەوانەش، پابەندبوونی دژە ئیمپیریالیستیی و دژە زایۆنیستیی و هەستی پان-عەرەبیی هەمیشە لە سێکوچکەی سوننەوە هەڵقوڵاوە. ئەوە گەشبینییە ئەگەر پێمان وابێت عەرەبی سوننە بە شێوەیەکی پێوبانگییانە سیستەمێکی دیموکراتی قبووڵ بکەن کە لە لایەن ڕۆژئاواوە، هێزی "ئیمپیریالیزم" (ڕاستەوخۆش لە لایەن هێزێک کە هاوپەیمانێکی سەرسەختی ئیسرائیلە) "سەپێنراوە" بەسەر عێراقدا، و ئەوەش گەرەنتیی ملکەچبوونی سیاسییان دەکات لە دەوڵتی عێراقی دواڕۆژدا.

کەمبوونی ئاگایی لە ناو خەڵکی ئاسایی عێراقدا، مایەی بێ ئومێدییە، بەگوێرەی ئامارێکی تازە، عێراقییەکان بەتەواوی کەمتەرخەمن دەربارەی سروشتی سیستەمی سیاسیی کە لە دوای جەنگ لە عێراقدا دێتە ئاراوە. بە

نیگەرانییەوە. زۆرێک لە عێراقییەکان تامەزرۆی گەڕانەوەی "چاخی زێڕینی" دەیەی حەفتاکانن. سەردەمێک کە هیچ ئاماژەیەکی لیبراڵیی سیاسیی تێدا بەدی نەدەکرا. عێراقییەک گوتی. " بەر لە جەنگ و سزا ئابوورییەکان. دیناری ئێمە بەهێز بوو. توانای کڕینمان جێگای ئێرەیی پێبردنی وڵاتە عەرەبییەکان بوو. ئێمە دەمانەوێت بگەڕێینەوە ئەو دۆخە پڕ لە خۆشگوزەرانییە کە باوانمان تێیدا بوون لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا".[294] بە ڕەچاوکردنی ئەو مەینەتییە لە ڕادەبەدەرانەی کە عێراقییەکان لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەرەو ڕووی بوونەتەوە. جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئاساییش و مانەوە لە ژیاندا سەرەتاییترین نیگەرانیی زۆربەی عێراقییەکان بێت. گفتوگۆی ناڕۆشن دەربارەی شەرعییەتی مۆڕاڵی سیستەمی سیاسیی بە پلەی یەکەم نایەت. ئەمەش ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر نییە بۆ پێشکەشکردنی سیستەمێکی سیاسیی کە بەشداربوونی جەماوەریی دەخوازێت و بەندە لە سەری.

ئاستی دووەم: دامەزراوە سیاسییەکان.

لەبنەڕەتدا. بڕیارگەلێک پەیوەستە بە جۆری سیستەمی هەڵبژاردنەوە گرنگن. لە وانەش ئایا سیستەمی سەرۆکایەتیی بێت یان پارلەمانیی. ڕادەی دەسەڵات کە بۆ حکومەتی ناوەند دادەنرێت بە بەراورد بە هەرێمەکان جێگەی بایەخە. بەڵام مەسەلەی مەرگ و ژیان نین. لە حاڵەتی عێراقدا. گومانی تێدا نییە کە زۆربەی پارتە گرنگەکان لە ڕووی تیۆرییەوە ڕازین کە دەبێت کورد و شیعە و سوننە (ڕەنگە تورکمان و ئاشورییەکانیش) لە دەسەڵاتدا هاوبەش بن. ئەم شێوازە لە دابەشکردنی دەسەڵات. دەکرێت لە ڕێگەی جۆراو جۆرەوە دابین بکرێت. دەسەڵاتێکی تەنفیزی کە لە کوردێک و سوننەیەک و شیعەیەک پێکهاتبێت چارەسەرێکی ڕۆشنە (هەرچەندە ئەو گرووپانە بە دروستی نوێنەرایەتی ناکرێن بەشێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی ڕێژەی دانیشتوان بێت). لە پشت ئەوەوە کێشەکە دەردەکەوێت.

ئایا هەر یەک لەو گرووپانە مافی ڤیتۆیان بەسەر بڕیارە سیاسیەکاندا هەیە. لەم حاڵەتدا ئەو سازیانە دەبێتە هۆی بنبەستی هەمیشەیی، یان بڕیارەکان لەسەر بنەمای حوکمی زۆرایەتی دەدرێن، کە لەم حاڵەتەشدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن عەرەبەکان لە رێگەی زۆری رێژەی دەنگەوە باڵا دەست دەبن بەسەر کورددا؟ حاڵەتی یەکەم ئەو چوارچێوەیە بوو کە لە ساڵی 1995دا بۆ حوکمڕانیی بۆسنیا داڕێژرا بوو. بۆسنیا نموونەیەکە کە زۆر شتمان بۆ روون دەکاتەوە، لە بەرئەوەی نزیکییەکی هەیە لە گەڵ سروشتی باروئۆخێک کە بەرەو رووی عێراق دەبێتەوە، ئەویش گرژیی ئێسنیکیی و گرژیی ئایینیی پێشبینی کراوە، کە هاوکاتە لە گەڵ ئارامییەکی رووکەشیی لە لایەن داگیرکاریی هێزە رۆژئاواییەکانەوە دابین کراوە.

لە حاڵەتی بۆسنیادا، هەر یەک لە سێ گرووپە سەرەکییەکە (کرواتیی، بۆسنیایی و سربەکان) لە ئەنجومەنێکی سەرۆکایەتیی هاوتادا نوێنەرایەتی دەکرێن. لە کاتێکدا کە خودی پرۆسەکە نائاسایی و ئاڵۆزە، هەر گرووپێک ڤیتۆی هەیە بەسەر بڕیارەکانی سەرۆکایەتییدا. لە گەڵ رێگرییە تەقلیدییەکانی چاودێریی و باڵانسدا، بڕگەکانی دەستووری بۆسنیا ئەو گەرەنتییە گرنگانەی دابین کردووە کە بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان پێویستە. سیستەمێکی لەو شێوەیە بۆ پاراستنی کوردەکانیش لە عێراقدا پێویستە پیادە بکرێت. کێشەیەک (کە لە عێراقیشدا قابیلی خۆ لێ لادان نییە) ئەوەیە لە ئەنجامی نەبوونی بنەما سەرەتاییەکانی باوەڕ بەیەکترییکردن لە نێوان گرووپەکاندا. سیستەمی چاودێریی و باڵانس دەبێتە هۆی ئیفلیجبوونێکی نیمچە تەواوی حکومەتی ناوەندیی. لە هەموو بارێکدا، دەستووری بۆسنیا بۆتە مایەی کارەسات بۆ هەموو لایەنە پەیوەندییدارەکان، بۆتە هۆی ئەوەی کە گرژیی ئێسنیکیی زیاتر بکات نەک کەم بکاتەوە.

تازەترین هەڵبژاردنی بۆسنیا لە ساڵی 2002 دا دەسکەوتێکی مەزنی پارتە سیاسییە نەتەوەیی/ئێسنیکییە ڤین لە دڵەکان بوو، ئەوانەی کە ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتی شکستخواردوی بۆسنیادا باڵادەستن. رەنگە بوونی بەردەوامی هێزەکانی ناتۆ رێگری سەرەکیی بووبێت لە سەر هەڵدانی توندوتیژیی سامناک لە بۆسنیادا. ئەم هاوتەریبوونە لەگەڵ

عێراقـــی دوای ســـەدام دژواریەکی بەدوادایە. قووڵترین تەنگژە کە لـە گەڵ پرینسیپی هاوبەشبوون لە دەسەڵاتدا دێـت. هـەروەک لـە ئەنجومـەنی سەرکردایەتی هاوبەشدا هەیە. ئەوەیە کە نوێنـەرەکان مـەیلی بـەهێزکردنی دابەشبوونی ئیتنیکیی و ئایینیان هەیـە (هـەروەک لـە حاڵـەتی بۆسـنیادا دەبینرێت). فەراهەمکردنی زامنی دەستووریی و دامـەزراوەیی بـۆ ناسـینی هەبوونی گرووپی لە یەک جودا رەنگـە تـەنها خزمـەت بـە هانـدانی ئـەو گرووپانە بکـات بـۆ ئـەوەی کـە وەک کیـانێکی جیـاواز هـەڵس و کـەوت بکەن.[295]

سەرەڕای ئەوانەش بڕیاردان دەربارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان ڕێـک و ڕاست پەیوەستە بە بڕیاری دابەشکردنی دەسەڵات لـە نێـوان ناوەنـد و هەرێمەکاندا. لە پەیڕەوکردندا مەسەلەی فیدراڵیزم (دابەشـکردنی دەسـەڵات لـە نێـوان ناوەنـد و حکومەتـە هـەرێمیی/ناوچەییەکانــدا) کارەسـاتێکی سیاسییە. جارێکیتر. هەندێک نـەگونجانی کـەم لـە ڕووی تیۆریـەوە هەیـە لەسـەر مەسـەلەی گواسـتنەوەی هەنـدێک دەسـەڵات لـە ناوەنـدەوە بـۆ هەرێمـەکان. بـە هـەرحاڵ. ئـەوە ڕۆشـنە کـە هـەر گرووپێکـی عێراقـی تێگەیشتنی زۆر جیاوازی لەوی تر هەیە لەسەر ئەوەی لە پراکتیکدا چـۆن ئەوە دەکرێت. نیشانەی ئەم جیاوازییە لەتێگەیشتن پێشنیارێکی کۆنگرەی نیشتیمانیی عێراقییە (ئای ئێن سی). لـە ماڵپـەڕی ئـەلیکترۆنی (ئـای ئـێن سی) ئەوشێوازەی کە بۆ عێراقێکی دیموکرات لەگەڵ سیستەمێکی فیدراڵیی و حکومەتێکی ناوەندیی زۆر بەهێز پێشکەشکراوە زۆر یارمەتییدەر نییـە. بەڵام کێشەکە لێرەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕەنگە ئەوە ڕێک ئەو شتە بێـت کە حکومـەتی دیمـۆکراتیی ناوەنـد دەخوازێـت. بـەڵام تـا ئـەو جێگایـەی دەسەڵات ڕادەستی هەرێمەکان بکرێت. ئەوان لە ناوەندی دەسێنن: کەوابێت لێـرەدا ناکۆکییـەکی بۆمـاوەیی هەیـە لـە نێـوان فیـدراڵیزم و حکومـەتی ناوەندیی بەهێزدا.

گەلاڵەکەی ئای ئێن سـی لـە بناغـەدا بـێ مانایـە. دژمتـرین هاوبەشـیی لـە چارەنوسسازییدا لەخۆ دەگـرێ. "ڕاگەیانـدنێکی زارەکییـە" دەیـەوێت ئـەو ناکۆکییە قووڵـە هـەڵمژێت کـە لـە نێـوان گرووپـە عێراقییەکانـدا لـە سـەر مەسەلەی فیدراڵیەت لـە ئارادایـە. بـە دەربڕینێکـی سـادەتر: لـەوە ناچێـت کوردەکان بە هیچ ڕێگەچارەیـەک ڕازی بـن ئەگـەر کـەمتربێت لـەو ڕادەی

ئۆتۆنۆمییەی کە لە ساڵی 1992 وە لێی بەهرەمەندن؛ بەرهەڵستکارە سوننەکان و شیعە سێکیولارەکان دەیانەوێت دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێز بگێڕنەوە؛ هەروەها ئیسلامییە شیعییە بەرهەڵستکارەکانیش دەیانەوێت لە هەندێک بواردا (ئایینی، پەروەردەیی) ئۆتۆنۆمیان هەبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز پەسەند دەکەن. بارەکە بەو ئاراستەیەدا کەوتووە. ئەو ڕادە ئۆتۆنۆمییەی کە لە لایەن کوردەوە داوا دەکرێت، تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن گرووپەکانی تر شایانی ڕەزامەندیی نییە.

کاتێک دەچینە ناو وردەکارییەکانەوە، زەلکاوەکە قووڵتر دەبێتەوە. کوردەکان پشتگیریی "فیدراڵیزمی ئێسنیکیی" دەکەن، بە جۆرێک کە سنووری هەرێمەکان هاوتای دابەشبوونی ئێسنیکی بێت؛ گرووپی تر (لەوانەش تورکەکان) بە ڕاشکاوی ئەو جۆرە فیدراڵیزمە لە بەرژەوەندیی "فیدراڵیزمی هەرریمەکان" ڕەت دەکەنەوە . بەجۆرێک کە سنووری هەرێمەکان مەرج نییە لەگەڵ دابەشبوونی ئێسنیکیی هاوچوون بێت. هێڵەکانی جەنگی داهاتوو کێشراون. کوردەکان بە ئاشکرا دەیانەوێت ناوچەیەکی جیایان هەبێت کە تێیدا کورد زۆرینەی باڵا دەست بن و شەڕی ئەوەش دەکەن کە سنووری هەرێمەکەیان کەرکوکیش لە خۆ بگرێت.

بەهەمان ڕادەی ئارەزوو، خەڵکی تورکمان – کە ژمارەیان لە دەوری یەک میلیۆندایە، بەچڕیی نیشتەجێبوونیان لە کەرکوک و موسڵە – بانگەوازیان بۆ دامەزراندنی "یەکەیەکی فیدراڵیی" تورکمانیی دەکەن کە شارەکانی کەرکوک و موسڵ لە خۆ بگرێت. ئەو فۆرمۆلەیە لە لایەن تورکیاوە پشتیوانیی دەکرێت، و تورکەکان ئامادەیی خۆیان بۆ دەستتێوەردانی چەکداریی دەربڕی لە حاڵەتی لکاندنی کەرکوک بە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردییەوە. تا ئەم ڕادەیە، هەموو ئەوانەی خزاونەتە ناو گفتوگۆی پەیوەست بە عێراقی دوای سەدام بە سادەیی لە قسەکردن لەسەر ئەم جۆرە مەسەلانە کە قابیلی تەقینەوەن دوور دەخەنەوە.

لە پشتی مەسەلەی سنوورکێشانی هەرێمەکان، مەسەلەیەکی زۆر ریشەییتر کە پێویستە بە جدییی وەربیگرین مەسەلەی چۆنییەتی دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان ئاستەکانی حکومەتدا. لەو مەسەلە هەستیارانەی کە پێویستە چارەسەر بکرێن (تەنها دووانیان ناو دەهێنرێن) هەلومەرجی

ئـایین و رۆڵـی ئایینـدەی هێـزە میلیشـیاییەکانە. لـە حاڵـەتی یەکەمـدا کێشەکە لێبووردەیی ئایینی نییە -- لە ڕاستییدا عێـراق تۆمـارێکی باشـی لەم بوارەدا هەیە-- بەڵکوو لە ڕادەی ئەو ئۆتۆنۆمییەدایە کە بۆ دامـەزراوە ئایینییـەکان لـە باشـووری شـیعەدا دابـین دەکرێـت. پێـدەچێت کـە داخوازییەکانی شیعە. هەر وەک لە "ڕاگەیاندنی شیعەکانی عێراق "ی ساڵی 2002 دا ڕەنگـی داوەتـەوە ئۆتۆنـۆمی "حـەوزە عیلمییـەکان" و مـافی دامەزراندنی خوێنـدنگا سـەربەخۆکان، زانکۆکـان و دامـەزراوەکانی تـری لەچەشنی وانە وتنەوەی ئەکادیمیی بێت.[296]

لە ڕووی مێژووییەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ئـایینی ڕێکخـراو لـە دژی حکومـەتی ناوەندیی لە دامەزراوە پەروەردەییەکانـەوە سـەری هەڵـداوە و کەسـایەتییە ئایینییە ناودارەکان پشتگیرییان کردووە. دوژمنکـاریی وەک وەڵامێـک دژ بـە هـەوڵی ڕژێمـە بەئاشـکرا سـێکیولارەکانی ناوەنـد سـەری هەڵـدا (بـە تایبەتیی حزبـی شـیوعیی پشـتگیریی لـە ڕژێمـی قاسـم و ڕژێمـی بـەعس دەکـرد) کـە هـانی مەسـەلەی مـافی تاکـەکان و ئازادییـەکانیانی دەدا – بەتایبەت گۆڕان لە دۆخی ژناندا—و هەوڵیان دەدا سـەرچاوە داراییـەکانی دامەزراوە ئایینیەکان و ژێرخانە پەروەردەییەکان کۆنترۆڵ بکەن.

وا پێدەچێت لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە. بە هۆی گەڕانەوەی نزیک بە نیو میلیۆن شیعەی دوورخراوە بۆ ئێران، ئیسـلامی شـیعیی ڕادیکـاڵتر بێتەوە. ڕەنگە هەبوونی چەند مەزاری پیرۆزی شیعە لە عێراق (بە تایبـەتی مەرقەدەکانی کەربەلا و نەجەف) ببێتە هۆی وەرچەرخانی باشووری عێراق بۆ پێگەیەکی لەبار بۆ فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی. گەشـەکردنی پەیوەنـدیی لە نێوان مـەکۆی فەندەمـەنتالیزمی ئیسـلامیی لـە باشـوور و دێمۆکراسـیی لیبراڵیی و سێکیولاریی لە بەغداد مەسـەلەیەکی سەرنجڕاکێشـە کـە دەبێـت تێبینیی بکەین. پرسـیاری سـەرەکیی کـە دێتـە پـێش ئەوەیـە ئایـا مـەیلی زۆرینـەی دانیشـتوانی شـیعە بـەلای دێمۆکراسـیی لیبراڵـی ڕۆژئاواییـدا دەچێت یان بەلای بەرنامەی ئایینییدا.

چـی بکرێـت دەربـارەی زۆربـوونی لەشـکری تایبـەت لـە عێراقـدا کـە مەسەلەیەکی هەستیارە و پڕ لە کێشەیە. بۆ فاکتـەری ئاشـکرا. لـە زۆربـەی سیسـتەمە فیدراڵییەکانـدا. هێـزە چەکـدارەکان خراونەتـە ژێـر کـۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندییەوە. تەنانەت لە وڵاتێکی وەک سویسرا. کە یەکێکـە لـە

ولاتـــــــــه هـــــــــــــەرە نامەرکەزییەکانــە. مــادەی 58 ی دەســتوور بەئاشکرا دەڵێت "بـەکار هێنـانی لەشـکر مەسـەلەیەکی فیدراڵیـە". عێراقـی دوای سـەدام لـە ڕووی هــەبوونی ژمارەیـەکی زۆر لـە هێـزی میلیشـیایی پرچەک، هاوشێوەی ئەفگانستان دەبێت. هەر یەک لەو هێزانە بـەرگریی لـە زەمینی ناوچەیەکی دیاریکراو دەکەن و پێ ناچێت هیچکام لەو میلیشیایانە ئامادەییان تێدابێت چەک دابنێن. بۆ ئەوەی هەندێک بیرۆکەمان هەبێت لـە سەر قەوارەی کێشەکە. ئەوە گرنگە کە تێبینـی بکرێـت لـە کـاتی جەنگـدا. (لای کەم) پێنج هێزی سەربازیی سەربەخۆی جیاواز لە باکووری عێراق لـە کـاردابوون –ئەمـە بێجگـە لـە هێزەکـانی تـورک و هاوپـەیمانان. ئەگـەر ژمارەیەکی زۆری میلیشیا خێڵەکییەکانیش کە لە سەراسـەری عێراقـدا بـڵاو بوونەتەوە. بخرێتە سەریان. قەوارەی کێشەی ئاسایشـی ناوخۆییمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە.

بەڵام کێشەی ڕاستەقینە دوو هێزە کوردییەکـەن (پـارتیی و یـەکێتیی). لـە ژێر ڕۆشنایی مێژووی تازەی پەیوەندیی نێـوان کـورد/عـەرەب دا. مەحاڵـە کوردەکــان بــە ئاســانیی هێـزی پێشــمەرگە هەڵبوەشـێننەوە. لـە ڕووی مێژوویەوە. بەرگریی سەربازیی سەرسـەختانەی کـورد لـە دژی دەسـەڵاتی ناوەند تاکە شتێک بووە کە ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد دەستەبەرکردووە. بـەڵام ئەگەر پێشمەرگە بمێنێتەوە. ستاتۆی یاساییان چیی دەبێت لە عێراقی نوێی فیدراڵدا؟ کاتێک دێت حکومەتی عێراق هەوڵ دەدەات سەروەریی یاسـا لـە کوردستانی عێراقدا بسەپێنێت. ئەمە چۆن دەکرێت؟ ئێمە تـەنها ئەگـەرێک بە نموونە دەهێنینەوە. لە زۆربەی دەیەی نەوەتەکاندا. تورکەکان بەهرەمەند بوون لە مـافێکی نافـەرمیی لـە "ڕاوەدوونـانی تونـد" (مـافی پەڕینـەوە لـە سنووری تورکیـا و عێـراق) لـە چوارچێـوەی هـەوڵی دژندانـەیان لـە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پـی کـەی کـەی) { پەکەکـە}. لـە ڕاسـتییدا زۆربەی ئەو ماوەیە. بە بیانووی شەر دژی یـاخیبوون و بەرهەڵسـتکاریی. هێزە سەربازییەکانی تورکیا بەشێک لە خاکی عێراقیان داگیر کردبوو.

کارێکی زۆر ئاسانە سیناریۆیەک بخەینە پێش چاومان کە تیایدا گرووپـە سەرەکییەکانی کورد لە سەر ئەوەی ئایا ئەم باروودۆخە پێویستە بەردەوام بێت یان بەرتەسک بکرێتەوە و لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا دەرگیـربن. لـە سایەی ئەم سیناریۆیەدا چۆن بڕیاری حکومەت دەسەپێنرێت؟ واقیع ئەوەیە

بـــوونی لەشـــــکرگەلێکی سەربەخۆی پرچەک، قاڵ بووەوە لە جەنگ لـە باکووردا مانـای ئـەوە دەگەیـەنێت کـە حکومـەتی ناوەنـدیی ناتوانێـت بڕیارەکانی بسەپێنێت. کوردەکان رەنگە گوێ ڕایەڵ بن یان نەبن، بەڵام لە حاڵەتی گوێڕایەڵ نەبووندا، هەر هەوڵێک لە لایەن حکومـەتی ناوەندییـەوە بۆ سەپاندنی یاسا دەبێتە هۆی خوێنڕشتن. کێشە قووڵەکە لەوەدایە کـورد پێویستە، بسازێن – بەتایبەت لەسەر مەسەلەی سۆزداریی وەک بـارودۆخی شاری کەرکوکی زەنگین بە نەوت— هێشتا هیچ هاندەرێک بۆ هـەڵهێنانی ئەم هەنگاوە لـە ئـارادا نییـە. لـەم بـارەی ئێسـتادا کـە کـورد توانیویانـە دەسـەڵاتی خۆیـان بپـارێزن، و توانـای ئـەوەیان هەیـە بـەرگریی لـە خۆسەپاندن بکەنەوە، جا ئەوە چ لە رێگـەی پیـادەکردنی دەسـەڵاتی ڤیتـۆ بێت یان سەربازیی لە رێگەی پێشمەرگەکانیانەوە.

وێڕای ئەوەش، هـەر وەک هەنـدێک لـە پسـپۆڕان پێشـنیاریان کـردووە، ئەگەر کورد یاساییانە رێگەی هێشتنەوەی لەشکرەکەیان پـێ بـدرێت وەک یەکەیەکی میلیشیایی فیدراڵیی، بۆچیی یەکە فیدراڵییەکان کە لـە داهـاتوودا لە ناوچەکانی تر دێنـە ئـاراوە هـەمان مافیـان پـێ نـەدرێت؟ ئایـا دەبێـت میلیشیای بەهێزی بەدر، سەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشـی ئیسـلامیی کـە ژمارەیان – 10000-15000 دەبێـت و لـە لایـەن ئێرانـەوە پشـتگیری دەکرێن هەمان مافیان هەبێت؟ ئەوە بە کـوێ دەگـات؟ بـارودۆخی بۆسـنیا تـەنها هاوشـێوەیەکی واقیعیـی ئـەم جـۆرە سـازمەندەییەیە. لـەوێ هـەر پێکهاتەیەک "قەوارەیەک" هێزە سەربازییەکانی تایبەت بەخۆی دەپارێزێـت – بەم شێوەیەش، توانای بەرهەڵستییکردنی حوکمڕانیی ناوەندییان هەیە. لە کردەوەدا، ئەمە حکومەتێکی ناوەند ئیفلیجی بەرهەم هێنـاوە کـە توانـای سەپاندنی ئارەزووەکانی نییە.

ئێستا بۆسنیا جگە لە ناو لە هـەموو شتێکی تـردا دوو وڵاتـی جیـاوازە. بارودۆخێکی هاوشێوە کوردەکان خۆشحاڵ دەکات، بەڵام ئـەوە بـە مانـای کۆتـایی هـاتنی عێـراق وەک قەوارەیـەکی یـەکگرتوو دێـت. دەکرێـت دژە ئارگومێنتێک لە لایەن ئەوانەی کە گەشبینن بەرامبەر چارەنووسـی عێراقـی دیموکرات و فیدراڵی درووست بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئـەم ئاراستەیە دەکرێت پێچەوانـە بکرێتـەوە، ئـەویش لـە رێگـەی سـازان و تەوافوقـەوە. رەنگە ئەوە روو بدات، بەڵام لە مێژوودا ئەم ئاراستەیە هاندەری سـەرەکیی

نەبووە لە نێوان کورد و ناوەندیا. هەروەها گرنگە ئەوە تێبینی بکرێت ئەگەر بچینە پشتی ووردەکاریەکانەوە. لە وێنەیەکی مەزنتردا جێ پێیەکی کەم بۆ گەشبینی بەدی دەکرێت. فیدراڵیزم شێوازێکی زۆر پێشکەوتووی دیمۆکراسییە. سەرکەوتوویی سیستەمە فیدراڵییەکان بەندە لەسەر هەبوونی سیستەمێکی دیمۆکراتی جێگیر. جێگای سەرسوڕمان نییە کە هەموو نموونە ڕاستەقینەکانی سازمەندەیی فیدراڵیی کەوتوونەتە ئەوروپای ڕۆژئاوا (بۆ نموونە سویسرا، نەمسا، ئەڵمانیا). یان لە جیهانی ئەنگلۆ-سەکسۆنی (وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمێریکا، کانەدا، ئوستراليا).
جگەلەمانەش، هەندێک نموونەی دابڕاوی فیدراڵیی کارا هەیە (بەرازیل و هیندستان) بەڵام تۆمارەکە باش نییە. ئاشکراترین دەرەنجام (کە لەلایەن زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان پشتگیری دەکرێت). ئەوەیە کە مەرجەکانی فیدراڵیزمی سەرکەوتوو لە مەرجەکانی دیمۆکراسییەتی سەرکەوتوو زیاترن.[297] پێداویستییە بنەڕەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر هەمان شتن. (سازان لە نێوان بڕیارڕ دروستکەراندا، ئامادەیی بۆ لەیەککەیشتن، پەژراندنی سەروەری یاسا و هەبوونی دادگای سەربەخۆی بەهێز کە ناوبژیی بکات لە کاتی سەرهەڵدانی کێشە سیاسییەکاندا. هەروەها هی تریش). بەڵام ئەمانە نەک هەر بەتەنها لە ناو لق و پۆپەکانی حکومەتی ناوەندییدا. بەڵکوو لە هەموو ئاستەکانی حکومەتدا پێویستن.
فیدڕالیزم بە ناچاریی و بەپێویستیی لە "سیستەمێکی تا ڕادەیەک ئاڵۆزی دابەشکردن و هاوبەشبوونی دەسەڵات و هێز پێک دێت". کە ئەمەش لە لایەن خۆیەوە ئەوە دەخوازێ " جەماوەرێک بێ خاوەنی کولتوورێکی سیاسیی یارمەتییدەر یان لای کەم گونجاو بێت"[298] . ئەگەر قسەی یەکێک لە پسپۆرە دیارەکانی بواری فیدراڵیزم تەتەڵە بکەین کە دەربارەی فیدراڵیزمە دەڵێ " یەکەیەکی زانیارییە کە لە ئەرزی واقیعدا پەژرێنراوە". کە "هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنیی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بیرۆکەی فیدراڵیزم"؛ بێجگە لەوە. "ناسیونالیزمی ئێسنیکیی یەکێکە لە سەرسەختترین هێز کە دژی بیرۆکەی فیدراڵیزم"ە. لێرەشەوە "مانەوە و بەردەوامبوونی فیدراڵیزمی ئێسنیکیی لە هەموو جۆرەکانی تر ئەستەمترە".[299] کێشەکە لەوەدایە کە بەدی هاتنی سادەترین لایەنی بنیاتنانەوەی سیاسیانەی عێراق لە هەندێک جۆری کاری دیمۆکراسییدا

دەبێت. بەڵام لەسەرووی ئەمانەشەوە، بەرقەرارکردنی شێوازێکی فیدراڵیزمە کە بۆ هەموو لایەک مایەی پەژراندن بێت کە توانای لە خۆ گرتنی نابەشبوونە ئیسنیکییەکان و گرژییە مەزهەبییەکانی هەبێت.
بەڵام رەنگە قووڵترین ئاستەنگ بەرەو رووی بنیاتنەرانی دەوڵەتی عێراق بێتەوە ئەوە بێت کە عێراق هەمیشە لە لایەن حکومەتێکی ناوەندیی بەهێزی سەرکوتکارەوە حوکمکراوە. لە راستیدا وا پێدەچێت کە ئیدارەکردنی عێراق لە لایەن رژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوەندەوە بەرهەمێکی لۆژیکانە بێت بۆ حوکمڕانییکردنی وڵاتێکی لە بنەڕەتدا دەستکرد. کە لەناو ئەو هەموو جۆرە دەرگیریە تایەفییانەدا دەتلێتەوە. ئەگەر مەسەلەکە بەو شێوەیە بێت، دەست کۆتاکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانییکردنی رژێم (حزبی بەعس، گرووپە میلیشیا جۆراو جۆرەکان، دامودەزگا ئەمنییەکان، تاد.) -- کە لە جەوهەردا وەک دامەزراوەی کەتیرەیی وان و دەوڵەتی عێراق بە یەکگرتووی دەهێڵنەوە-- ئەگەر ئەمە بخەینە پاڵ نامەرکەزییکردنی دەسەڵات لە ناوەندەوە بۆ هەرێمەکان، رەنگە ببێتە هۆی دەستپێکردنی سەرەتای کۆتایی دەوڵەتی عێراق.

سوودەکانی رێگەچارەی یەکەم

لە روانگەی ئەمێریکاوە، سوودە ئاشکراکانی رێگەچارەی یەکەم، ئەوەیە کە سەربازەکانی ئەمێریکا بێ زیان بەرکەوتن لە عێراق و لە ماوەیەکی تا رادایەک کورتدا دوور دەخرێنەوە. لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا عێراق وا پێدەچێت جێگایەکی زۆر مەترسییدار بێت بۆ سەربازەکانی ئەمێریکا و کەمبوونەوەی پشتگیریی ناوخۆ بۆ هێرشە بەردەوام و گران وەستاوەکان (لە رووی پارە و قوربانییەکانەوە). رەنگە رۆڵێکی جدیی هەبێت لە دیارییکردنی ماوەی داگیرکارییدا. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە نۆڤەمبەری 2004 دا رەنگە لێرەدا یەکلاکەرەوە بێت. ئەگەر سەربازانی ئەمێریکا تا ئەوساش دەرگیری هێرش و جەنگی خوێناویی لەلایەن هێزی بەرهەڵستکارە سەرسەختەکانەوە بن، ئەوا مەیلی رێکخستنی کەمپەیین لەسەر بنەمای "کوڕگەل بهێننەوە بۆ وڵات" دەبێتە شتێکی بەرهەڵستنەکراو.
بێجگە لەوەش، ئەگەر ئەمێریکا لای کەم بتوانێت کە دەست بە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژێرخانی عێراق بکات، و دەستوورێکی نوێ و حکومەتێکی

هەڵبژێردراوی دیمـۆکراتیی لەدوای خۆی لە عێراق بەجێ بهێڵێت. ئەوە بـە جۆرێک لە سـەرکەوتن دادەنرێـت. ئـەمێریکا دەبێتـە ڕزگارکـەری خـەڵکی عێـراق لـە سـەرکوتکاریی سـەدام و هاوکـات دامـەزراوەکانی حـوکمڕانیی دیمۆکراسـیی بنیـات دەنێـت. دواتـریش لـێ دەگـەڕێت خـەڵکی عێـراق حوکمڕانیی خۆیان بکەن. ئەوسا ڕۆیشتنی هێزەکانی ئـەمێریکا لـە لایـەن زۆرێک. ڕەنگە بەشـی هـەرە زۆری، عێراقییەکانـەوە پێشـوازیەکی گـەرمی لێبکرێـت؛ لێـرەدا هـەڵاوارنێکی ئاشـکرا کوردەکـانن. ئەوانـەی کـە لـەوە دەترسن کە "گورگان خواردوو بکرێن". وە ئەم نیگەرانیەش بەڵگەی خۆی هەیە.

گرفتەکانی ڕێگە چارەی یەکەم.

یەکێک لە گرفتە هەرە دیارەکانی ڕێگـەچارەی یەکـەم ئەوەیـە کـە چانسـی جێکەوتبوونی دیمۆکراسیی لە عێراقـی دوای داگیرکـاریی ئـەمێریکادا زۆر لاوازە. ڕەنگە لە ماوەی دوو ساڵدا هەندێک پێشکەوتنی مانادار لە بـواری بنیاتنانەوەی ژێرخانی ماددیی عێراقـدا بـەدی بـێن: هێـزە ئەمێریکییـەکان ڕەنگە بتوانن تا ڕادەیەک یاسا بسەپێنن. بەڵام ئەوە ئاشکرایە ئەوەی لـەم ماوە کورتەدا بەدی دێت زۆر سنوورردارە. لە ژێـر قورسـایی سـاڵانێک لـە جەنگ و سزای ئابوورییدا. ژێرخـانی کۆمەڵایـەتیی عێـراق داڕووخـاوە و دۆخی ئابووریی لە عێراقدا لە حاڵەتێکی کارەسات باردایە. بیرۆکراسییەتی عێراق بەحاڵ نووزەی تیا ماوەو لە حاڵی حازردا عێراق هێزی چەکدار یان هۆکاری پاراستنی ئاسایشـی نـاوخۆی نییـە. بـە کـورتیی، پێویستە کـە دەوڵەتی عێراق سەراپای بنیات بنرێتـەوە. ئەمـەش لـە مـاوەی دوو سـاڵدا بـەدی نایـەت. بنیاتنـانی دامـەزراوە دیمۆکراسییەکان لـە دەوڵەتێکـدا کـە بناغەکەی قرپۆکە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

ڕێککەوتنی گرووپە عێراقییە جۆراوجۆرەکان لە سەر نەخشـەی دامـەزراوە دیمۆکراسییەکان. خـۆی لـە خۆیـدا. سـەرەکییترین بەربەسـتە و ئـەمێریکا ناتوانێت خۆی لە خۆتێهەڵقورتاندن و ڕۆڵگێڕانی گرنگ لەو پرۆسـەیەدا لا بـدات. گرنگیـی ئـەو ڕۆڵـە لەوەدایـە کـە تـەنها ئەمێریکایـە دەتوانێـت چوارچێوەیەکی سەرکوتکاریی فەراهەم بکات بۆ ئەوەی گرووپەکان ناچـار بکات کە لە نێوان خۆیاندا بسازێن. وە لە کاتێکدا کە جیـاوازی بنـەڕەتیی

له سەر شێوازی حکومەتی نوێدا هەیە. خۆلادان لەم کارە دەبێتە مەسەلەیەکی مەحاڵ. تەنها ئەمێریکایە کە دەتوانێت گەرەنتیی ئەوە بدات کە گرووپەکان پابەند دەبن بەو ڕێککەوتنامانەی کە واژۆی دەکەن. بەڵام ئەم گەرەنتییە هەر تا ئەو جێگایە بڕ دەکات کە هێزێکی بەرچاوی ئەمێریکیی لە عێراق دا بمێنێت.

لەو ڕووەوەی کە ئەمێریکا بە ناچاری دەگلێتە ناو "لایەنگرییکردن"ی بەرژەوەندییەکانی گرووپێک لە دژی ئەوی تر. ڕۆڵی ئەمێریکا ڕۆڵێکی خۆتێهەڵقورتێنەرانە دەبێت. بۆیە ئەوشتانەی گرنگن بەلای ئەمێریکاوە دەخزێنە ناو دەستووری عێراقەوە. خۆلادان لەوەش کارێکی مەحاڵە. بەڵام بەمانای ئەوە نێت کە ئەمێریکا نەک هەر سیستەمێکی حوکمڕانیی دیاریکراو دەسەپێنێت بەسەر عێراقدا (عێراقییەکان ئازادن لەوەی کە هەر سیستەمێک هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانەوێت - تا ئەو جێگایەی کە دیمۆکراسیی بێت). بەڵکوو ئەمێریکا میکانیزمی ئەو جۆرە سیستەمەش دەسەپێنێت. هەرکاتێک کە سەربازانی ئەمێریکا عێراقیان جێهێشت و هیچ هێزێکی باڵادەست نەمێنێت بۆ سەپاندنی ڕێکەوتنامەکان. ئەو سیستەمە تا ئەو جێگایە بڕ دەکات کە هەموو لایەنەکان بە سیستەمێکی شەرعیی بزانن. ئەگەر سیستەمێک لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە سەپێنرابێت و ئامادەش نەبێت بمێنێتەوە و بەرگریی لەو سیستەمە بکات کە هێناویەتە سەرکار. ئەوا کەم کەس دەتوانن لۆژیکییانە پێشبینیی ئەوە بکەن ئەو سیستەمە شەرعییەتی بەرفراوانی لە دیدگای خەڵکی عێراقەوە هەبێت.

ئەوەی ئاسانتر باوەڕی پێ دەهێنرێت ئەوەیە کە ئەو سیستەمە چۆنە بەوشێوە تەماشا دەکرێت. سیستەمێک دەربڕیی لە بەهاکانی ئەمێریکا دەکات نەک هی خەڵکی عێراق. لە ماوەی دوو ساڵدا. ئەمێریکا لەوانەیە بتوانێت دەرهەق بە حوکمڕانی دیمۆکراسیی بڕوا بە خەڵکی عێراق بهێنێت (هەرچەند گرووپە جیاوازەکان زۆر بە بەرفراوانیی لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە لەسەر شێوە و شێوازی دیمۆکراسیی لە پراکتیکدا): هەروەها لە توانادایە دەستورێکی وەها دابڕێژرێت دەسەڵات لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەکی بەرفراوانەوە دابەش بکات لە گەڵ پاراستنی مافی کەمینەکاندا.

بــــەمجۆرە، ئــــەمێریکا واقیعبینانــە دەتوانێـت هیـوای بـەهێزبوون و سـەرپێکەوتنی ئـەو دوو ئاسـتەی دیمۆکراسـییی بخوازێـت کـە لـە لایـەن فۆکۆیامـاوە پێناسـە کـراون (دیمۆکراسـییی پێـوەندگیی و دامـەزراوەیی). ئـەوەی لـەو مـاوە کورتـەدا بـەدی نایـەت پتـەوبوونی ئاسـتە قووڵـەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی و کولتووری سیاسـییە. کۆمەڵگایـەکی مـەدەنیی پـڕ لـە جوڵە و کولتوورێکی سیاسیی یارمەتییدەر ناتوانرێت بـە هـەمان شێوازی دامەزراوەکان "ئەندازەسازیی" بهێنرێتـە ئـاراوە، بەتایبـەت لـە هەلومـەرجی دوو ســاڵدا. بـەڵام بەتــەواویی لــەو ئاســتانەدا ســەرکەوتنی ئــەزموونی دیمۆکراسیی لە عێراقدا دیاری دەکرێت.

ڕوانگـەی دیمۆکراسیی لـە عێـراق بـە گـوێرەی ڕێگـەچارەی یەکەم

لە عێراقی دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمێریکادا، دیمۆکراسیی چانسێکی زۆر باشـی نییـە بـۆ ئـەوەی بەزینـدوویی بمێنێتـەوە. هـیچ یـەکێک لـەو مەرجانـەی کـە یارمەتییـدەرن بـۆ پتـەوبوونی دیمۆکراسـیی لـە عێراقـدا بوونیان نییە. بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی – کۆمەڵایەتیی، سیاسـیی، ئابووریی و مادیی— لە سەروبەندی دەستپێکردن دایە: خودی سیسـتەمی سیاسیی لە ڕوانگەی زۆر لە عێراقییەکانەوە لەوە دەچێـت بـە سیسـتەمێکی ناشەرعیی و نامۆ و سەپێنراو لە قەڵـەم بـدرێت: کوردەکـان جـارێکیتر بـە مرومۆنیی دەبینرێنەوە و پشت بەوە دەبەستن کە داواکانیان بخرێنە سـەر کاغەز و لە دەستووردا جێگیر بکرێن، ئەویش ڕەنگە دەسـەڵاتی ناوەنـدیی کە عەرەبەکان تێیدا باڵادەستن پێیەوە پابەند بێـت یـان نـەبێت: بێگومـان هەندێک گرووپی دیاریکراوی عەرەبە سوننەکانیش تووشی ڕەشبینی دەبن بەهۆی لەدەسـتدانی دەسـەڵات و جێگـە و ڕێگـەیان: گرووپـە شـڕەخۆر و ڕاوڕووتچییەکانیش هـەوڵی لـەباربردنی ئـەزموونی دیمۆکراسیی دەدەن. ڕووخانـدنی دیمۆکراسـیی زۆر لـە بنیاتنـانی ئاسـانترە. دیمۆکراسـییەکی نەچەسپیو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بـە پەنجـەمۆری ئـەمێریکا ڕووپـۆش کرابێ، دەبێتە ئامانجێکی ئاسان.

لــــــــەم بارودۆخـــــــــەدا. پەژرێنـــدراوترین دەرەنجــامی رێگـــەچارەی یەکەم خەباتی درێژخایەنە بۆ کۆنترۆڵکردنی هۆکارەکانی دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵات. لە سایەی حوکمڕانیی دیمۆکراسییدا. ئەو خەباتــە لــە رێگـەی هــەڵبژاردنی گشــتییەوە یــەکلا دەکرێتــەوە. بــەڵام لــە عێراقـدا کێبڕکـێ بـۆ دەسەڵات هەرگیز لەو ڕیگایــەوە یــەکلا نەکراوەتــەوە. کێشمەکێشـی نێـوان گرووپە سەردەستەکانی سوننە هۆکاری باوی گۆڕینی رژێمــەکان بــووە لـە عێراقدا دەستگرتنی چالاکانە بەسەر ئامرازە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتدا لە لایەن گرووپێکەوە دەرەنجامی کێشمەکێشەکانی دیاریکردوە. لە ژمارەیەک کوودەتاکاندا خوێنڕشتنی بەدواوە بووە. بەڵام هیچ کامیان نەبوونەتە هۆی بەرەوڕووبوونـــەوەی چەکدارییانـــەی درێژخایـــەن لـــە نێـــوان گرووپـــە ناکۆکەکانـــدا. دەســـەڵات لـــە دەوڵـــەتی عێراقییـــدا هەمیشـــە لـــە ناوەنـــددا کۆبووەتەوە و دەوڵەتیش هەمیشە دامودەزگای سەرکوتکەری پێشکەوتووی هەبووە (سوپا و دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ). ئەوەش ئـەوە دەگەیـەنێت ڕابــەرە نوێکــان کــە دەهاتنــە ســەرحوکم لــە رێگــەی کوودەتــاوە. هــەموو دامودەزگای دەوڵەتێکی سەرکوتکاریی دەست لێ نەدراویان بـە میـرات بـۆ بەجێدەما.

بەمجۆرە. گواستنەوەی دەسەڵات کەمترین ئـاڵۆزیی کۆمەڵایــەتیی بــەدواوە دەهات و کــۆنترۆڵکردنی ژمارەیــەکی کــەم لــە کلیلــەکان. کــە بەشــێوەیەکی ستراتیژییانە لە هەندێک دامەزراوەی ســەرکوتکارییدا دەبینرانــەوە. بــەس بوو بۆ دەسەڵات گرتنە دەست. عێراق دوای دوو ساڵی تر هیچ لــە عێراقــە کۆنەکە ناچێت. ئەگەر هەموو شتەکان بــە گــوێرەی پــلان بڕۆنــە پێشــەوە، عێراق دەوڵەتێکی دیمۆکراتیی دەبێت کە تیایـدا دەســەڵات بــە شـێوەیەکی بەرچاو. لە چاو جاراندا نا مەرکەزیی کراوە. دەزگــا ســەرکوتکارییەکانیش رۆڵێکی زۆر ناسەرەکییتر دەگێڕن. دەزگا و ڕێکخراوە ئەمنییەکانی ســەدام لە بابەتی گاردی کۆمــاریی. گــاردی کۆمــاریی تایبــەت و تەنانــەت ســوپای عێراق لە بەر یەک هەڵوەشێنراونەتەوە. لەوانەیە کە هێــزە ســەربازییەکانی عێراق سەرلەنوێ ڕێکبخرێنەوە بەڵام هەرگیز توانای جارانیــان نابێــت. لــە بەر ئەوەی دەسەڵاتەکان بەسەر دامودەزگاکاندا پەراگەندە کراوە. بۆیە هەر هەوڵێک بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بە شوێن چوونــە دەرەوەی هێزەکــانی ئەمێریکادا لەڕادە بەدەر ئاڵۆزتر دەبێت بە بەراورد لە گەڵ ڕابردوودا.

چییتر ئیمکان نییە دەست بەسەر دەوڵەتی عێراقدا بگیرێت لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی هەندێک لە کلیلە سەرەکییەکانی دەسەڵات. وێڕای ئەوەش، پێشبڕکی بۆ دەسەڵات گرتنە دەست چییتر لە ململانێی گرووپە رکابەرەکانی سوننەدا قەتیس نامێنێتەوە. ئەمە دەروازەیەکە بۆ تێکهەڵپڕژانێکی کۆمەڵایەتیی مەزن. ئەگەر ئەمە هاتە دی، مەرج نییە جەنگێک بێت کە لە رق و کینەی ئێسنیکیی یان تایەفییەوە سەرچاوە بگرێ. هەرچەندە لەوانەیە کە ئەوەش بقۆزرێتەوە. بەڵکوو شەڕەکە لەسەر کۆنترۆڵکردنی بونیادەکانی دەوڵەت دەبێت کە تا رادەیەکی زۆر لاوازبوون. لەوە دەچێت ئەم سیناریۆیە تژیی بێت لە رەشبینیەکی زێدەڕۆییانە. بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر لەو ئۆڵتێرنەتیڤە لە راستییەوە نزیکترە کە پێیوایە دیمۆکراسیی ڕیشە دادەکوتێت و سەرپێ دەکەوێت لەو سەر زەمینە ڕەقەنە. ئەگەر ئامانجی ئەمێریکا گۆڕینی عێراق بێت بۆ وڵاتێکی دیمۆکراسیی ودواتریش سەرتاپای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش، هیچ لەوە ناچێت کە رێگەچارەی یەکەم بتوانێت ئەم ئامانجە بپێکێت. لەوانەیە هێزێکی دەرەکیی بتوانێت کە دیمۆکراسییەکی سەرکەوتووانە بەسەر عێراقدا بسەپێنێت، بەڵام ئەوە زۆر زیاتر لە دوو ساڵ دەخایەنێت.

رێگەچارەی 2: داگیرکاریی درێژخایەن

رێگەچارەی 2 وای دادەنێ، پابەندبوونێکی گەورەوگران(10- 15 ساڵ) لەلایەن ئەمێریکاوە هەبێ. لەو ماوەیەشدا عێراق وەک خاوەندارییەتی ئیمپیریالیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. هەموو بڕیارە گرنگەکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئەمێریکییەوە دەدرێن. هێزی سەربازیی ئەمێریکیی بوونێکی بەرچاوی دەمێنێ لە دابینکردنی گەرەنتیی بۆ سەقامگیریی ناوخۆیی. هەروەها ستراکتۆری ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، سەرلەنوێ و سەرلەبەر چێدەکرێنەوە. لەم ماوەیەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییە، کە عێراق دەستی بڕوات بەسەر سامانەکانیدا؛ هەموو بڕیارە گەورەکان لەلایەن هێزە داگیرکارەکانی ئەمێریکاوە دەدرێ و

دواتر بەسەر عێراقییەکاندا دەسەپێنرێ(پێیانخۆش بێ یان نا). بەلام ئامانج دارشتنی بناغەیەکی پتەوە بۆ پاشەڕۆژی عێراق. روونترین نموونەش بۆ رێگەچارەی 2. داگیرکاریی ئەمێریکا بۆ ئالمانیا و ژاپۆن لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم.
لەبنەڕەتدا، ئەمێریکا پێویستیی بە کۆپییکردنەوەی ئەو پێهەڵسانەیە کە لە ژاپۆن و ئالمانیا نواندی. لەهەندێ رووەوە، هاوتەرییبی ولێکچوون هەیە، لەنێوان چێکردنی دیمۆکراسیی لە عێراق لەگەڵ ئەوەی لە ئالمانیا و ژاپۆن چیی پێویست بوو. سیستەمی پەروەردە لەعێراقدا سەرتاپای پێویستی بەدارشتنەوە هەیە، ژمارەیەکی نەزانراو لەخەلک، پێویستیان بەوە هەیە بە " دووبارە پرۆگرامکردن" دا تێپەڕێنرێن. پاش ئەوەی 30 ساڵ دەسەلاتی بەعس بەرنامەڕێژی کردبوون. ئابووریی پێویستیی بە دووبارە بنیاتنانەوە هەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە. رێژەی گەندەلیی گەیشتووەتە ئاستی پەتا epidemic و پێویستە لەڕەگەوە هەلکێشرێ. چەندین نەوە لەعێراقییەکان بەو ئایدیایە پەروەردەکرابوون کە ئەمێریکا و ئیسرائیل، دوژمنە سەرسەختەکانی خەلکی عێراقن، پێویستە ئیشیان لەسەربکرێ- بەمشێوەیە لیستەکە درێژ دەبێتەوە.
دەولەتی عێراق پێویستی بەدووبارە بنیاتنانەوە هەیە. پێش هەر تەقەلایەک بۆ چاندنی دیمۆکراسیی تێیدا. بەپێچەوانەی بارودۆخی ئالمانیا و ژاپۆنەوە. ئەمەیان پێویستی بەوەیە لە ناوجەرگەی ناوچەیەکی پڕ لە دوژمنکارییدا بکرێ. هەروەها دەبێ لەکاتێکدا بکرێ، کە ولاتێکی شەقوپەق پێکەوە بنووسێنرێتەوە، ژاپۆن و ئالمانیا، لەو کاتەدا هۆمۆجینییەسترین { چوونیەک} ولاتی سەر رووی زەویی بوون، کەچیی عێراق وانییە. ئەگەر ئەمێریکا دەیەوێ چانسێک بدات بەدیمۆکراسیی بۆ ئەوەی درێژە بەژیانی بدات لەعێراقدا، ئاستێک لەپابەندبوونی دەوێ، لای کەم یەکسان بێ بەو ئاستەی کە بۆ ژاپۆن تەرخانکرا. ئەمەش مانای داگیرکارییەکی سەربازیی درێژخایەن. شایانی بیرهێنانەوەیە کە دیمۆکراسیی بەسەر ژاپۆنییەکاندا سەپێنرا- ئەمێریکا دیمۆکراتیزەکردنی لەسەرەوە سەپاند. تەنانەت ئەمێریکا دەستووری ژاپۆنیشی نووسی، دواتر خستیە سەر سکەیڵ لەرێی پارلەمانی ژاپۆنییەوە.

ئەمە داگیرکارییەک بوو کە تێیـــــــدا" ژەنـــــــەراڵ MacArthur و کۆمانداریيەکـەی، وەک دەسـەڵاتدارانی نیوکۆلۆنیـاڵیی کەڵـەگا. کـە هـیچ لێپرسینەوەو رەخنەگرتنێک لەسەریان نەبوو. بەهەمیشەیی وەک ئیمپراتـۆر وداروەدەسـتەکەی کـەس دەسـتی بـۆ نـابرد."[300] ئەمـە لـە وتـەکانی چاودێرێکـدا هـاتبوو. " دواهـەمین پـەراوەی ناشـیرین لـە لووتبـەرزیی کۆلۆنیـالیی ناسـرابوو بـە" بـارگرانیی پیـاوە سـپی پێسـتەکە."[301] زۆر ژیارییە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژە نیوکۆلۆنیالییەی کە فیگەر و دەموچاوی ئیمپراتۆر بوو. لەرێگەی ئیمپراتۆرەوە بـوو کـە MacArthur، ملکـەچیی ژاپۆنییەکانی مسۆگەر کرد. فیگەری لەم چەشنە لەعێراقدا بوونی نییە.
سەرەڕای ئەوەش، داگیرکاریی سـەربازیی درێژخایـەنی ئـەمێریکا. بـەلای کەمەوە لەکۆتایی ماوەکـەدا. هەنـدێ ئاسـۆ بـە چێکردنـی دیمۆکراسـیی و توانـــای گیـــان بەبەرکردنـــەوەی لەعێراقـــدا پـــێ دەدات. فەنکشـــنی چارەنووسساز، کە هێزەکانی ئـەمێریکا دەتـوانن دەسـتەبەری بکـەن وەک چوارچێوەیـەک بـۆ سـەقامگیریی، پاڵپشـتیی بکـرێ بـە هەڕەشـە (یـان بەکارهێنانی) هێزی سەرکوتکەر. سـەوداکان ، دەکـرێ سازشـیان لەسـەر بکـرێ بـۆ گەیشـتن بەکۆدەنگییـەک، لـە رێـڕەوی ئـەو پرۆسێسـی سەوداکارییەی haggle بەسەر دەستووردا دێت. دەشێ بەتۆبزیی بکـرێ. چونکە ئەمێریکا دەتوانێ گوێڕایەڵیی زامن بکات. بۆ نموونـە سـەودایەک بەگریمانەوە لە نێوان کوردەکان و عەرەبەکاندا بکرێ. بە مانـەوەی شـاری کـەرکوک لـەدەرەوەی هـەرێمی ئۆتۆنـۆمیی کـوردیی، لەبەرامبەریشـدا کوردەکـان داهـاتێکی سـالانەی گەرەنتییـداریان لـە کێڵگـە نەوتییـەکانی کەرکوک بەربکەوێ.
لەسەر بناغەی ئەزموونەکانی مێژوو. کوردەکـان زۆر سـاویلکەن naïve بڕوا بەوە بهێنن حکومـەتی سـێنترال کـە عـەرەب بەسـەریدا زالـە، رێـزی سەودایەکی لەم چەشنە بەتەواویی دەگرێ. بوونی درێژخایـەنی هێزەکـانی ئەمێریکا، گەرەنتیی ئەوە دەدات، کە هـەموو لایەنـەکان بـە رێکەوتنـەکانی نێوانیانەوە پابەندبن. باشیی ئەمە، ئەوە دەبێت کە دیمۆکراسـیی عێراقیـی، دەتوانێ فەنکشن بکـات تەنانـەت لـە نـەبوونی متمانەشـدا لـەنێو گرووپـە عێراقییەکاندا. خۆزگە بە تێپەڕبوونی کات، نوێنەرە سیاسییەکانی گرووپـە

عێراقییـــەکان رۆژانـــە بەریەکدەکەون لە بارودۆخێکی سەقامگیردا. تا پێوەندیی متمانە دروست بێ.

ســەرەڕای ئەمانــەش، بــۆ چارەســەرکردنی زۆر گیروگرفتــی دامــەزراوە سیاسییەکان، ئامـادەبوونی ئـەمێریکا بـە درێژخایـەنیی، ئاسـانکاریی بـۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەی سیڤیل دەکات. هەروەها بۆی هەیە سەرەتایەک بـێ بۆ کولتووری سیاسیی دیمۆکراسیی لەعێراقدا. لەکۆتایی 10-15 سـاڵ لـە داگیرکاریی سـەربازیی، ئـەمێریکا کۆمـەڵێ لـە دامودەزگـای سیاسـیی کـە بـــەقووڵیی پێکەوەگرێـــدراون، بەجێـــدەهێڵێت. لـــەڕووی ئایدیالییـــەوە، دیمۆکراسیی عێراقیی دەچەسپێ لە ئاسـتی کۆمەڵگـەی سـیڤیلدا. ئەوسـاش هەندێ چانسی دەبێ بۆ ئـەوەی ببـێ بـە دیاردەیـەک کـە پشـت بـەخۆی ببەسـتێ. بـەڵام زۆر گرنگـە ددان بەگـەورەیی ئـەو ڕووبەڕووبوونەوانــەدا بنێین، کە لێرەدا بەپێش دێـن. چەسپاندنی دیمۆکراسـیی لـەو دوو ئاسـتە قووڵەدا کە لەلایەن فوکویاماوە دەستنیشانکراون، ئاسان نییـە. چونکـە بـە تێرمێکی سانا، شتێکی کەم لە کەرەسەی خاو هەیە. تا کاری لەسەر بکرێ.

ئاستی 3: کۆمەڵگەی سیڤیل{ مەدەنیی}

کۆمەڵگـەی سـیڤیل دەکـرێ پێناسـە بکـرێ بـەمجۆرە" سـتراکتۆرێکی کۆمەڵایەتییـە کـە خۆبـەخۆ پێکهـاتووە. جیاکراوەتـەوە لـە دەوڵـەت بـۆ پێکهێنـانی بناغـەی دامودەزگـا سیاسـییەکان."[302] ئـەم سـتراکتۆرە کۆمەڵایەتییـە پێکهـاتووە لـە شـتگەلێکی تـر، گرووپـە چالاکـەکانی بەرژەوەنـدیی، گرووپـەکانی چاودێریی، کۆمیونیتییـە بەشـداربووەکان و میدیای ئازاد- بۆ زۆرکەس بریتییە لە" مەرجێکی پێویستی پێشوەختە بـۆ دامودەزگا دیمۆکراتییە سەقامگیرەکان"[303] هەندێکی تر تێرمی " سەرمایەی کۆمەڵایەتی" یان بەکاربردووە، بۆ ئامـاژەدان بـە یەدەکگـەلێک لـە " بـڕوا، نۆرم و تۆڕەکان" کـە فـابریکی کۆمەڵایـەتیی وڵات پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. لێرەشەوە زۆر بەگەورەیی کاردەکاتە سەر ئاسۆی سیستەمێکی دیمۆکراتیی کارا.[304] بۆ بەکارهێنانی بەیەکچوواندن، کۆمەڵگـەی سـیڤیل چینـەخاکێکی سەرەوەیە کە تێیدا دامودەزگا دیمۆکراتییەکانی تێدا تۆودەدرێ{ تـۆودان}. جۆری خاکەکەش دیاریی دەکات، ئەگەر تۆوەکان لە عێراقدا بڕوێن.

لەعێراقدا. پرۆسێسەکە لەو شوێنەوە دەستپێدەکات. وەشاندنی تۆوەکان وەک ئەوەیە. بەسەر کۆنکریتدا بکرێ. چەرخی زێڕینی کۆمەڵگەی سیڤیلی عێراقیی لە دوایین ساڵەکانی پاشایەتییدا بوو. تەنانەت ئەوساش، کۆمەڵگەی سیڤیل لە دەستەبژێر{ ئیلیت} ەکان پێکهاتبوو. بەهیچ شێوەیەک بۆ ناو زۆرینەی جەماوەر دانەچۆڕیبووە خوارەوە. لە 1968 ەوە، بەعس بۆ جاری دووەم، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. کۆمەڵگەی سیڤیل لەعێراقدا بوونی نەمابوو. سروشتی رژێمە تۆتالیتارییەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگەی سیڤیل، بەئاگاییەوە بەرکەنار بخەن. چونکە بوونی ئەم ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆیانە لەپشت کۆنترۆڵی راستەوخۆی دەوڵەتەوە. بە هەڕەشە دادەنرێ. هیچ کەسێ نابێ کاریگەریی ئەوە کەمبکاتەوە کە چۆن حیزبی بەعس سەرکەوتووبوو لە تێکوپێکدانی هەر نیشانەیەکی کۆمەڵگەی سیڤیل. کە مابووبێتەوە لەدوای ژێروژوورکردنی پادشایەتیی لە 1958 دا. سەبارەت بە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی رژێم، هەموویان هەڵوەشێنرانەوە. کەرتوپەرتکردنی خەڵکی عێراق- کە هەوڵێکی کۆنکریتیی لەخۆگرتبوو بۆ رۆچوونە ناو هەستی گەنجەوە. بۆ ئەوەی جگەرسۆزیی بۆ رژێم زۆر توندوتۆڵتر بێ تا بە پێوەندییە خێزانییەکان دەگات- زۆر وێران بۆ سەر پاشەڕۆژی هەر پێشبینییەک بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی سیڤیل کارابوو.

لەهەمان کاتدا، لەدوای 1991 ەوە، رژێم گەشەی بەهەندێ ستراکتۆری تر دا. بەتایبەتیی، نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، عێراق سەرهەڵدانی "نیۆ عەشیرەتچییەتیی" neo-tribalism بەخۆیەوە بینی. لادانێکی گومڕاو سەیر بوو لە بەها ترادیسیۆنەکانی عەشیرەت. تێکەڵکراو بە بەرژەوەندیی ماددیی و بەقورگداکردن بۆ کۆمەڵێ عەشیرەت لەسەر حیسابی هەندێکی تر. بە تێڕوانینێکی گەشبینانەوە(بەپەرگیریی). عەشیرەتەکان بۆی هەیە هەندێ شێوازی سەقامگیریی لە دوای سەدام دەستەبەر بکەن. زۆر لە عەشیرەتەکان جیاوازییە تایەفییەکانیان بڕیوە. بەمشێوەیە خزمەتی یەکپارچەیی دەکەن تا بە دابەشبوونی دانیشتووانە عەرەبەکەی عێراق دەگات. زۆرتر واقیعییانەتر، زۆروبۆریی ئەم عەشیرەتگەلە چەکدارانە. کە راهاتوون بەوەی سەربەست بن، تا لەژێر کۆنترۆڵی سێنترالّدا بن، ئەگەری

خراپبوونی هەلومەرجەکەی لێ دەکەوێتەوە، بەوەی وەک هاوشێوەی سەرلەشکرەکانی ئەفگانستانیان لێ بێت.
بەخێوکردنی تۆوی کۆمەڵگەی سیڤیل لەعێراقدا، پرۆسێسێکی دووردرێژ و سەختە. دەستبەرکردنی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و سیاسیی لەخۆ دەگرێ و بۆ دروستبوونی گرووپە میانڕەوەکان، لەچەشنی سەندیکاکان، رێکخراوە جەماوەرییەکان، پارتە سیاسییەکانی کە خۆیان بۆ پرۆسێسی دیمۆکراتیی تەرخان دەکەن، لەهەمان کاتیشدا، لە ئەمێریکا دەخوازێ، بڕیاری قورس بدات، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە "پەرگیرەکان". لەچەشنی ئیسلامییە فەندەمێنتالیستەکان، گرووپەکانی ئەنتی زایۆنیست یان زۆر گونجاوترگرووپەکانی ئەنتی ئەمێریکایی.

ئاستی 4: کولتووری سیاسیی

لەقووڵترین ئاستدا، کولتووری سیاسیی، چەندین فاکتەر دەگرێتەوە، وەک ئایین، بەهای مۆراڵیی، ئاگایی ئێسنیکیی و شتی لەو چەشنە. ئەمە قووڵترین توێژی خاکە کە تۆوی روواوی germinated ئینستیتیوتە دیمۆکراتییەکانی . بەرەگێکی بەهێز و پتەو تێدا داکوتراوە. ئەمەش قووڵترین ئاستە کە دیمۆکراسیی پێویستە نغرۆ بێت تێیدا بۆ ئەوەی بەتەواویی توندوتۆڵ بێ. هەروەها ئاستێکە دەکەوێتە پشت نەخشەسازیی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە. بە دەربڕینی فۆکۆیاما" کولتوور دەکرێ پێناسە بکرێ بە خوویەکی راشناڵیی{عەقڵانیی} و ئێسیکیی، لەرێگەی ترادیسیۆنەوە دەگوازرێتەوە."[305] کولتوور بەخێرایی ناگۆڕێ، بەڵام بە هاتنە پێشەوەی نەوەکان دەگۆڕێ.
لێرەدا، بەدڵنیاییەوە، پرسیاری سەخت دێتە پێشەوە، ئایا نۆرم و بەهاکانی پێوەست بە ترادیسیۆنی دیمۆکراتیی لیبراڵیی رۆژئاواوە، لەگەڵ نۆرم و بەهاکانی جڤاکی عەرەبیی و ئیسلامییدا دەگونجێن. ئەمە دیبەیتێکی ئاڵۆزە(بەلای کەمەوە) و شتێکە کە ناتوانرێ بسەلمێنرێ لەهەردوو بارەکەدا. بەڵام بە تاقیکردنەوە، رێکۆردی دیمۆکراسییە

سەقامگیرەکان لـە جیهـانی عەرەبدا، باش نییە. لـە 2001 دا، بـەرزترین قۆنـاغی دیمۆکراسـیی لەجیهانـدا، 121 (63 لـە سـەد) لـە 192 وڵاتـی جیهان، حکومەتی هـەڵبژێردراوی دیمۆکراتییـان هـەبوو. لـە 16 دەوڵـەتی عەرەبیی، هیچیان دیمۆکراتیی نەبوون. هیچ دەوڵـەتێکی عـەرەبیی هـەرگیز حوکمێکی دیمۆکراتیی بۆ ماوەیەکی درێژ نەبووە.[306]

نزیکترین نموونـە کـە جیـایی هـەبێ لێـرەدا، بەڕاستیی هـەر عێراقـە، لـە سـەردەمی پاشـایەتییدا، لای کـەم تـوانیتی دەسـت بـە شـێوەیەک لـەدیمۆکراتییوونی ماقووڵـەوە بگـرێ. بـەڵام بـەهیچ شـێوەیەک ئـەم دیمۆکراسییە بۆ ناو کولتووری کۆمەڵ، شۆڕنەبووەوە. لەباشـترین دۆخـدا، دەکرێ بەوە پێناسە بکـرێ کـە ئۆلیگارشییەکیoligarchy هـەڵبژێردراو بوو. ریکۆردی وڵاتە ئیسلامییەکان کـەمێک باشـترە. لـە 2001 دا لـەناو 45 وڵاتـی ئیسـلامییدا، کەموسـڵمانان زۆرینـەن، 11 یـان حکومـەتی هـەڵبژێردراوی دیمۆکراتییـان هـەبوو. بەهـەرحاڵ، بەسـەرنجدانەوە، ئـەم فیگـەرە ئـەو وڵاتانـەش دەگرێتـەوە، وەک نایجیریـا، کرێـدتی دیمۆکراتییەکـەی، لەباشـترین دۆخـدا بـەو نیوەناچڵییەشـەوە شـایانی قایلبوونە. سەبارەت بەو وڵاتانەی بەپێی ستاندەردی رۆژئاوا بـە " ئـازاد" پۆلێن دەکرێن، تەنێ یەک نموونە - مالی Mali – هەیە.

هیچکام لەمانە، گفتوگۆ لەسەر ئەوە ناکات کە دیمۆکراسـیی عـەرەبیی یـان ئیسلامیی دوو واتای دژبەیەکن oxymoronic. بـەڵکوو قـەبارەی ئـەو کارانە تۆخدەکاتەوە کە دەبـێ لـە عێراقـدا بکـرێن. چێکردنـی عێراقێکـی سەرکەوتوو، پتەو لە دیمۆکراسیی، دەستکەوتەکانی ئەمێریکا لـە ئاڵمانیـا و ژاپـۆن کاڵدەکاتـەوە. دەبێتـە یەکـەمین دیمۆکراسـیی عـەرەبیی یـەکانگیر، بەتەواویی فەنکشن بکات لە مێژوودا. بـۆ ئـەوەی دیمۆکراسـیی لەعێراقـدا بتوانێ لەسەرپێی خۆی بووەستێ و سەرکەوتوو بـێ، لەلایـەن ئـەمێریکاوە پابەندبوونێکی زۆر گەورەی دەوێ.

عێراق(جگە لە کوردستانی عێـراق) هـیچ خۆشـییەکی لـە فەنکشـنکردنی کۆمەڵگەی سیڤیل، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابـردووەوە نـەبینیوە و هەرگیزیش کولتوورێکی سیاسیی دیمۆکراتیی نەبووە. زۆرجـار لـەمێژووی عێراقـدا، کێشـەی سیاسـیی لـەڕێی بـەکارهێنانی توندوتیژییـەوە چارەسـەرکراوە، نـەک لـەڕێی سـندووقەکانی دەنگدانـەوە. عێـراق

دیمۆکراسییەکی مات نییە. چاوەڕێی تەقینەوە بکات. تا تەوقی چەوسانەوە دابماڵێت. کۆمەڵگەی سیڤیل و ئەو کولتووری سیاسییەی پارمەتییدەر دەبێ، دەبێ لە خاڵێکەوە چێبکرێ و ئەمەش کاتی دەوێ. بۆی هەیە چەندین ئەوەی بوێ. دابگیرکاریی 10-15 ساڵ لەدابگیرکاریی ئەمێریکا. کەمترین کاتە کە دیمۆکراسیی بیەوێ. بۆ ئەوەی لەعێراقدا چانسی سەرکەوتنی هەبێ.

باشییەکانی ڕێگەچارەی 2

لەڕووی چۆنایەتییەوە ئەم ڕێگەچارەیە. لە ڕێگەچارەی یەک جیاوازە. ددان بەوەدا دەنێ، کە هێنانی دیمۆکراسیی بۆ عێراق لە بەرژەوەندیی ستراتیژیی ژیاریی ئەمێریکادایە. هەروەها دەستەبەرکردنی ئەمەش پێویستیی بەپابەندبوونی گەورەوە هەیە لە دابینکردنی دەرامەت و هێزی مۆریی. پابەندبوون بەم قەبارە گەورەیە. بەشێکی بۆ قایلکردنی ئەو ڕاڕاییە دەڕوات. کە ئەمێریکا سوورە لەسەر دیمۆکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. لە ماوەی 10-15 ساڵدا. عێراق دووبارە لەنووکەوە بۆ نووک بنیات دەنرێتەوە. ژێرخانی نەوت. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشوو. شتە بەکەڵکە ژیارییەکان بگەڕێنرێنەوە، تۆڕی کۆمەکی کۆمەڵایەتیی. کە عێراق شانازیی پێوەدەکات. دەکرێ بنیات بنرێتەوە. ئەمێریکاش دەتوانێ حکومەتێکی سیستەم دیمۆکراتیی بەجێبهێڵێت، پاش دەرچوونی توانای بەرگرییکردنی لەخۆی هەبێ. لەم ماوەیەدا. یاساو نیزام. خۆپاراستن لەدژی خۆتێهەڵقورتاندنی دەرەکیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەمێریکاوە دەپارێزرێن. گرووپەکانی " تالانچیی- spoiler " لەڕەگوڕیشەوە هەڵکەنرێن و پاکبکرێنەوە. لەڕووی ئایدیالییەوە. لە کۆتایی ئەم ماوەیەدا ئەڵقەی توندوتیژیی کەدەرگیری پێوەندییەکانی کوردو عەرەب ببوو. تێک دەشکێ. هەروەها عێراقێکی دیمۆکراتیی، سەقامگیر و گەشەکردوو، چانسێکی زۆری هەیە وەک نەتەوەیەکی سەرکەوتوو.

خراپییـــــــــەکانی ڕێگەچارەی 2

دوو ڕێگریی ئاشکرا بۆ ئەم ڕێگەچارەیە هەیە. یەکەم، روون نییە تا کـوێ ڕای گشتیی ئەمێریکا ئامادەیی تێدایـە بەرگـەی ئـەم داگیرکارییـە بگـرێ، وێڕای پێکانێکی زۆر لە ئەمێریکاییەکان، دەرامـەتێکی ئـابووریی زۆریـش بـەفیڕۆ دەڕوات. ئـەو گریمانـەی کـە خـەرجی داگیرکـاریی و دووبـارە بنیاتنانەوەی عێراق، دەکرێ لە دەرامەتەکانی خودی عێراق بێـت(لای کـەم لـە کورتمـاوەدا). گریمانەیـەکی هەڵەیـە. زۆربـەی شـیکردنەوەکان وای دەقەبڵێنن، کە نزیکەی 6 ساڵ دەخایەنێت، پێش ئـەوەی ژێرخـانی نـەوتی عێراق بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بە ئاستی پـێش سـاڵی 1991 بکەوێتـەوە گەڕ. لەهەمان کاتدا، ژێرخانی فیزیکیی و کۆمەڵایەتیی عێراق دەبێ نـۆژەن بکرێتەوە، تێچوونی ئەمەش، ئەگەر بە ڕێکوپێکی بکرێ، خـۆی لـە سـەدان بیلیـۆن دۆلار دەدات. تـەنێ تێچـوونی داگیرکردنەکـە، مانگانـە خـۆی لـە سەروو یەک بیلیـۆن دۆلارەوە دەدات. ئـەو هەواڵانـەی کـە دەڵـێن خـودی دەرامەتەکانی عێراق بدرێ بـە پرۆسـەی داگیرکـاریی سـەربازیی وڵاتەکـە، پێناچێ لەلایەن خەڵکی عێراقەوە بەباشیی وەربگیردرێ.

بەڵام زۆرترین مەسەلە، کە هەوی سیاسیی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، مەسەلەی پێکانی ئەمێریکاییەکانە. هێورکردنەوەی وڵاتێک بەقەبارەی عێـراق، بـەبێ زیـانێکی زۆر تـەواو نـاکرێ، هـەروەها چەنـد ژمـارەی کوژراوەکـان بەرزبێتەوە، ڕای گشتیی گوشار بۆ کشانەوەی هێزە ئەمێریکاییەکان چڕتر دەکاتەوە. بەسادەیی، ڕای گشتیی ئەمێریکا تەواو ئامادەنەبوو بۆ قـەبارەی ئەم زیانـە زۆرە. لەڕاسـتییدا ئیـدارەی بـوش، پـێش دەسـتپێکردنی شـەڕ، پێشبینی ئەوەی دەکرد، کە هێزەکانی ئەمێریکا لەعێراق، پاش تـەواوبوونی شـەڕ لـە مـاوەی 60 ڕۆژدا دەکشـێنەوە. بەپـەژارەوە woefully ئـەم قەبلاندنە، بەتەواویی سەلمێنرا، وانییە.

بـەڵام گـەورەترین گرفتـی ڕێگـەچارەی 2، ئەوەیـە لـە بنەڕەتـەوە لـە عێراقییـەکان دەخـوازێ، بـۆ مـاوەی 15 سـاڵ دەسـتبەرداری yield سەروەریی وڵاتەکەیان بن. لەم ماوەیەدا، ئەمێریکا کـۆنترۆڵی سـەرچاوەی سـامانە عێراقییـەکان دەکـات، بڕیـار دەدات، کـێ حیزبێکـی سیاسـیی"پـەژرێنراوە" یـان نـا، پـەراوەی مۆنۆپـۆڵیی خـۆی بەسـەر توندوتیژییدا دەکات، هەروەها سیستەمێکی سیاسیی، لە دەستکردی خۆی

بەسەر خەڵکی عێراقدا دەسەپێنێ. بەسادەیی، زۆر نادروستە، پێشبینی ئەوە بکرێ کە زۆرینەی عێراقییەکان ئەم جۆرە داگیرکردن و ئەو ماوە زۆرەیان پێ هەرس بکرێ. لەڕاستییدا یەکێ لەو شتە کەمانەی لەهەنووکەدا عێراقییەکان لەسەری یەکدەنگن، ئەو حەزە هاوبەشەیە کە دەیەوێ داگیرکاریی بەزووترین کات کۆتایی پێ بێت و کۆنترۆڵکردنی عێراق بۆ عێراقییەکان بگەڕێتەوە. تەنانەت هاوپەیمانی پێشووی ئەمێریکا، لەچەشنی INC بەئاشکرا رایانگەیاند، داگیرکاریی درێژخایەن رێگەچارە نییە. تەنها کوردەکان پێدەچێ پاڵپشتیی لە ماوەیەکی درێژ لە داگیرکاریی بکەن. تا هێزەکانی ئەمێریکا بوونیان لەسەر خاکی عێراقدا هەبێ، کوردەکان چانسێکی باشیان هەیە، بۆ دەستگرتن بەو ئۆتۆنۆمییەی کە لە باکووری عێراقدا هەیانە.

بەڵام کاردانەوەی دانیشتوانی عەرەبی عێراقیی بۆ داگیرکارییەکی دوورمەودا، کەمتر پێشوازیی لێدەکرێ. بریتانییەکان پێشتر بەم رەهەندەدا گوزەراون، رێگایەیەکە لەخوێن هەڵکێشراوە. بریتانییەکان لەو باجەی دایان، وانەیان وەرگرت. تەنێ رێگای زامن بۆ یەکخستنی دانیشتوانی عەرەبی عێراقیی ئەوەیە بە زەبری هێز، عێراق داگیربکرێ و سیستەمێکی حکومیی بێگانە alien کە شەرعییەتی جەماوەریی نەبێ بسەپێنرێ. رژێمی پاشایی و سەپێنراوی هاشمیی لەلایەن بریتانییەکانەوە، تارادەیەکی باش سەلماندی کە توندوتۆڵە. بەڵام هەرگیز نەیتوانی کۆماندراری رێز و خۆشەویستییەکی بەربلاو بکات. لەبەرئەوەی زۆر بەخراپیی دەستی لەگەڵ بریتانییەکان تێکەڵکردبوو.

لەماوەی دەسەڵاتی راستەوخۆدا (1920-1932)، بریتانییەکان رووبەرووی راپەڕینێکی گەورە بوونەوە، کە دانیشتوانی عەرەبی عێراقیی یەککگرتوو بوون تێیدا(1920). هەروەها نەحەوانەوەی بەردەوامی کوردەکان لە باکووردا. بریتانییەکان پەنایان بۆ ژەمەدەرمانی { مەبەست لە سرنجی زەبروزەنگە-وەرگێڕ} پڕ لەتوندوتیژیی بۆ کۆنترۆڵکردنی نیزامorder بردو ئەمێریکاش دەبێ ئامادەیی تێدا بێت هەمان کار بکات. بەڵام ئامانجی بریتانییەکان تەنێ بۆ هێوربوونەوەی عێراق و دابینکردنی هەندێ شێوازی نیزامی ناوخۆیی بوو. ئەمێریکا بەرزخوازییەکی زۆر زێتری لە ئەرکی گۆڕینی عێراق بۆ دیمۆکراسییەکی کارا، هەیە. ئەمەش

بەشــداریيەکی فــراوان و چالاک لەخـەڵکی عێـراق دەخـوازێ. شـتێکی گەشبینییە چاوەڕێی ئەوە لە عێراقییەکان بکەی، کە بەبـەربڵاویی شـێتگیرن بەوەی لەلایەن دەوڵەتێکەوە حوکم دەکرێن، کـە بەرپرسـە لـە وێرانکردنـی عێـراق و مردنـی سـەدان هـەزار عێراقیـی بـەهۆی ئابلۆقـەی ئـابووریی و شەڕەوە.

ڕێگـەچارەی 2. بـەورديی بەرجەسـتەيی ئـەو مەودايـە لـە پابەنـدبوون دەخوازێ کە دیمۆکراسیی لە عێراقدا بتـوانێ بـۆ دوور مـەودا بمێنێتـەوە بەڵام لەڕووی سیاسییەوە نەگونجاوە. ئایینده هەرگیز زامن نـاکرێ. بـەڵام ئـەو بەرەنجامـەی زۆر ڕێـی تێـدەچێ لـە ڕێگـەچارەی 2 دا، ئەوەيـە بـە تێپەڕبوونی کات، قەڵسـیی نێوخـۆیی لەسـەر ئـەوەی تـەڕایی لـەئابووریی ئـەمێریکادا ببـڕێ و شـەپۆلی ناکۆتـای interminable تورەکـە تـەرم body bag ی گـەڕاوە لـە عێـراق، خەسـتوخۆڵتر ببێتـەوە. هـەروەها بـەرگریی لـە عێراقـدا دژی " نیـۆ- کۆلۆنیـال" ی داگیرکـاریی تونـدتر دەبێتەوە. لێرەدا ئەمێریکا بۆی هەیە کۆتایی پێ بهێنێ بە ڤیرژنی خۆیـەوە لەچەشنی کەرتی خۆرئـاوا{ مەبەسـت لـە فەلەسـتینە}. بـەڵام لەمەودایەکـدا، کورتـەبالان لـەوەی بتـوانن هـیچ بکـەن کـە چـۆن ئیسـرائیلییەکان دەبـێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

کێ عێراقی دیمۆکراتیی دەوێ؟

لەئاستی هەرێمییەوە سەیربکرێ، مەسەلەکە بـە پـانوپۆریی دەبێتـە ئـەوەی، کێ یارمەتیی عێراقێکی بەهێز، سەقامگیر، گەشەکردوو و دیمـۆکراتیی دەدا یـان نایـدا؟ ئەگـەر ئـەمێریکا سـەرکەوتوو بـوو بـەدوور لـە هـەموو پێشـبینییەکان، کـێ ئـەم دەرەنجامـەی بـەلاوە پەسـەندە؟ مێـژوو ئامـاژە بـەگرنگیی ئـەم مەسـەلەیە دەدات. بـەدرێژایی مێـژووی عێـراق، بـەڵام بەتایبەتیی دوای 1958، یەکێ لە فاکتـەرە سـەرەکییەکانی ناسـەقامگیریی نـاوخۆیی عێـراق، بـۆ خولیـای خۆتێهـەڵقورتانی هێـزە دەرەکییـەکان، بـۆ تێکدانی ئەو بالانسە فشۆڵەی ئیتـنیکیی و تایـەفیی دەگەڕێتـەوە. عێـراق ئامانجێکی سانایە، زۆر ساناتر لە وڵاتەکانی تری ناوچەکە. زۆر جـاریتر، ئەمـە بووەتــە هـۆی خۆتێهەڵقورتانـدنی هێـزی گـەورەی دەرەکیـی و کوردەکانیـان وەک هێـزی بریکـار surrogate لەهەمبـەر حکومـەتی

سێنترالّدا بەکار هێناوە. لەهەندێجاری تردا ئێران شیعەکانی باشووریان وەک تابووری-پێنجەم fifth column بەکارهێناوە.

لیستی ئەو ولاتانەی کە نەیانتوانیوە بەرگەی هەڵچوونەکانیان بگرن لە دەستتێوەردان، دووردورێژە، لەوانە، ئەمێریکا، عێراق{ بۆی هەیە ئێران بێ و بە هەڵەی چاپ عێراق نووسرابێ}، سوریا، ئیسرائیل، یەکێتیی سۆڤێت، ئوردن، کوەیت، تورکیا و عەرەبستانی سعودییە (لەڕاستییدا، نزیکەی هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە). شیمانەی ئەوە هەیە ئەمە دەبێ رابگیردرێ، بۆ ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە سایەی سەقامگیرییدا و بۆ بەخێوکردنی رەگوریشەی دیموکراسیی خۆشیی ببینێ. لەنێو دەوڵەتانی ناوچەکەدا، کەمێکیان پێیان خۆش دەبێ عێراقێکی بەهێزو دیمۆکراسیی هەبێ. بەلام بۆ زۆرینەی دەوڵەتانی ناوچەکە، ویستویانەو دەیانەوێ حکومەتی ئایدیال بۆ عێراق، وەک رژێمی سەدامی لە قالّبدراو بەفۆرمێکی لاواز بێ. بەدڵنیاییەوە بەهێز نەبێ، دیمۆکراسییەکی گەشەکردوو، هاوپەیمانی رۆژئاوا نەبێ. عێراق گەمارۆدراوە بە کۆمەڵێ ولات (وەک ئەگەر، جگە لەولاتی کوەیت)، بەرژەوەندیی جێگیریان هەیە کاتێ ببینن ئەزموونی دیمۆکراسیی لەعێراقدا شکستی هێناوە.

رێی تێ ناچێ بیر لەوە نەکرێتەوە ئەمانە بەشوێن قورسایی خۆیانەوە نەبن، بۆ ئەوەی کاربکەنە سەر رەوتی رووداوەکان لەعێراقدا، بەدڵنیاییەوە، ئێران، سوریا و عەرەبستانی سعودییە بەسەرکەوتنی ئەمیریکا خوشحالّ نابن، هەر هیچ نەبێ، دوو دەوڵەتی یەکەم ناتوانن هاوکار بن، چونکە وا بیردەکەنەوە کە ئورەیان دێت ببنە دەستێ دۆمینەی داهاتوو، عێراقێکی دیمۆکرات و سەقامگیر، دەستی ئەمێریکا دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەرنجی بۆ شوێنی تر بڕوات، ئێران ئەندامێکی سەرەکییە لە " تەوەرەی شەڕ". سوریاش دەبێ بترسێ لەوەی ئەندامەتیی بەڕێوەیە. ئەم دوو دەوڵەتە هەموو جۆرە هاندەرێکیان هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەمێریکا سەرکەوتوو بێ، گومانی تێدانییە ئەمێریکا ئاگاداریی توند دەردەکات دژی دەستتێوەردان لە ناوخۆی عێراقدا- ئەم دەستتێوەردانە لە فۆرمی بەکارهێنانی هێزی بریکار دەبێ لەکوردستان و باشووری عێراق، وەک هەمیشەش وابووە، لەمەش واوەتر، سەختە، بهێنرێتە پێش چاو، چۆن

میرنشـــینەکانی کەنـــداو ئامبازی دیمۆکراتیزەکردنی خۆرهەلاتی نـاڤین دەبن بە دەستی رووتەوە.
بەتایبەتیی. بنەماڵـەی دەسـەلاتداری سـعوبییە کـە ماونەتـەوە لەدەسـەلاتدا بـەرزگاربوونیان لـە هەرەشـەی ئیسـلامییەکان. بـەهۆی هەریەکـە لـە بەقورگداکردنی پارەو دەستگرتن بە جێکـەوتکردنی ئیسلامی سیاسـیی و سیستەمی کۆمەلایەتی توندرۆیانەوە بووە. بەلام ئەمە کـارێکی زۆر قەبـەو سامناکە. ئەگـەر بـەهاکانی لیبراڵـی رۆژئـاوایی بهێنرێنـە نـاو سیسـتەمی سعودییەوە. بەخێرایی لەتری tumbling پێ لێـدەدات .لەبـەر رۆشـنایی ئەمەدا. عەرەبستانی سعودییە هەموو جۆرە پاڵنەرێکی هەیـە. رێگـە نـەدات ئەمێریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت. پێدەچێت پێوەندیدارترین پرسیارێک بـەم باسـەوە. ئـەوەبێ ئایـا خـودی ئـەمێریکا دەیـەوێ دیمۆکراسـیی بەسەرکەوتن بگـات. ئەمـە بەنـدە بـەوەی چیـی لەئەنجامـدا پەیـدا دەبـێ. لـەرووی مێژوویـیـەوە ئـەو ئایدۆلۆژیانـەی بەسـەرکەوتوویی جیاوازییـە ئێسـنیکیی و تایەفییـەکانی سـمیوە. وەک ئـەنتی ئیمپیریـالیزم. ئـەنتی زایۆنیزم. پانعەرەبیزم. ئیسلام و کۆمـۆنیزم. هیچیـان سـەرنجی ئـەمێریکا راناکێشن. شوێنەکانی تـر (وەک نموونـە. روسـیا. بۆسـنیا و کۆسـۆڤۆ) بەڵگەی ئەوە نیشان دەدەن. کاتێ خەڵکیی لـە دەسـت و دەوری حـوکمێکی تۆتالیتاریی رزگاریـان دەبێـت. زۆر هەسـتکردنیان سـاویلکانەیە و بـەرەو پەرگیریی هێزە سیاسییەکان دەجوڵێن.
وردکردنەوەی خەڵکی عێراق. پێوەندییە ترادیسـیۆنییەکانی لـە دڵسـۆزیی. بۆ ئەو مەودایە بـردووە. خـەڵکیی دەسـتبگرن بـە ئایـدۆلۆژیای پێشـووتر کەوایان لێدەکات بەشـێک بـن لەشـتێکی گـەورەتر. ئەگـەر ئەمـە خـۆی وا دەرببڕێ کە بوژاندنەوەیrevitalization ئیسلامیزم یـان ئایـدۆلۆژیای توندرۆی عەرەبیی بێت. ئەوسا ئەو حیزبە سیاسییانەی بـۆ رەنگدانـەوەی ئەم هێزانە دروست دەبن. تـا داگیرکـاریی هێزەکـانی ئـەمێریکا بـەردەوام بێت. لەگەڵ رۆژئاوادا سۆزدار نابن. ئەگـەر دیمۆکراسـیی هەنـدێ حیزبـی بەرهەمهێنا کە ئامبازی ئەم ئایدۆلۆژیایانە بن- زۆر سەختە پێشبینیی ئەوە بکرێ کە ئایدۆلۆژیای میانڕەو سـەر دەردەهێنـێ- ئـەو کاتـەش ئـەمێریکا دەبێ بڕیار بدات. بە ئا یان بـە نـا. مـل-دەدات abide بەبەرهـەمی ئـەم پرۆسێسـە. ئایـا ئـەمێریکا حکومـەتی هـەڵبژێردراوی پانعـەرەبیی. ئـەنتی

زایـــۆنیی دەپـــەژرێنـــێ؟ ئەمـــەش پێـــدەچێ شکســـتی ســـەراپای ئامانجەکان بێت. ئەو بەرەنجامەی زۆر ئەگەری هەیە. ئـەمێریکا لەپشـتی پەردەوە خۆی تێهەڵقورتێنێ بۆ زامنکردنـی ئەنجامـەکانی هـەڵبژاردنێکی " گونجاو". بەڵام هەرچەندە ئەمێریکا خۆی بەرەو ئەم کاروکردەوانە مەڵاس بدات. کە کەمتر لە حکومەتێکی رەسەنی "عێراقیی" دەچێت. ئەوسا پتـر لـە سـەپاندنێکی کۆلۆنیالیانـە دەچێـت. بریتانییـەکان پێشـتر ئەمـەیان کردووە.[307]

رێگە چارەی 3: رژێمی بووکەشووشە

رێگەچارەی سێ، لە زۆر رووەوە رێگەچارەیەکی کەموکورە. بەپانتاییەکەی. ئـەم رێگەچارەیـە. هـەڵبژاردنی بووکەشووشـەیەکی عێراقییـە بـە "دەموچاوێکی" عێراقییەوە بۆ ناگیرکاریی سەربازیی ئەمێریکا. رۆڵـی ئـەم بووکەشووشەیە رازییکردنی خەڵکی عێراقە بۆ ئەوەی هاوکاریی هێزەکانی ئەمێریکا بکەن. گوایە ئـەمێریکا دۆسـتی خـەڵکی عێراقـە. نـەک دوژمـن. بەشێوەیەکی گشتییش. بۆ کاڵکردنەوەی باڵادەستیی گشـتیی ئەمێریکایـە. پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر حـوکمی راسـتەوخۆی ئـەمێریکادا. لـەو ماوەیەی هەندێ ژێرخانی عێراق بنیاتنرایەوە. هێزە چەکدارەکان و پۆلیس لـە بەعسـییەکان پاککرایـەوەو سـەرلەنوێ داڕێژرانـەوە. نـەوتی عێـراق بەگەڕخرایەوە. ئیتر حـوکمی راسـتەوخۆی ئـەمێریکا تـەواو دەبـێ و بـە" دەموچاوە" هەڵبژێردراوەکە." جێگەی دەگیرێتەوە. هەندێ فۆرم لـە پرۆڤـەی دیمۆکراتییدا (بۆی هەیە بە وریاییەوە کۆنترۆڵ بکرێ) نمـایش دەکـرێ. بووکەشووشەش بە زۆرینەیەکی رەهاوە هەڵدەبژێردرێ بۆ ئـەوەی ئـەرکی بـەڕێوەبردن لەئەسـتۆ بگـرێ. بـەڵێن دەدا کـە پابەنـدی نۆرمگـەلێکی دیمـۆکراتیی بـێ. بـۆ پێکهێنـانی دەسـتوورێکی نـوێ بـۆ حکومـەتی دیمـۆکراتیی عێـراق. لـە پێنـاوی سـەرجەم چـین و توێژەکـانی عێراقـدا کاربکات.

لـە پشـتی پـەردەوە. رژێمـی بووکەشووشـە زۆر بەخەسـتیی پشـت بـە ئـەمێریکا دەبەسـتێت. هـەروەها ئـەمێریکا لەسـەر ئاراسـتەی کارنامـەکان. خـاوەن قسـەی دوایـی دەبێـت. ئـەمێریکا دەسـت بەچەنـد بنکەیـەکی سەربازییەوە لە عێراقدا دەگرێ. بـۆ ئـەوەی پۆلیسـیی{ کەڵـەگایی} بەسـەر

ناوچەکەدا بکات. هەروەها بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە "سەقامگیریی" رژێمی نوێ لەساتە سەخت و دژوارەکاندا. سێناریۆیەکی لەم چەشنە دەکرێ. چ بەدیزاینگ design یان بە رێکەوت. گەشە بکات. وەک دیزاینگ ئاماژە بەوە دەکات. " شەپۆلی گەورەی دیموکراسیی". کە ئەمێریکا بەڵێنی دابوو عێراقی تێدا نغرۆ بکات. لەویشەوە رۆژهەڵاتی ناڤین. دروێیەکی شاخداری دروستکراو بوو.

به نیشاندانی ئەوەی شەڕ رەوگەی یەکەمە لە شاڵاوەکەدا بۆ ئازادکردنی گەلێکی چەوساوە لە رۆژهەلاتی ناڤیندا. ئیدارەی بوش مەبەستی پەیداکردنی لایەنگریی بوو بۆ شەڕ لەتەواوی چین و توێژەکانی خەڵک (خەڵکی عێراق. رای گشتی ئەمێریکا و رای جیهانیی). بەڵام ئامانج هەرگیز دیمۆکراتیزەکردنی عێراق نەبوو. ئامانج هەمیشە چاندنی سەرکردەیەکی گوێ لەمست بوو لە دڵی جیهانی عەرەبییدا. ئەم سەرکردە ئایدیاله زۆر جیاوازیی نابێ لەسەدام حوسێن(بۆ نموونە زۆردار بێ. تا بتوانێ یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێ و سێکیولاریش بێت). بەڵام پێویستە لەسەری زۆر دۆستانەتر بێت. گەرەنتیی لەسەر هەناردنی نەوت بۆ رۆژئاوا بدات. هێزەکانی ئەمێریکا دەتوانن عەرەبستانی سعودییە جێبهێڵن بەچارەنووسی خۆیەوە. عێراق بۆ ئەمێریکاش بنکەیەکی ئۆپەراسیۆنی ژیاریی و ستراتیژیی دەبێ بۆ پۆلیسییکردن (یان بۆ بەسەرداداندا) بەسەر ئەو رژیمانەی گرفت دروست دەکەن (ئێران و سوریا) .

رێی تێدەچێ ئەم سێناریۆیە. ئەوە هەڵبداتەوە. دیمۆکراتیزەکردنی عێراق ئامانجی سەرەکیی بووە. پاش ماوەیەکی کورت لە مانگی هەنگوینیی. کە شاگەشکەی ئازادیی. ئۆپەراسیۆنەکە دڵنیا دەکاتەوە. راستییش وەک شۆکێک بەدەردەکەوێ. عێراق- جێگەی شانازیی جیهانی عەرەب و جێگەی پیرۆزترین ئارامگای ئیسلامیی شیعەکان- ئێستا بەتەواویی لەژێر دەسەڵاتێکی بێگانەدایە. خراپتریش لەمە. لەلایەن تەوەرەی قێزەونی ئەمێریکاییەکان- زایۆینستەکانەوە خراوەتە ژێر رکێفەوە. رابەرە مەزهەبییە ناودارەکان لە ئارامگای شارەکانی باشوورەوە. کە پاڵپشتیان نزیکەی نیو ملیۆن ئاوارەیە لەئێران. بەدەنگی بەرز لە دژی داگیرکاریی شوێنە پیرۆزەکان و کافرە داگیرکارەکاندا وەستاونەتەوە. " وەزارەتی

کاروبـاری ئـاییینی " کـه تازه دامەزراوەو لەلایـەن ئـەمێریکاوە بـەڕێوە دەبرێ. هـەوڵی کپکردنـی ئۆپۆزیسـیۆن دەدا. [308] بێزاریـی زیـاد دەکـات ولەلایەن گرووپە ڕێکخراوەکانی شیعە وەک ئەلدەعوەو ئەنجومـەنی بـاڵای شۆڕشی ئیسلامییەوە لە عێـراق. سـووتەمەنیی بەسـەردا دەکـرێ. هـەروەها لەلایەن ئێرانەوە بەجیا کۆمەک دەکرێن.

بێزاریـی دەروازە بـۆ تێـرۆر دەکاتـەوە. هێـزە داگیرکارەکـان بوونەتـە نیشـانەی کەمپـەیینی مەرگچێنـە خۆکوژەکـان. ئـەو شـەپۆلە بەردەوامـەی تابووتەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ واشینگتۆن. ڕای گشتیی ئـەمێریکای لـەژێ شـەڕ وەرچەرخانـدووە. ئـەمێریکا زۆر نائومێدانـە ڕێگەیـەکی دەوێ. بـۆ کێشـانەوەی هێزەکـانی لـەعێراق بـێ ئـەوەی ئـابڕووی بچـێ. حکومەتـە کارتۆنییەکە خراپترین ڕێگەچارە پێشکەش دەکات. لەڕاستییدا ئەمە تـەنێ دانەیەکە لەنێو کۆمەڵێ سێناریۆدا کـە ئەگـەری جێبـەجێ بوونیـان هەیـە و ئەمێریکا هەڵسێ بە کشانەوەی لەپڕ. بەبێ ئـەوەی عێراقێکـی دیمـۆکراتیی بەجێ بهێڵێ. بێگومان ئەگەری سێناریۆی زۆر ڕەشبینتریش هەن کە ڕێیان تێ دەچێ ڕوو بدەن. تەنانەت ئەگەر داگیرکاریی ئەمێریکا لـەلای خـەڵکیی ئاسایی عێراق. بە بەرینیی جێـی پەژرانـدن بێت. هێشـتا ئەگـەری چەنـد گرووپێک هەیە کە بەرهەڵستکاریی بکەن. لەوانە ئیسـلامییە تونـدڕۆکان و بگرە تا بە یەکە یاخییەکانی فیداییەکانی سەدامیش دەگات.

ئەگـەری ڕوودانـی کێشـەی تونـد لـە نێـوان ئێسـنیکەکان (یـان نێـوان هۆزەکان) لە عێراقی پۆست سەدامدا بـەرزە. بەتایبـەتیی شـاری کـەرکوک بـۆمبێکی کاتییـەو چـاوەڕێی گرگـرتن دەکـات{ ڕاپۆرتەکـەی بەیکـەر-هامیلتۆن. سـەبارەت بەکـەرکوک لێـرەوە سـەرچاوەی گرتـووە-وەرگێـڕ}. نزیکەی 300000 کورد لـە کامـپ و گەڕەکـە هەژارنشـینەکاندا. بۆسـەر مـاڵی خۆیـان لـە کـەرکوک چـاوەڕێی گەڕانـەوەن. خـانووی ئەمانـە لـە هەنووکـەدا لەلایـەن ئێسـنیکی عەرەبەکانـەوە داگیرکـراوە. لەئـەنجامی سیاسەتێکی داڕێژراوی" تـەعریب" سـەدامەوە. تورکـەکانیش چاوەڕوانیی ئـەوە دەکـەن. ئەگـەر دانیشـتوانی بـەژمارە زۆری تورکمـان هەڕەشـەیان لێبکرێ. بە هێزی سەربازییەوە خۆیانی تێهەڵدەقورتێنن. ئەگەری ناکۆتا بۆ توندوتیژیی ناوخۆیی کە لابردنی ڕژێمی سەدام دەروازەی بـۆ کردەوەکـە لەلایەن هێزەکانی ئەمێریکاوە پێویستیی بە کۆنترۆڵکردن هەیە.

پرسیار ئەوە نییە ئایا هێزەکانی ئەمێریکا دەتوانن ئەم فەنکشنە جێبەجێ بکەن (بێگومان دەتوانن). بەڵکووو تاکەی رای گشتیی ئەمێریکا ئامادەیی هەیە بۆ لەدەستدانی گیانی ئەمێریکاییەکان و بۆ بەدەستهێنانی ئاشتیی لەعێراقدا. بەدڵنیاییەوە لە ژێر باشترین سێناریۆدا. گۆرینی رژێم. مزگێنیی بۆ ماوەیەک لە ئارامیی و سەقامگیریی دەبەخشێ کە بتوانرێ سیستەمێکی دیمۆکراتیی فەنکشنی تێدا بکات و جێبکرێت. بۆی هەیە ئەمە رووبدات. بەلام ئەگەر نەبوو. دەبێ پێشبینی ئەوە بکەین کە زمانی ئیدارەی بوش زۆر زیرەکانە دەگۆرێ. وشەی "دیمۆکراسیی" لە دیسکۆرسی فەرمیی دەردەکرێ exorcise ؛ وشەی "سەقامگیریی" بەتوندیی جێگەی دەگرێتەوە. رۆڵی ئەمێریکا لە ئازادکردنی عێراقدا دەکەوێتە قەیرانەوە- رۆڵیشی لە بنیاتنانی دیمۆکراسییدا کاڵ دەبێتەوە. پێمان رادەگەیەنن. خەڵکی عێراق پێویستە بۆ خۆیان دیمۆکراسیی رۆبنێن. بەلام ئەو رژێمەی لەو جێگەیەدا دادەنرێ. لەباشترید دۆخدا، بەکەمترین ئاست دیمۆکراتیی دەبێ. هەروەها ئاسۆکانی دروستبوونی سیستەمێکی سەقامگیر و دیمۆکراتیی لە عێراق.
لەناوەرۆکدا سفر دەبێت.

لایەنە باشەکانی رێگەچارەی 3

رێگەچارەی 3 بە بێ پەرچەکردار نابێت. نەک هەر ئەوەی هێزەکانی ئەمێریکا لادەبات لەشوێنێکی زۆر پرمەترسییداو لەکاتێکی کورتخایەندا، بەڵکوو رێگە بە ئەمێریکا دەدات. کە خۆی دوور بگرێ لەو تۆمەتەی کە روانینی خۆی سەبارەت بە حکومەت لەسەر خەڵکی عێراق دەسەپێنێ. بەرپرسیارییەتیی بۆ جێکردنی دیمۆکراسیی دەخرێتە سەر شانی خەڵکی عێراق. لەهەمانکاتدا (پێ دەچێ) ئەمێریکا ئەوە زامن بکات. کە نفوزی بەسەر رژێمی نوێوە دەمێنێ. تەنانەت کاتێ هێزەکانی ئەمێریکا لەسەر شانۆش نەمێنن. هەروەها رژێمی بووکەشووشە. لە ئەمێریکا خۆش دەبێ. سەبارەت بە بەرپرسیارییەتیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ مەسەلەی

سەخت و دژواردا. کە بۆی هەیـــە بتەقنـــەوە- وەک ئـــەوەی چـــۆن دەسەڵاتێکی هاوسەنگ و پەژرێنراو دروست دەکرێ. لەناو حکومەتی نوێدا کـە سوننەو شـیعەو کـورد لـەخۆبگرێ. هـەروەها چـۆن سـازان لـەنێوان کێشمەکێشەکاندا دەکرێ. ئەوانـەی داوای حکومـەتێکی سـێنترالّیی بـەهێز دەکەن و ئەوانەی ناسێنترالّیی سیستەمی سیاسیی دەخـوازن. بـەکورتیی، ئەمێریکا زۆر بەسادەیی خۆی دەکشێنێتەوە لەو گرفتانەی گـرێ کوێرەیـان هەیە و دووچاری چێکردنی دیمۆکراسیی لەعێراقدا دەبنەوە. بەرپرسـیاریی بۆ چارەسەرکردنی ئەمانە، دەدرێ بە رژێمـی عێـراق. سـەرەڕای ئـەوەش، رژێمێکی لەم چەشنە بەلای حکومەتێکی سێنترالّی بـەهێزدا وەردەچـەرخێ. ئەمە زامنی سەقامگیریی دەکات(لای کـەم بەشـێوەیەکی کـاتیی). هـەروەها پاسەوانی یەکێتیی خاکی عێراقیش دەکـات. تەنانـەت ئەگـەر بەدڵنیاییـەوە دیمۆکراتییش نـەبێ. رژێمـی دانـراو، بـۆ خـەڵکی عێـراق پێشـکەوتنێکی بەرچاوە. هەر رژێمێکی بووکەشووشە بەدیارییکراویی، لەڕووی مۆراڵییەوە لە رژێمی سەدام پەسەندتر دەبێ. ناکرێ پێچەوانەی ئەوە نەبێ.

لایەنە خراپەکانی رێگەچارەی 3

وێڕای ئـەوەی لـە سەرنجڕاکێشـیی رێگـەچارەی 3 دا دەردەکـەوێ. بـەلام زیانێکی قورس لە بەرژەوەندییەکانی ئەمێریکا دەدات. هـەروەها بەهـەموو ئەگەرەکانەوە بۆ عێراق بە کارەسـات کۆتـایی دێـت . سـەرەڕای مسـۆگەر روودانی ئـەو پڕوپاگەندانـە. پێچەوانەکەیشـی هەیـە. رێگـەچارەی سێ وا دەخوێنرێتەوە کە ئەمێریکا بۆ هێنانی دیمۆکراسیی بۆ عێراق، پاشەکشە لە بەڵێنـەکانی دەکـات. کۆمیـونیتیی نێونەتـەوەیی خـاوەن گومـانی قـووڵ، خراپترین گومانیان دێتە دی. حوکمدان لەسەر جەنگی ئەمێریکا- بریتانیـا بەشێوەیەکی کۆنەپەرستانە دەبێ. کە شـەڕێکی دەسـترێژکارانە بـووە دژی دەوڵەتێکی جیهانی سێ لەخوتوخۆڕایی، بۆ بەرژەوەندی تەسـکی خۆیـان. پڕوپاگەندەکانی سەرۆک بوش کە " ژیـانی عێراقییـەکان و سەربەسـتییان جێی بایاخمانە" و بەڵێنەکانی بە" ئومێدو پێشکەوتن بـۆ ژیـانی میلیۆنـان عێراقیـی"[309]. وەک فێڵێکـی زۆرزانانـە، گۆڕەوشـار دەنـرێ. ناوبـانگی

ئەمێریکا پێشتر بەخراپیی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە بەهۆی هەوڵە دیپلۆماسییە شکستخواردووەکانی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا UN، ئێستاش لەژێر تاقیکردنەوەدایە لە عێراقدا. ئەگەر ئەمێریکا بەڵێنەکانی خۆی بەجێ نەهێنێ، لە دابینکردنی دیمۆکراسیی بۆ عێراق، کەواتە سەخت دەبێت، هیچ شتێکی تر ببینرێ، جگە لەزیادبوونی هەرچی زۆرتری هەستی ئەنتی ئەمێریکایی لە ئاستی جیهانییدا. لێرەدا، ئەو ئایدیایەی کە ئەمێریکا بەکردەوە دەتوانێ دڵ و هۆشی جیهانی عەرەب رابکێشێت، بەتەواویی بەبادا دەچێ. پێش دەستپێکردنی شەڕ زۆربەی شارەزایان پێشتر پێشبینییان کردبوو، کە بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەتێکی عەرەبیی موسڵمان، لەجەرگەی رۆژهەڵاتی ناڤیندا، تەواوی نەوەی گەنجانی عەرەب بەرەو پەرگیریی دەرەتێنێ، لە کورتماوەدا، ئەمەش بێئەملاولا زیان بە ئەمێریکا دەگەیەنێت، لە شەڕی دژ بە تێرۆری جیهانییدا.
هەمیشە ئەگەرێکی زۆر دوور هەیە، بەدڵنیاییەوە، کە عێراقییەک لەسە هاوشێوەی نێلسن ماندێلا، وەک قەقنەسphoenix لەخۆڵەمێشەوە پەیدا ببێت و بیماری ئەو زامانە بکات کە کۆمەڵگەی پێوە ئالوودە بووە، سەرکردایەتی مارشی سەرکەوتنی عێراقییەکان بەرەو سەرکەوتن بکات. چانسەکان زۆر کەمن، بەهەرحاڵ، تەنانەت ئەگەر ئەمێریکاش خۆی لەبەرپرسیارییەتی دیمۆکراتیزەکردنی عێراق بدزێتەوە، فۆرمێک لە ستراکتۆری سەرکردایەتیی لەشوێنیدا بەجێبهێڵێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک روون نییە، ئەمە لەکوێوە دێت. ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، ستراکتۆری هەیە، نوێنەرایەتیی گرووپ و باڵەجیاوازەکان لە عێراقدا بەبەرینیی دەکات. لای کەم بەسەرزارەکیی یەککرتوون لەدەوری پێداویستیی بوونی عێراقێکی دیمۆکراتیی فیدراڵ، بەڵام ئەم ئەنجوومە نیشانی دا، کە خۆبەخۆ زۆر بیروبۆچوونی جیاوازییان هەیە، رێککەوتنی سەرزاریی لە سەر بەکارهێنانی وشەگەلێکی وەک" دیمۆکراسیی" و "فیدراڵیزم"، ماسک دەخەنە سەر راستییەکی سەرەکیی، کە گرووپی جۆراوجۆر لەئەنجوومەنی حوکمدا، ئەم تێرمانە بە شێوازی رادیکاڵانەی جیاواز لێکدەدەنەوە. ئەگەر ئەنجوومەنی حوکمی عێراق نەتوانێ لەسەر رێککەوتنێکی واتادار لەسەر ئاییندەی عێراق، لە هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی ئاسایش پارێزراوی ناو

لەندەندا نزیک ببنەوە، پێ ناچێ گەیشتن بە ڕێککەوتن ئاسان بێت لەهەلومەرجی شێپرەوی بەغدادا.

سەبارەت بەو تاکانەی کە دەتوانن خزمەتی ئەوە بکەن و ببن بە "دەموچاو" ی پەژرێنراو بۆ داگیرکاریی ئەمێریکا. بە سادەیی کەسی هەڵسوڕاو نییە. تاکێک لەلایەن سونییەکان، شیعەکان و کوردەکانەوە بێتە پەژراندن. ئەحمەد چەلەبیی سەرۆکی INC لەڕووی دێمۆگرافییەوە بۆ ئەم لیستە دەبێت. بەلاّم بەکردەوە لەناو عێراقدا نەناسراوە. ئەفسەری ناوداری سوپای پێشووی عێراق بۆی هەیە هەندێ خاڵی باشی تێدابێ، سوپای عێراق تا هەڵوەشاندنەوەکەی وەک بەرێزترین ئینستیتیوشن لەچاوی خەڵکی ئاسایی عێراقدا مابووەوە. یەکێکە لە ئینستیتیوشنانەی لەڕووی مێژووییەوە خزمەتی بەیەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە تا بە دابەشبوونی کۆمەڵگە دەگات.

سەرکردەیەکی لەم چەشنە بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەبێ عەرەبێکی سوننە بێ، لەبەرئەوەی ئەفسەری پلەداری بەرز لەناو شیعەکاندا کەمە. هەروەها لەبەرئەوەی ئەفسەرانی زۆروزەبەندی عەرەبی سوننە. سەرکردایەتیی شیعە ناپەژرێنن. ئەوەش روون نییە کە چۆن ئەو ئەفسەرانەی سوپا. کە خۆبەدەستەدانیان هەڵبژارد بەرامبەر هێزی هاوپەیمانان. تا ئەوەی بجەنگن(وا دەهێنرێتە پێش چاو. ئەوانەی شەڕیان هەڵبژارد. کۆتاییان پێ هاتووە لە هەر خۆپالاّوتنێک بۆ پۆستی سەرکردایەتیی) لەلایەن عێراقییەکانەوە حوکم بەسەریاندا دەدرێ. بۆی هەیە وا سەیریان بکرێ کە ترسنۆک و خۆفرۆشن لەهەمبەر دەوڵەتی عێراقدا. یان وەک پاڵەوان کە بەرگرییان نەکرد لە رژێمێکی درندەو ستەمکار. لەهەردوو باردا، ئەگەر ئەمێریکا عێراق بەجێبهێڵێ و بیخاتە دەست سەرکردەی سەربازییەوە، گران لەسەری دەکەوێ، بەتایبەت ئەگەر ئەم قەوانە بە سەرکەوتنی دیمۆکراسیی بفرۆشێ.

لەپشت وردەکاریی ئەوەی سەرکردایەتی رژێمێکی بووکەشووشە دەکات، مەسەلەی زۆر بایەخدارتر دەرگیری چارەنووسی ئەم رژێمە دەبێتەوە لەکاتی تەواوبوونی داگیرکاریی ئەمێریکادا. لەگەڵ زۆر پرسیاری سەخت کە رووبەڕووی رێککەوتنی دەسەلاّت دابەشکردن دەبێتەوە، دابەشکردنی دەسەلاّت بە ئومێدی چارەیەک دەمێنێتەوە. هەروەها هیچ

بناغەیەک بۆ دیمۆکراسیی لەئارادا نییە. لەڕاستییدا تەنها دوو ڕێگەی بەرەنجام هەیە. یەکەمیان، خەبات بۆ دەسەڵات لەنێو گرووپە جیاوازەکانی عێراقدا، ببێتە هۆی پاشاشکێنییەکی سەرتاسەریی، وێڕای ئەگەری شەڕی ناوخۆیش. دووەم، ڕژێمی عێراق، وەک هەر ڕژێمێکی تری عێراقی پێشوو خێرا تێگەیشت، کە دەسەڵاتێکی زۆردار و بەکارهێنانی هێز، دوو تۆخمی سەرەکیین بۆ حکومەتێکی سەقامگیر لەعێراقدا. ئەمێریکا بۆ دەستگرتن بە ڕژێمەوە لەدوورەوە یارمەتیی دەدات.

لەبەرامبەریشدا عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی گوێ لەمستی ئەمێریکا . بگەڕێینەوە بۆ پاشەڕۆژی دەوڵەتی عێراق، ئەگەری سێیەم بەرەنجام- ئەوەیە کە ڕژێم خۆی تەرخان بکات لە دوور مەودادا دیمۆکراسیی بچێنێ- تا ئەوپەڕی رادەش سەرکەوتوو بێت- ئەمەش بەرەنجامێکی گونجاوە. وەک هەمیشە لەعێراقدا وابووە. ئەو بۆچوونەی کە عێراق دەتوانێ ڕێگەی خۆی بەرەو دیمۆکراسیی بدۆزێتەوە.80 ساڵە لەمێژووی عێراقدا بەبادا دەدرێ. ئەم بۆچوونە پێیوایە ڕۆنانی ئەو خشتە سەرەکییانەی بۆ سیستەمێکی دیمۆکراسیی سەقامگیر پێویستە. پێشتر شوێنی خۆیان لەعێراقدا گرتووە، کاتێ ئازادکرا لەژێر نێزەی ڕژێمێکی چەوسێنەردا. دیموکراسی بەدەردەکەوێ وەک دەوڵەتێکی سروشتیی بۆ خەڵکی عێراق. ئەمە فانتەسییە{ فەنتازیایە}. دیمۆکراسیی خۆبەخۆ پەیدا نابێ و بەدڵنیاییشەوە لەشەو و ڕۆژێکدا نا.

ئەنجامگیریی: بیرکردنەوە لە ئۆڵتێرنەتیڤەکان

لە هەنووکەدا، ئەمێریکا دووچاری هەلومەرجێکی سەخت بووەتەوە. بەڵێنی دا دیمۆکراسیی بۆ عێراق بهێنێ، لەوێشەوە، بۆ سەرتاپای ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ئەمێریکا خۆی وەک هێزێکی داگیرکار دەبینێتەوە. کەپەرۆش نییە بۆ داگیرکارییەکی سەربازیی درێژخایەن، بەدڵنیاییەوە پێویستە بۆ ئەوەی ئەمێریکا بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت. ڕێگەچارەیەک هەڵبژێرێ. لەو سێ ڕێگەچارەیەی پێشتر باسکران، ڕێگەچارەی یەکەم نزیکترە لەوەی کە ئەمێریکا پێش بەرپاکردنی جەنگ بیری لێدەکردەوە؛ ڕێگەچارەی دووەم، ئەوەبوو، دەبووایە دیموکراسیی وەک چانسێک بۆ ڕزگارکردنی عێراق بدرایە. بەڵام ئەمەیان پێ ناچێ چ لەلایەن ئەمێریکا و چ لەلایەن خەڵکی

عێراقـەوە بێتـە پەژرانـدن: رێگـە چـارەی سـێیەمیش زۆرتـر رێگـەی تێـدەچێت کـە بـەدی بێـت. رێگریـی ئەوەیـە. رێگـەچارەی گونجـاو بـۆ عێراقێکی دێموکرات و سـەقامگیر. لـەرووی سیاسـییەوە مایـەی پەژرانـدن نییـە. لەکاتێکـدا دوو چارەسـەرییەکەی تـر رەنگـە کەرتوپـەرتبوونێکی توندوتیژانـەی عێراقـی لێبکەوێتـەوە. ئـەمێریکا لـە پرۆسێسـی هەڵوەشاندنەوەی پاشماوەی ئینستیتیوتەکانی دەوڵـەتی عێراقدایـە. ئەگـەر کار وا بڕوات. مەترسیی لەسەر تواندنەوەی ئەو" گلوو" ە دروست دەکـات. کە بۆ هەشتا ساڵ دەوڵەتی پێکەوە نووسـاندبوو. لـەم خاڵـەوە. حیکمـەتی تێدایە. ئەگەر بیر لە ئۆڵتێرنەتیڤێکی تر بکەینەوە.

رێگەچارەی 4: دابەشکردنی عێراق بەبەرنامە

رێگەچارەیـەک. کـە بـەدوای دابەشـبوونی دەوڵـەتی عێراقـدا دێـت. وەک ئەگەرێـک نەخراوەتە ناو دیبەیتەوە. تا چەند ئەم رێگەچارەیـە شـت لـەخۆ دەگرێ. لەشێوەی فۆرمگەلێکی بەڵێنکارییدا بـوو کـە ئـەمێریکا دەست بـە یەککگرتوویی خاکی عێراقەوە دەگرێ. ئەو بەڵێنە بە پلەی یەکـەم بـۆ ئـەوە درا کە تورکەکان دڵنیا بکاتەوە. لەوەی کوردسـتانی سـەربەخۆ لەئـەنجامی کێشەکەدا نایاتـە دی. لەبەرامبەریشـدا. تورکـەکان دەبووایـە رێگـەیان بـە ئەمێریکا بدایە بەرەی باکوور لە خـاکی ئەوانـەوە بکاتـەوە. لـە کۆتاییـدا. تورکەکان سەبارەت بە خۆیان ئەو مامەڵەیان رەتکردەوە. وەک چارەیـەک. بەبەرنامـە دابەشـکردنی عێـراق. بـەدوور لەئایدیالـەوە. باشـترە لـە هـەر رێگەچارەیەکی تر. لەهەنووکەدا لەژێر وردبوونەوەدا بێت.

ئەمەچۆن روو دەدات؟ دیارترین ئەو نارەزایەتییانەی لەسـەر دابەشـبوونی عێراقە. ئەوەیە کە پێیانوایە چارەسـەرییەکی سـەپێنراو دەبـێ. جارێکیتر. دەسـەڵاتی ئیمپیریالیسـتیی رۆژئـاوا نەخشـەی رۆژهـەڵاتی نـاڤین. بـۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژیی و ئابوورییەکانی خۆی. دادەرێژێتـەوە. ئەمە رەتکردنەوەیەکی گرنگە. لەبەرئـەوەی ئەگـەر بەراسـتیی دابەشـکردنی عێراق دانرا. یەکلایەنە لەلایەن ئەمێریکاوە سـەپێنرا. زۆر سـەخت دەبێـت. ئایا ئەم سنوورانە لەلایەن خەڵکانی ناوچەکە لەبەرچاو دەگیردرێن. ئەمەش چارەسەرییەکی فشـۆڵە. چاوبەسـتنەکە لـەوەدا نییـە کـە ئـەم چارەسـەرییە

بسەپێنرێ. بەڵکوو لە پێشکەشکردنی هەلێکدایە بۆ خودی عێراقییەکان، کە بڕیار لەسەر مەسەلەکە بدەن.
هێڵە سەرەکییەکانی ئەمە پێشوەخت جێی خۆی گرتووە. پلانی پێنتاگۆن بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ بەش، باکوور، نێوەڕاست و باشوور ئەوەیە کە چۆن پرۆسێسەکە دەستپێدەکات. چێکردنی سێ قەوارەی ئۆتۆنۆمیی لەژێر چاودێریی یەک دەوڵەتی دەستوپێ بەستراودا. ئەم قەوارانە دەبێ لەلایەن ئەو ستراکتۆرەری کە هەبووە و پێی لەسەر زەوییە بەڕێوە بچن. لەکەیسی باشووردا. واتای حوکمڕانییکردنی لەلایەن سەرۆک خێڵەکان، سەرکردە ئایینییەکان و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لەچەشنی گرووپی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی و ئەلدەعوە. ئەگەری ئەمجۆرە لەفۆرمی دیمۆکراسیی لاوازە، بەڵام ئەوە زۆر گرنگ نییە. مەبەست ئەوە نابێ کە دامودەزگای دیمۆکراسیی بەسەر هیچ قەوارەیەکدا بسەپێنرێ. بەڵکوو ڕێگە بەهەر قەوارەیەک بدرێ. حوکمڕانیی خۆی بەپێی بەرژەوەندییەکانی بکات.
بەڕوونیی. لە کەیسی کوردستانی عێراقدا. حوکمڕانیی لەڕێی هەردوو لایەنە کوردییەکە (یەکێتیی و پارتیی). لەگەڵ کۆمیونیتیی تورکمان و ئاشوورییەکاندا دەبێ. لەپراکتیکدا. ئیدارەی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێ هەروەک لە دەیەی پێشوودا هەبووە. یان شتێکی لەو چەشنە. بەواتایەکی تر. نزیکترین شت لە فەنکشنی دیموکراسییەوە (هەرچەندە کێماسییدارە) لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. دووچاری ئاڵوگۆڕ نابێ. ئامانجی بەڕێوەبردنی سێ ئیدارەی جیاواز. لەجیاتی یەک ئیدارەیی. دەقاودەق بۆ دوورکەوتنەوە لە شێوازەکەی MacArthur بوو. ئەمێریکا وەک هێزێکی خۆتێهەڵقورتێن. کە لەپشت کورسی دەسەڵاتەوە دەبێ. زۆر گرنگە لە ڕۆڵی ملهوڕانەی کەمبکرێتەوە. ئیدارەی بەڕێوەبردنی دوای شەڕی عێراق. پێویستە گەشە بە دەسەڵاتی بدات. بەدوور لەدەستتێوەردانی سێنتەر بەپێی توانا. حوکمڕانیی عێراق زۆر ئاسانتر بەسێ بەش بەڕێوە دەبرێ. کەمتر چەوساندنەوەی تێدا دەبێ وەک لەوەی یەک قەوارەیی بێت.
کاتێک باروبۆخەکە دەڕەخسێ. هەر قەوارەیەک بڕیاری خۆی دەدا لە شتە چارەنووسسازەکاندا. نۆژەنکردنەوەو پێکەوەنانی پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەریاندا. دوو هاوپشکی سروشتیی لە باکوورەوە،

ئێـــران و تورکیـــا، لـــه نێوەڕاســـتەوە ســـوریا و ئـــوردن، لـــە باشووریشەوە دەوڵەتە میرنشینەکانی کەنداو. شیمانەی ئـەوە بکـەین کـە دانوسان لەسەر فۆرمێک دەکرێ بۆ دابەشکردنێکی یەکسان لـە بەروبوومـە نەوتییەکاندا(وەک لە پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراکی کە UN بەڕێوەی دەبـرد). کەناڵـە سـەرەکییەکانی هـەناردەی نـەوتی عێـراق بەشـێوەیەکی سروشتیی بۆ سێ بەش دابەش دەکـرێن. لەچاڵـە نەوتـەکانی بـاکوورەوە، بۆڕییە نەوتەکان بۆ تورکیا درێژ دەبنەوە؛ لـە کێڵگـەکانی کەرکوکـەوە بـۆ باشووری رۆژئاوا. هەرچەندە بۆڕییـەکان بـەرەو سـوریا (لـە هەنووکـەدا داخراون). لە کێڵگەکانی نەوتی باشوورەوە، رێگەی سەرەکیی بە کەنـداودا دەڕوات. ئامـانج، چێکردنـی پێوەنـدیی ئـابووریی سـەربەخۆیە لـە نێـوان هەرسێ قەوارەو وڵاتانی تردا. بۆ دوورکەوتنەوە لە قۆرغکردنی بڕیـاردان لـە ئیـدارەی نێوەنـد. بـەڵام ئەمـە کـاتیی دەبـێ، رێگـە بـە بنیاتنانـەوە و رێکخســـتن دەدات. بـــەبێ رووبەڕووبوونـــەوە و گرفـــت لەگـەڵ دوایـــین جوارچێوەیەک کە حکومەتی نێوەندیی بڕیاری لەسەر دەدات.

حوکمڕانییکردنی عێراق ئەوەی ناوێ، وەک شتێکی پیرۆز راسـتەوخۆ بـە کۆمەڵێ پرِیسنیپی دەستورییەوە گەمارۆ بدرێ. حکومەت دەکرێ لە ئاسـتی هەرێمەکاندا رێکبخرێ. حکومـەتێکی مـڵ و هەسـتیار بێـت بـۆ جیـاوازیی سـتراکتۆرە کۆمەڵایەتییـەکان پێـی لەســـەر زەویـــی بێـــت. فۆرمێـــک لەحکومـــەتێکی لاواز و دەســـتەپاچەی ســـێنترالیی، وەک چـــەترێک بـــۆ هـــەمووان. ئەمـــە دەکـــرێ بەئەنقەســـت بێدەســـەڵات بکـــرێ و بـــدرێ بـــە کۆمیونیتیی عێراقییەکانی تاراوگە، یان لەڕووی دەسـتورییەوە ئەنـدازیاریی لـە ئاکـامی بنبەسـتە ئابوورییەکانـدا بکـات، وەک کۆپییـەکی تـەواوی دەستووری بۆسنیا.

سـەبارەت بـە هێـزی ئاسـاییش، کوردەکـان پێشـمەرگە هەڵناوەشـێننەوە، بەمپێیە هەر قەوارەیەک پێویستە رێگەی پێبدرێ، هێزی ئاسایشی خۆیـان رێکبخەن. جارێکی تریش، ئەم شێواز و هەلومەرجە رێـک لـەوەی بۆسـنیا دەچێ. بەڵام دابەشکردنی عێراق بۆ سێ قەوارە کۆتـایی ئامانجەکـە نییـە، پرۆسێسێکی کاتییە لـە بنیاتنانـەوە، کـە هـەر قەوارەیـەک دەتـوانێ ئاقـار بەگەشەی سروشتیی بدات، دانیشـتوانی هـەر قەوارەیـەکیش دەستنیشـانی ئەم رێکخستنانە بکەن. پاش ماوەیـەکی دیـاریکراو(بـۆی هەیـە دوو بـۆ

سێ ساڵ بێ). کاتی ئەوە دێت، کە عێراقییەکان خۆیان ئایندەی سیاسیی عێراق دەستنیشان بکەن.

یەکەمین پرسیار لە سەر ئەجێنداکە، ئەوە لەخۆ ناگرێ شێوەی سیستەمە سیاسییەکە چۆن دادەنرێ. بەڵام گرنگترین بڕیار دەبێ. ئایا عێراقییەکان دەیانەوێ وەک وڵاتێک پێکەوە بمێننەوە، ئەگەر وابوو، ئایا ئامادەن بۆ گەیشتن بەمە، لەسەر چیی رێکبکەون ؟ ئەم پێشنیارە پێویستی بە ریفەرێندەمە، بە دایەلۆگی کراوەو دڵسافییەوە لەنێوان عێراقییەکاندا بچێتە پێشەوە. ئایا بەڕاستیی هیچ ئاییندەیەک بۆ دەوڵەتی عێراق هەیە. ریفەرێندەمەکە لە هەر سێ قەوارەکە دەبێ بکرێ، هەروەها ئەگەر زۆرینەی هەر قەوارەیەک دەنگیان بۆ جیابوونەوە لەعێراق دا. ئەم بڕیارە دەبێ بپەژرێنرێ.

باشیی ئەم هەنگاوە دەکەوێتە سەر ئەو پەرۆشییەی بە هەموو لایەنە سەرەکییە سیاسییەکان درا. بۆ ئەوانەی کە پێیان باشە یەکێتیی خاک پارێزراو بێت، ئامانجەکە ئەوە دەبێ کە بیبەنەوە لەدژی ئەوانەی لەعێراقدا ناحەوێنەوە. ئەمەش خواستی دەوێ بۆ داشکاندن و رێککەوتن لەسەر پرینسیپی گرنگ. بۆ گەڕانەوەی کوردەکان وەک بەشێک لەدەوڵەتی عێراق بۆ نموونە. لەسەر عەرەبی عێراقیی پێویستە کە رێگەیان پێبدەن حوکمڕانیی ئۆتۆنۆمییانەی خۆیان بکەن. هەروەک لە ماوەی 12 ساڵی رابردوودا کردوویانە. ئەمە شەڕێکە لەگەڵ دڵ و دەروونی عێراقییەکاندا دەرگیرە. هەروەک پێویستە وابێت.

لەم پرۆسێسەدا، سێ دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە. یەکەم هەرسێ قەوارەکە پێکەوە لە دەوڵەتێکی یەکپارچەدا بمێننەوە؛ دووەم کوردەکان دەکشێنەوە. لەکاتێکدا عەرەبەکانی عێراق پێکەوە دەمێننەوە؛ سێیەمیش، سێ جۆرە دابەشبوون دێتە کایەوە. دەوڵەتی کوردیی لە باکوور، دەوڵەتی سێنترالی سوننە-شیعە و دەوڵەتی شیعە لە باشوور. لەسەر بناغەی مێژووی رابردوو. دەرئەنجامی یەکەم رێی تێدەچێ. بەڵام کوردەکان داوای دڵنیایی زێتر دەکەن، کە لەقازانجیان دەبێ، وەک بەشێک لە عێراق بمێننەوە. دەرئەنجامی سێیەم پێی دەچێ دواهەمین هەنگاو بێ. بەڵام ئەو دەرئەنجامەی ئەگەر رووداني زێتری هەبێ، دووەمە، لەم کەیسەدا دەوڵەتی عەرەب لەعێراق (یان بۆی هەیە میزۆپۆتامیا)، هاوشانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی بگونجێن.

هەر سێ ئەم دەرئەنجامانـە رێـــی تێـــدەچێ. باشـــیی و خراپییـــەکانی هەریەکەیان دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن.

عێراقی یەکگرتوو

ئەگەر هەرسێ قەوارەکەی عێراق پێکەوە بمێننەوە، کەواتە لـەڕووکاردا هـیچ نەگۆڕاوە. عێراق هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە هـەروەک هـەبووە. بـەڵام شتێکی گرنـگ گۆڕاوە. بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی عێراقدا، یـەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە هەیە. کوردەکان بە ئازادانە دەچنە نـاو دەوڵـەتی عێراقـی عەرەبییـەوە. ئـەو دەنگدانـەی ئەمـە بەرهـەم دێنـێ، دەتـوانرێ وا دابنـرێ لـەمێژووی مـۆدێرنی عێراقـدا یەکـەمین دەربڕینـی راسـتیینەیە لەسـەر ئایدێنتیتیی نیشتمانیی. ئەگەر شـتی تـر نـەبێ، ئـەم بەرەنجامـە یەکـەمین قۆنـاغ دەبێ بۆ پرۆسەیەکی دووردرێژی سـارێژکردنی برینـە قووڵـەکانی مێژووی عێراق. لـەم قۆناغـەدا، عێـراق چانسـی دەبـێ باشـتر لەسـەردەمی حیزبـی بـەعس بـەڕێوەببرێ. لەبـەر ئـەوەی توخمـەکانی تـۆبزیی بـۆ پێکەوەنان و مانـەوەی پارچـەکان، لابـران. ئایـا دەوڵـەتێکی دیمـۆکراتیی لەعێراقدا بەرهەم دێت، ئەمە پرسیارێکی کراوەیە. بۆی هەیە ئەم دەنگدانـە پێش کۆمەڵی رەدەڵ و بەدەڵی پێویسـت بکـەوێ، کـە لـە قۆناغێکـدا دێنـە پێشەوە. بۆ نموونە، وەک رێی تێ دەچێ، ئەگەر سوننەکان لەگەڵ مانەوەی عێراقدا بوون بە شێوەی هەنووکە، ئەو کاتە لەسەریانە کە مل بدەن بـەوەی رۆژگاری باڵادەستییان بەسەر دەسـەڵات و بڕیارەکانیـدا کۆتـایی پێهـات. دەسەڵات دەبێ لەگەڵ شیعەدا پێکەوە بکەن.

خاڵی لاوازی ئاشکرا نییە لە دەسـتەوەگرتن بـە یـەکێتیی خـاکی دەوڵـەتی عێراقەوە. تورکیا بۆی هەیە گازەندە بکات سەبارەت بە ئاستی ئۆتۆنـۆمی کوردەکان، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە تورکیا چیتـر خـۆی لەهەلومـەرجی سیاسـیی عێـراق هەڵنـەقورتێنێ. ئەگـەر ئەمـە وەک هۆشـدارییەکی ئەمێریکا وەربگیردرێ، با وابێت. ئەوەی لەمەوە بەرهـەم دێـت، بـۆی هەیـە دیمۆکراتیی بێـت یـان بەپێچەوانـەوە. بـەڵام سیسـتەمێکە لەلایـەن خـودی عێراقییەکانـەوە پەسـەند کـراوە، نـەک لەلایـەن ئـەمێریکاوە بەسـەریاندا سەپێنرابێت. لای کەم لەکوردستاندا، ئەگەرێکی بەهێز هەیە، ئەگەر رێگەیان پێ بدرێ، ئۆخژنی ئەو پلەیە لەدیمۆکراسیی بکـەن کـە پێشـتر هـەیانبووە.

بەتێپـــــەڕبوونی کـــــات، دیموکراسییەکی پراکتیـک دێتـە کایـەوە. ئـەم ئەگەرەش پێشتر ئامادەیی هەیە.

بەرەنجامی دوو دەوڵەت

ئەگەر کوردەکان بەڕاستیی هەلیان بۆ بڕەخسێ کـە چارەنووسـی خۆیـان دیار بکـەن، بـەرەنجامی ئـەم ئەگـەرە، دروستبوونی دەوڵـەتێکی کـوردیی سەربەخۆیە لە باکووری عێراقدا، هاوشانی قەوارەی عەرەبیی لە باشووردا. بۆ ئـەوەی ئەمـە روو نـەدات، دانیشـتوانی عـەرەب، دەبـێ ئامادەییـان بـۆ ئاستێک لە لێبووردەیی بەرامبـەر ئۆتۆنـۆمیی بـۆ کوردەکـان تێدابێت، کـە پێشتر نەیانپەژراندووە. کوردەکانیش دەبێت متمانە بهێنن بـە عـەرەب کـە بەسـەر حکومـەتی سـێنترالّدا زاڵ دەبـن. ئـەو پەیمانانـە بەرنـە سـەر کەدەیدەن(دواتریش) کاتێ لەدەسەلاتدان، جێبەجێی بکەن. پێ نـاچێ ئـەم دووانە هیچیان روو بدەن، ئەوەی رێی تێدەچێ، ئەوەیە کوردەکـان ئـەوە هەڵدەبژێرن کە ماوەیەکی زۆرەخـەون بەسـەربەخۆییەوە دەبیـنن. ئەگـەری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، زۆر مەسەلەی گرنگ دەورووژێنـێ، بـەلام بەویژدانەوە، کوردستانی سـەربەخۆ چارەسـەری گرفتـەکان زێتـر دەکـات وەک لەوەی گرفت دروست بکات.

سنوورەکان دەکەونـە کوێـوە؟ ئـەوە لەبـەرچاو بگیـردرێ، هـیچ ئامـارێکی بـاوەڕپێکراو لـە سـاڵی 1957 ەوە نـەکراوە. تەخشـانبوونی ژمـارەی کوردەکـان بـەپێی ژمـارەی عەرەبـەکان لـە بـاکووری عێـراق نـەزانراوە. هەروەها هەندێ شار لەچەشنی هەولێر و سلێمانیی بۆ نموونە، گومانی تێدا نییە کە شاری کوردیین، بەلام موسڵ بەتـەواویی عـەرەب بەسـەریدا زاڵـە. بەمپێیـە دەوڵـەتی سـەربەخۆی کـوردیی، موسـڵ لـەخۆناگرێ. هەلومـەرجی کـەرکوک بـە ئاشـکرا ئـاڵۆزیی پێـوە دیـارە، لەئـەنجامی چەنـدین دەیـە لـەپاکتاوی ئێسـنیکیی، لەکەرکوکـدا عەرەبـەکان رێژەیـەکی گـەورە پێـک دەهێنن، ئەگەر زۆرینەش نەبن.

بەهەرحاڵ، دیدی عـەرەب و کـورد لەسـەر گرنگیـی کـەرکوک جیاوازییـان هەیە، بۆ کوردەکان کەرکوک ئۆرشەلیمە{ قودس}، بۆ رژێمە یـەک لـەدوای یەکـەکانی عــەرەب، کرۆکـی مەســەلەکە کـۆنترۆڵکردنی کێڵگـە نەوتییـە زەبەلاحـەکانی کـەرکوک بـووە. دەکـرێ ئـەم دوو مەسـەلەیە لێـک جـوێ

بکرێنەوە لەسەر ئەوەی کەرکوک بەشێک بێت لە کوردستانی سەربەخۆ بەڵام مەرج نییە کۆنترۆڵی بەسەر بیرە نەوتەکاندا هەبێت. کەرکوک وەک شارێک دەبێ بەشێک بێ لە کوردستان، بەڵام نەوتی کەرکوک (لای کەم بە برەکەی خۆی) مەرج نییە بەشێک بێ . جگە لە لکاندنی کەرکوک بە کوردستانەوە، سنوورەکانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێ لەو سنوورە ئۆتۆنۆمییەی هەرێمی کوردیی کە پێشتر دامەزراوە.

* * *

ئایا دەوڵەتێ کوردیی دەتوانێ درێژە بەژیانی بدات؟ دەوڵەتی کوردیی لە باکووری عێراقدا، لەرووی دانیشتوانەوە بچووک دەبێ: لەنێوان 4 بۆ 5 میلیۆن خەڵک دەبێ. هەروەها دەروازە داخراو و گەمارۆدراو بە چەندین دەوڵەتی گەورەتر، بەهێزتر و بگرە دوژمنکاریش (تورکیا، سوریا، ئێران و دەوڵەتی عەرەبیی لە باشووری عێراق). کوردستانی نەپارێزراو، لە دەوروبەرێکی وادا لە پێنج خولەک زیتر ناژێت. تاکە رێگە بۆ ئەوەی کوردستانی سەربەخۆ وەک قەوارەیەکی کردەیی بمێنێتەوە، چێکردنی پێوەندییەکی بەردەوامە لەگەڵ ئەمێریکا یان ئامادەبوونی هێزی سەربازیی نێودەوڵەتیی لە کوردستاندا. دامەزراندنی بنکەی سەربازیی لە کوردستاندا، هاوشانی گەرەنتییە بۆ پاراستن. بەمشێوەیە کوردستان بۆی هەیە تەنێ بەشی عێراق بێت، خەڵکەکەی بە خرۆشانەوە پێشوازیی لە هێزەکانی ئەمێریکا بکەن. لەڕووانگەی ئەمێریکاوە کوردستان شوێنێکی ئایدیالە بۆ چاودێرییکردنی دراوسێکان " سەرکێشەکان" (ئێران و سوریا). بێئەوەی پێویست بەوە بکات کە هێزەکانی پێ بنێنە خاکی پیرۆز یان هەرێمێکی عەرەبییەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەمە قورساییەکی سەخت دەخاتە سەر ئەمێریکا بۆ دوور مەودا. کەواتە ئەگەری چاودێریی ناوچەکە لە دەرەوەی کوردستان، وەک هەلێک بەوردیی لەبەرچاو دەگیردرێ.

لە باری ئابوورییەوە، پێشهاتەکان باشتر دەبێ وەک لەوەی پێشتر هەبوو. گەشبینیی هەیە. هەندێ رێککەوتن بکرێ لەگەل دەوڵەتی عەرەبیی لە باشووردا کە کوردستان لە چاڵە نەوتەکانی کەرکوک رێژەیەکی گونجاوی بەربکەوێ. لەدرێژماوەدا کوردستان بە فاکتەوە شوێنێکی باش دەبێت بۆ

ئـــەوەی ببێتـــە چـــەقی بازرگـــانیی لەناوچەکـــەدا. کەوتووەتـــە ســـەر دووڕێیـــانی گـــەورەترین ســـێ شارســـتانییەتەوە (تـــورکیی، عـــەرەبیی و فارسیی)، سەخت نییە بۆ ئەوەی بهێنرێتە بەرچاو کـە کوردسـتان دەبێتـە بنکەیەکی بازرگانیی گرنگ لە ناوچەکەدا. لەسەرەتادا، بۆی هەیـە ئەگـەری دوژمنایەتی بەرامبەر ئەم دەوڵەتە تازە دروستبووەی کوردسـتان، بەتایبـەت لەلایەن تورکیاوە هەبێ.

بـە تێپـەڕبوونی کـات، هـەر سـاتێ کوردسـتان لـەڕووی نێودەوڵەتییـەوە بەڕاسـتیی ددانـی پێـدانرا، تورکیـا هـیچ چارەیـەکی تـری نییـە جگـە لـە کردنـەوەی دەرگـا بـەڕووی ئـەو شـەپۆلە بازرگانییـەی دەوڵـەتی تـازە دروستبوودا. بەساکاریی، ئەگەر تورکیا دەیەوێ پێوەندیی بازرگانیی لەگەڵ عێراقدا هەبێ، کەواتە نـاتوانرێ رێ لـە شـمەکەکان بگـرێ کـە بـە خـاکی هەرێمە کوردییەکەدا دەگوزەرێن. بوونی بنکەی سەربازیی ئـەمێریکیی، بـە نزیکـەی 30000 بـۆ 50000 هێـزی بیـانیی، کۆمـەک و هاوکارییـەکی گەورەی ئابووریی کوردیی دەدات.

لە باری سیاسییەوە، مەترسیی تەقینەوەی نێوخۆیی هەیە. پێوەندیی نێـوان هەروو باڵە کوردییەکە- ینک و پدک-، لای کەم هەمیشە دۆستانە نـەبووە. لەناوەڕاستی 1990 ەکانـدا بەدەستنیشـانکراویی، ئـەم پێوەندییـە گـرژە تەقییـەوەو بـوو بـە شـەڕی سـەربازیی، ئەوەنـدەی نـەمابوو بەیـەکجاریی ئـەزموونی کـورد لەگـەڵ دیموکراسـییدا پارەپـارە بکـات. لـە 1997 ەوە نـەیاریی نێـوان ئـەو دوو رێکخـراوە تاڕادەیـەک کـەمبووەوە و دەوڵـەتی دیفـاکتۆی کـوردیی لەلایـەن دوو ئیـدارەی جیـاوازەوە بـەڕێوە دەبـرا. بەڕوونیی، ئەگەر ئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتی کـوردیی لـە بـەرپابوونی شەڕی نێوخۆوە بوو، ئەمـە دەبـێ بـە جـدیی بخرێتـە ژێـر پرسـیارەوەو ئارگیومێنتەکە بە قازانجی سەربەخۆیی وەرچەرخێنرێ.

کۆمەڵێ هۆکار هەیە بۆ ئەوەی ئەمە روونەدات. یەکەم کۆمەکی نێودەوڵەتیی بەهێز، سـەقامگیریی جێگـەوت دەکـات و نـاهێڵێ ئـەوە رووبـدات؛ دووەم، هەرەسی حکومەتی کوردیی یـەکگرتوو، بەشـێکی پێوەنـدیی خـۆیی بـوو، بەڵام لەلایەن خۆتێهەڵقورتاندنی دەرەکیی دەوڵەتانی دراوسێوە رۆڵی تێـدا بینرا. دووبارە ئەمێریکا دەتوانێ بازووی هێز نیشـان بـدات، بـۆ ئـەوەی ئەمە روونەداتەوە. سێیەم سەرکردەی ئەو دوولایەنە، بـارازنیی (پـدک) و

تاڵەبانیی(ینک). نیازێکی زۆر بەهێزیان هەیە کە ئەوە تێک نەدەن. وەک چانسێکی تاقانە بۆ کورد. لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. مێژوو بەزەیی بەهیچیاندا نایاتەوە. ئەگەر کێشەی تایبەتیی نێوانیان رێگە بدات سەربەخۆیی کورد وێران ببێت. دواخاڵ. لە 1997 ەوە. هەردوو حیزب هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە. نەک هەر لەگەڵ خۆیاندا بەڵکووو لەگەڵ ئەو ئێسنیک و کەمایەتییە مەزهەبییانەی لەناو کوردستانی عێراقدا دەژین. کوردستان لەرووی پرۆسێسی جێبەجێکردنەوە دیموکراتیی نییە(هەردوو قەوارەکە. حکومەتۆکەی حیزبیین). بەڵام لیبراڵ و خۆراگرن.

* * *

تورکیا چۆن وەڵام دەداتەوە؟ بەدڵنیاییەوە باش نابێ. نیگەرانیی تورکیا خەخت لەسەر هەلومەرجی نزیکەی یەک ملیۆن ئێسنیکی تورکمان. کە کەوتوونەتە باکووری عێراقەوە(زێتر لە کەرکوک و موسڵدا). هەروەها لەسەر ئەگەری کاردانەوەی کوردستانی عێراقی سەربەخۆ لەسەر دانیشتووانە کوردە زۆرەکەی تورکیا دەکاتەوە. کوردەکانی تورکیا لەرووی جیۆگرافییەوە کەوتوونەتە بەشی باشووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەوە. بەژمارەش نزیکەی 15 ملیۆن دەبن. ناوبەناو لە لە1920 ەکانەوە. دواتر بەبەردەوامییش لە 1948 ەوە کوردەکانی تورکیا بە توندیی خەبات دەکەن لەدژی حکومەتی سێنترال. کە تەنانەت ئامادەنییە دان بە بوونیاندا بنێ وەک گرووپێکی ئێسنیکی جیاواز. " رێگە چارە"ی حکومەت بۆ کێشەی کورد لەسەر بەکارهێنانی دڕاندانەی هێزی سەربازیی وەستاوە. کە ئاراستەیەکە بە کوشتنی 30000 کورد. پاکتاوی نەژادیی بەکۆمەڵ و وێرانکردنی 3000 تا 4000 گوندی کوردیی لە 1948 ەوە لێی بەرهەم هاتووە.

گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان- سەرۆکی سەرەکییترین هێزی بەرگریگاری کوردیی. پارتی کرێکارانی کوردستان - پی کەی کەی- لەساڵی 1999دا ماوەیەک ئارامیی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئۆجەلان ئاگربەستی لە بەندیخانەکەیەوە راگەیاند و خۆی وایناساند کە حەزی بە چارەسەرییەکی سیاسیی بۆ مافەکان و کێشەی کوردیی لە تورکیادا هەیە. ترسی ئەنکەرە لەوەوە دێ. کوردستانی سەربەخۆ لە عێراق. خەباتی چەکداریی لە تورکیادا

کلێپە بسەنێتەوە. ئەمەش هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی تورکیا دەکات. ئەگەر ئەمە وابێ. ئەم ترسە ئارگیومێنتێکی بەهێزیی دژی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی لە عێراقدا لێ دەکەوێتەوە، وەک ئەندامێکی- ناتۆ- ش ماوەیەکی زۆرە تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ئەمێریکایە لە ناوچەکەدا، هەروەها سێکیولارە، کەمێک دیمۆکراسییە، پردێکی جیۆگرافیی و سایکۆلۆژیی گرنگە لە نێوان رۆژئاواو جیهانی ئیسلامدا.

تەقینەوەی تورکیا، بەئەندازەی کارەساتێکی تەواوە بۆ رۆژئاوا(و تورکیاش بەدڵنیاییەوە) لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئاسۆی دەوڵەتی کوردیی لە باکووری عێراقدا، ناسەقامگیرییەکی گەورەی لەتورکیا لێ دەکەوێتەوە. زۆر بێ بناغەیە. لەڕاستییدا، کەیسێکی بەهێز دەتوانرێ جێبکرێ کە دەوڵەتی کوردیی سەقامگیریی بۆ هەلومەرجی ستراتیژیی دەستەبەر بکات. لە زۆربەی سالانی نەوەدەکاندا بۆ نموونە، پارتیی دیمۆکراتی کوردستان بەجدیی هاوکاریی لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی تورکیادا، بۆ تێکشکاندنی چالاکییەکانی پی کەی کەی لە کوردستانی عێراقدا کردووە. رێگەی تێ ناچێ هەردوو باڵە کوردییەکە ئەو سەربەخۆییە نوێیەی تازە دەستیان کەوتووە، بۆ یارمەتییدانی پی کەی کەی بخەنە مەترسییەوە. لەڕاستییدا، زۆر جێگەی بڕوایە، کاتێ کوردەکانی عێراق شتێکی بەرجەستە لەدەست بدەن(دەوڵەتێک)، سوودی بۆخۆیان هەیە ئەگەر سەرلەبەر بۆ چارەسەری کێشەی پی کەی کەی هاوکاریی تورکیا بکەن.

لەناوبردنی پی کەی کەی وەک هێزێکی خاراو، بۆی هەیە تورکیا لەسەر مەسەلەی کورد بەڕیشەیی بە هەڵوێستەکانیدا بچێتەوە. بێگومان رێگەچارەی هەڵبژێردراو بۆ ئەم مەسەلەیە- توندوتیژیی و درندایەتیی- شتێکی ئەوتۆی نەکردووە، جگە لەوەی ژانی زۆر قورسی بە دەوڵەتی تورکیا گەیاندووە. ژەنەراڵەکانی تورکیا توانیویانە قورسایی ناساغڵەمی خۆیان بەسەر حکومەتی بەناو دیموکراسیی و سیڤیلدا جێکەوت بکەن. بەفیڕۆدانێکی بەردەوامی خەزێنەی تورکیا بووە(نزیکەی 8 بیلیۆن دۆلار سالانە)، هەروەها وایکردووە کە تورکیا، خراپترین ریکۆردی مافی مرۆڤ لەسەر زەویی تۆمار بکات.

ئەگەر هەروەک زۆرینــەی تورکەکان دەیانەوێ، ئاییندەی تورکیا لەگــەڵ ئەوروپا و ئەندامەتیی لە یــەکێتیی ئــەوروپادا دێتــەوە، کەواتــە بەســاکاریی ئەمە روو نادات، تا ئەم گرفتانە چارەسەر نەکرێن. ئەمەش چارەسەرییەکی ئاشتییانەو سیڤیلیانەی دەرهەق بەکێشەی کورد دەوێ. ئامانجەکانی تورکیا لەســەر کێشــەی کــورد شــتێکی بــێ بناغەیــە، تورکیــا پــاش هــەموو شــتێ هاوپەیمانێکی گرنگی رۆژئاوایــە- بــەڵام ئەمــە بــەو واتایــە نییــە، تورکیــا کارتی ڤیتۆی ئیفاکتۆ لەسەر ئاییندەی عێراق بەدەستەوە بگرێ.

لە کاتێکدا ئەو دژوارییەی رووبەڕووی دروستبوونی کوردستانی ســەربەخۆ دەبێتەوە لە بــاکووری عێراقــدا، نــابێ لێــی کەمبکرێتــەوە، بــەڵکووو دەبــێ هاوسەنگییەک بکرێ لە بەرامبەر ئەو ئارگیومێنتە بەهێزانەی کە لە قازانجی ئەم پێشهاتەدا هەن. یەکەم، کەیسێکی مۆراڵیی تەواو هەیە بۆ ئەوەی کــورد بەدەوڵەت ببێ. هیچ کۆمەڵە ئێسنیکێکی تــر لــە رۆژهــەڵاتی ناڤینــدا، بگــرە لەجیهانیشــــدا بــــەدرێژایی چــــەرخی بیســــتەم ئەوەنــــدەی کوردەکانیــــان نەچەشتووە. پێوانە ستراتیژییەکانی هێــزە گــەورەکان لــە 1920 ەکانــدا، نەتــەوەی کوردیــان بەشبەشــکرد و بەســەر خەڵکەکەیانــدا ســەپاند وەک کەمایەتیی بەردەوام لە دەوڵەتانی خەڵکی تردا بژین.

لەهەموو شوێنێک کوردەکان مامەڵەیان بەشێوەی هاوڵاتیی پلە دوو لەگەڵــدا کــراوە. هــەروەها لــە تورکیــا و عێــراق بەشــێوەی ئاســتی ئاســایی خــوار مــرۆڤیش مامەڵــەیان لەگەڵــدا کــراوە. هەڵویســتی رۆژئــاوا بەگشــتیی و ئەمێریکا بەتایبەتیی تا رادەیەکی زۆر گاڵتەئامێزانە بــوو. کــاتێ هەلومــەرج گونجــاو بووایــە لــەباری ســتراتیژییەوە، کوردەکــان هانــدەدران بــۆ بەگژداچوونەوەی دەوڵەتی سێنتراڵ، چەکوتفاقیان پێدەدرا بــۆ دریــژەدان بەشۆڕش؛ کاتێکیش هەلومەرج لەقازانجیان نەبووایە، بەتەنێ بەجێدەهێڵران بۆ ئەوەی چارەنووسی رەشی خۆیان دەستنیشــان بکــەن. بێگومــان، ئەمــە ئیــدارەی بوشــی دەســتکۆتا نــەکرد لــەوەی کــە ئــازارو ژانــی کوردەکــان بەکارنەهێنێ تا دوا رادە، بۆ زەمینەی شەڕسازیی لــە 2003 دا. هــەروەک دیــاربوو، بــەکارهێنانی چــەکی کیمیــایی دژی کوردەکــان لــە 1988 دا پاکانەیەکی باشی دا بەشەڕ بۆ لابردنی سەدام، بــەڵام کــارێکی نــەگونجاو بوو، پاکانە بۆ ئەوە بکرێ ئایا کوردەکــانی عێــراق چیــان شایســتەیە، کــە دەوڵەتی خۆیان شایستەیە.

دووەم، سەرەڕای نیگەرانیی هەندێ لایەن، گوایە دەوڵەتی کوردیی ئارامیی ناوچەکە تێک دەدات، پشت بەستوو بە بەڵگەکانی سەدەی بیست، سەختە ئەوە بهێنرێتە پێش چاو، چیی وا لەکوردەکان دەکات لەوە زیتر هاوکۆلکەی نائارامیی بن، وەک لەوەی پێشتر بوونە. کوردەکان لە تورکیا و عێراق بەتایبەتیی(لە ئێرانیش تا ڕادەیەک) هۆکاری نائارامیی نێوخۆیی بوونە. لە عێراقدا، یارمەتیی هێزە دەرەکییەکانیان داوە، وەک سوپایەکی یەدەک، بۆ ئەوەی سەقامگیریی لە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بشێوێنن. ئەمەش بەکەمترین زیان، وێڕای دەستگرتن بە ئۆتۆنۆمییەکەیانەوە، کوردەکان سەلماندوویانە لە کارکردندا هاوکارێکی باشن. دەوڵەتی کوردیی شتێک دەبەخشێتە کوردەکانی عێراق کە بزریان کردووە و هاندەرێکیش دەبێ بۆ سەقامگیریی لەناوچەکەدا. لەبری ئەوەی تێکی بدات، زۆر بەوردییش، نەبوونی دەوڵەتی کوردییە وای لەکوردەکان کردووە، لەناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هۆکارێکی پڕ لەمەترسیی بن.

سێیەم، ئەمێریکا لە عێراقدا بەشتێکەوە گیری خواردووە، کە شەڕی پارتیزانیی تەواوە. بوونی هێزەکانی ئەمێریکا پەرچەکردارێکی دوژمنکارانەی ڕوو لەسەری لەلایەن عێراقییە ئاساییەکانەوە بەبەردەوامیی لێدەکەوێتەوە. ئەو بیرۆکەیەی کە عێراقێکی یەکگرتوو یەکەمین پوولی دۆمینەی دیمۆکراسییە، ئەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەتۆپێ، گەشبینییەکی ئەوتۆی تێدا نەماوە. تەنها پارچە لەعێراقدا بتوانێ دیمۆکراسیی لەخۆبگرێ لەهەنووکەدا، کوردستانی عێراقە. بەسووربوون لەسەر ئەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراقێکی یەکگرتوو بێت، ئەمێریکا قومار بە تێکشکاندنی هێزێکی سیاسیی ڕاستیینەوە دەکات، کەهەوڵی دەدا، لەڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕزگاری بکات. هەنگاوێکی کەمتر بەرزخواز، بەڵام ڕاستەقینەتر، بەکارهێنانی کوردستانی سەربەخۆیە وەک یەکەمین پوولی دۆمینە لە ناوچەکەدا بە تۆپاندن دەدرێ. کوردستان دۆمینەیەکە کەمتر جێگەی بایەخە لەچاو عێراقدا، بەڵام لە ناوچەیەکدا کە ترادیسیۆنی دیمۆکراسیی نەبێ، موویەکیش لەبەراز بێتەوە هەر باشە.

دواجار، شایانی گوتنە، دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، پێشوەخت بوونی هەیە، تەنێ ناوی نییە. کوردەکان دامودەزگای خۆیان هەیە، دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەی خۆیاندا دەڕوات، سنوورەکانیان زانراوەو هێزی چەکدار

و ئامادەباشـــی خۆیـــان هەیـــە. حکومەتـــە کوردییـــەکان لـــە هـــەولێرو سلێمانیی هـەن. پێشـمەرگەکانی پـارتیی پاسـەوانیی شـەقامەکانی موسـڵ دەکـەن و کـەرکوکیش لەلایـەن پارێزگـارێکی کـوردەوە بـەڕێوە دەچـێ. ددانپێدانانی نێودەوڵـەتیی بـەم راسـتیینەیەی لەسـەر زەویـی هەیـە. تـەنها ئاشێکە لەم گەمەیەدا دیار نەبێ. لـەم ئاسـتەدا. سـەختە ئەگـەر ئەسـتەمیش نەبێ. چۆن کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەدەوڵەتی عێراقـەوە دەلکێنرێتەوە.

* * *

بـۆ پاشـماوی عێـراق چیـی روودەدات؟ بەشـەکانی تـری عێـراق لـەڕووی ئێسـنیکییەوە تـا رادەیـەکی زۆر هۆمۆجینییەسـە{ چوونیـەک}. لـەڕووی جیۆگرافییەوە. شتێک دەبێ لـە میزۆپۆتامیـای کـۆن دەچـێ. کـە زۆرینـەی دانیشتوانەکەی کەوتوونەتـە " خـاکی نێـوان دوو رووبـارە" دوە. لـەڕووی ئێسنیکیی و مێژووییەوە دەوڵەتی نوێی میزۆپۆتامیا زۆر لە دەوڵەتی کۆنی عێـراق گونجـاوتر دەبـێ . رەخنەئامێزانـــە. لابردنـــی کوردسـتان لـــە هاوکێشـــەکە. حـــوکمڕانییکردنی میزۆپۆتامیـــا زۆر ســـاناتر دەکـــات. سـەرچاوەی بـەردەوامی نائـارامیی بـۆ بـەکارهێنانی هێـز بـۆ پاراسـتنی یـەکێتیی خـاکی دەوڵـەتی عێـراق نامێنێـت. هـەروەها توانسـتی هێـزە دەرەکییەکان بۆ بەکارهێنانی کوردەکان وەک بریکـار بـۆ تێکـدانی بـاری ئارامیی حکومەتی سـێنترالْ رادەماڵێـت. ئـەوەی کـە عێـراق بـە کۆمـەڵێ حکومـەتی میلیتانـت و پـڕ لەتونـدوتیژیی بـەڕێوە چـووە. تێنەگەیشـتن و بەقورسگرتنی مەسەلەی کوردبـووە. بـەلابردنی ئـەم کێشـەیە. هـەلێک بـۆ حوکمڕانییکردنی میزۆپۆتامیا دێتە پێشەوە لە حیزبی بەعس باشترە. ئەمە بـۆی هەیـە. یـان بەپێچەوانـەوە کـە زۆر لـە دیمۆکراسـیی نـەچێ. بـەلام هەنگاوێکی باشە بەرەو ئاراستەیەکی راستوڕەوان.

لابردنی چوار تا پێنج ملیۆن کوردی سونیی لە عێراقدا. پاشماوەی عێـراق دەکەوێتە دەسـت زۆرینـەی شـیعەوە. ئایـا میزۆپۆتامیـا دەبێتـە شـوێنێک زۆرینەی شیعەی فەندەمێنتالیست بەدەستیەوە بگـرن؟ ئەمـە دەبـێ. بـەلام دوورە. بەدەرلەوەش. ئەگەر عێراق بەرەو فەنـدەمێنتالیزم بـڕوات. مانـەوەی کوردسـتان. نـاتوانێ رێگـە لەمـە بگـرێ. بـەلام بـەواتای کۆتـایی هـاتنی

ئـەزموونی دیمۆکراسـیی ئازایانـە لـە بـاکووردا دێـت. بەهـەرحاڵ، پێ ناچێ زۆرینەی شیعە - بەتایبەت ئەوانەی لەبەشەکانی سێنترالی عێراقدان،، ئامێز بۆ دەوڵەتێکی فەندەمێنتالیستی دەستکراوە بگرنەوە. ئەمەو ئەگـەری بەرگرییەکی توند هەیە لەلایەن سوننەکانەوە سەبارەت بەم هەنگاوە. ئەگەر پرۆسێسی بنیاتنانـەوەی سیاسـیی عێـراق لەسـەر بناغـەی هەرێمایـەتیی دابنرێتەوە. پاشەڕۆژی ئەم دەوڵەتە خۆبەخۆ بەندە بەوەی ئەو گرووپانـەی کە دەیانەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامیی چێبکەن(بۆ نموونە ئەنجوومەنی بـاڵای شۆرشی ئیسلامیی و ئەلدەعوە). پێویستە ئەوە بزانن، ئەگەر ئەو ئامانجـە هاتە دی، بێگومان بەشی عەرەبیی لەدەوڵەتی عێـراق دەبێتـە دوو قـەوارەی جیاواز. بـەرەنجامی سـێ دەوڵـەت، گیروگرفتـی لەهەنـدێ رووەوە لەگەڵـدا دەبێ، بەڵام شتی باشییشی تێدا دەبێ.

بەرەنجامی سێ دەوڵەت

وردەکاریی ئەم ئەگەرە وەک شەڕەپشیلە وایە. پێچەوانەی هەرێمی کوردیی لەباکوور، هێڵێکی جیاکەرەوە نییە بەسروشتیی، سوننەو شـیعەکانی عێـراق لێـک جـوێ بکاتـەوە. هێڵـی سـنووریی لەدەوروبـەری هێڵـی تـەریبی 33 (رێکخرایـەوە بـۆ ئـەدگارە سروشـتییەکەی) دوو دەوڵـەت بەژمارەیـەکی یەکسان لەدانیشتوان (نزیکەی 10 ملیۆن) دروست دەکات. لە باشـووردا دەوڵەتێک زۆرینەی شیعە لە بەسرە و دەوڵەتێک لە سـێنترالدا لـە بەغـداد، تێکەڵەیەک لە سوننەو شیعە. یەکەمیان شارە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف لەخۆ دەگرێ، دووەمیشیان سێگۆشەی سوننیی، درێژدەبێتەوە لـە بـاکووری رۆژئاوای بەغدادەوە بۆ موسڵ، لەوێشـەوە بـەرەو باشـوور تـا سـنووری سـوریا. بەسـرە چاڵەنەوتـەکانی باشـووری بەردەکـەوێت کـە کێڵگـەی زەبەلاحی رومەیلە (دووەمین یـەدەکی نـەوتی عێراق لەگەورەییـدا) لـەخۆ دەگـرێ. بەغـدادیش بەشـی شـێری لـە چاڵـە نەوتـەکانی کـەرکوک (بەبەشکرن لەگەڵ کوردستاندا) بەردەکەوێ، هەروەها هەندێ چاڵەنەوتی

بچووکی تر له موسڵ و هەندێ چاڵی تر کەدەستیان لێنەدراوە لە بیابانەکانی رۆژئاوادا. هەردوو دەوڵەتی عەرەبیی: ژمارەی دانیشتوانی تەواو و سەرچاوەی ئابووریی تەواویان هەیە بۆ ئەوەی خۆبژێنن، بەڵام هیچیان ئەوە هێزەیان نابێ کە هەرەشە لە دەروددراوسێکانیان بکەن، یان فێڵ و تەڵەکە بەکاربهێنن بۆ هێجەمۆنیی پەیداکردن بەسەر ناوچەکەدا.

سێ جۆرە نیگەرانیی لە بەرەنجامی سێ دەوڵەتەکەوە سەر هەڵدەدەن. یەکەم ئاسۆی جۆرێک لە دەوڵەتێکی ئیسلامیی لە باشووردا، شتێکی تایبەت و چاوەڕوانکراو دەبێت؛ دووەم ئەگەر ئەمە رووبدات، هەلێک بۆ ئێران دەرەخسێ دەسەڵاتی بەسەر باشووری دەوڵەمەند بەنەوتدا بڕوات یان هەڵیبمژێ؛ سێیەم کەرتکردنی هێزێکی سەرەکیی لەناوچەکەدا، ئێران لە کەنداودا بێ رکابەر، دەوڵەتی باڵادەست دەبێت. لە دیدی ئەمێریکاوە هیچ کام لەم ئەگەرانە بەتایبەتیی سەرنجڕاکێش نین. لەهەمانکاتدا، ئاسانە بۆ گەورەکردنەوەی مەترسییەکان کە لێرەدا دەرگیر دەبن. ئەگەری چانسێکی زۆرهەیە جۆرێک لەدەوڵەتی ئیسلامیی لە باشووری عێراقدا قاچ بگرێ. بێگومان ئەمجۆرە دەوڵەتە دیمۆکراسیی نابێ، ئارەزووی شکاندنەوەی بەلای ئەمێریکاشدا نییە.

لەلایەنی پۆزەتیڤیی ئەم پەڕاوی تۆمارکردنەدا، "دەوڵەتی ئیسلامیی بەسرە" لەڕووی دانیشتوانەوە دەوڵەتێکی بچووک دەبێ، توانای دروستکردنی سەرئێشەی بۆ دەوڵەتانی تری ناوچەکە نییە. لەمەش گرنگتر، سەرچاوەی فەندەمێنتالیزمی شیعە جیادەکاتەوە لە بەشەکانی تری عێراق و هەموو ئەگەری رەگ داکوتانێکی دەوڵەتێکی ئیسلامیی لە عێراقی یەککگرتوودا رادەماڵێت. هەندێجار پێویستە لاق ببردرێتەوە بۆ لەش دەربازکردن. ئێرانی دراوسێ بەدڵنیاییەوە بەشوێن نفوزی خۆیەوە دەبێت و دوای گوتاری رووداوەکانی بەسرە (هەروەک کردوویەتی بەبەردەوامیی لەسەرتاسەری عێراقدا) دەکەوێت. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە بەسرە ببێتە بووکەشووشەیەکی ئەبستراکتی دەستی ئێران. لەڕووی مێژووییەوە پێوەندیی نێوان پیاوانی ئایینیی بەرەچەڵەک عێراقیی و پیاوانی ئایینیی بەباکگراوندی فارسیی، ململانێ بووە تا ئەوەی هاوکارییکردن بوو بێت.

هەروەک شەڕی ئێران-عێراق روونیکردەوە، ئایدێنتیتی تایەفیی ناتوانێ ئایدێنتیتی ئێسنیکیی داپۆشێ لەپێوەندیی ئاڵۆزی نێوان شیعەکانی عێراق

و ئێراندا. راپەڕینی 1991 بەڵگەی زێتری دا بەدەستەوە. کە کۆمەکی ئێرانییەکان بۆ رێکخراوە مەزهەبییەکان وەک ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق کە ئێران دەیانبزوێنێ. لەناو عێراقدا کەمتر بوو. بەمشێوەیە هەموو جۆرە هۆیەک هەیە کە بڕوا بێنین. دەوڵەتی ئیسلامیی لە بەسرەدا. ئیشوکاری نێوخۆی عێراقییەکانە.

ئەو ئارگیومێنتەی گوایە دابەشکردنی عێراق. دەسەڵاتی ئێرانییەکان والا دەکات لەناوچەی کەنداودا رووکەشانە رێی تێ دەچێ. بەڵام لە بنەڕەتدا بەوشێوەیە نییە. هێزەکانی ئەمێریکا دەتوانێ لە دەرەوەی بنکەکانی کوردستان یان لە میرنشینەکانی کەنداوەوە وەک قەتەر و بەحرەیین. دەسەڵاتی ئێران کۆنترۆڵ بکات. ئەم ئارگیومێنتە وای دەبینێ ئەو بالانسەی بە لۆژیکی هێزەوە جێکەوتکراوە لەلایەن ئەمێریکاوە. تا ئەمرۆش سەرکەوتوو بووە. بەڵام لەڕاستییدا. کارەسات بووە. لە کۆمەککردنی دیکتاتۆرێکی دڕندەی وەک شای ئێران تا ساڵی 1979. ئەمێریکا بووە هۆی هەڵایگیرسانی شۆڕشی ئێرانیی. لەپاش 1979 ەوە. کۆمەکی سەربازیی و ئابووریی ئەمێریکا بۆ رژێمێکی دڕندەی هاوشێوە لەچەشنی سەدام. عێراق توانیتی ببێ بە گەورەترین هێزی سەربازیی لە ناوچەکەدا.

لە حەفتاکانەوە. ناوچەی کەنداو. بووەتە پەناگەی شۆڕشی فەندەمێنتالیستی ئیسلامیی. شەڕی وێرانکەری 8 ساڵەی نێوان دوو هێزی سەرەکیی ناوچەکە. داگیرکردنی کوەیت. هەردوو شەڕی هاوپەیمانان دژی عێراق. ئەمەش بۆ سەقامگیریی. رێکۆرێکی سەرنجڕاکێش نییە. زۆر بەوردیی لۆژیکی " دوژمنی دوژمنەکەم" ە بووەتە هۆی رقوبێزارییەکی قووڵ لەدژی ئەمێریکا لەناوچەکەدا. ئەم دیدە ستراتیژییە پانوپۆرە کە بووە بناغەی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی 2003 دا نوێنەرایەتی ئەو تاکتیک و سیاسەتەی دەکرد. کە کۆمەکی دیکتاتۆرێکی بکوژی بۆ بالانسراگرتنی هێز لەبەرامبەر یەکێکی تردا دەکرد. شکستێکی ئابڕووبەرانەی بەسەردا هات.

دابەشکردنی عێراق بە نەخشەوە. دوورە لە چارەسەرییەکی ئایدیالەوە بۆ ئەو کۆسپانەی لەهەنووکەدا رووبەڕووی ئەمێریکا بوونەتەوە. کاتێ بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێ. کە هەندێ نیزام بۆ ولات بگێڕێتەوە. بەڵام

ڕێگەچارەی باش بەجێ نەماوە، تەنها خراپەکان ماون. ئەمێریکا جەختی لەسەر ئەوەیە عێراق دیمۆکراتیزە بکات و یەکێتیی خاکەکەیشی وەک دەوڵەت بپارێزێ. ئەگەر ئەمێریکا سوور بوو بەپابەندبوون بەم دوو بەڵێنەوە، ئەوەش ڕێگەیەکە کۆتاییەکەی بەکارەسات دێت. کاتی ئەوە هاتووە بیر لە ئۆڵتێرنەتیڤەکانی تر بکرێتەوە.

کۆتایی

لە 1ی مەی 2003 دا، سەرۆک بوش لەسەر کەشتیهەڵگری Abraham Lincoln بەپۆشاکی رێکوپێکی فڕۆکەوانیی دەریاوانییەوە، کە دروشمی " ئەرکەکە بەئەنجام گەیشت"ی لەسەر بوو، رایگەیاند، پرۆسە سەرەکییە جەنگییەکانی عێراق کۆتایی هات. سەد رۆژ دواتر، سەرۆک شیکردنەوەی خۆی لەسەر هەلومەرجی عێراقی داگیرکراو دا" زۆر پێشکەوتنمان لەسەد رۆژدا بەدەست هێناوە، من شادمانم بەو پێشکەوتنانەی کە بەدەستهاتوون."[310] هاوکات کۆشکی سپیی رێپۆرتێکی 24 لاپەڕەیی بڵاوکردەوە لەژێر سەردێڕی" ئاکامەکان لەعێراقدا: 100 رۆژ بەرەو ئاسایش و سەربەستیی" و تەپڵی سەرکەوتنی ئەو داگیرکارییەی ئەمێریکا رابەرایەتیی دەکرد راگەیاند.

ریپۆرتەکە لە وردەکارییەکانیدا، هەندێ دەستکەوتی بەرچاوی ئەژماردبوو، وەک چاککردنەوەی تۆڕەکانی ئاو و گەیاندنەوەی بەئاستی پێش شەڕەکە، دامەزراندنی 150 بڵاوکراوە، دابینکردنی چاودێریی تەندروستیی گشتیی، بەگەشبینییەوە دامەزراندنی دیمۆکراسیی وەک " سەرکەشترین سەرکەوتن" لە عێراقدا هاتە ژماردن. گرفتی ئیدارەی بۆش بۆ سەرکەوتنەکان لەعێراقدا (کە زۆربوون)، بەفاکتی روونەوە کە شەڕ تەواو کۆتایی پێنەهاتبوو، دەشاردەوە. لەکاتێکدا نەدەکرا پشت گوێ بخرێ . ئەگەر شتێک هەبێ بگوترێ، ئەوەیە کە مەسەلەکە بوو بەکێشەیەک، لەوەی کە مارسی 2003 تێیدا بوو، زۆر مەترسییدارترە. بە دیدی نۆڤەمبەری 2003، پاش حەوت مانگ لە وتەکەی بوش(هەشت مانگ پاش تەواوبوونی دەقی ئەم کتێبە)، چارەنووس و پاشەڕۆژی هێزەکانی ئەمێریکا لە عێراق و داهاتووی سەقامگیریی لەخودی عێراقدا پێ ناچێ باش بێت.

دەبێ هێشتا گومان لەوە هەبێ، ئایا لەتوانای ئەمێریکا دا هەیە، سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر هێزەکانی بەرگرییدا تۆمار بکات و بورجی بڵێسەی دیموکراسیی لە دڵی رۆژهەڵاتی ناڤیندا دابمەزرێنێ. نەبوونی ستراتیژییەکی روون بۆ دەرچوون لەعێراق، هیچ لەگەشبینی وەزیری بەرگریی دۆناڵد رامسفێلدی کەمنەکردەوە. لەکاتێکدا بەوپەڕی توانای

نەشتەگەرییانەوە زامەکانی داگیرکاریی دەکردەوە. رامسفێلد گوتی"زۆر بەسانایی؛ ستراتیژی دەرچوونمان لەعێراق، سەرکەوتنە."[311] نەبوونی پێناسەیەکی روون بۆ "سەرکەوتن،" فۆرمەلەیەکی نادیار بەدەستەوە دەدات. لای کەم (کەسێک گریمان بکا) کە سەرکەوتن لەلایەن هێزەکانی ئەمێریکاوە دەبێ تێکشانی بزوتنەوەی چەکداریی و پەرەسەندنی تونددوتیژیی لەخۆ بگرێ. بەڵام ئەگەر راگەیاندنەکانی ئیدارەی بوش (پێش شەڕ و پۆست شەڕ) بەناوەرۆکەوە لەبەرچاو بگیردرێن، سەرکەوتن دەبێ لە عێراقدا چانس بەوە بدات کە دیموکراسیی فەنکشن بکات و مانەوەیشی لەدوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمێریکا درێژە پێ بدات. بەدەستهێنانی ئەم دوو ئەرکە هەرچییەک بێ " سادە" نییە. هەروەک بە روونیی لەحەوت مانگی یەکەمی داگیرکارییدا بەدیاردەکەوێ.

حوکمکردنی عێراق- ئەزموونی ئەمێریکا تا هەنووکە

عێراق لە ئێستادا لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە (Coalition Provisional Authority-CPA) بەسەرپەرشتیی باڵوێزی پێشوو ل. پۆل برێمەرەوە بەڕێوەدەبرێ و لای کەم تا 30 ی جونی2004 درێژەی دەبێ. لێرەدا بەپێی پلانی هەنووکە پێویستە سەروەریی بدرێتەوە بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی { راگوزەر}TNA هەڵبژێردراو و CPA یش هەڵبوەشێنرێتەوە. بەپێی لای کەمی ئەمە لە ئێستادا. برێمەر بەردەوام دەبێ لەکۆنترۆڵکردنی تەواوی پرۆسەی بنیاتنانەوەدا. برێمەر، دیپلۆماتی خاوەن ئەزموون، بەخێرایی دووچاری ئەوە دەبێ. کە مێژووی عێراق چییە و چۆن یەکێکە لەسەختترین شوێنەکانی سەرزەویی بۆ حوکمکردن. سەرەڕای ئەمەش، پێشکەوتن لە بنیاتنانەوەدا کرا.

وێبسایتی CPA لیستی گرنگترین دەستکەوتەکانی ریزکردبوو. لە ئۆکتۆبەری 2003 دا بۆنموونە، CPA سەرپەرشتیی کردنەوەی سەرجەم نەخۆشخانەکانی عێراقی کرد کە ژمارەیان 240 نەخۆشخانە بوو، خەرجیی بۆ نەخۆشخانەکان زیادیکرد" بە بڕی 26 جار زۆرتر لەوەی سەردەمی سەدام،" لەسەروو 22 میلیۆن دەرزی کوتان لەمنداڵانی عێراق درا.[312] لەکەرتی پەروەردەدا، 22 زانکۆی عێراق و 43 پەیمانگای تەکنیکیی، وێرای هەموو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان دووبارە

کرانــەوە. CPA، ئــەرکی دابەشکردنی 72 میلیۆن کتێبی (ناوی سەدامی تێدا نەبێ) لە کۆتایی ساڵی خوێندنا لە ئەستۆ گرت.

بەپێی ئیکۆنۆمیست تێکستی ئەو کتێبانە هەموو " وروژاندن" ێکی تێدا دەرکرابوو، لەوانە" هەرشتێک پێوەندیی بە جوولەکەکان و ئیسرائیل، شیعە، سوننە، کورد و هەرچییەک رەخنەی لە ئەمێریکا تێدابووبێ،"[313] دەرکرابوون. هەروەها هەموو شتێکیان سەبارەت بەمێژووی شەڕی عێراق و ئێران، شەڕی کەنداوی 1991 و دەسەڵاتی حیزبی بەعس لێدەرهێنرابوو. چەند مێژووی مۆدێرنی عێراق بەتەواویی دەمێنێتەوە پاش ئەو هەموو لابردن و دووبارەنووسینەوەیە، روون نییە. بەلام " هەڵوەشاندنەوەی سەدامیزم-de-sadamization " لە ئاستی گەنجانی عێراقدا بەباشی بەڕێوە دەڕوا. وێرای ئەم سەرکەوتنانە، برێمەر دەتوانێ ئاماژە بە دووبارە هێنانەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بدات، کە لای کەم بۆ ئاستی پێش بەرپاکردنی شەر گەڕێنرانەوە، هەروەها زیادکردنی دەرهێنانی نەوت بۆ پتر لە 2 میلیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

جێگەی داخە ئەم دەستکەوتگەلە پۆزەتیڤانە، لەرووی سیاسییەوە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی داگیرکارییەوە کەمرەنگ بوونەوە. زۆرکەس لۆمەی ئیدارەی بوش دەکەن، کە شکستی هێنا لەوەی نەیتوانی پلانێکی دارێژراو پێش داگیرکردنی عێراق بۆ پۆستشەڕ دابنێ.[314] لێکدانەوەی سانا ئەوەیە، کە عێراق شوێنێکە بەوپەڕی بێئومێدییەوە، بۆ حوکمردن سەختە. هەردوو (سەرەتا جەنەڕاڵ جەی گارنەر و لە مەی 2003 ش بەدواوە پۆل برێمەر) دووچاری زنجیرەیەک گیرگرفت بوونە کە چارەسەر بۆیان ئاسان نییە. لای کەم سێ پلانی جودا لەیەکتر هەبوو بۆ پۆستشەڕ لە عێراقدا دابنرێ. پلانی A لەلایەن گارنەرەوە سەرپەرشتیی دەکرا، پرۆگرامێکی مامناوەندیی لەخۆ گرتبوو بۆ لەڕەگەوە هەڵکێشانی بەعس(تەنها دوو ریزی هەرە سەرەوەی بەعسییەکان بگرێتەوە). لە ئینستیتیوتەکانی دەوڵەت، ستراکتۆر و فەرمانبەران و پیشەوەران دەستیان لێ نەدرێ. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە بناغەیەکی سەقامگیر بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی فیزیکیی و کۆمەڵایەتیی عێراق دریژەی هەبێ.

بەربەستی سەرەکیی ئەم پرۆگرامە مامناوەندییە، ژمارەیەکی زۆری لەبەعسییە پلەبەرزەکان ناگرتەوە(زۆرتر لەعەرەبە سوننەکان) کە لەناو

دەسەڵاتدا جێگەی خۆیان قایمکردبوو. "روو"یەکی عێراقیی دەبووایە بدرایە بەناگیرکاریی. ئەویش ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی بوو(لەلایەن گارنەرەوە دانران). مەبەستیش رێگەخۆشکردن بوو بۆ کۆنفراسێکی نیشتمانیی لە جونی 2003 تا بۆ دەستنیشانکردنی حکومەتی گواستنەوە. ماوەی کاربەدەستی گارنەر کورت بوو. بەهەرحاڵ بوو بەقوربانی ئەو شەپۆلە ئانارشیی و تالان وبرۆیەی کە عێراقی گرتەوە لەچەند هەفتەی یەکەمی کەوتنی رژێمی سەدامدا. بەشێوەیەکی گشتیی شکستی بەرایی ئیدارەی بوش لە ئەنجامی نەبوونی پلانێکی گونجاوەوە بۆ باروئۆخی پۆستشەڕ بوو. گارنەر لە دەستوبرێکدا لە مەی2003 لەکارەکەی دەرکرا. پۆل برێمەری دیپلۆمات کە بوو بەجێگرەوەی گارنەر. جەختی لە وەستانی پلانی A کردو پلانی B دانا. کە زۆر توندترو پانوپۆڕتر لەپێشوو بۆ لەرەگوریشە هەڵگەندی بەعسییەکان داڕێژرابوو. ئەمجارە چوار ریزی بەرز لە بەعسییەکانی گرتەوە(نزیکەی 100000 کەسی بەرکەوت) و لە ئینستیتیوتەکانی دەوڵەت دەرکران. سوپای عێراق سەرلەبەر هەڵوەشێنرایەوە. بەیەکجار. برێمەر ستراکتۆری دەوڵەتی عێراقی تەواو ئیفلیج کرد. بەلادانی هەموو ئەوانەی ئەزموونیان هەبوو. توانای پرۆفیشناڵیان هەبوو. هەروەها 350000 سەربازی بێچارەی تری خستە ریزی بێکارانی عێراقەوە.

لەئەرکی بنیاتنانەوەی ژێرخانی کۆمەڵایەتیی. ئابووریی و فیزیکییەوە. بۆ شەڕی ئەو یاخییبووانەی باش خۆیان رێکخستبوو. بەرگرییەکی پڕ لەتوندوتیژییان دەکرد. وێڕای ئەوەی برێمەر ئەرکی دروستکردنی دەوڵەتی عێراقیشی لەسەر ساجی عەلییەوە کەوتە ئەستۆ. لەکاتێکدا ئاسانە رەخنە لەم هەنگاوە بگیردرێ. لەراستییدا. هیچ چارەیەکی باشتری لەبەردەمدا نەبوو. بۆی هەبوو زۆرینەی عێراقییەکان بێزارییەکی بێوێنە بنوێنن لە هێشتنەوەی بەعسییەکان. لەدەسەڵاتدا. بەهەرحاڵ. کاروکردەوەی برێمەر. ئەوەندەی تر گۆڵمەزی پرۆسەی بنیاتنانەوەی ئاڵۆزتر کرد.

لەجێگەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گارنەر. برێمەر بەوردیی دەستی برد بۆ ئەنجوومەنێکی باڵانسداریی حوکمڕانیی(عێراق). مایەی رەنگدانەوەی فرە ئایینیی و فرە ئێسنیکیی بوو. وەک وێنەیەکی نموونەیی لە رێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵاتدا. ئەنجوومەنی حوکمڕانیی عێراق و

توانستی نواندنی تا هەنووکە. پێشبینیی و نوقڵانەیەکی ominoوڵاتە یەککگرتووەکان خراپی لە بەردەمدا کەڵکە دەبێ. لە سبەی رۆژی دەوڵەتی عێراق، کە سەروەریی بۆ بگەڕێتەوە.

ئەنجوومەنی حوکمڕانیی عێراق: بۆنوبەرامەی ئەو شتانەی بەڕێوەن

پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکم لە عێراقدا، رەنگدانەوەی ئەو بایەخەگرنگە بوو کە دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتیی دابووی بەهەموو گرووپەکان، بۆ دانیشتن لەدەوری مێز بەرێژەی بوونیان لە کۆمەڵگەدا. هەوڵدرا بۆ بەشدارییکردنی زۆرینەی زلحیزبەکانی شیعە. بەمجۆرە حیزبی دەعوە دوو کورسیی لە ئەنجوومەندا بەرکەوت. ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی-عێراق شوێنێکی باشی بەرکەوت لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقدا. بەنوێنەرایەتیی ئایەتوڵا محەمەد باقر ئەلحەکیم تا تیرۆرکرنی لە نزارگەی عەلی لە نەجەف لەلایەن تاوانبارانێکەوە هێشتا نەزانراوە کێن(بەڵام گومان هەیە سوننە بن). کە لەلایەن برا گەنجەکەیەوە ئایەتوڵا عەبدولعەزیز حەکیمەوە جێگەی گیرایەوە.

کوردەکان زۆر بەباشیی لەلایەن بارزانیی و تاڵەبانییەوە نوێنەرایەتیی دەکران. هاوشان لەگەڵ کەسایەتی سەربەخۆ مەحمود عوسمانی قاڵەوەبوو. لەگەڵ ئەستێرەی هەڵکشاو، سیاسیی کورد سەلاحەدین بەهادین لە یەککگرتووی ئیسلامیی(رێکخراوێکی وابەستە بە برایانی موسڵمانەوە). ژمارەی نوێنەرەکانی شیعە(چ ئەوانەی دینیی بوون و چ ئەوانەی زۆر سێکیولار بوون) 13 کەس بوون، نوێنەرانی عەرەبی سوننە 6 کەس بوون، کوردەکان 4 یان هەبوو، یەک تورکمان و یەک کلدوئاشوورییش نوێنەر بوون(سەرەڕای ئەوەی نوێنەرە تورکمانییەکە لەلایەن حیزبە سەرەکییە تورکمانییەکانەوە ددانی پێدا نەنرا).[315]

لای کـــەم لەســـەر کاغـــەز ئەنجوومـــەنی حـــوکمی عێـــراق، جیهـــانێکی بچووککراوەی کومەڵگەی عێراقیی بوو. کـەچیی هێشتا ئـەم ئەنجوومەنـە دەرگیری گرفـت بـوو. یەکـەم و لەهـەموویان زەقتـر، ئەنجوومـەن لەلایـەن دەسـەڵاتی هاوپەیمانانـەوە دانرابـوو نـەک لەلایـەن خـەڵکی عێراقـەوە هـەڵبژێردرابن. لـەباری پراکتیکـەوە، رێگەچارەیـەکی تـر نـەبوو بـۆ دەربازبوون لێی. هاوپەیمانان زۆر بەپەرۆشـەوە بـۆ ئـەوەی شـتێ دابنێن لەزووترین کاتدا، بۆ ئەوەی ئەو سەرنجە بدات بـە عێراقییـەکان کـەخۆیان بەشداریی دەکەن لە ئیشوکارەکانیاندا.
پرۆسەی هەڵبژاردن(لەپێشەوە بە ئامارێک، دواییش کۆمەڵی یاسـاو رێسـا بۆ جێبەجێکردنی) چەند مانگێک دەخایەنێ، ئەگەر چەند ساڵ نـەبات. بـۆ ئۆرگەنایزکردنی، تاکە چارەی واقیعی دەستەیەکی دیارییکراو بـوو. بـەڵام بەربەستی ئاشکرا، ئەوەبوو کە ئەنجوومەنی حوکم بەئاشکرا ناشەرعییەتی پێوە دیاربوو لەچاوی عێراقییەکاندا. وایان سەیر دەکرد کـە دروسـتکراوی دەستی هاوپەیمانانـە. دووەم، سـەبارەت بـە ئەنجوومـەنی حـوکم، شـتێکی کەمیان لە حوکمڕانیی کرد. ئەمەش رەنگدانەوەی، بـێ توانـایی ئەنـدامانی ئەنجوومەنی حوکم بوو بۆ رێکنەکەوتن لەسەر هەرشتێ کە بایەخی هـەبێ. هەروەها رەنگدانـەوەی ئـەو راستییە تاڵـەش بـوو، کـە چـەقی قورسـایی دەسەڵات لە کوێیە. لەکاتێکـدا دەسـەڵاتی هاوپـەیمانان(لـەژێر رابەرایـەتی برێمەردا) خاوەنی دیفاکتۆی ڤیتۆ بوو بەسـەر بڕیارەکـانی ئەنجوومەنـدا، واتە ئەنجوومەن لەهەموو دەسەڵاتێک داشۆرابوو.[316]
سێیەم، لەکاتێکدا بەگومانەوە لە رووی دیمۆگرافییەوە نوێنەرایـەتی جڤـاکی عێراقیـی دەکـرد، ئەنجوومـەنی حـوکم لای کـەم خـاڵێکی گرنگیـان نوێنەرایەتیی ناکرد: ئەنجوومەن نەک هەرهەموویان کەسانی تاراوگە بوون و هاتبوونەوە، بەڵکوو زاڵیش بوون بەسەریدا. هەروەها دەبووایە هەر 25 کەسەکە وەک یەک بوونایە. هەندێکیان زۆرتر لەوانی تر شایسـتەتربوون. ئیلێتێکی 9 کەسی لە ئەنجوومەن دابڕدرا بۆ ئـەوەی سـەرۆکایەتی عێـراق بەنۆرە بکەن.[317] لەم گرووپە هەڵبژاردەیەدا، تەنها یەک نوێنەر(موحسین عەبدولحەمیـد) دەکـرێ بڵێـی بەڕاسـتیی" عێراقیـی عێراقییەکانـە." ئـەم لەبەرچاوگرتنەی ئەوانەی هەندەران لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەکرێ جێگـەی تێگەیشتن بێ، وێڕای هەر شتێ، دوورخراوەکـان {نـەفیکراوەکان} چەنـد

لایەنێکی بەهێزیان تێدایـە. لەلایـەن هاوپەیمانانـەوە ناسـراون و باشـتر تێدەگەن کەچۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمێریکاییەکاندا بکەن.
لای کـــەم هەنـــدێ لـــەدوورخراوەکان دەکـــرێ وا ســـەیر بکـــرێن، کەپرۆدێمۆکراتیکێکی جێگەی متمانەن و ساڵانێکیان لـەرۆژئاوا بردووەتـە سـەر و کەمپـەیینێکی باشـیان بـۆ رووخـانی سـەدام کردبـوو.[318] بـەڵام سەرەڕای ئەوەی دوورخراوەکـان لەچەشـنی ئەحمـەد چەلـەبیی بـۆی هەیـە هەموو سیفاتێکی باش و چاکی تێدابێ بە قسە(لەروانگـەی ئـەمێریکاوە) بـۆ ئـەوەی رۆڵـی سـەرکردە لەحکومـەتی عێراقـدا بگێـڕێ(بەتـەواویی رۆژئاوایی بوو، شیعەیەکی سێکیولار بوو، سیاسییەکی لێزان و شارەزاش بـوو) . بـەڵام بـە کـردەوە لـە عێراقـدا نەناسـرابوو. هاوکـات بـارکرابوو بەبۆچوونی سیاسییەوە لە ئـەنجامی مامەڵـەی لـەدەرەوەی ئۆپۆزیسـیۆندا. زۆرێک لە دوورخراوەکان، بە خۆتێخزاندنیان لە ئەنجوومەن. هاوپـەیمانان ئەو رەوایەتییەیان لێسەندنەوە. کە بگوترێ ئەنجوومەنی حوکم بانگەشـەی نوێنەرایەتی دەنگی راستەقینەی عێراقییەکان دەکات.
لەکاتێکدا ئاسانە رەخنە لەبرێمەرو دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بگیردرێ، لەسەر شکستی ئەنجومەنی حوکمی عێراق. کە برێمەر تـەنها ئـەو گرفـت و بەربەستانەی تاقیکردەوە کە هاوشـانی داگیرکـاری سـەربازیی دەوڵـەتێک لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە لێـی کەوتـەوە. سـاتەوەختێ، داگیرکـاریی خـۆی بەهرەمەند نەبێ لە رەوایی داگیرکارییەکە لەچاوی خەڵکدا. لە هەر دەسـتەو تاقمێکیش وا دەڕوانن کەهێزی داگیرکار سەپاندوونی و شەرعییەتی نییـە. بەڵام بەدڵنیاییـەوە هـەر داگیرکارییـەک کـە بەهرەمەنـد بێـت لـە رەوایـی داگیرکردنەکـە لەلایـەن خەڵکـەوە. پێویسـتیی بـە حکومـەتێکی کـارتۆنیی خۆیی نییە کە رووی داگیرکار بێت.
شکستی ئەنجوومەنی حـوکمی عێـراق لـە بـەجێهێنانی ئەرکەکانیـدا وەک "دەنگێکـی عێراقیـی". گرفتـە قووڵـەکانی تـۆختر دەکـردەوە. لـەناوخۆدا. مـایکرۆکۆزمی{ جیهـانی بچـووک-microcosm } ی جڤـاکی عێـراق بێئومێدانە دابەش ببوو. زۆرینەی ئەندامەکانی لە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگـەی عێراقەوە هاتبوون- سەرقاڵبوون بـە تونـدوتیژترین کێشـەی تایبەتییـەوە- هەروەها ئەنجوومەن بە راشکاویی لەسەر ئایدێنتیتیی ئێسنیکیی و تایەفیی چێکرابـوو. شـتێکی سروشـتیی بـوو کـە ئەنـدامانی ئەنجوومـەن بـەپێی

بەرژەوەندییە ئێسنیکیی و تایەفییەکان هەڵسوکەوت بکەن. مەترسیی بەردەوام لە رێکخستنی ئەم دەسەڵات دابەشکردنە. کە رەنگدەداتەوە لە دابەشکردنی جڤاکدا لەئاستی دامودەزگا سیاسییەکاندا بێ. هەروەها کۆمەکی ئەو جیاوازییانە دەکات لە بری پێکهێنانەوەو ئاشتکردنەوەی دابەشبوونە جڤاکییەکان.

ئەمە بەتەواوەتیی لە بۆسنیادا روویدا. هەمان شتیش لەناو ئەنجوومەنی حوکمی عێراقدا روودەدا. رێگایەکی روون نییە لەئاست ئەم گرفتەدا؛ لەراستییدا تەنها رێگە دەبووایە حکومەتی عێراقی لەسەر بنیات بنرایە. دەبوو رێگە چارەیەک بدۆزرایەتەوە کە هەمووان بەیەکسانیی بەشداریی تێدا بکەن. بەپێی دابەشبوونە ئێسنیکیی و تایەفییەکان. بەڵام " نەکەوتنە سەرپێی" ئەنجوومەنی حوکمی عێراق. بەوشێوەیەی هەنووکەش، فۆرمێکی هیچکارەیە- تا زەمینەیەک بۆ گەشبینیی ئەوە خۆشبکات، کەهەمان سیستەم کاردەکات. ئەگەر لەئاستێکی نیشتمانییدا بکرایە. ئەو گرفتانەی دەرگیری ئەنجوومەن بوون، رەنگە هەمان گرفت بن کە دەرگیری عێراق بەشێوەیەکی گشتیی دەبن. ئائامادەیی نوێنەرە مەزهەبییەکانی شیعە بۆ پەژراندنی هەر رێگەچارەیەک جگە لەوەی دەربڕی باڵادەستیی زۆروبۆرییان بێ، هەروەها ڤیرسیچمەیی کوردەکانیش لەسەر فیدراڵیزمی ئێسنیکیی، هیچیتر نەبوون جگە لە ناتەباییەکی ئاشکرا کە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقی داڕزاند.

پلانی C: ستراتیژیی دەرچوون

راوەستانی پلانی B لە پڕێکدا لەسەرەتای نۆڤەمبەری 2003 دا. تەکانی بە دوو بڕیاری چارەنووسساز. لەلایەن ئیدارەی بوشەوە دا. یەکەمیان، مانگی ئۆکتۆبەرو دوو هەفتەی یەکەمی نۆڤەمبەر. بەرزبوونەوەی رادەی توندوتیژیی زۆری دژی هێزە داگیرکارەکان بەخۆوە بینی، بەتەنها لە دە رۆژی یەکەمی نۆڤەمبەردا.. پتر لە 40 سەربازی ئەمێریکایی گیانیان لەدەستدا. کەوتنە گەڕان بەدوای ستراتیژییەکدا بۆدەرچوون. کە سەروەریی بگەڕێنێتەوە بۆ عێراقییەکان هەرچیی زووتر. دووەمیان، پلانی B کاتێکی دیارییکراوی بۆ گەڕانەوەی سەروەریی بۆ عێراق دانابوو. کە پێوەند بوو بە رەزامەندیی ئەنجوومەنی حوکمەوە. بۆ ئەوەی قۆناغی

یەکـــــەم تێپـــــەڕێنرێ. ئەنجوومەنی حوکم لە 15 ی نیسـەمبەردا. دوا کاتی بۆ دانرا. بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزمێک بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنفراسێکی دەستووریی.

دواتر ئەم دەستووره نوێیـه بخرێتـه ڕێفەرێندەمـەوە. هـەڵبژاردن بکـرێ و سەروەرییش بگەڕێتـەوە بـۆ حکومـەتی هـەڵبژێردراوی عێـراق. هـەروەک پێشبینیی دەکرا. پلانی B قۆناغی یەکەمی تێنەپەڕاند. بەدەرککردن بـەوەی کێ کۆنترۆڵی نووسـینەوەی دەسـتوور بکـات. سـەرئەنجامیش کـۆنترۆڵی سیستەمی سیاسیی دەکات. پیاوی ئـایینیی. خـاوەن شـکۆ ئایـەتوڵا عـەلی سیسـتانیی. فەتوایـەکی دەرکـرد. داوایکـرد. کـە نوێنـەرەکانی بـۆ هـەر دەســتوورێک دەستنیشــان دەکــرێن. راســتەخۆ لەلایــەن خەڵکــەوە هەڵبژێردرێن. بۆی هەبوو ئەمە رێگە خۆشبکات بۆ دامەزراوەی مەزهـەبیی دەست بەسەر دیزاینگی دەستووردا بگـرێ.[319] بێگومـان ئـەم هەڵبژاردنـە جەماوەرییەی بۆ نوێنەرەکان دەکرێ. لە ناو تـەپوتۆزی شـەڕی گەریلاییـدا پێویستی بەئامارەو کاتیش دەخایـەنێت. ئەنجوومـەنی حـوکم لەسـەر ئـەم مەسەلەیە گیریخواردبوو. بۆ شکاندنی ئەم گێرمەوکێشەیە و تاودانی کـات. ئیدارەی بوش پلانیB وازلێهێناو پلانیC دانا.

گـۆڕینی لـەناکاوی ئـەم پلانـە. مایـەی پەژڕاندنـە. لەکاتێکـدا هەلومـەرجی ئاساییش زۆر بەخێرایی بەرەو خراپتـر دەڕۆیشـت. بـەڵام خەجاڵەتییـەک بوو بە دەموچـاوی برێمـەرەوە. کـەچۆن پاکانـەی بـۆ بکـات. لـە کۆتـایی سـێپتەمبەردا برێمـەر پلانـی B بــەوە وەســفکرد." روون و ئاشــکراو ریاڵێتیکـە". هەنــدێ لەوردەکارییــەکانی بــەکورتیی گــوت. کــە پرۆســەی گەڕانــەوەی ســەروەریی بــۆ عێراقییــەکان تێدایــە. " هــەنگاوی حەوتــەم. هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانانە. کەدوای هـەڵبژاردن دێـت. کـاتێ عێراق بوو بەخاوەنی حکومەتێکی هەڵبژێردراو. دەسەڵاتی هاوپەیمانان. بە خۆشییەوە پاشماوەی دەسەڵاتەکانی خۆی بە حکومەتی سەربەخۆی عێـراق دەدات."[320] بــەکورتیی دەســەڵاتی هاوپــەیمانان. تــەنها کــاتێ دەســەڵات دەدەنەوە. ئەگەر حکومەتێکی گەلیی هەڵبژێردراو بێتە کایەوە.

پلانـــی C پێشـــبینیی رووداوگـــەلێکی جیـــاوازی دەکـــرد. لـــە 28 فێبریوەری2004 دا. ئەنجوومەنی حـوکم" لـە مشـتومڕێکێ نزیـک لەگـەڵ دەسەڵاتی هاوپەیماناندا" دەبووایە کلێشـەیەکی سـەلێمێندراوی لـە یاسـای

بنـــەڕەتیی Fundamental Law وەک دەستووریکی کاتیی بۆ عێراق دابنایـە. ئـەم یاسـای بنەڕەتییـە دەبووایـە (لەنێوان بڕیارەکانی تردا) ڕەچەتەیەکی لەخۆ بگرتایە، کە مافـەکانی وەک ئازادییە ڕۆتینەکان و پاراستنیانی تێدا بووایە. " ڕێخکستنێکی فیـدراڵیی بـۆ عێـراق، کـە پارێزگاکـان و جیاکردنـەوەو دیـاریکردنی دەسـەڵاتەکانی قەوارەی سێنترال و لۆکاڵییەکان " و ڕۆژی بەسەرچوونیان لەخۆبگرێ. بـە "هەڵبژاردن"ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی، ئەنجوومەنی حوکمی عێـراق خـۆی هەڵدەوەشـێنێتەوە.[321] ئـەو پرۆسێسـەی ئەنـدامانی ئەنجوومـەنی نیشتمانیی کاتیی تێدا هەڵدەبژێردا، تا ڕادەیەک ئاڵۆز بوو.

هەریەکە لە 18 پارێزگاکەی عێراق کۆمیتەیـەکی ڕێکخسـتن لـە 15 کـەس پێک دەهێنن.(تێکەڵەیەک لە ئەنجوومەنی حوکم و نوێنەرە ناوخۆییەکان) کە کۆنگرەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پارێزگـا دەبێـت و پێکهـاتووە لـە " پیاوماقوڵانی هەموو پارێزگاکـە" . هـەر کۆنگرەیـەکیش دواتـر نوێنـەرانی ئەنجوومـەنی نیشـتمانیی کـاتیی دیاریدەکـەن بـەپێـی دانیشـتوانی هـەر پارێزگایەک لە کۆی دانیشتوانی عێـراق. ئەنجوومـەنی نیشـتمانیی کـاتیی دەبێ لە 31 ی مەی 2004 دا هەڵبژێردرێ، پێشبینی دەکرێ، " سەروەریی تەواوی دەسەڵات بۆ حوکمکردنی عێراق" لە 30 ی جونی 2004 بگرێتـە ئەستۆ. هەروەها دەبێ دەستووری هەمیشەیی لە نیوەی دووەمـی 2005 دا ئامادەبێـــت(ڕەنگرێـــژ دەکـــرێ لەلایـــەن نوێنـــەرە ڕاســـتەوخۆ هەڵبژێردراوەکانەوە) و هەڵبژاردنێکی تر لە 31 ی دیسـەمبەری 2005 دا بۆ حکومەتی نوێی عێراق لەخۆ دەگرێ.

وردەکارییەکانی پلانی C لەلایـەن ئەنجوومـەنی حـوکم و هاوپەیمانانـەوە پەژرێنرا. بەمشێوەیە بەعەقڵدا دەچێ، شیمانەی ئەوە بکـرێ کـە پەرۆشـیی هەیە لە هەردوولاوە بۆ ئەوەی پلانەکە بەسەرپێ بکەوێ. لەباری تیۆرییـەوە ئەمە چارەسەرییەکی گونجاوە. یاسـای بنـەڕەتیی بەدڵنیاییـەوە جێدەسـتی ئەمێریکای پێوە دیار دەبێ(دەسەڵاتی کـاتیی هاوپـەیمانان، مـافی ڤیتـۆی لەسەر بەندەکانی دەبێ). بەڵام جۆرە گەرەنتییەک هەیە کە حـوکمی عێـراق هـەر بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو دەکـات. بـەپێی ئـەم پلانـە، دەسـتووری هەمیشەییی عێراق لەلایەن عێراقییەکانەوە دادەنرێ، بەمشێوەیە بـۆی هەیـە چانسی ئەوەی هەبێ کە شەرعییەت وەربگرێ.

پلانەکە خۆی لە تێوەگلان بە هەڵبژاردنی راستەوخۆو و کتوپڕەوە بەدوور دەگرێ. "هەڵبژاردن" ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کاتیی بەسێ قۆناغ بەڕێوە دەچێت. بێئەوەی راستەوخۆ خەڵکیی رۆڵی تێدا بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی راگوزەر دابەشدەکرێن بەشێوەیەک لەگەڵ رێژەی دانیشتواندا بگونجێ. هێشتا شیعەکان هێزێکی باڵادەست دەبن. گرنگترین شت لە روانگەی ئەمێریکاوە، پلانەکە سەروەریی لە قۆناغێکی زووتردا، وەک ئەوەی پێشبینیی دەکرا بگەڕێنێتەوە. سەروەریی تەواو دەگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەتی گواستنەوە (نەک بۆ حکومەتی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە). کلێشەی دەستووری هەمیشەیی لەدوای ئەوەی دەسەڵات درایەوە، نەک پێش ئەوە. ئەگەر هەموو شتەکان بەپێی پلانەکە رۆیشت، ئەمێریکا وەک هێزێکی داگیرکار رۆڵی خۆی لە جونی 2004 دا کۆتایی پێ دەهێنێ، بەمشێوەیە شیمانەی دەرچوونی پێشوەخت لەعێراق لەسەر پلانەکە بەندە.

بەسادەیی، چارەی باشتر بۆ عێراقییەکان نەمایەوە. پلانی C وەک هەر پلانێکی تر لە قۆناغی پێشهاتەکاندا. گەورەترین بەربەست لەبەردەمیدا بەئاشکرا، ئەو ئاڵۆزیی و سەرلێشێواوییە بوو کە هەیبوو. تەنها گەیشتن بە حکومەتی گواستنەوە پێویستیی بە پرۆسێسێک بوو کە سێ قۆناغی لەخۆ دەگرت. لەوانە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان(بۆ رێکخستنی کۆمیتەکان) کە دواتر نوێنەرەکان دیاریدەکات(بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پارێزگا) ئەمانیش لای خۆیانەوە نوێنەر هەڵدەبژێرن بۆ ئیدارەی کاتیی. ئەگەری ئەوەی مەبەست لە دابەشکردنی ئەم پرۆسێسە بەسەر سێ قۆناغدا، ئەوەیە کە یەک هەنگاو ئەو گرنگییەی نابێ بۆ بزواندنی مان و نەمانی خەباتی سیاسیی. بەڵام کەموکوڕیی ئەم پرۆسێسە لەوەدا بوو کە دووروودرێژ و چەند قۆناغیی بوو. بۆی هەیە خاڵی جیاوازییەکان زێتر بکات و ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەی سیایی لێبکەوێتەوە.

لەکاتێکدا گرفتی دیاریکردنی دانێموکراتییانە بەبەردەوامیی. ئامادەیی لە گرووپگەلی یەکەمدا هەبوو بۆ راگرتنی رووداوەکان . بۆ ئەوەی ئەم پلانە کارگوزار بێ. لەهەموو قۆناغەکانی پرۆسێسەکەدا، پێویستیی بە سازشکردن، رێککەوتن و ویست بۆ دانانی بەرژەوەندی گشتیی لەسەروو بەرژەوەندیی ئێسنیکیی و تایەفییەوە هەبوو. زۆر بەکەمیی ئەمانە پێناسەی

ئەنگاری مێژووی سیاسیی عێراق دەکەن. هەروەها ئەگەری تەنینەوەی کێشەی سیاسیی بەهۆی ماوەی دیاریکراوی پرۆسێسەکەوە لە ئارادا بوو. جێگەی بڕوا نەبوو، پرۆسێسی سێ قۆناغ لە سێ مانگدا(لە کۆتایی فێبریوەرییەوە تا کۆتایی مەی 2004) تەواو ببێ- ئەمانە خشتەگەلێکی زۆربەرزەفڕ بوون لە هەلومەرجی هەنووکەدا. ئەگەر بزوتنەوەی یاخیبووان کە تا دەهات توندوتیژتر دەبووەوە تێک نەشکێنرێ، یان لای کەم کۆنترۆڵ نەکرێ و ئەوساش پلانی سێ قۆناغەکە. زیتر پرۆسەیەکی سیاسیی ئەکادیمیی دەبێ.

یاخیبوونی سونیی

لە نۆڤەمبەری 2003 دا هێزەکانی هاوپەیمانان رووبەرووی قەبڵاندنێکی کۆنسێرڤەتیڤانەی 30 پەلامار لەڕۆژێکداو کوژراوێک لە هەر 36 کاتژمێریکدا دەبوونەوە. لەڕاستییدا نیوەی یەکەمی نۆڤەمبەر سەلماندی بۆ ئەمێریکا ڕۆژگارێکی خوێناویی بوو، 40 سەرباز کوژران لە دە رۆژی یەکەمی ئەو مانگەدا. هێڵی ستاندەرد بۆ ئیدارەی بوش- ئەوەبوو کە یاخیبووەکان پێکهاتوون لە ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانی" سەرسەخت" ی سەدام و کۆمەڵەیەکی پەراکەندە لە توخمی تێرۆریستە بیانییەکان.

لە ناووناوبانگی CIA کەمبووەوە. لەپاش بڵاوبوونەوەی ریپۆرتێکی نزەپێکراو. لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەردا. ریپۆرتەکە قەبڵاندی کە سەرۆکی نێوەندی ئاژانسەکە لەبەغداد ئامادەیکردووە. ریپۆرتەکە ژمارەی یاخیبووەکانی بە 50000(بەبەراورد بە قەبڵاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کە بە 5000 دایناپوون) دانابوو. هەروەها گومانی جدیی وروژاند لە توانستی هێزی هاوپەیمانان لەوەی یاخیبووەکان تێکشبشکێنن. سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی یاخیبوونەکان لەرووی جیۆگرافییەوە بە (سێگۆشەی سوننیی، کە ناوچەکانی نێوان بەغداد و تکریت و فەللوجە دەگرێتەوە) دەستنیشانکرا. کەچیی یاخیبووەکان لە نۆڤەمبەری2003 دا توانایەکی سەرسوڕهێنەریان لە بەڕێوەبردنی چالاکیی کەم-وێنە و ئاستێکی باڵا لەوێرانکردنیان لەدەرەوەی ناوچەکەش لە ئەستۆ دەگرت.

ئایـــــدێنتیتی گرووپــــه بەشداربووەکان بەناڕۆشنیی دەمێنێتەوە. بەڵام ڕوونە کە یاخیبوونەکان لەوە فراوانترن کە هەر بـە لایـەنگرەکانی سـەدام بناســرێن. وێبســایتی چــاودێریی دیمۆکراســیی لـــەعێراق Iraq Democracy Watch لیستی بێپسانەوە لە گرووپە بەرهەڵستکارەکان بڵاو دەکاتەوە، کە هەنووکە بە 29 گرووپ گەیشتوون. لەکاتێکدا گرووپـی لایــەنگرانی بـــەعس، وەک حیزبــی گەڕانـــەوە و فیدائییـــەکانی ســـەدام دیارترینیانن. بـەڵام لیسـتەکە گرووپـی عەرەبـە ناسیۆنالیستەکان (وەک ناســرییەکان)، یەکـە ئیسـلامییە رادیکاڵـەکان(وەک ئەنسـاری ئیسـلام و سوپای محەمەد) و گرووپی ناسیۆنالیستە عێراقییەکان(تیپەکانی بـەرگریی عێراقیی) یشی لەخۆ دەگرت.

له راستییدا. یاخیبووەکان، گرووپگـەلێکی تێکەڵوپێکـەڵن. بـۆی هەیـە لـە هەلومەرجی نۆرماڵدا لەبری دۆستایەتیی، دوژمنایەتیی یەکتری بکەن. بـەڵام بۆ ئامانجێکی هاوبـەش و کـاتیی بـۆ دەرپەڕانـدنی هێـزە داگیرکارەکـان لەعێراقـدا. یـەکیان گرتـووە. لـە سـەروو ئەمانەشـەوە. ئـەوە دەزوولـە هاوبەشـانەی ئـەم گرووپانـەی پێکـەوە گـرێ دابـوو، زۆرینـەیان نـەک هـەموویان، لـە گرووپـی عەرەبـە سـوننەکان بـوون. ئەمـەش بـۆ هێـزی هاوپـەیمانان خواپێداوییـەکی تێکـەڵ بـوو. لایـەنی پـۆزەتیڤی. ئـەوەی دەردەخست کە یاخیبوون هێشتا نەپەڕیوەتـە دەرەوەی کەمینـەی عـەرەبی سوننەوە. لایەنی نەگەتیڤییش ئەوەبوو کە بەشێک لە دانیشتووانی عێـراق، چەقی قورسایی کەمپەینی پڕلەتوندوتیژیی ئەمێریکا دژ بـە یاخیبووەکـان بەریان دەکەوێت.

بەدەستپێکردنی ئۆپەراسـیۆنەکانی چەکوشـی ئاسـن و گـەردەلوولی لاولاو ivy ی 1 و 2 لە نۆڤەمبەری 2003 دا. وڵاتە یەکگرتووەکان ئاماژەی بـە ئاستێکی بەرز لـە تـەقوتۆق کـرد، کـە هـەموو گـوڕی خـۆی لەسێگۆشـەی سوننیدا بەکار هێنـا. یـەکێک لەگرفتـەکانی ئـەم مامەڵەیـە (وەک دانـەری ڕیپـــۆرتی دزەکــراوی CIA دەستنیشـــانیکردووە) ئەوەیـــە. لـــەڕووی مێژووییەوە بـەکارهێنانی هێـز بەدڕنـدەیی بـۆ تێکشـکاندنی یـاخیبوون دەرکـــەوتووە کـــە کاریگـــەر نییـــە. بـــەڵکوو ئـــەنجامی پێچەوانەیشـــی لێدەکەوێتەوە. هەرچەندە توندوتیژیی کوێرانە زیاد بکات، بێزاریی خەڵکـە ڕەسەنەکە زیـاد دەکـات و ئاسـتی پشـتیوانیی خـەڵک بـۆ یاخیبووەکـان

دەچێتــــــــە ســــــــەر. ســەرەکییترین کێشــە ئەوەیــە کــە عەرەبــە سوننەکان هیچی ئەوتۆیان بە کۆمەککردنی یاخیبووەکان لەدەست نـاچێ. پلانی C (یان هەر پلانــێ بـۆ بەدیموکراسییکردنی عێـراق لەمبارەیـەوە) رێگەچارەیەکە بۆ بەرکـەنار خسـتنی دانیشـتوانی عـەرەبی سـوننە. بۆیـە سوننەکان هیچ پاڵنەرێکیان نییە کە بەشداریی لەسەرخسـتنی پلانــی C دا بکەن، بەڵکوو هەموو جۆرە پاڵنەرێکیان هەیە بۆ درێـژەدان بەبـەرگریی و پەکخستنی.

چەرمەسەرییەکی تر ئەوەیە، پەیامی باڵکێش و سنگ دەرپەڕاندن بە هێزی سەربازییەوە(تا ئەمێریکا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ) پێچەوانەی لۆژیکی پلانی C یە. وا دادەنرا کە پلانەکە بەشێوەیەکی بەرین(ئەگەر راست بێـت یـان چـەوت). رێگـە چارەیەکـە بـۆ دەرچـوونێکی پێشـوەختی هێزەکـانی ئەمێریکا. بەرپرسانی ئیدارە بەتونـدیی ئەمـەیان رەتکـردەوە. بـەگوێرەی دۆناڵد رامسفێلد بێت، " هـیچ بڕیـارێ بـۆ کشـانەوەی پێشـوەخت نییـە". قسەیەک کە بوش دووبـارەی کـردەوە" ئێمـە دەمێنینـەوە."[322] بـەڵام زۆر دوورە لە راستییەوە. بناغەی ئەم راگەیاندنانە هیچ بەرچاوڕوونییەکی تێـدا بێ. ئەگەر رێڕەوی پلانی C لە رەوگەی خۆی دەرچوو، بۆی هەیە کە وڵاتە یــەککگرتووەکان هــەموو دەســەڵاتێکی ســـەروەریی بــە ئەنجوومـــەنی گواســتنەوەی نیشــتمانیی. لـە 30 ی جـونی 2004 دا بداتــەوە. دەبــێ سەروەریی تەواو، مـافی دەرکردنـی ئـەو بڕیارانـەی هـەبێ کـە هێزەکـانی ئەمێریکا لەعێراق دەربکات. بەمشێوەیە هێزەکانی ئەمێریکا تەنها لەکاتێکدا دەتوانن بمێننەوە ئەگەر لەلایەن ئەنجوومـەنی گواسـتنەوەی نیشـتمانییەوە بانگهێشت بکرێن.

شتێکی نالۆژیکییە ئەگەر یەکەمین کارێک کـە حکومـەتی عێراقـی خـاوەن سەروەریی پێی هەڵسێ، جەختکردنەوە لە مانـەوەی هەمیشـەیی هێزەکـانی ئەمێریکا لەوڵاتدا بێت. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە رێکوپێکیی پلانی C یە بۆ ستراتیژی دەرچوون. ئەگـەر هێزەکـانی ئـەمێریکـا دەربچـن، نـەک لەبـەر ئـەوەی دەردەپـەڕێنرێن لەلایـەن یاخیبووەکانــەوە. بـەڵکوو لەبەرئـەوەی " بانگهێشتیان لێناکرێ" لەلایەن حکومەتی شەرعیی و سەربەخۆی عێراقـەوە، بۆ مانەوە. لە پراکتیکدا، گرنگ نییە کە ئارمانجە راستەقینەکانی ئیدارەی بوش کامانەن، بـەڵکوو گرنـگ ئەوەیـە کـەچۆن سـەیری ئـەو ئارمانجانـە

دەكات. ئەگەر سەرنجەكە ئەوەبێ، كە ئیدارەكە بە شوێن دەرچوونێكی خێراوەیە. ئەوكاتە ئەو پەیامەی كەدەڵێ هێزەكانی ئەمێریكا سەركەوتن بەدەست دەهێنن، چەند كات و خەرجیی تێ بچێ، ئەوەندەش قسەیەكی قۆڕە.

شیعە: ئامادەباشیی بۆ دەسەڵات

بەپێچەوانەی دانیشتوانی سوننەوە، دانیشتووانی زۆرینەی شیعە هەموو جۆرە پاڵنەرێكیان بۆ هاوكاریی، لای كەم لەهەنووكەدا، لەگەڵ پلانەكانی ئەمێریكادا بۆ پاشەڕۆژی عێراق هەیە. چێكردنی دیمۆكراسیی چەندین سەدە لەحوكمی سوننە ژێرەوژوور دەكات و تەواو بە دڵنیاییەوە حكومەتێكی باڵادەستی شیعە بەدیدەهێنێ. ئایا ئەمەش دەبێتە هۆی رژێمێكی سیۆكراسی{ رژێمی ئاخوند} theocracy بەستایلی ئێرانیی یان لەسەر شێوەی دەوڵەتێكی ئیسلامیی میانڕەودا، پرسیارێكی كراوە دەبێ. دانیشتووانی شیعەی عێراق بەئاشكرایی دەردەكەوێ پێكهاتەیەكی چوونیەك نین، تا پێكەوە بەیەك دەنگی گرێدراو دەربڕیی لەخۆیان بكەن. بەڵام ئەوە روونە كە زۆرترین دەنگە بەهێزەكان لە ناو كۆمیونیتی شیعەكاندا، سەركردە ئایینییەكانن و رێكخراوترین (و پرچەكترین) گرووپی شیعە، پارتە مەزهەبییەكانن لەچەشنی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق و حیزبی دەعوە . گرووپی لەم چەشنە زۆر بەپەلە دەستیان بە پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە كرد، كە لە رووخانی سەدامەوە هاتە دی، بەباشیی لە زۆرینەی شارو شارۆچكەكانی سێنتەر و باشووردا، خۆیان داكوتاوە.

دەنگی زۆر شكۆدار ئایەتوڵا سیستانیی، پیاوی ئایینیی لەنەجەف وەك كاریگەرترین دەنگ لە دوای سەردەمی سەدام‌لەعێراقدا دەركەوت. بەڵام كەسانیتر كەمتر میانڕەو، وایان لەخۆیان كرد كە دەنگیان هەبێ. لەمانە موقتەدا سەدر ناسراوترین و بەتواناترین كەسایەتیی و فیگەری رادیكاڵی شیعە، بنكەی دەسەڵاتەكەی دەكەوێتە شاری سەدرەوە لەبەغداد. بەڵام بزوتنەوەی سەدر سەركەوتووبوو لە بڵاوكردنەوەی پەیامەكەیدا لە ئاستی ناوەڕاست و باشووری عێراقیشدا. سەدرییەكان بەشدارییان لە ئاژاوەگێڕییەكانی كەربەلا لە جولایدا دژی مارینزەكانی ئەمێریكا كرد.

دواتــر خۆيــان لــه كــاری ئاژاوەچييـــەتيی بەســـرەش لەناوەڕاســـتی ئۆگەستدا هەڵقورتاند. دەسەڵاتی سەدر كاڵنەبووەوە وەک زۆر لەچاودێران پێشبينيان دەكرد. بەپێچەوانـــەوە زيـــاديكرد. تـــەواوی ڕۆژهـــەڵاتی بەغـــداد، كوفە و سامەڕا ئێستا بوونە بەناوچەی باڵادەستی ســـەدرييەكان، هـــەروەها جێدەســـتی لـــه كەربـــەلا، نەجـــەف و بەســـرەدا گەشـــە دەكـــات. ســـەرەڕای ئەمانەش، له پاييزی 2003 دا موقتەدا سەدر، دروســـتكردنی ميليشـــيايەكی تايبەت بەخۆی(سوپای مەهدی) كه ژمارەيان به 10000 پياو دەقەبلێنرا، ڕاگەياند.

فاكتێک هەيه كه هێزێكی شـــيعيزمی سياســـيی لـــه عێراقـــدا دروســـت دەبـــێ، پێويســـت ناكـــات بـــه چـــاوێكی پـــڕ لەترســـەوە ســـەير بكـــرێ. بەهـــەرحاڵ، شيعيزمی هەمەچەشـــنی موقتـــەدا، زۆر نيگـــەرانی ئـــەوەن كـــه كـــێ دەتـــوانێ يەكێتيی خاكی عێـــراق ڕابگـــرێ، لەكاتێكـــدا دەيـــەوێ ڤێرژنێكـــی شـــيعيزمی كەموێنه و ڕاستەقينه جێكەوت بێ. دوور لـــه ئامـــاژەو هەڵوێســـته تـــەباكانی ئايەتوڵا سيستانيی، بزوتنـــەوەی ســـەدر بەشـــوێن ســـەپاندنی دەســـەڵاتێكی مەزهەبيی شـــيعييەوەيه لەعێراقـــدا، بـــۆ كەمكردنـــەوەی دەســـەڵاتی بيـــانيی و ملكەچكردنی سوننه بۆ ڕابەرايەتييكردنی مەزهەبی شـــيعيی.[323] ســـەرەڕای ئەوەش، بزوتنەوەكه بەتايبەتيی لەسەر فيگەری كەسايەتيی سەدر بەند نييە. ئەگەر ئەو ڕابەرايـــەتيی نەكردايـــە. كەســـێكی كـــەفوكوڵاويی تـــر ئەركەكـــەی لەئەستۆ دەگرت، بۆی هەبوو زۆر توندڕۆتر بووايه و پابەندبوايه به بـــاڵی تونـــدڕۆی ئايـــەتوڵاكانی ئێرانـــەوە. لەوانـــەش ئايـــەتوڵای پايەبـــەرز كـــازم ئەلحائيريی، ڕاديكـــاڵ لەســـەر ســـتايلی خومـــەينيی، كـــه داوای دامەزرانـــدنی دەوڵەتێكی ئيسلاميی توندوتيژ بۆ عێراق دەكات.

لەچاوپێكەوتنێكدا لەگەڵ Chronicles له سانفرانسيسكۆ له ناوەڕاســـتی نۆڤەمبەری 2003 دا Robert Collier. لەســـەر ئەنجوومـــەنی حـــوكمی عێراق دەڵێ" مەقاشی دەستی ئەمێريكايـــە". پلانـــیC شـــی بـــه " نابـــەجێ" وەسف كردووە. Collier بـــەوەرگرتن لـــه دبپلۆماتكـــارێكی ڕۆژئاواييـــەوە لەسەر ئەلحائيريی ئاماژە بەوە دەكات، " ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ عێـــراق، وەک ئەوەيه دەنكه شقارته فڕێ بدەيته سەر گازۆلين."[324] پرسياری لێكرا كـــەی دەيـــەوێ بگەڕێتـــەوە بـــۆ عێـــراق(كـــه لـــه 1974 ەوە لـــه قـــوم-ئێرانـــە)، ئەلحائيريی به نوقڵانه لێدانەوە بەوەڵام هات." لەكاتی گونجاودا".

کوردەکان: کۆتایی ئۆتۆنۆمیی

لە سەرجەم، ئەو ماوەیەی دوای هەرەسی سەدام، کوردەکان ئۆتۆنۆمییەکەی خۆیان لە باکووری عێراق مشتومالتر کردووە. چاودێریی ئەو رووداوە پڕ لەئاژاوانەی باشوور بە تەنانەت زۆرتر لەنەوەدەکان، کەرتی بیناسازیی بەرەو ناوچەکە دەکشێن. لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی کوردیی و دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە هاندەدرێن. بێکاریی لە چەقی شارەکاندا دەکرێ بگوترێ سفرە، لەئەنجامی زۆربوونی بیناسازییەوە. بەپێی ریپۆرتەکان بێ، دەسترەنگینەکان و خاوەن تواناکان بەرەو باکوور دەکشێن، تا ئەوەی لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. ژۆرناڵیستMaggy Zanger جەخت لەجیاوازییە ئاشکراکانی کوردەکان و تەواوی عێراق دەکاتەوە." ئەو خوێنرێژییەی لە سێگۆشەی سوننییدا هەیە. لە رێی کەناڵە عەرەبییەکانەوە لە دوورەوە (لەکوردستانەوە) سەیر دەکرێ. لەکوردەکانەوە بەئەندازەی بینەران لە ئوردن و لەندەنەوە دوورە."[325] بەگوێرەی هەموو پێوانەو مەبەستەکان، کوردستان هەموو شتێکە، تەنێ هەر بەناو وڵاتێکی تر نییە.
نە بارزانیی و نە تاڵەبانیی، هیچ جۆرە گەرەنتییەکیان لە ئەمێریکاییەکی خاوەن دەسەڵاتەوە وەرنەگرتووە، کە ئەمێریکا دەست بە ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە دەگرێ و سەرەتای ستراکتۆری دیمۆکراسیی دەپارێزێ، کە بەتەواویی بەرجەستە بووەتەوە. لەراستییدا، پۆل برێمەر بە ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانە دەروات و بەشوێن ستراتیژییەکەی خۆیەوە، ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ستراکتۆرێکی سیاسیی لە عێراقدا دروست دەکات، کە خاڵیی بێت لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردیی. پلانی C بەئاشکرا جەخت لەدروستکردنی فۆرمێکی فیدراڵیزم لەسەر بناغەی پارێزگاکان نەک ئێسنیکیی دەکاتەوە.
پلانی C بەمجۆرە بۆ ئەوە دانراوە کە کێشەی سیاسیی لەنێوان کوردەکان لەسەرێکەوە لەگەڵ هەر لایەنێکی تردا لەسەرەکەی تردا دروست بکات. تاکە پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم کێشەیە بەردەوام دەبێ هەتا دانانی کلێشەی یاسای بنەرەتیی(وا چاوەروان دەکرێ، وردەکارییەکانی "رێکخستنی فیدراڵیی" بۆ عێراق رێکبخات) یان شەڕی راستەقینە چاوەڕێی دانانی دەستوری هەمیشەیی دەبێ. لەهەردوو باردا، تا کاتێ

کوردەکان دەست بە هێزی پێشمەرگەوە بگرن- بەهەر نابەدڵییەکەوە بێ، بەهێزترین هێزی سەربازیی خاراوی خۆماڵییە لەهەنووکەدا- سەختە ئەوە پێشبینی بکەی حکومەتی سێنترال کە عەرەب بەسەریدا زاڵە، چۆن دەتوانێ بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ، کوردەکان ملکەچ بکات بۆ ئەوەی سەرکزبکەن. بتەوێ یان نا، رێگەیەکی ئاسان نییە، نکۆڵییکردن لە کوردەکان، لای کەم لەوەی پێشتر هەیانبووە، سەختە، خۆیشیان باش ئەمە دەزانن.

(هەل)ەکان بۆ دیمۆکراسیی

ئەگەر یاخیبوون تێکنەشکێنرێ، یان لای کەم بەئاستێکی باش کۆنترۆڵ نەکرێ، ئەوە بەئاشکرایی، چانسی دیمۆکراسیی بۆ رەگداکوتان لەعێراقدا و لە کاتێکی زوودا نییە. دیارترین و پێوەندیدارترین پرسیار ئەوەیە ئایا عێراق دەتوانێ لەو دابەشبوونەی بەرێوەیە، دەربازی بێ. شەڕی نێوخۆ بەئەگەرێکی زۆرەوە لەئارادایە، بۆی هەیە لە ئەگەر زیاتر بێ لەم کاتەدا. لەراستییدا ئەگەر هێزەکانی ئەمێریکا" بانگهێشت نەکرێن" بۆ مانەوە لەعێراقدا لە جونی 2004 دا. و یاخیبووەکان(زۆرترین سوننەن) رووی چەکەکانیان بکەنە شیعەی بالادەست بەسەر ئەنجوومەنی گواستنەوەی نیشتمانییدا. لەگەڵ مۆبەلایزبوونیMobilize کوردەکان لە باکوور بۆ پاراستنی قەوارەکەیان و ئارەزوویان بە دەستبەسەرداگرتنی کەرکوک، بە راماڵینی تورکمانەکان و عەرەبەکان، ئەوسا بەلای لابەلای کێشەی ناوخۆیی لەگەڵ شەڕی تایەفی و ئێسنیکیی بە راستیی روودەدەن.

بەمشێوەیە ئاستی ئەو بەرەنگارییانەی ئەم چەرمەسەرییانە دەیهێنن بۆ ئیدارەی بوش، گەورەیە. لەنۆڤەمبەری 2003 دا جۆرج بوش لە قسەیەکدا لەبەردەم دەزگای خەڵاتبەخشی نیشتمانیی بۆ دیمۆکراسیی National Endowرۆژهەلاتی ناڤینnt for Democracy دا خەختی لەسەر دیمۆکراتیزەکردنی عێراق کردەوە. سەرەرای دانانان بە " گەورەیی و سەختیی جێبەجێکردنی" ئەو گفتوگۆی ئەوەی کرد" شایەنی هەوڵەکانمانە، شایەنی قوربانییەکانمانە. لەبەرئەوەی دەرەنسەرییەکان دەزانین. شکستی دیمۆکراسیی لەعێراقدا. تیرۆریستەکان لەسەرانسەری دنیادا دەورووژێنێ، مەترسیی لەسەر ئەمێریکاییەکان زیاتر دەکات. ئومێدی ملیۆنەها خەڵک

لەناوچەکەدا بەبادا دەچێ. بۆیە عێراقی دیمۆکراسیی سەرکەوتوو دەبێ."[326] ئەگەر عێراقی دیمۆکراسیی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەوە دەسکەوتێکی مەزن بۆ ئیدارەی بوش بەدیدێت؛ ئەگەر نا، ئەوە رەنگدانەوە نێگەتیڤییەکانی لە عێراق و رۆژهەلاتی ناڤیندا، بۆ چەندین دەیەی داهاتوو، هەستی پێدەکرێ.

بەرگی دواوەی کتێبەکە

" ئەم کتێبە تاقیکردنەوەیەکی پڕ لە وروژاندنە، خوێندنەوەی خۆشە و واقیعییە بۆ ولاتێک کە هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە. ئاندەرسن و ستانسفیلد تێگەیشتنێکی قوول لەسەر مێژووی عێراق و کرۆکی تەنگوچەڵەمەی عێراق پێشکەش دەکەن- کەس نایەوێ عێراقیی بێت، ئایدینتیتی ئێسنیکیی، تایەفیی یان عەشیرەتییان لاپەسەندترە- هەروەها جەخت لەسەر دروستترین رەچەتەی دەرمان prescription بۆ ئایندەکەی دەکەنەوە؛ یەکبوونی نارەزوومەندانە یان دابەشبوونی نارەزوومەندانە. بەدەر لە گۆڕینی رۆژهەلاتی ناڤین، عێراقی دیمۆکراتیی بۆی هەیە بەباشیی کارت بێت بۆ دوو پێکهاتەی عەرەبیی و کوردیی. ئایندەی عێراق روونی دەکاتەوە بۆچیی لەمەش خراپتر بەرێوەیە. ئەم کتێبە دەبێ دووبارە ئەو دیبەیتە رێکبخاتەوە، سەبارەت بەوەی لەعێراقدا چیی بکرێ"

Peter W. Galbraith, Former Ambassador

" ئەمە كتێبێكە كە سەرۆك بوش و بلێری سەرۆك وەزیران- و هەركەسێ بەجدیی بایەخ بە پاشەڕۆژی عێراق دەدات- پێویستە بیخوێننەوە. باسە قایلكەرەكەی ئاندەرسن و ستانسفیلد لەسەر مێژووی خوێناویی عێراق، شكشت لە چێكردنی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی یان ئایدێنتیتیی یەكپارچەیی، هەروەها داخورانی erosion دامودەزگاكانی حكومەتەكەی سەدام، كۆمەكی ئەو گومانانەیان دەكات، كە عێراقێكی یەكگرتووی دیمۆكراتیی بەشێوەیەك لەشێوەكان لە خۆڵەمێشەوە دروست دەبێ. سەبارەت بە ڕق وكینەی نێوان كوردەكان و عەرەبەكان، شیعەو سوننەكان، هەروەها جیهانی هۆبزیی Hobbes لەبوژانەوەی عەشیرەتگەرییدا. دانەران پێشنیارێكی ساغڵەم دەكەن، بەوەی عێراقی یەكگرتوو ئەوە ناهێنێ كە داكۆكیی لێ بكرێ، بەڵكوو بۆی هەیە باشتر بێ ئەگەر دابەشكرێ. ئەم دیدە وروژێنەرە، بەدڵنیاییەوە دیبەیتێك بەرهەم دێنێت، كەزۆر پێویستمان پێی هەیە.

Robert Springborg, MBI AL Gaber Professor of Middle East Studies, School of Oriental and African Studies, University of London

" ئەم كتێبە ڕێگەی قرنجاویی دەبڕێ، بە هەندێ تۆمەتباركردنی تیژەوە دەرهەق بە ئیمپریالیستە پلانگێڕەكان و شیكردنەوە سامناكەكانی ڕژێمی بەعسی سەدامی. ئەو هێڵە چەوتانە هەڵدەداتەوە كە هەنووكە هەڕەشە لە هەڵوەشاندنەوەی عێراق دەكەن. كەس ناتوانێ لەوانەی ڕۆڵیان لە پێكەوەنانی ئەم حكومەتە شەقوشڕەدا هەبووە، بێ وەی بۆی دەرچن. جگە لە كوردە گەمارۆدراوەكان و شیعە بێزارەكان. ئاندەرسن و ستانسفیلد، دیدێكی گرنگ، لەسەر ئەوەی چۆن گەیشتووینەتە ئەم قۆناغە، هەروەها هەندێ ئۆڵتێرنەتیڤی قووڵ لەبیروبۆچووندا بۆ ئایندەی عێراق پێشكەش دەكەن.

Dr. Rosemary Hollis, Head of Middle East Program, Royal Institute of International Affairs (London) .

Notes:

1 Ray Wallace, "Is Iraq Even in the World?"(www.mirror.co.uk/printable_version.cfm?objectid=12391630&siteid=50143)

2 The Project for a New American Century (PNAC), Rebuilding America's Defenses. Strategy, Forces and Resources for a New Century, Washington D.C. PNAC, September 2000, p.14.

3 Mark Danner, "The Struggles of Democracy and Empire," New York Times, October 9, 2002, p.27.

4 John Lewis Gaddis, "A Grand Strategy of Transformation," Foreign Policy, November/December 2002, p.55.

5 Ibid., p.54.

6 "The National Security Strategy of the United States of America." Washington D.C.. The White House, September 17, 2002, introduction

7 Gaddis, p.55

8 "Polls Apart." The Guardian, November 11, 2002. (www.guardian.co.uk/Print/0,3858,4367628,00.html

9 Ibid.

10 بەغداد، بەسرە و موسڵ هەموویان چەند ویلایەتێکی پێشووی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بوون. زۆربەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بەشبەشکرا لەئەنجامی شکستەکانی دەورانی جەنگی جیهانی یەکەم. ئەوەی کەمایەوە بوو بە دەوڵەتی تورکیای ئەم سەردەمە. پاشماوەکەی لەلایەن فەرەنس و بریتانیاوە دابەشکرا بۆ چەند ناوچەیەکی ژێردەستە(بڕوانە بەشی یەکەم).

11 بڕوانە بەشی حەوتەم بۆ ئەو بایەخە ستراتیژیانەی کە لە پشت بڕیاری لکاندنی موسڵەوەن بە عێراقەوە.

[12]بەشێوەیەکی زۆر سادە، پانعەرەبیزم ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتە عەرەبە جیاجیاکانی جیهان ڕۆژێک یەکدەگرنەوە و نەتەوەیەکی عەرەبی تاک و تەبا پێکدێنن.

13 Mark Steel, "Saddam Seems to Have Won Over his Floating Voters," The Independent, October 17, 2002, p.14

[14] زۆر لە خێڵە عێراقیەکان(بە خێڵەکەی سەدامیشەوە) لقی سوننی و شیعەیان هەیە.

[15] ئەمە بە دڵنیاییەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی هێڵە سنووریەکان دەکەونە کوێوە، بەڵام پێشبینیکردنی دەوڵەتێکی باکوری زۆرینە کورد و، دەوڵەتێکی باشووری زۆرینە شیعە و دەوڵەتێکی ناوەندیی کە لە بەغدادا چڕببێتەوە بەڵام سێگۆشەی سوننیش لەخۆبگرێت، کارێکی سەخت نییە.

[16]لێرەدا ئەوەی کە لەم ڕیزبەندییە دەرچووە نوسێنێکە لەلایەن Danel Byman کە تیایدا پێشنیاری ئەوە دەکات دەبێ ڕێگە بدرێت عێراق دابەشببێتەوە بۆ سەر پێکهاتەکانی خۆی (Daniel Byman, "Let Iraq Collapse," The National Interest, Fall 1996, pp.48-60).

[17] ئیمپراتۆریی عوسمانیی کە سەنتەرەکەی تورکیای مۆدێرن بوو، لە لوتکەی دەسەلاتیدا بەشی زۆری ڕۆژهەلاتی ناڤین و، بەلکانەکان و چەند بەشێکی ئەورووپای ڕۆژهەلاتیشی لەخۆگرتبوو

[18] شۆڕشی عەرەبیی یاخیبوونێکی دەستکردی بریتانیی بوو لەدژی ئیمپراتۆریی عوسمانیی لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بە سەرکردایەتی لۆرانسی عەرەبیی(Lawrance of Rabia)بەڵام جەنگاوەرەکانی عەرەبەکان بوون. ئەوەی کە لەژێر ئەم شۆڕسەدا بوو بەڵێنێکی بریتانیا بە پێدانی سەربەخۆیی بە عەرەبەکان لەدوای وەستانی شەڕ، بەڵام ئەم بەڵێنە بەجێنەگەیەنرا

[19] فەیسەڵ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە 1918 تا 1920 لە سوریا حوکمیکرد.لەو کاتەوە فرانسییەکان بۆ بەجێگەیاندنی ماندەیتەکەیان(انتداب) فەسیەڵیان لە سوریا دەرکرد تا خۆیان ڕاستەوخۆ حوکمی سوریا بکەن

20 Geoff Simmons, Iraq: From Suرۆژهەلاتی نڤینr to Saddam. New York: St. Martins, 1994, p. 172.

[21]لەپای مەسەلەی نەوت، بریاری لکاندنی موسڵ بە باقی عێراقەوە ناوچەیەکی جیاکەرەوەی دابە بەریتانییەکان لە دژی تورکیای تازە بوژاوە. ئەم پێوطکاندنە لەلایەن فەیسەڵەوە پستیوانی لێکرا، چونکە وایکرد دەسەلاتی شیعەی کەمکردەوە بە تێکەڵکردنی کوردانی(زۆرینە سوننی) لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا.

[22]کۆمیونیتیە بچووکەکەی ئاشوریە عێراقیەکان وڵاتیکی خۆیان لەلایەن بەریتانیەکانەوە پێدرابوو دوای ئەوەی لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە قەڵەمڕەوی عوسمانییەکان دەردەکران.ئەو کۆمیوینیتیە بە بەردەوامیی بڕبڕەی پشتی باجی عێراقیان پێکدەهێنا ئەو هێزش بوون کە بەریتانییەکان بۆ پاسەوانییکردنی بنکە هەواییەکانیان لە عێراقدا بەکاریان دەهێنا.

23 Quoted in Samir al-Khalil (pseudonym for Kanan Makiya), Republic of Fear The Politics of Modern Iraq. Berkeley: University of California Press, 1989, p.160.

24 Phebe Marr, The Modern History of Iraq. Boulder: Westview Press, 1985, p.38

[25]بە شێویەکی زۆر سادە، پانعەرەبیزم تێروانینێک لەخۆی دەگرێت لەمەڕ مەزنیی عەرەب و ئەوەی کە ئەم مەزنییە ڕۆژێک لەرێگەی یەکگرتنی سیاسیی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان لە دەوڵەتێکی عەرەبیدا بەدەست دێت. دوژمنانی سەرەکیی پانعەرەبیزم هێزە کۆلۆنیالەکان(کە پلانیان داناوە بۆ هێشتنەوەی عەرەبەکان لە پێگەی ژێردەستەیی هەمیشەیی) و دەوڵەتی ئیسرائیلە(کە وەکو ئامێرێکی باڵادەستی ڕۆژاوایی پیشان دەدرێت).

26 Said K. Aburish, Saddam Hussein: The Politics of Revenge. New York: Bloomsbury, 2000, p.29

27 See for example, Aburish, pp.30-31.

28 Aburish, p.31.

29 Simmons, p.195. The "Power ministries" Simmons refers to are premier, finance, interior, defense, and foreign affairs.

30 Ibid., p.195.

31 Marr, p.144.

32 Ibid.

33 Yitzhak Nakash, The Shi' is of Iraq. Princeton, New Jersey: Princeton University Press, 1994.

[34] بە شێوەیەکی مێژوویی، دوو سەرچاوەی سەرەکیی سەرکردایەتیی شیعە لە باشووردا ئایینیی و خێڵەکیین. سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی شیعە(لە شێوەی ئەوەی لە سەردەمی شۆڕشی عێراقیی لە دژی بریتانییەکان لە ساڵی 1920 دا دەرکەوت) هەڕەشە بووە بۆ دەسەلاتی بەریتانییەکان و بالادەستیی سوننە بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتەوە. ئەو کاتە ئامانجی بریتانییەکان ئەوە بووە ئەوە مسۆگەر بکەن کە سەرکردایەتی شیعە هەمیشە لە نێوخۆیدا پارچە پارچەیە.

35 Marr, p.145.

36 Charles Tripp, A History of Iraq. Cambridge University Press, 2000.

[37] جیاوازییەک هەڵبژاردنەکانی 1954 بوو، بەلای زۆر کەسەوە بە ئازادترین هەڵبژاردنەکانی عێراق حیسابکراوە لە مێژووی عێراقدا. هەرچەندە کە هەڵبژاردنەکە ئەنجامی"هەڵە"ی لێکەوتوە(وەکو پێدانی دەسەڵاتی زۆر بە پارتە ئۆپۆزسیونەکان لە پەرلەماندا).لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە،و هەڵبژاردنێکی باشتر ڕێکخراو ئەنجامدرا کە ئەنجامی"ڕاستی" بەرهەمهێنا.

38 Simmons, p.179.

39 Tripp, p.6.

40 Quoted in Simmons, p.147.

[41] سەپاندنی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ لە ساڵی 1934 هۆکارێکی تایبەتیی نەیاریی شیعە بوو، باری سەربازییکردن بە قورسیی دەکەوتە

سەر شیعەی بە ژمارە زۆر، کەچیی بونیادی سەرپەرشتبیکردنی هێزە چەکدارەکان هێشتا لەلایەن سوننەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا.

42 al-Khalil, p.168.

43 Ibid., p.169

44 Ibid., p. 170

45.. دەرەنجامی حکەمەتی عێراقیی بۆ رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ بریتانییەکاندا(رێککەوتنی پۆرتسمۆسی ساڵی 1947). مەرجەکانی رێککەوتنەکە بە ژێربەژێریی گفتوگۆیان لەسەرکراو هەرچەندە بە لە راستییدا بە درێژی باسیان لەکەمکردنەوەیەکی بەرچاوی نفوزی بریتانییەکان دەکرد(بنکەی هێزی ئاسمانی بریتانییەکان دەکەوتە ژێر سەروەری عێراق و سەرجەم لەشکەی بریتانیش دەبووایە پاشەکشەی پێبکرێت) لەو کاتەدا نارەزایەکی زۆر هەبوو لەسەر بیرۆکەی هێشتنەوەی پەیوەندی سەربازیی لەنێوان عێراق و بریتانیادا. (Marr, pp.102-103)

46دابەشبوونی تائیفیی سونیی شیعیی رەنگە بەباشترین شێوە وەها وەسفبکرێت کە ئامێرێکی(شاراوە) یە لەو رووەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە لە رێگەی سەرکردە ئایینیە شیعەکانەوە بتەقێنرێتەوە بۆ رووبەرووبوونەوەی شەرعییەتی سەنتەری سوننەسالار. لەبەختی رژێم، سەرکردایەتیی ئاییینیی لە باشووردا لە زۆربەی ئەو ماوەیەدا دابەشبووە لە نێوان سەرکردە بە رەگەز فارسەکان و ئەوانەی کە رەچەڵەکی عەرەبیان هەیە(Nakash, p.118)

47 Nakash, p.112

48بۆ زیاتر لەسەر رێکخراوی حیزبی بەعس و ئایدۆلۆژیاکەی بڕوانە بەشی سێیەم.

49 See, for example, Said K.Aburish, Saddam Hussein: The Politics of Revenge. New York: Bloomsbury, 2000, pp.38-39; Geoff Simmons, Iraq: From Sumer to Saddam. New York: St. Martins Press, 1994, p.219.

50 Phebe Marr, The Modern History of Iraq. Boulder: Westview Press, 1985, p.158.

51 On the cult of personality surrounding Qassim, see, Charles Tripp, A History of Iraq. Cambridge: Cambridge University Press, 2000, p.168

52 Ibid., p.156.

53 Marr (p.167) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پشتیوانیی بەردەوامی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیی لە ڕژێم دەگەڕایەوە بۆ چەند ڕێنماییەکی دیاریکراو لەلایەن حیزبی دایکەوە لە یەکێتیی سۆڤێت

54 Samir al-Khalil, Republic of Fear: The Politics of Modern Iraq. Berkeley: University of California Press, 1989, p.227.

55 Aburish, p.51.

56 Simmons, p.226.

57 گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسەوە لە ساڵی 1963 دا پشتی بەستبوو بە هاوپەیمانییەکی لەرزۆک لەنێوان چەند بەشێکی ئەفسەرانی سوپاو سەرکردایەتی مەدەنیی پارتەکە. پارتەکە پێویستی بە هێزەکانی سوپا هەبوو بۆ دەرپەڕاندنی قاسم و بەدەستخستنی دەسەلات، لە کاتێکدا هێزە سەربازییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی"نهێنیەکە" لە بەرگرییکردن لە کوودەتاکە.

58 لە مارچی 1963دا بەعسی سوریا لە کوودەتایەکی سەربازییدا دەستی بەسەر دەسەلات داگرت، ئەمەش بواری کردەوە بۆ ئەگەری یەکگرتنێکی زووبەزوویی لەنێوان عێراق و سوریادا لەژێر ڕۆشنایی پارتی بەعسدا

59 Aburish, p.75.

60 Marr, for example, describes Arif as a "relatively conservative Muslim and a staunch Sunni" (p.191).

61 Marr, p. 176.

62 کۆچکردن لە ناوچە لادێیەکانەوە بۆ شارەکان لە ماوەی سالانی 1950دا زیادیکرد، ئەمەش شەقامەکانی شارە گەورەکان کرد بە بوارێکی هەرچی سیاسیی بەرچاو.

63 Marr, p.176.

64 Simmons, p.218.

65 Aburish, p. 39.

66 لە نێو ئامانجەکاندا لوتکەی ژنانی عێراقیی، یەکێتی گشتی قوتابیان و، یەکێتی بازرگانان بوو. ئاشکرایە ئامانجەکە تۆقاندن بوو، بەڵام هەروەها بۆ کەمکردنەوەی توانای پارتی کۆمۆنیستی عێراقیی بۆ مۆبەلایزکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پشتیوانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەلاتی بەعسیی.

67 Simmons, p. 227.

68 Quoted in Aburish, p.54.

69 Marr, p.179

70 بانگەوازی حشع بۆ خەڵکی چەوساوەی عێراق و بەدگومانیی لە ئاست ناسیۆنالیزمی عەرەبییدا یارمەتی پارتەکەی دا بۆ ڕاکێشانی هەر یەک لە شیعە و کوردەکان.

71 Marr, p.173.

72 Simmons, p.243

73 Marr, p.172

74 Robert Soeterik, The Islamic Movement of Iraq (1958-1980). Amsterdam: Stichting meRA, 1991, p.15

75 Aburish, pp.45-46

76 Ibid, p.45.

77 Efraim Karsh and Inari Rautsi, Saddam Hussein: A Political Biography. New York: The Free Press, 1991, p.30.

78 Con Coughlin, Saddam: King of Terror, New York: HarperCollins, 2002, p.76.

79 Quoted in Said K. Aburish, Saddam Hussein: The Politics of Revenge. New York: Bloomsbury, 2000, p.86.

80 ڕووداوەکان لە ئێرانی دراوسێدا کە کارێکی هاوشێوە سەریکێشا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی موسەددەق لە کوودەتایەکی

دەسیسەی ئەمێریکا لە ساڵی 1951دا، ئاماژە بوون بۆ چەند مەترسییەکی چاوەڕوانکراو

81 CHAPTER 3.

82 Quoted in Karsh and Rautsi, p.79.

83ململانێ لەمێژینەکەی سەر شەتولعەرەب ـــ شوێنی یەکگرتنی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات کە بەشێک لە سنووری باشووری نێوان ئەو دوو ولاتە پێکدێنێت ـــ پێشتر لە ڕێککەوتنێکی ساڵی 1937 دا باسکرا بوون. بەلام، لە ساڵی 1969دا شای ئێران لە پێگەی دەسەلاتەوە یەک لایەنە ڕیککەوتنەکەی بەتاڵکردەوە. ئەو کاتە ڕژێمی ساوای بەعسیی لەوە بێدەسەلات تر بوو وەلام بداتەوە.

84 While the economic developڕۆژهەلاتی ناڤینnt of Iraq under the Ba'ath was heavily state-driven, it was far from rigidly socialist. Indeed, after the start of the Iran-Iraq War, the private sector caڕۆژهەلاتی ناڤین to play an increasingly important role in sustaining the war effort.

85 Coughlin, p.150.

86 Ibid., p.161.

87 Dilip Hiro, Iraq in the Eye of the Storm. New York: Thunder's Mouth Press, 2002, p.39.

88لە دوای ئەوەی دەرکەوت کە ڕژێمی ئیسلامیی لە تاراندا بە شەو ڕۆژێک نارووخێت، عێراق چەند هەوڵێکی زۆری دا بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکە. لە کۆتاییدا، شەڕەکە هەشت ساڵ درێژەی کێشا چونکە ئێرانییەکان هەر ئەنجامێکیان ڕەتکردەوە جگە لە گۆڕینی ڕژێم لە بەغداد

89 Hiro, p.32.

90 Ibid., p.31.

91 Amatzia Baram, Culture, History and Ideology in the Formation of Ba'athist Iraq, 1968-89. New York: St.Martin's, 1991, p.15.

92 Ibid., p.19 زیاتر وەکو یەکێتیی سۆڤێت، دەزگا سیاسییەکانی دەولەت(ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و پەرلەمان..هتد) لەگەڵ

دەزگا حیزبییەکاندا بەیەکەوە بوون لە عێراقی بەعسدا. دەسەڵاتی دەستووریی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا جێگیر ببوون، بەڵام دەسەڵاتی تەواوەتیی بڕیاردان لە دەزگاکانی حیزبدا بوو.

93 Amatzia Baram, "The Ruling Political Elite in Bathi Iraq, 1968-1986: The Changing Features of a Collective Profile." International Fournal of Middle East Studies, vol.21, no. 4, November 1989, p.462.

94 Baram (1991), p.19.

95 شاری تکریت، دەکەوێتە 50 مایڵ لە باکووری بەغدادەوە، لە شوێنی لە دایکبوونی سەدام نزیکە و بنکەی سەرەکیی دامەزراندنی پێگە سەرەکییەکانی دەسەلات بوو لە ڕژێمی سەدامدا.

96 Quoted in Andrew and Patrick Cockburn, Out of the Ashes: The Resurrection of Saddam Hussein. New York: HarperCollins, 1999,p.76.

97 Aburish,p.162.

98 Ibid., p.190.

99 لە ژێری ژێرەوەی هەرەمی بەعسییدا یەکە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوەی حیزبیی بوون—شانەی حیزبیی. ئەو شانانە کە لە سێ ئەندام و حەوت ئەندام پێکدەهاتن، لە ئاستی گوندی بچووک یان گەڕەک کاریان دەکرد. لای کەم دوو شانەی ئاوا و لای زۆر حەوت شانە کەرتێکی حیزبییان پێکدەهێنا.کەرتەکان لە گوندە گەورەکان و، کارگەکان و قوتابخانە و لە نێو دەزگای سەربازیی و بیرۆکراسییدا کاریان دەکرد. لەسەرەوەی پەیژەکە، پۆلەکانی حیزبەکە(شعبة) لە دوو تا پێنج کەرت پێکدەهاتن کە لە ئاستی شارۆچکە و شاری گەورە یان ناوچەیەکی لادێیی کاریان دەکرد. لەسەرووی پۆلەوە لق هەبوو، کە لە ئاستی پارێزگادا بوو لە پارتەکەدا. 21 لقی پارتی بەعسی عێراقیی هەبوو، یەک لق لەهەر پارێزگایەک، و سێ لە بەغداد. بەیەکەوە ئەو 21 لقە سەرکردایەتیی هەرێمیی(قیادة قطرية)یان لە (کۆنگرەی هەرێمییدا) هەڵدەبژارد. سەرکردایەتیی هەرێمیی بەرزترین دەزگای بڕیاردەری حیزبەکە بوو لە عێراقدا و، سکرتێری گشتییەکەی(تا 1979، بەکر و دواتر، سەدام) سەرکردەی پارتەکە بوو.

100 Samir al-Khalil, The Republic of Fear: The Politics of Modern Iraq. Berkeley: University of California Press, 1989.

p.251.

101 Ibid., p.198.

102 Richard H. Pfaff, "The Function of Arab Nationalism," Comparative Politics, vol.2, no.2, January, 1970, p.164.

103 Ibid., p.165.

104 ئایدیاکە ئەوە بوو کە دەسەڵات بەسەر بڕیارداندا بە شێوەیەکی زۆر لە دەستی کۆمیتەیەکی مەرکەزییدا چڕ ببۆوە، یان لەدەستی تاکە کەسێکدا بوو(خاڵی سێنتڕالیزم)، هەروەها، بەشی ژێرەوەی پارتەکە چانسی ئەوەیان هەبوو کە ئاستەکەی سەرووی خۆیان هەڵبژێرن(خاڵی دیمۆکراتیی). ئەم بونیادە دەبووایە شێوازێکی لەباری بڕیاردان دابین بکات بەبێ قوربانیدان بە بنەما دیمۆکراسییەکان.

105 Quoted in al-Khalil, p.77.

106 Ibid., p.77.

107 Ibid., p.85.

108 Coughlin, p.167.

109 بەبێ گومان لە ترسناکیی دەزگا ئەمنییەکانی سەدام، خەڵاتی ساڵی 1976 ی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بۆ خراپترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە جیهاندا بەبەر دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانی دراوسێ—ساواک-- کەوت کە ڕاهێنراوی دەستی CIA بوون.

110 Aburish, p.208.

111 Isam al-Kahafaji, "State Terror and the Degradation of Politics in Iraq," Middle East Report 176, May-June, 1992, p.16.

112 Aburish, p.82.

113 al-Khalil, p.52.

114 Ibid.

115 Ibid., p.56

116 Sandra Mackey, The Reckoning: Iraq and the Legacy of Saddam Hussein. New York: W.W. Norton & Company, 2002, pp.260-61.

117 Quoted in Mackey, p.263.

118 لەپاڵ هاوبەشیان لە ئێسنیکدا،دانیشتوانی سوننە و شیعەی عێراقیی لە ئەنجامی کۆچکردنێکی بەرچاوی شیعەکان لە باشوورەوە بەرەو سەنتەر، لەرووی جیۆگرافیشەوە تێکەڵاو بوون. هەرچەندە داتایەکی دروستی ئامار لەئارادا نییە، تا کۆتایی ساڵانی 1970 شیعەکان تارادەیەک بە دڵنیاییەوە زۆرینەی دانیشتوانی بەغدادیان پێکهێناوە.

119 سۆمەرییەکان" دامەزرێنەرانی" شارستانییەتی میزۆپۆتامیا، بەر لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زایین تەکنیکەکانی ئاوەدانیان کامڵ کردبوو، فێری نووسین ببوون و دستیان کردبوو بە کەڵەکەکردنی چەندین کتێبخانە لەسەر فەلەکناسیی، فەلسەفە و کشتوکاڵ. شای مەزن حامورابیی، کە لە ڕێگەی داگیرکاری سەربازیەوە شار و دەوڵەتی بابلی گۆڕی بۆ یەک ئیمپراتۆریەت، لە ڕێگەی دەسەلاتی یاساوە حوکمی کردووە-- لەو پرۆسەیەدا ئەو کۆنسێپتانەی داڕشت کە ئێشتا بناغەی سیستمی یاسایی ڕۆژاوایی پێکدێنن. ئاشوورییە دڕەکان، کە لە باکوورەوە خزین بۆ تاڵانکردنی بابل و دوایی بە تێکەڵەیەک لە دڕندایەتیی و شکۆوە حوکمیان کرد(نەک وەکو سەدام حوسێن)، دوای ئەوە شا نەبوخوزنەسر، جێگەی سەرسامیی بۆ خودی سەدام، بابلی گێرایەوە بۆ پێگە مەزنەکەی پێشووی و لە لای سەدامیش نەمریی بەدەست هێنا بە هێرشبردن بۆ سەر قودس و بەدیلگرتنی دانیشتوانە جوولەکەکەی.

120 Paul W. Roberts, The Demonic Comedy: Some Detours in the Baghdad of Saddam Hussein. New York: Farrar, Straus and Giroux, 1998, p.206.

121 Baram (1991), p.33.

122 Quoted in Baram (1991), p.35.

123 Aburish, p.114.

124 Ibid., p.115.

125 al-Khalil, p88.

126 Quoted in al-Khalil, pp.77-78.

127 Ibid., p.92

128 Phebe Marr, The Modern History of Iraq. Boulder, C.O.: Longman, 1985, p.284.

129 هەموو چاودێران سەردەمی ساڵانی 1970کان دان بە جەماوەرییبوونی سەدامدا دەنێن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چۆن ڕەخنەگرانە لایەنەکانی تری ڕژێمی بەعسی هەڵدەسەنگێنن.

131 Larry Everest, "Fueling the Iran-Iraq slaughter: U.S 'Weapons of Mass Destruction,' Hypocrisy, and So Much More," Z Mag online, September 05, 2002.www.zmag.org/content/shoarticle.cfm?SectionID=158ID=2292

132 لە هەموو ئەمانە ناسراوتر پەیکەرە مەزنەکەی"کەوانی سەرکەوتن" ە کە لە بەغداد بنیاتنراوە و لە دوو بازووی کانزایی پێکدێت(کە لە بریتانیا لە شێوەی خودی بازووەکانی سەدام نەخشەکراون)،کە دوو شمشێریان هەڵگرتووە لە لووتکەی کەوانەکەدا بەریەک دەکەون.

133 Hussein Sumaida and Carole Jerome, Circle of Fear-A Renegade's Journey From the Mossad to the Iraqi Secret Service. Toronto: Stoddart & Co., 1991

134 Iraqi Deputy Orime Minister Tariq Aziz to Arab League Secretary General Chadli al-Klibi, "Iraqi memorandum to the Arab League," July 15, 1990.

135 Quoted in Dilip Hiro, Neighbors Not Friends: Iraq and Iran After the Gulf Wars. London: Routledge, 2001, p.28.

136 Quoted in Geoff Simmons, Iraq from Sumer to Saddam. New York: St. Martin's Press, 1994, p.315.

137 بە هەموو ئەگەرەکان، بەرپرسە ئەمێریکییەکان پێشبینی لێدانێکی بچووکی عێراقیان دەکرد بۆ گێڕانەوەی ئەو دوورگانەی کێشەیان

لەسەر بووــــڕوبیان و وەربا، نەک پەلامارێکی بەرفراوان بۆ داگیرکردنی کوەیت.

138 Mohammed-Mahmoud Mohamedou, Iraq and the Second Gulf War: State Building and Regime Security. London: Austin and Winfield, 1998, p.145.

139 Andrew Cockburn and Patrick Cockburn, Out of the Ashes: The Resurrection of Saddam Hussein. New York: HarperPerennial, 1999, p.3.

140 PBS Frontline interview with Wafic al-Samarrai, 2001. http://www.pbs.org/wgbh/pages/frontline/gulf/oral/iraqis.html

141 Cockburn and Cockburn, p.33

142 هەستکردنی سەربازە عێراقییەکان بەوەی خیانەتیان پێکراوە بەدڵنیاییەوە لە جێگەی خۆیدا بوو. سەدام دوای ئەوەی دەرەنجامی نزیکی شەڕەکەی بۆ دەرکەوت، چوار یەکەی گاردی کۆماریی کشاندەوە ناو عێراق، تا بە چەند یەکەیەکی(قۆچی قوربانیی) لە سوپا جێگەیان بگرێتەوە. بەم شێوەیە، نزیکەی لەسەدا 70 ی گاردی کۆماریی لە شەڕی دووەمی کەنداو بەبێ وەی دەرباز بوو، ئەمەش بە نرخێکی زۆر کە سوپا بەخشی.

143 Cockburn & Cockburn, p.20.

144 ئەنجومەنی بالای شۆرشی ئیسلامی عێراق لە ساڵی 1982 وەکو ڕێکخراوێکی بەرمیی پێکهات لە چەندین گرووپی ئیسلامیی کە بەرەنگاری ڕژێمی بەعس دەبوونەوە. پەیوەندیی نزیکی ڕێکخراوەکە لەگەڵ حکومەتی ئێرانیدا(ئێران پارەو ئامێریان بۆ دابین دەکا ت و لە بناغەوە کۆنترۆڵی باڵی چەکداریی ڕێکخراوەکە دەکات) خستیە جێگەی گومان لەبەرچاوی گەلێک خەڵکی عێراقیی وەکو ئامێرێکی دەستی ئێران. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەنجوومەنی باڵا بڕوانە بەشی پێنجەم

145 Ofra Bengio, Baghdad Between Shi'a and Kurds. Washington Institute for Near East Policy, Policy Focus No. 18, February 1992, p.10.

146 Cockburn & Cockburn, p.25.

147 Ibid., p.43.

148 Ibid., p.43.

[149]بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، کوودەتاکەی ویفاقی نیشتیمانیی چەند قازانجێکی دەبەخشیی. پێویستیی بە هیچ جۆرێک لە پشتیوانیی سەربازیی ئەمێریکیی نەدەبوو. بۆی هەبوو بە کەمترین خوێنڕشتنەوە بەدەست بێت و، بڕیاریش بوو سەدام لابدات بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕیشەیی کاربکاتە سەر ئەو بارەی لەئارادا بوو لە عێراقدا—ڕژێمێکی سوننەسالاریی بە ڕژێمێکی تر جێگەی دەگیرایەوە.

[150]لە هەمان ئەو شەوەدا کە حوسێن کامل یاخیبوو، عودەی بێوێنە(لە خراپیی) ئاهەنگێکی لەدەروەی بەغدادا شێواند بە تەقەکردن، کە تیایدا بەسەختی وەتبانی مامی بریندار کرد. وادیار بوو ئەو دووانە دەمەقاڵیان بووە-- ئاماژەیەکی تر، ئەگەر هەر کامێکیان پێویست بوو، قسەی سەدام دوا قسە بوو

[151]هۆکاری یاخیبوونەکە واپێدەچێ ئەوە بووە کە حوسێن کامل لەگەڵ عودەی لەیەکتر تورە بوون لەسەر چەند کۆنتراکتێکی بواری سەربازیی، ترسی ئەوەی هەبوو کە پێگە زۆرەکانی لە ڕژێمداو(ڕەنگە ژیانیشی) لە مەترسیدا بن

[152]لە بنەڕەتەوە، کامل بانگەوازی بۆ ئەوانە دەکرد کە هێشتا لە بەغداد بوون تا بە ڕیسکێکی زۆرەوە لە دژی ڕژێم ڕاپەڕن،لە کاتێکدا بۆخۆی لە عەممان سەلامەت بوو. لەوەش زیاتر، تا ئەو کاتە حوسێن کامل خۆی زۆر بە قوڵیی گلابووە ناو تاوانەکانی ڕژێمەوە کە ئەستەمە لەوە بگەی پێی وابوو لە کوێوە پشتیوانیی لێدەکرا.

153 Cockburn and Cockburn, p.189.

[154]کلۆرین هەوێنێکی باوە بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاییدا. هاوردەکردنی قەلەمی دار بۆیە قەدەغە کرابوو چونکە گرافیتی تێدایە، ماددەیەک کە لە کارلێکی وزەی ئەتۆمیدا بەکاردێت

[155]دوو دەسکەوتی پۆزەتیڤ هەبوون کە دەکرا کلینتۆن باسیان بکات. یەکەم، سەرباری هەموو ئەگەرەکان و لە بەرامبەرهەموو شێوازە خەیاڵییەکانی سەرلێشێواندن لەلایەن عێراقییەکانەوە، یونسکۆم لە ڕاستییدا تەنگی بە بەشێکی زۆری تواناکانی عێراق بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ هەڵچنی بوو، لەناویبردبوون. سەرۆکی

پێشووی لیژنەی پشکنینی چەکەکان سکۆت ڕیتەر مەزندەی ئەوەی کرد کە تا کۆتایی 1998، لەسەدا 95ی توانای چەکی کۆکوژی عێراقیی بەسەرکەوتوویی لەنێوبرابوو. دووەم، دووبارە سەرباری هەموو ئەگەرەکان، وەزعی باکووری عێراق گەشەی کردبوو بۆ هەوارێکی راستەقینەی ئارامیی و، گەشەسەندن و پلووراليزم. دوو پارتە کوردییەکە لەدوای ئەوەی بێوەی بوون لە دەستپێراگەیشتنی سەدام، بۆ دواجار وازیان لە کەلوپارچەکردنی یەکتری هێنابوو، لە جیاتی ئەوە تواناکانی خۆاین تەرخانکردبوو بۆ دروستکردنی شتێکی باشتر بۆ خەلکی زۆر لەمێژ مەینەتباری کورد. باری حازر لە باکووردا—دوو دەوڵەتۆکە یەکێک لەلایەن پدک بەڕێوەدەبرا و ئەوەی تر لەلایەن ینک—زۆر دوور بوو لەوەی کە شتێکی کامڵ بێت، بەلام پەرسەندنێکی باش بوو لە هەر شتێک کە کوردەکان پێشتر بەدەستیان هێنابێت و، نزیکتر بوو لە لیبڕال دیمۆکراسیەکی کارا لە هەر شتێکی تر لە ڕۆژهەلاتی ناڤین. بۆ دواجار کوردەکان چێژی" سەردەمی زێڕینی" خۆیان دەکرد.

156 See, Bob Woodward, Bush at War. New York: Simon and Schuster, 2002, p.49.

157 Ibid., p.11.

158 Judith Miller and Laurie Mylroie, Saddam Hussein and the Crisis in the Gulf. New York: Times Books, 1990, p.130

159 لێکدانەوەیەکی کەمتر نەرمڕەوانە، ئەوەیە کە لە نەوەدەکاندا، سەدام وردە وردە لە واقیع دوور دەکەوتەوە، باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە ئەو نوێنەری هەڵبژێردراوی خوایە لەسەر زەوی. ڕەنگە ئەو کولتوورە مەزنەی کەسایەتیی خۆی کە بە هەوڵێکی زۆرەوە لە کۆتایی حەفتاکانەوە کەڵەکەکرابوو، بە سادەیی سنوورە دنیایەکانی تێپەڕاندبوو.

160 ئابووریی دووفاقەیی بە کردەوە لە ماوەی کۆتایی جەنگی ئێران-عێراقەوە هاتە ناوەوە، هەروەک گەندڵیی کە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە هاتە ناوەوە

161 Toby Dodge, "Cake Walk, Coup or Urban Warfare: The Battle for Iraq," in Toby Dodge and Steven Simon, eds., Iraq at the Crossroads: State and Society

in the Shadow of Regime Change. International Institute of Strategic Studies Adelphi Paper, vol. 354, issue 1, pp.60-76. London: I.I.S.S./Oxford University Press, 2003, p.65.

161 Ibid., p.69..

162 Ibid., p.69.

163 For an analysis of what constitutes an Iraqi tribe, see Hosham Dawood, "The 'State-ization' of the Tribe and the Tribalization of the State:The Case of Iraq," in Faleh A. Jabar and Hosham Dawood, eds., Tribes and Power: Nationalism and Ethnicity in the Middle East. Londo: Saqi, 2003, pp.110-35.

164 See Faleh A. Jabar, Clerics, Tribes Ideologues and Urban Dwellers in the South of Iraq: The Potential for Rebellion," in Dodge and Simon, Iraq at the Crossroads, pp. 162-78, quote p.171.

165 Ibid., pp.172-73.

166 Amatzia Baram, "Neo-Tribalism in Iraq: Saddam Hussein's Tribal Policies 1991-96," International Journal of Middle East Studies, vol.29, issue 1, Feb.1997, p.14.

167 ئەمە مانای ئەوە نییە پێمان وابێ کە عێراق بەگوێرەی" حوکمی یاسا" حوکمی دەکرا، بەڵکو تەنها بۆ ئاماژە کردن بەوەی کە تۆڵەی عەشایەریی(یان کوشتن لەسەر شەرەف) بە گوێرەی یاسا قەدەغە بوو؛ لێرەوە، دژایەتییەکی دیار هەبوو لە نێوان پێوەرە خێڵەکییەکانی دادپەروەیی و کۆدی یاسایی دەوڵەت خۆی.

168 Cockburn and Cockburn, pp.23-26.

169 Human Rights Watch, World Report, 1995.

170 Dieter Bednarz and Volkhard Windfuhr, "Saddam's Survival in the Ruins," reprinted in World Press Review, August 1999, p.16.

171 ئەم لێکدانەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە بە دڵنیایەوە سەدام سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی دانیشتوان بۆ تائیفەیەکی گەورە لە شوێنکەوتوان.

172 Quoted in Baram, p.40.

173 Jabar, p.171.

174 See Ofra Bengio, Baghdad Between Shi'a and Kurds. Washington Institute for Near East Policy, Policy Focus No. 18, February 1992, pp.2-3, quoting H. al-Alawi, al-Shi'a wal-Dawla al-qawmiyya fial-'Iraq, 1914-1990, 2nd edition, 1990.

175 Liora Lukitz, Iraq: The Search for National Identity. London: Frank Cass, 1995, pp.3-4.

176 Faleh Abd al-Jabar, "Clerics, Tribes, Ideologues and Urban Dwellers in the South of Iraq: The Potential for Rebellion" in Toby Dodge and Steven Simon, Iraq at the Crossroads: State and Society in the Shadow of Regime Change. International Institute of Strategic Studies Adelphi Paper no. 354. Oxford University Press/ International Institute of Strategic Studies, 2003, pp.161-78, quote at p.162

177 Graham Fuller and Rend Rahim Francke, The Arab Shi'a: The Forgotten Muslims. New York: St Martin's Press, 1999, p.9.

178 Ibid.

179 David Pinault, The Shites: Ritual and Popular Piety in a Muslim Community. New York: St Martin's Press, 1992. p.4.

180 له شیعەگەراییدا، چەمکی ئیمام ئاماژەیە بۆ ئەندامێکی ئالوبەیت کە سەرکردەی کۆمەڵگەی موسوڵمانانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئایا لەلایەن جیهانی ئیسلامییەوە بەگشتیی وەها دەناسرێن یان نا. ناساندنی حەسەن وەکو ئیمامی دووەم بە ئاشکرا حیساب نەکردنی شیعەکان پیشان دەدات بۆ شوێنکەوتووە بەراییەکانی موحەممەد ee Pinault, p.5..

181 لە کاتێکدا سەدام وەها هاتە ناو مێژوو کە خۆی لەگەڵ چەند کەسایەتیی شەرەفمەند بناسێنێت لەوانە، سەلاحەددینی ئەییوبیی، ئایەتوڵلا خومەینی بەسادەیی بە "سەدام یەزید" ناوی دەبرد ئەمەش

وەکو هەوڵێک بۆ موبەلایزکردنی نارەزایی شیعە لەدژی سەدام ئەویش بە بەستنەوەی سەدام بە کارەکانی خەلیفە یەزیدەوە.

182 Yitzhak Nakash, The Shi'I of Iraq. Princeton, N.J.: Princeton University Press, 1994, p.13.

183 Pinault, p.6.

184 عولەماکان بە زنجیرەیەک ڕیزبەندیەوە دەناسرێنەوە، لەنێویاندا، حوجەتولئیسلام"بەڵگەی بەرگری لە ئیسلام"، ئایەتوڵڵا" نیشانەی خوا" و ئایەتوڵڵا ئەلعوزما"مەزنترین نیشانەی خوا. See Pinault, p.7.

185 See Moojan Moڕۆژهەڵاتی ناڤینn, An Introduction to Shi'I Islam: The History and Doctrines of Twelver Shi'ism. London: Yale University Press, 1985, pp.297-98.

186 Fuller and Francke, P.88.

187 Gareth Stansfield, "Politics and Governance in the New Iraq: Reconstruction of the New Versus Resurrection of the Old." In J. Eyal, ed., War in Iraq: Combat and Consequence. Whitehall Paper 59. London: Royal United Services Institute for Defence Studies, 2003.

188 Amatzia Baram, "The Radical Shi'ite Opposition Moveڕۆژهەڵاتی ناڤینnts in Iraq," in Emmanuel Sivan and ڕۆژهەڵاتی ناڤینnachem Friedman, eds., Religious Radicalism & Politics in the Middle East. Albany, N.Y.: SUNY Press, 1990, pp.95-126, p.95.

189 Abd al-Jabar, "Clerics, Tribes, Ideologues," p.164.

190 T.M. Aziz, "The Rise of Muhammad Baqir al-Sadr in Shii Political Activism in Iraq from 1958-1980." International Journal of Middle East Studies, vol. 25, issue 2 (May 1993), pp.207-22, quote at p.208.

191 See joyce Wiley, The Islamic Moveڕۆژهەڵاتی ناڤینnt of Iraqi Shi'as. Boulder, C.O.: Westview Press, 1992, p.34.

192 Aziz, p.209.

193 Ibid., p.211.

194 Wiley, p.46.

195 Ibid., p.47.

196 Aziz, pp. 212-13; Wiley, pp.47-48.

197 Wiley, p.49.

198 Ibid., p.54, quoting Muhammad Baqir al-Sdr, "Nida' al-Qa'id al-Shahid Ayatol-lah al-Sadr ila al-Sha'b al-Iraqi al-Muslim" (message of the Martyr Leader Ayatollah al-Shdr to the Muslim Iraqi People), 1980.

199 Wiley, p.54.

200 Abd al-Jabar, p.165.

201 Ibid., pp.165-66.

202 Ibid., p.166; Amatzia Baram, "From Radicalism to Radical Pragmatism: The Shi'ite Fundamentalist Opposition Movements of Iraq," in James Piscatori, ed., Islamic Fundamentalism and the Gulf Crisis. Chicago: University of Chicago Press, 1991.

203 Wiley, p.60.

204 Kanan Makiya, Republic of Fear: The politics of Modern Iraq. Berkeley: UCLA Press, 1998, p.107.

205 Abd al-Jabar, p.166.

206 Wiley , p.64.

207 Ibid., pp.62-63, quoting Chibli Mallat, 'Iraq,' in Shireen Hunter, ed., The Politics of Islamic Revivalism. Bloomington: Indiana University Press, 1988, pp.71-87.

208 Ibid., p.4

209 See Human Rights WATCH, The Iraqi Government Assault on the Marsh Arabs. HRW Briefing Paper, January 2003, p.5.

210 Ibid.

211 Human Rights Watch, p.8.

212 United Nations, Report on the Situation of Human Rights in Iraq. February 1995, p.15.

213 Abd al-Jabar, p.170.

214 هەروەها ئاشکرا بوو کە جەماوەری شیعە پشتیوانی ئەجێندای ناسیۆنالیستی عێراقیی بوون لە ماوەی جەنگی ئێران-عێراقدا، شەڕیان هەڵبژارد لەدژی هاوئایینیەکانیان لە ئێراندا لە پێناوی دەولەتی عێراقدا. ئەمە بەزۆریی و بە دروستیی وەکو بەڵگەی ئایدێنتیتی" عێراقیی" شیعەکانی عێراق سەیەی کراوە. ئەمە هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان شیعەکانی ئێران و ئەوانەی عێراقدا هەیە

215 Abd al-Jabar, p.171.

216 Ibid.

217 See Stansfield, p.75.

218 See Glenn Kessler and Dana Priest, "U.S. Planners Surprised by Strength of Iraqi Shites," The Washington Post, April 23, 2003, p.A01.

219 Juan Cole, "Shiites Religious Parties Fill Vacuum in Southern Iraq," in Middle East Report Online, April 22, 2003.

220 Ibid.

221 Hooman Peimani, "The ever-threatening Shi'ite Factor," Asia Times, April 18, 2003.

222 Stansfield, p.77.

223 Trofimov, "Shiite Power Struggle Threatens Stability," The Wall Street Journal, April 17, 2003, p.10.

224 "The Declaration of the Shi'a of Iraq," June 2002.

225 Peter Sluglett and Marion Farouk-Sluglett, "Some Reflections on the Sunni/Shi'I Question in Iraq," in The Bulletin of the British Society for Middle

Eastern Studies, vol.5, issue2(1978), pp.79-87, quote at p.79. The authors Sluglett and Farouk-Sluglett quotes as describing Iraq according to its three-way division are: Uriel Dann, Iraq Under Qassim: A Political History, 1958-1963. London: Pall Mall, 1969; Majid Khadduri, Republican Iraq: A Study in Iraqi Politics Since The Revolution of 1958. London: Oxford University Press, 1969; and Abbas Kelidar, Iraq: The Search for Stability. London: Institute for the Study of Conflict, 1975.

226 For example, Ofra Bengio, Baghdad Between Shi'a and Kurds. Policy Focus. Washington Institute for Near East Policy, Research memorandum No. 18, February 1992.

227 Amatzia Baram, "Neo-Tribalism in Iraq: Saddam Hussein's Tribal Policies 1991-1996," in International Journal of Middle East Studies, vol.29, issue 1, February 1997, pp.1-31, quote at p.5.

228 Malik Mufti, Sovereign Creations: Pan-Arabism and Political Order in Syria and Iraq. London: Cornell University Press, 1996, p.23.

229 Ibid., p.24.

230 شەریفییەکان لە چەند سەد عەرەبێکی سوننیی پێکدێن کە وەکو ئەفسەر لە لەشکری عوسمانییدا خزمەتیان کردووەو، بەشێکی زۆریشیان بەشدارییان کردووە لە شۆڕشی عەرەبیی شەریف حوسێن لە جەنگی جیهانی یەکەمدا..

231 Ibid., p.65.

232 Mufti, p. 25.

233 Hanna Batatu, The Old Social Classes and the Revolutionary Movements if Iraq: A Study of Iraq's Old Landed and Commercial Classes and of its Communists, Ba'thists and Free Officers. Princeton, N.J.:Princeton University Press, 1978, p.26.

234 Ahmed Shikara, "Faisal's Ambitions of Leadership in the Fertile Crescent: Aspirations and Constraints," in Kelidar, Integration of Modern Iraq, pp. 32-45,

quote at p.35; Phebe Marr, The Modern History of Iraq. Boulder C.O.: Westview Press, 1985, pp. 36-37; Uriel Dann, The Role of the Military in Politics: A Case Study of Iraq to 1941. London: Kegan Paul, 1982, pp.44-50.

235 Mufti, p.108.

236 Marr, p. 154.

237 Amatzia Baram, "Saddam's Power Structure: The Tikritis Before, During and After the War." In Toby Dodge and Steven Simon, eds., Iraq at the Crossroads, pp.93-114, quote at p.94.

238 Baram, p.95.

239 Ibid., p.96.

240 Phebe Marr, "Iraq: The Revolutionary Experience," in P.J. Chelkowski and R.J. Pranger, eds., Ideology and Power in the Middle East: Studies in Honor of George Lenczowski. Durham N.C.: Duke University Press, 1988, pp.185-209, use of material at p.191.

241 Amatzia Baram, "The Ruling Political Elite in Ba'thi Iraq, 1968-1986: The Changing Features of a Collective Profile," in International Journal of Middle Eastern Studies, vol.21, 1989, pp.447-93, quote at p.448.

242 Ibid., p.451.

243 Ofra Bengio, "A Republican Turning Royalist? Saddam Husayn and the Dilemas of Succession," in Journal of Contemporary History, vol.35, no.4, 2000, pp.641-53, quote at p.646

244 Baram, pp.100-101.

245 Ibid., p.102.

246 Ibid., p.104.

247 Ibid., p.105.

248 Bengio, p.643.

249 Amatzia Baram, Building Toward Crisis: Saddam Hussein's Strategy for Survival. Policy Paper no.47, Washington Institute for Near East Policy (WINEP). Washington D.C.: WINEP, 1998, P.27.

250 Baram, "Saddam's Power Structure," p.97.

251 Baram, Building Toward Crisis, p.27.

252 Ibid.; Ken Pollack, The Threatening Storm: The Case for Invading Iraq. New York: Random House, 2002, p.27.

253 Baram, Building Toward Crisis, p.27.

254 For a detailed account of recent Kurdish history, often portraying the Kurds as victim, see Jonathan Randall, After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounter with Kurdistan. Boulder, C.O.: Westview Press, 1999. For an analysis that focuses on the more destabilizing aspects of Kurds, see Stephen Pelletiere, The Kurds and their Aghas: An Assessment of the Situation in Northern Iraq. Philadelphia: U.S. Army War College, Strategic Studies Institute, September 1991.

[255] دەستنیشانکردنی"شوێنی" کوردستان لە عێراقدا دەرکەوتووە کە هۆکارێکی مێژوویی ململانێی حکومەتی ناوەندیی و پارتە کوردیە باڵادەستەکان بووە. بۆ نمونە بوو بە هۆی شکستی گفتوگۆکانی حەفتاکان لەنێوان موستەفا بارزانیی و حکومەتی عێراقیی و،ڕووخانی سەدام لە 2003دا چەند ململانییەک بەدواییدا هات لەسەر مەسەلەی نایدێنتیتی مێژووی کەرکوک و شارەکانی تری باکووری عێراق. بەهەمان شێوە، ئەکادیمییەکانیش شکستیان هێناوە لە بەرهەمهێنانی پێناسەیەکی قەناعەتپێکەرانەی سنورەکانی کوردستان بەگشتیی و کوردستانی عێراق بەتایبەتیی. لەبەر ئەم هۆیە بەزۆری دەستەواژەی"نیشتیمانیی کوردان"بە کاردەهێنریت و سنورەکانی ناوچەکەشی بەزۆری بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان دیاریکراوە. بەعەرەبکردنی ناوچە هەستیارەکانی وەکو کەرکوک دەکرێ لە بواری جیۆپلیتیکییە راستەقینەکەیدا وەکو گۆڕینێکی بەزۆری پێکهاتە

دیمۆگرافییەکەی و ئایدێنتیتی ئەو ناوچانە سەیربکرێت کە ململانێیان لەسەرە.

For an account of the challenges involved in identifying the extent of Iraqi Kurdistan, see Gareth Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy. London: RoutledgeCurzon, 2003, pp.27-28.

256 See Human Rights Watch, Iraq: Forcible Expulsion of Ethnic Minorities, vol. 15, no.3 (E). Washington D.C., March 2003,p.8.

257 Interview with Dr. Latif Rashid, PUK Representative to London, London, June 25, 2003.

258 For an account of the Anfal campaign and the destruction of Halabja, see Middle East Watch, Human Rights in Iraq. New Haven & London: Yale University Press, 1990, pp. 69-96.

259 Professor Christine Gosden, a geneticist based at Liverpool University who conducted field research in Halabja in the late 1990s, noted that "the occurrences of genetic mutations and cancer in Halabja appear comparable with those who were one to two kilometers from ground zero in Hiroshima and Nagasaki." Quoted in The Financial Times, "The Weapons Threat: The Enduring Pain of Halabja." Reported by Guy Dinmore, July 10, 2002.

260 See Gareth Stansfield, "Politics and Governance in the New Iraq: Reconstruction of the New Versus Resurrection of the Old," in War on Iraq: Combat and Consequence. Whitehall Paper 59. London: Royal United Services Institute for Defence Studies, June 2003, pp. 67-83, reference at p.79.

261 See Pam O'Toole, "Iraqi Kurds Face Uncertain Future," BBC News, April 18, 2003.

262 ڕێکەوتننامەی مۆنتیڤێداوی 1933 لەمەڕ ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت وەها دەوڵەت دەناسێنێت کە خودانی(1)دانیشتوانێکی نیشتەجێ(2)سنورێکی دیاریکراو(3)حکومەت و(4)توانای پەیوەندیی دروستکردن لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا. مۆنۆپۆڵکردنی

دەسەلاتێکی دابەزاندنی یاساو پەیڕەو ئەمەش هەروەها وەکو سیمایەکی بنەرەتیی دەوڵەت لەلایەن تیۆریسانی زانستی سیاسیەوە ئەژمار دەکرێت.

See Hurst Hannum, Autonomy, Sovereignty and Self-Determination: The Accommodation of Conflicting Rights. Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 1990; Sohail Hashmi, ed., State Sovereignty: Change and Persistence in International Relations. Pennsylvania: Pennsylvania State University Press, 1997.

263 For a concise account of Kurdish characteristics, see merhdad Izady, The Kurds: A Concise Handbook. Washington D.C.: Crane Russak, 1992

264 David McDowall, writing in 1002 and extrapolating his figures from the 1978 research of Martin Van Bruinessen, puts Kurdish population figures at: Turkey, 10.8 million; Iraqi, 4.1 million;Iran, 5.5 million; Syria, 1 million; other, 1.2 million. David McDowall, The Kurds: A Nation Denied, London: Minority Rights Group, 1992, p.12; Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State: The Social and Political Organization of Kurdistan. London: Zed Books, 1992, pp.14-15. Figures collated in Stansfield, Iraqi Kurdistan, pp.33.

265 See Van Bruinessen, pp. 50-56.

266 Stansfield, "Politics and Governance in the New Iraq," p.82.

267 For an account of the rebellion of Sheikh Mahmoud Barzinji see David McDowall, A Modern History of the Kurds. London: I.B. Taurus, 1996, pp.159-63; Stansfield, Iraqi Kurdistan, p.62.

268 See McDowall, pp. 151-59.

269 پارتەکە لە سەرەتادا ناوی پارتی دیمۆکراتی کوردیی بوو، بەڵام لە ساڵی 1953دا ناوەکەی خۆی گۆڕی بۆ پارتی دیموکرتی کوردستان، تا بواری زیاتر بکاتەوە بۆ کەسانی غەیرە کورد.
(Stansfield, Iraqi Kurdistan, p.66)

270 Ibid.

271 Ibid., p.126.

272 Interview with Sami Abdul Rahman, Salahadin, Erbil, April 3, 1998.

273 Human Rights Watch, pp.9-10.

274 مەلا موستەفای بارزانیی لە تاراوگە لە یەکی مارچی 1979 لە واشینگتۆن دی سی کۆچی دوایی کرد.

275 دوای سەرکردایەتییکردنی هێرشەکە عەلی حەسەن مەجید بە عەلی کیمیایی ناسرا

276 واپێدەچێ ئەگەر هیچ پارتێک بەشداری کردبێت لە ئامادەکارییەکانی پێش ڕاپەڕینی کوردیی، ئەوە پارتی کۆمۆنیستی کوردستانیی بووە. بەلام کدپ و ینک هەردووکیان ئیدعای ئەوە دەکەن گرووپی پێشمەرگەی نهێنییان گەڕانبۆوە ناو عێراق بۆ ئامادەکاریی پشتیوانیکردن لە ڕاپەڕینەکە. See Stansfield, Iraqi Kurdistan, p.180.

277 Human Rights Watch, p.11.

278 Interview with Dr. Latif Rashid, PUK representative to London, June 14, 2002.

279 Stansfield, Iraqi Kurdistan, p.181.

280 لەجیاتی ئەوەی دوو پۆستە سەرەکییەکەی حکومەت و یاسادان/ سەرەک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان درانە چەند ئەندامێکی پلە دووی پارتەکان. سەرەک وەزیرانی کابینەی یەکەم ئەندامی مەکتەبی سیاسی ینک د. فواد مەعسوم بوو، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی پدک جەوهەر نامیق بوو. هەرکامێکیان جێگرێکیان هەبوو لە پارتەکەی تر کە هەمان دەسەلاتی هەبوو.

281 ئامانجی هێرشەکە تێکشاندنی فەیلەقی پێنجی عێراقی بوو کە لە خاڵی جیاکەرەوەی عێراقیی-کوردیی جێگیربوون، دواتریش گرتنی موسڵ و کەرکوک، بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینێکی نیشتیمانی لەدژی سەدام.

282 See Stansfield, Iraqi Kurdistan, pp.98-99

283 See Gareth Stansfield, "The Iraqi Kurds: A New Start or Repeated History?" in Rusl Newsbrief, vol. 23, no.4, April 2003, pp. 40-41. London: Royal United Services Institute for Defence Studies.

[284] پدک و ینک لەسەر کۆبونەوەیەکی هاوبەشی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی ڕێککەوتن لە هەولێر لە ئۆکتۆبەری 2002دا. یەگرتنەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان لە ڕێککەوتنی واشینگتۆندا بانگەوازی بۆ کرابوو لە ساڵی 1998دا و گوایە ولاتە یەکگرتووەکان فشاری خستبێتە سەر کوردەکان تا یەکبگرنەوە بەر لە پرۆسەی گۆڕینی ڕژێم

285 Human Rights Watch, p.12.

286 Bruce Anderson, "The Champion of Human Rights is in the White House." The Independent, February 17, 2003, p.15.

287 Bruce Anderson, "The Unexpectedly Benign Consequences of Having Delayed the Conflict in Iraq." The Independent, March 10, 2003, p.14.

288 www.guardian.co.uk/sua/story/0,12271,904085,00.html.

289 See Thomas Carothers, "The End of the Transition Paradigm." Journal of Democracy, vol 13, no. 1, January 2002, for a critique of the "no preconditions" school of thought in the study of democratization.

290 Francis Fukuyama, "The Primacy of Culture." Journal of Democracy, vol. 6, no.1, 1995, p.7.

291 Ibid., p.8.

292 Ibid., p.9.

[293] ئاشکرایە کە سەربازی ولاتانی تریش هەیە لە عێراقدا(بەریتانیا و پۆلۆنیا بۆ نموونە)، بەڵام گریمانەکە ئەوەیە کە ئەمێریکا هەوڵی ئەوە دەدات دەست بەسەر پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا بگرێت و، لەمەوە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی پلانەکان بۆ داهاتووی عێراق دەکەونە سەر ئەوەی تا کوێ ئەمێریکا دەتوانێ ژمارەیەکی بەرچاوی سەرباز لەوێدا بهێڵێتەوە

294 International Crisis Group, Iraqi Briefing: Voices from the Iraqi Street, Amman/Brussels, December 4, p.6.

295 کێشەیەکی سەرەکیی تر ئەوەیە کە پرۆژەکانی دەسەڵاتی هاوبەش ناکرێت تەنها لە دەزگا سیاسییەکانی حکومەتدا کورتبکرێنەوە. ئەفسەرەکانی هێزی سەربازیی، قەلای لەمێژینەی عەرەبە سوننەکان و دەسەلات لە مێژینەی یەکلاکەرەوە لە نێو ساسەتی عیراقییدا؛ ئۆرگانە سەرەکییەکانی نفوزی کۆمەڵایەتیی، وەکو بەشی فێرکردن؛ ئامێرە دەوڵەتییەکانی داپڵۆسین(دەزگاکانی ئەمنی ناوخۆیی) ڕۆڵی سیاسی گرنگیان گێڕاوە لە مێژووی عێراقدا و مامەڵەیەکی هاوشێوەیان پێویستە.

296 "The Declaration of the Shi'a of Iraq," June 2002, (www.al-bab.com/arab/docs/iraq/Shi'a02a)

297 For a useful summary of the requirements of sustaining federalism, see Daniel Elazar, "International and Comparative Federalism." PS: Political Science and Politics, vol.26, issue 2, June 1993.

298 Ibid., p.193.

299 Ibid., p.192.

300 John W. Dower, Embracing Defeat. Japan in the Wake of World War II. New York: W.W.Norton & Company, 1999, p.27.

301 Ibid., p.23.

302 Fukuyama, p.8.

303 Ibid., p.8.

304 Robert D. Putnam, Making Democracy Work: Civic Traditions in Modern Italy. Princeton, New Jersey: Princeton University Press, 1993, p.167.

305Fukuyama, p.8.

306 چەند دەوڵەتێکی عەرەبیی ئەزموونیان هەیە لەگەڵ دیمۆکراسییدا(بۆنموونە جەزائیر و لوبنان)،بەڵام ئەم ئەزموونانە سەریان بە کارەسات و خوێنڕشتن گەیشتووە.

[307] مەسەلەیەکی گرنگی تر پەیوەندیی بە چەکی کۆمەڵکوژییەوە هەیە. گریمانەکە ئەوەیە کە ڕوخاندنی ڕژێمەکەی سەدام کۆتایی دێنێت بە هەوڵی درێژخایەنی عێراق بۆ بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان. ئەمە بڕێک لۆژیکی تێدایە، بەوەی کە هەوڵەکانی عێراق بەم ئاڕاستەیەدا تا ساڵی 1974 نەکەوتنە قاڵبێکی جدیەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەمە ڕەنگە ئەو دینامیکانە بشێوێنێت کە لە ئارادان. کەسی کارا سەدام حوسێن بوو، بەڵام هێزی پاڵنەر حەزی پووچەڵکردنەوەی ئەو سوودە ستراتیژییانە بوو کە ئیسرائیل لێی بەهرەمەند بوو وەکو بەرەنجامی هێزی بەرگریی ئەتۆمییەکەی. تاکە ڕێگەیەک بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە چەکی ئەتۆمییان نەبێت ئەوەیە کە هەرێمێکی خاڵیی لە چەکە کۆمەڵکوژەکان هەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەڵام ئەوە دەخوازێ کە ئیسرائیلیش واز لە چەکە ئەتۆمییەکەی بهێنێت، بەڵام ئەمە قابیلی قبوڵ نییە. دیمۆکراسییەکی تازە دەرکەوتووی عێراقیی خۆی لە ناوەراستی ناوچەیەکدا دەبینێتەوە لێوانلێوە لە چەکی کۆمەڵکوژ. ئەگەر چەکە ئەتۆمییەکانی ئیسرائیل حیساب نەکەین، بە دڵنیاییەوە ئێران چەکی کیمیایی و بایۆلۆژیی هەیە، هەروەها میسر و لیبیا و سوریا. هەوڵی ئاشکرای ئێرانیش بەدوای چەکی ئەتۆمییدا، پرۆفایلی ستراتیژی ناوچەکە دەگۆڕێت. گریمانەکە ئەوەیە کە حکومەتێکی هەڵبژێردراوی دیمۆکراسیی کەمتر مەیلی بەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان دەدات. لە هەشت لەو وڵاتانەی کە چەکی ئەتۆمییان هەیە، پێنجیان دیمۆکراسییەتێکی تەواو کارا و سەقامگیرن(بریتانیا، ئەمریکا،فرانس، ئیسرائیل ، دووەکەی تر(ڕوسیا و پاکستان) پێگەیەکی کاڵیان هەیە، تەنها یەکێک(چین) ڕژێمێکی شمولیە. گۆڕینی بونیادی لۆکاڵیی سیاسەت هیچی پێنەکراوە دەربارەی گۆڕینی ژینگەی ستراتیژیی وڵاتەکە. ئەوە ژینگەی ستراتیژییە کە ئەو ڕاشناڵمان پێدەڵێت کە لە پشت بەدواداگەڕانی چەکی کۆمەڵکوژەوەیە.

[308] زۆر سەرسوڕهێنەرانە ئۆفیسی ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی مرۆیی پێنتاگۆن پێشنیاری ئەوەی کرد ئەمەریکا وەزارەتی کاروباری ئایینیی بەڕێوەبەرێت لە عێراقدا" بۆ چاودێریکردنی مزگەوتەکان و

چالاکییە ئایینییەکانی تر).
(www.cnn.com/2003/WORLD/meast/03/13/sprj.irq.sectors/index.html)

309 Both are taken from President Bush's speech to the American Enterprise Institute (of Feb 26 2003), as quoted in full on National Review Online, February 27, 2003 (www.nationalreview.com/document/document022703.asp).

310 Quoted in Bill Berkowitz, "One Hundred Days of Ineptitude," WorkingForChange.com, August 18, 2003. (www.alternet.org/print.html?StoryID=16615).

311 Quoted in Ferry J. Gilmore, "'Success' Is Exit Strategy in Iraq, Rumsfeld Says," DefenseLink, November 10, 2003. (www.defenselink.mil/news/Nov2003/n11102003_2003111010.html).

312 See www.cpa-iraq.org/essential_services/health.html.

313 "Another vacuum opens up," The Economist, November 8, 2003, p.45.

314 لە و مانگانەدا کە بەرەو داگیرکردنەکە دەچوون،دەستی دایە هەوڵێکی چڕ و سیستماتیکی بۆ پلاندانان بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە دوای شەڕ کە دەشێ چەند دەرەنجامێکی باشێ لێبکەوێتەوە. لە کۆتاییدا، هەرچەندە ئەو هەوڵانە پشتگوێخران و کۆنترۆڵی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە خرایە دەست وەزارەتی دەرەوە.

315 نوێنەرەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بریتیبوون لە:
ئایینییە شیعەکان: عبدولعەزیز حەکیم(ئەنجومەنی باڵا)؛ موحەمەد بەحرولعلوم(ئاخوندێکی نەجەف)؛ عزەددین سەلیم(دەعوە خەڵکی بەسرە؛ ئیبراهیم جەعفەری(دەعوە)؛ عەبولکەریم موحەمەد ئەلموحەمەداوی(حیزبوڵلای عێراقیی)؛ موەفەق ئەلڕوبەیعیی. سیکیۆلاری شیعە: ئەحمەد چەلەبیی(کۆنگرەی نیشتیمانیی)؛ ئەحمەد ئەلبەراک(پارێزەر خەڵکی حیللە)؛ حەمید مەجید موسا(حشع)؛ ڕەجا هەبیب ئەلخوزەی(ژن، دۆکتەری نەخۆشیی)؛عەقیلە هاشمی(ژن، لە 25ی سێپتەمبەری 2003 تیرۆرکرا)؛ئەیاد عەلاوی(ویفاقی نیشتیمانیی)؛وائیل عەبدولەتیف(حاکم خەڵکی بەسرە)؛ عەدنان پاچەچیی، عەرەبی سوننە(وەزیر لە شەستەکاندا)؛ نەسیر چادرچیی(پارتی نیشتیمانیی دیموکراتیی)؛سەمیر شاکر

موحەمەد(عەشیرەتی سومەیدعی)؛ غازی یاوەر(فیدراسیۆنی عەشیرەتی شەمەر)؛موحسین عەبدولحەمید(حیزبی ئیسلامیی عێراقیی)؛ دارا نورەددین(حاکم).کوردەکان: جەلال تاڵەبانیی(ینک)؛ مەسعود بارزانیی(پدک)؛مەحمود عوسمان(سەربەخۆ)؛ سەلاحەدین بەهادین(یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان). ئاشورییەکان: یۆنادم یوسف کەننا(بزوتنەوەی دیمۆکراتیی ئاشوریی). تورکمان: سۆندوڵ چاپوک(ژن، ئەندازیار).

[316]تاکە شتێک ڕەتکردنەوەی ئەنجومەنەکە بوو بۆ بەشداریکردنی 10000 سەربازی تورکیی بۆ چاودێریکردنی ناوچە سوننیەکان لە عێراقدا.

[317]لە سەرەتادا ئەنجوومەنەکە 25 کەسی بوو بەڵام تیرۆرکردنی عەقیلە هاشمی لە سێپتەمبەری 2003دا ژمارەکەی کەمکردەوە بۆ 24

[318]چاوەڕوان دەکرێت کەسانی وەکو تاڵەبانیی و بارزانیی بەتوندی ڕەفزی ئەوە بکەنەوە پێیان بگوترێت"ئاوارە" چونکە بەدرێژایی ساڵانی 1990 هەر لە عێراق بوون. هەرچەندە، بە ئەوانیش"ئاوارەن" چونکە بە هەموو مەبەست و مانایەکەوە کوردستان ولاتێکی تر بوو.

[319]لە گەڵ دەستپێکردنی داگیرکردنەکە، ئاخوندە شیعەکان لەنێو کۆمەڵی شیعەدا بەگشتیی وەکو پڕنفوزترین کەسایەتیی دەرکەوتوون. ئایەتوڵای عوزما عەلی سیستانیی پێدەچێ دەنگێکی دیفاکتۆی هەبێ لەسەر پێشنیارەکانی بنیاتنانەوەی سیاسیی لە عێراقدا. هەرچەندە سیستانیی"لەهەموان بێدەنگتر"، هەرگیز بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناچێتە ناو پڕۆسەی نەخشەکێشانی دەستوورەوە، بەڵام ڕازیبوونی زۆر زەروور دەبێ بۆ ڕازیکردنی بەشێکی زۆری خەڵکی شیعە بە شەرعییەتی دەستورەکە.

320 L. Paul Breبرۆزهەلاتی ناڤین III, "Iraq's Path to Sovereignty," The Washington Post, September 8, 2003, p. A21.

321 All quotes from www.cpa-iraq.org/audio/20031115a_finak.html.

322 Terence Hunt, "Bush Says U.S. Forces Won't Leave Iraq," Associated Press, November 10, 2003 (news.yahoo.com/news?tmpl=story2&cid=544&u=ap/20031117 .../us_iraq).

323 See Juan Cole, "The United States and Shi'ite Religious Factions in Post Ba'thist Iraq," Middle East Journal, vol.57, no. 4, Autumn 2003, pp. 543-566.

324 Robert Collier, "Shiite Clerics Stand in Constitution's Path, Political Goals in Iraq Hinge on 2 Theocrats," San Francisco Chronicle, November 17, 2003 (sfgate.com/cgibin/article.cgi?file=/c/a/2003/1 .../MNGB633LAH1.DTL&type).

325 Maggy Zanger, "Kurds Keep Iraq at Arm's Length," Iraq Crisis Report, vol. 35, November 14, 2003 (http://www.iwpr.net).

326 "Text of Bush speech to the National Endowment for Democracy," Associated Press, November 7, 2003 (http://www.pittsburghfirst.com/pg/pp/03311/237683.stm).

گرووپە ئیسلامییەکانیش پشتیوانییەکی بەرچاوتری خۆیان پەیداکرد
دوای ئەوەی [illegible] لە بیری [illegible] و [illegible] چەپڕەوانەی
[illegible]

[illegible] سەرچاوی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا لە ساڵی 1979 [illegible] چەند ڕێکخراوێکی [illegible] لە کورد [illegible] گرووپەکەی [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] هەروەها [illegible] دوای [illegible] کوردەکان [illegible] [illegible] کاریگەرتر کە پەرەوازەی سیاسیی کوردەکانیان [illegible] بۆ پەرەپێدان و پشتیوانیکردنی چەند گرووپێکی جیاجیا لە [illegible] [illegible] پشتیوانی لە [illegible] گرووپی [illegible] لە [illegible] کوردستاندا [illegible] باکووری عێراق [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] بۆ کوردەکان [illegible]

جینۆساید و دواخستنی Reprieve

[illegible] شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا لە ساڵی 1979 [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] ساڵی 1975 [illegible] 22 ی [illegible] 1980 [illegible] ئێران [illegible] [illegible] [illegible] ئێران و عێراق [illegible] پشتیوانیان [illegible] کوردیی [illegible] [illegible] ئێراندا خۆیان [illegible] [illegible] باکووری عێراقدا

گەشەسەندنی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردیی لە عێراقدا 1991-2003

رەنگە شتێکی چاوەڕوانکراو بێت کە دەرکەوتنی لە ناکاوی "کوردستانی عێراق" وەکو دەوڵەتێکی دیفاکتۆ نیگەرانییەکی زۆری لە تاران و ئەنقەرە دروستکرد. بە هەمان شێوە پایتەختە رۆژئاواییەکانیش تووشی سەرسوڕمان بوون کاتێک لۆتیان تەقییەوە بە وەفدە دیپلۆماتییەکانی ئەو قەوارە نوێیە کە داوای هاوکاری دوو لایەنەیان دەکردو. داوای پشتیوانی رۆژئاواییان دەکرد بۆ لادانی سەدام لەسەر دەسەلات. هەروەها بەڵێنی ئەوەیان دەدا کە حکومەتێکی پلورالیستی دیموکراسیی لە باکووری عێراقدا دادەمەزرێنن ئەمەش وەکە یەکەمین قوناغی جێبەجێکردنی فیدرالیزم لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا. وا دیار بوو هێشتا گەلێک زوو بوو بۆ سیاسەتمەدارە رۆژئاواییەکان کە بەبێ چەندوچوون ئەمە قبوڵ بکەن. دەرکەوتن و مانەوەی ئەو دەوڵەتە دیفاکتۆیە جێگای شەرمەزاریش بوو بۆ بەغداد. چونکە سەدام ئەو کاتە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە سەرکردایەتی کوردی پەرتەوازە ملکەچی دەسەڵاتەکەی ببن لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنی ناوچەیەک و خەڵکێک بکرنە ئەستۆ کە شەڕ ماڵوێرانی کردبوون و کەوتبوونە بەردەم داهاتوویەکی نادیارەوە. بەڵام ئەوەی کە قەوارە ساواکە هەوڵی بۆ دەدا مانەوە بوو. هەرچەندە ئەنقەرەو بەغداد و تاران لە ساڵە سەرەتاییەکانیدا چەندی توانیان کێشەیان بۆ نایەوە و زەحمەتیان دایە بەر.

دامەزراندنی حکومەتی کوردیی

لە دوای 19ی ئایاری 1992ـەوە نیگەرانی هێزە ناوچەییەکان زیادیکرد. ئەویش ئەو کاتەی کە کوردانی عێراق هەڵبژاردنی لۆکاڵیان ئەنجامدا و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان(پارلەمان)یان دامەزراند. ئەنجامەکانی هەڵبژاردن رەنگدانەوەی جیاوازییە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردیی بوون هەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە. لە هەڵبژاردنەکاندا پ.د.ک و ی.ن.ک نزیکەی یەکسان بوون. هەر یەک لەو دوو پارتە نزیکەی لە سەدا 50 ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانیان

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

پاش هەڵبەزو دابەزی سیاسەتەکانی ئەمێریکا، زۆر روون و ئاشکرایە، ئەمێریکا دەستی گرتووە بەیەکێک لەو ئۆلتێرنەتیڤانەی ئەم کتێبە دەیخاتە روو، بەداخەوە زۆر کەم لە قازانجی کوردستاندایە و زۆر کەمیش لە شارەزایانی سیاسیی کورد، ئاگاداری وردەکارییەکانی هەن.

ئەم دوو سکۆلارە رۆژئاواییە، زۆر بەویژدانانە، زۆر ئەکادیمییانەو زۆر بێلایەنانە، رەخنە لەسیاسەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەمێریکا و جیهانی عەرەب و ئیسلام لەمەڕ عێراق دەگرن. بەئاشکرا لەگەڵ چێکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییدان. بەڵام قۆناغ بەقۆناغ و زۆر بەوردیی و بەوریاییەکی زۆر زۆر ئاگایانەوە. ئاگاییەک کە جێگەی هیچ سنگ دەرپەڕاندن و قسەی سەر مایکرۆفۆن و دیسکۆرسی حیزبیی و ختوکەدانی شەقامی کوردیی و فیکوفاکی پانکوردیزمیی تێدا نابێتەوە. بەڵکوو کاری جدیی و خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسیی وجەماوەریی سەختی دەوێ.

لە پێشەکی کتێبەکەوە وەرگیراوە